فریدریك ئەنگڵس

# بنەچەی خێزان
# و
# خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت



وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە
کەریم مەلا رەشید

فــردريكـــ  ئەنگڵس

# بنەچەی خێزان
# و
# خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت

**بەبۆنەی تۆژینەوەکانی لویس هنری مۆرگان - ەوە**

**وەرگێڕانی  لە ئەڵمانییەوە**
**کەریم مەلا رەشید**

© مافی لەچاپ دانەوەی ئەم کتێبە دەگرێتەوە بۆ وەرگێڕی کوردی

**ناوی کتێب بەزمانی ئەڵـمانی:**

**DER URSPRUNG DER FAMILIE DES PRIVATEIGENTUMS UND DES STAATS**

IM ANSCHLUSS
AN LEWIS H.MORGANS FORSCHUNGEN

**نووسینی**

**FRIEDRICH ENGELS**

**ناوی کتێب بەزمانی کوردی:**

**بنەچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت**

**بەبۆنەی تۆژینەوەکانی لویس هنری مۆرگان**

**نووسینی**

**فردریك ئەنگڵس**

**وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە**

**کەریم مەلا ڕەشید**

**ناویکتێب بەزمانی عەرەبی:**

اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة
لمناسبة ابحاث لويس هنرى مورغان

ترجمة
الياس شاهين

©مافی لەچاپ دانەوەی ئەم کتێیە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕی کوردی

**ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە:**

- **باوکم**
- **خالید دلێر**

## پێشەکی وەرگێڕانی کوردی

لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا کاتی‌خۆی (1988) سوودم لە دوو سەرچاوەی عەرەبی وەرگرتووە(0پ)*. بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردم بریتی بوو لە یەك نەچوونی ئەو دوو سەرچاوەیە، تەنانەت لە هەندێ جێگادا بە گژ یەکدا دەچن وبەرەواژی یەکدی شتەکان دەخەنە ڕوو. زۆر هەوڵمدا، ئەوسا، چاپە ئینگلیزییەکە پەیدا بکەم بەڵام بێهوودە بوو. منیش لەبەر یەك هۆ ئەوسا چاپەکەی (دارالتقدم)م کرد بەسەنگی مەحەك; چونکە دەزگای ناوبراو لەبواری وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانەدا باڵادەست و تایبەتمەند بوون.

(ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 13 ساڵ، توانیم بەخۆم لەگەڵ چاپە ئەڵمانییەکەدا بەراوردی بکەم)(0پ)**

ئاشکرایە و هەروەك گوتراوە کە وەرگێڕان بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی بینایەك، کە لەدەوڵەتێکداو بە کەرەسەی تایبەت بەو وڵاتە هەڵچنراوە، و سەرلەنوی درووستکردنەوەی لە وڵاتێکی دیکەدا و بە کەرەستە و ئامرازی دیکەی خۆماڵی، وەرگێڕانی کتێبێکی وەها، زانستی و فەلسەفی، ئابوری و کۆمەڵایەتی هەمەلایەن، بە کەرەستەی کوردەواری، کە لەم بوارەدا واتە بواری زانستی فەلسەفە و زانستی ئابوری کۆمەڵایەتی کەرەستەیەکی کەمە، لێرەدا مەبەستم لە زاراوە زانستییە داڕێژراوەکانی ئەم بوارەیە کە بە کۆڕێکی زانستی گەورەی تایبەتمەند نەبێ ناکرێ، کۆڕێك کە هەموو دایلێکتەکان بەخۆوە بگرێ، پێویستی گەڕان بەدوای وشەدا تەنگی پێ هەڵچنیم و وای لێکردم کە لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵ پتر لە 450 بڵاوکراوەی کوردی بخوێنمەوە، (1985 - 1988)، چ فەرهەنگ وکتێبی هونەریی وزانستی ومێژوویی و یاسایی و هەروەها کتێبی قوتابخانەکان کە کرابوون بە کوردی، لە پۆلی شەشی سەرەتاییەوە تا شەشی ئامادەیی، جگە لە گۆڤارو ڕۆژنامە و هەرچ سیپارەی کوردیم بەردەسکەوت وشە بە وشە پێدادەچووم و بەشوێن وشەیەکی ووندا، زاراوەیەك یا دەستەواژەیەك کە پەیوەندی بە کتێبەکەوە هەبێت عەودالْ بووم و بنج و بنەوانیان هەڵکۆڵم تا وای لێهات کە بە ئەندازەی فەرهەنگێکی مام ناوەندی ، وشەی شیاو کۆبکەمەوە کە ئەگەر هەلم بۆ ڕەخسا ، ئەویش لە چاپ بدەم. سەر ئەنجام ئەو ڕاستی‌یەم بۆ دەرکەوت کە زمانی کوردی ئەوەندە دەوڵەمەندە تا ڕادەی ئەوەی کە مرۆڤی کورد بۆ هیچ وشەیەکی بیانیش دانەمێنی، گرینگ لەوە دایە کە هەندێ وشە هەن تایبەتن بە ناوچەیەکی بچووکەوە و ڕەنگە کەم کەسیش بیستبنی بەڵام ماناکەی دەقاودەق لە لەگەڵ زاراوەیەکی فەلسەفیدا یابەرامبەر بە وشەیەکی ئەڵمانی یا ئینگلیزی یا عەرەبی دێتەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ زاراوەی زانستی هەن، کە لە کلتوور و مێژوو زمانی کوردیدا بەکارنەهاتوون و نامۆن، ئەو زاراوەو وشانە دەبوایە خۆم بە زمانی کوردی دایانڕێژمەوە. لەڕاستیدا ئەو وشانە نەك هەر بە زمانی کوردی بۆ گوێگر یا خوێنەر نامۆن بەڵکو بە زمانی ئەڵمانی و عەرەبیش هەر نامۆن چونکە لەژیانی ڕۆژانەو وهەروەها

---

- *( پ ) مەبەست لەو پەراوێزانەیە (حاشیە) کە لە سەرچاوەکاندا لەژێرەوەی پەڕەکاندا نووسراون، لەبەر گرفتی چاپ و نەخزانیان، لەکۆتایی کتێبەکەدا لەژێرناوی پەراوێزی کوردی نووسیومن و لە(0پ)ەوە، واتە (ژمارەکە پاشان پیتی "پ") دەست پێدەکەن.

(وەرگێڕی کوردی)

**مێژووی نزیکی هیچ زمانێکیش بەکار نایەن و باس لە بارو پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەردەمێکی زۆر کۆنی دیاریکراو دەکەن، هەر بۆیە رەنگە ئەو وشانە بۆ خوێنەری بەڕێزی کورد لەسەرەتادا کەمێك نامۆ بن بەتایبەت ئەو کەسانەی کە زۆر خولیای بابەتی زانستی و فەلسەفی نین! بەڵام دڵنیاشم کە پاشان گوێیانی پێ ڕادێت و لەگەڵیاندا ئاشنا دەبن.**

**ئەوەندەی بۆم کراوە شێواز و ریتمی چەختکراوەکانی ﴿مارکس و ئەنجلس و مۆرگان﴾ م وەکو خۆیان هێشتوونەوە، تەنانەت جاری واهەیە بە پێی پێویست لە هەندێ شوێندا وشە بە وشەش وەرمگێڕاون. ئەوەندەشی بۆم کرابێ بابەتەکانم بەزمانێکی ئاسان و سادە خستوونە ڕوو، سەبارەت بەوەی کە هەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵایەتی کورد لێیان تێ بگات.**

**بەداخەوە دەڵێم، کە چاپی ئەم کتێبە پتر لە چواردەساڵ دواکەوت (2004-1990) بەهۆی باری ناهەمواری سیاسی وڵات، پاشانیش بەهۆی باری خۆم لەهەندەران، لەڕاستیدا من لە ساڵی (1989) دا لەوەرگێڕانەکەی بوومەو بەڵام پێداچوونەوەکەی، لەلایەن ئەو بەڕێزانەی کە پێدا چوونەوە، ماوەێکی زۆری پێچوو، نزیکەی دووساڵی خایاند، چونکە دەبوایە ئەوکات دەستنووسەکە لە نێوان کەرکووك و سولێمانی و هەولێر بەنهێنی هاتووچۆی پێ بکرێ، بەتایبەتی لەو سەردەمە شوومەی (ئەنفال)دا.**
**بەپێویستی دەزانم، لێرەدا سەری ڕێز بۆ بەڕێز مامۆستا خالید دلێر بنەوێنم ، کە کاتی خۆی پاش ئەوەی وتووێژێکی زۆرمان لەبارەی ئەم کتێبەی ئەنگڵسەوە کرد، لەڕاستیدا من ئەو کاتە بەهیوای ئەوەوە بووم کە لە سەر بناغەی دەسکەوتە زانستییە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانی ئەم کتێبە تۆژینەوەیەك لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری بکەم، بەڵام ئەو پێی وابوو کە وەرگێڕانەکە خزمەتێکی زۆر چاك دەکا و چاکتر وایە لە پێشدا بکرێ بە کوردی، بەوجۆرە وەرگێڕانەکەی لەمێشکمدا ڕسکاند و زۆر هانیدام و دەستگیرۆیی کردم، لەو کاتە سەختەدا کە ملۆزمی فاشییەت بەو پەڕی هێزەوە باڵی بەسەر کوردا دابوو، بڕیارماندا کە من بەناوی (کرێکار مورشید) کتێبەکە بڵاو بکەمەوە، مامۆستای دلێر پاش ئەوەی کە لە (1999)، لە سویسرا گیرسایەوە، ، وێڕای نەساغییەکەی زۆر هەوڵی دا، پێشەکییەك بۆ ئەم وەرگێڕانە کوردییە بنووسێ، بەڵام نەخۆشی دەرفەتی نەدا، من بە مامۆستا دلێرم گووت کە نازناوە کۆنەکە دەگۆڕم چونکە چیتر دەستی رژێم نامگاتێ بەڵام ئەو پێی ناخۆش بوو کە ئەو ناوە بگۆڕم و دەیگووت (کرێکار مورشید) پاڵەوانێکی نەترس بوو، چوونکە لەناو جەرگەی دوژمندا و لەوپەڕی بەهێزیدا لەشاری بابەگوڕگوڕ لە کەرکووك ئەو خەباتەی کرددوە و نابێ بیگۆڕی، داوای لێکردم ئەگەر ناوەکەشم گۆڕی دەبێ لە پێشەکییەکەیدا دەقاودەق ئەو دێڕانە کە ڕای ئەوە لەسەری بنووسم. مامۆستا خالید کاتی خۆی( 1989 تا 1990 ) بە وەرگێڕانەکەدا چۆوە و بەرێگای ئەویشەوە چەند هاوڕێیەکی تر پێدا چووبوونەوە کە بەداخەوە ئەوسا بەهۆی باروزرووف بەخزمەتیان نەگەیشتم.**

**بەڵام هەڵبەتە ئەو دواکەوتنە بە سوودی ئەوە گەڕایەوە کە خۆم لەگەڵ چاپە ئەڵمانییەکە بەراوردی بکەم، بەراوردکردنەکە لەگەڵ سەرچاوە ئەڵمانییەکەی ئەنگڵسدا لەزۆر جێگادا گۆڕانکاری بەسەرمدا سەپاند چونکە لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا هەندێ گرێ کوێرە هەبوون کە ئەڵمانییەکە بۆی کردمنەوە، جگە لەوەی کە ئەنگڵس خۆی پێشەکییەکەی بۆ چاپە ئەڵمانییەکە نووسیوە هەروەها چەند پەڕەیەکی دیکەی تێدابوو وەکو دەستنووسێکی مارکس وهەروەها بەرگی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە کە ئەنجلس بەخەتی خۆی نووسیوێتی، منیش هەوڵ ئەدەم ئەگەر گرفتی چاپ بهێڵێ لەدووتۆی ئەم کتێبەدا لە جێگایەکیدا پێوەی بلکێنم بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویستی کورد بیانبینێ.**

ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرینگە ئەوەیە کە سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی مۆرگان و ئەنجلس و مارکس لەبارەی مێژووی سەرەتایی خێزانەوە هەروەها هەموو بۆدەرکەوتنەکانیشیان لەو بوارەدا، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ وەکو بنەماو وسەرچاوەیەکی گوومان هەڵنەگر و باوەڕپێکراوەی هەر دادەنرێ.

هیوادارم کە ئەم کارەی منیش خشتۆکەیەك، لە بینای ئازادی خوازی و کلتوری میللەتە نەبەردەکەمان زیاد بکات، و پێشکەشبێت بە هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و نەتەوەیی گەلەکەمان و هەموو پێشمەرگەو نووسەر و هۆنەر و ڕۆشنبیرانی سەنگەری خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان.

**کەریم مەلا ڕەشید**

کەرکووك – نەورۆزی 1991

هانۆڤەر – گەلاوێژی 2004

# پێشەکی چاپی یەکەم ساڵی
1884

ئەم بەشانەی کەلەمەولا باس دەکرێن بریتین لە جێبەجێکردنی تەواوی ڕاسپاردەیەك. کارل مارکس بەو نیازەی کــە ئــەنجامی تۆژینــەوەکانی مۆرگــان و بــەروبوومی لێکۆڵینــەوەکانی خــۆی، کــە بەدلــنیاییەوە دەڵــێم، لێکۆڵینــەوەکانی هــەردووکمان. کــە بریتییــە لــە ماتریــالیزمی مێــژوویی، بخاتــە ڕوو و هــەموو واتاکــانی ڕوون بکاتەوە. مۆرگـان لـە ئەمـەریکا سـەرلەنوی، چل سـاڵ پـاش مـارکس، لـەکاتی بـەراورد کردنـی بەربـەریزم لەگـەڵ ژیـاری، لـە خاڵـە سـەرەکییەکانیاندا، تـوانی خۆبـەخۆ و بـە شـێوازی تایبـەتی خـۆی، ماتریـالیزمی مێـژوویی بدۆزێتەوە و بە هەمان ئەنجام بگات کە مارکس پێی گەیشتبوو.

هەر وەکو چۆن ئابوری زانە ڕەسمییەکانی ئەڵمانیا بەئەندازەی سووربوون وتەقەلایان بۆ لەبەر گرتنەوەی "کاپیتاڵ" و لەهەمان کاتیشدا لە ئێرەییاندا ساڵێکی ڕەبەق پەردەیەکی ئەستووری بێدەنگییان بە مەبەستی ئاشکرانەکردن بەسەردا دەدا. زانایانی دەم سپی

" سەردەمەکانی پێش مێژوو" لە بەریتانیا "کۆمەڵگای دێرین" ەکەی مۆرگانیان (1پ)*، بە هەمان دەرد برد.

ئەم کارەی من بەکزی نەبێ هەرگیز جێگای ڕازونیاز و خواستی هاوڕێکەم ناگرێتەوە، کە مردن ڕێگای بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەی نەدا. لە ناو باسە دوورو درێژەکانی مۆرگاندا ،کە مارکس کورتی کردوونەتەوە ولە لای منن، سەرنجی ڕەخنەگرانە یان زۆر تێدایە بە پێی پێویست لە شوینی خۆیدا باسیان لە سەر دەکەم.

لــە ڕووانگــەی ماتریالیزمــەوە، بەرهــەمهێنان ونــوێ کردنــەوەی بەرهــەم هــاتووی ڕاســتەوخۆی ژیــان، لــە دواشیکردنەوەدا، هۆکارێکی یەکالاکەرەوەی لەمێژوودا هەیە،

ئەمـەش سروشـتێکی دوو جەمسـەریی هەیـە: لـە لایەکـەوە، بەرهـەم هێنـانی هۆیـەکانی ژیـان: خـۆراك وپۆشاك وداڵدە وپێداویستی ئەوکەرەستانەی کەپێیان دێنە بەرهەم، لەلاییێکی دیکەوە، بەرهەم هێنانی خودی مرۆۋ خۆی، واتـە بـەردەوام بـوونی جۆر. ئەوسیسـتمە کۆمەڵایەتییانـەی کـە مرۆ لەسایەیان دا، لـە سـەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا و لە ولاتێکی دیاریکراودا، گوزەران دەکا، هـەردوو شێوەی بەرهـەمهێنان، واتـە لەلاییێکـەوە پلـەی پێشـکەوتنی کـارو لـەلاییێکی دیکەشـەوە پلـەی پێشـکەوتنی خێـزان، دەیسـەپێنێ. بـە ئەنـدازەی کـەم پـــەرەگرتوویی کـــارو بەرهەمـــەکانی، ســـامانی کۆمەڵایـــەتیش کـــەمتردەبێت، هـــەر بـــەو ئەندازەیـــەش سیسـتمیکۆمەڵایەتی تونـدو تیـژتر جڵـەوگیری پەیوەندییـەکانی هـۆزەکی (2پ) دەبێـت. ئـەوەشمان لـەیادبێ کـە بەرهەمداری کار سـەرومڕ زیاتر لـە قەوارەی ئـەم کۆمەڵگایـەدا پـەرە دەسـتێنێ، کۆمەڵگایـەك کە لەسـەر زەمینـەی خێلایەتی بنج بەست بێ، شان بەشانی ئەوەش موڵکدارێتی تایبـەتی وئاڵو وێرکردن وجیاوازی لەموڵکدارێتیدا وڕێگا خۆش کردن بۆ سوود وەرگرتن لەهێزی کاری خەڵکی تر، لەئەنجامدا وبەم پێیە بناغەی ناتەباییـەکانی چینایەتی گەشـەدەکەن: توخمـە کۆمەڵایەتیـە نوێیەکـە نـەوە پـاش نـەوە بەبـەردەوامی هەوڵـدەدا سیسـتمە کۆمەڵایەتییـە بەسەرچـووەکە لەگـەڵ باروزروفـە نوێیەکـەدا بگـونجێنێ، سـەرئەنجام ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی ناتـەبایی لـە نێوان کۆن ونوێدا، لەئەنجامـدا دەبێتـە هـۆی سەرەو- ژێربـوونێکی تـەواوی ئەوکۆمـەڵگا کۆنەی کە لەسەر زەمینەی فیدراسێونی هۆزەکان دروست بووە بەهۆی بەیەکدا هەڵپژانی چینە کۆمەڵایەتییە تازە دروست بووەکـان دەتەقێتـەوە ولـەجێگای ئـەودا کۆمـەڵگاییکی نوێ دێتەکایـەوە، کـە لەشـێوەی دەوڵـەت دروسـت دەبێت. فیدراسـیونی خێڵەکـان لـە قـەوارەکانی ژێرەوەیانـدا نـامینن بـەڵکو فـراوانتر دەبـن ودەبنـە فیدراسـیۆنی

هەرێمـەکان، کۆمـەڵگایێك دروسـت دەبێـت تییێـدا سیسـتمی خێـزان بەتـەواوی جڵـەوگیری پەیوەندییـەکانی موڵکـدارێتی دەبێـت، کۆمـەڵگایێك کـە لەوەبـەدواوە بـەبێهیچ کۆسـپ ولەمپـەرێك دژایـەتی چـینایەتی وخەباتیچینایەتی، کە کاکڵەی سەرپاکی مێژووی تا ئێستا **نووسراو*** پێك دەهێنێ، تێیدا پەرەدەستێنێ.

مەزنی کارەکەی مۆرگان لەوەدا بوو کە ئەم بناغەیەی دۆزییەوە، بناغەی مێژوی بەر لەنووسینەوەی سەرلەنوێ داڕشتەوە وبەزەقی دەری خستەوە، کلیلی

دەرگای پێوارترین پەناو پێچی مێژوی دێرینی لەپەیوەندییە هۆزایەتی وهۆزەکی هێندە سوورپێستەکانی ئەمەریکای باکوور، لەمێژوی، گریك وڕۆمان وئەڵماندا، کەتاکو ئێستا پەنهانن دۆزییەوە. بەرهەمەکەشی ڕەنجی کاری ڕۆژێك نەبووە، بەڵکو پاش چڵ ساڵی ململانێ بەرزەفتی بوو. بەرامبەر بەوەش لەڕۆژگاری ئێمەدا کتێبەکەی مۆرگان بەرهەمێکی فرە دانسقە ودەگمەنە کە جێگایەکی جاویدانی بۆخۆی گرتووە.

لەباسـەکانی داهاتووماندا خوێنـەر بە ئاسانی دەتوانێ باسـەکانی مۆرگان وئەوەی من بۆم بار کردوون لێك هەلاوێرێ. لەو دوو بەشە مێژوییـەی کەلەبارەی گریك وڕومادان تـەنها بەبۆچوونەکانی مۆرگان نەوەستاوم، بەڵکو ئەوەی کەلەبەر دەستم دابووە بۆم کردۆتـە سەربار. ئـەو بەشانەی کەلـەبارەی کـەڵت وئەڵماندان لەبنەڕەتدا هـی خۆمن، چونکە مۆرگـان بابـەتی دیکـەی لەبـەر دەست دابوو کەهـەمووانی لەسەرچاوەی دیکـەوە وەرگرتـوون، لـەبارەی ئەڵمانـەوە . تاقیتس . ی لێ بترازێ لـە هـەرزە چەنەکانی لیبرالیستی گزیکـەر بـەرێز فریمـان (2) بـەولاوە هیچـی دیکـەی لەبەردەسـتدا نـەبووە. ئـەو لێکدانـەوە ئابوورییانـەی کـەمۆرگان بەتێروتەسـەلی زانیـون، هـەرگیز مەبەسـتەکانمیان نـەپێکاوە، لەسـۆنگەی ئـەوەش سـەرلەنوێ دامڕشـتنەوە. لەکۆتاییـدا بەڵگـە نەویسـتە کـە ئـەمن بەرپرسیاری هەموو بۆ دەرکەوتنەکانی خۆمم کە باسم لێوە کردوون بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پەنا وەبەر مۆرگان بەرم.

لەڕێککەوتی 26 ی ئایاری 1884 دا نووسراوە. بەپێی دەقی چاپی چوارەمی ئەڵمانی 1891 دەرچووە و لـەم کتێبـەی خوارەوەدا بەرهەم هاتووە.

**Friedrich Engels**: *der Ursprung der Familie des Privateigentums und des Staats.*

**Im Anschluss** an Lewis H.Morgan's Forschungen، Hottingen-Zurich 1884، S.3-5.

---

* جەخت کراوەکان هی ئەنگڵس و لە هەموو سەرچاوەکاندا هەن وە رگێڕی کوردی



Seite 4 des von Karl Marx angefertigten Konspekts über Lewis H. Morgans „Ancient Society" (London 1877)

**لاپەڕە چواری کۆنسێپتەکەی مارکس لەبارەی کتێبەکەی مۆرگان**

**ئەم لاپەڕەیە کارل مارکس بە دەستی خۆی نووسیوێتی**

# Der Ursprung der Familie,

des

# Privateigenthums

und des Staats.

---

Im Anschluss

an

**Lewis H. Morgan's Forschungen**

von

**Friedrich Engels.**

---

**Hottingen-Zürich.**
**Druck der Schweizerischen Genossenschaftsbuchdruckerei.**
**1884.**

**بەرگی یەکەمین چاپی ئەم کتێبە بە ئەڵمانی ساڵی (1884)**

Titelseite der Erstausgabe (1884) von Friedrich Engels'
„Der Ursprung der Familie, des Privateigentums und des Staats"

# پێشەکی چاپی چوارەمی ئەڵمانی ساڵی 1891

## بەشداری کردن لەمێژووی خێزانی سەرەتاییدا

## باخۆڤن - ماك لینان - مۆرگان

چاپەکانی پێشـووی ئـەم کتێبـە وێـڕای زۆری ژمارەیـان، ئـەوا شـەش مانگـە لـەبازاڕدا نـەماون، دەمێکـە دەزگـای بڵاوکردنەوەکـە داوای ئامـادەکردنی چـاپێکی نـوێی لێکـردووم. تـاکو ئێسـتا ئـیش وکـاری بەپەلـە بـەربینگیان گرتبـووم. چـاپی یەکـەم حـەوت سـاڵی بەسـەردا تێپـەڕیوە، لـەماوەی ئـەم حـەوت سـاڵەدا لێکۆڵینـەوە لەشـێوە سەرەتاییەکانی خێزان سەرکەوتنێکی چاکی وەگێیر هێنـاوە، بۆیـە بەپێویستم زانی زۆر شتی تازە بخەمـە سـەر بابەتەکەو لەهەتیتەیان بدەمەوە بەتایبەت چونکە گوێزانەوەی دەقاودەقی کلێشە کۆنـەکان ڕێگای ڕاستکردنەوەم بۆ ماوەیەك لێدەگرن.

بـەم شـێوەیە، دووبـارە بەسـەرنجێکی وردەوەو بـەئاگاوە بەهـەموو دەقەکـەدا چـوومەوە وئاسـتی زانسـتی ئێستام بەتەواوەتی تێدا ڕەچاو کرد. هەروەها لەم پێشەکییەدا بەکورتی وبەڕوختی گۆڕان وپەڕسەندنی ئەو بیرو بۆچـوونانەی لەمـەر مێژووی‌خێزانـەوەن، هەرلـە (بـاخۆفن)ەوە تادەگاتـە مۆرگـان بەرچـاوم خسـتوون، چـونکە قوتابخانـەی {چـاخەکانی پـێش مێـژوو }ی ئینگلیـزی کـە دووچـاری شـۆفینیزم بـووە وچـەندی لـەتوانادا هەیـە بەخـەرجی دەدا بـۆ ئـەوەی پـەردەی بـێ دەنگـی بەسـەر ئـەو شۆڕشـەدا بـدا، کـە دۆزینـەوەکانی مۆرگـان لـەبیرو بۆچوونی مێژووی کۆمـەڵگای سـەرەتاییدا بـەرپای کـردووە، سـەرەڕای ئـەوەش بـەبێ سـڵەمینەوە وبـێ شـەرمانە ئەنجام و دەسکەنەکانی مۆرگان بە هی خۆ دەزانن و لەقەڵەمی دەدەن، جگـە لـەوەی کـە لـەوڵاتانی دیکەشدا زۆر بەگەرمی جێ پێی ئینگلیزەکان هەڵدەگرنەوە و پەیڕەوی دەکەن.

ئەم کتێبەم بۆ زۆر زمانی غەوارە وەرگێڕدراوە: سەرەتا بۆ زمانی ئیتاڵی famiglia della ،''L`origine della di Pasquale Martigneti. Benevento ،proprietà privta e dello stato". Versione riveduta dall' autore ساڵی 1885، پاشان بۆ ڕۆمانی کە لە نێوان سپتەمبەری 1885 تاکو ئایاری 1886 لەگۆڤاری کونتێمپۆرانول ( Contemporanul)دا بڵاوکرابۆوە. دواجار بۆ زمانی دانیمارکی لەساڵی 1888. ئێستاش وەرگێڕانی فەڕەنسی لە ژێر چاپ دایە کە لە لایەن (هێنری ڕاڤ) ەوە وەرگێڕدراوە کە هەر لەم چاپە ئەڵمانییەوە وەری گرتووە.

* * *

پێش سەرەتای شەستەکان، واتە پێش ساڵی1860، باسێك بەناوی مێژووی خێزانەوە لە ئارادا نەبوو. چونکە سەرپاکی زانستی مێژوو لـەژێر ڕکێفی هـەر پێنج گەشت نامەکـەی موسا( تـەورات ) بوو کەتێدا شێوەی خێزانـی بـاوك سـالاری زیـاتر لەهـەموو سەرچـاوەیەکی دیکـە درێـژە بـە باسکردنی دراوە، تەنانـەت نـەك هـەر بـە کۆنترین شێوەکانی خێـزان لەقەڵـەم دراوە بـەڵکو (فرەژنـی) لێ بترازێ بـە هاوشـێوەی خێزانـی بـۆرژوای سـەردەمی ئێسـتاش تەماشـا دەکـرا، هـەر وەکـو ئـەوەی کـە خێـزان ملـی بـە هـیچ گۆڕانکارییێـك نـەدابووبێ و هـیچ گـۆڕانێکی مێژوویی بەسەردا نەهاتبێ.ئەوپەڕەکەی دانیان بەوەدا دەنا کە لە دێر زەماندا پەیوەندییێکی بەربـەرەڵای بێ‌کۆت وبەنـدی گەلـە کۆمـەڵی نێرومـێ هـەبووە ڕاسـتە ئـەوان وێـڕای شـێوەی یـەك شـوویی ئاشـنای شـێوەی دیکـەی ژن ومێردایـەتی هـەبوون وەك فـرە ژنـی ڕۆژهەڵاتییـەکان وزۆرمێردیـی هیندەکانی‌تبت، بەڵام پێیـان نـەدەکرا ئـەم سـێ شێوەیە بـە جـۆرێکی مێـژوویی دوابـەدوای یـەك بێکـەوە گرێـی بدەن، بـەڵکو بـەبێ ئـەوەی پەیوەندییێکی هاوبـەش لەنێواندا ببینرێ شان بە شان یەکدی باسیان لێدەکرا. لەلای هەندێ لە گەلانی سـەردەمی کۆنـدا ولـەلای هەنـدێ

لەگەلە دڕندەکاندا کە ئێستاش هەن، ڕەچەڵەك نەك لە باوکان بەڵکو لە دایکانەوە ڕەچاو دەکران، واتە هێڵی مێینە بە تاکە هێڵی ڕاستەقینە دادەنرا کە ئاوێنەیەکی باوەڕپێکراوی ڕەچەڵەك بێت. قەدەغەکردنی بەگەلە ژن ومێردایەتی لەنێو زۆربەی گەلانی ئێستادا، لەکاتێکدا کە وەکو نەریتێك لە هەموو جیهاندا بەکردەوەش لەئارادابوو و نموونەشی زۆر لێ کۆدەکرانەوە، کەم تا زۆر لێی نەکۆڵدراوەتەوە. کەسێك نەبووبزانێ لەکوێڕا دەسکەنیان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە، تەنانەت لەکتێبی:

(( تۆژینەوە کان لەمێژووی سەرەتایی مرۆڤ..هتد)) لە دانانی ئی.بی.تایلەرز (1865) (3) تەنها وەکو (بەندوباوێکی سەیر) لەتەك قەدەغەکردنی تێکوەردانی ژیلەمۆ بەئامرازێکی ئاسنین، وهەندێ بەیت وبالوورەی ئایینی لەوجۆرە، بە سادە و ساکاری باسدەکرێ.

لێکۆڵینەوە لەمێژووی خێزان لە ساڵی (1861) ەوە(4) دەست پێدەکا، کاتێ کە کتێبی (مافی دایك) لەلایەن (باخۆفن)ەوە بلاْوکرایەوە. لەم کتێبەیدا دانەر ئەم بابەتانەی خوارەوەی وەبەر ڕووناکی خستوون:

1. لەسەرەتادا مرۆڤایەتی لە پەیوەندییێکی بەربەرەلاْی بێ لەمپەری جووت بوونی نێرومێ دا دەژیان و باخۆفن ناوێکی نادروستی لەم دیاردەیە نابوو کە ((هیتیریزم))ە(Heterismus)
2. لەم جۆرە پەیوەندییانەدا هیچ بەڵگەیێك نییە کە باوکی پێ بناسرێتەوە، بۆیە ڕەچەڵەك – بەپێی مافی دایك – تەنها بەرێگای دایکەوە دەتوانرێ دیاری بکرێ، هەروەك چۆن لە پێشدا لە کن تێکڕای گەلانی سەردەمی کۆندا وەها بوو
3. ژنان سەبارەت بەوەی کە لەنێوان باوك و دایکی نەوە تازەکاندا تەنها ئەوان وەکو دایك دناسرانەوە، ڕێزێکی بێپایانیان لێدەگیرا، بەئەندازەیێك کە بە دیدەگای باخۆفن گەیشتە ترۆپکی بالاْی دەسەلاْتداریتی ڕەگەزی مێینە (جینیکوکراسی) (Gynaikokratie) واتە (فەرمان ڕەوایی ژنان ).
4. گوێزانەوە بۆ تاك شوویی کە تێیدا ژن هی **یەك** پیاوە سەرپێچییەکی تەواو بوو دەرهەق بەڕاسپاردەیێکی دێرینەی ئایین {واتە بەکردەوە ڕوشاندی تەواوی مافی دێرینی هاوبەشێتی پیاوانی دیکە بوو لەو ژنەدا}، لادانێك بوو کە سزای لەسەربوو و دەبوایە پاکانەی بۆ بکرێ یاخود چاوی لێبپۆشرێ بەو مەرجەی کە دەبوایە مێردەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ پیاوانی تر دەسبەرداری ژنەکەی بێ.

باخۆفن بڕگەیێکی زۆری لە ئەدەب و وێژەی سەردەمی کلاسیکی، وەکو بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونانەی بە ووردی وبەسەلیقەوە کۆکردبۆوە و بابەتەکەی پێ هەڵپەسارد بوو. لەگۆشە نیگای باخۆفن-ەوە گۆڕان لە هیتیریزمەوە بۆ تاك شوویی (Monogamie) وهەروەها لە دایك سالارییەوە بۆ باوك سالاری، بەتایبەت لەکن گریکەکاندا، بەهۆی نەشوونما کردنی بیرو ڕاو بۆچوونی ئایینییەوە بەرپا بووە، هەروەها بە هێنانەکایەوەی خوداوەندی نوێی کە بیرو بۆچوونی نوێیان دەنواند بۆ نێو خوداوەندە کۆنەکان کە بیرو بۆچوونی ڕابردوویان دەنواند، ئەمەش بوو بەهۆی پلە بە پلە بەرەودوا کلاکردن و جێپێ لەق کردنی بیرو بۆچوونە کۆنەکان لەلایەن بیرو بۆچوونە نوێیەکانەوە، کەواتە، بەم پێیە، نەك بەهۆی پەرەئەستاندن وگۆڕانی ڕاستەقینەی کەرەستەکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە، بەڵکو بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئایینی ئەوکەرەستانە لە مێشکی خودی مرۆڤدا، کە بە بۆچوونی باخۆفن لەبەرامبەر ئەوەدا گۆڕانی مێژوویی لە باری کۆمەلاْیەتی ژن وپیاودا بەرپا کردووە. هەر لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەشیدا، باخۆفن سێینەکەی (ئۆریستا– Oresteia) ی ئەسخیلۆس مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە گوایە ڕەنگدانەوەیەکی دراماتیکی ناکۆکییەکانی نێوان مافی، سەرەنگرێ بووی دایك و مافی لەنوێی پەیدا بووی باوکە کە لە سەردەمی پاڵەوانێتیدا بەنوێیی سەری هەڵدا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دەبینین کە کلیتمنسترا بۆ دڵنەوایی دۆستەکەی کە ئیگیستۆس– ە، ئاگامەمنوونی، مێردی پاش گەڕانەوەی لە شەڕی

تەرواده دەکوژێ، بەلأم ئۆریستێس کە کوڕی کلیتمنسترا و ئاگامەمنونە لەتۆڵەی باوکی، دایکی دەکوژێتەوە. بەهۆی ئەوەوە جنۆکەکانی سزا واتە ئەرینییەکان (Erinnys)، کە پارێزەرانی دایك سالارین، ئۆریست دەڕەتێنن، چونکە کوشتنی دایك تاوانێکی یەگجار مەزنە ولێخۆش بوونی نییە. بەلأم ئەپۆلۆ کە پێی ئۆریستێس – ی بەهۆی نێردراوێکەوە لە کەوشی ئەم تاوانە نابوو، هەروەها ئەسیناش بۆ دادوەری ئەم گرفتە بانگ کرابوو، ئەپۆلۆ وئەسیناش هەردووك نوێنەرانی ئەو سیستمە تازەیەن کە لەسەر باوك سالاری بنیات نراوە، پارێزگاری لە ئۆریستێس دەکەن. پاش ئەوەی ئەسینا گوێی لە قسەی هەردوو لایەن دەگرێ، پوختی گیرو گرفتەکە بە درێژایی لە پیلەکەکانی نێوان ئۆریست وئەرینییەکاندا باس کراون. ئۆریستێس بەوە پشت ئەستوورە کە کلیتمنسترا تاوانێکی دوولایەنەی لە ئەستۆدایە یەکیان کوشتنی مێردەکەی **خۆیەتی** و دووەمیشیان کوشتنی باوکی **ئەوە**. کەواتە بۆچی خوداوەندەکان ئەم دەڕەتێنن ودایکی نەو، لە کاتێکدا کە زۆر لەم تاوانبارترە ؟ ئەوانیش ئەم وەرامە سەر سوڕهێنەرەیان دایەوە:

(( **چونکە ئەو پیاوەی کە ئەو کوشتویەتی لە گەڵیدا بەخوێن تێکەڵی نەبووە** ))

کوشتنی هەر کەسێك لەلایەن یەکێکی ترەوە کە بەخوێن تێکەڵی نەبێ، تەنانەت گەر مێردیشی، پاك دەبێتەوە وپەیوەندی بە ئەرینییەکانەوە نییە چونکە ئەرکی ئەوان تەنها ڕەتاندنی ئەوتاوانانەیە کە لە نێو بە خوێن خزم ڕوو دەدەن، کەواتە، بەپێی مافی دایك، کوشتنی دایك تاوانێکی یەکجار قورسە وپاك نابێتەوە، ئێستاش ئەوەتا ئەپۆلۆ پارێزگاری لە ئۆریست دەکا و ئەسیناش گرفتەکە دەخاتە بەر ئەندامانی ئەریوپاگ = واتە سوێندخۆرەکانی دادگای ئەسینی =بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، دەنگەکان بوون بە دوو تای یەکسانەوە، یەکیان جاڕی بێ تاوانی دەدا و ئەوی تریش داوای سزادان دەکا، لەو کاتەدا ئەسینا، سەبارەت بەوەی کە سەرۆکی دادگایە، دەنگی دەخاتە پاڵ ئەوانەی کە بە بێ تاوانی دەزانن، وجاڕی بێ تاوانی ئۆریستی دا. ئا بەم شێوەیە مافی باوك زاڵ دەبێت بەسەر مافی دایك دا، سەرئەنجام هەر وەك ئەرینییەکان ناویان لێدەنان "خوداوەندی نەوەی تازە پەیدابوون" و سەرکەوتنیان وەگیر هێنا، دواجار ئەرینییەکان ئەرکێکی تازەیان لەئەستۆ گرت وخۆیان بۆ خزمەت کردنی دەستەو دایەرەی تازە تەرخان کرد.

ئەم روونکردنەوە زەق وڕاستە نوێیەی سێینەکەی "ئۆریستێ" پاراوترین وزەنوێرترین جێگای تێکڕای کتێبەکەی باخۆفن–ە، بەلأم لە هەمان کاتدا ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنی کە باخۆفن بڕوای بە ئەرینییەکان و ئەپۆلۆ وبە ئەسینا هەیە، یا هەر نەبێ بەو ئەندازەیەی کە ئەسخیلۆس باوەڕی پێ هەبوون، پێی وایە کە سەردەمی پاڵەوانێتی گریك پەیجووری گەمارۆدانی دایك سالاری و هێنانە کایەوەی باوك سالاری بەرپاکرد، ئاشکرایە بۆچوونێکی وەها، کە ڕۆڵێکی یەکالا کەرەوە لە مێژووی گێتیدا بە ئایین ببەخشێ، لەئەنجامدا هەردەبێت دووچاری گێژەنی دەروێشگەرێتی ببێ. بۆیە لێکوڵینەوە لە کتێبەکەی باخۆفن کە لە چواربەرگی ئەستوور پێکهاتووە کارێکی ئەستەم وزۆر دوور بوو لەوەی هەمیشە بە بڕشت بێ. بەلأم ئەمە لەی پێشڕەوی باخۆفن وەکو تۆژەرێکی نوێیدۆز هیچ داناتاشێ، چونکە یەکەمین کەس بوو بتوانێ ئەو وهەرزەبێژ و پڕوپووچانە توور بدا کە، لەبارەی شێوەی پەنهانی سەرەتایی وبێ کەندو کوسپی تێکەلأوی ژن و پیاوەوە هەڵچنرابوون ولە جێگایدا گەواهێکی زۆری هێنایەوە بۆ پاڵپشتی ئەم بیرو ڕایانەی خوارەوە: سەلماندی کە وێژەی دێرینی کلاسیکی جەختی ئەوە دەکا کە گریك و گەلانی ئاسیا پێش تاك شوویی شێوەی دیکەی ژن و مێردایەتییان تێدا باو بوو کە نەك تەنها پیاوێك لەگەڵ چەند ژنێك دا تێکەڵ دەبوو بەڵکو بەهەمان شێوەش ژنێك لەگەڵ چەندین پیاودا تێکەڵ دەبوو، بەبێ ئەوەی ئەم کارە گرفتێك بخوڵقێنێ یا لە ڕێگە لادان وسەرپێچی کردن بێ، چ بۆ پیاوان یا بۆ ژنان هەروەها سەلماندی کە ژن بۆ کڕینی مافی یەك شوویی خۆی، دەبوایە بۆ ماوەیێکی

دیاری کراو، ملی بە ئارەزووی پیاوانی تر دابایە، ئەم دیاردەیەش لە سەر دارو پەردووی نەریتەکانی پێشوو دروست بووە، هەر بەو پێیەش سەلماندی کە ڕەچەڵەك دەبوایە، لەبنجدا، تەنها بەڕێگای دایکانەوە ڕەچاو بکرێ، واتە لە دایکەوە بۆ دایك هەروەها سەلماندی کە ئەم دان بەهێڵی ژنان نانە و ڕەچاو کردنەی، ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە تەنانەت لە سەردەمی تاك شوییشدا کاتێ کە باوکایەتی چەسپا، بەڵکو رەگ و ڕیشەی هێڵی باوکایەتی دانی پێدانرا، هەروەها دوا جار سەلماندی کە ئەم پلەوپایە پێشینەیەی دایك، کە نێو دایك وباوکدا تەنها جەختی دایکایەتی دەکا بەرامبەر بە منالەکانی ، پلە وپایەیێکی بالآی کۆمەلآیەتی نەك هەر بۆ دایکان بەڵکو بۆ سەرجەمی ژنان فەراهەم کردبوو. ڕاستە باخۆفن بیرو ڕاو بابەتەکانی ئاوها بەم بێگەردییە دەرنەبڕیبوو، چونکە تێڕوانینە سۆفیانیستییەکەی بەربینگی لێ گرتبوو، بەلآم ڕاستی ودروستی بۆچوونەکانیخۆی سەلماند، ئەمەش لە ساڵی(1861)دا بە شۆڕشێکی تەواو دادەنرا.

باخۆفن کتێبە قەبەکەی بە زمانی ئەڵمانی نووسیبوو، واتە بە زمانی میللەتێك کە مێژووی سەردەمی پێش مێژووی خێزانی هاوچەرخی بەلاوە کەم بایەخ بوو. بۆیە کتێبەکەی بەنەناسراوی مایەوە. تەنانەت نزیکترین جێگری باخۆفن لەبواری هەمان بابەتەوە کە لە ساڵی(1865)دا سەری هەڵدا، هیچی لەبارەی باخۆفنەوە نەبیستبوو.

ئەو جێگرەش ژ. ف. ماك لینان ( J. F.MacLennan ) بوو، کە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی پێشینەکەی بوو، لەبری دەروێشێکی بەڵەد، ئەمجارەیان ڕوو بە ڕووی وشکە دادپەروەرێك دەبینەوە، لە جیاتی ئەندێشەیێکی بە پێزی شاعیریك بەرەو ڕووی بەڵگە نابەجێکانی پارێزەرێك دەبینەوە کە زۆر بە تەکووزی پارێزگاری لە کێشەکەی دەکا. ماك لینان شێوە ژن هێنانێك بەدی دەکا کە لەلای زۆربەی گەلانی دڕندەو بەربەری وتەنانەت شارستانییەکانی دێرین وهاوچەرخیشدا لەئارادایە، شێوەیەك کەتێدا زاوا، بەتەنیا یاخود لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، وەها دەنوێنێ کە گوایە بە زۆرە ملێ، بووکێ، لەنێو کەس وکارەکەی هەڵدەگرێ (دەڕفێنێ )، ئەم نەریتەش وەك پێ دەچێ کە پاشماوەی نەریتێکی کۆنتر بێ، ڕۆژگارێك کە پیاوانی یەکێ لە هۆزەکان بە زۆرداری لەدەرەوەی هۆزەکانی خۆیان دا ژنیان هەڵدەگرت. باشە ئەم نەریتی (ژن هەڵگرتنە) چۆن پەیدا دەبوو ئەگەر پیاوان بەشی خۆیان لەنێو خوودی هۆزەکانی خۆیاندا ژنیان هەبایە؟ ئێمە ئێستا بەزۆری ژمارەیەکی گوین ئەم دیاردانە لە نێو گەلە دواکەوتووەکاندا لەلای چەندەین گروپ بەدی دەکەین (لە ساڵی 1865 دا زۆر جار هەر بە خێل دادە نران) کە لە نێو خۆیاندا ژن هێنان قەدەغە بوو، ئەمەش پیاوانی ناچار دەکرد کە لە دەرەوەی گرووپەکانیاندا ژن پەیدا بکەن، ژنانیش دەبوایە مێرد بە پیاوانی دەرەوەی گرووپەکانیان بکەن جگە لەوەش لە نێوگەلانی دیکەدا نەریتی وەها هەبوو کە دەبوایە پیاوان تەنها لە نێو گرووپەکەی خۆیاندا ژن بهێنن. ماك لینان گرووپی یەکەمیانیبە ( ژن هێنانی دەرەکی Exogamous ) ناو ناوە و دووهەمی بە (ژن هێنانی ناوەکی Endogamos) ناو بردووە، پاشان لە پڕدا و بەبێ هیچ هۆیەك پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکا کە گوایە دژایەتییێکی یەگجار توند و تیژ لە نێوان هۆزەکانی ژن لە دەرەوە هێنان وهۆزەکانی ژن لە ناوخۆ هێناندا هەیە، وێڕای ئەوەی کە لێکۆڵینەوە تایبەتیەکانی، نەخوازەلآ دەربارەی ژن لە دەرەوە هێنان، لووت وبزاوتی ئەو واقیعە دەکەن کە جارو بار یا زۆربەی کات یاخود هەمیشە دەریدەخەن کە ئەم دژایەتییە تەنها لە ئەندێشەی ئەودا نەبێ لە ئارادا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا گشت بیردۆزە و بۆچوونەکانی لەسەر بناغەی ئەو دژایەتییە بنیات ناوە. بەپێی بیردۆزەکەی، پیاوانی هۆزی ژن لەدەرەوە هێنان لە هۆزەکانی دیکەدا نەبێ ژن هێنانیان مەحاڵ بووە، ئەمەش، بەهۆی جەنگی هەمیشەیی نێوان هۆزەکانی قۆناغی دڕندایەتی، بەڕێگای ژن هەڵگرتن نەبێ نەدەهاتە دی.

پاشان ماك ـ لینان دەپرسێ: ئەم نەریتی ژن لەدەرەوە هێنانە لە کوێوە پەیدا بوو؟ بە ڕای ئەو چەمکی بەخوێنخزمایەتی و مەحرەم بەزێنەر(5پ) هیچ بەندیوارێکیان بەم نەریتەوە نەبووە چونکە ئەوانە پاش ماوەیەکی زۆر درەنگ پەیدا بوون. بەڵام نەریتی کچ کوشتن ڕاستەوخۆ پاش لە دایك بوونی، کە لە نێو گەلە دڕندەکاندا نەریتێکی زۆر بەبەرینی بەربڵاوبوو ئەوە مەسەلەیێکی ترە. بەهۆی ئەم نەریتەوە لە نێو هۆزەکاندا هەریەك بەتەنیا ڕێژەوێك لە پیاوان دروست دەبوو، ئەمەش ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کە چەندین پیاو لە یەك ژندا هاوبەش بن، واتە نەریتی: زۆر مێردی. ئەنجامی ئەمەش دووبارە ئەوەیە کە تەنها دایکی مندا ڵەکە بناسرێتەوە نەك باوکی، بەم پێیە پەیوەندیی خزمایەتی تەنها بەڕێگای هێڵی ژنانەوە ڕەچاو دەکرا، نەك بەڕێگای پیاوانەوە = واتە دایك سالاری. ئەنجامی دووەم بریتی بوو لە بارگرانی کەم بوونەوەی ژمارەی ژنان لە نێو هۆزەکەدا = کەم بوونێك کە زۆرمێردی هەندێکی لەگرانییەکەی سووك کرد بەڵام وەها نەبوو کە بناوبڕ چارەسەری بکات= بۆیە هەمیشە پەنایان دەبردە بەر ئەوەی کە بەزۆرداری ژنانی هۆزەکانی دیکە هەڵگرن.

" لەبەر ئەوەی لەدەرەوە ژن هێنان و زۆر مێردی لە پای هەمان هۆکارەوە = واتە نایەکسانی ژمارەی نێرو مێ = هەڵتۆقا، کەواتە دەبێت وەها دابنێین کە **هەموو ئەو تیرانەی کە لە دەرەوە ژنیان دەهێنا فرە مێردییان تێدا باو بووە**... جا بەم پێیە و بەبێ چەند و چوون دەبێت بچینە ژێر باری ئەوەی کە سیستمی خزمایەتی یەکەمین جار لەنێو ئەو تیرانەی کە لە دەرەوە ژنیان دەهێنا هاتەکایەوە، ئەوانەی کە تەنها دانیان بە خزمایەتی بەرەی دایکاندا دەنا " ﴿ ماك لینان= (لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن)، 1886. (ژن ومێردایەتی سەرەتایی)لاپەڕە 124(5).

دەسکەنەی ماك لینان، لەوەدا بوو کە ئەنگوستی بۆ بەها، یابەگشتی، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەوەی کە ئەو ناوی لێنابوو لەدەرەوە ژن هێنان، درێژ کردبوو. بەڵام ئەو هەرگیز بوونی ئەم گروپە ژن لەدەرەوە هێنەرانەی **نەدۆزیبۆوە**، یاخود ڕاست و ڕەوان بڵێین هەر لێیان تێنەگەیشتبوو. جا سەرەڕای یادداشتە کۆنە دۆنا ودۆنەکانی زۆربەی چاودێرەکان لە = کەهەر ئەوانیش سەرچاوەی ماك لینان پێکدەهێنا= بۆنمونە لاتام (Latham) لە {(ئەتنۆلۆژیای وەسف کردن)دا، 1859}(6) کە زۆر بە وردوودروستی باس لەم دامەزراوە لە لای هیندییە ماگارەکان(7) ودەڵێ لە هەموو ناوچەیەکی جیهاندا مانەندی هەیە و بەربڵاوە، ماك لینانیش بەخۆی ئەمەی پیادەکردووە، هەروەها مۆرگانی خۆشمان لە ساڵی (1847)دا لەنامەکانیدا کە لەبارەی ئیروکوا لە نووسینێکدا (کۆمەڵەی ئیروکوا The League of the Iroqois) نووسیونی ولە گۆڤاری ( American Review) (7) دا بڵاوکراونەتەوە و بەڵگەی گەواهیدار وباسێکی دروستی لەسەر بوونی ئەم دامەزراوە هێناوەتەوە کە لەنێو ئەم هۆزانەدا هەن، مێشکی پارێزەری ماك لینان بشێوێنییەکی دروست کرد زۆر زیاتر لەوەی کە ئەندێشەی سۆفیانەی باخۆفن لەبواری مافی دایکایەتیدا دروستیکرد. گەورەترین دەسکەوتی دیکەی ماك لینان بریتی بوو لەوەی کە سیستمی ڕەچەڵەك ڕەچاو کردن بەپێی مافی دایکایەتی بە یەکەمین سیستم دانا، سەرەڕای ئەوەی کەخۆی دانی بەوەدا نا کە باخۆڤن لەم بوارەدا پێشی داوەتەوە، بەڵام ماك لینان لێرەشدا خۆی هەرلە ئاڵۆزی و بڵۆزیدا ئاخنیوە چونکە بەردەوام تەنها قسە لە "خزمایەتی ڕێچکەی هێڵی مێینە" دەکا(Kinship through females only) وهەمیشە ئەم دەربڕینە درووستەش بۆ پلەکانی لەمێژینە و هەروەها بۆ ئاستەکانی ئایندەی گۆڕانیش بەکاری دەهێنێ، کاتێك کە ڕەچەڵەك ومافی میراتگیری هێشتا هەربەپێی هێڵی دایکایەتی ڕەچاو دەکرا لە کاتێکدا خزمایەتی لەبەرەی پیاوانەوەش ڕەچاو دەکراو دانی پێدادەنرا. ئا ئەمەیە بیبر تەسکی پیاوی یاسایی کە دەربڕینێکی یاسایی چەقیو بۆ خۆی دروست دەکا وبەردەوام لە بارو زروفێکی نەگونجاویشدا هەر کاوێژی دەکاتەوە.

بیردۆزەکەی ماك لینان وێڕای ئەوەی کە بە شیاوەی دەردەکەوێ، بەڵام بۆ خودی دانەرەکەشی کەمووکوڕ دیارە و لانی کەم خۆبەخۆ سەری سوڕدەمێنێ بەوەی کە دەڵێ:

( شایانی سەرنجە، کە ئەو شێوە، بەرواڵەت، ژن هەڵگرتنە بەزەقی وبە ڕوونی لەلای ئەو گەلانەدا ڕەفتاری پێ دەکرا کە خزمایەتی بە ڕێچگەی **پیاوان** لەناویاندا زاڵە ) (واتە ڕەچەڵەك ناسین بە پێی بەرەی پیاوانەوە) (لاپەڕە 140)

هەربەهەمان شێوەش:

(سەیر لەوە دایە، بەئەندازەی شارەزاییمان، نەریتیمناڵ کوشتن لەهیچ شوێنێك لەوشوێنانەدا پەیڕەونەدەکرا کە ژن هێنانی دەرەکی و کۆنترین شێوەکانی خزمایەتیان تێدا باوبوو) (لاپەڕە 146).

ئەم دوو واقیعە بەئاشکرا لەگەڵ خودی شێوازی لێکدانەوەکەی خۆیدا ناسازن، مەگەر تەنیا بە گریمانەی تەماویترو شێواوتر بەرپەرچیان بداتەوە.

وێڕای ئەوەش لە بەریتانیادا تیۆریەکەی زۆر بە گەرم وگوڕی پێشوازی لێکراو دەنگی دایەوە: هەمووان بە دامەزرێنەری مێژووی خێزان وبە یەکەمین داڕێژەری ئەم بووارەیان لە قەڵەم دا. بۆچوونەکەی لەمەڕ لێکدژی ( هۆز )ە ژن لەدەرەوە هێنەرەکان بە (هۆز)ە ژن لەناوخۆهێنەرەکان سەرەڕای ئەوەی کە تاك وتەرا ناتەواوی و هەڵاوێردنی تیاکەوت، جێگیربوون وبنجیان داکوتا و بۆچوونەکانی وەکو سەنگی مەحەك مانەوە ودانیپێدانرا و بوون بە تانەی سەرچاوی هەموو لێکۆڵینەوەییکی ئازادی ئەم بووارە و ڕێگای لەهەر هەنگاوێکی بەپێز دەگرت کە بەرەو پێشەوە نرابایە. بەپێچەوانەی مەزن کردنی دەستکەوتەکانی ماك لینان کە لە بەریتانیاو ئەو وڵاتانەی کە دەبوایە شوێن پێی هەڵگرنەوە، بەرەنگاری کردنی
(هۆز )ە لەدەرەوە ژن هێنەرەکان بە ( هۆز )ە لەناوەوە ژن هێنەرەکان، کە تەنها بەهەڵەداچوون بوو زیانێکی زۆر زیاتر وەك لەسوودی بە لێکۆڵینەوەکانی گەیاند.

لەهەمان کاتدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ڕووداوی تازەتر ئاشکرا دەبوون ولە شیرازەی تیۆرە قووت وقۆزە بەرتەسکەکەیدا جێگایان نەدەبۆوە. ماك لینان لە سێ شێوەی ژن ومێردایەتی بەولاوە شەمەی لە هیچی دی نەکرد: فرە ژنیی، فرە مێردیی و تاکە ژن ومێردایەتی. بەڵام کاتێ کە سەرنج لەسەر ئەو سێ شێوانە لاکەوت، بەڵگەییکی زۆر لەلای گەلە دواکەوتووەکاندا کۆکرابۆوە، لەسەر بوونی شێوە ژن ومێردایەتییێك کە تێدا چەند پیاوێك چەند ژنێکیان بە هاوبەشی هەبوو. لیبوك لە کتێبەکەی {( بنەچەی ژیاریی ) دا ساڵی 1870}(8) دانی بەم کۆمۆنەیەی ژن ومێردایەتییە (Communal marriage) داناوە کە وەکو واقیعێکی مێژوویی لەئارادابووە.

سەرباری ئەوەش واتە لە ساڵی 1871 دا، مۆرگان بە بابەتی نوێی و هەمەلایەن ویەکالاکەرەوە هاتە گۆڕێ. مۆرگان چووە ژێر باری ئەوەی کە ئەوسیستمی خزمایەتییە سەیرو بەر بڵاوەی نێو ئیروکواییەکان لە نێو هەموو دانیشتووە خۆییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، واتە لە سەرپاکی کیشوەرەکەدا بەربڵاو بووە، سەرەڕای ئەوەی کە پلەکانی خزمایەتی لەگەڵ ئەو سیستمی ژن ومێردایەتییەی کە لێیەو سەرچاوەدەگرن و لەوێدا کاری پێدەکرێ، ناتەبا بوو. مۆرگان حکوومەتی فیدراڵی ئەمێرکی هاندا بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی سیستمەکانی خزمایەتی گەلانی جۆربەجۆر کۆبکەنەوە بەپێی خشتەو کۆمەڵە پرسیارێك کە بەخۆی داینابوون، لەوەرامەکاندا بۆی دەرکەوت کە:

1. ئەو سیستمە خزمایەتییەی لەلای هیندە سوور پێستەکانی ئەمەریکادا کاری پێ دەکرا لەلای ژمارەییکی زۆر لە هۆزەکانی ئاسیاو بەجیاوازیەکی کەمیش لە ئەفەریقا وئوستورالیادا بەدی دەکرێ.

2. ئەم سیستمە بە تەواوی خۆی لەو شێوە کۆمۆنە ژن ومێردایەتییەدا ڕوون دەکاتەوە کە ئێستا لە دوڕگەی هاوای ولە دوڕگەکانی دیکەی ئوستورالیادا لە قۆناغی ڕۆچوون دایە.
3. شانبەشانی ئەم شێوە ژن ومێردایەتییە و هەر لە هەمان ئەو دووڕگانەدا، سیستمێکی دیکەی خزمایەتی هەیە کە تەنها لەبەر تیشکی ئەوشێوە کۆنەی کۆمۆنەی ژن ومێردایەتییە، کە ئێستا لە ئارادا نەماوە، ڕوون دەبێتەوە. مۆرگان لە کتێبەکەیدا (سیستەمەکانی ڕەچەڵەك وخزمایەتی) 1871(9)، ئەو زانیارییە کۆکراوانەی لەگەڵ ئەوباری سەرنجانەی کە لێیانەوە هەڵیهێنجابوون بڵاو کردەوە، بەم کارەشی بوارێکی لە پێوان نەهاتوو و هەراوتری بۆ پیلەکەکە لەسەر بناغە و هیمی سیستمی خزمایەتی دروستکرد و شێوەی شیاو وگونجاوی خێزانی بۆ دۆزییەوە، بەمەش ڕێگایەکی نوێی لەبەردەم تۆژینەوەکە ئاوالاً کردەوە ودەرفەتی قوڵتر بوونەوە وکنەکردنی لەمێژووی مرۆڤایەتی سەردەمی پێش مێژوو بۆ ڕەخساندین. سەرکەوتنی ئەم ڕێبازەش داڕشتنە قیت وقۆزەکەی ماك لینانی کرد بە تۆزی دەم باوە.
لە چاپی دووەمی کتێبەکەی (ژن ومێردایەتی سەرەتایی) دا ( لێکۆڵینەوە لە مێژووی‌کۆن)، ساڵی 1875، ماك لینان بۆ پارێزگاریکردن لە تیۆریەکەی چنگ لەسەرشان تەکانیدا، لەم تەکانەدا بە پشت ئەستووری گریمانەی رووت وپەتیی مێژووی خێزانی بە دەستکردیی پێکەوەناوە، لە هەمان کاتیش دا نەك هەر داواکاری بەڵگەی ئاسایی لە لیبۆك ومۆرگان دەکا بەڵکو داوای بەڵگەی بنەبڕکەری ئەوتۆ دەکا کە مەگەر تەنها دادگای سکوتلەندی پێیان قایل بێت. ئا ئەمەیە کت ومت ڕێبازی ئەو پیاوەی خۆی بەو پەیوەندییە پتەوەوە هەڵپەساردووە کە لەنێو ئەڵمانەکاندا لە نێوان خاڵەو خوارزادایە {تاقیتس ،، ئەڵمانیا،، ) بەشی 20} یاخود بە چیرۆکەکەی قەیسەر کە دەڵێ: هەردە، یان دوازدە پیاو لە بەریتانییەکان پێکڕا ژنی هاوبەشیان هەبووە، هەروەها بە چیرۆکی نووسەرە کۆنەکانی دیکە کە باسی کۆمۆنی ژنان لە نێو بەربەرەکاندا دەکەن، دواجار، بێ سڵەمینەو، دەگاتە ئەوەی کە فرە مێردە لەلای هەموو ئەم گەلانەدا باو بووە ! ئەمە هەستێکی وەها بە مرۆڤ دەدا کە گوێی لە داواکارێکی گشتی دەگرێ، ڕێگا بەخۆی دەدا بە ئارەزووی خۆی خەڵکی تاوانبار بکات ولە هەمان کاتیشدا داوا لە پارێزەر دەکا کە بە بەڵگەی بنەبڕکەر ویاسایی هەموو وشەیەك لە وشەکانی بسەلمێنێ.
ماك لینان پێ دادەگرێ و دەڵێ: کۆمۆنەی ژن ومێردایەتی لە شەقلی‌وبەقلی بەولاوە چیتر نییە، بەم قسەیەش زۆر دەگەڕێتەوە پاش باخۆڤن. بەڕای ماك لینان سیستمی خزمایەتی لەکن مۆرگان بریتییە لە یاسایەکی بەڕیزی پێشکەوتووی کۆمەلأیەتی، بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەو واقیعەیە کە هیندە سووڕپێستەکان بێگانەش واتە سپی‌پێستەکانیش بە وشەی برا یا باوك ناودەبەن. هەر وەکو ئەوەی کە وشەی باوك، دایك، برا وخوشك تەنها وشەی گفتوگۆ کردن بن وهیچ واتایەکی دیکەیان نەبێ، چونکە پیاوان و ژنانی ئایین پەروەری کلیسە کاسۆلیکەکان، قەشەکان بە باوك ودایك ناو دەبەن، تەنانەت ماسۆنییەکان وئەندامانی کۆمەڵە پیشەگەرییەکانی بەریتانیا لە کۆبوونەوەکانیان دا بەیەکتر دەڵێن: برا یا خوشك. بە کورتی، پارێزگاریکردنی ماك لینان لەخۆی زۆر کزو بێ هێزە.
بەڵام تاقە خاڵێك مایەوە کە لە پەنایدا خۆی ڕاگرت و نەپێکرا. ئەویش دژایەتییەکەی نێوان (هۆزە) ژن لە دەرەوە هێنەرو (هۆزە) ژن لە ناوخۆ هێنەرەکانە، کە کۆڵەکەو وئەستووندی هەموو سیستمەکەی بوو، جا ئەمەیان نەك هەرجێگیربوو، بەڵکو لەهەموو جێگایەکیشدا بەگۆشە بەردی بناغەی خانەوادە داندرا، لەسەرپاکی مێژوودا. مرۆڤ دانی بەوەدا نا کە ئەو تەقەلایەی ماك لینان بۆ ڕاڤە کردنی ئەو دژایەتییە لەگەل ئەو واقیعانەدا تەبا نییە کە بەخۆی باسی کردوون. بەڵام خودی ئەو دژایەتیەش، واتە بوونی دوو جۆرە هۆزی سەربەخۆ ولێك جودا کە لەناوبەری یەکدی بن، جۆرێکیان بۆی هەبێت لە نێو هۆزەکەدا ژن بهێنێ بەڵام بۆ ئەوەی‌تر بەتەواوی

قەدەغە بێ. ئەم دژایەتییە وەکو ڕاستییێکی ئینجیلی کە بەرپەرچ نەدرێتەوە، مایەوە. بۆبەراوردکردن، بڕوانە: {بنەچەی خێزان}(1874)، جیروتولون، هەروەها خودی (لیبوٚك) یش لە{بنەچەی ژیاریی}دا (چاپی چوارەم، 1882 )( 10).

لە دژی ئەم خاڵەدا، مۆرگان کتێبە سەرەکییەکەی دانا {(کۆمەڵگای دێرین)(1877) (11)}، ئەو کتێبەی کە کردمان بە تان وپۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان. ئەوەی کە مۆرگان لە ساڵی 1871 دا بە ئاڵۆزی وبە جەنجاڵی هەڵیهێناوە، لەم کتێبەدا زۆر بە ڕوونی بەر چاو خراوە. ژن لەدەرەوە هێنان وژن لەناوەخۆ هێنان هەرگیز دژایەتی ناگوورێنن هەروەها هۆزە ژن لەدەرەوە هێنەرەکان تاکو ئێستا لە هیچ جێگایەکدا هیچ بەڵگەیەك لەسەر بوونی نەهاتووە. بەڵام ئێستا، کاتێ کە بەگەلە ژن ومێردایەتی هێشتا هەر باوی بوو، = کە ماوەیێکی دیاری کراو لەهەموو جێگایەکدا باوی هەبووە =، هۆز بە سەر چەند گروپ و خێڵێکدا(2پ) دابەش بووبوو کە پەیوەندییەکانی خزمایەتی لە نێوانیاندا بە پێی هێڵی دایك پەیڕەودەکرا و لەنێوانیاندا ژن وژنخوازی زۆر بەتوندی قەدەغە بوو، بەجۆرێك کە پیاوانی سەر بە خێڵێك بۆیان هەبوو هەر لەنێو هۆزەکەدا ژن بخوازن بەڵام ئەو ژنە دەبوایە سەر بە خێڵێکی دیکەی نێو هەمان خێڵ بێت. لەپای ئەمە ئەگەر ئەو خێڵە بە تەواوی لارەملی سیستمی لەدەرەوە ژن هێنان بوایە ئەوا ئەو هۆزەی کە لە چەندین خێڵ پێك دەهاتن بەتەواوی لارەملی سیستمی لەناوەخۆ ژن هێنان دەبوو. ئا بەمانە دوا پاشماوەی هەرزە چەنەکانی ماك لینانی بۆ هەمیشە لەناو چوون.

بەڵام مۆرگان بەمەش وازی نەهێنا. چونکە خێڵەکانی هیندییە ئەمریکییەکان بۆی بوونە دووەم هەنگاوی یەکالاکەرەوە بۆ پشکاندن و ڕووەو پێش چوون لەو بووارەی کە کنەی تێدا دەکرد. لە دەراوی ئەم خێڵەوە کە لەسەردایك سالاری دامەزراوە، ئەو شێوە سەرەتاییەی دۆزییەوە کە لێیەوە ئەو خێڵەی کە لەسەر باوك سالاری دامەزراو گەشەی کردووە وپەرەی سەندووە، ئەو هۆزانەی کە لە ئەنتیکخانەکانی گەلانی ژیاردا بەدی دەکەین. خێڵی گریك وڕۆمان کە لەپێشدا لەبەردەم تێکڕای مێژوونووساندا، مەتەڵ بوو، لەخێڵی هیندە سووورپێستەکاندا پەی بە ڕوونکرنەوەی برا، بەمەش بناغەو هێمیکی نوێ بۆ سەرجەم مێژووی سەرەتاییی دۆزرایەوە.

ئەم دۆزینەوە نوێیەی خێڵی سەرەتاییکە لە سەر بنچی دایك سالاری دامەزراوە، سەبارەت بەوەی کە قۆناغێك لە پێش ئەو خێڵەوە هاتووە کە لەسەر باوك سالاری دامەزراوە ولەنێو گەلانی ژیاردا هەبووە، بایەخێکی ئەوتۆی لەبۆ مێژووی سەرەتاییی هەیە بەئەندازەی بایەخ وگرینگی بیردۆزەی نەش ونماکردنی (داروین)ە لەبۆ بایۆلۆژیا و بەئەندازەی گرینگی بیردۆزەی زێدەبایی (مارکس)ە لەبۆ ئابوری سیاسی، ئەم دۆزینەوەیە ڕێگای لە بەردەم مۆرگان تەخت کرد بۆئەوەی بۆ یەکەمین جار تابلۆیەك بۆ مێژووی خێزان بکێشێ کە تێیدا، بەو ئەندازەیەی بابەتە زانراوەکانی ئەمڕۆ ڕێگایان پێدابێ، قۆپەنە مەزنەکانی پلەی پەرەسەندن، ئەوانی کە لەپێشدا هەبوون هەر لانی کەم کلاسیکی، وەدەرخا. بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەم کارە دەروازەی سەردەمێکی نوێی لەبەردەم لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمەڵگای سەرەتایی ئاوەلا کرد. خێڵی لەسەر دایك سالاری ڕیشە داکوتاو بوو بەو تەوەرەی کە سەرپاکی ئەم زانستە بەدەوریدا دەسووڕا، لە ڕۆژی دۆزینەوەیەوە بۆ مرۆڤ ئاشکرا بوو کە دەبێت بەرەو کوێ وچۆن ئەنجامگیری توێژینەوەکانی لێك هەلاوێرین. لەپای ئەوەش ئێستا لەم بوارەدا بەلەزتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت، زۆر زیاتر لەوەی پێش هاتنی کتێبەکەی مۆرگان.

دۆزینەوەکانی مۆرگان ئێستا بەگشتی دانی پێدانرا، یاخود زیاتر لەلایەن مێژوونووسانی کۆمەڵگای دێرین، لە ئینگلستاندا، دەستی بەسەرداگیرا. بەڵام لەلای هیچ کامێکیان سۆسەی ئەوە ناکەین کە بە ڕاشکاوی بڵێ، ئێمە قەرزداری مۆرگانین بەو شۆڕشە مەزنەی کە لەبیرو بۆچوونەکانماندا بەرپای کرد. لە بەریتانیادا ئەوەندەی بۆیان کراوە خۆیان لەکتێبەکەی نەبان کردووە بەڵام هەڵگوتنیان، ئەویش بە لا لووتێکەوە، بە کارە

**پێشینەکانی** مۆرگانیان کردە بەردە بازێك بۆ خۆ هەڵبواردنیان لەکتێبەکەی لە هەمان کاتیشدا زۆر بە پەرۆشەوە کنەی بەرپەرچ دانەوە دەکەن لە ووردو درشتی بابەتەکەی، بەلاّم بەڕاستی بە کەڵەوەکێشی‌یەوە دەرهەق بە دۆزینەوە فرە مەزنەکانی بێ دەنگ دەبن. چاپی یەکەمی کتێبەکەی {کۆمەڵگای دێرین} فرۆشرا، لە ئەمەریکادا ئەم جۆرە کتێبە بازاری شیاوی نییە لە بەریتانیاشدا لەوە دەچێ کە بەردەوام ئەم کتێبە، بەمەبەستەوە، پشتگوێی خرابێ، تاکە چاپی ئەم کتێبە نەمرە کە هێشتا هەر لێی بفرۆشرێ ئەوەیە کە بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە.

هۆی ئەم خۆلێ نەبان کردنە چییە کە مرۆ بەگرانی لە خلێنە وبلێنەی بێ دەنگییەکەی تێدەگا، نەخوازەلاّ ڕاوو رێسی پیتۆڵە دانپێدانراوەکانمان لەبواری زانستی مێژووی سەرەتاییدا لە یادبێ کە بۆ ئارایشت ونەخشاندنی دانانەکانیان بۆ کلکە قوتێ وڕێزلێنان لەگەڵ گەواهی دیکەدا دەیخەنە ڕوو؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە کە مۆرگان ئەمەریکی‌یە وهەرگیز مێژووناسانی کۆمەڵگای سەرەتایی بەریتانی وێڕای هەموو هەوڵ وکۆششێکیان، کە شایستەی ڕێزلێگرتنە!، بۆکۆکردنەوەی بابەتەکان بە ناچاری هانا بەرن بۆ بیتۆڵ وبەڵەدی بێگانەی وەك باخۆڤن ومۆرگان، کاتێ کە حەوجەیان بەو بابەتە گشتی وریشەییانە بوو بۆ پۆل پۆل کردن ولێك هەلاّوێردنی ئەم بابەتە، یاخود بە کورتی، کاتێ کە حەوجەی بیرو ڕای پێویست بوون لەبۆ خۆیان؟ ئەڵمانی قەی ناکا و مرۆڤ پێی قایل دەبێت، بەلاّم ئەمەریکی؟ ئەوە بەرابەر بە ئەمەریکی هەموو بەریتانی‌یەك دەبێتە نیشتمان پەروەرێکی خوێن گەرم،لەم جۆرە دیاردانە لەولاّتە یەکگرتووەکاندا نموونەی زۆر سەیرم بەرچاو کەوت(8). جگە لەوەی کە ماك لینان بە ڕەسمی وەکو دامەزرێنەر و سەرۆکی قوتابخانەی مێژووی سەرەتایی بەریتانی دەناسرا و لەم بووارەشدا بەچاکیان دەزانی، کەم تازۆر، تەنها ئەنگوستی ئەوپەڕی ڕێزو پایەداری بۆ بینا مێژوویییە داتاشروەکەی درێژ کرابایە، ئەو بینایەی کە لە منالّ کوشتنەوە دەست پێ دەکا بۆ زۆر مێردیی و ژن هەڵگرتن تا دەگاتە خێزانی لەسەر مافی دایك دامەزراو (دایك سالاری)، هەر کزە گومانێکیش لەبوونی (هۆز)ە ژن لە دەرەوەهێنەرەکان و (هۆز)ە ژن لە ناوخۆهێنەرەکان کە بەڕەهایی لەناو بەری یەکترن بە بڕوێش کردن وزمان درێژی دادەنرا، مۆرگان شووڵی لێ هەڵبڕی کاتێ کە ئەو بیروڕا پیرۆزەی ماك لینان وەك دووکەڵ بەبادا، جگە لەوەی کە بە بەهانەی ئەوتۆ بەبای دا دان کە هەموو کەسێکیش دەباتە ژێر بارەوە، تەنانەت ئەوانەش کە بەماك لینانیان هەڵدەگوت، تاکو ئێستا هەر لەژێر باری دژایەتی نێوان ژن لەدەرەوە هێنان وژن لەناوەخۆ هێنان بێ هوودە دەتلێنەوە وبەسەر خۆیاندا دەکێشن وهاواری ئەوەیانە کە چۆن بەو ئەندازەیە گەلۆر بوون و دەمێك ساڵە بە خۆیان ئەوەیان نەدۆزیوەتەوە؟

ئەگەر ئەم تاوانانە کەم بن، بۆ ئەوەی وەها لە قوتابخانە ڕەسمییەکە بکات کە جگە لە بەساردیی و خستنە پشتگوێی مامەڵە لەگەڵدا کردن، هەموو شتێکی کەی لێ قەدەغە کرد، ئەوا مۆرگان زیاتر ڕێژەوی بەکاسەکەدا کاتێ بەوە نەوەستا ڕەخنە لە ژیاریی بگرێ، واتە کۆمەڵگای بەرهەم هێنانی کالایی، کە شێوەی بنەڕەتی کۆمەڵگای ئێستامان پێك دەهێنێ، ڕەخنەیێك کە (فۆرییە) مان بەبیر دەهێنێتەوە، بەڵکو قسەشی لە گۆڕانەکانی داهاتووش دەکرد کە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا دێن، بە جۆرێك کە وشەی ئەوتۆی بەکاردەهێنا کە کارل مارکس بەخۆی دەیتوانی پەنایان بۆ بەرێ. مۆرگان چاکترین دەستکەوتی بەدەست هێنا کاتێ کە ماك لینان زۆر بەتوڕەیی گلەیی ئەوەی لێ بوو کەگوایە ,,بەتەواوی لە ڕێبازە مێژووییەکە دەپرینگێتەوە“ (9)هەروەها کاتێ کە پرۆفیسۆری جیروتۆلۆن لە ژنێڤەوە ئەم گلەییەی لە ساڵی (1884)دا بۆ جەختکردەوە وێڕای ئەوەی کە ئەم بەڕێز جیروتۆلۆنە بەخۆی لە ساڵی(1874)دا لە (بنەچەی خێزان)دا بێ هوودە کەوتبووە گێژەڵووەکەی ژن لە دەرەوە هێنانەکەی ماك لینان، کە دەبوایە مۆرگان بەخۆی لەم گرفتەی دەرهێنێ!

لێرەدا پێویست بەوە ناکا بەشوێن سەرکەوتنەکانی دیکەی مۆرگاندا کنە بکەین کە مێژووی سەرەتایی پێ قەرزاربار کردووە چونکە هەرچی پێویستمان بێت لە جێگای شیاوی دوو تۆی ئەم کارەم دایە. پاشان ئەو چواردە ساڵەی کە بەسەر کتێبەکەی مۆرگاندا تێپەڕیون بابەتەکەمانی لەمەڕ مێژووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییە سەرەتاییەکان یەگجار دەوڵەمەند کردووە، جگە لە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان، گەڕۆك ومێژووناسە لێهاتووەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی کە یاساناسەکانیشیان چووە پاڵێ، ئەوانەی کە بایەخ بە یاسای بەراوردکاری دەدەن ودۆکیومێنت وبیرو بۆچوونی تاڕادەیەك نوێیان دۆزییەوە. کە بەهۆیانەوە هەندێك لە گریمانەکانی مۆرگان جێلەق بوون وتەنانەت هەڵیش تەکان. بەڵام ئەم بابەتە تازەکۆکراوانە هەرگیز جێگای بە بۆچوونە سەرەکییەکان لەق نەکرد. ئەوڕێك وپێکییەی کە دای هێنایە نێو مێژووی سەرەتایی لە هێڵەگشتییەکاندا ئەمڕۆکەش هێزو گوڕی خۆی لەدەست نەداوە. بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەم ڕێکخستنەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر برەوی گشتی دەماشێتەوە، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە کردوکۆشی شاردنەوەی ئەوەیانە کە مۆرگان دانەری بەردی بناغەی ئەم پێشکەوتنە مەزنەیە * [*].

لەندەن، 1891 Juni.16

## Friedrich Engels

بۆچاپی چوارەم ساڵی 1891 نووسراوە.

تاکو 1891 Juni.16 نووسرا. یەکەمین جار بەم ناوەی خوارەوە بڵاوکرایەوە:

Zur Urgeschichte der Familie (Bachofen، Maclennan، Morgan)،
(Die Neue Zeit، Stuttgart، IX.Jg. 1890-1891، Zweiter : گۆڤاری
Band، S. 460 - 467.)

[*] لەکاتی گەڕانەوەمدا لەنیویۆرك ـ ەوە، لەسپتامبەری 1888، چاوم بە کۆنەجێگرێك لە کۆنگرێسی ئەمەریکی لە دەزگای ڕۆشستری هەلبژاردندا کەوت، کە مۆرگانی دەناسی. بەڵام بەداخەوە زۆر بەکەمی لەبارەیەوە دووا، گوتی مۆرگان وەکو مرۆڤێکی ئاسایی لە رۆشستر دەگوزەرا، تەنها بۆ کارە زانستییەکانی خۆی تەرخان کردبوو. براکەی کۆلۆنێل بوو لە وەزارەتی جەنگ لە واشنگتۆندا بە پاڵپشتی براکەیەوە توانی حکوومەت قایل بکات بایەخ بە تۆژینەوەکانی بدەن، چەند کتێبێکی بە دراوی حکوومەت چاپ کراوە، پاشان قسەکەرەکەم گوتی چەندین جار بەخۆم هەولم بۆ داوە، کاتێ کە لە کۆنگرێس بووم. (ئەنگلس)

Максиму Ковалевскому
[illegible] от автора.

# Der Ursprung

der

# Familie, des Privateigenthums

und

# des Staats.

---

Im Anschluß an Lewis H. Morgan's Forschungen

von

## Friedrich Engels.

---

Vierte Auflage.

Sechstes und siebentes Tausend.

Stuttgart

Verlag von J. H. W. Dietz

1892.

Titelseite der letzten
von Engels besorgten Auflage (1892) seiner Schrift
„Der Ursprung der Familie, des Privateigentums und des Staats"
(aus dem Widmungsexemplar für M. M. Kowalewski)

﴾ بەرگی دەرەوەی ئەم کتێبە بە زمانی ئەڵمانی چاپی (1892) ﴿

کە فـردریـك ئەنـگلـــس بە دەستی خۆی نووسیوێتیّ

# بنەچەی خێزان
# وخاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت
## بەبۆنەی تۆژینەوەکانی لویس هنری مۆرگان

## I
## قۆناغەکانی کولتوور لە پێش مێژوودا

مۆرگان یەکەمین کەس بوو کە بەلێزانی و چازانی سیستمێك بۆ مێژووی سەردەمی پێش مێژووی مرۆڤایەتی دارێژێ، تا ئەوەندەی بەرفراوانبوونی بابەتەکە گۆڕانکاری نەسەپێنێ، دابەش کردن و گرووپە کردنەکەی مۆرگان هەر بەو هێزوگوڕەی خۆی دەمێنێتەوە.

لەو سێ سەردەمە سەرەکییانەدا: دڕندایەتی، بەربەریزم و ژیاریی، تەنها یەکەم و دووەم پاشان گوێزانەوە بۆسێهەم، مۆرگانیان زیاتر خەریك کردووە. ئەم دوو سەردەمەشی بەپێی پلەکانی پێشکەوتن لەهێنانە بەرهەمی هۆیەکانی بژێوی، بەسەر سێ قۆناغ دا دابەش کردووە: پلەی نزم وناوەنجی وبالاْ، چونکە وەك خۆی دەڵێ لەبەر ئەوەی

« کەڵەکەبوونی شارەزایی لە بەرهەمهێناندا، زاڵ بوونی مرۆڤ و دەست گرتنی بەسەر سروشتدا لەنێو تێکڕای زیندەوەرەکانی تردا، یەکالاْدەکاتەوە. لە نێو تێکڕای زیندەوەرەکاندا تەنها مرۆڤ توانی سەرکەوتنێکی تاڕادەیێك بێ پایان بەسەر بەرهەم هێنانی خۆراکدا بەدەست بهێنێ. سەردەمە مەزنەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ کەم تا زۆر ڕاستەوخۆ هاوشان لەگەڵ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی بژێویدا پەرە دەستێنن »(12)

لەتەك ئەوەشدا، خێزان پەرەدەستێنێ، بەلاْم نیشانەیەکی دیار بۆ لەیەکدی جیاکردنەوەی قۆناغەکان، بەدەستەوە نادا.

### 1. دڕندایەتی

1. **قۆناغی نزم**: بەساوایەتی ڕەگەزی مرۆڤ دادەنرێ کە لانیکەم یا هەندێك جار لەسەر دارو درختەکان دەژیان، پێکەوە ژبانی مرۆڤ لەم قۆناغەدا وەکو چەند خێزانێك تەنها لەدژی گیانداره زلە دڕەکان خۆی ڕوون دەکاتەوە. مرۆڤ هێشتا لە نیشتمانە سەرەتاییەکەیدا دەژیا، لە لێڕەوارە پشتێنەییەکان ونیمچە پشتێنەییەکاندا، خۆراکیشیان میوە و ناوکەمەنی و ڕەگی درەختەکان بووە. دەسکەوتی سەرەکی ئەم قۆناغە فراژی بوونی واژە بووە. لەنێو هەموو ئەو گەلانەی کە لە قۆناغەکانی مێژوودا ناسراون، هیچیان بەم شێوە سەرەتاییە نەماون. وێڕای ئەوەی کە ئەم سەردەمە هەزاران ساڵ بەردەوام بووە، کەچی ئێمە بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆمان بەدەستەوە نییە کە بوونی بسەلمێنێ بەلاْم ئەگەر ددان بەوەدا بنێین کە مرۆڤ لە شانشینی گیانەوەرەوە پەیدا بووە، دەبێت بچینە ژێر باری ئەوەی کە مرۆڤ بەم قۆناغی گوێزانەوەیەدا تێپەڕ بووە.

2. **قۆناغی ناوەنجی**: بە بەکار هێنانی خۆراکی ماسی دەست پێ دەکا (کە قرژاڵ وگوێچکە ماسی وزیندەوەری دیکەی نێو ئاویان دەچنە پاڵ) هەروەها بە بەکار هێنانی ئاگر. ئەم دووە (واتە ماسی وئاگر ) یەکدی تەواو دەکەن، چونکە گۆشتی ماسی بە ئاگرەوە بەتەواوی بۆ خواردن دەشێ. بەم خۆراکە نوێیە مرۆڤ سەربەخۆییێکی لە کەژ وهەوا وشوێن بەدەستهێنا کە بەهۆیەوە توانی لەگەڵ روبار و بەکەناری دەریاکاندا ڕەو

بەكات، تەنانەت لەباری دڕندایەتیشدا توانی بەسەر بەشێكی زۆری گۆی زەویدا پەرت وبلاو بێتەوە. بەڵگەش لەسەر ئەم كۆچ و ڕەوە بلاوبوونەوەی ئامرازە بەردینە زبر وچاك نەكراوەكانە، ئەوانەی كە دەگەڕێنەوە بۆ چەرخی بەردین و پێیان دەگوترێ ئامرازە پالایولیتۆزەكان (Palaiolithose ) كە هەموویان یا بەشێكی زۆریان لە هەموو كیشوەرەكاندا بلاوبوونەتەوە و بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێنەوە. نیشتەجێ بوونیمرۆڤ لە جێگای هەمیشە تازەو گەڕان وپشكنینی، سەرەڕای دەستگیركردنی ئاگر بە ڕێگای لێخشاندن، ئەمانە هەموویان شێوازی تازەی خۆراكیان بۆ مرۆڤ دەستەبەر كرد، وەكو ڕەگەمەنیی و سەلكدارەكان كە نیشاستەیان تێدایە و لە پەنگر یاخود لە (كوانوو)دا دەبرژێنران، هەروەها نێچیر، بەهۆی داهێنانی چەكە سەرەتاییەكانی وەك تێلاَ و ڕم، كە بە ڕێككەوت ڕاودەكرا بوو بە ژەمەخواردنێك كە جاروبار دەهاتە پاڵ خواردنەكانی دیكەیان. بەلاَم هەرگیز گەلێك لەئارادا نەبووە وەكو ئەوانەی كە لە كتێبەكاندا باس دەكرێن، كە **تەنها** لەسەر ڕاووشكارگوزەرابێ، چوونكە ڕاووشكار سەرچاوەیەكی هەمیشە دەستەبەر نییە كە پشتی پێ ببەسترێ، بۆیە سەرچاوەكانی بژێویی لەم قۆناغەدا بەبەردەوامیدەستەبەر نەبوو وسەرئەنجام وەك پێ دەچێ كە هەر لەم قۆناغەشدا مرۆڤ خواردن سەری هەڵدابێ وبۆ ماوەیەكی دوور و درێژیش پاش ئەوە هەر بەردەوام بووبێ. ئوستالییەكان وزۆربەی پۆلینیزەكان تاكو ئێستاش هەر لەم قۆناغە ناوەندییەی دڕندایەتی دەژین.

3. **قۆناغی بالاَ**: بە داهێنانی تیروكەوان دەست پێ دەكات كە بەهۆیانەوە نێچیر بوو بە خۆراكێكی هەمیشەیی، ڕاووشكار بوو بە لقێكی ئاسایی كار كردن. كەوان و ژێ و تیر ئامرازی زۆر ئاڵۆزن كە داهێنانیان شارەزایی وپسپۆڕییەكی كەڵەكە بووی زۆر و توانستێكی پێشكەوتووی هۆش وبیریان پێ دەویست لەهەمان كاتیش دا، حەوجەیان بە شارەزاییێكی زۆری چەندین داهێنانی دیكە بووە. كاتێ كە بەراوردێك بكەین لە نێوان ئەو گەلانەی كە تیرو كەوانیان دەزانی وهێشتا فێری هونەری چینیسازی نەببوون (كە مۆرگان بەسەرەتای گوێزانەوەی دادەنا بەرەو بەربەریزم) چەندین نیشانە بەدی دەكەین كە سەرەتان بۆ نیشتەجێ بوون لەگونددا، هەروەها دەبینین كە دەستیان لە چمكێكی بەرهەمهێنانی هۆیەكانی بژێوی گیر بووە وەكو: دەفر و پێداویستییە دارینەكانی نێو ماڵ و چنین (بەبێ دەزگای چنین) لە بەڵمی دارودرخت، سەبەتە دروست كردن لە بەڵمی دار یاخود قەمیش، هەروەها ئامێری بەردینی لووس كراو (نیولیتۆز neoslithos)، جگە لەوەی كە ئاگر و تەوری بەردین ڕێگایان لە بەردەم دروست كردنی كەڵەك بە هەڵكۆڵینی كۆتەرە دارێكی تەواو وهەروەها شەقڵ بۆ خانوو، خۆش كرد. ئێمە هەموو ئەم دەستكەوتانە، بۆ نموونە، لەلای هیندە سوور پێستەكان بەدی دەكەین كە لە باكووری ڕۆژ ئاوای ئەمەریكادا دەژیان ئەوانەی كە بە تیروكەوان ئاشنابوون بەلاَم چینیسازییان نەدەزانی. تیرو كەوان بۆ سەردەمی دڕندایەتی چوون شمشێری ئاسنین بوو بۆ بەربەریزم وهەروەها چوون چەكی ئاگریین بوو بۆ سەردەمی ژیاریی واتە چەكی یەكالاَ كەرەوە بوو.

## 2. بەربەریزم

1 ــ **قۆناغی نزم**: بە سەرهەڵدانی هونەری چینی سازی دەست پێ دەكات. ئەم چینی سازییەش وا پێ دەچێ، زۆربەی كات ولە هەموو جێگایەكدا بەهۆی گڵ سواغی و ڕوو پۆش كردنی سەبەتەو دەفرە دارینەكان پەیدا بووبێ، بۆ ئەوەی وەهایان لێ بكرێ كە بەرگری لە ئاگر بكەن ونەسووتێن، بەلاَم زۆری پێ نەچوو بۆیان دەركەوت كە ئەو گڵەی دارەكەی پێ رووپۆش كراوە بەبێ دەفرەكەی ناوەوەش خواستەكەیان بەدی دەهێنێ.

تا ئێرە توانیمان بە چاوێکی گشتی بڕوانینە ڕەوتی پەرەسەندن سەبارەت بەوەی کە سیمایێکی بەتەواوەتی گشتی هەیە ولە قۆناغێکی دیاری کراودا، بەبێ ڕەچاو کردنی جێگای نیشتەجێ بوون، بەسەر هەموو میللەتاندا دەگونجێ. بەڵام ئێمە لەگەڵ هاتنی سەردەمی بەربەریزمدا، دەگەینە پلەیەك کە جیاوازی باری سروشتی هەر دوو کیشوەرە گەورەکە ڕۆڵێکی بەسەنگ وڕەنگ دەگێڕێ. چونکە ئەو دیاردەیەی کە بەربەریزمی پێ جیا دەکرێتەوە بریتیە لە دەستەمۆ وبەخێو کردنی ئاژەڵ ودۆزینەوەی چۆنییەتی چاندنی شیناوەرد. کیشوەری خۆرهەڵات، یاخود وەك پێی دەڵێێن جیهانی دێرین، تا ڕادەیێك هەموو ئەو ئاژەڵانەی تێدا بوو کە دەشێ دەستەمۆ بکرێن. هەروەها تەنها جۆرێکی لێ بترازێ هەموو جۆرەکانی دیکەی دانەوێڵەی تێدابوو کە بۆ تۆوکردن دەشیان. بەڵام کیشوەری خۆرئاوا، واتە ئەمەریکا، تەنها یەك جۆرە ئاژەڵی شیردەری تێدا بوو کە بشێ دەستەمۆ بکرێ، ئەویش لاما بوو، ئەمە تەنها لە بەشێکی باشووردا هەروەها تەنها یەك جۆرە دانەوێڵەی تێدا بوو کە بشێ تۆو بکرێ ئەویش چاکترینیان بوو، کە گەنمە شامی بوو، بەهۆی ئەم وێك نەچوونەی باری سروشتی، هەر یەك لە نیوەی گۆی زەوی، لێرە بەولاوە، ڕێگای پەرەسەندنی سەربەخۆی خۆیان هاتە بەردەم، هەروەها شەقڵی جیاوازییەکانی نێوان پلە دۆناو دۆنەکانی پەرەسەندن لە هەر یەك لە نیوەی گۆی زەویدا لەوەی تر جیا دەبۆوە.

2 ــ **قۆنــاغی ناوەنــدی** : لە ڕۆژهەڵاتدا بە دەستەمۆ کردنی ئاژەڵەماڵییەکان دەست پێ دەکات ، لە ڕۆژئاوادا بە چاندن وناشتنی ئەو ڕووەکانە دەست پێ دەکات کە بە هۆی ئاودێرییەوە بۆخواردن دەشیان، هەروەها بە بەکار هێنانی بەردو خشتی کاڵ (خشتی لەبەر تیشکی ڕۆژ ووشك کراوە) بۆ خانوو دروست کردن دەست پێ دەکا.

لە خۆرئاواوە دەست پێ دەکەین چونکە پێش داگیر کردنی ئەمەریکا لەلایەن ئەورپاییەکانەوە هێشتا لە هێچ جێگایەکیدا لەم قۆناغە تێنەپەڕیبوون.    هیندە سوور پێستەکان کە لە قۆناغی نزمی بەربەریزمدا بوون (هەروەها ئەوانەش کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی زێیمسیسپیدا دۆزرانەوەو سەربەئەوان بوون) تاڕادەیەك دەیانزانی گەنمەشامی لە بێستان ولە کێڵگەکاندا بچێنن وهەروەها دەیانزانی کاڵەك و کولەکە و پاقلەمەنی بچێنن، کە بەشێکی زۆری لە خۆراکیان پێك دەهێنا جگە لەوەی کە لە خانووی دارینن وگوندی تامان کراو گیرسابوونەوە. بەڵام هۆزەکانی بەشی باکووری ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ناوچەی روباری کۆلۆمبیادا دەژیان، هێشتا لەقۆناغی باڵای دڕندایەتیدا دەژیان وهیچیان لەبارەی چینیسازی یاخود چاندن نەدەزانی. لەلایەکی ترەوە ئەو هیندە سوورانەی کە لە مەکسیکۆی تازەدابوون و بویبلویان پێدەگوترا(13)، هەروەها مەکسیکییەکان و دانیشتوانی ئەمەریکای ناوەڕاست و دانیشتوانی پیرۆ بە پێچەوانەوە، لەکاتی داگییر کردنی ئەمەریکادا، لە قۆناغی ناوەنجی بەربەریزم دا بوون، ئەمانە لەنێو خانووی لەخشت دروست کراو یا لە بەرد هەڵچنراوی قەلاّ ئاسا دەژیان، هەروەها لە زەوی بەراودا گەنمە شامی و ڕووەکی دیکەیان دەچاند کە بە پێی شوێن وکەژو هەوا دەگۆڕان وسەرچاوەی سەرەکی خۆراکیانی پێك دەهێنا، هەروەها چەند جۆرە ئاژەڵێکیان رەنێو هێنابوو، مەکسیکییەکان کەڵەبابی هیندی وپەڕەوڵی دیکەیان ڕاگرتبوو، دانیشتوانی پیرۆ لامەیان ڕام کردبوو. سەرباری ئەوەش، ئاسنی لێ بترازی، میتال سازیشیان دەزانی، بۆیە نەیان دەتوانی دەست بەرداری چەك وئامرازە بەردینەکانیان بن. پاشان هێرش وداگییرکردنەکانی ئیسپانی چۆکی بە ڕەوتی سەربەخۆی پەرەسەندنیان، دا.

لە ڕۆژهەڵاتدا قۆناغی ناوەندی بەربەریزم بە دەستەمۆ کردنی ئەو ئاژەڵانە دەستی پێ کرد کە شیرو گۆشتیان دەدا، چاندن وناشتن لە دوو تۆی ئەم قۆناغەدا وا پێ دەچێ کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژیش درکی

پـێ نـەكرابووبێ. جـا ئاژەڵـداری وپێكهێنـانی مێگـەل وگـاران، ئارییـەكان وسـامییەكانی بـەمۆركی خـۆی لـە بەربەرییەكانی دیكە جیاكردەوە. پاشان ئەو ناوانەی كە لە ئاژەڵەماڵییەكان نراون بەگشتی چوون یەكن لەلای ئارییە ئەوروپاییەكان وئاسیاییەكان، كەچی ڕووەكەكان هەرگیز ناوی هاوبەشیان نییە.

پێكەوەنانی مێگەل و گاران، ژیانی شوانكاریی لەو جێگایانەدا دروست كرد كە بۆ ئەو پیشەیە هـەموار بوون، لەلای سامییەكان لەو دەشت و پاوانانە كەبە درێژایی زێی دیجلە وفورات هەن، لەكن ئارییەكان لە شینایی و دۆڵ وشیوەكانی هیندستان وبە درێژایی زێی جـەیحون، سـەیحون، دوون ودنێبـەر. واپـێ دەچـێ كە ئاژەڵداری بـۆ یەكـەمین جـار لـە تخـووبی ئـەم جـۆرە ناوچـانەدا كـە بـۆ لـەوەڕ دەگـونجێن، بـەدی هـاتبێ. بۆیـە نـەوەكانی داهاتوویان پێیان وابوو كە گەلە شوانكارەكان لە ناوچەی ئەوتۆدا سەریان هەڵدابێ كە هـەرگیز نـەك نـەدەگونجان لانكـی مرۆڤایـەتی بـوون، بـەڵكو بـە پێچـەوانەوەش هـەر گونجـاویش بـوون بـۆ ژیـانی بـاو بـاپیرە دڕنـدەكانیان تەنانەت بۆ ئەوانەش كە بە قۆناغی نزمتری بەربەریزم ڕاگەیشتبوون. بەڵام كارەكە بە پێچەوانەوەیە چونكە ئەم بەربەریزمانـە كـە بـە قۆنـاغی ناوەنـدی ڕا گەیشـتبوون، پـاش ئـەوەی لـە گـەڵ شـوانكاریدا ڕاهـاتبوون، هـەرگیز بەبیریاندا نەدەهات بە خوایشت ئـەو چەم و سـەوزەڵانە جـێ بهـێڵن وبگەڕێنـەوە بـۆ نـاو ئـەو دارستانانەی كە باو باپیریان تێیدا دەژیان. تەنانەت كاتێ كە سامییەكان وئارییەكان بە ئاگوزووری لەو ناوچەیە بەرەو باكوور وڕۆژ ئـاوا هەڵكشـان، كـە بۆدەسـتەبەركردنی ئالیـك بۆئاژەڵـەكانیان تۆویـان دەوەشـاند، مـەحاڵ بـوو بتـوانن لـە لێرەوارەكـانی ئاسـیای ڕۆژ ئـاوا وئـەوروپادا نیشـتەجێ بـن، بەتایبـەتی لـە زسـتاندا ولـەو خاكـە ناهەموارەشـدا. لێرەدا پتر ئەوە جەخت دەبێت كە تۆو وەشاندن سەرەتا بە مەبەستی دەستەبەر كردنی ئالیك بۆ ئاژەڵەكان سەری هەڵداوە و پاشان بووبە سەرچاوەییەكی گرنگی خۆراك بۆ خودی مرۆڤ.

لانـی زۆری گەشـەكردنی سـەركەوتووانەی ئارییـەكان وسـامییەكان دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆر بـوونی خـۆراكی گۆشـت وشـیر، لەكاتێكـدا ئـەم دوو خۆراكـە ڕۆڵێكـی گـرینگ دەگێـڕن بـۆ فـراژی بـوونی منـداڵان، جـا لـە ڕاسـتیدا هیندییـە بۆیبلۆكـانی مەكسـیكی نـوێی كـە بـە ناچـاری تـەنها لەسـەر ڕووەك دەژیـان، مێشـكیان بچـووكتر بـوو لـە مێشكی هیندەكانی قۆناغی نزمی بەربەریزم كە بەزۆری گۆشت وماسی یان دەخوارد. بەهـەر حاڵ لە قۆناغی دووەمـی بەربەریزمـدا گۆشـتی مـرۆڤ خـواردن پلـە بـە پلـە بـەرەو هەڵـدێری نـەمان دەچـوو و تـەنها وەكـو نـەریتێكی ئایینی یا نەریتێكی ئەفسوون گەریی مایەوە . ئەم دوونەریتەش تا ڕادەیێك هەر پێكدەچن.

3 **ـــ قۆناغی باڵا**: بە تواندنـەوەی میتاڵی ئاسن دەست پـێ دەكـات، ئـەم قۆناغـە بـە هـۆی داهێنـانی پیتـی نووسین وبە بەكارهێنانی بۆ تۆمار كردنی وێژە، بەرەو سەردەمی ژیـاریی ئامبـازی نـا. ئـەم قۆناغـە، وەك لەپێشـدا گوتمـان لـە نیـوەی ڕۆژ هـەڵاتی گـۆی زەوییـدا نـەبێ ڕەوتێكـی سـەربەخۆی بـەخۆوە نـەبینی و لـە بـواری بەرهـەم هێنانـدا لە سەرجەم قۆناغەكانی پێش خۆی زیاتر سـەركەوتنی بەدەست هێنـاوە. گریكـەكانی چاخی پاڵـەوانێتی وهـۆزە ئیتالییـەكانی پـێش دامـەزرانی ڕۆمـا بـە ماوەییێكـی كـورت وجیرمـانی ڕۆژگـاری تاقیـتس ونۆرمەندییـەكانی ڕۆژگاری ڤیكینگ، هەموو ئەمانە لە ئامێزی ئەم قۆناغەدا بوون.

پێش هەموو شتێك، لەم قۆناغەدا بۆ یەكەمین جار گاسنی ئاسنینمان بەرچاو دەكەوێ كە بە هێزی ولاخ ڕادەكێشرێ و كێڵانی **كێڵگەی** بە چاكی‌لواند، كاری وەرزێری وەكو پیشەیەكی بەرفراوان هاتە گۆڕێ، ، لەهـەمان كاتیشدا خۆراك بە ئەندازەیەكی لە پێوان نەهاتوو لەچاو بارو زروفی ئـەو سـەردەمەدا، زیـادی كـرد. جگـە لـەوەی كە خاشە پڕكردن و بڕینـی لێرەوارەكـان، بـەو بەرفراوانییـە وكردنیـان بەكێڵگـە ولەوەرگـە مـەحاڵ بـوو بـەبێ بیـورو بێڵـی ئاسـنین سـەربگرێ. هـەروەها ژمـارەی دانیشـتوان زۆر بـە خێرایـی زیـاد دەبـوون ولـە ڕوپێـوێكی كەمـدا

چڕەبوونەوە. پێش سەرهەڵدانی کێلانیزەوی دەبوایە بارو زروفێکی یەکجار نائاسایی بخوڵقێ بۆ ئەوەی نیو ملیون کەس لەسایەی تاکە سەرکردەیەکی ناوەندیدا یەکانگیر بن، کە لەوانەیە هەرگیز ڕووشی نەدابووبێ.

ترۆپکی گەشە کردنی قۆناغی باڵای بەربەریزم لە چامەکانی هۆمیرۆسدا بەرچاومان دەکەوێ، بەتایبەتی لە (ئەلیادە Ilias) دا، ئامرازە ئاسنینە چاك سازەکراوەکان وپەمپی دەفینی کوورەی ئاسنگر، دەستهاڕ، خوولگەی چینی سازی، ڕۆن و شەراب دروستکردن، میتالسازی کە بەرەو هونەرێکی پیشەیی دەڕەوتا، گالیسکەی شەڕ و گواستنەوە، دروستکردنی کەشتی لە کۆتەرە و شەبکەدار، سەرەتاری هونەری بیناکاری، شاری بە شووورەگیراو و بەقوللە تەنراو، داستانی هۆمیریری و سەرپاکی میتولۆژیا، ئەمانەن میراتە سەرەکییەکانی گریکن لە بەربەریزمەوە بۆ قۆناغی ژیاریی. ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەمەو ئەو باس و خواسانەی کە قەیسەر وتەنانەت تاقیتس لەبارەی ئەڵمانەوە کردوویانە(14) ئەوانەی کە لە سەرەتای قۆناغی رۆشنبیریدابوون ئەو قۆناغەی گریکە هۆمیرییەکان لییەوە تەیار بوون وبۆ پلەیێکی باڵاتر بگوێزنەوە، دەبینین کە چ دەسکەوتێکی دەوڵەمەند لە بواری پەرەسەندنی بەرهەم هێنان لە دووتۆی قۆناغی باڵای بەربەریزمدا هەیە.

ئەو تابلۆیەی کە لێرەدا لەبارەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لە چاخی دڕندایەتیەوە بۆ چاخی بەربەریزم و بەرەو سەرچاوەکانی ژیاریی بەپاڵپشتی مۆرگان کێشاومە، بەتێرو تەسەلی سیمای تازەی تێدایە، جگە لەوەی کە هیچ بێنەو بەرەیێك هەڵناگرێ، چونکە ڕاستەوخۆ لە بەرهەم هێنانەوە هەڵهێنجراوە. وێڕای ئەوەش ئەم تابلۆیە مات و لێڵ وناچیزە دێتە بەرچاو بەرامبەر بەو تابلۆیەی کە دواجار بەرنیگامان دەکەوێ تەنها لەو کاتەشدا دەتوانین بەتەواوەتی گوێزانەوە لە بەربەریزمەوە بۆ ژیاریی وئەو دژایەتییە سەیرەی نێوانیان بێ کەم وکوڕی ڕوون بکەینەوە. ئێستاش بۆمان هەیە بەم جۆرەی خوارەوە دابەشکردنەکەی مۆرگان بۆ قۆناغەکان هەمەلایەن بکەینەوە:

*دڕندایەتی*– ئەو قۆناغەیە کە خاوەندارێتی بەرهەمە ئامادەکانی سروشت بەسەریدا زاڵە، جا ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤ دروستی دەکردن لە بناغەدا باروبووی بەو خاوەندارێتییە دەکرد. *بەربەریزم* – قۆناغی سەرەتای ئاژەڵداری و وەرزێری بوو، قۆناغی وەگیر هێنانی ڕێبازەکانی زیادکردنی بەرهەمە سروشتییەکان بوو بەهۆی چالاکی مرۆڤەوە. *ژیاریی*– ئەو قۆناغەیە کە تێیدا مرۆڤ فێری چارەسەرکردنی بەرهەمە سروشتییەکان بوو، یاخود کت ومت قۆناغی پیشەسازی وهونەر بوو .

(2)

# خێزان

مۆرگان کە بەشی هەرە زۆری ژیانیخۆی لە نێو ئیروکواییەکاندا، کە هێشتا لە شاری نیویۆرکدا دەژیین، بەسەربرد، یەکێك لە هۆزەکانی(هۆزی سینیکا) بەخۆوەی گرتبوو، لە دوو توێی ئەم هۆزەدا پەردەی لەسەر سیستمێکی خزمایەتی لابرد کە لەڕاستیدا بەتەواوی نەساز بوو لەگەڵ خودی پەیوەندییەکانیان لە نێو خێزانەکانیاندا. جۆرە تاکە ژن ومێردایەتیکیان تێدا باو بوو، کە ژن یاخود مێرد بۆیان هەبوو بەئاسانی گرێی پەیوەندییەکەی هەڵوەشێنن، مۆرگان بە (خێزانی دوولانە Paarungsfamilie) ناوی دەبردن. خەڵکی بەگشتی وەچەی ئەم خێزانەی دەناسێوە ودانی پێدا دەنان، هیچ گومانێك لەو کەسانە نەدەکرا کە ناوی باوك ودایك وکوڕ وکچ وبراو خوشکیان لێ نرابوو. بەڵام خودی بەکار هێنانی ئەم دەستەواژانە لەگەڵ ئەو

پەیوەندیانەدا نەسازبوون چونکە پیاوی ئێرۆکوی تەنها منالەکانی خۆی بە کوڕ وکچی خۆی بانگ نەدەکردن، بەڵکو بەهەمان شێوەش برازاکانیشی بە کوڕوکچی خۆی ناو دەبردن، ئەوانیش (بابە)یان پێیان دەگوت. لەهەمان کاتدا بە خوشکەزاکانی، (خوارزا)یان دەگوت ، ئەوانیش(خاڵە)یان پیێ دەگوت. بە پێچەوانەوە، ژنی ئێرۆکوی خوشکەزاکانی وەکو منداڵی خۆی بە کوڕو کچی خۆی بانگ دەکردن ئەوانیش (دایە)یان پێدەگوت. بەڵام بە کوڕو کچی براکەی (برازا)یان دەگوت، ئەوانیش (میمی)یان پیدەگوت(3پ). برزاکانیش (واتە ئامۆزاکان) بە یەکدی دەڵێن برا یا خوشك، بەهەمان شێوەش (میمك زاكان) یش یەكدی بە خوشك و برا دەناسن. جا بەپێچەوانەوە، وەچەی ژنەکە لەگەڵ برازاکانی واتە (خاڵۆزا ومیمکزا) یەکدی بەخوشك وبرای پلەی دووەم دادەنێن. هەڵبەتە ئەم شێوازی یەکدی بانگکردنانە تەنها ناوی پەتی و خۆڕا وبێ بایەخ نیین، بەڵکو دەربڕینێکی ڕاستەقینەی بیروڕا و تێڕوانینن لەمەڕ خزمایەتی ودوورایەتیدا یاخود ڕەنگدانەوەی یەکسانی یا بێسانین لە بەخوێن خزمایەتیدا ئەم بیرو ڕاو تێڕوانینانەش دەشێ بکرێنە تان وپۆی سیستمێکی تەواوی خزمایەتی وبۆیان هەیە ببنە ئاوێنەی سەدان پەیوەندی جۆراوجۆری خزمایەتی کەسێك. وێڕای ئەوەش، ئەم سیستمە نەك هەر بەبێ کەم وکوڕی لەکن تێکڕای هیندە سوورپێستە ئەمەریکییەکاندا (تاکو ئێستا و بەبێ لێ هەڵبواردن) کاری پێدەکرێ، بەڵکو بەبێ هیچ گۆڕانکارییێك لە نێو کۆنترین دانیشتوانی ناوچەی هیندییەکاندا(Indiens) باوە، هەروەها لەنێو هۆزە دراڤییەکان لەناوچەی (دیکان)دا ولەکن هۆزەکانی گاوورا لە هیندستاندا (Hindustan). جگە لەوەی کە دەستەواژەکانی خزمایەتی لەکن هۆزەکانی تامیل لە هیندستانی باشووردا لەگەڵ ئیروکواکانی هۆزی سینیکا لە شاری نیویۆرکدا ئێستاشی لەگەڵ دابێ سەبارەت بە پتر لە دوو سەد پەیوەندی جۆربەجۆری خزمایەتی چوون یەکن. پەیوەندییەکانی خزمایەتی کە لەم شێوەیەی ئێستای خێزانەوە چەکەرەی کردووە نەسازە لەگەڵ سیستمی خزمایەتیدا چ لەلای ئەم هۆزە هیندییانەدا و چ لەلای گشت هیندە سوورپێستەکانی ئەمەریکادا.

کەواتە ئەمە چۆن ڕوون دەبێتەوە؟ بەهۆی ئەو ڕۆڵە یەکالاکەرەوەیەی کە خزمایەتی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا، لەنێو تێکڕای گەلانی دڕندە وبەربەرەکاندا دەیگێڕێ، بۆمان نییە بەچەند ڕستەییێك بایەخی ئەم سیستمە فراوان وبەربڵاوە زیندە بەچاڵ بکەین. هەروەها سیستمێك کە باڵی بەسەر هەموو جێگاییێکی ئەمەریکادا کێشا بێت ولە ئاسیادا بە هەمان شێوە لە نێو ڕەگەزێکی تەواو جیاوازدا لەئارادابێ و بەشێوەیەکی کەم تا زۆر جیاوازتر لەهەموو جێگایەکی ئەفەریقا وئوسترالیادا هەبێت، سیستمێکی ئاوەها، هەر دەبێت شایەنی ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی بێ، نەك بەچەند وشەیەك وەکو، ماکلینان،(15) لەکۆڵ بکرێتەوە. ناوی باوك وکوڕ وبرا وخوشك، تەنها ناز ناونین بۆ ڕێزلێگرتن، بەڵکو ئەرکێکی ئالوگۆڕکراوی تەواو ودیاریکراوی ڕاست ودروستی لە دوو تۆ دایە کە بەگشتی بەشێك لە کرۆکی سیستمی کۆمەڵایەتی ئەم گەلانە پێکدەهێنن کە سەرئەنجام پەی بە ڕوونکردنەوەی برا. لە دوڕگەکانی ساندویچ لە (هاوای)دا تاکو نیوەی یەکەمی ئەم سەدەی نۆزدەهەمەش شێوە خێزانێك هەبوو، باوك ودایك براو خوشك وخاڵ وخوارزا وپوور و مام ومیمك خاڵۆزا و پوورزا ومیمکزای تێدا هەبوو، گوێن ئەوانەی کە سیستمی خزمایەتی وهیندییە کۆنە–ئەمەریکیەکان دەی چەسپاندن. بەڵام زۆر سەیرە! ئەو سیستمە خزمایەتییەی کە لە دوڕگەکانی هاواییشدا باوی هەبوو کت ومت هاوتا نەبوو لەگەڵ شێوەوفۆرمی ئەو خێزانانەدا. لەوێدا وەچەی هەموو خوشك وبراکان، بێ لێك هەڵاوێردن، خوشك وبرای یەکتربوون ومناڵە هاوبەشی نەك هەر دایك و پوورەکانیان یاخود باوك و مامەکانیان، بەڵکو بەبێ جیاوازی مناڵی سەرجەم خوشك وبرای دایك و باوکیان بوون، جا ئەگەر سیستمی خزمایەتی ئەمەریکی شێوە خێزانێکی سەرەتایی بسەپێنێ کە لە ئەمەریکادا نەماوە وهێشتا لەدووڕگەکانی هاوایدا لە ئارادایە، ئەوا

سیستمی خزمایەتی هاوایی ئەنگوست بۆ شێوە خێزانێکی لەخۆی کۆتر درێژ دەکا کە ئێستا لەڕاستیدا لە هیچ جێگایەکدا بەدی ناکرێ، بەڵام بەبێ هیچ گومانێك ڕۆژێ لە ڕۆژان **بێ چەند و چۆن** هەبووە چوونکە ئەم سیستمی خزمایەتییە کە پڕاوپڕێتی، پەیدا نەدەبوو.

مۆرگان دەڵێ :( خێزان توخمێکی چوست وچالاکە، هەرگیز ناوەستێ، بەڵکو لە فۆرمێکی نزمەوە بۆ بالاتر، هەر بەهەمان ئەندازەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ڕووەو قۆناغێکی بالاتر، هەنگاو دەنێ و پێش دەکەوێ. بەڵام سیستمی خزمایەتی، بەپێچەوانەوە، زۆر سستە ئەو پێشکەوتنەی کە خێزان بەدی دەهێنێ  پاش سەردەمێکی زۆر دوورو درێژ نەبێ تۆماری ناکات وهیچ گۆڕانێکی ڕادیکالی بەسەردا نایێت، تەنها لەوکاتەدا نەبێ کە خێزان بەشێوەیەکی ڕادیکالی گۆڕانی بەسەربێت(16)

(مارکس)یش دەخاتە سەری ودەڵێ: (کتومت هەمان شت بە بەسەر سیستمی ڕامیاری و یاسایی و ئایینی و فەلسەفیدا دەسەپێ) (17). کاتێ کە خێزان پەرە دەستێنێ، سیستمی خزمایەتی پەنگ دەخواتەوە و قەپێلغە دەکات، کاتێ کە خزمایەتی بەحوکمی نەریت دەمێنێتەوە، خێزان ئەو کەوشەن وسنوورە دەبەزێنێ. هەر وەکو چۆن کوڤیە(Cuvier) بەدڵنیایی لە ئاسکەلتی گیاندارێك، کە لە دەوروبەری پاریس دۆزییەوە، شێوەی ئاسکەڵتی گیاندارێکی توورەکەیی هەلهێنجا کە لەوێدا دەژیا وپاشانیش لەناو چوو. ئێمەش بەهەمان دڵنیایی لە سیستمی خزمایەتییەوە، کە بەدرێژایی مێژوو پێمان گەیشتووە، ئەوە هەڵدەهێنجین کە شێوە خێزانێك هەبووە و پڕ بەپێستی ئەو سیستمە بووە و ئێستاش لەناوچووە.

سیستمەکانی خزمایەتی وفۆڕمەکانی خێزان، کە لەوەپێش باسمان لێوەکردن، جیاوازن لەگەڵ ئەو سیستم وفۆڕمانەی کە ئەمڕۆ باون ولە ئارادان، بەوەی کە ئەوسا منالْ زیاتر لە چەند باوك ودایکێکی هەبووە. بەپێی سیستمی خزمایەتی ئەمەریکی کە تەبای فۆڕمی خێزانی هاواییە، نابێ براو خوشك ببنە دایك وباوك بۆ هەمان منداڵ. بەڵام بەپێچەوانەوە سیستمی خزمایەتی هاوایی خێزانێك دەسەپێنێ  کە ئەمەی وەك بنەمایەك تێدا سەقامگیربووە. جا ئێمە لێرەدا ڕوو بە ڕووی چەند شێوە خێزانێك دەبینەوە کە ڕاستەو خۆ نەسازن لەگەڵ ئەو شێوانەی کە بە گشتی تاکو ئێستا وەکو تەنها فۆڕم دەناسران. بۆچوونەکانی تا ئێستای لەمەڕ خێزان تەنها تاکە ژن ومێردایەتی دەناسن، لەتەکیدا فرە ژنیی **یەك** پیاوێك، سەرباریش لە کاتی پێویستدا زۆرمێردەی **یەك** ژنێك، بەڵام بۆچوونەکان لەبەرامبەر ئەمەیان بێدەنگ دەبن، هەر وەکو ئەوەی کە ڕەوشتی مەلایەکی بەدو ئاسۆ تەسکی پێ بەدناو بێ، بەڵام ژیانی ڕۆژانە لە پراکتیکدا هەموو ئەوڕێ وڕەسمانە بە پێدزیلکێ و بێشەرمانە پێشێل دەکا کە کۆمەڵگا بۆی کێشاوێتی. لێکۆڵینەوە لە مێژووی سەرەتایی ڕووناکیمان بۆ دەخاتە سەر باروزروفێك تێدا پیاوان لە دۆخی فرە ژنییدا دەگوزەران ولەهەمان کاتیشدا ژنەکانیان لە دۆخی فرە مێردییدا بوون، لە پای ئەمە ئەو منالانە بە هاوبەشی **هی هەمووان** بوون، ئەم دۆخانەش تا لە دۆخی تاکە ژن و مێردایەتیدا ئاوێتە بوون زنجیرە گۆڕانێکی تەواویان بەسەرداهات. گۆڕانکارییەکانیش بە جۆرێك بوون کە بازنەی هاوبەشێتی لە ژن ومێردا، لە پێشدا یەکجار بەریین وبەرفراوان بوو، بەرە بەرە چووکتر دەبۆوە تا لە ئەنجامدا ئەو تەنها جووتە ژن ومێردەی بە خۆوە گرت کە ئێستا زاڵە.

مۆرگان، کە دووبارە بەم ئاوایە مێژووی خێزانی بە بەرەواژی لە رستە دایەوە، بەڕێککەوتن لەگەڵ زۆربەی زۆری هەڤاڵەکانیدا، بەوە دەگا کە لەوەپێش دۆخێکی سەرەتایی وەها لە ئارادا بووە تێدا پەیوەندیەکی بەربەڕەڵای گەلە جووت بوونی ژن و پیاو لەنێو خودی یەك هۆزدا باوی هەبووە، بەجۆرێك کە هەر ژنێك هی هەموو پیاوان وهەر پیاوێکیش لەهەمان کاتدا هی هەموو ژنان بووە. لە سەدەی ڕابردووەوە قسەو باس لەم دۆخە سەرەتاییە دەکرێ، بەڵام ئەوانە تەنها بەڕستەو دەربڕین بەگشتی باسیان لێوەدەکرا، تەنها باخۆڤن نەبێ، ئەوەش

یەکێکە لە دەسکەنە هەرە مەزنەکانی، کە بەنیگایەکی ڕاستەقینە لەم کێشەیەی ڕووانی ولە دوو تۆی چیرۆکە مێژوویی وئایینیەکاندا (18) بە شوێن ئەم دۆخەدا عەودالّ بوو وچینەی دەکرد. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کە ئەو شوینەوارانەی چنگی کەوتن هەرگیز بۆ قۆناغێکی کۆمەلأیەتی نامانگێڕێتەوە کە تێدا پەیوەندیەکی بەر بەرەلأی جووتبوونی تێدا باو بووبێ، بەلّکو بۆ شێوەیەکمان دەبا کە ماوەیەکی زۆر دوور ودرێژ پاش ئەوە سەری هەلّداوە ئەویش گەلە ژن ومێردایەتییە. بەلأم ئەو قۆناغە کۆمەلأیەتییە سەرەتاییەی کە لێرەدا مەبەستمانە، ئەگەر لەڕاستیدا هەبووبێ، دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمێك مەحالّە بتوانین شوینەوارێکی لە پاشەڕۆ کۆمەلأیەتیە گۆڕکراوەکاندا ولە نێو دڕندە دواکەوتووەکاندا بدۆزینەوە وبیانکەین بە بەلّگەی **ڕاستەوخۆ** بۆ ئەوەی بوونی بسەلمێنین. جا بەخشندەیی باخۆفن لەوەدایە کە ئەم کێشەیەی خستە ڕیزی یەکەمی تۆژینەوەکانەوە(4پ).

لەم دواییانەدا، نکوولّی کردن لەم قۆناغە سەرەتاییەی دۆخی گەلە جووت بوونی مرۆڤ بوو بە مۆدەیەکی تازە، بەمەبەستی ئەوەی کە مرۆڤایەتی لەو "نەنگی"یە دوورخرێتەوە، بۆ گەیشتن بەم مەرامەش، نەك تەنها پەنایان دەبردە بەر نەبوونی بەلّگەی ڕاستەوخۆ کە بوونی ئەم قۆناغە بسەلمێنی، بەلّکو هاناشیان بۆجیهانی گیاندارانی دیکەش دەبرد کە ئەو دۆخیان تێدانییە، لەم بوارەدا لیتورنو لە کتێبی (پەرەسەندنی ژن ومێردایەتی وخێزان)دا سالّی 1888(19) چەندین ڕووداوی کۆکردۆتەوە ئەوە نیشان دەدەن کە پەیوەندی بەربەرەلأیی جووت بوون

لە جیهانی گیاندارانیشدا بە پلەکانی نزمی پەرەسەندنەوە گرێدراوە. بەلأم ئەوەی کە من لەم ڕووداوانەدا هەلّی دەهێنجم ئەوەیە کە هەرگیز هیچ شتێك لەبارەی مرۆڤ وباری سەرەتاییی ژیانێوە ناسەلمێنن. بەلأم ژیانی بەجووتە لەلای بڕبڕەدارەکاندا بۆ ماوەییێکی دوورودرێژ هۆکاری فیسیولۆژیی ڕوونی دەکاتەوە، بۆ نموونە لەلای باڵندەکاندا، بەهۆی پێداویستی مێینەیە بە داکۆکی کردن لە کاتی کڕکەوتن و هێلکە هەلّهێناندا، بەلأم بەلّگە هێنانەوە لەسەر دلّسۆزی نێرومێی باڵندە هیچ شتێك لە بارەی مرۆڤەوە ناسەلمێنێ، چونکە مرۆڤ لە باڵندەوە پەیدا نەبووە. جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە تاکە ژن ومێردایەتی ترۆپکی ڕەوشت بەرزی بێت، ئەوا کرمە شریتییەکان لەم بوارەدا پێشەنگی هەموانن، چونکە هەر گرێیەك لە (50) تا (200) گرێ لە گرێکانی، کۆ ئەندامێکی بێ کەم وکوڕی زاوزێی مێینە ونێرینەی تێیدایە وهەموو ژیانی بەخۆبەخۆ کەلّدان بەسەر دەبا. بەلأم ئەگەر تەنها لە چوارچێوەی گیانداره شیردەرەکاندا بخولێینەوە ئەوا هەموو شێوە جووتبونێك بەدی دەکەین: پەیوەندی بێ لەمپەرو ناڕێکوپێکی جووت بوون بەدی دەکەین، وەکو گەلە ژن ومێردایەتی، فرە ژنیی، تاکە ژن ومێردایەتی، فرە مێردیی ژن نەبێ چونکە ئەم شێوە جووت بوونە تەنها مرۆڤ پێی گەیشتووە جا نزیکە خزمەکانمان لە چوارپەلەکاندا هەموو شێوە کۆوەبوونێکی نێرومێیان تیا بەدی دەکرێ، بەلأم ئەگەر لەکلأورۆژنەیەکی بەرتەسکتر بڕوانین و تەنها ئەو چوار جۆرە مەیموونە ڕەچاو بکەین کە لە مرۆڤ دەچن، ئەوەندەی کە ( لیتۆرنۆ ) لەم بارەیەوە پێمان ڕادەگەیێنێ ئەوەیە کە جاری وا هەیە تاکە ژن ومێردایەتییان تێدایە وکەڕەتی واش هەیە فرە ژنیی، بەلأم سۆسۆر بە پاڵپشتی جیروتولون جەختی ئەوە دەکا کە تەنها تاکە ژن ومێردایەتییان تێدا باوە. پاشان سەرلەنوێ جەخت کردنەوەکانی وێستەر مارك لە

( مێژووی ژن ومێردایەتی مرۆڤ )دا لەندەن، 1891 (20) کە لە بارەی تاکە ژن ومێردایەتی (21) لەکن مەیموونە لە مرۆڤ چووەکاندا قسە دەکا، بەلأم ئەمەش زۆر لە قەرەی سەلماندنەوە دوورە. بەکورتی، هەرچ قسەو باسێك هەن بە جۆرێکن کە پالّ بە سەرڕاستی وەك لیتورنۆوە بنێ بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات و بلّێ:

لەگەلّ ئەوەشدا، لەنێو گیاندارە شیردەرەکاندا، هەرگیز پەیوەندیەکی بتەو لە نێوان پلەی پەرەسەندنی مێشك وشێوەکانی پەیوەندی جووت بووندا لەئارادا نییە (22)

هەروەها ئایزپیناس لە کتێبەکەیدا (لە نێو کۆمەڵگای گیانداران)دا 1877 بەڕاشکاوی دەڵێ:

" مێگەل باڵاترین گروپی کۆمەڵایەتییە کە لە نێو گیانداراندا بەدی دەکرێن، **وەك دیارە**، کە لە چەندین خێزان پێکهاتبێت، بەڵام هەر لەسەرەتاوە **خێزان ومێگەل لێکدژن** وبە ئاوەژووی یەکدی هەڵسوکەوت دەکەن وپەرە دەستێنن "(23)

وەك لەمەوبەر ئەنگوستمان بۆکێشا، ئێمە کەم ئەگەرزۆر، پەی بە خێزان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی مەیموونە لە مرۆڤ چووەکان نابەین چونکە هەموو زانیارییەکان لەم بارەیەوە ڕاستەوخۆ یەکدی ڕەت دەکەنەوە. ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە لە بارەی هۆزە دڕندەکانی مرۆڤایەتییەوە گوتراون ولەبەردەستمانن خوازیاری تاقیکردنەوەی قورس و تێڕامانن، کنەکردن لە کۆمەڵەی مەیموونیش زۆر لەوە بەگرێ وگۆڵترە، بۆیە دەبێت هەموو بۆ دەرکەوتنێکی ئاڵۆزو گومان هەڵگر ڕەت بکرێتەوە ئەگەر بەڵگەی ڕوونترو فراوانترمان لە سەری وەچنگ نەهات.

بەڵام بیرۆکەی ئایزپیناس کە لەوە پێش باسمانکرد، بە پێچەوانەوە، کۆڵەکەیێکی پتەوترمان بەدەستەوە دەدات. گەلە وخێزان لەلای گیانداره باڵاکاندا تەواوکەری یەکدی نیین و لێکدژن، ئایزپیناس زۆر بەجوانی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئێرەیی نێرینە لە کاتی هاڵچووندا یەکانگیری مێگەل لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ یاخود بۆ ماوەێیك لە ناوی دەبا

(کاتێ کە پەیوەندی خێزان بتەو بێ، مەگەر هەل ومەرجێکی یەگجار نائاسایی برەخسێ ئەگەر نا مێگەل پێك نایەت، بەڵام بەپێچەوانەوە، مێگەل خۆ بەخۆ دروست دەبێت کاتێ کە گەلە جووت بوون یا فرە مێردی بەرپا بێ، بۆ ئەوەی مێگەل دروست بێ، دەبێت پەیوەستەکانی خێزان بنەسابێ وتاکیش ئازادی خۆی وەگیر بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە زۆر بەدەگمەن دەتوانیین ڕەوە باڵندەێیك بە ڕێکخراوی بەدی بکەین، لەنێو شیردەرەکاندا بەپێچەوانەوە، بەهۆی ئاوێتە نەبوونی تاك لە خێزاندا تا ڕادەێیك کۆمەڵەی ڕیکخراوبوو بەدی دەکەین کەواتە، هەستی هەرەوەزی لە مێگەلدا لە کاتی دروست بووندا دوژمنێکی گەورە تری بەرەنگار دەبێتەوە وەك لە هەستی هەرەوەزی لە دروست بوونی خێزاندا جا بە ڕاشکاوی دەڵێین: ئەگەر شێوەیەکی کۆمەڵایەتی باڵاتر لە خێزان گووڕابێ وپەرەی ئەستاندبێ، ئەوە تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ئەو شێوەیە هەموو ئەو خێزانانەی لە خۆیدا تواندۆتەوە کە گۆڕانی ریشەییان بەسەردا هاتووە، ئەوەش لەبیر نەکەین کە لەوانەیە کت ومت هەر ئەوەش ڕێگای لە بەردەم ئەو خێزانانە خۆش کردووە کە سەر لە نوێ ولە بارورزروفێکی لە ڕادە بەدەر لە بارتر گووڕابن) ( ئایزبیناس، سەرچاوەی ناو براو، پەرگرافێکە جیروتولون لە کتێبەکەیدا ( بنەچەی ژن ومێردایەتی وخێزان ) ئاماژەی بۆ کردووە، ساڵی 1884، ل ل 518 - 520 )

لێرەدا ئەوە دەبینین کە کۆمەڵگایگیانداران سەرەڕای ئەوەش بەهایەکی هەیە بۆ بۆدەرکەوتنەکانمان لەمەڕ کۆمەڵگای مرۆڤایەتێوە –بەڵام ئەم بەهایە تەنها نێگەتیڤانەیە. چونکە بەوەندی کە دەزانین لەلای بڕبڕە دارەکاندا تەنها دوو شێوەی خێزان بەدی دەکرێ: فرە ژنیی یا بە جووتە لە هەردوو شێوەکەشدا دەبێت تەنها **یەك** مێری باڵق هەبێت واتە **یەك** ژن ومێرایەتی ڕێگای پێدەدرێ. ئێرەیی نێرینە، کە یەکانگیری خێزانی گیانەوەران شەتەك دەدا ولە هەمان کاتیش دا سنوورکێشی دەکا، وەها لە خێزان دەکا کە لەگەڵ مێگەلدا نەساز بێ. لە کاتێکدا ئەگەر مێگەل باڵاترین شێوەی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی ئەو ئێرەییە لەناو دەچێ یاخود لەکاتی زاوزێدا لەبەر یەك هەڵدەوەشێ یا لە چاکترین بارو دۆخدا بە هۆی ئەو ئێرەییە لە پەرەسەندن دەکەوێ. تەنها ئەم بەڵگەیەش بەش دەکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خێزانی گیانداران وکۆمەڵگای سەرەتاییی مرۆڤ چوون یەك وهاوتا نین، مرۆڤە سەرەتاییەکان کە بەهۆی کارکردنەوە لە دۆخی گیانداران دەرچوون، یا ئەوەتا هەرگیز بە هیچ جۆرە خێزانێك ئاشنا نەبوون، یائەوەتا، بە خێزانێك ئاشنا ببوون کە لە نێو گیانداران دا نییە. مرۆڤ کە لە رچە

ڕێگای دروست بوونیدا له گیانەوەرێکی دەستەوەستانی بیٚ چەك لـه توانایـان دا بـوو بـه ژمارەییێکی کەمیشـەوە تەنانـەت بـه تـەریکیش دەربازبیٚ، لەکاتێکدا که باڵاترین فۆرمی کۆمەڵایـەتی گوزەرانکردنی بەجووتـه بـووە، ئـەو فۆرمەی کە وێستەر مارك به پاڵپشتی گیرانەوەی ڕاوکەرەکان وپاڵ دوو جۆرە مـەیموونی گۆرێللا وشـەمبانزی دا دابوو. بـەڵام لـه پێنـاو دەرباز بـوون و وە دواوەنـانی دۆخـی گیانەوەرانـەی ولـه پێنـاو وەدەسـت هێنـانی مـەزنترین پێشـکەوتن کـه سروشـت ئاشـنای بـووبیٚ، دەبوایـه هۆیـەکی دیکـه بێتـه ئاراوە: دەبوایـه هێـزی یـەکگرتن وکـاری هـەرەوەزی مێگـەل جێگـای بـیٚ توانـایی خۆپارسـتنی تاکـه کەسـی بگرێتـەوە. لەڕوانگـەی هەڵسـوکەوتی ژیـانی ئەمڕۆی ئەو مەیمونانەی کە لەمرۆڤ دەچن ئەستەمه بتوانین گوێزانەوەی ئەوسای بـەرەو دۆخـی مرۆڤایـەتی ڕوون بکەینـەوە. چـونکە ئـەم مەیموونانـە زیـاتر وا دەردەخـەن کـە بـەلارێگادا چـووبن وپلەبەپلـە بەهـەرجۆرێك بێـت لەناوچوونە. تـەنها ئـەم هۆیـەش بـەش دەکـا بـۆ ڕەتکردنـەوەی هـەموو بـەراوردێك کـە لەسـەر هاوتـایی شـێوەی خێزانی ئەو مەیموونانە وهی مرۆڤی سەرەتاییی بنیات نرابیٚ. چونکه لەیەکتر بووردنی نێرینه باڵقەکان ونـەمانی ئێرەیـی تاکـه مـەرج بـوون بـۆ نەشـونمابوونی کۆمەڵـەی بـەرینترو تەمـەن درێـژتر، کـه هـەرگیز ئەگـەر لـه دوو تۆیـدا نەبوایـه گیانـدار نـەدەگۆڕا بـۆ مـرۆڤ. ئـاخۆ ئێمـه لەڕاسـتیدا دەبێـت تـەماڵی کـام شـێوەی دێـریین وکـۆنی خێـزان هەڵبگرین، سەبارەت بەوەی کە شێوەیەکە لە مێژوودا بەڵگەی بنەبڕکەر لەسەر بوونی بهێنینـەوەو بتـوانین ئێسـتا لێرەو لەویٚ بکۆڵینەوە؟ شێوەی گەلە ژن ومێردایەتی، شێوە ژن ومێردایـەتییێك کە تێیـدا کۆمەڵـه پیاوێك وکۆمەڵـه ژنێك بە شێوەیێکی ئاڵو گۆرکیٚ هی یەکتر بوون، شێوەیێك کـه بوارێکی یـەکجار تەسکی بۆ ئێرەیـی هێشـتبووە. پاشـان، لـه پلەیـەکی داهـاتووی پەرەسـەندندا، شێوەی زۆر مێـری، نـا ئاسـاییی، بـەدی دەکـەین کـه سـەری هـەموو جۆره هەست به ئێرەییی کردنێك بەبـەردا دەدات، ئـەو شێوەیەش لـه نێـو گیانـداراندا نییـه. بـەڵام شێوەکانی ژن ومێردایەتی به کۆمەڵ که ئێمه دەیانزانین بەندن بەهەلومەرجێکی ئاڵۆزو بڵۆزی تێك ئاڵۆسکاو بـەرادەیێك پـەردە هەڵدەماڵن لەسـەر شـێوەیێکی کۆنترو دێـرینتر وسـادەتری پەیوەنـدی جـووت بـوون، هـەروەها لـه دواجـاردا بـەرەو قۆناغێکی بەربـەڕەڵلای جووت بوونمان دەبا کـه پڕ بـه باڵای ڕاگوێزتنـه لـه دۆخـی گیانـەوەرەوە بـۆ دۆخـی مـرۆڤ، لەبەر ئەوە پەنا بردنە بەر شێوەکانی جووت بوون لەنێو گیانداراندا دەمانگێڕێتەوە هەمان ئەو خاڵەی که دەبوایـه بۆ یەکجاری وهەمیشە لێی دووری بخستینایەوە کەواتە دەستەواژەی: پەیوەندییه بەربەرەڵاکانی جـووت بـوون چ دەگەیێنیٚ؟ ئەوە دەگەیێنیٚ کـه ئـەو بەنـدوداوەی ئێسـتا یـا زووتـر بـاوی هەیـه و کـاریپێدەکریٚ لـەو کاتـەدا لـه ئـارادا نەبووە. پسان ونەمانی ئەو کۆت وبەندەمان بینی کە ئێرەیی دەیسەپاند. شتێکی نەگۆڕە کە ئێرەییی هەستێکە لـه سـەردەمێکی بەپێوەنـد دوواتـر گـووراوە و پـەرەی ئەسـتاندووە. هـەمان شـت دەگـوتریٚ سـەبارەت بـه چـەمکی مەحرەم شکاندن(5پ)، چونکە لە قۆناغی سەرەتاییدا تەنها خوشك و برا ژنی ومێـردی یـەکتر نـەبوون بـەڵکو بـاوك وکچیش هـەر وەکـو لـه نێـو زۆربـەی گـەلانی ئێسـتاشـدا بـاوە. بانکرۆفـت لـه کتێبەکەیـدا {( ڕەگـه بنەچـەیەکانی کەناری ئۆقیانووسی پاسفیك لـه باکووری وڵاتـه یـەکگرتووەکان)دا 1875، بـەرگی یەکـەم}(24) گـەواهی لەسـەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە هێناوە کە لە نێو (کاڤیاك)ەکانی دەربەندی بیرنگ وله نێو دانیشتوانی دوڕگەی کادیال له نزیك ئالاسکاو لـەلای تینـەکانی بەشـی نـاوەوەی باکووری ئەمـەریکای بـەریتانیدا بـەدی دەکرێن، لیتورنـوو–ش کورتەیێکمان لە چەشن ئەم ڕووداوانە لەکن هیندە سوورپێستە شیبیوییەکان ولـەکن کوکوس بۆ بـاس دەکـا، لـه شیللیدا ولەلای کارابیب وکارین لە نیمچە دوڕگەی هیندستانی چینیدا. ئەمە جگە لە چیرۆکە کۆنەکانی گریك وڕۆمان کە لە بارەی پارتەرو فارس وسەقیتی وهوونەکاندان.. وهتدکه ددانیان پێدا نەدەنان. پـێش دۆزینـەوەی مـەحرەم شکێنی ( جا لەڕاستیدا دۆزینەوەیەکی یەکجار بـەرز و پڕ بەهایـه )، پەیوەنـدی جـووت بـوون لـه نێـوان بـاب وەچـەدا هـیچ گرفتێکی نەدەخوڵقانـد بەئەنـدازەی ئـەوەی کـه لـەنێوان دووکـەس ڕووی دەدا کـه لـه دوو نـەوی

جیاواز بەبەرهاتبوون" لە ڕاستیدا ئێستاش ئەمە لە زۆربەی وڵاتە ناچیزە وچەپەڵەکاندا ڕوو دەدا بەبێ ئەوەی قێزی هیچ کەسێك بکاتەوە" چونکە تەنانەت ئەو قەیرە ژنانەی کە شەستساڵیان هەڵبواردووە، جاری وا هەیە گەر دەوڵەمەندبن، شوو بە گەنجێکی سی ساڵە دەکەن. بەڵام ئەگەر چەمکی مەحرەم شکێنیمان لەو شێوە کۆنانەی خێزان، کە ئێمە دەیانزانین دەرهێنا ، . ئەو چەمکەی کە بەتەواوی ناتەباو نەسازە لەگەڵ چەمکەکانی ئێستای ئێمەدا . ئەوە پەردە لە سەر جۆرە پەیوەندییێکی جووتبون هەڵدەماڵین کە تەنها شپرێوی پێ دەگوترێ. شپرێوە، چونکە ئەو کۆت وبەندەی کە دوا جار داب ونەریت بەسەریدا سەپاند هێشتا لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەێنێ کە ئەو شەپرێوی وناریکی‌یەی جووتبونە هەموو ڕۆژێك هەر دەبوایە ڕوو بدات، چونکە بەجووتە ئاوگەلە بوون و تەریکبوونی ژن وپیاوێك بۆ کورتە ماوەیێك هەر رووی دەدا تەنانەت لە سایەی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی‌دا ئەم شێوە جووتبوونە، کە سەرپێچی بوو لە یاسای ئەوسەردەمە، دواجار وای لێ هات کە زۆرجار دووبارەبێتەوە جا ئەگەر وێستەر مارك، کە بەتازەترین تۆژەر دادەنرێ ونکوڵی لە بوونی ئەم دۆخە سەرەتاییە دەکا، ئەوا ئەو بە چاوی ئێستای پەیوەندییەکانی ژن ومێردایەتێوە دەڕوانێتە هەموو بارێك کە تێدا هەردوو ڕەگەزەکە ( پیاو وژن ) تا ئەو کاتەی وەچەیان لێ دەکەوێتەوە دەبێت بە یەکەوە گوزەران بکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێ کە ئەم جۆرە جووتبوونانە بۆیان هەبوو لە سایەی ئەو پەیوەندییە شەپرێو وبەربەڕەڵایانەدا ڕوو بدەن، بەبێ ئەوەی هەرگیز نەسازییێك پێك بهێنن لەگەڵ ئەو دۆخە شەپرێوەدا، واتە دۆخی نەبوونی هیچ لەو کۆت وبەندانەی کە داب ونەریت بەسەر پەیوەندییەکانی جووتبووندا دەیانسەپێنێ. لە ڕاستیدا وێستەر مارك لە دەراوی ئەو بۆچونەوە دەڕوانێ کە دەڵێ :

پەیوەندی جووتبوونی بەربەرەڵڵا ئارەزووی تاکە کەس دەخنکێنێ، هەر بۆیە خۆی بە دەقاودەقی لە فۆرمی لەش فرۆشیدا (سۆزانی) دەبینێتەوە( 25 ).

من پێم وایە کە، مەحاڵە بتوانین لە باروزروفی سەرەتاییی بگەین ئەگەر تەنها بەچاوی جننەخانانەوە تێوەی بڕوانیین.

لەداهاتوودا لەکاتی لێکۆڵینەوەی بەگەلە ژن ومێردایەتی دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسەمان.

بە بۆچوونی مۆرگان، ئەم دۆخە سەرەتاییەی پەیوەندییە شەپرێوەکانی جووت بوون لە سەردەمێکی یەکجار زوودا دا بەرپا بووە

1. **خێزانی خزمە خوێن**: بریتیە لە یەکەمین قۆناغی خێزان. لێرەدا کۆمەڵەی ژنان ومێردەکانیان بەپێی نەوە دابەش دەبن: هەموو باپیرە و داپیرەکان لەکەوشەنی خێزانەکەدا ژن ومێردی یەکترن، هەروەها مناڵەکانیشیان، واتە باوك ودایکەکان، بەهەمان شێوەش وەچەی ئەوانی دوایینە ئەڵقەی سێیەمی ژنان ومێردەکانیان پێك دەهێنن ومناڵەکانیشیان واتە نەوەی پێشینەکان ئەڵقەی چوارەم پێك دەهێنن ...هتد . لەم شێوە خێزانەدا کار بەهەموو ئەرك ومافەکانی ژن ومێردایەتی لە نێوانیاندا ( ئەگەر بە چاوی ئێستامان تێوەی بڕوانین ) دەکرێ، پێشینەکان ووەچەکانیان واتە باوك ومناڵەکانیانی لێ بترازێ. بەڵام براو خوشکانی پلەی یەکەم ودووەم وسێیەم وپاش ئەوان، بەگشتی خوشك وبرای یەکدین، جا **تەنها هەر لەبەر ئەم هۆیەش** ژن ومێردی یەکترن. لەم قۆناغەی خێزاندا پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان براو خوشك وەکو شتێکی بەڵگە نەویست بریتی‌یە لە پەیوەندی جووتبوونیان (پ6)بەم پیێە شێوەی نموونەیی ئەم خێزانە بریتی‌یە لە تۆرەمەی جووتێك

( پیاوێك وژنێك ) کە تێدا هەمووان لەهەر نەوەیێکی داهاتوودا خوشك و برای یەکدین، واتە ژن و مێردن. ئەم خێزانی بەخوێن خزمە لەناو چووە. تەنانەت لە نێو دڕندە ترین گەلاندا کە مێژوو باسی کردوون مەحاڵە تەنها نموونەیەکی ئەم شێوەیە بەدی بکەین وخۆمانی پێ هەڵپەسێرین. بەڵام ئەم شێوە خێزانە هەر

**دەبێت** هەبووبیّ، ئەمەش سیستمی خزمایەتی هاواییی، بۆمانی جەخت دەکا، ئەو سستەمەی کە تاکو ئێستاش لە تێکڕای بولینیزیا کاری پیّ دەکریّ و پلەی ئەوتۆی بە خوێن خزمایەتی دەردەخا کە دەبێت تەنها لە زەمینەی ئەم شێوەیەی خێزانەوە هەڵقوڵابیّ، هەروەها پەرەسەندنی ئاینەدەی خێزان پاڵمان پێوەدەنیّ کە ددان بە بوونی ئەم شێوەیەدا بنێین، کە وەکو پلەیێکی سەرەتاییی هەر دەبێت هەبووبیّ.

**خێزانی پۆنالوانی**:. ئەگەر یەکەمین هەنگاوی بەرەو پێشەوە چوونی یەکخستنی خێزان بریتی بیّ لە قەدەغە کردنی پەیوەندی جووتبوون لە نێوان وەچەو باواندا، ئەوە هەنگاوی دووەم بریتی یە لە قەدەغە کردنی پەیوەندی جووتبوون لە نێوان خوشك وبرادا. ئەم هەنگاوە لە پای هاوتەمەنی نێوان هەردوو لایەنەکەدا بەڕادەییێکی لە ئەندازە بەدەر لە هەنگاوی یەکەم گرینگ تر بوو، بەڵکو زۆر بەگرێی وگۆڵتر بوو. ئەمەش بەجارێك نەهاتە دی، بەڵکو پلە بە پلە هاتە دی، بەپێی هەموو بۆچوونێك سەرەتا بە قەدەغەکردنی پەیوەندی جووتبوونی نێوان براو خوشکی یەك بەرە (واتە تەنها بەرێگای دایکەوە)(7پ) ئەم قەدەغە کردنە بەتاك وتەرایی دەستی پیّ کرد وپاشان بنجی داکوتاو بوو بە بنەمایەییێك (لە دوڕگەکانی هاوای‌دا، تاکو ئەم سەدەیەش هێشتا لەم بنەمایە هەر لادەدرا) ئەم هەنگاوە بە قەدەغەکردنی ژن ومێردایەتی لە نێوان هێڵە لابەلاکانی خزمایەتی، واتە بەپێی دەستەواژەکانی ئێستامان، نێوان ئامۆزا وئامۆزازا ومیمکزا ومیمکزازا وخاڵۆزاو پورزای پلەکانی یەکەم ودووەم وسیّهەمدا، ئەم پێشکەوتنەش بەڕای مۆرگان:

« نموونەییێکی هێلکاری یەکجار بیّ هاوتایە کە بنەمای پاڵاوتنی سروشتی (الاصطفاء الطبیعی) کاری پێدەکا » (30)

.

بێگومان ئەو هۆزانەی کە مەحرەم شکێنییان تێدا سنوور کێشکرابوو بەلەزتر وچاکتر پەرەیان دەسەند وەك لەو هۆزانەی کە ژن ومێردایەتی خوشك وبرا وەکو بنەماییێك لە ناویاندا هەر مایەوە. کارلێکە بەهێزەکەی ئەم هەنگاوە، ئەو دامەزراوە دەیسەلمێنیّ کە ڕاستە وخۆ لێوەی هەڵقوڵاوە وزێدە ڕۆییی لە مەبەستی سەرەتاییی دروست بوونی کردووە، ئەویش بریتی‌یە لە دامەزراوی **خێل**، دامەزراوێك کە بناغەو وهێمی سیستمی کۆمەڵایەتی زۆربەی (ئەگەر هەمووی نەبیّ) گەلە بەربەریستەکانی سەر زەوی پێك دەهێنیّ، ئەو دامەزراوەی کە ڕاستەوخۆ لە گریك وڕۆما دەبێتە بەردەبازێك و بەرەو چاخی ژیاریی ڕامان دەگوێزیّ خێلّ

هەر خێزانێکی سەرەتاییی لانی‌کەم پاش چەند نەوەییێك دەبوایە دابەش بێت . ئابوری کۆمۆنیستی سەرەتاییی هاوبەشی ناومالّ، کە بیّ هیچ بەرهەڵستێك تاکو پێش گەشە سەندنی پلەی ناوەنجی بەربەریزم هەر زالّ بوو، سەرپەڕی ژمارەی خێزانەکامی کۆمۆنەکە بەپێی ناوچە و باروزروف دیاری دەکا و سنورکێشی دەکا. هەر لەو کاتەوەی کە قەدەغە کردنی پەیوەندی جووتبوونی نێوان وەچەکانی یەك دایکێك سەری هەڵدا تا وای لێهات بەجۆرەی پێویست ڕۆڵی خۆی بەسەر دابەش بوونی کۆمۆنە سەرەتاییەکانی ماڵدا گێڕا، هەروەها بەسەر دامەزراندنی کۆمۆنە تازەکانیشدا (کە هەرگیز نەدەبوو بەپێویست لەگەلّ پێکهاتەی ئەو گروپە خێزانە نەدەگونجا). کۆمەڵێك یا چەند کۆمەڵە خوشکێك کاکڵە کۆمۆنەییێکیان پێك دەهێنا براکانیان کاکڵە کۆمۆنێکی دیکەیان پێك دەهێنا. بەم جۆرە یا بە مانەندی ئەمە، لە خێزانی خزمە خوێنەوە شێوە خێزانێك پەیدا بوو مۆرگان شێوەی پونالوانی ناو ناوە. بە پێی نەریتی هاواییی، ژمارە خوشکێکی دیاری کراو کە لە دایکەوە خوشك بوون یا لە پەیوەندییێکی دوورتری خزمایەتیدا بوون (پوورزا وخاڵۆزا وئامۆزا ومیمك زای پلەی یەکەم ودووەم ...هتد) دەبوونە هاوبەشە ژنی مێردەکانیان، بەلاّم براکانیانی لیّ بترازیّ ئەم مێردانەش یەکدی بەبرا ناو نابەن، تەنانەت پێویست بەوە ناکات بن بە برا، بەڵکو دەبن بە (پونالوا) (Punalua)، وشەی پونالوا، کە ئەمڕۆ بەواتای هەڤالّ یا ئەگەر بشیّ (Associé) واتە (هاوبەش) دەگەێنیّ. هەر بە هەمان شێوەش، چەند دایك

برایێك، یا لە پەیوەندییێكی دوورتری خزمایەتی‌دا ، **جگە** لە خوشكەكانیان، لە چەند ژنێكدا بەشدار دەبوون، ئەم ژنانەش بە یەكدیان دەگوت پونالوا. ئا ئەمە بوو شێوەی كلاسیكی پێكهاتنی خێزان، كە پاشان چەندین شێوەی تری لێ بۆوە كە شەقڵی سەرەكییان بریتی بوو لە هاوبەشی هەموو پیاوان و ژنان لەیەكدیدا لە نێو بازنە خێزانێكی دیاریكراودا، بەڵام ئەم بازنەیە، لە سەرەتادا برای ژنەكان و هەروەها خوشكی پیاوەكانیان پاشان پلە دوورەكانی خزمایەتی، لێ بەدەرنرا.

ئەم شێوە خێزانە زۆر بە ووردی پلەكانی سیستەمی خزمایەتی ئەمەریكی مان بۆ ڕوون دەكاتەوە. خوشكەزاكانی دایكم (8پ) هێشتا منالی دایكمن ، هەر وەكو چۆن برازاكانی باوكم هێشتا منالی باوكمن، هەمووانیش براو خوشكی منن. بەڵام برازاكانی دایكم (خاڵۆزاكانم) ئێستا بوونە بە كوڕوكچی برای دایكم وخوشكەزاكانی باوكم (میمكزاكانم) بوونە كوڕو كچی خوشكی باوكم(8پ) هەمووانیش خوشك وبرای پلەی دووەمی منن واتە خاڵۆزا و میمكزا من. لەكاتێكدا مێردی خوشكەكانی دایكم هێشتا مێردی دایكمن، بەهەمان شێوەش براژنەكانی باوكم هێشتا ژنی باوكمن ـ بەپێودانگی یاسا، ئەگەر هەمیشە بەكردەوەش ڕووی نەدابی ـ نەفرەت كردنی كۆمەڵگا لە پەیوەندییەكانی جووتبوون لە نێوان براو خوشكدا بوو بەهۆی دابەش بوونی وەچەی براو هی خوشك بەسەر دوو قۆڵدا ، كە لەوەپێش بەبێ هیچ جیاوازییێك بە براو خوشكی یەكتر دادەنران: **قۆڵێكیان** هەر وەكو پێشان بە خوشك وبرای (زڕ) دەمێننەوە **قۆڵەكەی دیكە**، واتە وەچەی براكان لەلاییێك و وەچەی خوشكەكان لە لایەكەی تر ، **بۆیان نەبوو** بە خوشك وبرا بمێننەوە، بۆیان نەدەلوا باوك یا دایك یا **هەردووكیانیان** بەهاوبەشی هەبێت. لەبەرئەوە لێرەدا و بۆ یەكەمین جار حەوجەی پەیوەندییەكانی وەك ئامۆزا، خاڵۆزا، میمكزا وپوورزا بەپێویست سەری هەڵدا، پەیوەندییەك كە لە سایەی سیستەمی پێشووی خێزاندا هیچ واتایەكی نەبوو. سیستەمی خزمایەتی ئەمەریكی كە خۆی لە هیچ شێوە خێزانێكی تاكە ژن ومێردایەتیدا نابینێتەوە، تەنانەت بەعەقڵیشدا ناچێ، لەڕوانگە و كلاوڕۆژنەی خێزانی پونالوانیەوە هەموو كون وكەلەبەرێكیشی زۆر بە چاكی وبەبێگەردی ڕوون دەبێتەوە. جا بەو ئەندازەیەی كە ئەم سیستەمەی خزمایەتی‌یە لق وپۆپی هاویشت، دەبوایە، هەر بەلانی كەم، شێوەی خێزانی پونالوانی یا شێوەییێكی مانەندی خێزان لە گۆڕێ دابێ وبلاوبێتەوە.

ئەم شێوەیەی خێزان كە لە هاوای‌دا بوونی كتومت سەلمێندرا، لەوانە بوو بتوانین لە سەرپاكی پۆلینیزیاشدا بوونی بسەلمێنین ئەگەر ئەولیا و پەیامبەرەكانی وەكو قەشە ئیسپانییەكان كە لە ئەمەریكادا بە پیاوچاكان ناویان دەبەن، بە چاوێكی دوور لە (سووكایەتی)(9پ) لەم پەیوەندییانە بڕوانن بەوەی كە دژ بە ڕەوشتی ئاینی مەسیحیە. كاتێ كە قەیساڵ لە باسی بریتانییەكاندا، ئەوانەی كە لەو كاتەدا لە سەردەمی قۆناغی ناوەنجی بەربەریزمدا بوون، دەڵێ ﴿هەر دە یا دوازدە پیاو ژنی هاوبەشیان هەبوو، جگە لەوەی كە لەنێو براكاندا، یا باوك وكوڕەكاندا ئەو ژنانە هاوبەش بوون﴾(33)، لەبارترین ڕوونكردنەوە بۆ ئەم دۆخە لە دووتۆی ژن ومێردایەتی بە كۆمەڵدا پەیی پێ دەبردرێ. چونكە لە قۆناغی بەربەریزمدا نەدەلوا هەر دایكێك دە یا دوازدە كوڕی هەبن ولە تەمەنێكدا بن وبتوانن ژنی هاوبەش بهێنن، بەڵام سیستەمی خزمایەتی ئەمەریكی كە بارتەقای خێزانی پونالوانی‌یە بوونی ژمارە برایەكی زۆر دەسەپێنێ چونكە هەموو ئامۆزاو خاڵۆزای دوورو نزیك دەبنە برای یەك پیاو. بەڵام لە بارەی (دایك و باوك وەچەكانیان) لەوانەیە قەیسەر بە هەڵەدا چووبێ. ڕاستە هەرگیز دوور نییە لە دوو تۆی ئەم سیستەمەدا باوك وكوڕ یا دایك وكچ لە هەمان گرووپی ژن ومێردایەتی بووبن، بەڵام باوك وكچ یاخود دایك وكوڕ هەرگیز لەم گرووپانە بەدەربوون. بەم فۆرمەی گرووپی ژن و مێردایەتیە یان فۆرمێكی مانەند بە ساناترین شێوە چیرۆكەكانی هیرودوت یا نووسەرە كۆنەكانی دیكەمان بۆڕوون دەبێتەوە، كە لە بارەی

هاوبەشیکرنە لە ژنان لە نێو گەلە دڕندەکان وبەربەریستەکاندا. ئەم ڕاستییەش چیرۆکەکانی (واتسن) و(کایا) ش دەگرێتەوە خۆی، کە لە کتێبەکەیاندا (هیندستان نشینەکان)(34) {کە لە بارەی (تیکۆر)ەکانی (ئوون) نشیین لە باکووری روباری (گانج) دا کە دەگێڕنەوە و دەڵێن:

﴿ئەوان لە بازنە کۆمەڵەیێکی گەورەدا پێکەوە دەگوزەرێن (مەبەست لە پەیوەندی جووتبوونە) تا ڕادەیەك بەبێ جیاوازی، ئەگەر دوانیان ببن بە ژن ومێرد، ئەوا ئەو پەیوەندییە تەنها بەناو و ڕواڵەتە﴾.

وا پێ دەچێ کە دامەزراوی **خێڵ** ڕاستەوخۆ لە خێزانی پۆنالوانی یەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەروەها سیستمی چینەکانی(35) ژن ومێردایەتی لەئوسترالیاش وەکو سەرچاوە دەردەکەوێ، ئوسترالیەکان خێڵیان هەن بەڵام خێزانی پونالوانیان نیە بەڵکو شێوەیێکی سەرەتاییی تری ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵیان تێدایە.

لە هەموو شێوەو فۆرمەکانی گروپە خێزاندا، باوکی مناڵەکە نانارسرێتەوە، بەڵام دایکی زۆر بەوردی دەناسرێتەوە. ئەگەر ئەو دایکە **هەموو** منالانی سەرجەم خێزانەکە بە منالّی خۆی بناسێ وئەرکی دایکایەتی خۆی بەرامبەریان بەجێ بگەیێنێ، وێڕای ئەوەی کە خودی مناڵەکانی خۆی لەوانی **تر** جیادەکاتە. جا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەتا ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ لە ئارادا بێ، ئەوا ڕەچەڵەك تەنها بە ڕێگای **دایکەوە** دەسەلمێندرێ، کەواتە تەنها **هێڵی مێینە** ددانی پێدا دەنرێ. ئائەمەیە باری سەرپاکی گەلە دڕندەکان وتێکڕای ئەو گەلانەی کە بە پلەی نزمی بەربەریزم ڕاگەیشتبوون. هەر ئەمەشە دووەمین دەسکەوتی مەزنی باخۆڤن کە یەکەمین کەس بوو ئەمەی دۆزییەوە وناوی مافی دایکی لەم ددان بە ڕچەڵەك ڕەچاو کردن بە ڕێگای دایکەوە و سەرئەنجام پەیوەندیەکانی میراتگەری کە سەرچاوەی لێوەدەگرێ، نا، لەگەل ئەوەی ئەم ناوە، نەگونجاویشە، بەڵام سەبارەت بە کورتییەکەی ئەمن هێشتوومەتەوە، چونکە لەم قۆناغە کۆمەڵایەتیەدا هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو بە واتای یاساییی ئێستا باس لە ماف بکەین.

ئێستاش با گروپێك لەو دوو نمونە گروپەی نێو خێزانی پۆنالوا وەرگرین، یا بە ووردی ئەو ڕیزە خوشکانەی کە لە یەك دایکن یا زڕن (واتە ئەوانەی کە نەوەی یەکەم و دووەم یا پاشتری ئەو خوشکانەن کە لێیان کەوتوونەوە) . لەگەڵ مناڵەکانیان و دایك برا و زڕ دایکبراکانیان (ئەوانەی کە بەگریمانەی ئێمە، مێردیان **نین**) بەو جۆرە بەتەواوی ئەو کەسانەمان دەستگیر دەبن کە پاشان ئەندامانی دامەزراوی خێڵ بەشێوە سەرەتاییەکەی پێکدەهێنن. ئەمانە هەموویان بەرەدایکێکن، سەبارەت بەوەش هەموو تۆرەمە مێیەکانی نەوەکانی ئایندە خوشکی یەکترن. بەڵام مێردی ئەم خوشکانە چیتر ناشێ ببن بە برایان واتە بەرەی ئەو دایکە نین و سەر بەم کۆمەڵەیەش نین کە ئەندامەکانی بە خوێن خزمن، ئەو کۆمەڵەیەی کە پاشان بوو بە خێل، بەڵام مناڵەکانیان سەر بەم کۆمەڵەیەن چونکە ڕەچەڵەك تەنها بە پێی هێڵی دایك ڕۆڵی کاربڕ دەگێڕێ وتەنها ئەو بەبێ هیچ گومانێك بەڵگەنەویستە. هەر کە پەیوەندی جووتبوون لە نێوان براو خوشك قۆرخ کرا، تەنانەت لەنێوان دوورترین هێڵە لابەلاکانی خزمانی ڕێگای دایك جێ گیربوو، تاکو کۆمەڵەی ناوبراویش بوون بەخێڵ واتە وەکو ئەڵقەیێکی بن بەست کە لە بەخوێن خزمەکانی ڕێچکەی دایك دروست بوون وبۆیان نەبوو ببن بە ژن ومێردی یەکتر، ئەم ئەڵقەیەش بەهۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتی وئایینیەکانی دیکە ڕۆژ بە ڕۆژ بتەوتر دەبوو ولە خێڵەکانی دیکەی ناو خودی هۆزەکەدا جیا دەبۆوە. لە داهاتوودا بەدرێژی لەم بارەیەوە دەدوێن. بەڵام کاتێ کە بۆمان دەرکەوت خێڵ لە خێزانی پۆنالوانییەوە، نەك تەنها بە حوکمی پێداویستی بەڵکو هەروەها بە شێوەیێکی سادەو بەڵگە نەویست، پەرەدەستێنێ، ئەو هۆیانەمان دەستگیر دەبن کە بە دڵنیاییی و تاڕادەیەك بەچەسپاوی بوونی ئەم شێوە خێزانە لە نێو هەموو ئەو گەلانەی، کە دامەزراوی خێڵیان تێدایە بسەلمێنین، واتە لە نێو تێکڕای گەلە بەربەریست وشارستانیەکاندا.

کاتیٚ کە مۆرگان کتێبەکەی نووسی، ئێمە زانیاریمان لە بارەی ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ سنوورکێش بوو، مرۆ بە هەندێك کون وکەلەبەری ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵی چینە ڕێکخراوە ئوسترالییەکان ئاشنا ببوین کە لە چەندین چیندا ئۆرگانیزە ببون، سەرباری ئەوش ئەو هەواڵانەی کە مۆرگان لە ساڵی 1871 لەبارەی خێزانی پۆنالوانی هاوایی پێیگەیشتبوو و بڵاوی کردبوونەوە (36). خێزانی پۆنالوانی لە لایەکەوە بە روونکردنەوەیێکی تەواوی سیستمی هەراوی خزمایەتی سوورپێستە ئەمەریکییەکان ئاشنای کردین، کە بۆ مۆرگان بەردی بناغەی تێکڕای تۆژینەوەکانی بوو ولەلایەکی دیکەشەوە خاڵێکی ئامادە بوو بۆئەوەی خێڵی لەسەر دایك سالاری دامەزراوی لێوە داتاشین؛ جگە لەوەی کە لە ئەنجامدا پلەیەکی یەکجار لە چینەکانی ئوسترالی باڵاتری هەبوو. کەواتە ئاشکرایە کاتیٚ کە مۆرگان خێزانی پۆنالوانی بە پلەیەکی پەرەسەندوو بزانیٚ و پێویستە پێش ژنومێردایەتی دوولانە هاتبیٚ و وەهای بۆ بڕوا کە بەگشتی ولە هەموو شوێنێکدا لە سەردەمە دێرینەکاندا باوی بووبیٚ. ئێمە لەوساوە بە چەندین شێوەی تری گروپە ژن ومێردایەتییەکان ئاشنابووین و ئێستا بۆمان دەرکەوتووە کە مۆرگان لێرەدا زێدەرۆیی کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختی بێدار بوو، کە لە خودی خێزانە پۆنالوانییەکەیدا شێوەی باڵای شێوەی کلاسیکی بەکۆمەڵ ژن ومێدایەتی دۆزییەوە، ئەو شێوەیەی کە زۆر بەئاسانی بۆمان دەبێتە بەردە باز وهاوێنەی روونکرنەوەی ڕاگوێزتن بەرەو قۆناغێکی باڵاتر.

ئێمە زۆر قەرزاری نێرەری ئینگلیزی (لویمیر ڤایسۆن) ین کە پاوانی زانستیمانی لەمەڕ بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی بەپێزکرد، چونکە ئەو بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەم شێوە خێزانەی کۆڵییەوە، لە زێدە کلاسیکییەکەیدا، لە ئوسترالیەدا(37). ئەو تەماڵی بۆ پلە نزمەکانی پەرەسەندن، لەلای ڕەش پێستە ئوسترالییەکان لە ناوچەی ماونت گامبیردا هەڵگرت کە دەکەوێتە باشوری ئەو وڵاتە، لەوێدا هەموو هۆزەکە بەسەر دوو چینی گەورەدا، (کرۆکی) و(کومیت) دا دابەش ببوون. پەیوەندی جووتبوون لە ناو خودی هەر یەك لەم دوو چینەدا بەتەواوی قەدەغە بوو. بەپێچەوانەوەش، هەر پیاوێکی یەکێك لەو چینانە، هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە مێردی هەموو ژنانی چینەکەی ترە، ئەو ژنەش هەر لەرۆژی لەدایکبوونیُوە ژنی ئەو پیاوەیە کە لەچینەکەی تردایە. ئەم کارەش بەتاك وتەرا نەبوو، بەڵکو کۆمەڵەکان بەتێکڕایی ژن و مێرد بوون، چین لەگەڵ چیندا. شایانی باسە جیاوازی تەمەن یا خزمە خوێن هیچ کۆسپ ولەمپەرێکی لەرووی پەیوەندی جووتبوونیان پێك نەدەهێنا، هیچ کۆت وبەندێك جگە لەدابەش بوونی هۆزەکە بەسەر دوو چینی (ئێکسۆگام)دا (10پ) لە گۆڕیٚ نەبوو. هەموو ژنێك لە (کومیت) دا بە پێودانگی یاسا ژنی هەموو پیاوێکی (کروکی)یە، بەڵام چونکە کچەکەی سەبارەت بەوەی کچە ولە ژنێکی کومیت کەوتۆتەوە کەواتە ئەویش بەپێی مافی دایکسالاری کۆمیتیيە، بەو پێیەش، هەر لە ڕۆژی لەدایك بوونییەوە دەبێتە ژنی هەموو پیاوێکی کرۆکی، کەواتە دەبێتە ژنی بابی خۆی. لانی کەم، ئۆرگانیزەبوونی چینەکان بەم ئاوایەی کە درکەوتوون هیچ لەمپەرێك بەرامبەر بەوە ناسەپێنیٚ. کەواتە ئەم ڕێکخراوە یان ئەوەتا لەسەردەمێکدا پەیدا بووە کە هێشتا هیچ کەسێك درکی بەباری ترسناك وناهەمواری پەیوەندی جووتبوونی نێوان باب ومناڵەکانی نەکردووە، وێڕای کردو کۆششی بەگریٚوگاڵیان بۆ سنوورکێش کردنی مەحرەم شکێنی ـ پاشان سیستمی چینەکان ـ ڕاستەوخۆ لە دۆخی بەربەرەڵایی جووتبوونەوە سەری هەڵدا، یاخود ئەوەتا، پەیوەندی جووتبوون لە نێوان باوك ومناڵەکانیدا بەهۆی داب ونەریت قەدەغە **بوو** لە سەروبەندی دروستبوونی چینەکان. ئەم دۆخەی ئێستا بەرەو خێزانی بەخوێن خزم دەمانگێڕێتەوە ودەبێتە یەکەمین هەنگاو بەرەو لەوەدوا. ئەم بۆچوونەی دواییەنەیان لەوانی دیکە زیاتر ڕێگای تیٚدەچیٚ. چونکە وابزانم، لە ئوسترالیادا باسیان لە هیچ نموونەیێك نەکردووە لە بارەی پەیوەندی جووتبوونی منداڵ وباوان، جگە لەوەی کە خودی شێوەی ئایندەی لە دەرەوە ژن هێنان، واتە خێڵی لەسەر مافی

دایك دامەزراویش، وەکو بنەمایێك قۆرخ كردنی ئەم شێوە پەیوەندییانە دەسەپێنێ سەبارەت بەوەی كە هەر لەكاتی دروست بوونییەوە ئەم پەیوەندیانە لە ئارادا بوون.

سیستمی دووچینەکان جگە لە ناوچەی ماونت- گامبیر لە ئوستترالیای باشووردا لە گۆمی روباری دارلینك ولە باکووری ڕۆژئاوا لە کونیسلاندیش دا واتە بە زۆری تەشەنەی کردووە. ئەم سیستمەش، تەنها ژن ومێردایەتی نێوان خوشك وبراو ئامۆزا وپوورزاکانی بەڕێگای دایك قەدەغە دەکا، چونکە ئەمانە هەر هەموویان لە نێو هەمان چین دان، بەڵام منالی خوشك ومنالی برا بەپێچەوانەوە بۆیان هەیە بە ژن ومێرد ببن. پاشان هەنگاوێکی دیکە بۆ قەدەغەکردنی مەحرەم شکێنی، لە نێو هۆزی کامیلاروی لە گۆمی روباری دارلینك لە وێلسی تازە لە باشووردا بەدی دەکەین، ئەویش بریتییە لە دابەش بوونی هەردوو چینە سەرچاوەکە بەسەر چوار چینی دیکەدا، تێکڕای ئەم چوارچینەش لەگەڵ چینێکی دیاری کراوی دیکەدا بەژن ومێرد دەبن. هەردوو چینەکەی یەکەم هەرلە دایك بوونەوە بەژن ومێرد دەبن جا لەبەر ئەوەی دایکەکە سەر بە یەکێك لە چینەکانی یەکەم یا دووەمە ئەوا منالەکانی دەچنە ڕیزی چینی سێهەم یا چوارەم. وەچەی ئەو دوو چینەی دوایین کە بە پەیوەندی ژن ومێردایەتییەوە پەیوەستن سەر لە نوێ دەچنەوە پاڵ چینی یەکەم یا دووەم. بەم شێوەیە هەردەم نەوەیێك دەچێتەوە پاڵ یەکێك لە چینەکانی یەکەم یا دووەم. پاشان نەوەی دووەم دەچنە نێو چینی سێیەم یا چوارەم، نەوەی سێیەم سەر لە نوێ دەچێتەوە بۆ چینی یەکەم یان دووەم. جا بەو پێیە، منداڵی خوشك لە دایکەوە، ناتوانن ببنە ژن ومێرد، بەڵام کوڕزا و کچەزای خوشك و برا دەبنێ. ئەم سیستمە ئاڵۆزو ڕەسەنە ئاڵۆز تر دەبێت کاتێ کە بە (هۆز لە بەرێ)(11پ) موتوربە بکرێ. بەهەرحاڵ، ئێستا لە تواناماندا نییە بچینە قوڵایی ئەم باسەوە. بەم شێوەیە دەبینین کە چۆن جار لە جار زێتر هەوڵ وکۆششدان بۆ مەحرەم پاراستن ئاشکرا دەبێت، بەڵام ئەو هەوڵە بە شێوەیێکی خۆرسك وخۆبەخۆ پەیدا دەبێت، بەبێ ئەوەی بەهیچ جۆرێك بە ڕوونی درك بە ئەنجامەکەی بکرێ.

ئەم بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتییە کە ئێستاش لێرە لە ئوسترالیادا لە نێوان دوو چین دایە، ژن ومێردایەتێیکە لە نێوان تەواوی چینە پیاوێك کە زۆربەی کات بەسەرپاکی کیشوەرەکەدا دابەش بوون لەگەڵ چینە ئافرەتێکدا کە بەهەمان ئەندازە دابەش بوونە. ئەم بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتییە گەر بە ووردی تێوەی بڕوانیین هەرکیز بەو ئەندازەیە ترسناك نایەتە بەرچاو کە لە ئەندێشەی چرووك وبێ نموودەکان دایە، ئەو ئەندێشەیەی کە بەڕووداوەکانی نێو سۆزانی خانەکاندا ئاشنا بووە. بەڵکوبەپێچەوانەوە، ساڵەهای ساڵە کار بەم شێوە ژن ومێردایەتییە دەکرێ بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکیش هەستی پێ بکات جا بەکردەوە هەتا ئەم نزیکانەش ئەم شێوە ژن ومێردایەتییە نەببو بەمایەی سەلەنوێ تۆژینەوەو کنە کردن. ئەوەی کە بە نیگایێکی قوڵەوە لەم شێوەیە نەڕوانێ ئەوە لە تاکە ژن ومێردایەتییەکی پەتی بەولاوە چی دی نابینێ، یاخود لە هەندێ ناوچەدا سیستمێکی فرە ژنیی جارو بار تێکەڵ بەداوێن پیسی ژنەکان دەبینێ. مرۆڤ دەبوایە چەند ساڵێك تەرخان بکات، مانەندی فایسون وهایت، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو یاسایەی کە پەیوەستی ئەم ژن ومێردایەتییە یەکانگیر دەکا. ئەو ژن ومێردایەتییەی کە ئارەزووی کەسێکی ئاسایی ئەوروپی ئاڕاستە دەکا بۆیاد کردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە وڵاتەکەیدا لە ئارادان، . ئەو یاسایەی کە ڕێگا بە ڕەش پێستێکی بێگانەی ئوسترالی دەدا، کە هەزاران کیلومەتر دوور لە نیشتەمەنەکەی خۆیدا، لە نێوان کەسانێك کە بەزمانێکی جیا لەو قسە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئاستێك ولە هەموو هۆزێکدا ئافرەتەلێك هەن کە بەتەواوی ئامادەن بەبێ بێزاری وبەبێ گرێی وگۆڵ خۆیانی بەدەستەوەی بدەن ئەو یاسایەی مل بەو پیاوە دەدا کە چەند ژنێکی هەیە، دەست لە یەکێکیان هەڵبگرێ لەبۆ میوانەکەی بۆ ئەوەی شەوی لەگەڵدا ڕۆژ بکاتەوە. ئەگەر مرۆڤی ئەوروپی بێ ڕەوشتی وبێ زاکوونی تێدا

دەبینیٚ، ئەوە بە کردەوە زاکوونێکی زۆر توند و تۆڵی بەسەردا زاڵە. چونکە ئەم ژنانە سەر بەچینی غەوارەی ژن ومێردایەتی پیاوەکەن، کەواتە، هەر لە دایك بوونیانەوە ژنی ئەو پیاوەن. هەمان یاسای ڕەوشتگەریی کە کەسێك بۆ ئەوی دی دابین دەکا، هەموو پەیوەندێیکی جووتبوون جگە لە نێوان ئەو دوو چینەی ژن ومێردایەتییەی کە بۆ یەکتر دانراون قەدەغە دەکا. تەنانەت کاتیٚ کە ژن هەڵدەگرن (دەفڕێنن)، ئەمەش کارێکە زۆر جار ڕوودەدا، زۆر جاریش لە گەلێك ناوچەدا بنەمایە، لەو کاتەشدا زۆر بەووردی یاسای چینەکانی ژن ومێردایەتی پەیڕەو دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە، ژن فڕاندن پەردە لادانە لەسەر نیشانەکانی گوێزانەوە بەرەو تاکە ژن ومێردایەتی، هەر بەلانی کەم لەسەر شێوەی جووتە ژن ومێردایەتی (ژن ومێردێك)، چونکە کاتیٚ کە کوڕێك بە تۆبزی یا بە فریودان بە هاوکاری هاوڕێکانی ئافرەتێکی هەڵگرت، ئەوە هەموویان بە نۆرە لەگەڵ ئافرەتەکەدا جووت دەبوون، بەڵام پاشان ئافرەتەکە دەبوو بەهی ئەو کەسەی کە خاوەن بیری هەڵگرتنەکە بوو. بە پێچەوانەوەش، کاتیٚ کە ژنە هەڵگیراوەکە مێردەکەی جیٚ بهێڵیٚ و ڕەدووی پیاوێکی دی بکەویٚ، ئەوە دەبێتە ژنی دوایینەیان وئەوی یەکەم هیچ مافێکی بەسەرەوە نامێنیٚ، شان بەشانی ئەوەش لە ناخی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتیدا کە هێشتا لە ئارادابوو، جۆرە پەیوەندیەك پەیدا ببوو، ئەویش بریتی بوو لە سەرهەڵدانی کۆوە بوونێکی ژن وپیاوێك بۆ ماوەێیکی کورت یاخود درێژ، شان بەشانیی ئەوەش فرە ژنیش لە ئارادابوو، ئالەمەدا ڕووەو نەمانی ڕەوتی ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ بەدی دەکەین، سەرجەم گرفتەکەش لەوەدا خەست وخۆڵ دەبێتەوە کە کام لەو دووانە پێش ئەوەی دیکە لە ژێر باری دەسەڵاتی ئەوروپاییەکان دا نووچ دەدا: ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵولایەنگرەکانی یاخود ڕەش پێستە ئوسترالییەکان؟

ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ بەو شێوەیەی کە لە ئوستراليا لە ناو تەواوی چینەکاندا باوە، هەمیشە بریتییە لە جۆرێکی زۆر نزم وسەرەتاییی لە شێوەکانی ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ، لەکاتێکدا کە خێزانی پونالوانی بە پێی زانیاری ئێمە پلەی باڵای پەرەسەندنێتی. وا پیٚ دەچیٚ کە ئەو شێوەیەی یەکەم تەبای ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییە بیٚ کە دڕندە کۆچەرەکان پێی گەیشتبوون. بەڵام ئەوەی دووەمین بوونی تا ڕادەیەك کۆمەڵەیەکی نیشتەجێی کۆمۆنستی دەسەپێنیٚ و ڕاستەوخۆ بەرەو پلەیەکی باڵای ئایندەی پەرەسەندنمان دەبا. لە نێوان ئەم دوو شێوەیەدا، بەبیٚ گومان، چەند پلەێکی ناوەنجی بەدی دەکەین. ئەمەش بووارێکی تۆژینەوەیە کە هەر ئێستا بە ڕووماندا بەر ئاوەڵابۆوە ولەوانەیە تاکو ئێستا کەس ملی پێوە نەنابیٚ.

3. **خێزانی دوولانە**: لەسایەی یاخود تەنانەت لە پێش سەردەمی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتیدا نیمچە کۆوەبوونێکی ژنێك و پیاوێك بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژ دروست دەبوو، پیاو لە ناو چەندین ژندا ژنێکی سەرەکیی هەبوو (مرۆۋ لێرەدا بەدەگمەن دەتوانیٚ بڵیٚ کە بە خۆی هەڵیدەبژارد) هەروەها بۆ ژنەکە لە نێو چەندین مێرددا ئەو مێردی سەرەکی بووە. ئەم کارەش بوو بە هەوێنیٚ بۆ ڕوودانی سەرەگێژەیەك لە مێشکی ئەو پەیامبەرانەی کە تاوێك ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵیان بە هاوسەرییەکی بیٚ کۆت وبەندی ژنان دەزانی وگاوێك بە بەرەڵایی ژنانیان دەژمارد کە ناپاك و داوێن پیسن. بەڵام ئەم شێوە بە جووتە کۆوەبوونەی ژنێك وپیاوێك بوو بە نەریتێکی ئاسایی و دەبوایە ڕۆژ لە ڕۆژیٚ چاکتر سەقامگیر ببیٚ، بە ئەندازەی پەرەسەندنی خێڵ وبە ئەندازەی فراوان بوونی چینە (براکان) وچینە (خوشکەکان) کە ژن ومێردایەتییان ببوو بە کێوی مەحاڵات. ئەو قەڵەمبازەی کە خێڵ بەرەو قەدەغە کردنی ژن ومێردایەتی، نای، لە نێوان تێکڕای ئەو بە خوێن خزمانەدا هێشتا لەوەش تێپەڕی. بەم جۆرە دەبینین کە ژن و مێردایەتی لەنێوان **تێکڕای** ئەو بەخۆێنخزمانەی کە سیستمی ئیروکوا و زۆربەی هیندە سوور پێستەکانی پلەی نزمی بەربەریزم دایدەڕێژیٚ قەدەغەکراوە، سەدەها نموونەی مانەندی ئەم سیستمە لە هەموو تەرزێك ولە هەموو چەشنێکیش بەدی دەکریٚ. لە پای ئەم بشێوینانەی کە هەر جارە

زیاتر بەریان لە ژن ومێردایەتی دەگرت تاوەکو کێوی مەحالاتی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتییان جار لە جار دژوارتر دەکرد و**خێزانی دوولانە** جێگای دەگرتەوە. لەم قۆناغەدا پیاو تەنها لەگەڵ ژنێك دا دەژی، بەڵام فرە ژنیی‌و جارو بار ناپاکی ژن ومێردایەتی هێشتا بۆ پیاوان ڕەوا بوو، وێڕای ئەوەی کە بە زەبری هۆیە ئابورییەکان فرە ژنی بەدەگمەن ڕووی دەدا بەڵام زۆربەی کات بە درێژاییی ماوەی پێکەوە گوزەرانی ژن ومێرددا ئەو پەڕی داوێن پاکی لە ئافرەتەکە داواکار بوون وسزایەکی زۆر توندو تیژی ئافرەتی ناپاك دەدرا. بەڵام هەردوو لایەن زۆر بە سانایی بۆیان هەبوو گرێی پەیوەندی ژن ومێردایەتی لەبەر یەك هەڵوەشێنن، ئەوسا مناڵەکان هەر وەکو پێشان دەچوونەوە کن دایکیان

لەم کەوشەنە ژن ومێردایەتییەدا کە جار لە جار بەر تەسکتر دەبێتەوە وبەخوێن خزمەکانی لێ دوور دەخرێنەوە، پاڵاوتنی سروشتی درێژە بەکاری خۆی دەدات. لەم بارەیەوە مۆرگان دەڵێ:

﴿ ژن ومێردایەتی نێوان تاکەکانی ئەو خێڵانەی کە بە خوێن خزم نەبوون، بوو بەهۆی نەشونمابوونی وەچەیەکی تۆکمەتر، بەگیان و بە مێشك، کاتێ کە دوو هۆز لە ڕچەڕێگای پێشکەوتنیاندا ئاوێتەی یەکدی دەبوون، مێشك و کەللەسەری نەوەکانی داهاتوویان بە جۆرێکی سروسشتی پێشدەکەوتن تا دەگەیشتنە ئەندازەی ترۆپکی تواناکانی هەردوو هۆزەکە﴾ (38) .

لەبەر ئەوە ئەو هۆزانەی کە لە سەر سازندەی خێڵ دروست ببوون دەبوایە زاڵ بن بەسەر هۆزە دواکەوتووەکاندا، یان ئەوەتا بەجێ پێی خۆیانیاندا ڕاکێشیان بکەن.

پەرەسەندنی خێزان لە چاخی سەرەتاییدا بریتییە لە بەردەوام گرژبوونەوەی ئەو ئەڵقەیەی کە لە سەرەتادا تێکڕای هۆزەکەی بەخۆوە گرتبوو و تێدا هاوبەشێتی ژن ومێرد باوی بوو. لەسەرتادا سەرومڕ ئەو خزمانە لەو بازنە ژن ومێردایەتییە دوور دەخرانەوە کە زۆر لێك نزیك بوون پاشان خزمە دوورەکان تا لە دواییدا تەنانەت ئەوانەی بەڕێگای ژن و ژنخوازی دەبوون بە خزم، تا وای لێ هات کە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ بوو بە کێوی مەحالات، سەرئەنجام تەنها جووتێك لەو بازنەیەدا مایەوە کە پەیوەندییەکی لاوازو بێهێز پێکی دەبەستنەوە، تەنها تاقە گەردیلەیێك مایەوە کە ئەگەر لەت بوایە ژن ومێردایەتی بنەبڕ دەکرد. ئا ئەلێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە چەند باریك وبنێسە ئەو پەیوەندییەی، کە پەیدا بوونی تاکە ژن ومێردایەتی لە گەڵ دڵداری سێکسی تاکە کەسی بەواتای ئەمڕۆی، شەتەك دەدا. ئەمەش زۆر بە چاکی هەڵسوکەوتی هەموو ئەو گەلانە دەیسەلمێنێ کە هێشتا لەم پلەیەی پەرەسەندن دان. لە کاتێکدا کە پیاوان لە سایەی شێوەکانی پێشووی خێزاندا هیچ هەستیان بەکەمی ژمارەی ئافرەت نەدەکرد، بەڵکو لە پێویست بەدەریان هەبوون، لێرەدا ئافرەت بوو بە داوایەکی دەگمەن ودەبوایە پیاو بە شوێنیاندا عەوداڵ بی. تەنها لەبەر ئەم هۆیەش هەڵگرتن وکڕینی ئافرەت لە گەڵ سەرهەڵدانی جووتە ژن ومێردایەتی‌دا سەری هەڵدا. ئەمانەش دوو **دیاردەی** یەکجار بڵاو وجیاواز بوون وگۆڕانی زۆر قوڵیان لە دووتۆدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو دیاردەیە لە دوو میتۆدی ئافرەت بەدەستکەوتن زیاتر چیتر نین کە هەرزەچنی ئوسکتلەندی ماك–لینان، کردنی بە دوو جۆری تایبەتی خێزان لەقەڵەمی دان: (ژن بە فڕاندن هێنان) و (ژن بە کڕین هێنان). لە لایێکی دیکەوە قەواڵەی ژن ومێردایەتی لەکن هیندە سوور پێستەکان وگەلانی دیکەدا (کە هێشتا لە هەمان پلەی پەرەسەندن دان) کاری ئەوانە نییە کە ژن دەهێنن وشوو دەکەن، ئەوانەی کە زۆربەی کات پرسیان پێ ناکرێ، بەڵکو کاری دایکەکانیانە. هەربۆیە هیچ سەیرنییە مارەی دووکەس لێك بڕن بەبێ ئەوەی هەرگیز یەکتر بناسن، جگە لەوەی کە تەنها لەئان وساتی گواستنەوەکەدا بە کیژەکە ڕادەگەیێنن کە گوایە بە شوو دراوە. جا پێش گواستنەوەی کچەکە زاوا بە

دەست ودیاریـەوە دەچـێتە لای کـەس وکـاری کچـەکە لـە خێڵەکەیـدا (واتـە بـۆ دایکـە خزمـەکانی نـەك بـۆ باوکـە خزمەکان) ئەو دیارییانەش بریتین لە نرخی ئەو کچەی کە بە شوو دەدرێ. ئەو ژن ومێردایەتییە بۆی هـەبوو لـە سـەر داوای هـەردوولا هەڵبوەشـێندرێتەوە بـەڵام پلـە بـە پلـە لـەکن زۆربـەی هۆزەکانـدا، لەوانـەش هـۆزی ئیروکـوا، ڕایێکی گشتی دژ بـەو هەڵوەشـاندنە دروسـت بـوو. کـاتێ کـە نـاکۆکی دەکەوتـە نێـوان ژن ومێردەکـەوە، خزمـی ژنـە وخزمی پیاوە لە ناو خێڵەکەدا دەکەوتنە تەقەلای ناوبژی کردنیـان، کـاتێ کـە هـەموو ئـەو هەوڵانـە بێبـەر دەبـوون ئەمجا پەیوەندی نێوان هەردوولا بەتەواوی هەڵدەوەشایەوە، ئـەوەشمان لـە یـاد بـێ کـە هـەموو منداڵـەکان بۆ ژنەکە دەبوون، هەردوو لایەنەکەش بۆیان هەبوو سەرلەنوێ ژن بهێنن یا شوو بکەنەوە.

خێزانـی دوولانـە یـەکجار بـێ هێـز وشـلۆقە بەڕادەیـەك کـە ماڵیشـیان بـۆ پێکـەوە نـەدەنا، هـەرگیز چـۆکی بـە ئـابوری کۆمـۆنیزمی نێومـاڵ نـەدەهێنا کـە پاشمـاوەی قۆنـاغێکی پێشـتربوو. بـەڵام ئـابوری کۆمـۆنیزمی نێومـاڵ بریتی‌یە لە دایك سالاری لـە ماڵـدا، لـە بـەر ئـەوەی مـەحاڵ بـوو بـاوك بـە دڵنیـایی بناسـرێتەوە، بۆیـە ددان تـەنها بـە دایکـی منداڵەکـەوەدا دەنـرا، کەواتـە ئەمـە ئـەوە دەگـەیێنێ کـە بەچـاوێکی ئەوپـەڕی ڕێـزەوە دەیانڕوانییـە ژنانـەوە یاخود دایکانـەوە. جا ئـەو بیروڕایـەی کـە دەڵـێ ئافرەت لەسـەرەتای پەرەسـەندنی کۆمـەڵگادا کۆیلـەی پیـاو بـووە، پووچەڵترین بیرووڕایـە کـە چـاخی ڕوونـاکی لـە سـەدەی هەژدەهەمدا بـۆی بـەجێ هێشـتوین. ژنـان لـە لای تێکـڕای دڕندەکان وهەموو هۆزەکانی هەر دوو قۆناغی نزم وناوەنجی وبەشێکی کـەم لـە قۆنـاغی بـاڵای بەربـەزیزم دا، نـەك هەر ئازاد بوون، بەڵکو پلەو پایەیەکی یەکجار بەڕێزیان هـەبوو. بـەڵام ئایـا ئـەو پلـەو پایەیـە لـە سـایەی جووتـە ژن ومێردایەتی‌دا چی بوو؟ ئەوا ئارسەر ڕایت کە چەند ساڵێك نێردرابووە نێو ئێروکواییەکانی هۆزی سینیکا پێمـان دەڵێ :

﴿خێزانەکانیان، کە هێشتا لە خانووی کۆن ودرێژدا دەگوزەران (مەبەست لـە کۆمۆنـەی مـاڵیی چـەند خێزانێکـە) "... کە هەردەم (کلان) یێك Clan " ( خێڵێك) دەستی بەسەردا گرتبوو ( بەجۆرێك کە ئافرەتەکان شوویان بە پیـاوانی (کلانەکانی ) دیکە دەکرد ). ( ... زۆربەی کات ژنان دەستیان بەسەر ماڵدا گرتبوو " ئازوقـەش هاوبـەش بـوو" بـەڵام قوڕ بەسەر مێرد یا دۆستی بەدبەختی زۆر تەوەزەڵ یا زۆر گەلۆر، کە بەشی خۆی لەو ئازووقەیەی ماڵـەوە دابـین نـەکا، هەر چەند منداڵی زۆر بایەو وهەر چەند خاوەن شتی تایبەتی خۆی بوایە لەو ماڵەدا، هەموو ساتێك بۆی هەبوو فـەرمانی پێی بدرێ کە شڕوشاتاڵی وەپێچێ وبڕوا. تەنانەت بۆشی نەبوو بەر لـەو فەرمانـە بگـرێ چـونکە ماڵەکـەی لێ دەبـوو بـە دۆزەخ، هیچی بۆ نەدەمایەوە جگە لەوەی کە دەبوایە بۆ کلانەکەی خۆی بگەڕابایەوە. یان ئەوەتا سەر لەنوێ لـە کلانێکـی دیکەدا ژنێکی دیکەی هێنابایە ـ ئەمەش زۆربەی کات ڕووی دەدا. ژنان بەگشتی ولە هەموو جێگایەکدا گەورەترین هێزی نێو (کلانەکان) (خێڵەکان) بـوون. بـەڵکو هـیچ سـڵیان لـە هێنانـە خـوارەوەی سـەروەرێك بـۆ پلـەی شـەڕکەرێکی ئاسـایی نەدەکردەوە )(39).

ئابوری کۆمەنستی نێوماڵ، کە هەموو ئافرەتەکانی یا زۆربەیان سەر بەهەمان خێڵ بوون، بەڵام پیاوەکانی سەر بە خێڵەکانی دیکە بوون، لە هەموو جێگایەکدا، بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی ژنانی سەردەمە دێرینەکانی پێك دەهێنا، ئەمەش دۆزینەوەیەکە کە سێهەمین بەخشندەیی باخۆڤن پێك دەهێنێ. . پاشان منیش دەڵێم هەواڵی گەڕۆك ونێردراوەکان لە مەڕ ئەو کارە تاقەت پڕوکێنەی وەئەستۆی ژنان خرابوو لەناو دڕندە و بەربەریزمەکاندا هەرگیز نەسازێیك ناگووڕێنێ لەگەڵ ئەو قسانەی کە لە پێشدا کراون. چونکە دابەش بوونی کار لە نێوان ژنان وپیاواندا وەزعی ژنان لە ناو کۆمەڵدا نایسەپێنێ، بەڵکو بە تەواوی چەندەها هۆی جیاجیا دەیسەپێنێ. چونکە ئەو گەلانەی کە ژنەکانیان زۆر زیاتر لەوەی کە ئێمە بۆی دەچین کاریان دەکرد، زۆربەی کات ڕێزێکی ڕاستەقینەیان لەو ژنانە دەگرت، زۆر پتر لەوەی کە ئەوروپییەکانمان دەری دەخەن. چونکە (خانمی) چاخی

ژیاری، کە بەڕواڵەت بەچاوێکی زۆر بەڕێزو میهرەبانەوە تەماشای دەکەن، بەڵام زۆر بە دوور لە هەموو ڕاستێیك، پایەیەکی لە ئەندازە بەدەر نشێوتری لە پایەی ژنانی چاخی بەربەریزم هەیە، کە بەکارێکی تاقەت پڕوکێن هەڵدەستاو بەلای گەلەکەیەوە خانمێکی (Frau= Herrin، frowa،Lady ) ڕاستەقینەبوو بەجۆرێك کە بە هەڵسوکەوت وخوو وڕەوشتیشی وەهابوو.

ئایە ژنومێردایەتی دوولانە لە ئەمەریکادا بە تەواوی جێگەی بە ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ لەق کردووە؟، ئەوە لێکۆڵینەوەیێکی زۆر لەوە فراوانتر و قوڵتری گەلانی باکووری ڕۆژ ئاوا بەتایبەت گەلانی ئەمەریکای باشوور، کە هێشتا لە قۆناغی باڵای دڕندایەتی‌دان، پەردەی لەسەر لادەبا. جا لە دوو توێی ئەو چیرۆکانەی کە لە بارەی ئەم گەلانەدان، نموونەی جۆر بە جۆر لە بارەی ئازادی پەیوەندی جووتبووندا هەن، بە ئەندازەیێك کە مەحاڵە بتوانین بەتەواوی بڕیار لەسەر لەناوچوونی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی بدەین. بەهەر حاڵ هەموو شوێنەوارەکانی لەناو نەچووە. هەر بەلای کەم لەکن چل هۆز لە هۆزەکانی ئەمەریکای باشووردا، ئەو پیاوەی کە خوشکی گەورەی بنەماڵەیێك دەهێنێ بۆی هەیە هەموو خوشکەکانی دیکەی بخوازێ ئەگەر عازەب بوو بن، ئەمەش شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی بەشداریی پیاوان لە کۆمەڵە خوشکێکدا. بانکرۆفت لەبارەی دانیشتوانی نیمچە دوڕگەی کالیفورنیا (کە لە قۆناغی باڵای دڕندایتی‌دا بوون) دەگێڕێتەوە کە گوایە ئاهەنگی وەهایان دەگێڕا کە چەند (هۆزێك) بە مەبەستی جووتبوونێکی بەربەرەڵا کۆدەبوونەوە (40). لێرەدا، لانی‌زۆر، مەبەستی لەو خێڵانەیە کە ئەو ئاهەنگانە بۆ ئەوان جۆرێك بوو لەو یادکردنەوە ئاڵۆزانەی سەردەمێك کە سەرجەم پیاوانی خێڵێك هاوبەشە مێردی ژنانی خێڵێکی دیکە بوون، یا بە پێچەوانەوە. ئەم نەریتە لە ئوستورالیادا هێشتا بەردەوامە. لە ناو هەندێك گەلاندا ردێن سپی وسەرکردە و(پێشبین)(کاهن)ە تەلەسم بازەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا کۆمۆنی ژنانیان بەکار دەهێنا و دەستیان بەسەر زۆربەی ئافرەتەکاندا دەگرت بەڵام بەرامبەر بەوەش ناچار بوون لە جەژنە تایبەتییەکاندا لەکاتی کۆبوونەوە میللی‌یە گەورەکاندا سەر لە نویێ ڕێگا بە کۆمۆنی ژنان بدەن، کە لەپێشدا هەبوو، و ڕێگا بە ژنەکانیان بدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕە لاوەکاندا ڕابوێرن. وێستەر مارك لە لاپەڕە (28 و 29)ی کتێبەکەی‌دا کۆمەڵێك نموونەی لەم (ساتورنالانە)(41) باس کردووە کە ناو بەناو دەگێڕدرێن وبۆ ماوەیەکی کەم سەر لەنویێ پەیوەندی ئازادی جووتبوون لەلای هۆزەکانی (هوو) و(سانتال وبنجاو کوتار) لە هیندستان ولەکن چەند گەلێکی ئەفریقی‌دا و هتد.. سەری هەڵدەدایەوە، جا سەیرەکە لەوەدایە ئەوەی کە وێستەر مارك لەم ڕووداوانەوە هەڵی دەهێنجێ ئەوەیە کە ئەم ڕووداوانە پاش ماوەی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی نیین کە ئەو تەنانەت نکووڵی لە بوونیشی دەکا، بەڵکو بە شوێنەواری ساتە هەڵچوونێکی هاوبەش لە نێوان مرۆڤی سەرەتاییی وگیاندارەکانی دیکەدا، دەیزانی.

لێرەدا دەگەینە چوارەم دۆزینەوەی مەزن کە باخۆڤن بەدەستی هێناون، ئەوەش بریتییە لە دۆزینەوەی شێوەیەکی یەکجار بڵاوی گوێزانەوە لە ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵەوە بۆ جووتە ژن ومێردایەتی ئەوەی باخۆڤن بەشێوەی پاکانە لە سەرپێچی کردن لە خواستی خوداوەندە کۆنەکان دەیخاتە ڕوو: پاکانەیەکە، ژن مافی داوێن پیسی خۆی پێ دەکڕێتەوە . لە ڕاستیدا لە دەربڕینێکی سۆفییانەی پاکانە کردن لانادا کە ژنان ڕزگار بوونی‌دێرینەی هاوبەشێتییان بۆ پیاوانی تر پێ دەکڕێوە ومافی ئەوەیان وەردەگرت کە تەنها بۆ یەك پیاو بن. ئەم قوربانییە بریتی‌یە لە نەریتی جووتبوون لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنوور بەند کراوە: ژنە بابلیەکان دەبوایە ساڵی جارێك لەکن پەیکەری پەرستگای میلیتا لەگەڵ پیاواندا جووت بن، گەلانی دیکە لە ئاسیای بچووکدا بەساڵ کچەکانیان دەنارندە کن پەیکەری ئانایتیس کە دەبوایە لەوێ بەئازادی لەگەڵ ئەوانی کە بەخۆیان هەڵیان دەبژاردن جووت بن، پێش ئەوەی مافی شووکردنییان وەربگرن. نەریتی لەم

چەشنە زۆرن کە بە ئایین ڕووپۆش کراون وتاڕارەیەك لە نێو هەموو گەلانی ئاسیادا هەن، ئەوانی کە لە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و روباری گانج دان. ئەو پاکانە کردنەی کە جیگای قوربانی‌دان دەگرێتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ساناتر دەبێت هەر وەکو باخۆڤن بەدی‌کرد :

﴿ ئەو پاکانەیەی کە سالآنە دەکرا تەنها تاکە خۆبەدەستەوەدانێك جێگای دەگرێتەوە؛ هەروەها (هیتیرزم = بەڕەڵلایی)ی ژنە بەشووەکان بەڕەڵلایی کچەکان جێگای دەگرێتەوە: لەبری ئەوەی لە ماوەی شووکردندا کاری پێ بکرێ لە پێش شووکردن دا کاری پێدەکرێ؛ هەروەها لەجیاتی ئەوەی بەبێ جیاوازی خۆی بەدەست هەموو کەسێکەوە بدات، تەنها خۆی بەدەست چەند کەسێکی دیاری‌کراوە دەدا ﴾ (مافی دایك) لاپەرە (19).

لەکن گەلانی دیکە ئەو ڕووپۆشە ئایینیە بەدی ناکرێ، لەلای هەندێکیان، لەسەردەمە دێرینەکاندا لەلای تراقییەکان وکەلتەکان وئیدی‌دا، لەسەرەمی ئێستاماندا، لەلای زۆربەی دانیشتوانی بنەڕەتی هیندستان، لەلای گەلانی مەلایو، لەکن دانیشتوانی دورگەکانی ئوقیانووسی پاسفیك ولەلای زۆربەی هیندە سوورپێستە ئەمەریکییەکان، ئافرەت لەپێش شووکردنی‌دا بەتەواوی لە پەیوەندی جووتبوونی‌دا ئازادە. ئەم دۆخەش بەتایبەتی لە هەموو جێگایەکی ئەمەریکای باشوور بلاوە. هەموو ئەو کەسانەی کە ئەگەر کەمیش لەکون وکەلەبەری ئەو کیشوەرەدا سوڕاونەتەوە، دەبنە گەواهی ئەو دۆخەی جووتبوونە. ئاگاسیس لەکتێبەکەیدا (گەشتێك بە بەرازیل)دا، بۆستن ونیویۆرك، سالی 1886 لاپەرە 266 ئەوەمان لەبارەی خێزانێکی دەوڵەمەندە بۆ دەگێڕێتەوە کە گوایە بەڕەچەڵەك لە هیندە سوورپێستەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە. کاتێ کچەکەی ناسییەوە، پرسیاری بابی لێ دەکا کە گوایە مێردی دایکی بووە ولەوکاتەدا وەك ئەفسەرێك لەشەڕەکەی دژ بە پاراگوای بەشداری بووە، بەلآم دایکی کچە بەزەردەخەنەیەکەوە لە وەرامدا گوتوویەتی: êfilha da ،Naõ tem pai fortuna ، واتە کچەکەم بێ باوکە ومناڵی رێککەوتە.

﴿ ئا بەم شێوەیە هەردەم ژنانی هیندە سوورپێست و ئەوانی دووڕەگ بوون، بەبێ شەرم و بێ سلکردنەوە بە بیژووەکانیاندا هەڵیان دەگوت" ئەمەش نەشاز نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی نەشازە. منداڵەکان... زۆربەی کات تەنها دایکیان دەناسن چونکە تەنها ئەو خەمخۆر و مشوورخۆرە" ئەوانیش هیچ شتێك لەبارەی بابیان نازانن" جگە لەوەی کە هەرگیز بەخەیاڵی ژنەکەدا نایێ، کە خۆی یا منداڵەکانیشی لە کابرا داواکاری شتێك بن﴾

ئەوەی کە لێرەدا بەلای مرۆڤێکی هاوچەرخەوە سەیر ونامۆیە، لە سایەی دایکسالاریدا و لەسایەی ژن ومێردایەتی بەکۆمەڵدا بنەمایەکی ئاساییە.

لەکن گەلانی دیکە، برادەرانی زاوا وخزمەکانی وداوەتکراوانی شایی، هەر لە کاتی شاییەکەدا، ئەو مافەی کە لە سەردەمی دێرینەوە بۆیان ماوەتەوە بەسەر بووکەکەدا بەکار دەهێنن، ئەمجا لەپاش هەمووانەوە نۆرەی زاوا دێت. ئەمە بوو لەکۆندا بارودۆخ لەلای ئۆجەلییە ئەفریقاییەکان و لە دورگەکانی بالیاردا، هەروەها لەسەردەمی ئێستا لەلای بارییەکان لەحەبەشدا. لەکن گەلانی دیکە کەسێك کە بەڕەسمی، سەرەك هۆز بێ یا سەرەك خێڵ، کازیك یا شامان یا پێشبین یا میر، یاخود هەر نازناوێکی هەبێت، جێگای کۆمەڵەی گۆرین دەگرێتەوە ومافی یەکەمین شەو بەسەر بووکەکەدا بەکار دەهێنێ(12پ)، سەرەڕای کردوکوششی رۆمانتیکە تازەکان بۆ سپیکردنەوەی رووپەڕی ئەم واقیعە، کە هێشتا ئێستاشی‌لەگەڵدابێ ئەم (primae noctis jus، مافی یەکەمین شەوە) هەر بەردەوامە، لەکن زۆربەی دانیشتوانی‌ناوچەی ئالاسکادا، (بانکروفت، (رەگەما بنەڕەتییەکان)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە81)، هەروەها لەلای تاهووەکان لە باکووری مەکسیکدا (هەمان سەرچاوە، لاپەرە 584)، هەروەها لە تێکڕای سەدە ناوەنجییەکاندا لەکن گەلانی دیکەدا هەبووە، لانی کەم لەو ولآتانەی کە

له سەرەتادا كەلتی بوون، وەك چۆن بۆ نموونە لە ئەراگۆن، كە راستەوخۆ لە بە كۆمەڵ ژنومێردایەتی سەرچاوەی گرت. هەر وەكو چۆن جوتیارەكان لە قەشتاڵە هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان مسكێنیان نەبینیوە، كەچی مسكێنی بەترسناك ترین وناشیرینترین شێوەكانی باڵی بەسەر ئەراگۆندا كێشابوو تاكو بڕیاری فێردیناندی كاسۆلیكی لە ساڵی (1486)دا (43)، كە لەم دۆكیومێنتەدا دەڵێ :

﴿ئێمە هەموو بڕیار دەدەین و ڕوونی دەكەینەوە كە ئەو بەڕێزانەی ناوبراون﴾ واتە ئاغاو بەگزادەكان (Senyors، Barons)﴾ .. مافی سوورانەیان (یەكەمین شەو بەسەربردنیان) بەسەر ئەو ژنانەدا نامێنێ كە جووتیارەكان دەیانهێنن، هەروەها لەشەوی بەزاوابوونیاندا مافی ئەوەیان نامێنێ كە بەسەر بووكەكەدا یا بەسەر جێ و بالینگانەكەدا پاش بەزاوابوونیان، وەكو بەڵگەیێك لەسەر دەسەڵاتداریێتیان بەسەریانەوە، قەڵەمبازبدەن. هەروەها ئەو بەڕێزانەی كە لەسەرەوە ناوبراون مافی ئەوەیان نامێنێ كە كچە جووتیار یا كوڕە جووتیار، بەكرێ یا بەبێ كرێ، بەخورتی بەبێ ئارەزوو خۆیان بەكار بهێنن﴾. (دەقێ بنەڕەتی، بەزمانی قتالۆنی، نووسینی زوگنهیم لە كتێبی كۆیلێتی)دا باسكراوە، بترسبۆرگ، ساڵی 1861، لاپەڕە 35) (44).

بێ گومان باخۆڤن بەبێ چەندوچوون ڕاست دەكا، كاتێ بەتوندی جەخت لەسەر ئەوە دەكا كە گوێزانەوە لەوەی كە ئەو پێی دەڵێ (هیتیرزم) یا (گەندە ئاوسبوون) بۆ جووتە ژن ومێردایەتی لە بناغەدا بەهۆی ژنانەوە هاتەدی. بەوەندەی كە پەیوەندییە بۆ ماوەییەكانی دێرزەمان سیما ساكارە سەرەتاییەكەی لەگەڵ گۆڕانی بارو زروفی ژیانی ئابوری‌دا پاشان لەگەڵ گەندەڵ بوون وشێتەڵ بوونەوەی كۆمۆنیزمی سەرەتایی و زیاد بوونی چڕی دانیشتواندا، پەژمردە دەبوو، ئەوەندەش ئەم پەیوەندییانە بۆ ژنان چرووكی وشەكەتی بوون. دەبوایە هەمیشە وزۆر بەتوندی تێبكۆشن بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕووسووری یا شووكردنێكی ساتە وەختی یا هەمیشەیی تەنها بەیەك پیاوێك، سەبارەت بەوەی ڕێگا چارەی رزگار بوونە. ئەم پێشكەوتنەش نەدەبوو بەهۆی پیاوەوە بەدەست بێ، ئەوەش لەبەر چەند هۆیێك، لەوانە: هەرگیز بەبیری پیاواندا نەدەهات ، ئێستاشی لەگەڵ دابێ، دەست لە لەزەتی كار بەكۆمەڵ ژن ومێردایەتی كردن هەڵگرن. پاش ئەوەی گوێزانەوە بۆ جووتە ژن ومێردایەتی بەهۆی ئافرەتەوە هاتە دی، تەنها پاش ئەوە، پیاوان توانیان سیستمی یەك ژنی و یەك پیاوی قبووڵ كەن، بەبێ گومان ئەوەش تەنها هەر بۆ ژنان بوو.

خێزانی دوولانە لە ئاقاری نێوان قۆناغی دڕندایەتی وبەربەریزمدا سەری هەڵدا، ئەوەش لانی زۆر لە قۆناغی بالأی دڕندایەتی‌دا ڕوویدا، هەروەها لێرە ولەوێ لە قۆناغی نزمی بەربەریزمدا ئەو شێوەخێزانەی كە چاخی بەربەریزم خۆی پێ جیادەكاتەوە هەر وەكو چۆن چاخی دڕندایەتی خۆی بە كۆمەڵ ژن ومێردایەتی جیادەكاتەوە و چاخی ژیاریش بە تاكە ژن ومێردایەتی. جا بۆ ئەوەی خێزانی دوولانە پەرەی‌گرتبا بۆئەوەی بگاتە تاكە ژن ومێردایەتییەكی پتەو، دەبوایە جگە لەو هۆكارانەی كە تاكو ئێستا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕا هۆكاری دیكە بێنەكایەوە. لە جووتە گوزەراندا، ئەو كۆمەڵەیە گرژ دەبۆوە تا بە دوا مەرامی خۆی گەیشت، تاكو گەردیلەیەكی دوو ئەتۆمی بەرپابوو: واتە لە یەك پیاو ویەك ژن پێكهات. پالاوتنی سروشتیش بە گرژ كردنەوەی تاهەمیشە توندوندوتۆڵی ئەڵقەی ژن ومێردایەتی، كاری خۆی بە ئەنجام گەیاند ولەم بوارەدا بۆژۆی نەكردووە. جا ئەگەر هێزی بزوێنەری نوێی، **كۆمەڵایەتی**، شنگڵی لە خۆ نەدابا، هیچ بناغەیەك دروست نەدەبوو بۆ ئەوەی لە خێزانی دوولانەوە شێوە خێزانێكی نوێی بەرپابێ. بەڵام ئەم هێزە بزوێنەرە نوێیانە كاری خۆیان كرد.

ئێستا ئەمەریكا بەجێ دەهێڵین، كە زەمینەی كلاسیكی خێزانی دوولانە. هیچ نیشانەیەك نییە ڕووناكی مان بۆ بخاتە سەر ئەوەی كە شێوەیەكی لە خێزانی دوولانە بالأتر تێیدا پەرەی سەندبێ ولە شوێنێكی‌دا پێش

دۆزینـەوە و داگیرکردنـی، تاکـە ژن ومێردایەتییـەکی پتـەو بنجـی داکوتـابێ. جیـا لـە جیهـانی کۆنـدا کـە بـارێکی جیاوازە.

لێرەدا، واتە لە جیهانی کۆندا، ئاژەڵداری بوو بەهۆی سەرهەڵدانی سەرچاوەی سامانێکی ئەوتۆ کە پێشتر بـەبیری هـیچ کەسـێك نـەدەهات، هـەروەها بـوو بـەهۆی دروسـت بـوونی پەیوەندییـەکی نـوێی تـەواوی کۆمەڵایـەتی. تەنانەت تاکو قۆناغی نزمی بەربەریزم، سامانی هەمیشـەیی کـەم تـا زۆر تـەنها لـە داڵـدەو پۆشـاك وخشـڵی زبر و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و دروست کردنی خۆراك، وەك بەلەم وچەك و دەفری سەرەتاییی نێومـاڵ پێك هـاتبوو. دەبوایە هەموو رۆژێك سەر لەنوێ خواردن وەگیپر هاتبا. بەڵام لەمـەولا گەلـە شوانکارەکان رۆژ لـە رۆژ زێتر پـێش دەکەوتن: ئارییەکان لەبەنجاب ولـە دۆڵـی روبـاری گـانج، هـەروەها لـە پێدەشـتەکانی گـۆمی دوو روبـاری جـەیحون وسـەیحون، کـە لـە و کاتـەدا پـاراوتر بـوو، هـەروەها سـامییەکانی کـەناری دوو چـۆمی فـورات و دیجلـە، ئەوانـە لەخاوەنـدارییێتی ڕەوە هێسـتر وحوشـتر وگـوێ درێـژ ومانگـا و مـەڕو بـزن و بـەرازدا کـە لـە چاوەدێری وسـاناترین شێوەکانی پەروەردە بەولاوەی نەدەویست بۆ ئەوەی بە ژمارەیەکی روو لـە پـێش زیـاد بکـەن وخۆراکێکـی یـەکجار زۆر لـە شـیرو گۆشـت فەراهـەم بکـەن. بـەم شـێوەیە ئێسـتا هـەموو شـێوازەکانی پێشـووی خـواردن وەگیرهێنـان کشـانەوە بـۆ پلـەی دووەم، لەکاتێکـدا کـە ڕاووشـکاری پێداویسـتییەکی گـرینگ بـوو، بـوو بـە کەشـخەیی و کەرەستەی خۆنواندن (لوکسۆس Luxus).

بـەڵام ئـەم سـامانە نوێیـە هـی کـێ بـوو؟ بێگومـان سـەرەتا هـی خێڵەکـە بـوو. بـەڵام زوو بـە زوو دەبوایـە خـاوەنێکی تایبـەتی بـۆ ئـەم جەڵەبـە سـەرهەڵدا. ئەسـتەمە بتـوانین بڵێـێن موسـا کـە بـە دانـەری یەکـەمین کتێـب دەناسـرێ، بابـە ئیبراهیمـی بـەخاوەن جەڵەبـەکانی دانـابێ، سـەبارەت بـە مـافی کەسـایەتی خـۆی وەکـو سـەرەك خێزانێك، یا وەکو سەروەرێك، کە سـەرۆك خێڵـە و دەبێت میراتگری خێڵەکەی بێت. شتێکی گومـان هەڵنـەگر کـە نابێ لە دەراوی بۆچوونی ئێستاوە، لە وشەی خاوەندارێتی تایبەت بڕوانین. هەروەها گومان لەوەدا نییە کە ئێمە لـە شـیپانەی مێـژووی باوەڕپێکراوەوە، دەکەوینـە سـەر ئـەوەی کـە گاڕانـەکان لەهـەموو جێگایەکـدا بـە مـوڵکێکی تایبەتیی(13پ) سەرەك خێزانەکان دادەنرا، هەروەکو هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی چاخی بەربەریزم وئامرازە میتاڵییەکانی نێو ماڵ وپیشەسازییەکانی دەست بڵاوی وخۆنواندن وئارایشت کـەرەکان Luxsus ولەدواییشـدا موڵکدارێتی ڕانە مرۆڤ، واتە کوێلەکان.

لێرەدا کۆیلەداریی داهێندرا. کۆیلە هیچ سوودو بەهایێکی بۆ مرۆڤی قۆناغی نزمی بەربەریزم نەبوو. لەبەر ئـەوە کـاتێ کـە هینـدە سوورپێسـتە ئەمەریکییـەکان کەوتنـە پلەیـەکی بـاڵاتری پەرەسـەندنەوە هەڵسـوکەوتیان بەتەواوەتی لەگەڵ دوژمنـە نـووچ خووراوەکانیانـدا گـۆڕانی بەسـەرداهات. پیاوەکانیـان یـا ئـەوەتا دەکـوژران، یالـە هـۆزە سـەرکەوتووەکەدا وەکـو بـرای خۆیـان دەیانهێشـتنەوە. هـەروەها ژنـەکانیان دەکردنـە ژنـی خۆیـان یـا بـە جۆرێکی دیکە لەگەڵ ئەومناڵانەی کە دەمانەوە دەیانگرتنە هۆزەکەیانەوە. لەم قۆناغەدا هێزی کـاری مـرۆڤ هێشـتا هیچ زێدەیەکی بەرچاوی بەبەرهەم نەدەهێنا، کە لە سەرووی پێداویستی گوزەرانیانەوە بێت. بەڵام پـاش هێنانـە کایـەی ئاژەڵـداری ومیتـاڵ سـازی وچـنین ولـە دواییـدا کشـتوکاڵی، دۆخ بـە بـارێکی دیکـەدا گـۆڕا. هێـزی کـار، بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی کـە گـاڕان بەتـەواوەتی بـوو بـە مـوڵکێکی خانـەوادەگی، هـەمان بەسـەرهاتی ئـەو ژنانـەی بەسەرداهات کە لە پێشدا زۆر بە ئاسانی چنگ دەکەوتن وپاشان بەهایەکی ئاڵو گۆڕکەریان پەیدا کردوو بوون بە کاڵا، دەکڕدران ودەفرۆشران. لەپای ئەوەی کە خێزان بەهەمان لەزی گاڕان زیادیان نەدەکرد، بۆیە پێداویستی بە خەڵکێکی زۆر سەری هەڵدا بۆ چاوەدێری کردنی گاڕانەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دیلەکانی دوژمن بەکار دەهێنران کە بۆیان هەبوو سەرباری ئەوەش بە ئاسانی وەکو ئاژەڵەکان زیاد بکەن.

هەر کە ئەم سامانە بوون بە موڵکی تایبەتی خێزانەکان وبەخێراییی گەشەیان دەکرد، تاکو کوتەکێکی بە هێزی لە کۆمەڵگای لەسەر جووتە ژن ومێردایەتی وخێڵی لەسەردایکسالاری دامەزراو، وەشاند. جووتە ژن ومێردایەتی توخمێکی نوێی ئاخنیيە نێو خێزانەوە. شان بەشانی دایکی ڕاستەقینە، باوکی وڕاستەقینە وحاشاهەڵنەگری چەسپاند و دایمەزراند، کە لەوانەیە لە هەندێ لە (باوکانی) ڕۆژگاری ئێستا زۆر ڕاستەقینەترین. بە پێی نەریتی دابەش بوونی کار لەنێو خێزانی ئەو ڕۆژگارەدا، مێرد دەبوایە خۆراك وئامرازە پێداویستەکانی ئەو کارە وەگیر بهێنێ، کەواتە مافی خاوەنداریێتی ئامرازەکانی ئەو کارەی لە چنگ دابوو کاتێکە گرێی ژن ومێردایەتی هەڵدەوەشا پیاو ئەو ئامرازانەی لەگەڵ خۆ دەبردن، بەلام ژنەکە دەفروکەرەستەکانی نێومالی بۆ دەمایەوە. جا بە پێی داب ونەریتی باوی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، مێرد خاوەن سەرچاوە نوێیەکانی خۆراك بوو، واتە گاڕانەکەش، هەروەها لە دواییدا خاوەن ئامرازی نوێی کار کردن بوو، واتە کویلەکانیش. بەلام بە پێی داب ونەریتی باوی ئەو کۆمەڵگایە، ئەو شتانە لە پاش خۆی بۆ منالەکانی بە میرات نەدەمانەوە، بۆمانەوەش (میرات) بەم جۆرەی خوارەوە بوو :

بە پێی مافی دایکسالاری، یاخود لەبەر ئەوەی کە ڕەچەڵەك تەنها بە ڕێگای بەرەی ژنانەوە ڕەچاو دەکرا، هەروەها بە پێی سیستمی سەرەتاییی میراتگیری لەناو خێڵدا، ئەو ئەندامەی کە دەمرد شتەکانی بۆ خزمەکانی نێو خێڵەکەی بەجێ دەمان. دەبوایە ئەو شتانەش هەر لە نێو خێڵەکەدا مابانەوە. لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی میراتەکەیان پێك دەهێنا زۆر کەم بوون، بە زۆری هەر لە دێر زەمانەوە بۆ نزیکترین خزمان بەجێ دەمان، واتە بۆ خزمە خوێنەکانی ڕێگای دایکەوە. بەلام وەچەی پیاوە مردووەکە سەر بە خێڵەکەی خۆی نەبوون، بەڵکو سەر بە خێڵەکەی دایکیان بوون لەبەر ئەوە لەگەڵ خزمە خوێنەکانی دیکەی دایکیاندا میراتگری دایکیانیان دەبوون، ئەمجا، پاش ئەوە لەوانەیە چووبێتنە ڕیزی پێشەوەی میراتگرەکانی ژنەکە. بەلام بۆیان نەبوو میراتگری بابیان بن چونکە سەر بە خێڵەکەی ئەو نەبوون، لەبەر ئەوە موڵکومالی باوك لەنێو ئەو خێڵەدا دەمایەوە. هەر بۆیە پاش مردنی خاوەن ڕانەکە، دەبوو لەپێش هەمووان دا بدرابایە بە براکانی وخوشکەکانی و برازاکانی یاخود تەنانەت بۆ وەچەی خوشکەزاکانی دایکی. بەلام تەنها منالەکانی، ئەوە لەو میراتە بێ بەش دەبوون.

بەم ئاوایە هەر چەندە سەروەت وسامان زێتر دەبوو، لەلایەکەوە پلەو پایەیەکی چاکتری بە مێرد دەبەخشی وەك لەهی ژنەکە، لەلایەکی دیکەوە تەقەلادانێکی لێ کەوتەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەم پایە چەسپاوە بۆ گۆڕینی سیستمی لە مێژینەی میراتگیری لەبۆ بەرژەوەندی مندالەکان. ئەمەش نەدەهاتە دی چونکە ڕەچەڵەك تەنها بە پێی مافی دایك ڕەچاو دەکرا، لەبەر ئەوە دەبوایە ئەم مافە ڕیشە کێش بکرێ، هەر وەك چۆن کە کرا. ئەم کارەش بەو ئەندازەیە سەخت ودژوار نەبوو کە ئێستا ئێمە بۆی دەچین. چونکە ئەم شۆڕشە کە لە هەموو ئەو شۆڕشانە گرینگتر بوو کە مرۆڤایەتی تاوەکو ئێستا ئاشنای بووە، هیچ پێویستی بە ورووژاندنی ئەندامێکی زیندووی خێڵەکە نەدەکرد، چونکە هەمووان هەر وەکو جاران بۆیان هەبوو پاش ئەم شۆڕشەش لەنێو خێڵەکەدا بمێننەوە. تەنها ئەوەندە بەس بوو کە بە سانایی بڕیار بدرێ کە تۆرەمەی ئەندامە پیاوەکانی خێڵەکە لەدوا ڕۆژدا لە نێو خێڵەکەدا بمێننەوە و تۆرەمەی ئەندامە ژنەکانی بچنە دەرێ وبگوێزنەوە نێو خێڵی باوکی ژنەکە. بەم شێوەیە ڕەچەڵەك ڕەچاو کردن بە پێی وەچەی ئافرەتان لە گرێژنەچوو هەر بەهەمان شێوەش مافی میراتگیری بە پێی هێڵی دایکان، بڕیار لەسەر ڕەچاو کردنی وەچەی باوان ومافی میراتگیری بە پێی هێڵی یا ڕێگای باوکان درا. ئێمە شتێك لە بارەی چۆنێتی و کاتی بەرپابوونی ئەم شۆڕشە لەکن گەلە شارستانییەکاندا نازانیین. چونکە بە تێکڕاییی دەگەڕێنەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، بەلام ئەم شۆڕشە خۆی **بەرپا کرد**، ئەوەش ئەو فرە زانیارییانە دەیسەلمێنن کە بەتایبەتی لە بارەی شوێنەوارە جۆربەجۆرەکانی مافی

دایکسالاریەوە باخۆڤن دەسکەنەی کردوون. بەڵام چەند بەئاسانی ئەم شۆرشە بەئەنجام گەییوە، ئەوە لە کۆمەڵێك نموونەی تەواوی هۆزەکانی هیندە سوور پێستەکان پەییان پێ دەبەین، کە هێشتا ئەم شۆرشەیان تێدا بەردەوامە و پلەبەپلە لە لایان دێتەدی، ئەوەش بەهۆی کەڵەکە بوونی سەروەت وسامانەوە وهەروەها لەپای گۆڕانی شێوازەکانی ژیانەوە (گۆڕینی جەنگڵستانەکان بە مێرگ وچیمەن)، هەروەها بەڕادەیەکی کەم بەهۆی کارلێکی ڕەوشتی شارستانێتی ونێرەرەکانەوە. لەناو هەشت هۆز لە هۆزەکانی گۆمی روباری میزۆری‌دا شەش هۆز بەپێی هێڵی باوکان رەچەڵەك رەچاو دەکەن وددان بە میراتگرتنی ئەو هێڵەدا دەنێن، کەچی تەنها دوو هۆز بەپێی هێڵی ژنان رەچەڵەك ڕەچاو دەکەن ومیرات گرتن لەو ڕچەیەوە دەسەلمێنن. لەناو هۆزەکانی شاونی ومیامی ودیلاوار، وا باو بوو کە نازناوی یەکێك لە خێڵەکانی بابیان لەو منالأنە دەنان، بەو جۆرە خێڵی منالەکان دەگۆرا و دەبوون بە میراتگری بابیان. «لەدایکبوونی بڕوبیانووی مرۆڤایەتی، گۆڕینی شتەکان بە گۆڕینی ناوەکانیان! هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پەنایەك بۆ ئەوەی هەر لە چوارچێوەی داب ونەریتەکاندا سەرپێچی لەو داب ونەریتانە بکرێ، کە تێدا بەرژەوەندی پالپێوەنەری ڕاستەوخۆی بێت!(مارکس)(45). لێرەوەرا بشێوینی‌یەکی بەگرێ وگالێ سەری هەڵدا کە دەبوایە چارەسەر بکرێ، جا بە گوێزانەوە بۆ باوکسالاری چارەسەرکرا، (ئەم گوێزانەوەش وەك پێ دەچێ بەگشتی ئاساییترین ڕێگاچارە بووبێت)(مارکس)(46). بەڵام ئایا یاسا ناسەکان چ مان پێ دەبێژن کە پەنا دەبەنە بەر ڕێبازی بەراوورەکاری لە بارەی ئەو شێوەیەی کە لە شارستانییەکانی جیهانی کۆندا ئەم گوێزانەوەیەی پێ ئەنجام دراوە ــ گومانی تێدا نییە کە لە ڕۆنانی گریمانە بەولاوە نا بوێرن. بڕوانە م. کوڤالیفسکی (کورتەیەك لە بارەی بنەچە وپەرەسەندنی خێزان و خاوەنداریێتی)ەوە، ستۆکهۆڵم، 1890 (47).

هەرەس هێنان بە دایکسالاری **بەزینێکی مێژوویی جیهانی بوو بۆ ڕەگەزی مێینە**. لەماڵەوەشدا پیاو جڵەوی سەرکردایەتی گرتە دەست، ژنان نابوود وڕیسوا وبن دەستکران، بوون بە کۆیلەی ئارەزووی پیاو وکران بە ئامرازێکی سادە بۆ دروستکردنی منالأن. ئەم بارو دۆخە ژنانی سووك کرد، هەروەکو چۆن لەکن گریکەکانی چاخی پاڵەوانێتی‌دا دەردەکەوێ ولەوەش ئاشکراتر لەکن گریکەکانی چاخی کلاسیکی کەرۆژبەرۆژ بە ڕیپاکاری و دووڕوویی ڕووپۆش دەکرا، جاری وەهاش هەبوو کە بە شێوەیەکی سووکتر دادەپۆشرا، بەڵام هەرگیز لەناوی نەبرد.

کاتێ کە دەسەلاتی پیاوان کت ومت بەم ئاوایە بنجی داکوتا، تاکو یەکەمین کارلێکەی لەشێوەی راگوێزتن بەدەرکەوت، ئەو شێوەیەش بریتی بوو لە خێزانی پاتریاریی(14پ). شەقڵی جیاکەرەوەی سەرەکی ئەم خێزانە کە لەمەولا باسی دەکەین، فرە ژنیی نییە بەڵکو بریتییە لە:

((ئۆرگانیزەکردنی ژمارە کەسێکی دیاری کراو، ئازادو ونائازاد، لە خێزانێکدا لەژێرڕکێفی دەسەلاتی باوك وەك سەرەك خێزان. لە خێزانە سامییەکاندا، ئەم سەرۆك خێزانە لە سایەی زۆرژنەدا دەگوزەرێ، کۆیلەش ژن ومنالی خۆی هەن، مەبەستی لە تێکرای ئەم سازمانە بریتی‌یە لە ئاژەڵداریی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا)) (48).

دوو کرۆکە نیشانە هەن کە ئەم خێزانە جیا دەکەنەوە، بریتین لە گرتنە خۆوەی کوێلەکان ودەسەلاتداریێتی پیاوان بەسەر ئەو خێزانەدا. بەم پێیە خێزانی ڕۆمانی دوا شێوەی نموونەیی ئەم چەشنە خێزانەیە. وشەی(familia فامیلیا، خێزان)، لە بنەڕەتدا، بە واتای نموونە بالأی وردە بۆرژوایەکی هاوچەرخی ناچیزە نییە کە لەلای ئەو لەکۆی سۆز وناکۆکی نیو ماڵ پێك هاتووە، بەڵکو پێش هەموو شتێك لەکن رۆمانییەکان بەواتای مێردو ژن ومنالێ نییە، بەڵکو تەنها ئاماژەیە بۆ کۆیلەکان. وشەی Famulus فامولۆس مانای کۆیلەی نێو ماڵە، وشەی Familia مانای کۆمەڵە کۆیلەیەکە کە سەر بەیەك پیاو بن. تەنانەت لە سەردەمی (گایۆس)–

-یشدا id est patrimonium،familia (خێزان) ﴿کە لێرەدا مانای میرات﴾ە بە میرات دەمایەوە، ڕۆمانییەکان ئەم دەستەواژەیەیان بۆ پێناسەکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تازەیە هەڵێنجا کە سەرکردەکەی دەسەڵاتی بەسەر ژن ومناڵ وژمارە کۆیلەیێك دا هەبوو، جا بە حوکمی دەسەڵاتی باوکایەتی ڕۆمانی، مافی ژیان ومردنی هەموو ئەو کەسانەی لە چنگ دابوو کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی.

(( کەواتە ئەم دەستە واژەیە لە سیستمی زرێداری خێزان کۆنترنییە کە لەکن ئەو هۆزە لاتینیانەدا سەری هەڵدا پاش هێنانەکایەوەی کشتوکاڵ وکۆیلەداریی ڕەوا. پاش لێکدابڕانی ئیتالییە ئارییەکان وگریکەکان )) (49) .

مارکسیش دەخاتە سەری ودەڵێ : (( خێزانی هاوچەرخ نەك تەنها ئاوەلەمی کوێلەداری (Servitus) لە دوو توێدایە، بەڵکو لەتەك ئەوەشدا ئاوەلەمی مسکێنیش، چونکە ئەم خێزانە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە بە((خزمەتگوزارییەکان))ی کشتوکاڵەوە بەستراوە. بەڵکو بە شێوەیێکی **بچووك کراوە** هەموو ئەو ناکۆکییانەی لە دووتوێدایە کە لەوەپاش بە بەربڵاوی لە کۆمەڵگاو لە دەوڵەتەکەیدا پەرەی ئەستاندووە )) (50).

ئەم شێوەیەی خێزان بەواتای گوێزانەوەیە لە جووتە ژن ومێردایەتێوە بۆ تاکە ژن ومێردایەتی. جا بۆ فەراهەم کردنی داوێن پاکی ژنەکە، واتە بۆ فەراهەم کردنی باوکایەتی منداڵەکان، ژنە بە تەواوی دەخرێتە ژێر ڕکێفی ڕەهای مێردەکەیەوە ، جا ئەگەر بیکوژێ، ئەوە تەنها مافی خۆی بەکار دەهێنێ.

لەگەڵ سەرهەڵدانی خێزانی باوك سالاریدا، دەچینە گۆڕەپانی مێژووی نووسراوەوە، کەواتە دەچینە بووارێکەوە کە تێدا زانستی یاسای بەراوردکاری دەست گیرۆێیکی چاکمان دەکا. هەروەکو بەکردەوەش ئەم زانیارییە بۆ هەنگاوێکی مەزن یارمەتی داین کە ڕووەو پێشەوە نامان. ئێمە قەرزداری مەکسیم کوڤالیڤسکیین (کورتەیێك لەبارەی بنەچەو پەرەسەندنی خێزان وخاوەنداریێتی)، ستۆکهۆلم، ساڵی 1890، لاپەڕە(60 - 100)، بەوەی سەلماندی کە کۆمۆنەی پاتریاریی نێو ماڵ کە ئێستا لەلای سرب وبولگارەکان دا کە بەناوی زیدرووگا Zádruga بەدی دەکەین (نزیکە لە واتای پەیوەندی هەرەوەزی) یا براتستڤۆ Bratstvo (برایەتی)، هەروەها لەلای گەلە ڕۆژهەلاٌت نشینەکاندا لە شێوەیەکی دیکەدا گەلاٌلەبووە، کە پلەی گوێزانەوەی ئەوخێزانەی پێکدەهێنا، و لەبەگەلەژن و مێردایەتییەوە پەیدابووە و لەسەردایك سالاری دامەزرا و تاکەخێزانی جیهانی ئەمرۆی لێ دروست بوو. ئەمەش، لانی کەم بۆئەوگەلە شارستانیەکانی جیهانی کۆن واتە ئارییەکان و سامییەکان، چەسپاوبێ.

Zádruga (زادروگا) ی سلاڤییەکانی باشوور چاکترین نمونەی تائێستا زیندوون لەسەر ئەم جۆرە کۆمۆنەیەی خێزان، کەچەند نەوەیەکی چەندین وەچەی بە خۆوەگرتووە کە لەیەك دایك و باوکەوە ڕچەیان گرتووە، جگەلەوەی کەلە ماڵێکدا پێکەوە دەگوزەران و زەوییەکانیان بەهاوبەشی دەکێڵاٌ و لە ئازووقەی هاوبەش دیانخوارد و لەبەریان دەکرد و بەروبوومی زیادەش هی هەمووان بوو. جڵەوی ئەم کۆمۆنەیە لەچنگ بەڕێوەبەری بالاٌی سەرگەورەی ماڵە (domàćin) کە لەکاروباری دەرەوەی ماڵدا نوێنەرایەتییان دەکا وبۆی هەیە شتە بچووکەکان بفرۆشێ وقاسە بەڕێوە دەبا ولە بەرامبەریشیدا بەر پرسیارە هەروەها لە چاکی ودروستی بەڕێوە بردنی سەرپاکی وەبەرهێنانەکەش بەر پرسیارە. ئەو سەرگەورەیەش هەڵدەبژێردرێ، مەرج نییە کە لەهەمووان بەتەمەنتربێت. ژنەکانیش لەگەڵ هەموو ئەوکارانەی کە دەیکەن، جڵەویان بەدەست کەیبانووەیە (domàćica) کەزۆربەی کات ژنی سەرگەورەی ماڵە. ئەمیش ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕی، زۆر جار ڕۆڵێکی یەکالاٌکەرەوەیە کاتێ کە مێرد بۆکچانی نێو کۆمۆنەکە هەڵدەبژێرێ. بەلاٌم دەسەلاٌتی بالاٌ لەدەست ئەنجومەنی خێزاندایە، کاتێ کە هەموو ئەندامە پێگەییوەکان، بە ژن و پیاوەوە کۆدەبوونەوە. لەبەردەم ئەم کۆبوونەوەیەدا سەرگەورەی ماڵ حیساب و سەوداکانی دەهێنایە پێش و کۆبوونەوەکەش دوابڕیارەکانی خۆی لەسەر دەدان و داوەریی

ئەندامانی کۆمۆنەکە دەکاو بڕیار لەسەر پڕۆژە گرینگەکانی لەمەر کڕین و فرۆشتن دەدا، . بەتایبەتی بەوانەی کەپەیوەندییان بەزەوی و زارەوە هەیە .، هتد..

تەنها دەساڵە بەڵگە لەسەر بوونی ئەم کۆمۆنە خانەوادەگییە مەزنانە هاتووە کەگوایە هێشتا لەڕوسیا هەر لەئارادان(51). ئێستا هەمووان ددان بەوەدادەنێن کە ئەم کۆمۆنانە مانەندی کۆمۆنە دێهاتییەکان ڕەگ وڕیشەیان بەتەواوەتی لە نەریتە میللییەکانی رووسییەدا هاویشتووە، ئەمەش لە کۆنترین کۆمەڵە یاسای ڕووسییەدا باسی کراوە، لە پراڤدای یاروسلاڤدا (52)، هەر لە ژێر ئەو ناوەدا (Vervj) (ڤێرڤج) کە لە یاسا دالماتینیەکاندا(53) هاتووە، هەروەها لە سەرچاوە مێژووییە پۆلۆنییەکان وچیکییەکاندا چەند ئاماژەیەکیان بۆ کراوە.

لەلای ئەڵمانییەکانیش بە قسەی هویسلەر (بناغەکانی مافی ئەڵمانی) (54) یونیتی(یەکەی) ئابوری لە بنەرەتدا خێزانی یەکلانە نییە بە ماناکەی ئێستای، بەڵکو (کۆمۆنەی نێو ماڵە) کە بریتییە لە چەند نەوەێك وخێزانەکانیان، زۆر جار کۆیلەشیان لەگەڵ دان.

خێزانی ڕۆمانیش سەر بەم بابەتە خێزانەیە، بۆیە دەسەڵاتی ڕەهای باوك وبێبەشی ئەندامەمانی دیکەی خێزان لە هەموو مافەکانیان لەم دواییانەدا بوو بەمایەی بێنەو بەرەیەکی توند وتییژ. وەك دیارە کە کۆمۆنەی مانەندی خانەوادەگی لەکن کەلتەکانی دانیشتوانی ئێرلەندەشدا هەبووبێ. هەروەها لە فەرەنساش، ئەم کۆمۆنەیە لە هەرێمی نیڤرنییە لە ژێر ناونیشانی parçonneries ، هەتاکو شۆرشی فەرەنساش درێژەی هەبووە. بەڵام تارۆژانی ئەمرۆشمان کۆمیتەی فرانش Franche Comtéهێشتا بەتەواوەتی لە ناو نەچووە. لە ناوچەی لووهانس، شاری (سون . ئای . لوار)دا چەندها خانووی گەورە گەورەی جوتیاریی بەدی دەکرێن کە هۆلێکی ناوەندیان تێدایەو بە بەرزی ئەو هۆڵانەش لە هەموو لایێکەوە چەند ژوورێکی نوستن هەڵنراون وبە پەیژەی 6 تا 8 پلیکانە بۆیان بەسەردەکەون، وچەندین وەچەی هەمان خانەوادە لەم خانووانەدا دەگوزەرێن.

لە هیندستاندا نیارخۆس (55) کە ئیستا ئەسکەندەری مەزنی پێدەڵێن ئاماژەی بۆ بوونی ئەم کۆمۆنە ماڵیانە کردووە کە لەسەر بناغەی بەشداری کردن لە کێڵانی زەوی بنیاتنراون ئەم کۆمۆنەیە لەو جێگایەدا هێشتا هەر لە ئارادایە، واتە لە بەنجاب و لەتێکڕای بەشی باکووری رۆژئاوای هەمان وڵاتدا. کۆڤالیڤسکی بەخۆی توانی، بوونی لەقەفقاسدا بسەلمێنیٚ. هەروەها لە جەزایر لە وڵاتی قبائیل دا هێشتا هەر هەیە. وادیارە کە تەنانەت لە ئەمەریکاشدا هەبووبیٚ و وای بۆ دەچن کە لە (Calpullis)داهەبووبیٚ، کە زوریتا لە مەکسیکی کۆندا نووسیویێتی(56). لە لایێکی دیکەوە، کونۆڤ لە «,, Ausland “ ی ژمارە 42-44 لەساڵی 1890 دا »(75) بەتێرو تەسەلی ڕوونی کردەوە کە وڵاتی پیرۆ لەکاتی داگیرکردندا، دیاردەیەك لەشێوەی سیستمی ,,مارك“ لە ئارادابووە ( سەیرەکە لەوەدایە کە ,, مارك“ ئەوساش پێی دەگوترا مارکا marca) ئەمەش لەسەر بەنۆرە دابەشکردنی زەوییە کێڵدراوەکان، واتە لەسەر کێڵانی تاکەکەس، بنیات نرابوو.

بەهەرحاڵ، کۆمۆنەی پاترياريی ماڵان کە لەسەر هاوبەشی لەخاوەنداریێتی و لەکێڵانی زەوی بنیات نراوە، ئێستا گرینگییەکی بەتەواوی جیاوازی لەگەڵ جاراندا هەیە. چونکە ئێستا بۆمان نییە بەچاوی گومانەوە لەو رۆڵە مەزنەی بڕوانین کەلەلای گەلە شارستانییەکان و هەندێك لەگەلانی دیکەی جیهانی دێرین لەکاتی گوێزانەوە لەو خێزانەی کە لەسەر دایك سالاری دامەزرابوو بۆ تاکەخێزان دەیگێڕا. جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر بۆدەرکەوتنەکەی کۆڤالیڤسکی کەدەڵێ کۆمۆنەی پاترياريی ماڵان پلەی گوێزانەوەی پێك دەهێنا کە لییەوە کۆمۆنەی لادیٚ یاکۆمۆنەی مارك پەیدا بووە کە لەسەر کێڵانی زەوی بەشێوەێکی تاکە کەسی لەلایەن خانەوادە

جۆربەجۆرەکانەوە بنیات نرابوو وهەروەها لەسەرەتادا لەسەر بەخول دابەشبوونی کێڵگە ولەوەڕگەکان دامەزراوە وپاشان بەدابەشبوونێکی هەتا هەتاییی.

لەبارەی گوزەرانی خێزانەوە لەنێو ئەم کۆمۆنەماڵیانەدا، شایانی باسە کە سەرگەورەکانی ماڵ بەلانی کەم لە روسیادا زۆر بە ناشیرینی پلەو پایەداری خۆیان دەرهەق بە ژنە جحێڵەکانی نێو کۆمۆنە بەکار دەهێنن، بەتایبەتی دەرهەق بە براژن وبووکەکانیان، چونکە زۆر جار دەیانکەن بە حەریمی Harem (15پ) خۆیان، گۆرانییە میللییە رووسیەکان گەواهێکی چاکی ئەم بووارەن.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی تاکە ژن ومێردایەتی کە بە خێراییی لەسەرو بەندەنی ڕووخانی مافی دایکایەتێوە پەرەی ئەستاند، چەند وشەیێکی دیکە لە بارەی فرە ژنیی وفرە مێردییەوە دەڵێین. ئەم دوو شێوە ژن ومێردایەتییە، گەر بشێ بڵێین، بریتین لە دووبەرهەمی نائاسایی ئارایشتگەریLuxusproducte مێژوون، لەکاتێکدا ئەگەر هەردووکیان شان بەشانی یەکتر ولەهەمان ولآت وهەمان کاتدا هەبووبن، ئەوەش وەك ئاشكرایە وەها نەبووە. لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانەی کە لە فرە ژنیی‌دا دەرِەتێنران تەنها بەو ژنانە تاسەیان نەدەشکا کە لە فرە مێردییدا لە زیادە دەمانەوە ولەبەر ئەوەی ژمارەی پیاوان وژنان تاكو ئێستا کەم تا زۆر، بەبێ لەبەر چاوگرتنی دامەزراوە کۆمەڵیەتییەکان، هەر بەیەکسانی ماونەتەوە، بۆیە خۆبەخۆ نەدەکرا کار بەشێوەیەکیان لەوی تر زیاتر یا کەمتر بکرێ. جا بەکردەوەش فرە ژنیی یەك پیاوێك، بەبێ هیچ گومانێك، لە ئەنجامی کوێلەتێوە دروست دەبوو وتەنها بۆ ئەو کەسانە لوواوە کە پلەو پایەیێکی لە ئاسابەدەریان داگیر کردبوو. لەخێزانی پەتریرکی (باوکسالاریی) سامییەکاندا، تەنها پەتریرك (باب) و ئەوپەڕەکەی هەندێك لە کوڕەکانی، لە فرە ژنیی‌دا بوون، بەلآم ئەوانی دیکە دەبوایە تاکە ژنێکیان هەبێت. ئەم بارەش تاكو ئەمڕۆش لە سەرپاکی رۆژ هەلآتدا هەر لەئارادایە; چونکە فرە ژنیی ودمی دەوڵەمەندو گەورە پیاوان بوو ولەبنەڕەتدا بەکڕینی کەنیزەك (کوێلەژنەکان) دەهاتە دی بەلآم زۆربەی خەڵك لە دۆخی یەك ژنەدا دەگوزەران، بەهەمان شێوەش فرە مێردیی لە هیندستان ولە تیبتدا کارێکی هەلآوێشت ولەئاسابەدەر بوو، گومان لەوەدا نییە کە کێشەی بنەڕەتی ئەم شێوە ژن ومێردایەتییە کە لە بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتێوە سەرچاوەی گرتووە پڕە لە شتی سەیر وسەمەرە وهێشتا تینووی لێکۆڵینەوەیەکی پترە. لەلایێکی دیکەوە، وادیارە کە فرە مێردیی، لەپراکسسدا، لێبوردنێکی زۆر زێتری لە دوو تۆدایە وەك لە سازمانی(Wirtschaft)حەریمەکان لەلای موسڵمانەکاندا کە لەسەر ئێرەیی بنیات نراوە. لانی کەم لەلای نایرەکاندا لە هیندستان، سەرەرای ئەوەی کە هەرسێ یا چوار پیاو یا زێتر ژنێکی هاوبەشیان هەیە بەلآم هەر یەکێك لەو پیاوانە بۆی هەیە بەهاوبەشی سێ پیاوی دیکە یا زێتر لە ژنی دووەم یاسێهەم یاچوارەم، هتد... بەشدار بێ. سەیرەکە لەوە دایە کە ماك-لینان باسی ئەم یانە (Club) ژن ومێردایەتییەی کردووە کە ئەندامەکانی بۆیان هەیە لە چەند یانەیەکی دیکەدا بەشدار، بەبێ ئەوەی گروپە تازەکانی **یانەی ژن ومێردایەتی** بدۆزێتەوە. بەلآم لەڕاستیدا هەرگیز سازمانی(Wirtschaft) ئەم یانانەی ژن ومێردایەتییە بەهیچ جۆرێك فرە مێردیی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەروەك جیرۆد-تولۆن ئاماژەی بۆ کرد، شێوەیێکی تایبەتییە لە شێوەکانی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی، کە پیاوان لە دۆخی فرە ژنیی‌دا دەگوزەرێن وژنەکانیش لە دۆخی فرە مێردییدا

# 5
# خێزانی یەکلانە

هەروەك لەوەپێش گوتمان لە خێزانی دوولانەوە سەر هەڵدەدا، لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی ناوەنجی وبالآی قۆناغەکانی بەربەریزمدا. دواسەرکەوتنشی یەکێکە لە نیشانەکانی سەرەتایی چاخی ژیاریی. ئەم خێزانە لەسەر دەسەڵاتی مێرد دامەزراوە لەگەڵ ئارازوویەکی بێ پەردەی لەدایك بوونی منالێ گەلێك کە هیچ پیلەکەیێك لە سەرباوکایەتیان نەکرێ، چەسپاندنی ئەم باوکایەتیە پێویستە چونکە ئەو منالآنە رۆژێك لە رۆژان دەبنە خاوەن ماڵ وسامانی باوکیان سەبارەت بەوەی کە میراتگری ڕاستەو خۆی بابیانن. خێزانی یەکلانە بەوە خۆی لە خێزانی دوولانە جیا دەکاتەوە کە کۆڵەکەو ئەستووندی ژن ومێردایەتیەکەی زۆر مەحکەمترە ، هەروەها ئەم پەیوەندیە بۆی نیە بە ئارەزووی هەرلایەك هەڵبوەشێتەوە. بەڵکو ئێستا لەڕاستیدا هەمووی لەدەست پیاوەکەیە کە ئەو پەیوەندییە ڕابگرێ یا ناپاك بێ. مافی ناپاکی ژن ومێردایەتی، هەر نەبێ بە زەبری داب ونەریت، بۆ مێرد فەراهەمە، (یاسای ناپلیۆن Code Napoléon بەبێ پەردە ئەم مافە بەمێرد دەسپێرێ، بەو مەرجەی کە پیاوەکە دۆستەکەی نەهێنێتە ماڵەکەیەوە)(58). ئەم مافەش ڕوولەزیاد بە ئەندازەی پەرەئەستاندنەکانی کۆمەڵایەتی کاری پێدەکرێ. بەڵام کاتێ کە ژنەکە بیەوێ یادی رۆژانی ڕابردوو بکاتەوە، ئەوە تووشی سزایێك دەبێت زۆر لەهی جاران بەزەبر تر.

ئەم شێوە تازەیەی خێزان لەلای یۆنانییەکان زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێ. ڕۆڵی خوداوەندە مێینەکان لە میتۆلۆژیادا، هەر وەکو مارکس سەرنجی دایێ (59)، سەردەمێکی کۆنمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە کە ژنان لەپلەیەکی ئازاد دابوون وئەوپەڕی ریزیان لێ دەگیرا بەڵام لەسەردەمی پاڵەوانێتیدا بەهۆی دەسەڵاتداری پیاوان وململانێی کەنیزەکەکان (کوێلەژنەکان) پلەو پایەی ژنان سووك ونزم بوو هەر وەك لە (ئۆدێسە)دا دەخوێنینەوە کە چۆن تیلماخۆس قسە بەدایکی دەبڕێ وبێدەنگی دەکات (60). هەروەها لە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس دا کیژۆڵە دیلەکان ملکەچی ئارەزووی براوەکانی جەنگ دەبن، سوپاسالارەکان بەپێی پلەو پایەکانیان بەنۆرە شۆخە دیلەکانیان هەڵدەبژارد، هەروەك ئاشکرایە کە هەموو ڕووداوەکانی (ئەلیادە) لەبارەی ناکۆکی نێوان ئەخیلیوس وئاگامەمنوون دایە لە پێناو یەکێکە لەو کەنیزەکانە. لەگەڵ هەر پاڵەوانێکی هۆمیریدا، کە پلەوپایەێیکی هەبێت، ناوی یەکێك لەو کچە دیلانە دێت کە لەگەڵیدا لەیەك دەوارو لەسەر یەك جێو بالینگاندا بووە. ئەم کیژانەش لەگەڵ خۆیاندا بۆ نیشتمان وماڵەکانی خۆیان دەبەنەوە، هەر وەك چۆن، ئاگامەمنون لەگەڵ کاسندرا لەئەسخیلۆس دا وەهایان کرد(61). ئەو منالآنەی کە لەم کەنیزەکانە دەکەنەوە بەشێکی کەمیان لەمیراتی بابیان پێ دەبڕێ وبەئازاد لەقەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە (تویکرۆز) کە بێژووە کوڕی (تیلاموونە)، بۆی هەیە ناوی باوکی هەلبکرێ. ژنی ئەوپیاوەی کە کەنیزەکی هەیە دەبێت بەرگەی هەموو ئەمانە بگرێ وزۆر بەوردیی دەستبەندی ئەرکی داوێن پاکی وئەرکی دەست پاکی ژن ومێردایەتی بێ. ڕاستە ژنی گریکی سەردەمی پاڵەوانێتی زۆر زیاتر لە ژنی چاخی ژیاریی ریزی لێ دەگیرا، بەڵام دوا جار بەنیگای مێردەکەی تەنها دایکی منداڵە میراتگرە ڕەواکانێتی (الشرعیین) کە لەسایەی ئەو ژن ومێردایەتییەدا سەریان دەهێناوە، هەروەها بەرێوەبەری بالآو چاودێری بالآی کە نیزەکەکانێتی کە بۆی دەلوێ، بەئارازووی خۆی، بیانکا بە گراوی خۆی. بوونی کوێلەتی شان بەشانی تاکە ژن ومێردایەتی وبوونی کەنیزەیەکی جوان وشۆخ وشەنگ کە بەڕەهایی لارەملی هەڵس

وکەوتی **پیاون**، ئەمانە بوون هەر لە سەرەتاوە شەقڵی تایبەتی سیمای تاکە ژن ومێردایەتی، ژن ومێردایەتییێك کە **تەنها بۆ ژنان تاکە** نەك بۆ پیاوان، تا ئێستاش ئەم شەقڵە تایبەتییەی خۆی هەر لەدەست نەداوە..

لە گریکی کۆندا پێویستە جیاوازییێك لە نێوان دۆرییەکان وئایۆنییەکاندا دەرك پێ بکەین. لەلای دۆرییەکان کە سپارتە نموونە کلاسییەکەیانە، پەیوەندییەکانی ژن ومێدایەتییان لە زۆر لاوە زۆر سەرەتاییی بوو تەنانەت زۆر لەوەی کە هۆمیرۆس بۆیان چووبوو. لە سپارتەدا، ئەو جووتە ژن ومێردایەتییە باوە کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە پێی بیرو بۆچوونی سپارتییەکان، ڕاست کراونەتەوە، جگە لەوەی کە لە زۆر لاوە شێوەی دەچێتەوە سەر ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ . هەرچ ژن ومێردایەتییەك، کە منالی تێدا نەکەوێتەوە هەڵدەوەشێتەوە; شا ئەنکساندریداس (ساڵی 650 پ. ز) ژنێکی دیکەی بەسەر ژنە نەزۆکەکەیدا هێناو دوو ماڵی دامەزراند; لە هەمان سەردەمدا شا ئەرستون کە دووژنی نەزۆکی هەبوو، ژنی سێهەمی هێنا، بەرامبەر بەوەش یەکێك لە ژنە کۆنەکانی بەری کرد. لەلایکی دیکەوە چەند برایك بۆیان هەبوو لە ژنێکدا هاوبەش بن. هەروەها ئەو پیاوەی کە ژنی هاوڕێکەی بەگەن کردبا بۆی هەبوو بەشداری تێدا بکات، جگەلەوەی کە بەکارێکی زۆر گونجاویان دەزانی ئەگەر زەلامێك ژنەکەی بۆ (کەڵ)ێکی پرکێش تەرخان کردبا، وەك ئەوەی بسمارك مەبەستی بێ بڵێ، تەنانەت گەر ئەم (کەڵ)ە لەڕیزی هاولاتیانیش نەبوایە. پەرگرافێك هەیە لەکن بلووتارش تێدا دەڵێ، کە پیاوێك شەیدای ژنێکی سپارتی دەبێت، ژنەکە ڕەوانەی کن مێردەکەی خۆی دەکا بەڵکو مێردە ڕازی بێت. ئەم پەرگرافە، شوومان گوتەنی، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئازادییەکی بەریین وبەر فراوان باڵی بەسەر خوو ورەوشتی ئەو سەردەمەدا کێشاوە(62). هەر لە سۆنگەی ئەمەشدا ناپاکی کردنی ژنان لەگەڵ مێرددا، تاوانێکی یەکجار گەورە و نامۆ بوو، لەلایکی دیکەوە، سپارتە، لانە کەم، لە چاکترین سەردەمەکانیدا ئاشنایەتی لەگەڵ کۆیلایەتی مالاندا نەبووە، بەڵکو (هیلوت)ە کۆیلەکان بەتەنیا لەسەر شتوومەکەکانیان دەگوزەران، لەپای ئەمەشدا ئافرەتەکانیان زۆر دەگمەن بوو ئەگەر سەرنجی پیاوە سپارتییەکان رابکێشن(63). بەهۆی ئەم بارو زروفەوە، زۆر ئاسایی بوو ئەگەر ژنان لە سپارتەدا خاوەن پلەو پایەیێکی بەڕێز بوون زۆر زیاتر وەك لەکن گریکەکانی دیکەدا. ژنانیسپارتی وهەڵبژاردە هیتیریستە ئەسینیەکانی دیکە، ژنگەلێك بوون کە لە یۆناندا، کۆنەکان ددانی ڕێزیان پێدا دەنان و بیروبۆچوونەکانیان دەکردن بە گەواە.

بەلام باری ئایۆنییەکان، ئەوانەی کە ئەسینا نموونەیان بوو بەتەواوی جودا بوو. لێرەدا ژنان تەنها فێری ڕستن وچنین ودوورین دەبوون، لەچاکترین حاڵەتیشدا فێری خوێندن ونووسینیش دەبوون. تاڕادەیێکیش زۆر بەلاتەریکی دەژیان وتەنها لەگەڵ ژنانی دیکەدا تێکەڵ دەبوون. جێگای ژنانیش لە بەشێکی لاچەپی ماڵدابوو، لەنهۆمی سەرەوە یا لە پاشەوەی ماڵەکەدا بوو، بەجۆرێك بوو کە پیاوان، نەخوازەلا غەوارەکانیان، بە ئاسانی نەیانگەنێ. کاتێ کە پیاوان دەچوونە ئەو ماڵە، ژنان دەخرانە ئەم یائەو بەشەی ماڵەکەوە. بەبێ قەرەواش (ژنەکۆیلە) لەماڵەوە دەرنەدەچوون. لەماڵیشدا لەژێر چاوەدێرێکی تەواودا بوون. ئەرستوفانس باس لە سەگی پاسەوانی دەکا کە بۆ ترساندنی داوێن پیسەکان بەکاریان دەهێنان (64) لانی کەم لەشارە ئاسیاییەکانیدا، ئەو پیاوانەیان بۆ چاوەدێری ژنان بەکار دەهێنا کە لە سەردەمی هیرودۆتس دا لە دورگەی خیوس بەمەبەستی بازرگانی پێ کردن دەیانخەساندن، ئەوانەی وەك ڤاکسموت دەڵێ، بەربەرەکان(65) وغەیری ئەوان دەیانکڕین. ئویریپیدس ژن بە oikurema (66) لە قەڵەم دەدا، واتە شتێکە بۆ هەڵسوڕاندنی کارو باری نێومال ( ئەم وشەیەش بەمەبەستی رەگەزی بێ لایەن بەکار دێت ) (16پ) بەلای ئەسینییەکاندا ژنان تەنها دەزگایەك بوون بۆ هێنانی منال، کارەکەری گەورەی مال. مێرد ڕاهێنانی وەرزشی خۆی دەکرد وکاروباری گشتی خۆی بەرێوە دەبرد بەلام ژن لەوانە بەدەر بوو، سەرەڕای ئەوەش مێرد زۆر جار چەند کەنیزەکێکی

لەبەردەست دابوون ئارەزووی خۆی پێ دادەمرکاندن، هەروەها سوودی لە رۆژانی گەشە کردووی ئەسینا وەردەگرت کە سۆزانی یەکجار تەشەندی تێدا کردبوو وبەهەر حاڵ دەوڵەتیش پارێزگاری لێ دەکرد. هەر لەسەر زەمینەی ئەم سۆزانییە نموونەی گەش وبەرچاو لە ژنانی گریکی پەیدا بوون وپەرەیان سەند، کە بە زیرەکی وسەلیقەی هونەرییان، زۆر لە ئاستی گشتی ژنانی سەردەمە دێرینەکان پایەدارتر بوون، هەر وەکو چۆن ژنە سپارتییەکانیش بەڕەوشت هەڵکەوتبوون. جا ژنان بۆ ئەوەی ببنە ژنی ڕاستەقینە، دەبوایە بچنە ڕیزی هیتیرستەکانەوە (بەڕەڵلاکانەوە)، ئەم واقیعەش بەزەبرترین حوکم بوو کە بەسەر خێزانی ئەسینیدا بدرێ.

لەگەڵ رۆژگاردا ئەم خێزانە ئەسینییە، بوو بەنموونەیێك نەك هەر ئایۆینیەکانی دیکە بەڵکو زۆر لەوانیش زیاتر تێکڕای گریکەکان چ لەناو خودی وڵاتدا یا لە وڵاتە ژێر دەستەکاندا، لاساییان دەکردنەوە وباری نێوماڵەکانی خۆیان پێ بنیاد دەنا، بەڵام زۆر جار، ژنە گریکەکان سەرەڕای چاوەدێری وتەریك کردنیان، کێسیان لە مێردەکانیان دەهێناو فریویان دەدان. ئەم مێردانەش پێیان شەرم بوو هەر جۆرە سۆزێکی خۆشەویستی بۆ ژنەکانیان دەربخەن وخۆیان بە دڵداری کردن لەگەڵ هیتیرستەکان خەریك دەکرد بەڵام ڕیسوا کردنی ژنان تۆڵەی خۆی لە پیاوان سەندەوە وپیاوان خۆیان بە ڕادەیێك سووك وچرووك کرد کە دووچاری هەتیو بازی بوون ولە پلەو پایەی خۆیان وخوداوەندەکانیان بهێننە خوارێ وەك لە ئەفسانەی گانیمیددا هاتووە.

ئا بەم ئاوایە تاکە ژن ومێردایەتی سەری هەڵدا، بەوەندەی کە ئێمە بتوانین لەکن شارستانیترین وپەرەگرتووترین گەلانی جیهانی دێرین دا تەماڵی بۆ هەڵگرین. ئەم شێوە ژنومێردایەتییە هەرگیز لەبەر خوردی دڵداری سێکسی تاکە کەسی نەبوو، هەرگیز هیچ هاوکۆڵگەیێك پێکڕای گرێ نەداون، چونکە ژن ومێردایەتی هەر وەکو پێشان پەیوەندییێکی بەرژەوەند خوازبووە. تاکە ژن ومێردایەتی یەکەمین شێوەی خێزانە کە لە سەربنجی مەرجە سروشتییەکان نەڕواوە، بەڵکو لەسەر مەرجە ئابوورییەکان رەگاوێژ بووە، مەبەستمان زاڵ بوونی مالیکییەتی(خاوەنداریێتی) تایبەتییە بەسەر مالیکییەتی هاوبەشدا کە خۆرسك وسەرەتاییە. دەسەڵاتداریێتی مێرد لە خێزاندا ولەدایك بوونی مناڵگەلێك کە تەنها لەخوێن وتۆوی ئەو کەوتوونەوە وهەر ئەوان لەدوا رۆژدا میراتگری سەروەت وسامانەکانین، . ئەمانەن تاکە ئامانجی تاکە ژن ومێردایەتییە، هەر وەکو گریکەکان بەبێ سێ ودوو جاڕیان بۆ دەدا. ئەمانەی لێ بترازێ تاکە ژن ومێردایەتی بارگرانی وئەرکێك بوو بەسەر شانیاندا، دەرهەق بە خوداوەندو دەوڵەت وخودی باو باپیرانیان، کە دەبوایە بەجێی بهێنن. لە ئەسینا، یاسا تەنها بەوەوە نەوەستا کە ژن ومێردایەتی بسەپێنێ، بەڵکو پێویستی ئەوەشی سەپاند کە مێردیش لانیکەمی ئەرکەکانی ژن ومێردایەتی جێبەجێ بکات(17پ).

بەو پێیە تاکە ژن ومێردایەتی بەو ناوەوە کە یەککگرتنێکی سەرپشکانەی نێوان ژنان وپیاوان بێ هەرگیز ناچێتە ناو مێژووەوە، هەروەها نەك تەنانەت بەوەش کە شێوەی باڵای ئەم یەککگرتنەیە. بەڵکو بە پێچەوانەوەیە لە شێوەی کۆیلەکردنی رەگەزێك لە لایەن ڕەگەزێکی دیکەوە، وەکو جاڕدانی نەسازێیك لە نێوان هەردوو رەگەزەکە خۆی دەردوخا، کە سەرپاکی مێژوو لەوەپێش ئاشنای نەبووە. لە نووسینێکی کۆنی چاپ نەکراودا من ومارکس لە ساڵی 1846 دا دامانناوە، ئەمەم بۆ ئاشکرا بوو: (دابەش کردنی کار، بۆیەکەمین جار لە نێوان ژن وپیاودا لە پێناو بەرهەم هێنانی مناڵدا ڕوویدا)(67). ئێستاش دەتوانم شتێك باوێمە سەر ئەم گوتەیە وبڵێم: یەکەمین دژایەتی کە لە مێژوودا لەنێوان چینەکاندا سەری هەڵداوە لەو رۆژەوەیە کە دژایەتی لە نێوان ژن ومێرددا لەسایەی تاکە ژن ومێردایەتیدا پەرەی ئەستاندووە، هەروەها یەکەمین چەوساندنەوەی چینایەتی لەو رۆژەوەیە کە رەگەزی ئافرەتان لەلایەن رەگەزی پیاوانەوە کۆیلە کراون. تاکە ژن ومێردایەتی پێشکەوتنێکی مێژوویی مەزن بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، بەشان کۆیلەداری وسەروەتی تایبەتییەوە، دەروازەی ئەو

**قۆناغەمان بۆ ئاوەڵا دەکا کە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەو قۆناغەی کە تێدا هەموو پێشکەوتنێك بەرێژەیەك دواکەوتنێکی بەدواوەیە، ئەوەی کە تێدا گەشەکردن وپەرەسەندنی هەندێك کەس بەژان وئازارو سەرکووتی خەڵکی دیکە دێتەدی. تاکە ژن ومێردایەتی بریتی‌یە لەو خانەیەی کۆمەڵگای شارستانێتی کە دەتوانین لە نێوی‌دا لەسروشتی دژایەتی ئەو ناکۆکییانە بکۆلینەوە کە بە تەواوەتی لەدڵی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە.**

**ئەو ئازادییە رێژەییە دێرینەی کە لە پەیوەندییەکانی جووتبووندا هەبوون لەگەڵ سەرکەوتنی جووتە ژن ومێردایەتی‌دا یاخود تەنانەت لەگەڵ سەرکەوتنی تاکە ژن ومێردیەتیشدا، بەتەواوی ریشەکێش نەبوونە.**

((سیستمی دێرینی ژن ومێردایەتی، کە لە چوار چێوەیەکی بەرتەسك تردا بەهۆی بەرە بەرە سەرەنگرێ بوونی کۆمەڵە پۆنالوانییەکان سنوورکێش کرا، هێشتا هەر ئەو ژینگەیەی پێك دەهێنا کە تێدا خێزان پەرەی ئەستاندو ئەو چوارچێوەیە بەبەردەوامی تاکو چاخی گەشە کردووی ژیاریش هەر بەرهەڵستی لە پەرەسەندنی‌دا دەکرد... تالە ئەنجام دا بۆ شێوەیەکی تازەی هیتیرزم گۆڕاو هێشتا لە چاخی ژیاریشدا وەکو سێبەرێکی ڕەش وتار گوین ملۆزم خۆی بەسەر خێزان دا داوە))(68).

**مۆرگان (هیتیریزم)ی بەمەبەستی پەیوەندییەکانی جووتبون، لەدەرەوەی پەیوەندی ژن ومێردایەتی بەکار هێناوە، کە لە نێوان پیاوان وژنانی بێ مێرد، کە شان بەشانی تاکە ژن ومێردایەتی لە گۆڕێ دایە، ئەم پەیوەندییانەش، وەك زانراوە، لەسەردەمی تێکڕای شارستانێتی‌دا بە زەق ترین شێوەکانی گەشەدار بووە وجار لەجار زیاتر بووە بە سۆزانییێکی ڕوون وئاشکرا. ئەم هیتیرزمە ڕاستەوخۆ لە بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتێوە سەرچاوە دەگرێ، لەجووتبوون لەگەڵ بێگانانـدا، ژنان مافی ڕوو سووری خۆیان پێ دەکڕییەوە. لەسەرەتادا خۆبەدەستەوەدانی ژنان لەپێناو پارەدا ئەرکێکی ئایینی بوو ولە پەرەستگای خوداوەندی خۆشەویستی‌دا دەکرا، ئەو پارەیەش لە سەرەتادا دەچووە خەزێنەی پەرەستگاوە. هیرودولەکان (69) کە لە ئەرمەنستان کارەکەری ئانیتیس بوون ولە کۆرینس کارەکەری ئەفرودیت بوون، هەروەها سەماکەرە ئاینی‌یەکان کە لە پەرستگاکانی هیندستاندا هەڵواسراون ئەوانەی کە (بایادیر) یان پێ دەڵێن (ئەم وشەیەش لەشێواندنی وشەی** bailadeira **ی پورتوگالییەوە هاتووە ومانای سەماکەرە) و یەکەمین سۆزانی بوون. جووتبوونی ژنان لەگەڵ غەوارەدا لەپێشدا ئەرکی هەموو ژنێك بوو، پاشان تەنها بەسەر ئەم ژنە پێشبینانەدا (کاهنات) بڕایەوە، هەر وەکو ئەوەی کە لە بری هەموو ژنانی دیکەدا بیکەن. لەکن گەلانی دیکەدا، هیتیرزم لە ئازادی جووتبوونەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەپێش شووکردندا بەکچان بەخشراوە، کەواتە بریتییە لە پاشماوەی بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی، بەڵام پاشماوەیێکە بەرێگایێکی جیاواز پێمان گەیشتووە. لەگەڵ پەیدابوونی نایەکسانی لە موڵکدارێتی‌دا، واتە لە قۆناغی باڵای بەربەریزم دا، کاری کرێ گرتە بەشان کاری کۆیلەکان لێرەو لەوێ سەری هەڵدا، هەروەها سەرهەڵدانی سۆزانی وەکو پیشەیێکی ژنە ئازادەکان هاوکاتە لەگەڵ بەخورتی جووتبوونی پیاوان لەگەڵ کە نیزەکەکاندا، سەبارەت بەوەی کە سێبەرێکی پێویستی کاری کرێ گرتەیە. جا بەم پێیە ئەو میراتەی کە بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی بۆ ژیاریی جێی هێشتووە، دوو لایەنە، هەر وەکو دوو لایەنە دوو ڕووی هەیە و دوولقە وناسازە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ژیاریی دروستیان دەکا: لە ڕوویێکەوە تاکە ژن ومێردایەتی، لە ڕووەکەی دیکەشەوە هیتیریزم لەگەڵ سۆزانی کە تووندڕەوییە. هیتیریزم وەکو هەر دامەزراوێکی دیکە بریتییە لە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام بوونی ئازادییە دێرینەکانی جووتبوون لە بەرژەوەندی پیاواندا فەراهەم دەکا. ئەم کردەوەیەش تەنها بەقسە نەفرەتی لێدەکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا نەك هەر تەنها بەری لێ ناگیری بەڵکو زۆر بەفراوانی، نەخوازەڵا، لەنێو چینە دەسەڵاتدارەکاندا کاری پێدەکرێ. بەڵام ئەم نەفرەتییە هەرگیز ئەو پیاوانە ناگرێتەوە کە کار بەهیتیریزم دەکەن، بەڵکو تەنها ژنان دەگرێتەوە وبەچاوێکی سووك وناچیزەوە تێوەیان**

دەڕوانن ولە کۆمەڵ دایاندەبڕن بۆ ئەوەی دووبارە بەم ئاوایا جاڕی دەسەڵاتداریّتی ڕەهای پیاوان بەسەر ڕەگەزی ژناندا بدەن بەوەی کە یەکێکە لە یاسا بنەڕەتییەکانی نێو کۆمەڵگا.

بەڵام لەکەنار ئەوەدا نەسازیەکی دیکە لەناخی تاکە ژن ومێردایەتی‌دا پەرەی ئەستاندووە، ئەوەش ئەوەیە کە شان بەشانی‌ی ئەو مێردەی کە ژیانی خۆی بە هیتیریزم ڕادەبوێرێ، ژنی پشت گوێ خراویش دەگوزەرێ. یەکێك لەو دوو لایەنەی ئەو نەسازییە بەبێ ئەوی دیکە نابێ، هەر وەك چۆن نابێ سێوێکی تەواوت لەدەستدابێ ئەگەر نیوەکەیت خواردبێت. بەڵام پیاوان وەك پێ دەچێ ئەم ڕایەیان بەدی نەکردبێ چونکە ژنەکانیان وەهایان نەکردووە کە ببینن. لەتەك تاکە ژن ومێردایەتی‌دا هەردەم دووبابەتی لێك جیای کۆمەڵایەتی بۆ یەکەمین جار دەردەکەون، بریتین لە دۆستی هەمیشەیی ژنەکەو مێردی فریبو خواردوو. پیاوان لە ژنانیان بردەوە، بەڵام وێڕای ئەوە ژنەکان لەخۆ بردوو بوون وبەدڵێکی فراوان وبەدەستێکی ئاوەڵاوە چەبکە گوڵیان لەسەر سەری براوەکان دانا. دەست تێکەڵاوکردن (الزنی) قەدەغەیە وبەتوندی سزای لەسەر دەدرێ بەڵام ریشەکێش کردنی مەحاڵە، هەر لەتەك ژن ومێردایەتی وهیتیریزمدا ئەویش بوو بە دامەزراوێکی ڕەگاوێژی کۆمەڵایەتی. جا ڕاستی ودروستی باوکایەتیش، دروستی خستنەوەی منداڵ لەلایەن باوکی ڕاستەقینەوە،باوەڕهێنان بە باوکی ڕاستەقینە، هەر وەکو جاران، زیاتر لەسەر بنەمایەکی مۆڕالی (ئەخلاقی) بنجی بەستووە(18پ). ئەمجا بۆ باشارکردنی ئەم نەسازییە بەگرێوگاڵە ماددەی (312) ی کۆمەڵەی یاساکانی ناپلیۆن دەڵێ:

( مێرد بابی ئەو منداڵەیە کە لە کاتی ژن ومێردایەتی‌دا دەکەوێتە سکی دایکەکەوە)

‹‹ L’ enfant conçu pendant le mariage a pour père le mari ‹‹

ئا ئەمەیە سەر ئەنجامی سێ هەزار ساڵەی تاکە ژن ومێردایەتی.

کەواتە خێزانی یەکلانە، کاتێ کە ببێ بە ئاوێنەیەکی بێ گەردی سەرچاوە مێژووەکەی وهەروەها کاتێ کە ناسازی پیاوان وژنان بەهۆی دەسەڵاتداریّتی ڕەهای پیاوانەوە سیمایێکی ڕوون وئاشکرا بەخۆیەوە بگرێت، وێنەیەکی بچووك کراوەی ئەو دژایەتی وناکۆکییەمان بەدەستەوە دەدات کە لە ناخی کۆمەڵگادا دەبزوێ، ئەو کۆمەڵگایەی کە هەر لەسەرەتای چاخی ژیارییەوە بەسەر چەند چینێکدا دابەش بووە و ناتوانێ نەباشاری بکات و نەبەسەریشی‌دا زاڵ ببێ. پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکا بڵێم کە من لێرەدا تەنها مەبەستم ئەو حاڵەتانەی تاکە ژن ومێردایەتییە کە تێیاندا ژیانی ژن ومێردایەتی بارتەقای ئەو مەرجانەن کە بەکردەوە لە سیمای بنەڕەتی وسەرەتاییی ئەم دامەزراوەوە هەڵقوڵاون، کە تێیاندا وێڕای ئەوەش ژنەکە سەرکەشی لەدەسەڵاتی مێردەکەی دەکا. یا خود ئەمە باری هەموو ژن ومێردایەتییێك نییە، جا ئەمەش کەسێك نییە، لەو ناچیزە بیر تەسکە ئەڵمانانە چاکتر بیزانێ کە دەسەڵاتی نە بەسەر خێزانەکەیدا ونە بەسەر دەوڵەتیشدا دەشکێ. بۆیە ژنەکەی تەواوی ئەو دەسەڵاتەی وەچنگ هێناوە کە شیاوی مێردەکەی نییە. بەڵام وێڕای ئەوەش ئەو مێردە خۆی زۆر لەو فەرەنسی‌یە بە پایەدارتر دادەنێ کە لەو زیاتر وخراپتر لە زەلکاوی گیروگرفتدا پەلەقاژەیەتی.

لەلایەکی دیکەوە، لەهەموو کات وشوێنێکیشدا، خێزان ئەو شێوە کلاسیکییە توندو تۆڵەی بەخۆیەوە نەدیوە کە لەکن گریکەکاندا بەخۆوەی گرتبوو. لەکن ڕۆمانییەکاندا سەبارەت بەوەی کە خاوەن دەسەڵاتی ئایندەی جیهان بوون، لە گریکەکان، بیرو بۆچوونی یەکجار بەرفراوانتریان هەبوو ئەگەرچی درشت بینتر بوون، ژنەکانیان پتر ڕێزیان لێ دەگیرا وسەربەستر بوون، پیاوی ڕۆمانی پێی وابوو کە داوێن پاکی ژن ومێردایەتی بە چاکی فەراهەم کراوە چونکە مافی ژیان ومردنی ژنەکەی لەچنگ دابوو. وێڕای ئەوەش، لێرەدا، ژنە بۆی هەبوو

هەر وەکو مێردەکەی هەرچ کاتێك ئارەزوو بکات ئەو ژن ومێردایەتییە هەڵوەشێنێ. بەڵام مەزنترین پێشکەوتن لە پەرەسەندنی تاکە ژن ومێردایەتی کە بەدی هاتبێ، بەبێ گومان، لەهاتنی ئەڵمانەکاندایە بۆ گۆڕەپانی مێژوو، چونکە لەو دەمەدا، وەك پێ دەچێ، تاکە ژن ومێردایەتی بەهۆی هەژاری ونەبوونی، هێشتا لە جووتە ژن ومێردایەتییەوە پەرەی نەسەندبێ. جا ئێمەش بە بشت ئەستووری ئەو سێ بارو زروفەوە کە تاقیتس قسەی لێ کردوون: یەکەم، لە گەڵ بەپیرۆز ڕاگرتنی ژن ومێردایەتی، دەڵێن:- (هەموو پیاوێك یەك ژنی دەهێنا وژنانیش خۆیان بەڕوو سووری چەپەردابوو)(70)- وێڕای ئەوەش، فرە ژنیی لەنێو دەسەڵاتدارو سەرەك هۆزەکاندا بڵاوبوو، مانەندی ئەو ئەمەریکاییانەی کە جووتە ژن ومێردایەتییان تێدا باوبوو. دووەم، گوێزانەوە لە دایکسالاری بەرەو باوکسالاری بەنوییێ هاتبووە کایەوە، چونکە برای دایك، ـ کە بەپێی مافی دایکایەتی، لەناو پیاوانی خێڵەکەدا نزیکترین خزموخوێشی دایکە. بۆ ژنەکە هێشتا لەخودی باوکیشی نزیکتربوو. هەروەها ئەمەش بارتەقای بیرو بۆچوونی هیندە سوورپێستە ئەمەریکیەکانە کە، هەر وەك مارکس زۆر جاری گوتووە، کلیلی لە ڕابردوو گەیشتنمان بەدەستەوە دەدات. سێیەم، ژنان لەکن ئەلمانییەکان ڕێزێکی بێپایانیان لێدەگیرا و لە کارو باری گشتی‌دا باڵا دەست بوون، ئەمەش بێ کەم وکوڕی نەسازە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی پیاواندا، کە بە تاکە ژن ومێردایەتێوە لکاوە. لەگشت ئەم خاڵانەدا ئەڵمانەکان وسپارتییەکان یەك دەگرنەوە، ئەوانەی کە هێشتا وەك لەلامان ڕوونە جووتە ژن ومێردایەتی لە کنیاندا لە گرێژنە نەچووبوو. لەم ڕووەشەوە، توخمێکی بەتەواوی تازە لەگەڵ پەیدا بوونی ئەڵمانەکان دەستی بەسەر جیهاندا گرت. چونکە تاکە ژن ومێردایەتی نوێی کە بەڕێگای تێکەڵ بوونی گەلانەوە لەسەر دارو پەردووی جیهانی رۆمانی پەرەی سەند دەسەڵاتی پیاوانی بنێستر کردوەو، ئەگەر بەڕواڵەتیش بێت ڕێگای لەبەردەم ڕێزلێگرتن وئازادییێکی هەراوتری ژنان خۆش کرد، کە هەرگیز رۆژێك لە رۆژان سەردەمە دێرینە کلاسی‌یەکان ئاشنای نەببو، ئەمەش بۆ یەکەمین جار ئەو پێشەکییەی بۆ بەرپاکردنی مەزنترین ڕووە پێشەوەچوونی ڕەوشت، لە تاکە ژن ومێردایەتییەوە، لەناخیدا، یا لە تەکی، یا بە خورتی، بەپێی بارووزروف، دروست کرد و ئێمەی پێ قەرزار کرد، مەبەستم لە دڵداری تاکە کەسی هاوسەردەمە لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا کە تێکڕای جیهانی دێرین ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبوو.

ئەم پێشکەوتنەش کتومت لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێ کە ئەڵمانەکان هێشتا لە قۆناغی خێزانی دوولانە دابوون وبەوەندەی بۆیان لووا تاکە ژن ومێردایەتییان بەو باروزروفەی ژنان موتوربە کرد کە بارتەقای خێزانی دوولانە بوو. ئەم پێشکەوتنەش هەرگیز بەرخووردی ئەو ڕەوشتە بێگەردە زگماکییە نییە کە وەپاڵ ئەڵمانەکان درابوو، بەڵکو لە کرۆکدا لەوەدایە کە جووتە ژن ومێردایەتی بە کردەوە لەو ناسازییە ڕەوشتگەرییە توند ئامێزانە بەدوورە کە بە تاکە ژن ومێردایەتێوە لکاون، بەڵکو ئەڵمانەکان بەپێچەوانەوە بەهۆی کۆچ وڕەوکردنیان، نەخوازەڵا بەرەو باشووری رۆژهەڵاتدا، لەرووی ڕەوشتەوە هێند نشێو بوونەوە تا بە ئاستی ڕەوشتی چەپەڵی پێدەشت نشینەکانی کەناری دەریای ڕەشدا گەیشتن، جگە لەوەی کە لێیانەوە فێری هونەری ئەسپ بازیش بوون، هەموو ئەو نەنگییانەیان لێوە فێر بوون کە لەگەڵ سروشتدا ناجۆرن، ئەمەش بێ پەردە لەگەواهەکانی ئەمیانووسدا لەسەر تایفالەکان وهەروەها لەوانەی پرۆکۆبیوس لەسەر هیرول (71) دەردەکەون. ئەگەر لەنێو هەموو شێوە ناسراوەکانی خێزاندا، تاکە ژن ومێردایەتی تەنها شێوەبێ کە لێیەوە دڵداری سێکسی ئێستای سەردەم بەرپابووبێ وپەرەی سەندبێ، ئەوە ناگەێنێ کە ئەو دڵدارییە تەنها، یا بە شێوەیەکی سەرەکی لەناخی تاکە ژن ومێردایەتی‌دا پەرەی سەندووە، سەبارەت بەوەی کە دڵدارییێکی ئاڵوگۆرکێی نێوان ژن ومێردە چونکە سروشتی تۆکمەی تاکە ژن ومێردایەتی، لەسایەی دەسەڵاتی مێرددا ئەوەی لێ ڕەچاو ناکرێ. لەکن گشت ئەو چینانەی کە لە مێژوودا چاپووکن، واتە لەکن هەموو چینە دەسەڵاتدارەکاندا قەواڵەی ژن ومێردایەتی

هەروەکو چۆن لە جووتە ژن ومێردایەتیشدا، تەنها باوکان لە سەری رێکدەکەوتن. جا کاتێ کە بۆ یەکەمین جار دڵداری سێکسی لە شێوەی گراو(عشق) لە مێژوودا سەری هەڵدا وسەبارەت بەوەی باڵاترین شێوەی بزۆزی (الغریزە) سێکسی‌یە، ئەمەش سیمای تایبەتی وجیاکەرەوەی پێك دەهێنێ. ئەم شێوەیە، واتە یەکەمین شێوەی دڵداری سێکسی، دڵداری سوارچاکی لە سەدەکانی ناوەنجی‌دا، هەرگیز دڵداری ژن ومێردایەتی نەبووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو دڵداریەی سوار چاکانیش، بەشێوە کلاسی‌یەکەی لەکن پرۆڤنسالییەکان، کردوویانە، بەهەموو باڵەکانیانە مەبەستیان زینا کردن بووە. شاعیرەکانیشیان بەم خواستەوە هەڵدەڵێن. نوێشکی شیعری پێداهەڵگوتنی(الغزل) (72) پرۆڤنسالی بریتی‌یە لە گۆرانییەکانی (ئەلبا albas)، بە ئەڵمانی Tagelieder ئەم گۆرانییانە بە ئاڵووالایەکی درەوشەدارەوە وێنەی سوارچاکێکمان بۆ دەکێشن کە لە سەرجێ وبالینگای شۆخەکەیدا دەنوێ ، شۆخەکەشی ژنی پیاوێکی دیکەیە، ئێشکگرێکیش لەدەرێ لەبەر دەرگا چاوەنواری گزنگی بەیانە (alba) بۆ ئەوەی بەئاگای بهێنێ وبڕوا، بەر لەوەی یەکێك چاوی پێبکەوێ; ئەمجا باسی دەسلێکبەردان دێ، کە دوندو ترۆپکی گۆرانییەکە پێك دەهێنێ. دانیشتوانی باکووری فەرەنساو ئەڵمانە ئازاکانیش ئەم جۆرە شیعرانەیان لەگەڵ شێوازەکانی دڵداری سوارچاکی کە بۆی بشێ هۆندۆتەوە لە بارەی ئەم بابەتە ناسکەوە هاوڕێی پیرەمێردمان ڤۆلفرام فۆن ئێشنباخ، سێ گۆرانی زۆرقەشەنگی بۆ جێهێشتووین کە لە هەرسێ شیعرە درێژەکانی پاڵەوانێیتی زیاتر سەرنج کێشم دەکەن.

لە رۆژانی ئەمڕۆمان لە ژینگەی بۆرژوازی‌دا ژن هێنان بە دوو رێگا دەکرێ. لە وڵاتە کاسۆلیکییەکاندا، باوك ودایك هەروەکو پێشان، بە شوێن ژنێکدا عەوداڵن کە شایستەی کوڕە لاوێکی بۆرژوازی بێت جا ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێتە هۆی فراژی‌بوونی تەواوی ئەو نەسازییەی کە بە تاکە ژن ومێردایەتیێوە لکاوە، واتە دەبێتە هۆی پەرە ئەستاندنی هیتیرزم لە لایەن مێردەوە وهەروەها گەشە کردنی داوێن پیسی لە لایەن ژنەکەوە. سا ئەگەر کلیسەی کاسۆلیکی تەڵاقی قۆرخ کردووە ئەوە تەنها لەبەر یەك هۆیەکە، کە دەبێت وەهاش بێ، ئەویش ئەوەیە کە داوێن پیسی هیچ لێ دەربازبوونێکی بۆ نییە هەر وەکو چۆن لەمردن رزگار بوون نییە. بەڵام لە وڵاتە برۆتستانتی‌یەکاندا، بەپێچەوانەوەیە چونکە، بەگشتی، کوڕی بۆرژوازی لە دوو توێی چینەکەی خۆیدا مافی هەڵبژاردنی ژنێکی بۆهەیە، بەڕادەیەکی کەم تا زۆریش ئازادە، بەم شێوەیە دڵداری بەرادەیەك بۆی هەیە ببێتە بناغەی ئەو ژن ومێردایەتییە، ئەمە جگە لەوەی کە بەحوکمی شایستەگی ئەو دڵدارییە بەپێی مەرایی کردنی پرۆتستانتی هەر دەبێت هەبێت. لێرەدا مێرد کەمتر ڕوو لە هیتریزم دەکا، داوێن پیسی ژنەش کەمترە. لەبەر ئەوەی خەڵکی لەسایەی هەرچ شێوە ژن ومێردایەتییەکدا بێت هەر وەکو پێشان دەمێننەوە ولەبەر ئەوەی بۆرژوازییەکان لە وڵاتە پرۆتستەنتیەکاندا بەگشتی نابوود و ئاسۆ تەسکن، ئەوە لەم حاڵەتەدا ولە چاکترین حاڵەتەکاندا ژن ومێردایەتی پرۆتستەنتی، لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێتە مایەی جووتە گووزەرانێکی بێزار ئامێز و حەوسەڵە هەڵنەگر، کە ناوی دەنێن، بەختەوەری ژن ومێردایەتی. چاکترین ئاوێنەی ئەم دوو جۆرە ژن ومێردایەتییە رۆمان ئامێزە (رۆمان)ی فەرەنسی بۆ ژن هێنانی کاسۆلیکی و (رۆمان) ی ئەڵمانی بۆ ژن هێنانی پرۆتستەنتی. لەهەر دوو رۆمانەکەشدا (پیاو خەرمان لۆغەی خۆی هەڵدەگرێ) : لە رۆمانی ئەڵمانەکاندا کوڕەکە کچەی چنگ دەکەوێ ولە رۆمانی فەرەنسیشدا، مێرد دوو شاخی لێ دەڕوێ(19پ) لەم حاڵەتەدا هەردەم ئاشکرانییە کێهەیان خرابتریان بەردەکەوێ.لەپای ئەوە رۆمانی ئەڵمانی دابێژرانێك لە ترس ودانەچۆقەدا لەناخی بۆرژوازی فەرەنسی‌دا دەووروژێنێ بە ئەندازەی ئەوەی (بەد ڕەوشتی) رۆمان ی فەرەنسی لەناخی بۆرژوازی نابوود وئاسۆ تەسکی ئەڵمانی دەورووژێنێ. بەڵام لەم دواییانەدا واتە لەوەتەی کە (بەرلین خەریکە ببێ بە

پایتەختێکی جیهانی) ڕۆمانی ئەڵمانی بە سڵەمینەوە وبە ترسەوە خۆی لەقەرەی دیاردەی هیتیرزم وداوێن پیسی دەدا کە لەوێدا دەمێك ساڵە بەچاکی ئاشنای بوونە.

بەڵام ئەم ژن ومێردایەتییە لە هەردوو حاڵەتدا بەندە بە وەزعی چینایەتی هەردوولایەنەکەوە، هەربۆیە هەردەم بەرژەوەندخواز بووە. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەم بەرژەوەندییە زۆر جار ئاوەژوو دەبێتەوە ولەلایەن هەردوولاوە دەبێتە گەندەڵترین وچرووکترین سۆزانی، زۆربەی هەرە زۆر جاریش ژنە مل بەو ڕێگایەوە دەنێ کە هیچ جیاوازییێکی لەگەڵ سۆزانێکی ئاسایی نەبێ، جگە لەوەی کە ئەم خۆی بۆ پارە بەدەستەوە نادات، وەکو ژنە کرێکارێك کە کاری خۆی بەکرێ بدات ، بەڵکو ئەم یەکبینە وبۆهەمیشە وەکو کۆیلەیەك جەستەی خۆی دەفرۆشێ. گوتەکەی فۆرییە بەسەر هەموو سیما وشێوەکانی ژن ومێردایەتی بەرژەوەندگەریدا دەسەپێ، کە دەڵێ: (هەر وەکو چۆن لە ڕێزماندا دوو لەناو بەر بەیەکەوە دەبنە جەخت کردنێك ، بە هەمان شێوەش لەیاسای (ئەخلاقدا) ڕەوشت گەریدا دوو داوێن پیسی هیمایە بۆ یەك ڕەوشت بەرزی)(73).

لەڕاستیدا دڵداری سێکسی نەبووە ونەدەشبێ ببێتە بناغەی پەیوەندی لەگەڵ ژناندا تەنها لە ژینگەی چینە چەوساوەکاندا نەبێ، لە ڕۆژانی ئەمرۆماندا، لە ژینگەی پرۆلیتاریادا، ئەگەر ئەم پەیوەندییانە بەڕەسمی لەقەڵەم درابن یا نەدرابن. لەم ژینگەیەدا، هەموو بناغە کلاسییەکانی ژنومێردایەتی یەکلانەش هەرەس دەهێنن. لێرەدا هیچ خاوەنداریێتییێك لە گۆڕێدا نییە بۆ ئەوەی لە پێناو درێژە پێدانی وپاشەکەوت کردنیدا تاکە ژن ومێردایەتی ودەسەڵاتداریێتی پیاوان بەرپا کرابێ، جا بەم پێیەش هیچ هۆیێك لە ئارادا نییە بۆ چەسپاندنی ئەم دەسەڵاتدارییە، جگە لەوەی کە لێرەدا هیچ شێوازێك بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە لە ئارادا نییە: چونکە مافەکانی بۆرژواییی کە پارێزگاری لەم دەسەڵاتە دەکەن تەنها لەپێناو خاوەن موڵکەکان وخزمەتکردنی پەیوەندییەکانیان دایە لەگەڵ پرۆلیتارییەکاندا جگە لەوەی کە بەگرانیش دەکەوێ، بۆیە بەهۆی هەژاری ونەداری کرێکارەوە هەرگیز سوودێك بە پەیوەندییەکانی کرێکار ناگەیێنێ لەگەڵ ژنەکەیدا. لێرەدا باروو زروفی تایبەتی ودۆناودۆنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی یەکالاکەوەوە دەگێڕن. خاڵێکی دیکەش لەئارادایە، هەر کە میتالۆژیا ژنانی لەماڵان ترازاند وناردنی بۆ بازاڕی کارو کارگە وزۆر جاریش کردنی بەسەرچاوەی بژێوی خێزان، دوا ئاسەواری دەسەڵاتی پیاوان لەماڵە پرۆلیتێردا بڕایەوە، تەنها مەگەر هەندێك لەشوێنەواری ئەو توندو تۆڵییەی کە دەرهەق بەژنان، هەڵسوکەوتی پێ دەکرێ کە هەندێکیان لەگەڵ سەرهەڵدانی تاکە ژن ومێردایەتیدا هەر ماون. بەم جۆرە خێزانی پرۆلیتێری لەسەر دۆخی واتای پەتی وشەی تاکە ژن ومێردایەتیەوە لاکەوت، تەنانەت ئەگەر بەجۆشترین خۆشەویستی ومکومترین دڵسۆزیش لە لایەن هەردوو لاوە باڵی بەسەر پەیوەندییەکەدا دابێ، هەروەها وێڕای هەموو پیت وفەرێکی ئایینی ودونیاییی هەمە جۆرو دۆناو دۆن. جا لەپای ئەوە سێبەری هەمیشەیی تاکە ژن ومێردایەتی کە بریتی یە لە هیتیرزم وداوێن پیسی، لێرەدا ڕۆڵێکی یەکجار کزو وبێ هێزدەگێڕن، جا بەکردەوەش ژنە مافی خۆی لەهەڵوەشانی ئەو پەیوەندییە دەستگیر کردەوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەردوو لایەن لەتواناندا نەما پێکەوە بگوزەرێن، ئەوە لێکدادەبڕێن. بەکورتی، ژن ومێردایەتی پرۆلیتێری تاکە ژن ومێردایەتییە بەواتای بنەڕەتی وشەکە نەك بەمانای مێژوویییەکەی.

بەڵام یاسا ناسەکانمان وەهای بۆ دەچن کە پێشکەوتنی یاسادانان جار لە جار زیاتر هیچ بووارێك بۆ گلەییی کردنی ئافرەتان ناهێڵێ. هەروەها یاسای وڵاتە پێشکەوتووە شارستانییە هاوچەرخەکان جار لەدوای جار زیاتر ددان بەوەدا دەنێ کە یەکەم: ژن ومێردایەتی بۆ ئەوەی ڕێك وپێك بێت، دەبێت بریتی بێ لەقەواڵەیەك لەسەر ویست وئارەزووی هەردوو لایەن پێك بێت، دووەم، هەردوو لایەن لەماوەی ئەو پەیوەندییەدا دەبێت هەمان

ماف وئەركیان بەرامبەر بەیەكدی هەبێت. ئەگەر هات وئەم دوو مەرجە بەردەوام بەڕێكی هاتنە دی، ئەوسا ژنان **هەموو** ویست وئارەزووێكیان وەگیير دەهێنن.

ئەم پاساوە یاساییە هەر ئەوەیە كە بۆرژوا كۆماریی ڕادیكالەكان پەنای بۆ دەبن و داوا لە كرێكارەكان دەكن كە ئارام ببنەوە. قەواڵەی كاركردنی لەسەر ویستی هەردوو لایەن ڕێك دەخرێ. جا لەسەر ویستی هەردوو لایەن ڕێكخراوە چونكە یاسا **لەسەر كاغەز** بڕیاری لەسەر یەكسانی هەردوولا دەدا. بەڵام ئەو دەسەڵاتەی كە ناتەبایی باری چینایەتی یەكێك لەو لایەنە، بەسەر ئەوی دیكەدا دەیسەپێنێ وهەروەها ئەو فشارەی كە بەهۆی ئەوناتەباییەوە ئەولایەنە بۆ ئەوەكەی دی دەهێنێ،– واتە باری ڕاستەقینەی ئابوری **هەردوو** لایەنەكە،– ئەوە یاسا بەهیچ جۆرێك باسیان لێوە ناكات. بە درێژاییی ماوەی ئەو قەواڵەیەدا، هەردوو لایەن، بەپێی یاسا، بەرامبەر بەیەك یەكسانن چونكە هیچ لایەنێك بە ڕاشكاوی دەستبەرداری مافەكانی خۆی نەبووە. بەڵام كاتێ كە باری ئابوری فشار بۆ كرێكار دەهێنێ كە دەستبەرداری تەنانەت بچووكترین شێوە لە شێوەكانی یەكسانی ماف ببێ، ئەوە یاسا لەبەرامبەریدا دەستەوەستانە.

دەرهەق بە ژنومێردایەتیش، ئەوە یاسا هەست بەدڵنیاییێكی تەواو دەكا، تەنانەت ئەگەر هەرە پێشكەوتووترین یاساش بێ، كاتێ كە هەردوو لایەنەكە، ویست وئارەزووی خۆیان بەخواهیشت بۆ ئەو ژن ومێردایەتییە پرۆتۆكۆل دەكەن. بەڵام لەپاشملەی یاساوە، چ دەبێت و چ ڕوو دەدا، كە ڕەوتی ڕاستەقینەی ژیانە، وچۆن ئەم ویست وخواهیشتە دێتەدی، ئەوە یاسا وپیاوانی یاسا گوێی پێ نادەن. وێڕای ئەوەش، ساناترین بەراوردكردن لە نێوان یاساكانی وڵاتە جۆربەجۆرەكاندا بەجوانی بۆ ئەو یاساشوناسەی دەردەخا كە ئەم ڕەزامەندییە ئازادە چ دەگەیێنێ. لەو وڵاتانەی كە تێیاندا یاسا بەشێك لە میراتی باوك بەتۆبزی بۆ منداڵ فەراهەم دەكا، واتە لەو وڵاتانەی كە منداڵ لە میرات بێ بەش ناكرێ. لە ئەڵمانیا وئەو وڵاتانەی كە یاسای فەرەنسی پەیڕەو دەكەن ولە وڵاتانی دیكەدا، منداڵ بەبێ ڕەزامەندی دایك وباوك نابێ نە ژن بهێنێ ونە شووش بكات، بەڵام ئەو وڵاتانەی كە یاسای ئینگلیزی پەیڕەو دەكەن ورەزامەندی دایك وباوك بەسەر ژن هێنان وشوو كردن دا ناسەپێنن، ئەوە لەو وڵاتانەدا دایك وباوك بەتەواوی لە ڕاسپاردنی میراتەكانیاندا ئازادن وبە ئارازووی خۆیانە چۆنیان بوێ، بۆیان هەیە منداڵەكانیان لەو میراتە بێ بەش بكەن. بەڵام بە چاكی ئاشكرایە كە ئەم ئازادی ژن هێنان وشووكردنە، لە ئینگلستان ولە ئەمەریكا، تەنانەت كت ومت بەهۆی ئەمەوە، لەكن ئەو چینانەی كە شتێكیان هەیە بەمیرات جێی بهێڵن، هەرگیز بە قەد موییێك زیاترنییە لەوەی كە لە فەرەنسا ولە ئەڵمانیادا هەیە.

یەكسانی نێوان پیاوان وژنان لەژن هێنان وشووكردندا لەڕووی یاساوە بارێكی چاكتری نییە. بێسانی لەمافەكانی هەردوولادا، كە لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە دێرینەكاندا بۆمان ماونەتەوە، هۆی ئەو چەوسانەوەیەی ژنان نییە لەڕووی ئابورییەوە، بەڵكو دەبێتە ئەنجامی فشاری ئابوری لەسەر ژناندا. لەئابوری كۆمۆنیزمی دێرینی نێوماڵ كە چەندین ژن و مێرد ومنداڵەكانیانی گرتبووە خۆیەوە، بەڕێوەبردنی ئەم ئابورییە كە وەئەستۆی ژنان خرابوو، چالاكییەكی كۆمەڵایەتی زۆر پێویست بوو بۆ كۆمەڵگا، مانەندی وەگیرهێنانی هۆیەكانی ژیان لەلایەن پیاوانەوە. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی خێزانی پاتریاركی، بار بە جۆرێكی دیكەدا گۆڕا، بەتایبەتی لەگەڵ پەیدا بوونی تەنها خێزانی تاكە ژن ومێردایەتی‌دا چونكە ئابوری نێوماڵ مۆركی كۆمەڵایەتی خۆی لەدەستدا وچیتر پەیوەندی بە كۆمەڵگاوە نەما وبوو بە **خزمەتگوزارییێكی تایبەتی**، ژنیش بوو بە كارەكەرێكی سەرەكی و لە بەشداری كردنیان لە بەرهەم هێنانی كۆمەڵایەتی‌دا وەلاوەنرا. لە ڕۆژانی ئەمڕوماندا، پیشەزازییە گەورەكان ڕێگایان لە ڕووی بەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتی ژنان ئاواڵا كردەوە، بەڵام تەنها ژنانی پرۆلیتێری. بەڵام ئەگەر تەنها بەئەركە تایبەتییەكانی خۆی تەنها لەخزمەتی خێزاندا بێت، ئەوە لەدەرەوەی بەرهەم هێنانی كۆمەڵایەتی

دەمێنیّ وداهاتی سەربەخۆی چنگ ناکەویّ، ئەرگەریش ویستی لەکاری کۆمەلایەتیدا دەستی هەبێت داهاتی سەربەخۆی هەبێت، ئەوکاتە ناتوانیّ ئەرکەکانی خێزانەکەی بەجیّ بهێنیّ. بەهەمان شێوە، نەك هەر لەکارگەدا بەڵکو لە هەموو بووارێکی دیکەی کاردا، لەوانەش بواری پزیشکی و یاساناسی. خێزانی یەکلانەی ئەمڕۆ لەسەر کۆیلە کردنێکی ئاشکرا یا ڕووپۆشکراوی ژنان بنج بەستە، کۆمەڵگای ئێستاش قەوارەیکە لە چەند خێزانی یەکلانەیك ڕسکاوە وسنوورکێش کراوە، ئەو خێزانانەش گردیلەکانی پێك دەهێنن. ئێستا زۆربەی کات لەسەر مێردە کە ببیّ بە ئەستووندو سەرچاوەی بژێوی خێزان، لانی کەم لە ژینگەی چینە دەوڵەمەندەکاندا، ئەمەش دەسەلاتێکی ئەوتۆی بۆ فەراهەم دەکات کە هیچ پێویستی بە ودمێکی یاسایی سەربەخۆی نییە. پیاو لەماڵدا بۆرژوایە وژنیش پرۆلیتاریا دەنوێنیّ. لە جیهانی پیشەسازیدا، شەقڵی چەوسانەوەی ئابوری کە بەگرانی لەسەر ئەستۆی پرۆلیتاریایە، تەنها پاش ئەوە، پەوپەڕی ڕوونی دەردەکەویّ، کە هەموو ئەو ودمە تایبەتیانەی، یاسا بۆ چینە سەرمایەدارەکان پەنجەمۆری پێوە ناوە لە گرێژنە بچن و یەکسانییەکی یاسایی تەواوی هەردوو چینەکە بەرپابکریّ. کۆماری دیموکراسی، ناسازی نێوان ئەو دوو چینە لەناو نابات بەڵکو بەپێچەوانەوە، زەمینەی بەیەکدا هەڵپژانی ئەو دوو چینە خۆش دەکا بۆ نەهێشتنی ئەو ناسازییە. بەهەمان شێوەش شەقڵی دەسەلاتداریّتی مێرد بەسەر ژندا لە دووتۆی خێزانی ئێستادا وچۆنێتی بن چەسپ کردنی یەکسانییێکی ڕاستەقینەی کۆمەلایەتی نێوان هەردوو لا زۆر بەچاکی دەرناکەویّ تەنها پاش ئەوەی کە ژن ومێرد لەڕووی یاساوە بەتەواوەتی یەکسان دەبن، تەنها ئەو کاتەش دەردەکەویّ کە یەکە مەرجی ئازادی ژنان بریتییە لە گەڕانەوەی سەرپاکی ڕەگەزی ئافرەتان بۆ بەرهەم هێنانی کۆمەلایەتی، ئەم کارەش خوازیاری توانەوەی خێزانی یەکلانەە سەبارەت بەوەی کە یەکەیەکی (یونیت)ێکی ئابوری‌یە لە کۆمەڵدا.

*       *       *

کەواتە سیّ شێوەی سەرەکی ژن ومێردایەتی هەیە کە بەگشتی پڕ بەپێستی هەر سیّ قۆناغی سەرەکی پەرەسەندنی مرۆڤایەتین. بەکۆمەلّ ژن ومێردایەتی پڕ بە پێستی دڕندایەتییە، جووتە ژن ومێردایەتی پڕ بە پێستی بەربەریزمە، تاکە ژن ومێردایەتی کە داوێن پیسی وسۆزانی بەدواوەیە پڕ بەپێستی ژیارییە. لە نێوان جووتە ژن ومێردایەنی وتاکە ژن ومێردایەتی‌دا لە قۆناغی بالاّی بەربەریزمدا دەسەلاّتی پیاوان بە سەر کەنیزەکەکان وفرە ژنیی‌دا تەشەنە دەکات.

سەرجەم باسەکەمان ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەو پێشکەوتنەی لە دوا بەدوای یەك هاتنی ئەو شێوانەدا دەردەکەون، بەشێوەیەکی تایبەتی بەوەو گرێی خواردووە کە ژنان جارلەجار زیاتر لە گرووپی بەکۆمەلّ ژنومێردایەتی دوور دەخرانەوە، بەلاّم پیاوان نەء. جا بەڕاستی بەکۆمەلّ ژن ومێردایەتی، تا ئەرۆش، بەکردەوە، بۆ پیاوان هەر بەردەوامە. ئەوەی کە بۆ ژنان تاوانە وئەنجامێکی یاسایی وکۆمەلایەتی ناهەموار چاوەنوارێتی، بۆ پیاوان سەربەرزییە، لە خراپترین حالّتدا پەڵەیەکی بچووکی ڕەوشتگەرییە وبە خۆشییەکەوە شانی وەبەر دەدا. بەلاّم بەو ئەندازەیەی کە هیتیرزمی دێرین لە ژێر کارتێکردنی بەرهەم هێنانی کالاّیی سەرمایەداریدا گۆڕانی بەسەردا دێت وخۆی بۆ دەگونجێنیّ، بەو ئەندازەیەش بەرەو سۆزانییێکی بیّ پەردە دەچێت، بەوەندەش کارلێکە بۆگەنەکەی توندو تۆڵتر دەبێت. ئەوەش ڕەوشتی پیاوان زۆر زیاتر لەهی ژنان دەڕووشێنیّ. لەنێو ئافرەتانیشدا سۆزانی تەنها ئەو بەدبەختانەی پیّ ئاڵوودە دەبن کە دەبنە قۆچی قوربانی، بەلاّم ئەوانیش زۆر کەمتر لەوەی کە

خەڵکی بۆی دەچن. بەرامبەر بەوەش ڕەوشتی پیاوان سووک دەبێت. جا درێژە پێدانی ماوەی ڕەبەنی (زوگورتێتی)، 9 لە 10 حاڵتدا، قوتابخانەێکی ئامادەییی ڕاستەقینەیە بۆ داوێن پیسی، ژنومێرداتی(20پ).

ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی، دەبینەوە کە تییێدا هەموو بنەما ئابوریيەکانی تائێستای تاکە ژنومێردایەتی، هەروەها پاشکۆکانی، کە سۆزانییە، هەرەس دەهێنن. تاکە ژن ومێردایەتی لە کۆ وەبوونی سەروەت سامان **لەیەك** دەستدا-کە ئەویش دەستی یەك پیاوە- وهەروەها لە خواستی بە میرات گوێزانەوەی ئەو سامانە بۆ وەچەی ئەو پیاوە نەك پیاوێکی تر، سەرچاوە دەگرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، دەبوایە ژنان تاکە مێردێکیان هەبێت، نەك پیاوان یەك ژنیان هەبێت، بەم شێوەیە تاکە شووی ژنان هەرگیز هیچ لەمپەرێکی لەبەردەم فرە ژنییی پیاوان دروست نەدەکرد، چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی. بەڵام وەرچەرخانی ئایندەی کۆمەڵایەتی، بەوە دێتەکایەوە کە لانیکەم بەشی هەرە زۆری ئەو سامانە هەمیشەییەی کە بەمیرات بەجێ بمێنێ-واتە هۆیەکانی بەرهەم هێنان- بکرێ بە موڵکێکی کۆمەڵایەتی گشتی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەومیراتە تا ئەوپەرەکەی کەم بکرێتەوە، ئەلێرەدا ئەو هۆیە ئابوریيەی کە خوازیاری تاکە ژنومێردایی‌تییە، نامێنێ، بەڵام ئایا بەوەش لەناودەچێ؟

بەبێ چەند وچۆن، دەتوانین وەڵام بدەینەوە وبڵێین بەو ئەندازە کەمە لەناو ناچێ، بەڵکو نەك هەر ئەوەندەش بەپێچەوانەوە، تەنها ئالەو کاتەدا دێتەدی. چونکە لەگەڵ گۆڕینی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بۆ خاوەندارێتی گشتی کۆمەڵایەتی، کاری کرێ گرتە وپرۆلیتاریا لە ناو دەچن، لەدوایشدا ئەو پێداویستییە نامێنێ کە پاڵ بە ژمارەێکی یەکجار زۆر ژنانەوە بنێ، بەپارە گیانی خۆیان بفرۆشن. سۆزانی (البغاء) لەناو دەچێ بەڵام تاکە ژن ومێردایەتی، لە بری ئەوەی لەناو بچێ دەبێتە واقیع وئەوسا پیاوانیش دەگرێتەوە.

بەهەر حاڵ، دۆخی پیاوانیش، گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا دێت. بەڵام دۆخی ژنانیش، **تێکڕای** ژنان، گۆڕانێکی مەزنی بەسەردا دێ. چونکە لەگەڵ گوێزانەوەی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بۆ مالیکییەتێکی گشتی کۆمەڵایەتی، خێزانی یەکلانە لەوەی کە یەکەی ئابوری کۆمەڵایەتییە دەردەچێ. ئابوری تایبەتی نێو ماڵیش دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی. خزمەت کردنی منالان وپەروەردەکردنیان دەبێتە پیشەی کۆمەڵگا: کۆمەڵگا بەیەك چاو دەڕوانێتە هەموو منالەکان، جا بیژ بن یان ڕەوا، بەمەش خەمی (ئاکامەکان) لەناو دەچێ، کە ئێستا گەورەترین هۆی کۆمەڵایەتی، مۆرالی وئابوری پێك دەهێنن، کە ڕێگا لە ئافرەت دەگرێ وناهێڵی بەبێ سڵەمینەوە خۆی بەدەست ئەو پیاوەوە بدات کە خۆشی دەوێت. ئایا تەنها ئەم هۆیە بەش ناکا بۆ ئەوەی ئازادێکی تەواو لە پەیوەندی جووتبوندا بەرپا بێت، پاشانیش ڕایێکی گشتی نەرمتر بەرامبەر بە خاوێنی کچێنی وڕووسووری ئافرەتان دروست بکات؟ ئایا، سەرئەنجام، بۆمان دەرنەکەوت کە تاکە ژن ومێردایەتی وسۆزانی لە جیهانی ئێستاماندا بەڕاستی وبەکردەوەش لێکدژن، بەڵام دوو دژی لێکدانەبڕاون ودوو جەمسەری یەك باری کۆمەڵایەتین؟ ئایا دەبێت سۆزانی بەرەو تیوونی نەمان بچێ بەبێ ئەوەی تاکە ژن ومێردایەتی بەگەڵ خۆی نەدا ؟

لێرەدا توخمێکی بەتەواوی نوێ دێتە کایەوە کە لە چاکترین حاڵەتدا، لەسەردەمی بەرپا بوونی تاکە ژن ومێردایەتی‌دا، بەشێوەی ئاولەمە، وەك ناوکێك، لە گۆڕێ دا بوو ئەم توخمەش بریتی‌یە لە دڵداری سێکسی تاکەکەسی.

پێش سەدە ناوەنجییەکان، تەنانەت نەدەلوا قسە لە دڵداری سێکسی تاکە کەسی بکرێ. ڕاستە کە جوانی لەش ولارو دۆستایەتی وئارەزووی لە یەکدی چوو، هتد..هەردەم ئارەزووی هەردوو ڕەگەزەکەی بۆ جووتبوون دەوروژاند، پیاوان وژنانیش بەردەوام بایەخیان بەناسینی ئەو کەسانە دەدا کە لەگەڵیان دا بەو گەرم وگوڕییە پەیوەست دەبوون. بەڵام نێوان ئەمە و دڵداری سێکسی ئێستا ئاسمان وڕێسمانە. لەڕێبازی تێکڕای سەردەمە

کۆنەکاندا، ماڵە باوان سەروبەری ژنهێنان وشووکردنیان هەموو دەکرد، ئەوانیش زۆر بەهێمنی لەگەڵ ئەو سەروبەرەدا دەگونجان. ئەو دڵدارییە کزەی کە لە نێوان ژن ومێردی ئەو سەردەمە دێرینەدا هەبوو، هەرگیز ئارەزوییێکی خۆ بەخۆ نەبوو، بەڵکو ئەرکێکی مەوزوعییە وبناغەی ژن ومێردایەتی نییە، بەڵکو پاشگرێتی. لەسەردەمە دێرینەکاندا ئەو دڵدارییەی ئێستا وای بۆی دەچن بەهیچ جۆرێك لەئارادا نەبوو تەنها مەگەر لەدەرەوەی کۆمەڵگای ڕەسمی بووبێ. ئەو شوانکارانەی کە تیوکریت ومۆسخۆس وهەروەها دڤنیس وکلویای لۆنگ (74) بەخۆشی وبەئازاری دڵدارییەکانیاندا گۆرانی دەچڕن، ئەوانە بریتیین لەو کۆیلانەی کە لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هیچ دەستێکیان نەبووە، ئەو بووارەی کە بۆ ئازادەکان دەرگای لە سەر گازی پشت بوو. شانبەشانی پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان کۆیلەکان ئەم پەیوەندییانە بەدی ناکرێ، تەنها مەگەر وەکو بەرهەمێکی ڕووەو شارستانێتی و گەندەڵ بوونی جیهانی دێرین بەدی بکرێن، جگە لەوەی کە ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ ژنانێك دەبەسترێن کە لە دەرەوەی کۆمەڵە ڕەسمییانەدا بوون، واتە لەگەڵ هیتیریستەکاندا ، یا لەگەڵ ژنانی غەوارەدا یا لەگەڵ بێوەژنەکاندا، لە ئەسینا لە پاش ڕووخانیدا و لە ڕۆما لە سەروبەندەنی قەیسەرییەکاندا. لە کاتێکدا ئەگەر پەیوەندی سێکسی نێوان ژن وپیاوانی ئازاددا دروست دەبوو، ئەوە تەنها بە شێوەی داوێن پیسی رووی دەدا. تەنانەت پیرەمێرد ئاناکریۆن، هۆزانڤانی غەزەلی کلاسیکی سەردەمە دێرینەکان، بە هیچ کلۆجێك گوێ بە دڵداری سێکسی نەدەدا، ئەوەی کە ئێستا ئێمە بۆی دەچین، تەنانەت ئەو بەلایەوە ئاسایی بوو دڵدارەکەی نێر بێ یا مێ.

دڵداری سێکسی ئێمە لە ناوەڕۆکدا جیاوازە لەگەڵ تەنانەت ئارەزووی سێکسی (ئیرۆس eros)ی کۆنەکاندا. چونکە (ئیرۆس)، لەگراو داواکارە، کە ئەویش دڵی بە بەرامبەرەکەی ببەخشێ جا لەم بارەوە ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، بەڵام لە (ئیرۆس)ی کۆندا هەرگیز پرس بەژنان نەدەکرا. دووەم، دڵداری سێکسی دەگاتە ئاستێك لە بەهێزی وبەردەوامی، کە هەردوو لایەنەکە بەبێ ئەوەی دڵدار بن، وەها تێبگەن کە، ناشادی و لێکدابڕان بە بەڵایێکی ناگەهان ببینرێت، نەك لە هەموو بەڵاییکیش گەورەتر، بۆیە ملیان بە تەلەزگەیەکی سەختەوە دەنا، تەنانەت لەپێناو بەدەستهێنانی شادمانی، گەمەی وەهایان دەکرد کە ژیانی خۆشیانی دەخستە مەترسییەوە، ئەمەش لە ڕۆژگاری کۆندا هەرگیز ڕووی نەدەدا تەنها لە کاتی داوێن پیسیدا نەبێ. جا لە کۆتاییدا پێوانەێکی نوێی ڕەوشتگەری دێتە کایەوە بۆ تانۆت کردن یا بۆ پاکانە کردنی ئەو پێوەندییە سێکسییە، وەنەبێ هەر لەوە بپرسن کە ئایا ئەم پەیوەندییە بە مەبەستی ژن ومێردایەتی بەستراوە یان نا، بەڵکو لەوەش دەپرسن کە داخوا ئەم پەیوەندییە خۆشەویستی لە دوو تۆ دایە یان نییە. ئاشکرایە کە ئەم پێوانەیە وەکو هەموو پێوانە ڕەوشتگەرییەکانی دیکە لە هەڵسووکەوتی دەرەبەگایەتی وبۆرژوازیدا هیچ سەنگ و ڕەنگێکی نییە بەڵکو هەر ئاوڕیشی لێ نادرێتەوە بەخراپەی پێوانەکانی دیکەی لەگەڵ دا دەکرێ: چونکە هەر وەکو ئەوانی دیکە تەنها —بە تیۆری، لەسەر کاغەز ددانی پێدا دەنرێ. جا لەوەش زیاتری پێ داوا ناکرێ.

سەدە ناوەنجییەکان لەو خاڵەوە دەستیان پێ کرد کە جیهانی دێرین لەبواری دڵداری سێکسیدا پەنگی تێدا خواردبۆوە، واتە لە داوێن پیسیوە ڕا. لەوەپێش باسمان لە دڵداری سوارچاکی کرد کە گۆرانییەکانی بەیانیانی گووراند. جا لە نێوان ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ روخاندنی ژنومێردایەتی وەتەلاش کەوتووە ولە نێوان ئەو خۆشەویستییەی دەبێت ببێ بە بناغەی ژنومێردایەتی، ڕێگایەکی دوورو درێژ هەیە ودەبێت تەی بکرێ، بەڵام چاخی سوارچاکی تا دوا ڕێگای تەی نەکرد. تەنانەت کە لە لاتینە منۆخەکانەوە دەچینە سەر جەرمەنە ڕێزدارەکان، لە (گۆرانییەکەی نیبیلۆنگ)دا بۆمان دەردەکەوێ کە کریمهیڵدا زیگفریدی بەنهێنی خۆش

دەویٚ، بەو ئەندازەیەی کە زیگفرید ئەوی خۆشدەویٚ، کاتیٚ کە گونتەر پیٚی رادەگەیٚنیٚ گوایە بۆ سوارچاکیٚك داوای کردووە وناوەکەی پیٚ ناڵیٚ، کریمهیڵدا بە ئاسانی بە وەرام دیٚ ودەڵیٚ:

(پیٚویستت بەوە نییە تکام لیٚ بکەی، هەر وەکو تکاکارم بوی، بەڵکو چۆنم فەرمان پیٚ دەکەی، هەردەم وەها دەکەم. لە هەرچ کەسیٚکم مارە دەکەی، گەورەم، بە دڵیٚکی شادەوە دەرگیسیٚ دەبم )(75).

بەڵکو بەهیچ کلۆجیٚك بەبیر کریمهیڵدەدا نایەت کە لەوەدا سەرپشك بیٚ. گونتەر برونهیڵدا مارە دەکا، ئیتسل کریمهیلدا مارە دەکا، بەبیٚ ئەوەی هەرگیز نیگایان پیٚك کەوتبیٚ هەروەها لە (گوترون Gutrun)دا(76)، زیگیبانتی ئیٚرلەندی ئوتای نەرویژی مارە دەکا، هەروەها هیتل کە خەڵکی هیگلنگنی ئیٚرلەندی‌یە هیاڵدا مارە دەکا، پاشان زیگفریٚد لە مورلەنداوە وهارتموت لە ئورمانەوە، هەروەها هرفیگ لە زایلەنداوە، هەوڵ دەدەن کە گوترون مارە بکەن. تەنها لەم حاڵەتەی دواییی‌دا گوترون بە ئازادی بڕیار لەسەر هرفیگ دەدا. جا بەگشتی، تەنها دایك وبابی میری لاو دەزگیرانەکەی بۆ هەڵدەبژیٚرن، ئەگەر لە ژیاندا مابن، ئەگەر نا ئەوە پرس بە پیرەکان دەکریٚ کە بەگشتی لەو مەسەلەیەدا قسەیان دەڕوا، جگە لەوەی کە ئەمە شیٚوەیٚکی دیکەی بەخۆیەوە نەدیوە. مارە بڕین بۆ سوارچاك یا بۆ بارون، هەروەها بۆ میر، کاریٚکی ڕامیاری و دەرفەتیٚکە بۆ ئەوەی بەهۆی هاوپەیمانی تازەوە دەسەڵاتی فراوانتر بکات. بەرژەوەندییەکانی **ماڵ**، نەك ئارەزووی تاك، دوا بڕیاری بەدەستە جا کەوابیٚ چۆن دەبیٚت لەم بارەیەوە دوابڕیار لە دروست بوونی ژنومیٚردایەتی‌دا، بەپیٚی دڵداری کردن بیٚ ؟

هەر ئەوەش بوو باری بۆرژوازی پیشەگەری لە شارەکانی سەدەی ناوەنجیدا، چونکە ئەو ودمانەی کە دەیپاراستن وهەروەها سیستمەکانی پیشەگەری ناوخۆ کە کۆسپی دۆناودۆیان دەسەپاند، هەروەها ئەو سنوورە دەستکردانەی کە بەیاسا لیرە لەپیشەکانی دیکە ولەویٚ لەخودی هاوەڵپیشەکانی خۆی ولەو لاشەوە لە شاگردو کریٚ گرتەکانی جیای دەکردنەوە بە ئاشکرا ئەو ئەڵقەیەی لە بەردەم تەسك دەکردنەوە کە دەبوایە تیٚیدا چاو لە ژنیٚکی شایستە بگیٚڕیٚ. جا لەم سیستمە شیٚواوەدا، بەرژەوەندی خیٚزانەکەی، نەك ئارەزووی خودی تاك، بڕیار لەسەر دەزگیرانی شایستە دەدا.

لە ژمارەیٚکی بیٚ شوماری حاڵەتەکاندا ژن هیٚنان تاکو دوادوایی سەدە ناوەنجییەکان هەر وەکو لەسەرەتادا چۆن بوو هەروەها مایەوە، واتە کیٚشەیٚك بوو خودی ئەو کەسانە باشاریان نەدەکرد کە ژنیان دەهیٚنا یا شوویان دەکرد. لە سەرەتادا مرۆڤ هەر لەدایك بوونیانەوە مارە بڕ بوون، –مارەیان لە گرووپیٚکی تەواوی رەگەزەکەی دیکە بڕابوو. لەدوا شیٚوەکانی بەکۆمەڵ ژنومیٚردایەتیشدا بار هەر وەکو خۆی مایەوە، بەڵام جار لەجار زیاتر ئەو گروپە بەر تەسکتر دەبۆوە. هەروەها لە سایەی جووتە ژنومیٚردایەتیشدا، بەگشتی، دایکەکان، لەمەڕ ژن ومیٚردایەتی مناڵەکانیان ریٚك دەکەوتن، لەمەشیاندا پەیوەندییە تازەکانی خزمایەتی بایەخیٚکی یەکالاکەرەوەیان پیٚ دەدریٚ، بەوەی کە پلە وپایەیٚکی تۆکمەترو بەهیٚزتر لەنیٚو خیٚڵو هۆزەکەدا بۆ ژن ومیٚردی لاو دەستەبەر بکات. کاتیٚ کە سەردەمی دەسەڵاتداریٚتی باوکسالاری و تاکە ژنومیٚردایەتی دەستی پیٚ کرد لەگەل سەرکەوتنی خاوەنداریٚتی تایبەتی بەسەر خاوەنداریٚتی گشتی‌دا و لەگەڵ سەرهەڵدانی بەرژەوەندی ڕاگویٚزتنی ئەو خاوەنداریٚتییە بەمیرات. قەواڵەی ژنومیٚردایەتی بەتەواوی ملی بە بایەخەکانی ئابوری‌دا. **شیٚوەی** ژن هیٚنان، بەکڕین، نامیٚنیٚ، بەڵام ئەم ژنهیٚنانە، لەکرۆکدا، جار لەجار لە بوواریٚکی بەر ئاوەڵاتر ڕوودەدا، بەجۆریٚك کە پیاویش، ویٚرای ژنان، نرخیٚکی بۆ دیاری دەکریٚ بە پیٚودانگی سەروەت وسامانەکەی نەك بەپیٚی خودی ڕەوشتی کەسایەتی خۆی. بەڵام زاڵ بوونی ئارەزووی ئاڵوگۆرکیٚی هەردوو لایەن بەسەر هەموو ئەو هۆیانەی کە لە ژنهیٚناندا بایەخیٚکیان هەبیٚت ئەوە هەر لەسەرەتاوە لە هەڵسووکەوتی چینە دەسەڵاتدارەکاندا لە ئارادا

نەبووە. شتیكیش لەگوین ئەوە هەرگیز ڕووی نەداوە تەنها لەجیهانی ڕۆمانتیك و لە نێو چینە چەوساوەکاندا، کە هەر هیچی بۆ لێك–نادەنەوە.

ئەمە بوو ئەو بارەی کە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری کەوتە سەری، کاتێ کە پاش دۆزینەوە جوگرافییەکان وەخۆکەوت بۆ ئەوەی دەست بەسەر جیهان دابگرێ بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانیی جیهانی و مانیفاکتۆراوە . لەوانە بوو وەهای بوو بچن کە ئەم شێوازەی ژنهێنانە جیا لە هەموو شێوازێکی دیکە پڕ بە پێستی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بێت. جا وەهاش بوو، بەڵام مێژووی جیهانیش لە گاڵتە وبەزمی خۆی ناکەوێ . خودی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریش لە سەری بوو لێرەدا ئەو کەلێنە یەکاڵاکەرەوەیە ببڕێ. چونکە کاتێ کە هەموو شتێکی کرد بەکاڵا، هەموو پەیوەندییە دێرینە لە مێژینەکانی بە بەردادا لە جێگای نەریتە بەجێ ماوەکان ومافە مێژووییەکاندا، فرۆشتن وقەواڵەی (ئازاد)ی دروست. ئەوەتانێ یاساشووناسی بەریتانی هـ.س. ماین پێی وایە کە بەسەر دۆزینەوەیەکی مەزندا کەوتووە کە دەڵێ: هەموو پێشکەوتنێکمان بە گوێرەی چاخە ڕابردووەکاندا لە گوێزانەوە خەستوخۆڵ دەبێتەوە From status to contract، واتە لە مەرجە بۆ ماوەییەکانەوە بۆ ئەو مەرجانەی کە بەپێی قەواڵەیێکی ئازاد چەسپاون(77) ئەمەش لە (مانیفێستی کۆمۆنیست)دا (78) گوتراوە، بەوەندەی کە ڕاستە.

بۆ ئەم قەواڵە بەستنەش دەبوایە کەسانێك هەبن بەئازادی بتوانن خودی خۆیان وکارەکانیان ومولکەکانیان هەڵسورێنن ولەهەموو مافێکدا بەرامبەر بە یەکدی یەکسان بن. جا هێنانە گۆڕێی ئەو خەڵکە ((ئازاد)) و ((یەکسانانە)) کارێك بوو لە کارە هەرە گەورەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری. ڕاستە لە سەرەتادا ئەم کارە تەنها بەشێوەیێکی نیوە ئاگاوە ڕووی داو وبە پۆشاکێکی ئایینی ڕوو پۆش کرابوو، بەڵام هەر لە سەرەتای ریفۆرمی لوتەری و کەلڤینییەوە ئەو بنامایە سەقامگیر بوو کە دەڵێ مرۆڤ بە تەواوەتی بەرپرسیار نابێ بەرامبەر بەو کارانەی کە دەیانکا تەنها مەگەر بە ئازادیێکی تەواوەوە بڕیاریان لەسەر بدا، هەروەها بەرگریکردن لەهەموو فشارێك بەمەبەستی کارێکی بەد ڕەوشتی، ئەرکێکی ڕەوشتگەرییە. بەڵام چۆن ئەم بنەمایە لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێشووی ژنهێنان وشوو کردندا هاوسەنگ دەکرا ؟ ژنهێنان ، بەپێی چەمکی بۆرژواییی، قەواڵەیەك، ڕێککەوتنێکی یاسایی بوو ، بەڵکو گرنگترین ڕێککەوتن بوو چونکە بڕیاری لەسەر چارەنووسی دڵ وگیانی دوو کەس دەدا. با ڕاستی بڵێین ئەو کاتە بەڕووکەش بەویست وخواهیشتی هەردوولا سازدەکرا، ڕەزامەندی هەردوو لای لەسەر نەبایە نەدەبوو. بەڵام زۆر بەچاکی دیار بوو کە چۆن ئەم ڕەزامەندییە وەگیر دەهێندرا و کێ لە واقیعدا ئەم ژنهێنانەی ساز دەکرد. پاشان ئەگەر ئازادانە بڕیار لەسەر سازکردنی قەواڵەکانی تر دەدرا، بۆچی بۆ سازکردنی قەواڵەی ژن ومێردایەتیش پێویست نەبێ ؟ ئایا ئەو کوڕو کچەی بۆ یەکدی دەبوون مافی ئەوەیان پێ ڕەوا نەدەدیتن کە بە ئازادی هەڵسوکەوت بەکەسی خۆیان وبەجەستە وئەندامەکانیانەوە بکەن ؟ ئایا لە سەرینی سوارچاکییەوە نەبوو کە دڵداری سێکسی بوو بە مۆدە، ئایا، خۆشەویستی ژنومێردایەتی لەچاو خۆشەویستی سوارچاکی کە داوێن پیسی لەگەڵدایە شێوەی ڕاستەقینەی بۆرژوایی نییە؟ ئەگەر خۆشەویستی ئەرکی ژنومێرد بێ، ئایا، بەهەمان ئەندازە ئەرکی هەموو دڵدارەکان نییە کە دەبێت بە یەکدی ببڕێن نەك بۆ یەکێکی دیکە؟ ئایا، مافی ئەم دڵدارانە لە سەرووی مافی دایك وباوك وخزم وخۆیش ودەڵاڵ وسازەندەکانی دیکەی ژنهێنان وشووکردندا نییە ؟ ئەگەر مافی هەڵبژاردنی ئازادو خۆ بەخۆ، بەبێ لەخۆ باییی بوون، وبێ تووڕەییی، کلیسە و ئاینی هەژاند، ئایا دەیتوانی لەبەردەم قسەوخواستی جیکڵدانەی بچووکی لەقووتدان نەهاتووی نەوەی بەساڵاچوو بوەستێ کە دەیویست یاری بەلەش وتەمەن وگیان ومالٌ وشادیی وکوێرەوەری نەوەی لەخۆ بچووکتر بکات ؟

ئەم پرسیارانە دەبوایە لەو ڕۆژەوە ڕووبەڕوو بکرێن کە تێیدا هەموو کۆڵەکەو ئەستوندی کۆمەڵگای دێرین، بنەسا، هەروەها کاتێ کە هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی لە ڕۆژانی رابوردۆوە بەمیرات ماونەتەوە جێ‌لەق بوون. جیهان بەجارێك دە ئەوەندە گەورەتربوو. لەبری نیو چارەکی گۆی زەوی ئێستا هەموو گۆی زەوی کەوتە بەرنیگای ئەورپاییە رۆژ ئاوانشینەکان و چنگ لەسەرشان بۆ داگیرکردنی حەوت چارەکەکەی دیکە وەخۆکەوتن. لەگەڵ بەربەستە کۆنەکان کە خەڵکی لەولاتەکەیدا سنوورکێش کردبوو، هەموو ئەو کۆسپ ولەمپەرانە هەرەسیان هێنا کە هەزاران ساڵ ڕێگر بوون لەبەردەم شێوازی لەمێژینەی بیرکردنەوەی سەدە ناوەنجییەکاندا. هەروەها ئاسۆیێکی لەڕادە بەدەر بەرفراوان لە بەردەم نیگاو بینایی مرۆڤ بەر ئاوەڵا بۆوە. ناوچاکی وراستگۆیی و وەستایی کە لە نەوەیێك بۆ ئەوی دی دەمایەوە چ بایەخێکی بۆ ئەو کوڕە لاوە هەبوو کە چاوی لە دووی سەروەت وسامانی هیندستان وکانە زێڕوزیوەکانی مەکسیك وبوتوسی‌دا ؟ بۆ بۆرژوازییەت، ئەوە سەردەمی سوارچاکە وونبووەکان بوو. بۆرژووازیش خاوەن رۆمانتیك وخەون وخەیاڵی دڵداری خۆی بوو، بەڵام بەرێگایەکی بۆرژواییانە وسەرئەنجام بۆ خرمەتی بۆرژوازییەکان.

بۆرژوایی گەشەکردوو، بەم جۆرە نەخوازەڵا لەو وڵاتە پرۆتستانتییانەی کە رژێمەکانیان جێ‌لەق تر بوون، وەك لەو وڵاتانی دیکەدا، جار لەجار زیاتر ددانی بە ئازادی قەواڵەکێشانی ژنهێنان دەنا وکاری بەو ئازادییە دەکرد کە لە سەرەوە باسمان کردووە. ژنهێنان ڕەنگە چینایەتییەکەی لەدەست نەدا، هەردوو لاش لە دوو تۆی چینەکەی خۆیاندا ئازادیێکی دیاری‌کراوی هەڵبژاردنیان وەچنگ کەوت. لەسەر کاغەز، یا لە دیمانەی مۆرالدا، وە یا لە هۆزانی پێداهەڵگوتنی (شیعری غەزەل)، هیچ بنەماییێك، وەکو ئەوە سەقامگیرر ورەگاوێژ نەبووە، کە دەڵێ هەموو پەیوەندییێکی ژنومێردایەتی ، بەد ڕەوشتە ئەگەر لەسەر زەمینەی دڵداری‌سێکسی ئاڵوگۆڕکراو ورەزامەندی ئازادی هەردوولایەنەکە بنیاد نەنرابێ. بەکورتی، دەڵێین ژنهێنان بەخۆشەویستی وەکو مافێکی مرۆڤ جاڕدراوە، نەك وەکو- (droit de I' homme) (21پ) بەڵکو هەروەها بەبێ هەڵاوێردن وەکو (droit de la femme)(22پ).

بەڵام ئەم مافەی مرۆڤ لە ڕوویێکەوە جیاوازە لەگەڵ هەموو مافەکانی دیکەی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی ئەم مافانە لە واقیعدا تەنها دەسەڵاتدارەکانی چینی بۆرژوازی دەگرێتەوە، چ بەڕاستەوخۆ یا بە ناڕاستەوخۆ چینە چەوساوە پرۆلیتاریاکەی نەدەگرتەوە بۆیە لێرەدا گاڵتەجاڕیی مێژوو سەرلەنوێ دەردە– کەوێتەوە. چونکە چینی دەسەڵاتدار هێشتا لارەملی چەندەها کارلێکەی ئابوری دیاری‌کراون، بۆیە لەژینگەی چینە دەسەڵاتدارەکاندا مەگەر بەشێوەیێکی نائاسایی، ئەگینا قەد ژنومێردایەتییێك نییە کە بە ئازادی سازبدرێ. بەڵام لە ژینگەی چینە چەوساوەکاندا ئەمە وەك بینیمان بنەمایە.

کەواتە، ئازادییەکی بێ کەموکوڕی لە ژن هێناندا بە شێوەییەکی تەواو وگشتی نایێتەدی تەنها پاش ئەوەی کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پەیوەند–ییەکانی موڵکدارێتی کە دروستکراوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، لەبەر دانەماڵرێ، لەسەرووی هەموو لایەنە ئابورییە لاوەکییەکانەوە کە هێشتا دەستێکی باڵایان لە هەڵبژاردنی ژنومێرددا هەیە، ئائەلەو کاتەدا هیچ هۆیەك جگە لە پالپێوەنەری ئارەزووی ئاڵوگۆڕکراوی هەردوولا، لە ئارادا نامێنێ.

لەبەر ئەوەی سروشتی، خودی دڵداری‌سێکسی، بەخۆشەویستی تاکەکەسیوە بەستراوە– سەرەڕای ئەوەی کە ئەم سروشتە، بەگشتی تەنها لەلایەن ژنانەوە پەیڕەو دەکرێ– بەوجۆرە هەرچ ژنهێنانێك لەسەر دڵداری‌سێکس نیاتنرابێ، لە خۆیدا، تاکە ژنومێردایەتییە. ئێمە بینیمان کە باهۆڤن چەندی ڕاست فەرموو کاتێ

که گوتی گوێزانەوە لە بەگەلە ژنومێردایەتییەوە بۆ تاکە ژنومێردایەتی، هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانە بوو ولە بنەڕەتدا ژنان هاویشتیان. بەڵام هەنگاوی دووەم لە جووتە ژنومێردایەتیوە بۆ تاکە ژنومێردایەتی تەنها پیاوان بەرپایانکرد. ئەم هەنگاوەش لە ناوەرۆکدا بوو بە هۆی نابوود کردنی ژنان و ڕێگا خۆشکەرەێك بوو بۆ ناپاکی لەلایەن پیاوانەوە. کەواتە لەکاتێکدا ئەگەر ئەو هۆیە ئابورییانە لەناو بچن کە وەها لەژنان بکات بە ناپاکی پیاوەکانیان ڕازی ببن– (بۆ ئەوەی ژیانیان لێ تێکنەچێ و دوارۆژی منالەکانیان نەفەوتێ)–، تاکومافی ژنان لە گەڵ پیاواندا یەکسان دەبن، ئەگەر هەموو شارەزاییە کۆنەکانمان رەچاو بکەین، ئەوا دەگەینە ئەوەی کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەڕاستی یەکژنەی پیاوان دەستەبەر بکات، بەرادەیەکی لە پێوان نەهاتوو، زیاتر لەوەی کە ڕێگا لە فرە مێردیی ژنان خۆش بکات.

لەم حاڵەتەدا گومان لەوەدا نییە کە تاکە ژنومێردایەتی هەموو ئەو شەقڵانەی لەدەست دەدا کە پەیوەندییەکانی موڵکدارێتی پێوەی ناوون ئەو شەقڵانەش ئەمانەن : یەکەم، دەسەڵاتدارێتی پیاوان، دووەم، دژواری لەبەریەك– هەڵوەشاندنەوەی ژنومێردایەتی. دەسەڵاتدارێتی پیاوان لەماڵەوەدا تەنها بەهۆی دەسەڵاتە ئابورییەکەیەتی، جا لەگەڵ لەناو چوونی ئەودەسەڵاتە، ئەوانی دیش لەناو دەچن . بەڵام دژواری لەبەریەکهەڵوەشانی ژنومێردایەتی، لەلایەکەوە ، لەو بارووزرووفە ئابورییەوە ئەنجام دەگرێ کە لە سایەدا تاکە ژنومێردایەتی پەیدا بوو، لەلایەکەی دیکەشەوە نەریتی سەردەمێکە کە تێیدا هێشتا بەچاکی لەو پەیوەندییە حاڵی نەببوون کە بارووزرووفی ئابوری وتاکە ژنومێردایەتی پێکەوەڕا گرێی دابوون، ئاینیش ئەو پەیوەندییەی شڕوشەپڕێوی لێك دەدایەوە. بەڵام کێوی سەختی هەڵوەشانەوەی ژنومێردایەتی ئێستا لە هەزاران حاڵەتدا کوناودەر دەکرێ. جا ئەگەر تەنها ئەو ژنومێردایەتییەی کە بە خۆشەویسییەوە بەندە مۆرکێکی ڕەوشتگەری هەبێت، ئەوە تەنها هەر ئەو، تاکو ئەو رۆژەی خۆشەویستی لە ئارادا بمێنێ، بەڵام ماوەی هەستی دڵداری سێکسی تاکە کەسی لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دیکە زۆر جیاوازە، نەخوازەڵا لەلای پیاوان دا، جا ئەگەر لە کاتێکدا ئەو هەستە لە گرێژنە بچێ یا بە یەکێکی بە جۆشتر جێ لەق بێ، ئەوە چ بۆ هەردوولا یاخوود بۆ کۆمەڵگا، چاکتر وایە ئەو ژنومێردایەتییە هەڵوەشێ. بەڵام دەبێت خەڵکی لە کەوتنە نێو زەلکاوی بێنەو بەرەی تەڵاق دان دوور بخرێنەوە.

کەواتە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو رەگەزەکە پاش لەناوبردنی ئایندەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری کە ئێستا ڕمل بۆ ئادگارو شێوەی دەهاوین ، بەگشتی مۆرکێکی نێگاتیڤ بەخۆوە دەگرێ و زۆربەی کات بەندە بەوەی کە لەناو دەچێ. بەڵام ئایا چ توخمێك جێگای توخمە لەناوچووەکان دەگرێتەوە؟ ئەوە لەپاش فراژی بوونی نەوەی تازە ئاشکرا دەبێت، واتە نەوەێك لە پیاوان کە لە هەموو ژیانیاندا بۆیان نەڕەخساوە چ بەپارە یا بە شێوازێکی دیکەی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان ژنێك بکڕن، هەروەها نەوەێك لە ژنان درووست دەبێت، کە هەرگیز لە هەموو ژیانیاندا بۆیان نەرەخسێ لەبەر هۆێیك جگە لە خۆشەویستی ڕاستەقینە خۆیان بەدەست پیاوێکەوە بدەن، یاخود لەترسی ئاکامە ئابورییەکان سڵ لە گوزەرانی خۆیان ودڵدارەکانیان بکەنەوە. جا کاتێك کە ئەم خەڵکانە پەیدا دەبن هەرگیز تۆزقاڵێك لەو شتانە ناپرینگێنەوە کە ئێمە ئێستا بۆیان لێك دەدەینەوە، چونکە خۆیان زۆر بە چاکی دەزانن کە دەبێت چ بکەن، بەو پێیەش نەخشەی بیرو بۆچوونی گشتی خۆیان لە خووورەوشتی هەر کەسێکدا بەتەنیا دەکێشن، کە ئەمە گەوهەری مەسەلەکەیە.

ئێستاش با بگەڕێینەوە سەر مۆرگان کە زۆر لێی دوور کەوتینەوە. لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە قۆناغی ژیارییدا پەرەی ئەستاندووە، لە ڕوانگەی مێژووییەوە لە سنووری کتێبەکەی مۆرگان دەردەچێ. ئەو زۆر بەکەمی خۆی لەقەرەی چارەنووسی ژنومێردایەتی، لەم قۆناغەدا، داوە. هەروەها

له دەراوی پەرەسەندنی تاکە ژنومێردایەتییەوە پێشکەوتنێك بەدی دەکا، هەنگاوێکی تەواوی ڕوووە پێشەوەی، یەکسانی مافەکانی، نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەبینیٚ، بە بیٚ ئەوی دەری خا کە بەو ئەنجامە گەیشتووە. هەروەك دەڵیٚ:

(ئەگەر ددان بەوەدا بنێن کە خێزان دوا بە دوای یەکتر بە چوار شێوەدا تێپەریوە و ئێستا بەشێوەی پێنجەمیندا دەڕوا، ئەوسا بەرەوڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: ئایا لەدوا ڕۆژدا دەلویٚ ئەم شێوەیە ماوەیێکی زیاتر بەردەوام بیٚ ؟ تاقە وەڵام کە بشیٚ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەوەندەی کۆمەڵگا پەرەبستێنیٚ ئەم شێوەیەش پەرەدەستێنیٚ، و بەوەندەی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردابیٚ، مانەندی ڕابردوو، ئەویش دەگۆڕیٚ. هەروەها چونکە بەرهەمی سیستمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییە، کەواتە دەبێتە ئاوێنەی دۆخی پەرەسەندنەکەی. هەروەها لەبەر ئەوی خێزانی تاکە ژنومێردایەتی هەر لە سەرەتای چاخی ژیارییدا، بەتایبەتی لە چاخی نوێدا، بەرەو پێشەوە چووە، دەتوانین، لانی کەم وەها دابنێن کە بۆی هەیە لەدوا ڕۆژیشدا زیاتر پێشکەویٚ تا دەگاتە بەدی هاتنی یەکسانی هەردوو ڕەگەزەکە. بەڵام ئەگەر لەدوا ڕۆژێکی دووردا دەرکەوت کە خێزانی تاکە ژنومێردایەتی قوونەبانی ئەوەی نییە کە پێداویستەکانی کۆمەڵگا دابین بکات، ئەوە ئەو کاتە پێشبینی کردنی سیمای داهاتووی خێزان مەحاڵە بکرێت)(79).

## 3

# خێڵی ئیروکـــــوا

ئێستاش دەچینە سەر دۆزینەوەێکی دیکەی مۆرگان کە بەلانی کەم ئەو گرنگییەی هەیە، کە ژیانەوەی شێوەی سەرەتایی خێزان، لەسەر بناغەی سیستمەکانی خزمایەتی، هەیەتی. مۆرگان ئەوەی سەلماند کە ئەو گروپە ژنومێردانەی، کە لە دوو تۆی هۆزەکانی هیندە سوورپێستە ئەمەریکییەکاندان، وبەناوی ئاژەڵەوە ناونراون، لە کرۆکدا لەگەڵ (گینیا genea)ی گریکەکاندا و (گینتس gentes)ی ڕۆمانییەکاندا پێکدەچن; هەروەها سەلماندی کە شێوە ئەمەریکییەکەی سەرەتاییە و شێوە گریك و ڕۆمانییەکەی پاش ئەو هاتوون و لەوەوە داتاشراون، هەروەها تێکڕای ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانی گریکەکان ورۆمانییەکان لە سەردەمە سەرەتاییەکان لە خێڵێکدا ولە (فراتری phratria) یەك و پاشان لە هۆزێکدا گیرساونەتەوە، دەقاودەق هاوتان لەگەڵ سیستمی هیندە سوورپێستە ئەمەریکییەکاندا، هەروەها، (بەوەندەی کە هەموو سەرچاوەکانی ئێستای بەردەستمان، ڕێگامان پیٚ بدەن) ، خێڵ بریتییە لە دامەزراوێکی هاوبەشی نێو تێکڕای گەلە بەربەریستەکان تاکو گەیشتنیان بە قۆناغی ژیاریی، بەڵکو تاکو قۆناغێکی پاش ئەویش. ئەم سەلماندنە، کتوپڕ پەردەی لەسەر ئاڵۆزترین بەشەکانی مێژووی گریکی و ڕۆمانی بۆ لادا‌ین و لەهەمان کاتیشدا ڕوونکردنەوەیەکی لەبڕوا بە دەری سیما بنچینەییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی سەردەمە سەرەتاییەکانی –پێش نەشونما بوونی **دەوڵەت**، ی– بەدەستەوە داین. هەرچەندە ئەم دۆزینەوەیە پاش بیستن وبەسەرکردنەوەی، بە سادەیی دێتە بەرچاو، مۆرگان بەم درەنگانە دۆزیبۆوەی، چونکە لە کتێبەکەی پێشووی‌دا کە لە ساڵی1871 دا (80) هاتە بەرهەم هێشتا پەیی بەو نهێنییە نەبردووە کە هەر لە ساتی دۆزینەوەیدا شارەزایانی ئینگلیزی لەمەڕ مێژووی سەرەتاییدا، ئەوانەی هەڵبەت زۆر لەخۆبایی بوون، ماوەیەك بیٚ دەنگییان لیٚ کرد.

وشەی (gens جنس)ی لاتینی، کە مۆرگان هەردەم بەمەبەستی ئەو گرووپە ژنومێردایەتییانە بەکاری دەهێنیٚ هەر وەکو وشەی (genos گینۆس)ی گریکی، لە ئارییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە (gan گان)ە

(بەئەڵمانی دەبێتە kanچونکە پیتی (g)ی ئاری بەپێی بنەما دەبێتە (k) کە (گووران، لەدایکبوون) دەگەیێنێ، وشەی (gens، genos) هەروەها وشەی (dschanas)ی سەنسکریتی، هەروەها بە گۆتیی بپێی بنەماکەی سەرەوە (Kuni)، هەروەها بە ئیسکەندنافی کۆن و ئەنگلوسەکسۆنی (kyn)، بەئینگلیزی (kin)، و بە ئەڵمانی ناوەندی سەرەوە (Künne). ئەمانە هەر هەموویان مانای ئەو شتە دەگەیێنن کە بەهۆی گانکردن دروست دەبن. بەڵام (gens جنس)ی لاتینی و(genos جینۆسی)ی گریکی، بەتایبەتی بەو گرووپە ژنومێردایەتییە خێڵەگەرییە هەڵدەگوترێت، کە لەیەك پشتن (لێرەدا لەیەك باوکێك کەوتوونەوە)، لەم هوزەشەوە، بەهۆی کارلێکەی چەند دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی وئایینی دیاری کراو، کۆمەڵەیەکی تایبەتی دروست دەبێت، کە سروشت وپێکهاتەکەی، لە مێژووی تا ئێستا نووسراومان، بەتاریکی ماوەتەوە.

لەسەرەوەدا لەکاتی لێکۆڵینەوە لە خێزانی پۆنالوانی، پێکهاتەی یەکەمین فۆرمی سەرەتایی خێڵمان بۆ دەرکەوت، کە بریتییە لە هەموو ئەو کەسانەی کە بە ڕێگای ژنومێردایەتی پۆنالوانی وبەپێی بیرو بۆچوونە باوەکانی ئەو ژنومێردایەتییە، ئەو تۆرەمەیە پێك بهێنن کە لەیەك داپیرەی دیاریکراوەوە، کەوتوونەوە و ددانیان پێدا دەنرێ، جا ئەمانەش دامەزراوی خێڵ پێك دەهێنن. ئەمجا لەبەر ئەوەی لە سایەی ئەم شێوە خێزانەدا باوك بە ووردی ناناسرێتەوە، بۆیە تەنها هێڵی ژنان، ڕێچکەی وەچەی ئافرەتان، ڕەچاو دەکرێ. هەروەها لەبەر ئەوەی نابێ برا خوشك بخوازێ وتەنها دەبێت ژنانی ڕەچەڵەکێکی دیکە، یاخود هێڵێکی تر، بخوازن، بۆیە ئەو منالانەی کە لەم ژنە غەوارانە دەکەونەوە، بە پێی مافی دایکایەتی، دەکەونە دەرەوەی ئاقاری ئەم خێڵە. بەو پێیە لە وەچەی **کچان** لەهەر نەوەیێك بەولاوە، زیاتر، لەنێو خێڵەکەدا نامێنن بەڵام وەچەی کوڕەکان دەچنەوە نێو خێڵی دایکەکانیان، ئەمجا ئەم کۆمەڵە خزمەخۆینانە کە لە دوو تۆی کۆمەڵێکی تایبەتیدا پێك دێن ولە کۆمەڵە مانەندەکانی دیکەی نێو هۆزەکەدا جوێ دەبنەوە، چییان لێ بەسەر بێ ؟

مۆرگان فۆرمە کلاسیکییەکەی ئەم خێڵە سەرەتاییە، خێڵی (ئیروکوا)– ییەکانی وەرگرت، بە تایبەتی لە نێو هۆزەکانی (سێنیکا)دا. لەم هۆزەدا هەشت خێڵ هەیە کە بەناو ئەم گیاندارانەی خوارەوە ناو نراون: 1. گورگ. 2. ورچ. 3. کیسەڵ.
4. سمۆرە. 5. کەڵەکێوی. 6. مریشکی زەوی. 7. شینە شاهۆ. 8. هەڵۆ. لەهەر یەکێك لەو خێڵانەدا ئەم نەریتانەی خوارەوە بەدی دەکرێن :

1. خێڵەکە (ساخم) یێك Sachem (لە شێنەییدا ڕدێن سپی) ولە کاتی جەنگدا (سەرلەشکر) هەڵدەبژێرێ. هەڵبژاردنی ئەم (ساخمە) دەبوایە هەر لە نێو خودی خێڵەکەدا بکرێ، ئەم فەرمانبەرایەتییە هەر لەنێو خێڵەکەدا بە میرات دەمایەوە; چونکە ئەم کارە هەردەم دەبوو لە ئەستۆی یەکێك دابێ ونەدەبوو بە بەتاڵی مابایەوە. سەرلەشکر دەلوا لە دەرەوەی ئەندامانی خێڵەکەش هەڵبژێردرێن، جاری واش هەبوو پێویستیان پێ نەبوو. کوڕی کۆنە (ساخم) هەرگیز بە (ساخم) هەڵنەدەبژێردرایەوە ، چونکە لەنێو ئیروکوادا دایکسالاری زاڵبوو، جگە لەوەی کە ئەو کوڕە سەربەخێڵێکی دیکە بوو، بەڵام زۆر جار برازا یاخوارزای کۆنە (ساخم) هەڵدەبژێردرا، **هەمووان**، بە ژن و بە پیاوەوە لەو هەلبژاردنەدا بەشدارییان دەکرد. ئەو هەلبژاردنە بەتەواوی جڵەوگیری ڕەزامەندی هەر حەوت خێڵەکەی دیکە بوو، پاش ئەوە هەڵبژێردراو بە ئاهەنگ گێڕان لەلایەن ئەنجومەنی هاوبەشی یەکێتی گشتی ئیروکوا، دادەمەزرێنرا، لە داهاتوودا گرینگی ئەم خاڵەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. دەسەڵاتی (ساخم) لە نێو خێڵەکەدا دەسەڵاتێیکی باوکایەتی بوو، ئادگارێکی عەینی پەتی بەخۆوە گرتبوو هەروەها هیچ زەبرو زەنگێکی بەکار نەدەهێنا. وێڕای ئەوەش بەحوکمی پێشەکەی لە ئەنجومەنی هۆزی

سینیکادا وله ئەنجومەنی فیدراڵی گشتی ئیروکواشدا ئەندام بوو. سەرلەشکر ئانوساتی جەنگی لێ بترازێ هیچ فەرمانێکی لەدەستدا نەبوو.

2. خێڵ بەویست وئارەزووی خۆی دەتوانێ ساخم یا سەرلەشکر وەلانێ. ئەمەش، لەدەست ژنان وپیاوان دایە. ئەوانەش کە وەلادەندرین، دەبنە جەنگاوەرێکی ئاسایی، یان دەبنە کەسێکی ئاسایی. هەروەها ئەنجومەنی باڵای هۆز بەبێ راوێژکردن لەگەڵ خێڵدا بۆی هەیە (ساخم) وەدەرنێ .

3. هیچ ئەندامێکی ئەو خێڵە بۆی نییە لەنێو خێڵەکەدا ژن بهێنێ. ئەمەش بنەمایەکی ریشەیی وکۆڵەکەو ئەستووندی خێڵەکەی پێك دەهێنا، هەروەها بریتییە لە دەربڕینێیکی نێگاتیڤ بۆ ئەو خزمە خوێنییەی کە بە تەواوەتی سنوورکێش کراوە، تەنها ئەمەشە ئەو کەسانە لە سنووری خێڵەکەدا دەگرێتە خۆیەوە. بە دۆزنیەوەی ئەم ڕاستییە سووك وسانایە، مۆرگان بۆ یەکەمین جار بەسەر کرۆکی خێڵدا کەوت. ئەو چیرۆکە کۆنانەی کە لە مەڕ دڕندایەتی وبەربەریزمەوە دەدوێن بە چاکی پەردە لەسەر کاڵفامی ئەوانەی پێش مۆرگان هەڵدەماڵن، ئەوانەی کە پێکهاتەی توخمەکانی خێڵیان، بەبێ جیاوازی ناودەنا وەکو هۆز و (کلان Clan) و (توم thum)... هتد، تێکدەشێواند، لەکاتێکدا زۆر جاریش دەگوترا کە ژنهێنان لە نێو ئەم، یان ئەو، کۆمەڵەیەدا قەدەغەیە. ئەمەش بوو بە مایەی گووراندنی ئەو بشێوێنییە بەگرێ وگاڵەی کە بەرێز ماك– لینان رۆڵی ناپلیۆنی تێدا گێڕا بۆ ئەوەی بە بڕیارێکی گردەبڕ سیستمەکە ئاسان بکاتەوە: هەموو هۆزەکان بەسەر دوو تەرزدا دابەش دەبن، یەکیان نابێ لە نێو خۆیاندا ژن بهێنن (هۆزی لە دەرەوە ژن هێنەر) ئەوی دیکەشیان دەکرێ لە نێو خۆیاندا ژن بهێنن (هۆزی لەناوخۆ ژن هێنەر). پاش ئەوەی بەم شێوەیە کێشەکەی تێك شێواند، ڕووی لە لێکۆڵینەوەێکی قوڵتر کرد بە مەبەستی گەیشتن بەوەی کە ئایا لەم دوو گووتە، پووچەڵانە، کامیان لەوەی دیکە زیاتر بڕ دەکا؟ گووتەی ژن لە دەرەوە هێنەر یا ژن لە ناوخۆ هێنەر. ئەم پووچەڵییەش سەربەخۆ نسکۆی هێنا، کاتێ کە خێڵی لەسەر خزمەخوێن دامەزراویان دۆزییەوە هەروەها کاتێ کە بەهۆی ئەم خزمایەتییەوە بەرەوڕووی مەحاڵاتی بە ژنومێرد بوونی ئەندامانی خودی خێڵەکە بوونەوە. بەڵگەنەویستە کە لەو قۆناغەی بەسەر ئیروکوادا کەوتین، قەدەغە کردنی ژنهێنان لە نێو خێڵەکەدا هێشتا زۆر بەتوندی پەیڕەو دەکرا.

4 . سەروەت وسامانی مردوو دەگوێزرایەوە بۆ ئەندامانی دیکەی خێڵەکە و دەبوایە هەر لە نێو خێڵەکەدا بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کە لەپاش هەر ئیروکوییێك بەجێ دەمان زۆر کەم بوون، بۆیە خزمە هەرە نزیکەکانی ئەو مردووە لە نێو خۆیاندا بەشیان دەکرد، ئەگەر مردووکە پیاو بوایە، ئەو کاتە براکانی کە لەدایك وخاڵیین میراتەکەیان بۆخۆیان دەبەشاندەوە، ئەگەر ژنیش بایە، ئەو کاتە میراتەکەی لە نێو مناڵەکانی خۆی ودایك خوشکەکانیدا، تەنها براکانی لێ بترازێ دابەش دەکرا، هەر لەبەر ئەم هۆیەش نەدەبوو ژن ومێرد میراتگری یەکتر بن هەروەها نەدەبوو مناڵ میراتی باوکی بگرێتەوە.

5 دەبوایە هەموو ئەندامانی خێڵ هەردەم دەستی یارمەتییان بۆ یەکتر درێژ کردبا وهەمیشە باروبووی یەکدییان کردبا بەتایبەتی لە تۆڵەی دەست درێژی بێگاناندا. هەموو کەسێکیش بۆ فەراهەم کردنی ئەمنییەت و ئاسایشی خۆی، بە داکۆکی لێکردنی خێڵەکەی پشت ئەستوور بوو، جا هەرچ کەسێك زیانێکی پێ گەیشتبا ئەوە مانای ئەوە بوو کە هەموو خێڵەکە زیانی پێ گەیشتووە. ئا ئەلێرەوە، لەم بەخوێن پەیوەندییانەی نێو خێڵەکەدا، ئەرکی تۆڵە سەندنەوە سەری هەڵدا، ئەو ئەرکەی کە بەبێ سێ ودوو هەموو ئیروکواییێك دانی پێدا دەنا. ئەگەر هات و ئەندامێکی ئەم خێڵە کەسێکی سەربە خێڵێکی دیکەی کوشت، ئەوە تۆڵە سەندنەوە، ئەرکی تێکڕای خێڵی کوژراوەکەیە. لە پێشدا هەوڵێکیان دەدا بەشێنەیی رێك بکەون. ئەنجومەنی خێڵی بکوژەکە کۆدەبوونەوە و داوایان لە خێڵی کوژراوەکە دەکرد کە بە ئاسایش گرفتەکە بنەبڕ بکرێ وزۆربەی کات داوای لێ

بووردنیان دەکرد ودیارێیکی گەورەیان دەقەبەر دەکردن. ئەگەر داوەکەیان قبووڵ کردبان، مانای وابوو گرفتەکە کۆتایی پێ هاتووە، ئەگەر نا خێڵی کوژراوەکە یەکێك یاخود چەند کەسێکی تەرخان دەکرد، کێس لەپیاو کوژەکە بهێنن ولە تۆڵەی کوژراوەکەدا بیکوژنەوە، ئەگەر ئەوە جێبەجێ کرابا، ئەوسا خێڵی کوژراوی دووەم بۆیان نەدەبوو هیچ داوا و سکالایەك بکەن وگرفتەکەش کۆتاییی پێ دەهات.

6. هەر خێڵێك چەند ناوێك یا کۆمەڵە ناوێکی تایبەتییان هەبوو کە لەوان زیاتر هیچ خێڵێکی دیکە بۆی نەبوو بەکاریان بهێنێ، بەم شێوەیە ناوی هەر کەسێك هیما بوو بۆ خێڵەکەی . جا بە پێویست هەر ناوێکیش هەموو مافەکانی ئەو خێڵەی لە دووتۆدابوو کە بۆی دەگەڕایەوە.

7. هەر خێڵێك بۆی هەبوو بێگانە بگرێتە خۆیەوە، واتە لەنێو تێکڕای هۆزەکەدا بە ئەندام وەردەگیران، بەو پێیەش ئەو دیلانەی کە لە شەڕدا دەگیران ونەدەکوژران، بەهۆی ئەو گرتنە خۆیە، لە هۆزی سینکادا دەبوونە ئەندام و لە هەموو مافەکانی خێڵەکە و هۆزەکەدا بەشدار دەبوون. گرتنەخۆ، لەسەر داوای ئەندامە جۆربەجۆرەکان بڕیاری لەسەر دەدرا، لەسەر داوای ئەو پیاوانەی کە بێگانەکەیان بەبرا یا بە خوشك وەردەگرت، یا لەسەر داوای ئەو ژنانەی کە بێگانەکەیان بە کوڕی خۆیان وەردەگرت، پاشان بۆ چەسپاندنی ئەو گرتنەخۆیە دەبوایە ئاهەنگێکی تایبەتی بەو وەرگرتنە لە نێو خێڵەکەدا بگێڕدرێ. زۆر جار هەندێك لەو خێلانەی کە لە دەستەلاتدا نەبوونە، لاواز دەبوون، کۆمەڵە کەسێکیان دەچوونە نێو خێڵێکی دیکە، کە ئەو خێڵە رازی بایە، بۆ زۆر کردنی ژمارەیان، بەکۆمەڵ بە ئەندام وەریاندەگرتن. ئیروکواییەکان ئاهەنگی وەرگیرانیان لەنێو خێڵەکەدا لەکاتی کۆبوونەوەیەکی بەر ئاوەلای ئەنجومەنی هۆزەکەدا دەگێڕا، ئەمەش دەبوو بە ئاهەنگێکی ئایینی ڕاستەقینە.

8. ئەستەمە بتوانین بوونی ئاهەنگێکی ئایینی تایبەت لەکن خێڵەکانی هیندەسوورپێستەکان بسەلمێنێ، بەلام ئاهەنگی ئایینی هیندەسوورپێستەکان، کەم تا زۆر، بە خودی خێڵەکەوە بەستراوە. لەهەر شەش جەژنە سالانەکەی ئیروکوا، ساخمەکان و سەرلەشکرەکانی هەر خێڵێك، بەحوکمی پلەوپایەکانیان، دەچوونە ڕیزی (یاساوڵە ئایینییەکان)ەوە وبەکاروباری پێشبینەکانیان هەڵدەستان.

9. هەر خێڵێك گۆڕستانێکی هاوبەشی هەیە. ئەم گۆرستانەی ئیروکوا کە لە شاری نیویۆرك دایە و ئێستا لە ناوچووە، چوونکە سپیپێستەکان لە هەموو لایێکەوە تەنگەتاویان کردوون، بەلام لە پێشدا هەبوو. لەکن هیندە سوور پێستەکانی دیکە گۆڕستانەکان هێشتا هەرماوە، لەوانەش بۆ نموونە هۆزی تسکارورا کە وێڕای ئەوەی کە عیسایین، خزمی ئیروکوان. هەر خێڵێك، لە گۆرستانەکەیدا، ڕێزێکی سەربەخۆیان هەیە، بەجۆرێك کە لە یەکڕیزدا دایك لە تەك گڵکۆی کوڕەکەی دەنێژن، نەك باوك. جگە لەوەی کە هەموو خێڵی مردووەکە لە ناشتن وبیرەوەری مردووەکە و...هتد بەشداری دەکەن.

10. خێڵەکان ئەنجومەنێکی بالایان هەیە کە لە کۆوەبوونێکی دیموکراسیانەی هەموو ئەندامانی ڕەسییە پێکهاتووە، و بە ژن وبە پیاوەوە، ئامادەی دەبن، هەمووان لە دەنگداندا یەکسانن. ئەم ئەنجومەنانە، ساخمەکان و سەرلشکرەکان و یاساولە ئایینییەکانی دیکەی هەڵدەبژارد وەلای دەنان. هەروەها ئەم ئەنجومەنە بڕیاری لەسەر خوێن وەرگرتن (Wergeld، بەهای خوێن) یاخود تۆڵەسەندنی، لەلایەن ئەندامانی خێڵەکەوە دەدا، هەروەها بێگانەی لەنێو خێڵەکەدا وەردەگرت. ئەم ئەنجومەنە، بەکورتی، دەسەلاتی بالا بوو لەنێو خێڵەکەدا.

ئەرکەکانی خێڵێکی نموونەیی هیندە سوورپێستەکان ئەمانەن:

(تێکڕای ئەندامانی خێڵەکە کەسانێکی ئازادن ولە سەریانە پارێزگاری لە ئازادی یەکتر بکەن، لەهەموو مافە تایبەتییەکانیاندا بەرامبەرن. نە ساخمەکان ونە سەرلەشکرەکان، خۆیان لە خەڵکی بەگەورەتر نەدەزانی، هەموویان یەک برایەتی پێک دەهێنن وپەیوەندی خوێن پێکیانەوە دەبەستێ. ئازادی وبەرابەری وبرایەتی، وێڕای ئەوەی کە رۆژێک لە رۆژان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گەڵاڵە نەببوو ، بیروڕای بنەڕەتی نێو خێڵەکەی پێک دەهێنا، خێڵیش لە خۆیدا یەکێتی سیستمێکی تەواوی کۆمەڵایەتی وسەربەخۆیی وسەربەرزی کەسایەتی ڕوون دەکاتەوە، ئەو هەستەی کە هەر یەکێک لە هیندە سوورپێستەکان ددانی پێدا دەنێ) (81).

لەسەردەمی دۆزینەوەی ئەمەریکادا، هیندە سوورپێستەکان لەسەرپاکی باکووری ئەمەریکادا لە چەند خێڵێکدا بەپێی مافی دایکسالاری رێکخرابوون. تەنها چەند هۆزێکی لێ بترازێ، وەك (داکوتا، خێڵەکان لەناو چووبوون، هەروەها لەلای هەندێ دیکەشدا، وەکو هۆزی ئودجیڤە وئوماها کە بە پێودانگی مافی باوکسالاری رێکخراوببوون.

لەلای ژمارەیێکی یەکجار زۆری هۆزە هیندییە سوورپێستەکان کە هەر یەکێکیان لە پێنج یا شەش خێڵ پێك دێ، سێ یا چوار خێڵیان بەدی دەکەین کە لەگرووپێکی تایبەتیدا یەکدیگرببوون، کە مۆرگان، ناوە هیندییەکەی زۆر بەدەستپاکی گۆڕیوەتە سەر گریکی، ئەویش فراترییە (phratria) واتە برایەتی. هۆزی سینیکا، بۆ نموونە، دوو فراتری (واتە دوو برایەتی) یان تێدایە، یەکەمیان خێڵەکانی (1– 4) ی بەخۆوە گرتووە ودووەمیان خێڵەکانی (5– 8) ی بەخۆوە گرتبوو. پاش قووڵبوونەوە و توێژینەوەیەکی زیاتر، دەرکەوت کە ئەم فراتریانە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەو خێڵە لاوەکییانە دەنوێنن کە بۆ یەکەمین جار هۆزەکەی بەسەردا دابەشدەبێت. چونکە بە پێویست دەبوایە لانی کەم هەر هۆزێك دوو خێڵ بگرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ سەربەخۆ گوزەران بکات، چونکە ژنهێنان لە نێو خێڵەکەدا قەدەغە بوو. بەو ئەندازەیەی کە هۆزەکە گەشەی دەکرد، هەر خێڵێك لە خۆیدا بەسەر دوو خێڵ یا پتر دابەش دەبوو وهەریەك لەمانەش وەکو خێڵێکی سەربەخۆ بەدیار دەکەوتن، بەڵام یەکەمین خێڵە کە ئەو خێڵانەی لێکەوتبۆوە وەکو فراترێیك دەمایەوە. جا لەکن هۆزی سینیکا وزۆربەی هیندەسوورپێستەکانی دیکەدا، هەموو خێڵەکانی فراترییەك بە خوشکە خێڵ دادەنرێن بەڵام خێڵەکانی فراترییەکانی دیکە بە خوشکە خێڵی پلەی دووەم دەژمێردرێن. ئەم دەربڕینانەش لە سیستمی خزمایەتی ئەمەریکاییدا، وەك بۆمان دەرکەوت، بایەخێکی یەکجار گرنگ ومانایەکی بەرفراوانیان هەیە. لەسەرەتادا هیچ ئەندامێکی هۆزی سینیکا بۆی نەبوو لە نێو فراترییەکەیدا ژن بهێنێ، بەڵام دەمێکە ئەم نەریتە لەناوچووە و تەنها لە سنووری خێڵەکەدا کاری پێدەکرێ. ئەفسانەکانی هۆزی سینیکا دەڵێن گوایە خێڵەکانی دی، لە خێڵی (ورچ) وخێڵی (کەڵە کێوی)ی کەوتوونەتەوە. هەر کە ئەم رێکخراوە نوێیە سەقامگیر بوو بەجۆرەی کە پێداویستی گۆڕانی بەسەردا دەهات، جا لەکاتێکدا ئەگەر خێڵەکانی یەکێك لە فراترییەکان لەناو دەچوون، چەند خێڵێکی تەواوی فراترییەکانی دیکە جێگەیان دەگرتنەوە. لەپای ئەوەش دەبینین کە لەکن هۆزە جۆربەجۆرەکاندا چەند خێڵێك هەمان ناویان هەڵگرتووە و بە شێوەی جۆر بە جۆر لە فراترییەکاندا دابەشکراون.

کارەکانی فراترییەکان لەکن ئیروکوادا هەندێکی کۆمەڵایەتی وهەندێکیشی ئایینییە :

1– لەیاری تۆپێن–دا فراترییەکان دژ بەیەك یاری دەکەن. هەر فراترێیکیش یاریکەرە چاکەکانی هەڵدەبژێرێ، ئەوانی دیکەش کە ماون تەماشای یارییەکە دەکەن، هەر فراترێیك بەجیا لەلایەك دادەنیشێ و گرەو لەسەر بردنەوەی یارییەکەرەکان دەکەن. –2. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای هۆزدا ساخم و سەرلەشکری هەر فراترێیك پێکەوە دادەنیشن بەرامبەر بەوانەی گرووپەکانی دیکە، هەر کە نوێنەری فراترێیك دەکەوێتە قسە،

وەکو ئەوە وایە کە لەگەڵ لایەنێکی، تایبەتی و جیاوازدا، بئاخڤیٚ –3. ئەگەر هات و لە هۆزەکەدا کوشتارێك ڕوویدا، کوڕاو وپیاو کوڕ سەربەهەمان فراتری نەبوون، ئەوسا زۆر جار ئەو خێڵەی کە لێی دەقەوما پەنای وەبەر کۆمەکی برا خێڵەکانی دەبرد ئەمجا ئەنجومەنی فراتری کۆدەبوونەوە و داوایان لە ئەنجومەنی فراترییەکەی دیکە دەکرد لە گەڵەیاندا بەگشتی کۆببنەوە و ڕێگا چارەیەك بۆ کێشەکە دەست نیشان بکەن. لێرەدا سەرلەنوێ فراتری لە شێوەی خێڵێکی سەرەتایی خۆی نیشاندەدا، . بەم شێوەیە دەرفەتی سەرکەوتن بۆ فراتری چاکتر دەڕەخسا وەك بۆ خێڵێکی تاقانەی بیٚ هێز، گوین خوشکە خێڵەکانی. – 4. ئەگەر کەسێکی پایەدار مردبا، فراترییەکەی دیکە ئەرکی شاردنەوەی تەرمەکەو بەڕیٚ خستنی لەئەستۆ دەگرت، بەڵام فراتری مردووەکە وەکو خزمێکی مردوو لە شاردنەوەکەدا بەشدارییان دەکرد. جا ئەگەر مردووەکە ساخم بوایە، ئەوە فراترییەکەی دیکە یەکێتی ئەنجومەنی باڵای ئیروکوا ئاگادار دەکردەوە بەوەی کە جێگای ساخم بەتاڵە. –5. لەهەڵبژاردنی ساخمدا ئەنجومەنی فراتریش دەستی هەبوو. بارهێنانی برا خێڵەکان بەو هەڵبژاردنە کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام خێڵەکانی فراترییەکانی دیکە بۆیان هەبوو پەڵپ بگرن، لەم حاڵەتەشدا، ئەنجومەنی فراتری کۆدەبوونەوە، جا ئەگەر پەڵپ گرتنەکەیان پیٚ ڕەوا بوایە ئەوا ئەو هەڵبژاردنە بەتاڵ دەکرایەوە. –6. ئیروکوا بۆنەیەکی ئایینی ئاڵۆز و تایبەتییان هەبوو، سپی پێستەکان بەم بۆنەیەیان دەگوت medicine-lodges (21پ) ئاهەنگی ئەم بۆنە ئایینییانە لەکن هۆزی سینیکادا دوو گرووپی ئایینی دەیانگێڕا، ڕێبازێکی تایبەتیی پەیڕەو دەکرا بۆ بەشداری کردن وناساندنی ئەم نهێنییانە بەو ئەندامانەی کە دەیانویست تێدا بەشدار بن. هەر یەکە لەو دوو فراترییانەش تاکە گرووپێکیان هەبوو. – 7 . لە سەردەمی داگیر کردن دا (82) ئەگەر هەر چوار (Lineages) (ئەسباتەکان) کە بەشێوەی چوار فراتری لە چوار گەڕەکەکەی (تلاسخالا) دا دادەنیشتن، تارادەیەك گومانیش لە راستی ئەمەدا نییە، ئەوە دەسەلمێنیٚ کە فراترییەکان لەهەمان کاتیشدا مانەندی فراترییەکانی کن گریکەکان و هەروەها کۆمەڵە خێڵەگەرییەکانی لای ئەڵمانەکان، ڕۆڵی یونیتێکی سەربازییان دەگێڕا، چونکە ئەم چوار (Lineages)ە هەر یەکەیان وەکو بەتەلیۆنێکی سەربەخۆ و جیاواز دەچوونە نێو شەڕەوە وهەر یەکەشیان جل وبەرگ وئاڵا وسەرکردەی سەربەخۆیان هەبوو .

هەر وەك چۆن چەند خێڵێك فراتێیکیان پێك دەهێنا، بەهەمان شێوە چەند فراترێك هۆزێکیان دروست دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر شێوە کلاسییەکەیمان لەبەر چاو گرت. زۆر جار لەکن هۆزە لاواز وبیٚ هێزەکاندا، فراتری بەدی ناکریٚ. کەواتە چ شتێك هۆزی هیندە سوورپێستەکان لە مەریکا جیا دەکاتەوە ؟

1. ناوچەیەکی سەربەخۆ و ناوێکی تایبەت. هەر هۆزێکیش جگە لە ناوچەکەی خۆی، پارچە زەوییەکی بەر فراوانی لەبەردەستدا بوو بۆ ڕاووشکاریی وماسی گرتن. لەپاش ئەم کەوشەنە زەوییانەش پارچە زەوییێکی پان وبەرین وبیٚ لایەن بە ئاقاری نزیکترین هۆزی دەبەستنەوە، ئەو پارچە زەوییەش لەنێو ئەو هۆزانەی کە بە دوو زمانی لێکنزیك دەدوان بەرتەسکتر دەبۆوە، بەڵام لەنێو ئەو هۆزانەی کە بە دوو زمانی جیاواز قسەیان دەکرد بەرفراوانتر دەبۆوە. ئەو پارچە زەوییە وەکو ئەو تخووبە لێرەواڕانەی لای ئەڵمانەکان وهایە، هەروەها مانەندی ئەو بیابانەی کە قەڕاڵە (sueve سویف)ەکان لە دەوری زەوییەکانیاندا دروستیان دەکرد، یان ئەو زەوییانەی کە(îsarnholt) (بەدانیمارکی limes – Danicus،garnved –) کە لەنێوان دانیمارکییەکان وئەڵمانیەکاندایە، هەروەها لێرەواری ساکسۆنی و (branibor) (بە زمانی سلاڤی مانای لێرەواڕی پارێزراو)ە کە لەنێوان ئەڵمان وسلاڤییەکاندایە، وناوی (براندنبۆرگ)ی لیٚ داتاشراوە. ئەو ناوچانەی کە بەم شێوەیە بە سنورێکی نادیار دەست نیشان دەکرا وڵاتی گشتی وهاوبەشی هۆزەکەی پێك دەهێنا، هۆزەکانی دەوروبەریش بەو ناوەوە ددانیان پێدا دەنا، هەروەها هۆزی خاوەن زەوی ئەو ئاقارەی لە هەموو دەست درێژێیك دەپاراست. لە ڕاستیدا، زۆربەی

کات، نادیاری ئەو سنووره هیچ بێزارییێکی لەکن خەڵکەکە دروست نەدەکرد، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە ژمارەی دانیشتوان زۆر گەشەی دەکرد.

واپێ دەچێ کە هۆزەکان زۆربەی کات بە رێککەوت ناو نرابن، زۆر زیاتر لەوەی کە بە مەبەستێکی دیاریکراوەوە بووبێ. زۆر جار واڕێکدەکەوت کە هۆزەکانی دەوروبەر، ناوێکیان لەو هۆزە دەنا بەتەواوی جیاواز بوو لەگەل ئەوەی کە بەخۆیان هەڵیان دەبژارد، هەر وەك چۆن کەلتەکان لە مێژوودا یەکەمین ناوی هاوبەشیان لە ئەڵمانەکان نا کە ئەویش (ئەڵمانەکان Germanen) بوو.

2. (دایلێکت Dialekt) ێکی تایبەتی کە تەنها ئەو هۆزەی پێ جیا دەکرایەوە. جا لە واقیعدا هۆز و دایلێکت لە کرۆکدا پێکەوە گرێدراون. دروست بوونی هۆزەکان ودایلێکتەکان بە نوێیی بەهۆی دابەشبوونیانەوە تاکو ئەم دوا دواییانەش لە ئەمەریکادا هەر بەردەوام بوو، گومان لەوەشدا نییە کە تاکو ئێستاش لەو ڕەوتەی هەر نەکەوتووە. لە کاتێکدا کە دوو هۆزی بە ژمارە کەم لە هۆزێکدا تێکەڵ دەبوون، بە شێوەیێکی زۆر نائاسایی هەڵدەکەوت کە لەو هۆزەدا بە دوو دایلێکتی زۆر لەیەکدی نزیك بدوێن. ناوەندە ژمارەی کەسانی هۆزی ئەمەریکی لە 2000 کەس کەمتر بوون، بەڵام هۆزە شیرۆکییە هیندییەکان خۆی لە 26000 کەس دەدا، ئەمەش زۆرترین ژمارەیە لە هیندە سوورپێستە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا بەیەك جۆرە دایلێکت قسە بکەن.

3. مافی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی دانانی ساخمەکان و سەرلەشکر کە خێڵەکانیان هەڵیان دەبژاردن.

4. مافی وەلانانیان، تەنانەت دژ بە ویستی خێڵەکانیشیان. لەبەر ئەوەی ئەم ساخم و سەرلەشکرانە لە ئەنجومەنی باڵای هۆزدا ئەندامن، کەواتە مافی هۆزەکە بەسەریاندا خۆی لە خۆیدا ڕوونە. جا لەکاتێکدا کە یەگرتوویەك لە هۆزەکان دروستدەبوو وهەموو ئەو هۆزانەی کە تێدا بەشدار بوون لە ئەنجومەنێکی یەکگرتووی باڵادا نوێنەریان دەبوون، هەموو مافەکان دەگوێزرانەوە بۆ ئەم ئەنجومەنە.

5. بیرو بۆچوونی ئایینی هاوبەش (میتۆلۆژیا) وهەروەها کارە کلتوورییە هاوبەشەکان.

«هیندە سوورپێستەکان لە ڕەچەرێگای بەربەرییاندا گەلێکی ئایین پەروەر بوون»(83).

میتۆلۆژیای هیندە سوورپێستەکان ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نەبۆتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیێکی ڕەخنەگرانە، ئەوان هەموو ئەو شتە ئایینییانەی کە بڕوایان پێ هەبوو– لە شێوەی ڕوحی جۆربەجۆر– بەرجەستەیان دەکرد ولەسەر شێوەی مرۆڤ دایاندەڕشتن، بەڵام لەو پلەنزمەی بەربەریزمدا کە ئەوان تێیدا بوون ئەو شێوانە هێشتا لەو وێنانەدا بەرجەستە نەببون کە (بت) یان پێدەڵێن. ئەمەش بریتی هەنگاونان بەرەو دۆزینەوەی زۆر خودایی و پەرستنی سروشت و توخمەکانی. هۆزە جۆربەجۆرەکان چەژنی دیاریکراویان هەبوو کە شێوەی ئایینی دیاریکراوی هەبوو، وەکو سەماو یاری کردن. بەتایبەتی سەماکردن کە بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو بوو لە ئاهەنگە ئایینییەکان. هەر هۆزێکیش بەتەنیا ئاهەنگی خۆی دەگێڕا.

6. ئەنجومەنی باڵایهۆز بۆ گفت وگۆکردن لەسەر کێشەوبێشە هاوبەشە گشتییەکان. ئەم ئەنجومەنەش لە هەموو ساخمەکان وسەرلەشکرەکانی خێڵە جۆراوجۆرەکان پێك دەهات، واتە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خێڵەکان، چونکە هەردەم لەوانە بوو ئەم نوێنەرانە وەلاوە بنێ. ئەم ئەنجومەنە بە ئاشکرا وبەبەرچاوی هەموو ئەندامانی هۆزدا کۆدەبۆوە، هەموانیش مافی بەشداری کردن وقسەکردنیان لەو گفتوگۆیانەدا هەبوو. هەموو بڕیارەکانیش لە دەست ئەو ئەنجومەنەدابوو. بەگشتی هەموو ئامادە بووان ئەگەر ئارەزوویان لێ بایا بۆیان هەبوو ڕای خۆیان دەرببڕن. ژنانیش بە ڕێگای نوێنەرێکەوە کە خۆیان هەڵیان دەبژاردن داواکانیان ڕادەگەیاند. لەکن ئیروکوادا دوا بڕیاردان پێویست بوو کە بەکۆمەڵ بێ، هەروەکو چۆن بۆ چارەسەرکردنی هەندێ مەسەلە، کۆمەڵەکانی مارکی ئەڵمانی دەیانکرد. پەیوەندی بە هۆزەکانی دیکە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای هۆزدابوو. جگە لەوەش

پێشوازی لە باڵیۆزی هۆزەکانی دیکەی دەکرد و بالیۆزی بۆ دەناردن، جاڕی شەڕی دەدا وئاشتی سازدەکرد. لەشەڕ هەڵایساندا ، ئەو شەڕانە، زیاتر لەلایەن ئەوانەوە دەکرا کە خۆ بەختبوون(Freiwillige). لە راستیدا هەموو هۆزەکان لەگەڵ یەکتر هەمیشە لە شەڕدابوون، کە لەسەر ئاشتی ڕێك نەکەوتبوونایە. بەگشتی هەر جەنگاوەرە لێهاتووەکان، ئەو شەڕانەیان ئۆرگانیزە دەکرد، جەنگە سەمایان سازدەکرد، هەرچ کەسێك چووبایە ڕیزی ئەو سەمایەوە ئەوە بەشداری کردنی خۆی بۆ ئەو هەڵمەتە دەردەبڕی، یەکسەر قافڵە کە ساز دەکراو ودەرۆیشت. خاکی هۆزەکەش زۆربەی کات لەلایەن خۆبەختکردووەکانەوە، پارێزگاری لێ دەکرا. ڕۆیشتنی ئەو پەلانە بۆ شەروگەڕانەوەیان ، بۆنەیەك بوون بۆ سازدانی ئاهەنگی گشتی . ئەم هێرشانە هیچ پێویستییان بەرەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هۆز نەدەکرد، بەڵکو هەر قسەشی لێ نەدەکرا. ئەمەش وەك تاقیتس بۆی باس کردووین (84) کت ومت پێکدەچن لەگەڵ ئەو شەڕە تایبەتییانەی کە چەتەوڵە ئەڵمانییەکان دەیانکرد، بەڵام ئەموانە لەلای ئەڵمانەکاندا، سیمایێکی بەردەوامتری بەخۆیەوە گرت وکاکڵەیێکی چەسپاوی پێك دەهێنا کە لە شێنەییدا ڕێك دەخراو لەکاتی شەڕدا خۆبەختکردووەکانی دیکەی لێ دەورووکان. بە دەگمەن دەبوو کە ئەم پەلە جەنگاوەرانە ژمارە کەسێکی زۆریان تێدا کۆببێتەوە، گەورەترین شەڕی هیندە سوور پێستەکان تەنانەت بۆ شوێنە دوورەکانیش بە هێزێکی کەم ئەژمار دەکرا. ئەگەر هەندێك لەم پەلانە بەمەبەستی پرۆژەیەکی کەم تا زۆر گەورە یەکیانگرتبا، ئەوە لەوکاتەدا هەر یەکەیان تەنها گوێی ڕایەڵی سەرکردەکەی خۆی دەبوو. بەڵام کۆی پلانی شەڕەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئەو سەرلەشکرانەوە دادەڕێژرا. هەر بەم شێوەیەش ئەڵمانییەکانی سەرووی ڕاین لەسەدەی چوارەمدا گەڕیان دەگێڕا، وەك لە باسەکەی ئەمینیانۆس مارسیلینۆسدا گوتراوە.

7. هەندێك لەوهۆزانە، سەرکردەیەکی باڵاتریان هەیە، کە لەگەڵ ئەمەشدا دەسەڵاتێکی زۆر کەمی لەدەست دایە . ئەویش یەکێکە لەو ساخمانەی کە لە باروزروفێکی کت وپڕدا، بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کاری ساتەوەختی. تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی باڵا کۆدەبێتەوە و دوا بڕیاریان لەسەر دەدا. ئا ئەلێرەدا نموونەیێکی پێش وەختمان لەسەر فەرمانبەرێك دێتە بەرچاو کە دەسەڵاتێکی تەواوی لە چنگ دابێ، بەڵام ئەم نموونەیە هێشتا پێ نەگییوە، وپەرەی نەسەندووە، بەڵام وەك لەمەوپاش بۆمان روون دەبێتەوە ئەمە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر هەمیشە وەها نەبێ، لە پەرەسەندی دەسەڵاتی باڵای سەرلەشکرییەوە سەرچاوە دەگرێ.

زۆربەی هەرە زۆری هیندەسوورپێستەکان، لە یەککگرتن لەدووتۆی هۆزێکدا بەولاوە، هەڵیان نەدەبوارد. هۆزە کەم ژمارەکانیان کە زەویەکی پان وبەریین لێکی دادەبڕین، وجەنگی هەمیشەیی بڕستی لێ بڕیبوون، بە ژمارە کەسێکی یەکجار کەمەوە، زەوییێکی بەر فراوانیان داگیر کردبوو. ئەو هۆزانەی کە بە خزمایەتی پەیوەست بوون لێرەولەوێ لەکاتی لێقەوماندا، بەشێوەیەکی ساتەوەختی هاوپیمانێتییەکیان پێك دەهێنا، ئەوەش بە نەمانی پێداویستییەکە لەناو دەچوو. ئەو هۆزانەی کە لە پێشدا خزم بوون وپاشان لێکدابڕان وپاش ئەوە سەرلەنوێ لە هەندێك ناوچەدا لە دەبوون بەهەمیشە هاوپەیمان. بەمەش یەکەمین هەنگاو نرا بەرەو دروست بوونی نەتەوەکان Nations. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەکن ئیروکوادا، بەسەر شێوەیەکی باڵای پەرەگرتووی ئەم جۆرە هاوپەیمانانەدا دەکەوین. ئیروکوا پاش ئەوەی لە نیشتەمەنەکانیاندا لە خۆر ئاوای دەریای میسیسیپی، کە لەوێدا بەپێی هەموو بۆچوونێك لقێك بوون لە کۆمەڵە خێزانی مەزنی داکوتا، پاش کۆچ وڕەوێکی دوورو درێژ لە شاری نیویۆرکی ئێستا گیرساونەتەوە وبەسەر پێنج هۆزدا دابەش بوون : سینیکا ، کایەگا ، ئونونداگا ، ئونیدا ، موهاوك. هەروەها لەسەر ڕاوەماسی و ڕاووشکار و کردوکێڵی سەرەتایی دەژیان، لە گوندی پەرژینکراودا دەگوزەران. ژمارەشیان هەرگیز لە 20000 کەسی تێنەدەپەڕی، هەروەها لە هەر پێنج هۆزەکانیاندا چەند خێڵێکی هاوبەش هەبوون کە بە دایەلێکتێکی لە زمانێکەوە نزیك قسەیان دەکرد ولە پارچە زەوییێکدا

دەژیان کە لەنێوان هەر پێنج هۆزەکەدا بەش کرابوو. لەبەر ئەوەی کە بەنوێی دەستیان بەسەر ئەم زەوییانەدا گرتبوو، بۆیە دەبوایە ئەم هۆزانە بەشێوەیەکی ئاسایی، پێکەوە دژ بەهەموو هەڕەشەکان، هەرەوەز وهاوکار بن، ئەم پەیوەندییە، خۆبەخۆ، تاکو، لەسەرەتای سەدەی پازدەهەمدا، لە شێوەی (هاوپەیمانییەکەی هەتا هاتایی confédération)(23پ)، لە شێوەی هاوکارییەکی سوێند لەسەرخوراو، دروست بوو کە هەست بە هێزوگوڕێکە تازە بکات و سیمای هێرش بردن بگرێتە خۆیەوە ولەوپەڕی بەهێزیدا، دەوروبەری ساڵی 1675 ، توانی دەست بەسەر پانتاییێکی مەزنی زەوییەکانی دەوروبەری خۆیدا بگرێ ولە هەندێ جێگادا دانیشتوانی بڕەتێنێ، لەجێگای تریش خەرج وباجیان بەسەردا بسەپێنێ. فیدراسیۆنی ئیرکوا بالاٌترین سیستمی کۆمەلایەتییە کە هیندە سوورپێستەکان، پێش ئەوەی پلەی نزمی بەربەریزم هەڵببوێرن، پێی گەیشتبوون، (دانیشتوانی مەکسیك ومەکسیکی نوێی(85) و پیرۆی لێ بترازێ) سیمای بنەرەتی ئەم فیدراسیۆنە بریتییە لە مانەی خوارەوە:

1. یەکگرتنێکی هەتاهەتایی لە نێوان ئەو پێنج هۆزەی کە خزمە خوێنن، لە سەر زەمینەی یەکسانییێکی تەواو وسەربەخۆیی لە بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارێکی ناوخۆی هۆزەکە. ئەم بەخوێن خزمایەتییە بەردی بناغەی ڕاستەقینەی یەکگرتنەکەی پێك دەهێنا. لەو پێنج هۆزانە سێ دانەیان بە باوە هۆز ناو دەبردن ولەنێو یەکتریشدا برا بوون، دوو هۆزەکەی تریان بە دوو خوشکە هۆز ناودەبردن وئەمانیش خوشکی یەکدی بوون. سێ خێڵەیان کە لە هەمووان –تەمن درێژتر بوون– هێشتا لە نێو هەر پێنج هۆزەکەدا نوێنەری ئامادەیان هەبوو، هەروەها سێ خێڵی دیکە نوێنەریان لە سێ هۆزی دیکەدا مابوون. ئەمجا تێکڕای ئەندامانی ئەم هۆزانەی نێو هەر پێنج هۆزەکەدا برای یەکدی بوون. دایلێکتی جیاواز و زمانی هاوبەش، شەقڵ و بەڵگەی هاوڕەگوڕیشەیان بوو.

2. ئەنجومەنی یەکگرتنکە، کە لە 50 ساخمی هاودەسەلات و هاوپایە پێك هاتبوو، بریتی بوون لە دەستەی یەکگرتنەکە. دوا بڕیار لەسەر پاکی کاروبارەکان، لە چنگ ئەم ئەنجومەنەدا بوو.

3. لە دامەزراوەکانی ئەم یەکگرتنکەدا، فەرمانبەرانی، ئەم 50 ساخمانە، لە نێوان هۆز وخێڵەکاندا بەشکرابوون، و بۆ هەڵسوڕانی بۆکاروبارو بەرژەوەندییە نوێیەکانی یەکگرتنەکە دادەمەزران. جا لە کاتێکدا ئەگەر ئەو جێگایە بەتاڵ بوایە، سەر لەنوێ لەلایەن خێڵەکەدا بەرێگای هەلبژاردن پڕ دەکرایەوە، یا ئەو کەسە وەلابنێ. بەڵام دامەزراندنیان لەدەست ئەنجومەنی باڵای یەکگرتنەکەدا بوو.

4. ساخمەکانی یەکگرتن، لە هۆزەکانی خۆشیاندا هەر ساخم بوون ومافی دەنگدان وبەشداری کردنیان لە ئەنجومەنی هۆزەکەی خۆیاندا هەبوو.

5. هەموو بڕیارێکی ئەنجومەنیباڵای  یەکگرتن دەبوایە بە کۆمەڵ بدرێ.

6. هەر هۆزێك بە تەنیا دەنگیان دەدا بە جۆرێك دەبوایە هۆزێکە وهەموو ئەندامانی ئەنجومەنی هەر یەك لەو هۆزانە بە گشتی دەنگیان یەك بێ بۆ ئەوەی کار بەو بڕیارە بکرێ.

7. ئەنجومەنی هەر پێنج هۆزەکە بۆیان هەبوو داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی یەکگرتن بکەن، بەڵام ئەنجومەنی یەکگرتن بۆی نەبوو کە لەخۆیەوە کۆببێتەوە.

8. هەموو کۆبونەوەێکیان بە بەر چاوی کۆی گەل دەبەسترا. هەموو ئیروکواییێك بۆی هەبوو قسەی تێدا بکات. بەڵام مافی بڕیار دان تەنیا بۆ ئەنجومەنەکە بوو.

9. ئەو یەکگرتنە هیچ سەرۆکێکی بەخۆیەوە نەدەدی وهیچ کەسیش سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەراندنی نەبوو .

10. دوو سەرلەشـکری باڵایـان هـەبوون کـە یـەك دەسـەڵات وحوکمڕانیـان لـە دەسـت دابـوو لـەکن سپاریتییەکان (دوو پادشابوون) ولە ڕۆما دوو کۆنسولْ.

ئەمە بوو ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە چوارسەد سالْ ئیروکوا لە سایەیدا دەژیان وتاکو ئێستاش هەر بەردەوامە. زۆر بە درێژی باسم لەم سیستەمە کرد، وەك چۆن مۆرگان باسی لێوە کردووە چونکە لێرەدا دەرفەتێکمان بۆ دەرەخسێنێ کە لە سیستمی کۆمەڵگایێك بکۆڵینەوە، هێشتا بە **دەوڵەت** ئاشنا نەبووە. دەوڵەت دەسەڵاتێکی گشتی تایبەتی دەسەپێنێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی تێکڕای ئەو خەڵکەی کە پێکی دەهێنن. (ماورەر Maurer) کە بە غەریزەیەکی ڕاست ودروستەوە دەگاتە ئەوەی کە سیستمی (مارك)ی ئەڵمانی بریتییە لە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی پەتی کە لەناوەرۆکدا لەگەڵ دەوڵەتدا بەئاشکرا جیاوازە، ماورەر لە هەموو کتێبەکانیدا لە پلەبەپلە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی گشتی دەکۆڵێتەوە، لە خودی سیستمی سەرەتایی (مارك)ەکان وهی لادێ وخێزان وشار، شانبەشانی ئەوە(86). هەروەها لە دەراوی هیندە سوورپێستەکانی ئەمەریکای باکوورییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن لە سەرەتاوە هۆزێکی یەکگرتوو هەند هەند بەسەر کیشوەرێکی بەرفراواندا بڵاودەبنەوە، هەروەها چۆنێتی دابەش بوونی هۆزەکان وبوونیان بە چەند گەلێك ، واتە گرووپە هۆزێکی تەواو، هەروەها چۆن ئەو زمانانە گۆڕانیان بەسەردا دێت وسەرئەنجام لەیەکتر حاڵی نابن، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو هەموو شوێنەوارێکی لە مێژینەی ئەو یەکگرتنە لەدەست دەدا. هەروەها چۆن هەندێ لەو هۆزانە نێو هۆزەکە، دابەش دەبن، وچۆن دایکە خێڵە کۆنەکان بەشێوەی چەندین (فراتری) دەمێننەوە، جگە لەوەی کە ناوی ئەم خێڵە سەرەتاییانە، لەکن خێڵە لێك دوور و لەمێژ دابڕاوەکاندا، وەکو خۆیان دەمێننەوە، (گورگ) و (وورچ) کە ناوی خێڵن هێشتا لەکن زۆربەی هۆزەکانی هیندە سوورپێستەکان بەدی دەکرێن. هەموو ئەم هۆزانەش بەگشتی پابەندی ئەو سیستمانەن کە لە سەرەوە باسمان کردوون ، خاڵێکی لێ بترازێ ، ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیێکی زۆر لەو هۆزانەی کە خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێ هێشتا بە قۆناغی یەکگرتنی ئەو هۆزانە نەگەیشتوون.

هەروەها دەبینین کە سیستمی خێڵو وفراتریی وهۆزەکان هەر هەموویان، بە پێویست، گۆڕانیان بەسەرردادێ ، گۆڕانێك کە بەکەس ناگیرێ، چونکە پێداویستییەکی بەتەواوی سروشتییە، و تا ڕادەیەك لەم خانە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەوە سەرهەڵدەدەن، کە خێڵە. ئەم سێ کۆمەڵەیەش، واتە خێڵەکان وفراتییەکان وهۆزەکان، بریتین لە پلەی جۆراوجۆری بەخوێن خزمایەتی ، ئەوەشمان لەبیر بێ کە هەر یەکەیان سەربەخۆیە وبەتەنیا کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن ، بەڵام وێڕای ئەوەش یەکدی تەواو دەکەن. هەروەها ئەڵقەی بەڕێوەبردنی کاروبار، سەرپاکی کاروباری گشتی وکۆمەڵایەتی مرۆڤ، لە قۆناغی نزمی بەربەریزمدا دەگرێتەوە. بەم پێیە کاتێ کە لەکن یەکێك لەو گەلانەدا، بەسەر خێڵدا دەکەوین سەبارەت بەوەی کە خانەیەکی بنچینەیی کۆمەڵایەتییە، دەبێت لەکنیاندا تەماڵ بۆ سیستمێکی هۆزەکی هەڵبگرین مانەندی ئەو سیستمەی کە لێرەدا باسکراوە، جا لە کاتێکیشدا ئەگەر سەرچاوەیەکی زۆرمان لەبەر دەستدا بوو وەکو ئەوەی کن گریك و ڕۆمانییەکان، نەك تەنها هەر خێڵ و هۆزیان تێدا دەدۆزینەوە ، تەنانەت ئەگەرسەرچاوەیەکی کەمیشمان لەبەر دەست دابێ، دەچینە ژێر باری ئەوەش کە هەرچ بەراوردێك لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی ئەمەریکی، باروبوویەکی ئەوتۆمان دەکا کە گرێی ئاڵۆزترین مەتەڵ بکەینەوە.

لەگەڵ هەموو سادەو ساکاریەکی چەندە سەیرو سەمەرەیە ئەم سیستمی خێڵایەتییە ؟ هەموو شتێك تێیدا بەڕاست و ڕەوانی بەپێی سیستمێکی دیاری کراو بەڕێوە دەچێ ، بەبێ سەرباز و ژاندەرمە وپۆلیس وبەبێ پیاو ماقوولْ و پادشا وکاربەدەست وبەڕێوەبەر ودادوەر، بەبێ بەندینخانە وبەبێ هیچ داوەرییەك هەموو شەڕو

ناخۆشییەکان، ئەوکەسانە چارەسەریان دەکەن کە پەیوەندییان پێوە هەیە، واتە لەلایەن خێڵەکە یا هۆزەکە، یا چەند خێڵێکی جیاواز چارەسەر دەکران. تۆڵە سەندنەوە تەنها وەکو دوا رێگاچارە پەنایان بۆ دەبرد ئەویش زۆر بەدەگمەن دەسەندرایەوە، سزای لە سێدارەدان وەکو خواستێکی شارستانێتی بەهەموو لایەنە چاك وخراپەکانی، ئێستا لەوەوە شێوە دەگرێ . ڕاستە ئەوسا کاروباری گشتی زۆر لەهی ئێستا زیاتر بوون. ئابوری نێو ماڵ بەشێوەیێکی هاوبەش ولەسەر بناغەیەکی کۆمۆنیستی لەلایەن کۆمەڵە خێزانێکەوە بەرێوە دەچوو، زەوی وزاریش هی هەموو هۆزەکە بوو ، تەنها باخچۆکەی لێبترازێ کە بۆ جاروبار دەدران بەچەند ماڵێك. هیچ شوێنەوارێکی دەزگای قەبە وئاڵۆزی وەکو ئەوانی ئێستامان بەدی ناکەین. هەموو کاروبارێکیش ئەو کەسانە خۆیان باشاریان دەکرد کە پەیوەندییان پێوە هەبوو ، زۆربەی کاتیش نەریتی لە مێژینە پێش وەخت هەموو شتێکی رێك دەخست. هەرگیز هەژار و دەستکورتیان تێدا نەبوو، چونکە ئابوری کۆمۆنیستی وخێڵ بەتەواوی دەیانزانی، بۆ پیر و نەخۆش وکەفتەکاری جەنگ چی بکەن. هەمووان بە ژنانەوەش یەکسان وئازاد بوون. هێشتا کۆیلەشیان تێدا نەبوو، بەگشتی هێشتا هۆزە بێگانەکان کۆیلە نەدەکران. کاتێ کە ئیرکوا لە ساڵی 1651 دا دەسەڵاتیان بەسەر هۆزی ئیپری و (نەتەوەی بێ لایەن)(87)دا شکا، داوایان لێ کردن کە بەبێ جیاوازی بێنە ڕیزی یەکگرتنەکەیانەوە، تەنها کاتێ کە تێکشکاوەکان، ملیان بەو داوایە نەدا، لە زەوییەکان ڕەتاندیانن. ئایا چ ژن وپیاوێك لەم کۆمەڵگایەدا کەوتوونەوە ، ئەوا سەرسوڕمانی تێگرای ئەو سپی پێستانە دەیسەلمێنێ، کە دڵیان زۆر بەو هیندە سووریێستانە دەکرایەوە، کە هێشتا بۆگەن نەکرابوون، وئاشنایەتییان لەگەڵیاندا پەیدا کردبوو و زۆریان دڵ، بەهەستی پاك و بەتین وبەرز و سەرڕاستی ورەوشت چاکی وئازایەتی ئەم بەربەریستانە، دەکرایەوە.

لەم نزیکانە نموونەیەکی چاکی ئەم ئازایەتییەمان لە ئەفەریقا دێتە پێش چاو، چەند ساڵێك لەمەوبەر لەلایەن (زولوکافێر)ەکان وهەروەها چەند مانگێ لەمەوبەر لەلایەن (نوبییر)ەکانەوە – ئەمانە دوو هۆزن هێشتا لەکنیاندا پەیوەندی خێڵایەتی لەناو نەچووە– ئەوەی کە ئەم دوو خێڵە کردیان هیچ سوپایەکی ئەورووپی دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ(88). ئەمانە تەنها بە ڕم و زەرگ خۆیان چەکدار کردبوو و هیچ چەکێکی ئاگرینیان لەدەستدا نەبوو، بەڵام توانیان لەژێر گوللە بارانی تفەنگە پڕتاوەکانی سوپای بەریتانی– کە هەموو کەسێك لە شەڕدا  بە پێشڕەویان دادەنێ– ڕوو بەڕوو هێرش بەرن وچەندین جار ڕیزەکانیان تێك بشکێنن، تەنانەت سەرای جیاوازی چەك وسەرەڕای ئەوەی کە هیچیان لە بارەی پلانی سەربازی ومەشق کردن نەدەزانی، توانیان بۆڕیان بدەن. بەڵام چەند بەرگر و بەتوانان، ئەوە ئینگلیزەکان بە خۆیان گەواهی بۆ دەکەن، کە بێزاری خۆیان بەرامبەر بە (زولوکافێر) دەردەبڕن کە لە 24 کاتژمێردا، زۆر لە ئەسپێك زیاتر وخێراتر، غاریان دەدا. هەر وەك نیگارکێشێکی ئینگلیزی دەڵێ بچووکترین ماسوولکەیان وەك پۆڵایە و دەڵێی گوریسی ڕێسراوە زەق دەبێتەوە.

مرۆڤ وکۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاوەها بوون، پێش ئەوەی بەسەر چینی جۆراوجۆردا دابەش بن. جا ئەگەر بەراوردێکمان لەنێوان بارودۆخی ئەوان وهی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شارستانی وهاوچەرخدا کرد، ئەوسا دەردەکەوێ کە جیاوازی لە نێوان پرۆلیتێری ئێستا یا وردە جوتیارێك لەگەڵ ئەندامێکی ئازادی ئەوسای خێڵێکدا، ئاسمان وریسمانە.

بەڵام ئەوەش تەنها ڕوویەکی مەسەلەکەیە. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئەم سیستمە دەبوایە لە ناو بچێ. هەروەها لە سنووری هۆز بەولاوە تێنەپەڕیوە . یەکگرتنی هۆزەکانیش، هەر وەك لەمەو پاش بۆمان دەردەکەوێ، یەکەمین هەنگاوی ڕوووەو نەمانی ئەم سیستمە بوو هەر وەك چۆن لە هەوڵدانی ئیروکواییەکانەوە بۆ بەکۆیلەکردنی هۆزەکانی دیکە بۆمان دەرکەوت. جا هەرچ شتێکیش لە دەرەوەی هۆز بوایە ئەوا لە دەرەوەی یاسا بوو. هەر کاتێکیش بەڕەسمی لەسەر ئاشتی رێك نەکەوتبان ئەوا ئەو هۆزانە لە جەنگ دابوون، ئەو

شەڕانەش بەو درێییەی کە مرۆڤ لە گیانەوەرەکان جویێ دەکاتەوە دەکران، ولە دواییشدا تەنها بەهۆی بەرژەوەندی تاکە کەسەوە دادەمرکایەوە. سیستمی خێڵایەتی لەهەڕەتیدا ، وەك لە ئەمەریکا بینیمان، بەرهەم هێنانێکی یەکجار سەرەتایی دەسەپاند، واتە ژمارە کەسێکی یەکجار کەم کە بە پەرش وبڵاوی لەسەر زەوییێکی پان وبەریندا بڵاوببونەوە، ئەمەش بەڕادەییێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بە تەواوەتی ملکەچی ئەو سروشتەی دەوروبەری بێت کە بەدژایەتییەکی ئاڵۆز بەرەوڕووی دەبێتەوە بەبێ ئەوەی هیچی لێ بگات، ئەمەش بەتەواوی لەبیرو بۆچوونی منالانە و سادە وساکارە ئایینییەکان ڕەنگ دەداتەوە. هۆز سنوورێك بوو، چ بۆ خودی مرۆڤ خۆی یا بۆ کەسانی هۆزێکی دیکە: هۆز وخێڵ و هەموو دامەزراوەکانیان هێندە پیرۆز بوون، کە هیچ نەدەبوو توخنیکەوی، هەروەها دەسەلاتێکی بالای بەخشندەیی سروشت بوون، وهەموو کەسێك، بەبێ سێودوو، بەهەست وبیرو بەکردەوەش گوێ ڕایەڵی بوو. هەرچەند خەڵکی ئەو سەردەمە، بە مەزنی بێنە بەر نیگامان، ناتوانین هیچیان لەوەی دیکە جیا بکەینەوە ولێکیان ببوێرین چونکە هێشتا، مارکس گوتەنی، ناوکیان لە کۆمۆنەی سەرەتایی نەبڕابوو. دەسەلاتی ئەم کۆمۆنە سەرەتاییە دەبوایە تێك بشکێ، هەر وەك تێك شکێنرا. بەلام بۆ یەکەمین جار وەها دەردەکەوێ کە بەهۆی چەندین هۆکاری گوین رۆچوون وڕوخان تێك شکێنرابێ، وەکو گوناهێکی ریشاژۆیە ئەگەر لەگەڵ ئەو ئاستە، بەرزەی ڕەوشتی کۆمەڵگای دێرینی خێڵایەتی کە پێی گەیشتبوون بەراوردی بکەین. سووك وچرووکترین هۆکاری لە گوین چاو برسێتی وئارەزووی بەتین بۆ ڕابواردن وچڵیسیەکی پیس وچەپەڵ و تەلاشێکی خۆ پەرستانە بۆ دزینی موڵکە هاوبەشەکان، ئەمانەن کە کۆمەلگای شارستانی تازە وکۆمەڵگای چینایەتی فرچك دەدەن، هەروەها چرووکترین ڕێگاکانی، کە دزی وتیرۆر و زۆرداری وناپاکی، هەرەسیان بە کۆمەڵگای دێرینی ناچینایەتی خێڵایەتی هێناو ولەناویان برد. جا خودی کۆمەلگای نوێی لە ماوەی دوو هەزار وپێنج سەد ساڵەی ژیانیدا، تەنها بریتی بوو، لە پەرەسەندنی کەمایەسیەکی یەکجار کەم لەسەر حیسابی زۆربەی هەرە زۆری ستەم دیدە وچەوساوەکان، ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەروەهایە بەلام بەندازەییێکی لە سەرجەم ڕابردوو زیاتر.

## 4
## خێڵی گریکی

یۆنانییەکان هەر لەسەردەمی پێش مێژووەوە، هەر وەکو (پلاسگە)ەکان و ئەو گەلە هۆزەکییەکانەی کە لێیانەوە نزیکن، بە هەمان زنجیرە ئۆرگانی ئەمەریکی ڕێکخراون: خێڵ، فراتری، هۆز، یەکگرتووی هۆزەکان. بەلام بۆی هەبوو، هەر وەکو لەکن دوورینەکاندا، فراترییان تێدا نەبێ هەروەها یەکگرتووی هۆزەکان لەهەموو جێگایێك دا هێشتا دروست نەببوو، بەلام، خێڵ، هەمیشە، خانەی بناغەیی پێك دەهێنان. کاتێ کە گریکەکان لەسەر شانۆی مێژوو پەیدا بوون، بە شیپانەی قۆناغی ژیاریی گەیشتبوون، هەروەها لەگەڵ هۆزە ئەمەریکییەکاندا کە لەوە پێش باسمان کردوون، نزیکەی دوو قۆناغی مەزن وتەواوی پەرەسەندنیان لەنێوان دابوو، بەو دوو قۆناغەش گریکەکانی چاخی پاڵەوانێتی ئیروکوایان لە دواوە بەجێ هێشتبوو بەو پێیە، خێڵی گریکی هەرگیز خێڵی ئیروکوای دێرین نییە، جگە لەوەی کە سیمای بەکۆمەڵ ژنومێردایەتی(24پ) بەزەقی بەرەو توونی نەمان دەچوو. دایکسالاری، ڕێگای لەبەردەم باوکسالاری بەردا. بەمەش یەکەمین کەلێن لە سیستمی خێڵایەتی بەهۆی سەروەت وسامانی تایبەتیەوە دروست بوو، دووەمین کەلێنیش وەکو ئەنجام گیرێکی ئاسایی

یەکەم کەلێن هاتە کایەوە: موڵکی ژنێکی دەوڵەمەند، بە پێی مافی باوکسالاری، لەپاش شووکردنی دەبوایە بدرێ بە مێردەکەی، واتە بدرێ بە خێڵێکی دیکە، بەمەش بناغەی هەموو مافێکی خێڵایەتییان تێك شکاند وژنانیش نەك بۆیان نەبوو، بەڵکو **ئەرکی سەرشانیان** بوو، لە دەرەوەی خێڵەکانیاندا شوو بکەن بۆ ئەوەی ئەو موڵکە تەنها لەنێو خێڵەکەدا بمێنێتەوە.

خێڵی گریکی، بەپێی (گرووت) لە کتێبی (مێژووی گریك)دا (89) لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بەندە:

1. نەریتی ئایینی هاوبەش. پێشبینەکان مافی ئەوەیان هەبوو کە کار بەهەموو بیرو بۆچوونە ئایینییە پیرۆزەکانیان بکەن لەپێناو رێزگرتن لەخوداوەندێکی تایبەتی کە لەوانەیە باپیرە گەورەی هاوبەشی خێڵەکە بێت و بەحوکمی ئەم خەسڵەتەشی نازناوێکی تایبەتی لێ دەنرا

2. گۆرستانێکی هاوبەش، بڕوانە (ئۆبولیدس)ی دیمۆستینس (90).

3. مافێکی بەرابەریی میراتگرتن.

4. ئەرکی بەرابەریی، لە یارمەتی وپارێزگاری وداکۆکی کردندا، دژ بە هەموو دەستدرێژییەك.

5. ماف وئەرکی بەرابەریی لە ژنهێناندا لەنێو خێڵەکەدا بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئافرەتە باب مردە بێ یا میراتگر.

6. لانی کەم، هەندێك جار، موڵکوماڵی هاوبەش، لەنێو خێڵەکەدا هەیە کە ئارخۆن (پێشەنگ) ێك وخەزنەدارێکی تایبەتییان هەن.

وێڕای ئەوەش چەند خێڵێك لە فراترییێکدا پەیوەست ویەکدیگر دەبوون ، بەڵام ئەم پەیوەندییە لاوازتر بوو; لێرەشدا ئەرك ومافی بەرابەریی مانەندی ئەوەی کە لە خێڵدایە بەدی دەکرێ، بەتایبەتی بەشداری کردن لەچەند کارێکی ئایینی ومافی ڕاوەدونان کاتێ کە ئەندامێکی فراتری دەکوژرێ. پاشانیش تێکڕای فراترییەکانی هۆزێك جەژنی پیرۆزئامێزی هاوبەشیان هەبوو، کە هەمیشە دووبارە دەکرانەوەو، بە بەشداری یەکێك لەو پیاوچاکە (ئۆپیاترییانە Eupatrides) کە لە فیلوبازیلوسەکان واتە (سەرەك هۆز) هەڵدەبژێردران.

ئەمانەن ئەوەی گرووت دەیانڵێ، مارکسیش دەخاتە سەری ودەڵێ: (بەڵام لەدەراوی خێڵی گریکییەوە، زۆر بەچاکی (نموونەی ئیروکوایی) مرۆڤی دڕندە دیارە)(91). لەوەش چاکتر دەردەکەوێ ئەگەر چکێك قوڵتر لێی بکۆڵینەوە.

جا لە ڕاستیدا خێڵی گریکی بەم سیمایانەی خوارەوە خۆی جیا دەکاتەوە :

7. ڕەچەڵەك بەپێی مافی باوکسالاری ڕەچاو دەکرێت.

8. قەدەغە کردنی ژنهێنان لەنێو خێڵەکەدا، تەنها ژنە میراتگرەکانیان لێ بترازێ. ئەم لێ هەڵاوێردنە و بەیاسا رەنگڕێژکردنی، جەختی ئەوە دەکا کە ئەو بنەما دێرینە هێشتا هەرکاری پێ دەکرا. هەروەها ئەمە لەو بنەماگشتییە، سەپێنراوەوە سەرچاوە دەگرێ کە داوا لە ژنان دەکا پاش شووکردنیان دەست بەرداری ئەو نەریتە ئایینیانە بن کە لە خودی خێڵەکەی خۆیاندا باوبوون و ئەو نەریتانە پەیڕەو بکەن کە لە فراتری مێردەکانیاندا باون. بەپێی ئەمە وهەروەها بەپێی پەرگرافێك کە لە کتێبەکەی دیکیرخۆس(92)دا گوتراوە، دەگەینە ئەوەی کە ژنهێنان لە دەرەوەی خێڵدا بنەما بوو، تەنانەت بیکەر لە کتێبەکەیدا (خاریکلس) بە ڕاشکاوی ددان بەوەدا دەنێ کە هیچ کەسێك مافی نەبوو لەنێو خێڵەکەی خۆیدا ژن بهێنێ(93).

9. مافی بێگانە گرتنەخۆ. ئەم مافی گرتنەخۆیە لەلایەن یەکێك لەو خێزانانە جێ بەجێ دەکرا، بەو مەرجەی، ڕێوڕەسمە گشتییەکان پەیڕەو بکرێ و دەبوایە تەنها لە بارە نائاساییەکاندا، بکرێ.

10. مافی هەڵبژاردن و وەلانانی سەرکردەکان. لامان ئاشکرایە کە هەر خێڵێك ئارخونێکی هەبوو. لە هیچ کاتێکیشدا باس لەوە نەکراوە کە ئەم پیشەیە لە نێو چەند خێزانێکی دیاریکراودا بەمیرات بەجێ بمێنێ. تەنانەت تا دوادوایی سەردەمی بەربەریزم هەمیشە دەبێت هەر لەبیری ئەوەدا بین کە بە میراتگرتنی ئەم پیشەیە هەر لە ئارادا نەبووە وهەرگیز لەگەڵ ئەو سیستمە تەبانییە کە لە سایەیدا دەوڵەمەندو هەژار بەبێ جیاوازی لەهەموو مافەکانیاندا لەنێو خێڵەکەدا گوزەرانیان کردبێ .

تەنانەت نەك هەر گرووت بەڵکو نیبوور وەمومزن وهەموو ئەو مێژوو زانانەی دیکە کە لەسەردەمە دێرینە کلاسییەکاندا لەمەسەلەی خێڵایەتی لێکۆڵینەوەیان کردووە وتاکو ئێستاش هەر گیریان تێدا خواردووە. سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا زۆربەی شقڵەکانیان کێشاوە بەڵام تەنها بەنیگای **گرووپە خێزانێك** تێیان ڕوانیوە، بۆیە نەیان توانیوە لەسروشت وبنەچەی خێڵ حاڵی بن. لەسایەی سیستمی خێڵایەتیدا هەرگیز نە دەشێ ونەدەبێت بشێ خێزان ببێتە خانەیەکی ئۆرگانیزەکراو، چونکە ژن یا مێرد، هەر یەکەیان سەر بە دوو خێڵی لێك جیا بوون. جا بەگشتی خێڵ سەر بە فراتری بوو، فراتریش سەر بە هۆز بوو، بەڵام خێزان نیوەی دەگەڕانەوە بۆ خێڵی مێردەکە و نیوەکەی دیش بۆ خێڵی ژنەکە. هەروەها لەمەیانەی مافی گشتیدا، دەوڵەت ددان بە خێزاندا نانێ، تاکو ئێستاش خێزان تەنها لە بواری مافی تایبەتیدا لە ئارادایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش سەرپاکی زانستی مێژوو، لە بۆچوونێکی پووچ وگەلۆرەوە دەست پێ دەکا، کە بەبێ بزاوت جێ گیربووە بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ خێزانی یەکلانەی یەك ژنومێردایەتی، کە جێگای گوومانە لەچاخی ژیاریی بەتەمنتر بێ، ببێ بەو کرۆکە کریستاڵە، کە پلەبەپلە کۆمەڵگاو دەوڵەت لە دەوریدا کۆببنەوە.

لێرەدا مارکس دەخاتە سەری ودەڵێ : ( دەبوایە بەرێز گرووت ئاماژەی بەوەش کردبا: بەرەواژی ئەوەی کە گریکەکان پەیدا بوونی خێڵەکانیان بۆ میتۆلۆژیاد دەگەڕاندەوە ئەم هۆزانە زۆر لەو میتۆلۆژیا و خوداوەند ونیمچە خوداوەندانەش لە مێژترن کە خێڵەکان **بەخۆیان** دروستیان کردوون )(94).

مۆرگان وەهای بەچاك دەزانی کە پشت بە گرووت ببەستێ چونکە گرووت گەواهێکی بەسەنگورەنگە و جێی متمانەیە. هەروەها گرووت دەڵێ هەموو خێڵێکی ئەسینی ناوی ئەو کەسەی لێ دەنرێ کە دایمەزراندووە، هەروەها بەگشتی بەر لە سەردەمی سۆلۆن وپاش ئەویش ئەگەر کەسێکی خێڵەکە (gennêtes) بەبێ هیچ ڕاسپاردەیێك (وەسیێتێك) مردبا، ئەوسا ئەندامانی دیکەی خێڵەکە بۆ خۆیان میراتەکەیان دابەش دەکرد. هەروەها ئەگەر کوشتارێك ڕووی دابا ئەوە خزم وخۆیشی کوژراوەکە لەپێش تر بوون بۆ ڕاوەدونانی پیاو کوژەکە، پاش ئەوان ئەوجا ئەندامانی خێڵو فراتری کوژراوەکە بەو ئەرکە هەڵدەستان.

( هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی کۆنترین یاساکانی ئەسینی دەیانزانین بەندن بە دابەش بوون بەسەر خێڵو فراتریدا )(95)

کەوتنەوەی خێڵەکان لە بەرەبابێکی هاوبەش، بووە مایەی بێزاری و وەڕس بوونی ( زانا پرو پووچ وئاسۆتەسکەکان ) (مارکس)(96) . جا چونکە ئەوان، بەبێ هیچ گومانێك، پێیان وایە کە ئەم بەرەبابانە ئافەریدەیەکی میتۆلۆژیایی پەتین، لەبەر ئەوە هیچ توانایێکیان لەدەستدا نامێنێ ڕوونی بکەنەوە کە چۆن خێڵ لەچەند خێزانی یەکلانەێك پێکدێ کە بەتەك یەکترەوە گوزەرانیان دەکرد وئەم خێزانانە لەپێشدا هیچ جۆرە پەیوەندیەکی خزمایەتی پێکەوەی نەدەبەستنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبوایە وەها بکەن بۆ ئەوەی لانی کەم بوونی (خێڵ) ڕوون بکەنەوە ، ئا ئە بەم ئاوایا خۆیان لە ئەڵقەیەکی بۆش و بەتاڵ دەبیننەوە و بەقسەی کرچ وکاڵ وبێ نوێشك ڕیزی پێدا دەکەن بەبێ ئەوەی لەو قسەیە ببوێرن کە دەڵێ، سەرجەلەی رەچەڵەك بەبێ هیچ

گومانێك، ئەفسانە و قسەی نابەجێیە، بەڵام خێڵ لە واقیعدا هەیە پاش ئەوە لەکن گرووت ئەمەی خوارەوە بەدی دەکەین: (ڕستەکانی نێو کەوان هی مارکسن) :

« ئەم سەرجەلەیە بەدەگمەن نەبێ بەرگوێمان ناکەوێ چونکە تەنها لە چەند حاڵەتێکی دیاری کراوی پڕ ئاهەنگ ئامێز نەبێ بەئاشکرا ئاماژەی بۆ ناکەن. بەڵام ئەو هۆزانەی کە لە پلەو پایەیێکی نزمدابوون نەریتی ئایینی هاوبەشی خۆیان هەبوون، ( ئەمە شتێکی زۆر سەیرە، کاك گرووت ؟ )، هەروەها باپیرە هاوبەشی خۆیان هەبوو کە زۆر لە سەرووی مرۆڤی ئاسایی دابوو، هەروەها سەرجەلەیەکی هاوبەشیان هەبوو مانەندی ئەو هۆزانەی کە لە پلەو پایەیێکی بەرزتردا بوون (ئەمەیان زۆر سەیرە، کاك گرووت ، لەکن ئەو هۆزانەی کە لە پلەیەکی **نزمدان** ؟ ) نەخشەی سەرەکی و ئایدالیی بناغەیی انەك ئایدیاڵی، کاکی خۆشەویست، بەڵکو **گۆشتین** Carnal، یا بە ئەڵمانییەکەی خۆمان جەستەیی ؟) لەکن تێکڕای خێڵەکاندا هاوبەشبوون » (97) .

مارکس وەرامەکەی مۆرگان بەو جۆرەی خوارەوە بەم پرسیارە کورت دەکاتەوە :

﴿ سیستمی بە خوێن خزمەکان، کە گونجاوە لەگەڵ شێوەی سەرەتایی خێڵدا ئەم شێوەیە پاشان لەکن گریکەکان وهەروەها لەکن سەرپاکی مرۆڤدا هەبووە، ئاشنایەتییێکی بە پەیوەندییەکانی خزمایەتی لەنێوان هەموو ئەندامانی خێڵەکەدا فەراهەم کردووە. جا بە کردەوە هەر لە منداڵیشەوە ئاشنای ئەم زانیارییە بایەخدارانە دەبوون کە بۆ ئەوان گرینگ بوون. بەڵام هەر لەگەڵ پەیدا بوونی خێزانی تاکە ژنومێردایەتیدا ئەمانە هەموو تۆزی لەبیر چوونەوەیان لێ نیشت. ناوی خێڵایەتی سەرجەلەیێکی بۆ ڕەچەڵەك دروست کرد کە لە چاو ئەو سەرجەلەی خێزانی یەکلانە، ناچیزە وبێ بایەخ دەرکەوت. لە ئێستا بەولاوە تەنها ئەم ناوی خێڵەگەرییە دەبوایە بیسەلمێنی کە ئەوانەی هەڵیان گرتووە یەك بنەچەی هاوبەشیان هەیە. بەڵام سەرجەلەی ڕەچەڵەکی خێڵ ڕەگێکی هێند قووڵی لەگەڵ ڕۆژگاردا داکوتا بوو بەئەندازەیەك کە هیچ ئەندامێکی خێڵەکە نەیان دەتوانی خودی ڕاستی ئەو خزمایەتییەی کە لەنێوانیان دایە بسەلمێنن، تەنها چەند حاڵەتێکی یەکجار کەمیان لێ بترازێ کە هاوبەشە بەرەبابی سەردەمە نزیکەکانیان دەناسییەوە. خودی ناولێنان گەواهێك بوو لەسەر بنەچەی هاوبەش وگەواهێکی بەڵگە نەویست بوو، تەنها گرتنە خۆی لێ بترازێ. نکووڵی کردن لە خزمایەتی ئەندامانی خێڵ وەکو ئەوەی کە گرووت و وینبۆر دەیکەن، ئەوانەی کە خێڵیان کردۆتە بوونەوەرێکی داتاشراو و داهێنانی شیعری، تەنها لەشان وباڵی (ئایدیالیستەکان) دەوەشێتەوە واتە زانایانی قوللەی عاجی. جا لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەو نەوانەی کە دوا بەدوای یەکدی دێن لەگەڵ ڕۆژگاردا دوور دەکەوێتەوە و واقیعی ڕابردوو لە فەنتەزی (خیاڵ) میتۆلۆژیاکاندا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ئەو ناچیزە و بیر تەسکە نیازپاکانە گەیشتنێ، ئێستاش هەر دەگەنە، ئەوەی کە سەرجەلەی ڕەچەڵەکی خەیاڵی، خێڵی ڕاستەقینەی، دروست کردووە (98).

هەروەها چۆن لەکن ئەمەریکییەکاندا، **فراتری** دایکە خێڵ، بەسەر چەند خوشکە خێڵێکدا دابەش دەبێت وپێکەوەیان دەبەستێ، زۆر جار ئەوەمان نیشان دەدا کە هەموویان لە باپیرەیەکی هاوبەش کەوتوونەتەوە، بۆیە، بەپێی گرووت :

(( هەموو لاوە هاوتەمەنەکان، کە ئەندامانی فراتری هیکاتوێزەکان بوون وەهای بۆ دەچوون کە یەك خوداوەندی هاوبەشیان هەبێت ئەویش باپیرە گەورەی شازدەهەمین پشتیان بێت ))(99).

هەموو خێڵەکانی ئەم فراترییە بەواتای پیت بەپیتی وشەکە برا خێڵی یەکدی بوون. لەکن هۆمیرۆس، فراتری وەکو (یەکە ـ یونیت) یێکی سەربازی بەدی دەکەین ئەوەش لەو پەرەگرافە بەناوبانگەدا کە تێدا نستوور ئامۆژگاری ئاگامەمنوون دەکات ودەڵێ : پیاوان بە پێی هۆز وفراتری ڕیز بکە، بەجۆرێك کە فراتری داکۆکی بە فراتری بکات وهۆز داکۆکی هۆز بکات (100). جگە لەوەش فراتری مافی ئەوەی هەبوو وئەرکی سەرشانی بوو کە تۆڵەی کوشتنی یەکێك لە ئەندامەکانی بستێنێ بەم پێیە لە سەردەمە کۆنەکاندا تۆڵەی خوێن ئەستاندن

ئەرکێکی پێویستبوو ، جگە لەوەی کە لە شتوومەکی پیرۆز و چەزندا هاوبەشبوون، دروستبوونی سەرپاکی میتۆلۆژیای گریکی لەمەڕ پەرستنی لە مێژینەی سروشت کە لە ئارییە کۆنەکانەوە بۆیان مابۆوە، لە کرۆکدا بەند بوو بە خێڵو فراترییەکانەوە ولە نێویاندا دەگێڕدرا. جگە لەوەی کە فراتریی سەرکردەیەکی (Phratiarchos) هەبوو وهەروەها وەك دیکولانج دەڵێ کۆمەڵەی گشتییان پێك دەهێنا وبڕیاری بەخورتیان دەداو ودەسەڵاتێکی دادگایی وبەڕێوەبەرییان لەچنگ دابوو (101). بەڵکو دەوڵەت، کە لەوەبەپاشەوە پەیدا بوو، خێڵی پشتگوێی خست، چەند فرمانێکی(وظیفة) گشتی لەبۆ فراتری بەجێ هێشت کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هەبوو .

هۆز لەچەند خزمە فراتریەك پێك دەهات، لە (ئاتیکا)دا چوار خێڵ هەبوون هەریەکە سێ فراتری هەبوو، هەر فراترییێکیش لە 30 خێڵ پێك دەهات. ئەم دەستنیشان کردنەی کۆمەڵەکان بەم وردییە خوازیاری دەست تێوەردانێکی هۆشیارانە و بەپرۆگرامە، لە ڕێکخستنی ئەو شتانەی کە بە شێوەیەکی خۆڕسك گووراون. بەلاّم ئایا چۆن وچ کاتێك وبۆچی ڕووی داوە، ئەوا مێژووی گریکی لە ئاستیدا بێدەنگ دەبێت، جگە لەوەی کە گریکەکان بەخۆیان هیچ شتێکی ڕابردوویان بە بیردا نایەیێ تەنها لە چاخی پاڵەوانێتییەوە نەبێ.

لەکن گریکان کە لە پارچە زەوییێکی تاڕادەیەك بەرتەسکدا چڕ ببوونەوە جیاوازی دایلێکتەکان کەمتر پەرەی ئەستاند وەك لە لێرەوارە پان و بەرینەکانی ئەمەریکادا. بەلاّم تەنانەت لەکن گریکەکانیشدا دەبینین کە تەنها ئەو هۆزانەی زمانێکی بنەڕەتیی هاوبەشیان هەیە بەتەنیا لە کۆمەلێکی بەرفراواندا کۆدەبوون بەڵکو تەنانەت دەبینین کە لە هەرێمی ئاتیکی بچووکدا دایلەکتێکی تایبەتی هەیە کە لەوە پاش، سەبارەت بەوەی کە هاوبەشە زمانی سەرپاکی پەخشانی گریکییە، باوی سەند.

لە هۆنراوەکانی هۆمیرۆسدا دەبینین کە هۆزە گریکەکان زۆربەی کات لە چەندین میللەتی بچووکدا، یەکدیگرن، ولە نێویاندا خێڵ و فراتری وهۆزەکان سەربەخۆیی تەواوی خۆیان پاراستووە. ئەم میللەتانە ئەوسا لە شاری شوورەکراودا دەژیان. ژمارەی دانیشتوان لەگەڵ ، گەشەکردنی ئاژەڵداری و تەشەنەکردنی کشتوکاڵ وسەرەتای پیشەدەستییەکان ، گەشەیان دەکرد. لەهەمان کاتیشدا جیاوازی لە موڵکداری گەشەی دەکرد ولەگەڵیدا توخمی ئەریستۆکراتی لە نێو دیموکراسییەتی کۆنی بەسرووشت گەشەکردوو. میللەتە بچووك و جۆراوجۆرەکان بەردەوام لە جەنگ دا بوون بۆ وەگییر هێنانی باشترین زەویی، هەروەها بێ گومان بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەستکەوتەکانی جەنگ لەوکاتەشدا کۆیلە کردنی دیلەکانی شەڕ، ببو بەدامەزراوێکی ددان پێدانراو.

ئەمەش بارودۆخی بەڕێوە بردنە لەکن ئەم هۆز و نەتەوە بچووکانەدا :.

1. **ئەنجومەنی بالاّ**، bulê، دەستەی دەسەلاّتی هەمیشەیی پێك دەهێنا، لەپێشدا بە زۆری لەسەرۆك خێڵەکان پێك دەهات، پاشان، کاتێ کە ژمارەی ئەوانەی هەڵیان دەبژاردن زیادی کرد، ڕێگا خۆش کرا لە بەردەم پەرەسەندن و دروستبوونی توخمی ئەریستۆکراتی، دیوینسیۆس کتومت پێمان دەڵێ کە لەچاخی پاڵەوانێتیدا ئەنجومەنی بالاّ لە (ئەریستۆکراتییەکان Kratistoi)(102) پێکدەهاتن. لەکێشەو بێشە گرینگەکاندا دوا بڕیار لە چنگیاندا دابوو. لەکن ئەسخیلۆس، بۆ نموونە، ئەنجومەنی شاری سیبە بڕیارێکی کاربڕ لەمەڕ ئەو بارودۆخە دەدەن کە بریتییە لە ناشتنی ئەیتیوکل بەو پەڕی ڕێزو نەوازشەوە هەروەها بە توڕدانی تەرمی بولینیك بۆ سەگەکان بۆ ئەوەی پارچە پارچە بکرێ (103). پاشان کاتێ کە دەوڵەت دامەزرا ئەم ئەنجومەنە بالاّیە کرا بە (سینات Senat) واتە (ئەنجومەنی ردێن سپییەکان)(24پ).

2. کۆمەڵەی میللی (agora). وەك لەکن ئیروکوادا بینیمان گەل بەژن و پیاوەوە ئاپۆرای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بالاّ دەبن و بەپێی دۆزو یاسا لەپیلەکەکاندا بەشداری دەکەن وکاردەکەنە سەربڕیاەکانی ئەنجومەنی

بالاَ. لەکن گریکەکان ولەسەردەمی هۆمیرۆسدا ئەم ئاپۆرایە (Umstand)، ئەگەر ئەم دەستەواژە یاساییەی زمانی کۆنی ئەڵمانی بەکار بهێنین، پەرەی ئەستاند وبوو بە کۆمەڵەیەکی ڕاستەقینەی گەل، وەك لەلای ئەڵمانە کۆنەکانیشدا ڕوویدا. ئەم کۆمەڵەیەش بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتە گشتییەکان لەسەرداوای ئەنجومەنی بالاَ دەگیرا. هەموو پیاوێکیش بۆی هەبوو قسەی تێدا بکات، بڕیاردانیش یابەدەست بەرزکردنەوە دەدرا ﴿بڕوانە (تکاکارەکانی) ئەسخیلۆس﴾ یاخود بە هووڕاکێشان دەدرا. ئەم کۆمەڵەیەش سەبارەت بەوەی، دوا پەناگە بوو و دەسەلاَتی بالاَی لەچنگ دابوو، چونکە وەك شومان لەکتێبی (سەردەمە دێرینەکانی گریك)دا دەڵێ :

« کاتێ کە قسە لە کێشەیێك دەکرا وجێبەجێ کردنی پێویستی بە یارمەتی گەل بایە ، هۆمیرۆس هیچ شێوازێك باس ناکا کە بەهۆیەوە زۆر لە میللەت کرابێ بۆئەوەی دژ بەویستی خۆی دەستی یارمەتی درێژ بکات»(104).

لەو سەردەمەدا کاتێ کە هەموو پیاوێکی ڕەسییدە لە هۆزەکەد جەنگاوەر بوو، هێشتا هیچ دەسەلاَتێکی گشتی جیا لە میللەت لە ئارادا نەبوو بەرئەنگاری پێبکرێ. دیموکراسییەتی سروشتی هێشتا لە هەرەتی پشکووتنی دابوو. تا لە دەسەلاَت وپلەوپایەی ئەنجومەن وباسیلیوس پێکەوە بتۆژینەوە ئەوا دەبێت لێرەوەڕا دەست پێ بکەین.

3. سەرلەشکر (basileus). لێرەدا مارکس سەرنج دەدا: ( زانا ئەوروپییەکان کە بەگشتی لەسەر بەردەستی پادشاو میر فرچکدراون، بەمانای مۆدێرنی وشەکە، باسیلیوس دەکەن بە پادشا. جا دژ بەم کارە مۆرگانی یانکی–کۆماریست، پەلپ دەگرێ وبەوپەڕی گاڵتە پێ کردنەوە، بەلاَم زۆر بەڕاستی ودروستی لە (گلادستۆنی) زمان لوس وکتێبەکەی (لاوانی جیهان)(105) بەجواب دێ ودەڵێ:

( بەرێز گلادستۆن، سەرکردە گریکییەکانی چاخی پاڵەوانێتی بەشێوەی میر و پادشا پێشکەش دەکا، بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو کردوونی بەجەنتلمان. بەلاَم دەبێت بەخۆی ددان بەوەدا بنێ کە بەگشتی لەلایاندا نەریتی یاخود یاسای میراتگیری نۆبەرایەتی(25پ) بەبێ زێدەرۆیی وبە ئەندازەی پێویست لەئارادا نەبووە )(106).

گومانی تێدا نییە مافی نۆبەرایەتی، کە ئاوا سنوورکێشك کراوە، بۆ بەرێز کلاستۆنیش شتێکی بێبایەخ وبێ کەڵك دێتە بەرچاو تەنانەت ئەگەر لەدەربڕینیشدا لە پێویست بەدەر نەبێ.

لەوەپێش لەکن ئیروکوا وهیندەسوورپێستەکانی دیکەدا چۆنێتی بەمیرات گرتنەوەی پایەی(وظیفة) ردێن سپییەکانمان بۆ دەرکەوت. هەموو پلەوپایەکانی دیکە زۆربەی کات لەنێو خێڵەکەدا بەهەڵبژاردن بوو، کەواتە لە سنووری خێڵەکەدا بەمیرات دەگیران. کاتێ ئەو (پلەوپایانە) فرمانانە بێ خاوەن دەبوون، ئەوسا پڕ دەکرانەوە، جا پلە بە پلە نزیکترین خزمی فەرمانبەرەکەیان بەچاك دەزانی دابمەزرێ واتە برا یاخود خوارزا، لەکاتێکدا ئەگەر هۆیەك نەبوایە بەری لێگرتبان. جا ئەگەر پلەی سەرلشکر لەکن گریکەکاندا، لەسایەی دەسەلاَتی مافی باوکایەتی‌دا، زۆربەی کات بدرایە بە کوڕە نۆبەرەکەی یا یەکێك لە کوڕەکانی، ئەوە دەسەلمێنێ کە کوڕانی کابرا بەمیرات بەڕێگای هەڵبژاردنی گەلەوە بۆیان هەبوو فرمانەکانی ئەو پیشەیە هەڵسوڕێنن، بەلاَم هەرگیز ئەوە ناگەێنێ کەچ بە دۆز وچ بەیاسا بەبێ هەڵبژاردنی میللی ددان بەو میراتگرتنەدا بنرێ، لەم حاڵەتەشدا لەکن ئیروکوا وگریکەکاندا ئاوەلەمەی خێزانە نەجیب زادە تایبەتییەکان تەنها لەنێو خێڵەکاندا بەدی دەکرێن، بەلاَم لەکن گریکەکان سەرباری ئەوەش یەکەمین ئاوەلەمەی ئایندەی بنەماڵەی سەرکردە میراتگرەکان بەدی دەکەین واتە یەکەمین ئاوەلەمەی موڵکدارێتی. بەم پێیە دەبێت وای بۆ بچین کە لەکن گریکەکاندا سوپاسالار دەبوایە گەل هەڵبژێرێ یان ئەوەتا دەزگا ڕەسمییەکانی گەل–ئەنجومەن یا کۆمەڵەی میللی– ددانی پێدابنێن، هەمان شتیش لەبارەی پادشای (rex) ڕۆمانییەوە.

لە (ئەلیادە)دا ئاگامنوون، کە گەورەی پیاوان بوو، وەکو پادشای گەورەی گریکەکان دەرناکەویٚ بەڵکو وەکو فەرمانداریٚکی باڵای چەند هیٚزیٚکی هاوپەیمان بەرامبەر بە شاریٚکی گەمارۆدراو دەردەکەویٚ. کاتیٚ کە ناکۆکی کەوتە نیٚو گریکەکانەوە ئۆدیس لە پەرگرافە بەناو بانگەکەیدا ئاماژەی بۆ ناوئاخنی ئەم پلەوپاییە کرد: فرە فەرماندەیی سوودی نییە ، دەبا تاکە کەسیٚك فەرمان بدا...هتد.

(پاشان دیٚرە بەناو بانگەکەی دەڵیٚ کە باس لە قاشوانیٚ دەکا، بەڵام ئەم دیٚرە لەوە پاش خرایەسەری)(107).

((لیٚرەدا ئۆدیس وانەیەك لەبارەی شیٚوەی حوکمڕانی باس ناکا بەڵکو داوا دەکا کە هەمووان ملکەچی فەرمانداری باڵای جەنگ بن. لەبارەی ئەو گریکانەی کە لەبەر دەمی تەروادەدا تەنها وەکو سەرکردە دەردەکەون، کۆمەڵەی گەل بە ئەندازەی پیٚویست، دیموکراسییانە لە گەڵیاندا دەجولیٚتەوە: چونکە کاتیٚ کە ئەخیل قسەو باس لە خەڵاتەکان دەکا، واتە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ، هەمیشە ئەوە دەجویٚتەوە کە ئەمە ئیشی ئاگامنوون یا سەرلەشکریٚکی دیکە نییە بەڵکو ئیشی (کوڕە ئاخییەکان)ە واتە ئیشی گەلە. دەستەواژەی: (وەچەی زیۆس) و (زڕ منالّی زیۆس) هیچ شتیٚك ناسەلمیٚنن، چونکە **هەر** خیٚڵیٚك لە یەکیٚك لە خوداوەندەکان کەوتۆتەوە، خیٚڵی سەرەك هۆزیش لە خوداوەندیٚکی(هەڵکەوتوو)، لیٚرەدا لە زیۆس کەوتۆتەوە. تەنانەت ئەوانەی کە کەسانیٚکی نائازادن وەکو ئیفمیەی بەرازەوان وئیدی، ئەمانە، کەسانیٚکی (خودایین) ﴿dioi و theioi﴾ ئەمە لە (ئۆدیٚس)دا واتە لە رۆژگاریٚکدا کە لە رۆژگاری (ئەلیادە) لەئیٚمە زۆر نزیکتر، هەر لە (ئۆدیٚسە)دا ناوی (پاڵەوان) بە ناوی پەیامبەر مۆلیۆس–ەوە لکاوە وهەروەها بەناوی گۆرانی بیٚژی نابینا دیمۆدوکسەوە نراوە(26پ). بەکورتی دەڵیٚین وشەی(basileia باسیلیوس) کە نووسەرە گریکەکان بەکاری دەهیٚنن، بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی هۆمیرییە، کە دەسەڵاتی شاهانەی پیٚ دەڵیٚن چونکە (سەرلەشکر شەقڵی سەرەکی جیاکردنەوەی بوو)، کە شان بەشانیی ئەنجومەنی باڵا و ئەنجومەنە مللییەکاندا لە ئارادابوو، ئەم وشەیەش تەنها دیموکراسی سوپایی دەگەیٚنیٚ) (مارکس) (108).

سەرلەشکرەکان، ویٚڕای دەسەڵاتی سەربازی، دەسەڵاتی دیکەی وەکو پیٚشبینی کردن وداوەرییان لەدەست دابوو. ئەم دەسەڵاتانەی زۆر بە ڕاشکاوی وبەووردی دابین نەکرابوون، بەڵام وەکو نویٚنەریٚکی باڵای هۆزەکان کاریان بە پیٚشبینییەکە دەکرد. هەرگیز باس لە دەسەڵاتی بۆرژوایی بەڕیٚوەبەریی ناکریٚ. بەڵام سوپاسالار زۆربەی کات بەهۆی پیشەکەیەوە ئەندامی ئەنجومەن بوو. لەبەر ئەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە بەتەواوی دروستە کاتیٚ کە وشەی (basileus باسیلیوس) بەوشەی (König) (کویٚنیگ)ی ئەڵمانی بگۆڕین چونکە وشەی ﴿ König (Kuning) ﴾ لەوشەی (Kuni کونی) یا (Kunne کونە)ەوە داتاشراوە، ئەوەش سەرۆك خیٚڵ دەگەیٚنیٚ. بەڵام مانای ئیٚستای وشەی (König) هەرگیز لەگەڵ وشەی (basileus)ی کۆنی گریکی یەك ناگرنەوە. توکیدیدس بەراشکاوی باس لە (basileia)ی کۆن وەکو( patrikê پابەتریك)یٚك دەکا واتە لە خیٚڵەکانەوە داهاتوون، هەروەها دەڵیٚ چەند دەسەڵاتیٚکی دیاریکراو و نەگۆڕویان لەچنك دابوو (109). هەروەها ئەریستۆتالیس ئەنگوستی بۆ ئەوە کیٚشاوە کە (basileia باسلیا)ی سەردەمی پاڵەوانیٚتی سەرکردایەتی پیاوە ئازادەکان بوو و(basileus باسیلیۆس)یش فەرمانەیەکی سوپایی و دادوەر وسەرۆکی پیٚشبینەکان بوو (110)، هەر بۆیە دەسەڵاتی حوکمڕانی لە چنگدا نەبوو بەواتای ئایندەی وشەکە (27پ).

کەواتە لە دامەزراوە گریکییەکانی چاخی پاڵەوانیٚتیدا ئەوە بەدی دەکەین کە ئۆرگانیزەی خیٚڵەکان لەو پەڕی هیٚزو توانایان دان، لەهەمان کاتیشدا سەرەتای لەناوچوونیان بەدی دەکەین: چونکە باوکسالاری لەگەڵ بەمیرات گرتنەوەی موڵکداریٚتی بۆ وەچەکان، ریٚگا خۆش دەکا لەبەردەم کەڵەکە بوونی سەروەت وسامان لە نیٚو خیٚزاندا وخیٚزان ڕوو بەڕووی خیٚڵ بەهیٚزتر دەکا، جیاوازی لە موڵکداریٚتی لەلای خۆیەوە کار دەکاتە سەر ریٚکخستنی

شێوەی بەڕێوەبردن، ئەویش دروست کردنی یەکەمین ئاوەلەمەی ئەریستوکراتی میراتگیری ودەسەلاتی موڵکدارێتییە. کۆیلەداری، کە لە پێشدا تەنها لە دیلەکانی شەڕ پێکدەهاتن، ڕێگا لەبەردەم کۆیلەدار ئاوەلا دەکا بۆ کۆیلە کردنی ئەندامانی خودی هۆزەکەی خۆی وتەنانەت ئەندامانی خێڵەکەشی، هەرلەو کاتەشەوە جەنگە کۆنەکانی نێوان هۆزەکان دەبێتە پرۆسەیەك بۆ دزین وڕووتاندنەوە چ لە بەژ وچ لە ئاودا بۆ دەست گرتن بەسەر مالات و کۆیلە و گەنجینەکاندا، پاشانیش دەبێتە سەرچاوەیەکی ئاسایی بۆ کاروکاسبی وسەرئەنجام دەبێتە پیشە. بە کورتی سەروەت وسامان دەبێتە مایەی خۆنواندن و ڕێزلێگرتن سەبارەت بەوەی کە، لوتکەی شتە چاکەکانە، بنەما خێڵەگەرییە کۆنەکانیش، شلویٚ و نابوود کران بۆ ئەوەی پاساو بۆ زۆرداریی و بۆ دزی سەروەت وسامان بهێننەوە. هێشتا هەر ئەوە ماوە، مەبەستمان لە دامەزراوێکە کە بەوەوە نەوەستیٚ پارێزگاری لەو سەروەت وسامانە بکات، کە ئێستا خەڵکی لە نەریتەکانی سیستەمی کۆمۆنیستی خێلایەتی وەچنگیان هێناوە، بەڵکو نەك هەر موڵکدارێتی تایبەتی تەرخان بکات کە لەوەپێش بەو پەری سووك و چرووکی تێوەیان دەروانی یان نەك هەر جاڕی ئەوەش بدا کە ئەم تەرخان کردنە هیوایێکی پیرۆزی تێکڕای کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێت ئەم شێوە تازانەی وەدەست هێنانی موڵکدارییەتی بە مۆری دادن پێداهێنانی گشتی لەلایەن سەرپاکی کۆمەڵگاوە مۆر بکات. ئەو شێوانەی کە دوابەدوای یەك بەلەز پەرەدەستێنن، واتە بە شێوازێکی هەردەم ڕوو لە زیادی کەڵەکە کردنی ئەو سەروەت وسامانە، دامەزراوێك نەك هەر دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا سەقامگیر وجاویدان دەکا بەڵکو ماف بداتە چینی موڵکدار بۆ چەوسانەوەی چینی هەژار، هەروەها زاڵبوونی یەکەم بەسەر دووەمدا .

ئەم دامەزراوەش بەرپابوو. چونکە **دەوڵەت** داهێنرا.

5

# دروستبوونی دەوڵەتی ئەسینی

ئەسینای کۆن یەکەمین زەمینەیە کە تێدا، بتوانین تەماڵ بۆ چۆنێتی پەرەسەندنی دەوڵت هەڵبگرین، لانی کەم لەیەکەمین قۆناغیدا، ئەم پەرەسەندنە وەکو ئەنجامێکی جارجارەی گۆڕینی ئۆرگانە دامەزراوەکانی خێڵایەتی و جارجارەش بەمەبەستی بنیاتنانی دامەزراوەی نویٚ جێگایان پێلەق دەکردن، سەرئەنجام دامەزراوەی ڕاستەقینەی دەسەلاتی دەوڵەتییان لەبری ئەودامەزراوانەدا دادەنا، هەروەها چۆن (دەسەلاتێکی گشتی) چەکدار کە کەمەربەستەی دەزگاکانی دەوڵەتن وپاشانیش دەلویٚ دژ بە میللەت بەکار بهێنرێن، جێگای (گەلێکی چەکدار)ی ڕاستەقینە بگرێتەوە کە خۆی لەنێو خێڵو فراتری وهۆزەکانیاندا بەرگرییان لەخۆ دەکرد. لەبنەڕەتدا مۆرگان باسی لە دوابەدوای یەکدیدا هاتنی شێوەکان کردووە، بەلام شیتەلٚ کردنەوەی ناوئاخنە ئابورییەکەی کە لێیەوە دوابەدوای یەکدی هاتنی شێوەکان پەیدا بووە، ئەوە تێکڕای دەبێت من بیانخەمە سەری.

لەسەردەمی پاڵەوانێتیدا هەرچوار هۆزە ئەسینییەکان لە بەشی جیاجیای ئاتیکادا گیرسابوونەوە، بەڵکو ئەو دوازدە فراترییەی کە ئەو هۆزانەیان پێك دەهێنا وەك پیدەچیٚ هێشتا شوێنی جیا جیایان لەشێوەی هەر دوازدە شارەکانی کیکرۆب لەژێر دەستدابوو. پێکهاتەی بەڕێوەبردنیشیان بەتەواوی بارتەقای ئەوەی چاخی پاڵەوانێتی بوو : کۆمەڵەی میللی، ئەنجومەنی گەل، سوپاسالار. جا لەو سەردەمەی کە لێیەوە مێژووی نووسراو

دەست پێ دەکا ئەو زەوییانە دابەش کرابوون وببوون بە موڵکێکی تایبەتی، ئەمەش بەتەواوی دەگونجێ لەگەڵ بەرهەم هێنانی کاڵاییدا کە بەپەیوەند (نسبیا) لەدوا دواییەکانی قۆناغی باڵای بەربەریزمدا پەرەی ئەستاندبوو هەروەها لەگەڵ بازرگانی کاڵاکان کە بۆی دەشێ. سەرباری دانەوێڵە، مەی و ڕۆنی ڕووەکییان بەرهەم دەهێنا، لەدەریای ئیجەدا جڵەوی بازرگانی ڕۆژبەرۆژ لەدەست فینیقییەکان دەردەچوو و دەکەوتە دەست دانیشتوانی ئاتیکا. بەهۆی کڕین وفرۆشتنی زەویی وبە هۆی پەرەسەندنی دابەشبوونی کار لەنێوان وەرزێریی وپیشەگەرییدا هەروەها لەنێوان بازرگانی ودەریاوانیدا، دەبوایە بۆ ماوەیەکی کورت هەموو ئەندامانی خێڵەکان وفراتری و هۆزەکان تێکەڵوپێکەڵ بن، تاوای لێهات کە ناوچەی فراتری وهۆزەکان، کەسانێکیان تێ بخزێ، کە سەرەڕای ئەوەی هاو وڵاتی ئەوێش بوون، بەڵام لەدەرەوەی تایبەتمەندییەکانی فراتری و هۆزەکاندا، کەواتە تەنانەت لەخودی نشتەمەنەکانی خۆیاندا کەسانێکی نامۆوغەوارە بوون. چونکە هەر فراترییێك وهەر هۆزێکیش لەکاتی ئاسایشدا بەبێ پەنا بردنە بەر ئەنجومەنی میللی وباسیلیۆس لە ئەسینا کاروباری خۆی بەڕێوە دەبرد . بەڵام ئەو کەسانەی کە لە زەوییەکانی فراتری وهۆزەکەدا دەژیان، وبەبێ ئەوەی سەربەو زەوییە بن، گومانی تێدا نییە کە نەیاندەتوانی لەم بەڕێوەبەرییەدا بەشداری بکەن .

هەموو ئەمانە بوون بە مایەی بشێوێنی بۆ ڕەوتی ئاسایی کارەکانی، دامەزراوەکانی خێڵ، بە ئەندازەیێك کە لەسەردەمی پاڵەوانێتیدا خوازیاری ڕێگا چارەیێك بوو بۆ نەهێشتنی ئەم بشێوێنییە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستوورەکەی تیزۆس خرایە گەڕ. ئەم گۆڕانکارییەش لە پێش هەموو شتێکدا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی دەستی پێکرد، واتە بەشێك لەو کاروبارانەی کە هۆزەکان سەربەخۆ هەڵیاندەسووڕاند، کران بە کاروباری گشتی ودرانە ئەنجومەنی هاوبەش کە بارەگاکەی لە ئەسینا بوو . لەپای ئەم ڕێکخراوە تازەیەش ڕەوتی پەرەسەندنی ئەسینییەکان لە تێکڕای گەلە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا هەنگاوێك زیاتری ڕوولەپێش نا : چونکە لەبری یەکگرتنێکی پەتیی چەندین هۆزی دراوسێ ، هەموو خێڵەکان لە یەك میللەتدا ئاوێتەی یەکدی بوون. بەم جۆرە مافی میللی گشتی ئەسینی فراژی بوو، کە لە سەرووی نەریت و ڕێکە یاساییەکانی هۆز وخێڵەکانەوە بوو، سەبارەت بەوەش هاوڵاتی ئەسینی ماف وپارێزگارییەکی تازەی یاسایی وەرگرت تەنانەت لەسەر زەوییکدا کە تییێدا لەناو هۆزەکەدا نەناسیش بوو. بەڵام لەهەمان کاتیش یەکەمین هەنگاوە ڕوووە ڕووخانی ڕژێمی خێڵایەتی چونکە لە ئایندەدا یەکەمین هەنگاو بوو تێیدا ڕێگا بەو کەسانە بدرێ کە لە سەرپاکی هۆزەکانی ئەلاتیکدا، بێگانە بوون وبەبێگانەییی لە دەرەوەی ڕژێمی خێڵایەتی ئەسینیدا بمێنن، پاشان بچنە ڕیزی هاوڵاتییانەوە. دووەمین دامەزراوی تیزۆس بریتی بوو لە دابەش کردنی سەرپاکی گەل بەبێ ڕەچاو کردنی خێڵ وفراتری وهۆز بەسەر سێ چین دا : (eupatrides ئوپاترید ) واتە خانەدانەکان (نەجیبزادە)، هەروەها (geomores جیومۆر) واتە وەرزێر، پاشان (demiurges دیمییورج) واتە پیشەگەر(Handwerker)، هەروەها مافی هەڵسووڕاندنی فرمانە گشتییەکان بە شێوەیێکی تایبەتی درا بە خانەدانەکان (نەجیب زادەکان). ئەم دابەشکردنە، جگە لە هەڵسوڕانی فرمانە گشتییەکان لەلایەن خانەدانانەوە، هیچ ڕۆڵێکی نەگێڕا، چونکە هیچ جیاوازیەکی لە مافی نێوان چینەکان نەخوڵقاند. بەڵام بایەخێکی مەزنی هەیە چونکە ڕووناکیمان بۆ دەخاتە سەر ئەو توخمە کۆمەڵایەتییە تازانەی کە بە شێوەیەکی نائاشکرا پەرەیان سەند. هەروەها دەیسەلمێنێ کە نەریتی تەرخان کردنی فرمانەکانی خێڵ بۆ کەسانی چەند خێزانێك، بەبێ هیچ بگرەو بەردەیەك لسووڕاندنە ئەوفرمانە بوو بە مافێکی ئەو خێزانانە، ئەم خێزانانەش سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی ئەو سامانەوە بەهێز دەبوون، لە دەرەوەی خێڵەکانیاندا لە چینێکی جیاواز و تایبەتیدا گەڵاڵە دەبوون، هەروەها دەوڵەت کە ئێستا فراژی ببوو ئەم پلەو پایانەی چەسپ کردن،. ئەمە دەیسەلمێنێ کە دابەش بوونی کار لە نێوان جوتیار

وبیشەگەرییەکاندا هیچ گەردێکی بەسەرەوە نەما وسەقامگیر بوو بە ئەندازەێیکی وەها کە بایەخی کۆمەلاَیەتی دابەشبوونی ڕابردووی بەسەر خێلّو هۆزدا، لە پلەی دووەمدا مایەوە. دوا جاریش ئاشکرای ئەو نەسازییە ڕەگاوێژەی نێوان کۆمەلّگای خێلاَیەتی ودەولّەت دەکا، جا یەکەمین هەولّدان بۆ بنیات نانی دەولّەت بریتییە لە تێك شکاندنی بەندیوارە خێلاَیەتییەکان، ئەوەش بە دابەشکردنی ئەندامانی هەر خێلّێك بۆ دوو بەشی هەلّکەوتوو وهەلّنەکەوتوو وپاشانیش دابەش کردنی هەلّنەکەوتووەکانی بەسەر دوو چیندا بە پێی چەشنی ئەو کارانەی کە دیکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان بەرهەلّستی ئەوەی دیکە بکەن.

مێژووی ئایندەی ڕامیاری ئەسینا تاکو سەردەمی سولون بە تێروتەسەلی نەزانراوە. پیشەی باسیلیوس بڕەوی خۆی لەدەستدا ودەولّەت لەلایەن ئارخوونتێکەوە سەرۆکایەتی دەکرا کە لەنێو نەجیبزادەکاندا هەلّدەبژێردرا. دەسەلاَتی نەجیبزادەکانیش ڕۆژ لە ڕۆژێ فراوانتر دەبوو تا لە سالّی 600 پ.ز، بوو بە بارێکی یەکجار گران. پارە و سووخواردن بوونە شێوازێکی سەرەکی بۆ سەرکووت- کردنی ئازادی گەل. ئەسینا و دەروبەرەکەی بوونە نیشتەمەنی سەرەکی بۆ نەجیبزادەکان کە لەوێدا بازرگانی دەریایی و لەتەکیدا چەتەگەریی دەریایی کە لە هەر هەلێکی ڕەخساودا کاریان پێ دەکرا، نەجیبزادەکانی دەولّەمەند کردبوو و پارەیەکی زۆری لەدەستدا کۆ کردبۆوە. ئا ئەلێرەوە ئابوری دراویی لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا تەشەنەی کردە نێو کۆمۆنە لادێیکان، کە چەشنی ترشەلۆکێك شێوازی ژیانی ئاسایی دەخوارد، ئەو شێوازەی کە لەسەر ئابوری سروشتی بەرپابوو. ڕژێمی خێلاَیەتی هەرگیز لەگەلّ ئابوری دراوییدا ناگونجێ. مالّ وێرانی وورده جوتیارەکان لە ئەلاتیکدا هاوکات بوو لەگەلّ لوزەوی لاواز بوونی بەندیوارە دێرینەکانی خێلّەگەرییاندا، کە لەشێوەی قەلّغانێك بوو بۆ ئەوان. قەوالّەی قەرزداری وبارمتەی زەوی (چونکە ئەسینییەکان بارمتەی زەویشیان داهێنابوو) هیچ ڕێزێکی، نە لەخێلّ ونەلە فراتری، دەگرت. لەڕاستیدا ڕژێمی دێرینی خێلاَیەتی هیچ ئاشنایەتییێکی لەگەلّ دراو و قەرزی بەبڕوا و قەرزی بەدراو نەبوو. لەپای ئەمەش دەسەلاَتی ڕۆژ لە ڕۆژ فراوانبووی سامانی دارایی نەجیبزادەکان بووە هۆی ئەوەی بڕیار لەسەر مافێکی نوێ بدرێ کە لەسەر نەریت وباو چەقی بەستبوو ولە پێناو پارێزگاری کردنی خاوەن قەرز لە قەرزارەکە ولەپێناو چەسپاندنی چەوسانەوەی وورده جوتیارەکان لە لایەن پارەدارەکانەوە. لەهەموو کێلّگەکانی ئەلاتیکدا کێلەبەردی بارمتەیی قووتکرابوونەوە کە لە سەریان نووسرابوو ئەم پارچە زەوییە بەوەندە پارەیە بە فیسارەکەس بارمتە کراوە. بەلاَم ئەو کێلّگانەی کە بەو ئاوایە نیشانە نەکرا بوون ئەوە هەموویان فرۆشرابوون لەبەر ئەوەی کە نەتوانراوە نرخی بارمتە کردنەکەی یاخود ڕێژەی سەدی سوودەکەی لەکاتی دیاریکراودا بدرێن، بۆیە ئەو زەوییانە دەبوون بە مولّکی ئەریستوکراتییە سوو خۆرەکان. وەرزێر بەختەوەر بوو ئەگەر ڕێگایان بدابا بەکرێ لەسەر ئەو زەوییەدا بمێنێ **وبەشەش- یەکی** بەرووبوومی ڕەنجەکەی خۆی بگوزەرێنێ، چونکە دەبوایە **پێنج لە شەشەکەی** تری لەبری کرێی زەوییەکە بداتە خاوەندە تازەکەی. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی زەوییە بارمتە کراوەکە بەدەست دەهات قەرزەکەی پڕەوەنەکردبا یاخود ئەو قەرزە بارمتەکەی دابین نەکردبایە دەبوایە قەرزدارەکە لەولاَتێکی دیکەدا منالّەکانی وەکو کۆیلە فرۆشتبا وقەرزەکانی پێ بدابایەوە. باوك منالّەکانی بفرۆشێ،-ئا ئەمەیە یەکەمین بەرهەمی مافی باوکسالاری وتاکە ژن ومێردایەتی!-، جا ئەگەر خوێن مژەکە تاسەی نەشکابا بۆی هەبوو، قەرزدارەکە وەکو کۆیلەیەك بفرۆشێ. ئا ئەمەبوو گزینگی گەشی شارستانێتی لەکن گەلی ئەسینیدا.

لە ڕابردوودا کاتێ کە باروزروفی گوزەرانی گەل لەگەلّ دامەزاوە خێلاَیەتییەکاندا هێشتا تەبا بوو، ئەم سەرەنگرێی بوونە مەحالّ بوو، بەلاَم ئێستا هاتەدی، کەسیش نازانی چۆن هاتە دی. با بۆ چاو تروکاندنێك ئێروکواییەکانمان بەسەرکەینەوە. لەکن ئەمانەدا مەحالّ بوو دۆخێکی لە گوین ئەوەی بەسەر ئەسینییەکاندا

سەپێنرا بەرپا بێ، ئەگەر بلوێ بڵێن، بەبێ بەشداری کردنیان، بێ گومان دژ بەویستی خۆشیان. لەکن ئیروکوا شێوازی بەرهەم هێنانی هۆیەکانی ژیان کە ساڵ لە دوای ساڵ وەکو خۆی دەمایەوە، هەرگیز بۆی نەدەلوا ببێتە هۆی هەڵایسانی ئەم بەگژداچوونەی وەك ئەوەی کە لە دەرەوە سەپێندراوبێ وببێتە هۆی سەرهەڵدانی نەسازی لە نێوان دارا ونەدارەکاندا ونێوان چەوساوە وچەوسێنەرەکان. ئیروکواییەکان هێشتا زۆر لەوەوە دوور بوون کە بەسەر سروشتدا زاڵ بن، بەڵام هەر لە نێو برە کەوشەنێکی سروشتدا کە بۆ ئەوان ڕوون وئاشکرا بوو بەسەر شێوازی بەرهەم هێنانیاندا زاڵ بوون. جا ئەگەر چاوپۆشی، لە بێبەری مەزرا بچووکەکانیان و قات وقڕی ماسی لە دەیاچەو روبارە بچووکەکانیان وکەم بوونی نێچیر لە لێرەوارەکانیاندا، بکەین، ئەوسا ئەوان پێش وەخت دەیانزانی کە لە سایەی شێوازی وەگیر هێنانی هۆیەکانی ژیانیاندا دەبێت پشت بەچی ببەستن. ئەم شێوازە کەم تا زۆر دەبوایە هۆیەکانی ژیانیانی دەستەبەر بکردایە، بەڵام لە هیچ باروزروفێکدا نەیدەتوانی بەرەو کۆدێتا کۆمەڵایەتییە چاوەڕوان نەکراوەکانمان بەرێ، بەرەو لەبەریەکهەڵوەشانی گرێیەکانی خێڵ و بەرەو دابەشکردنی ئەندامانی خێڵو هۆز بۆ چەند چینێکی بەگژیەکدا چوو. بەرهەم هێنان لەنێو تەسکترین چوار چێوەدا دەخولایەوە، بەڵام سەرپاکی بەرهەمەکە لەچنگ بەرهەم هێنەرەکاندا بوو. ئا ئەوە بوو قۆپەنی بەرهەمهێنانی مەزن لە چاخی بەربەریزمدا، بەڵام ئەم قۆپەنە لەگەڵ هاتنەکایەوەی چاخی ژیارییدا وون بوو. ئەرکی سەرشانی نەوەکانی داهاتوو بریتییە لە وەگێرهێنانەوەی ئەم قۆپەنە بەڵام لەسەر بناغەی ئەو دەسەڵاتە بەهێزی کە مرۆڤ بەسەر سروەشتدا بەدەستی هێناوە و هەروەها لەسەر بناغەی هاوپەیوەندیەکی ئازاد کە ئێستا بۆی هەیە بڕەخسێ.

لەلای گریکەکاندا بار بە جۆرێکی دیکە بوو، چونکە سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی ماڵات وشتوومەکی دەست بلاوی Luxus ڕێگای لەبەردەم ئاڵوگۆڕ کردن لە نێو خەڵکیدا خۆشکرد و بوو بەهۆی بە **کاڵا** کردنی بەرهەمەکان. ئائەلێرەدا ئاوەلەمەی سەرپاکی کۆدێتای داهاتوو خۆی حەشارداوە، هەر کە بەرهەمهێنەرەکان دەستیان لە بەخۆ بەکار بردنی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانیان بەردا ولەبری ئەو دەستیان بە ئاڵو گۆڕکردنی ئەو بەرهەمانە کرد تاکو وای لێهات دەسەڵاتیان بە سەریدا نەدەشکا وچیتر نەیان دەزانی چی بەسەردێ، تا وای لێهات ئەو بەرهەمانەیان دژ بە بەرهەمهێنەر بەکار دەهێنا لە پێناو وەبەرهێنان وچەوسانەوەیاندا. بەم پێیە هیچ کۆمەڵگایەك لە توانایدا نییە بۆ هەمیشە دەسەڵاتی خۆی بەسەر خودی بەرهەمهێناندا ڕاگییر بکات وچاوەدێری ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان بکات ئەگەر بێت وقەڵاچۆی ئاڵوگۆڕکردن نەکا لە نێوان کەسەکاندا.

ئەسینییەکان، پاش ئەوەی ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان خەڵکیدا پەیدا بوو وهەروەها پاش ئەوەی بەرهەم بوو بەکاڵا، بەتاقی کردنەوەی خۆیان بۆیان دەرکەوت کە چەندە بە خێرایی بەرهەم دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەرهەم هێنەردا دەسەپێنێ، شان بەشانیی بەرهەم هێنانی کاڵاییدا کێڵڵانی زەوی لەلایەن خەڵکییەوە بەهۆی هێزە تایبەتییەکانی خۆیانەوە سەری هەڵدا پاش ئەوەش بەماوەیێکی کورت موڵکدارێتی کەسێکی زەوی پەیدا بوو، پاشان پارە سەری هەڵدا، واتە کاڵایەکی گشتی کە هەموو کاڵایەکانی دیکەی پێ دەگۆڕدرایەوە. بەڵام کاتێ کە خەڵکی پارەیان داهێنا هەرگیز ئەوەیان بەبیردا نەدەهات کە لەهەمان کاتیشدا هێزێکی تازەی کۆمەڵایەتییان گووراند، ئەو تاکە هێزە بەرفراوانەی کە پێویست دەکا سەرپاکی کۆمەڵگا لە بەردەمیدا کڕنوش بەرن. ئەو هێزە تازەیەی کە بە بێ ویست وئاگای خودی ئەو کەسانەی کە دروستیان کرد لە ناکاو هەڵتۆقی ئەسینییەکانی، لە تافی لاوییاندا، ناچار کرد کە هەست بە دەسەڵاتدارێتیەکەی بکەن.

کەوایە دەبوو چ بکرێ ؟ ڕژێمی دێرینی خێڵایەتی نەك هەر دەستەوەستان بوو، بەرامبەر بە تەشەنەکردنی سەرکەوتووی پارە، بەڵکو هەرگیز دەسەڵاتیشی بەسەر ئەوەدا نەدەشکا کە لەنێو خۆیدا پەناگەیێك، بۆ شتی وەکو پارە و قەرزدار و خاوەن قەرز و زۆرداری لە وەرگرتنەوەی قەرز، بدۆزێتەوە. بەڵام ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تازەیە هەر لە ئارادا بوو و هیوای پاك ئامێز و ئارەزووی بەتینی گەڕانەوەی ڕۆژانی خۆشی ڕابردوو نەیانتوانی پارە و سوو خۆرەکان لە جیهاندا بڕەتێنن. سەرباری ئەوەش چەند کەلێنێکی دیکەی ناسەرەکی لە ڕژێمی خێڵایەتی‌دا شەق کرا. نەوە لەپاش نەوە ئەندامانی جۆرەها خێڵو فراتریی، لەسەرپاکی، زەویی وزارەکانی ئەلاتیکدا بەتایبەتی لەخودی شاری ئەسینادا ، زیاتر تێکەڵ وپێکەڵ دەبوون. جگە لەوەی کە ئەوسا هەر ئەسینییەك بۆی هەبوو پارچە زەوی بە کەسانێك بفرۆشێ کە لە خێڵەکەیدا نەبن، بەڵام بۆی نەبوو خانووەکەی بفرۆشێ.  لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی وئاڵوگۆڕکردندا، دابەش کردنی کار لەنێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی بەرهەم هێناندا ڕۆژ لە ڕۆژێ زیاتر پەرەی دەستاند: وەرزێری، پیشەگەری، هەروەها لە نێو لە ئەژمار نەهاتووی خودی پیشە جۆر بەجۆرەکاندا، بازرگانی ودەریاوانی وهتد... . ئێستاش خەڵکی بەپێی کارەکانیان بەسەر چەند گروپێکی تاڕادەیێك چەسپاودا دابەشبوونە، هەریەکەشیان کۆمەڵێك بەرژەوەندی هاوبەشی تازە بابەتیان هەیە کە بەهیچ کلۆجێك لەنێو خێڵەکە یان فراترییەکەدا جێگایان نەدەبۆوە پاشانیش لە پێناو دابین کردنی پێداویستی بۆ پیشەی نوێ سەری هەڵدا. ژمارەی کۆیلەکانیش بەزەقی زیادی کرد جا لەوسەردەمەدا ژمارەیان لەوانەیە لە ژمارەی ئەسینییە ئازادەکان زیاتر بووبێ. لەسەرەتادا ڕژێمی خێڵایەتی هەرگیز ئاشنای کۆیلایەتی نەبووە کەواتە ئاشنای هیچ لەو شێوازانەش نەبووە کە بتوانێ پێیان دەسەڵاتی خۆی بەسەر جەماوەری کۆیلەکاندا بسەپێنێ. لەدواییدا بازرگانی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێگانەی بۆ ئەسینا ڕاکێشکرد، کە، بەهۆی ئاسانی کاروکاسبی کردن، لەوێدا نیشتەجێ دەبوون بەڵام ئەوانە بە پێوەدانگی داوودەستووری کۆن هەر بەبێ ماف و پارێزگاری مانەوە ولەگەڵ دڵفراوانی ئاسایی خەڵکیشدا، هەر وەکو توخمێکی نامۆو قەڵب، لەنێو گەلدا بوون.

بەکورتی‌دەڵێن کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووری خۆی دەبەزاند و دەستەوەستان بوو بەرامبەر بە ترسناکترین جەنگ کە بە بەرچاوی هەمووانەوە ڕووی دەداو لەتواناشیدا نەبوو جڵەویان بگرێتە دەست. لەم سەروبەبەندەنەشدا دەوڵەت لە پەناوە پەرەی دەستاند. چونکە ئەو گروپانەی کە بە نوێی دروست بوون، بەهۆی دابەش بوونی کار، –یەکەم لە نێوان شارو لادێ‌دا –وپاشان لەنێوان بەشە جۆر بە جۆرەکانی پیشە شارستانییەکاندا، دەستەی نوێیان، لەپێناو بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانیان دروست کرد، هەروەها پیشەی هەمە جۆرو هەمە تەرز دامەزرێنرا. پاشان ئەو دەوڵەتە نوێییە لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بەهێزێکی سەربەخۆی چەکدار هەبوو بۆ ئەوەی شەرۆکەو گەرۆکەیان پێ بگێڕن و کەشتییە بازرگانییەکانیانی پێ بپارێزن، ئەم هێزانەش لەکن ئەو ئەسینییانەی کە خەریکی دەریاوانی بوون لە سەرەتادا تەنها لە هێزێکی دەریایی پێك هاتبوون. جا لە قۆناغێکدا کە بەتەواوەتی دەست نیشان نەکراوە، بەڵام لە پێش سۆلۆندا، (Naukraries نۆکرارییەکان) دامەزرێنران، ئەمانەش بریتین لە چەند دەزگایەکی هەرێمایەتی بچووك، ژمارەیان 12 دەزگا بوون لە هەر هۆزێکدا. هەر نۆکرارییێك دەبوایە کەشتییەکی جەنگیی پڕ چەك وچەندین دەریاوان(28پ) لەگەڵ دوو سوارچاکی بدابایە، ئەم دامەزراوەش لە دوو لاوە بنەماکانی خێڵایەتی تێکشکاند، یەکەم: دەسەڵاتێکی گشتی گووراند کە چیتر لەگەڵ کۆی گەلی چەکداردا نەدەگونجا، دووەم بۆ یەکەمین جار گەلی لەپێناو مەبەستە گشتییەکاندا دابەش کرد نەك بە پێوەدانگی خزمایەتی نێوان  ئەو گروپانەدا، بەڵکو بە پێوەدانێکی **جێگەی پێکەوە نیشتەجێ بوونیان**. جا ئەمە چی دەگەێنێ لەدواییدا دەردەکەوێ.

لەبەر ئەوەی دامەزراوە خێڵایەتییەکان نەیتوانی هیچ کۆمەکێك بە گەلی چەوساوە بکەن، بۆیە ئەم گەلە چیتر نەیتوانی، جگە لە دەوڵەتی فراژی بوو، پشت بە شتێکی تر ببەستێ. دەوڵەتیش، کە رۆژ لە رۆژێ زیتر لەسەر سکی رژێمە کۆنەکە بەهێزتر دەبوو، دەستی یارمەتی، بە یاسای بەرێوەبەری سۆلۆنی، بۆ درێژ کرد. سۆلۆن زنجیرە شۆرشێکی (لێرەدا ئێمە ئەو شێوازەمان بەلاوە گرنگ نییە کە ریفۆرمەکانی لە ساڵی 594 پ.ز. بەجێێ گەیاندووە) رامیاری بنیات نا، ئەمەش بەوەی کە دەستی لە پێوەندییەکانی موڵکدارییەتی وەردا. لەو ساوەش هەموو ئەو شۆرشانەی کە هەڵگیرساون بریتی بوون لە پارێزگاری کردن لە چەشنە موڵکدارێتیەك دژ بە چەشنە موڵکدارێتیەکی دیکە. چونکە بۆی نەبوو بەبێ دەست درێژی کردنە سەر موڵکدارێتیەکی دیکە پارێزگاری لەوی تر بکات. لەشۆرشی مەزنی فەرەنسادا، قوربانی بە موڵکدارییەتی (فیودال) دەرەبەگایەتی درا لە پێناو رزگار کردنی موڵکدارییەتی بۆرژوایی. هەروەها لەو شۆرشەی کە سۆلۆن بەرپای کرد دەبوایە زیان بە موڵکی خاوەن قەرزەکان، لە پێناو بەرژەوەندی، قەرزدارەکاندا، بگات. چونکە زۆر بەئاسانی هەموو قەرزەکان سڕدرانەوە. ئێمە زۆر بە ووردی شارەزای کونوکەلەبەرەکان نین، بەڵام سۆلۆن لە چامەکانیدا زۆر شانازی بەوەوە دەکا کە کێلە بەردی بارمتەکانی لەزەوی وزاری قەرزدارەکاندا تووڕدا وهەموو ئەو کەسانەی گێڕایەوە کە بە دەرەوەی وڵات فرۆشرا بوون یاخود بەهۆی قەرزەکانەوە لەوڵاتدا دەرپەڕێنرابوون. ئەمەش، بە ئاشکرا، بە دەستدرێژیکردنە سەر، مافی موڵکدارییەتی نەبوایە سەری نەدەگرت. جا لەواقیعشدا هەموو ئەو شۆرشانەی کە پێیان دەگوترێ شۆرشی رامیاری هەر لە یەکەمین شۆرشەوە تا دەگاتە دوا شۆرش لە پێناو پارێگاری کردن لە **جۆرە** موڵکدارییەتێکی تایبەتی بەرپا بوو، هەروەها بەدەست بەسەرداگرتنی یاخود بە دەستەواژەیەکی دی بڵێن بە دزینی -**جۆرێکی دیکەی**- موڵکدارێتی. ئەوە ڕاستییەکەیەتی، کە موڵکدارێتی تایبەتی بە درێژایی ئەم دووهەزارو پێنجەسد ساڵەیدا، بۆ داگیرکردنی مافی موڵکدارێتی نەبێ بەرپا نەدەبوو.

بەڵام ئێستا وەکو پێویستییەك دەبوایە بەر لە دووبارە بە کۆیلە کردنەوەی ئەسینییە ئازادەکان بگیرێ . ئەوەش لە پێش هەموو شتێکدا بەزنجیرە بنەمایەکی گشتی جێبەجێ کرا وەکو قەدەغەکردنی کۆت وبەندەکانی قەرز کە خودی قەرزدارەکە بەخۆی بارمتەکەی بوو. پاشان سەرپەرێك بۆ موڵکدارێتی زەوی داندرا، کە دەبوایە هەر کەسێك هەیبێ، بۆ ئەوەی کەم تا زۆر سنوورێك بۆ چاو چنۆکی نەجیبزادەکان دابنرێ کە تاسەیان تەنها بە، زەویوزاری وەرزێرەکان، دەشکێ. ئەم بنەمایە پاشان هەندێك ڕاستکردنەوەی بەسەرداهات، بەڕای ئێمە گرنگەکانیان ئەمانەن:

بڕیار درا کە ئەنجومەن لە چوارسەد ئەندام پێك بێ، واتە 100 ئەندام لەهەر هۆزێکدا. بەم ئاوایە، هۆز وەکو بناغەیەك هەر مایەوە، بەڵام دەوڵەتی نوێ تەنها ئەم لایەنەی لەسیستەمە کۆنەکەوە وەرگرت. چونکە سۆلۆن کە بە پێوەدانگی موڵکدارییەتی زەوی و داهات، هاوڵاتییانی بەسەر چوار چینیدا دابەشاندووە ( 500 و 300 و 150 ) ربە دانەوێڵە ( ڕبە نزیکەی 41 لیتر دانەوێڵە)، ئەمانە کەمترین ڕێژەی داهاتی هەرسێ چینەکانی پێشەوە بوون، بەڵام ئەوانەی کە داهاتیان کەمتر بوو یاخود هیچ زەوی وزاریان نەبوو چینی چوارەمیان پێك دەهێنا. هەموو فرمانەکانیش تەنها نوێنەرانی هەرسێ چینە باڵاکان داگیریان دەکرد، فرمانە هەرە باڵاکان تەنها نوێنەرانی چینی یەکەم داگیریان دەکردن. چینی چوارەمین تەنها مافی دەنگدان وقسەکردنیان لە کۆبوونەوە میللییەکاندا هەبوو، ئا ئەلێرەدا هەموو خاوەن فرمانەکان هەڵدەبژێردران ودەبوایە ڕاپۆرتی چالاکییەکانیان پێشکەش بکەن، هەر لێرەشدا هەموو یاساکان دادەڕێژران . هەر لێرەش چینی چوارەم زۆربەی هەرە زۆری پێك دەهێنا. بەشێك لە وودمەکانی ئەریستوقراتییەکان بەشێوەی سەروەت وسامان سەر لەنوێ بن چەسپ کران، بەڵام دەسەڵاتی یەکالاکەرەوە هەر لە چنگی گەل دابوو. وێڕای ئەوەش دابەش بوون بەسەر چوار چیندا بوو بە

بەردی بناغەی رێکخستنێکی تازەی چەکدارەکان. دوو چینەکەی یەکەم سواریان پێش کەش دەکرد، چینی سێیەم دەبوایە لە پەلەکانی پیادەی چەکی قورسدا خزمەتی کردبا، چینی چوارەمیش پیادە وهەڵگری چەکی سووك بوو کە زرێی لەبەر نەدەکرد، یا لە زێبالٚ-دا خزمەتی کردبا ئەوەش لەیاد نەچێ کە زۆربەی کات بەرامبەر بەو خزمەتانەیان کرێیان دەدانێ.

لێرەدا تۆخمێکی نوێی ئاخنرایە نێو رژێمی فەرمانڕەوایەتییەوە، ئەویش مولکدارێتیتایبەتییە. مافی هاولاتیانی دەوڵەت وئەرکەکانیان بە پێودانگی بەرفراوانی ڕووپێوی زەوییەکانیان دەستنیشان دەکرا جا، بەو ئەندازەیەی کە دەسەلاتی چینە دەسەلاتدارەکان مەزنتر دەبوو ، بەوەندە، بەخۆێنخزمەکان، جێ لەق دەبوو، پێکهاتەکانی خێڵایەتی سەر لەنوێ نووچی خوارد.

پێوانەی مافە ڕامیارییەکان بە پێوەدانێکی مولکدارییەتی، دامەزراوێك بوو کە دەوڵەت هەرگیز بەبێ ئەو دروست نەدەبوو. وێڕای ئەوەی کە ئەم بنەمایە رۆلێکی مەزنی لە مێژووی رێکخستنی دەوڵەتدا دەگێرا، بەلام ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان، بەووردی بڵێین ئەوانەی کە لە هەمووان پەرەسەندووتر بوون، دەست بەرداری ئەو بنەمایە بوون. بەڵکو لە ئەسیناشدا رۆڵێکی سەرپێیی گێڕا، چونکە هەر لەسەردەمی ئەریستیدس- ەوە هەموو فرمانەکان لەبەر دەستی هەموو هاولاتییان دا بوون (111).

لەو هەشت ساڵەی پاش ئەوە، کۆمەڵگای ئەسینی لەسەر ئەو رێبازە بەرەبەرە گەشەی دەکرد، و لەسەدەکانی دواییشدا هەر لەسەری بەردەوام بوو. لەسەردەمی پێش سۆلۆندا سنوورێکیان بۆ بلاوبوونەوەی قەرزی بەسوود لەسەر زەوییەکان دانا، پاشان لە ڕادە دەرچوونی مولکدارییەتی جڵەوکێش کرا. هەروەها بازرگانی و پیشەگەری وپیشە هونەرییەکان کە رۆژ بە رۆژ بە پالپشتی کۆیلەکانەوە گەشەی دەکرد بوون بە لقێکی چالاکییە بەربلاوەکان. خەڵکیش لە جاران شارستانیترو ڕووناکبیرتر بوونەوە. لەبری ئەوەی کە بە توندی هاولاتیانی خۆیان وەك پێشان بچەوسیننەوە، ئێستا بە زۆری کۆیلە و کرێاری شتوومەکی ئەسینییان دەچەوساندەوە کە لە دەرەوەی ئەسیناوە دەهاتن. پارەی گوێزراوە واتە ئەو سامانانەی کە لە دراو وکۆیلە و کەشتی پێك دەهاتن رۆژ بە رۆژ زیاد دەبوون، چیتر لەپێناو کرینی زەوییدا بەکار نەدەهات، وەك لە سەردەمی تەریك وسنوورتەسکی پێشاندا وەهابوو، بەڵکو سامان بوو بە ئامانج. لەئەنجامی ئەوەشدا لە سەرێکەوە لە خودی کەسێتی چینە نوێیەکەدا، چینی دەوڵەمەندەکان کە بە پیشەسازی وبازرگانییەوە خەریك بوون، ململانێیەکی سەرکەوتوو بەرامبەر بە دەسەلاتی ئەرەستوکراتییە کۆنەکان سەری هەڵدا، لە سەرێکی دیکەشەوە شوێنەوارەکانی رژێمی کۆنی خێڵایەتی دوا بنکەی خۆی لەدەستدا. چونکە خێڵەکان فراترییەکان وهۆزەکان کە ئەندامەکانیان بە سەرپاکی ئەلاتیکدا پەرش وبلاو ببونەوە و بۆ یەکجاری تێکەلٚ بە یەکدی ببوون هەرگیز توانای ئەوەیان نەما کە یەکگرتوویەکی ڕامیاری دروست بکەن، زۆربەی ئەسینا نشینەکان سەر بە هیچ خێڵێکی ئەوێ نەبوون، بەڵکو بریتی بوون لە چەندەها ڕەوەند و غەوارە کە مافی هاولاتێتیان پێ درابوو، وێڕای ئەوەش لە هیچێك لە یەکگرتووە کۆنەکانی خێلٚ وەرنەدەگیران، جگە لە ژمارەیەکی هەمیشە ڕوو لە بەرزی کۆچکەرە بێگانەکان کە دەوڵەت مافی خۆپاراستنی پێ دابوون (واتە پەناهەندەکان)(112).

لەم سەرو بەندەنەشدا ململانێی نێوان پارتەکان، بەردەوام بوو لە ڕەوتی خۆیدا. ئەرۆستۆکراتەکان تەلاشی گێڕانەوەی دەسکەوتەکانی جارانی دەدا، جا بۆ ماوەیێکی کورت برەویان وەگیرهێنا تاکو بەرپا بوونی شۆرشی کلایستینس (لە ساڵی 509 پ.ز) کە بۆ هەمیشە نسکۆی بەوان ولەهەمان کاتدا بەدوا ئاسەواری رژێمی خێڵایەتیش هێنا (113).

کلایستین لە داڕشتنە نوێیەکەیدا، خۆی، لە ئاست چوار هۆزە کۆنەکان، کە لەسەر خێڵ و فراتری دامەزرابوون، نەبان کرد، لەبری ئەوانە دامەزراوێکی بەتەواوی نویێ هێنایە کایەوە، کە تەنها لەسەر دابەشکردنی دانیشتوان بەو شێوەیەی کە لەلای (نوکرارییەکان)دا تاقی کرایەوە. بەم پێیە دابەشبوون لەسەر بناغەی بەخوێن خزمایەتی هیچ رۆلێکی یەکالا کەرەوەی لە دەستدا نەما، بەڵکو تەنها شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی ئەو رۆڵەی وەرگرت، نەك گەل، دابەشبوون بەپێی ناوچە، دانیشتوانیش لە ڕووی ڕامیارییەوە (پۆلەتیك) پابەندی تەواوی زەوی وزار بوون.

سەرپاکی ناوچەی ئەلاتیك بەسەر سەد(démos دیمۆس)دا یاخود بەرێوەبەرایەتی شارەوانی دابەش کرا هەر یەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان بەرێوەدەبرد. هاولاتییانی (دیمۆتەکان Demotes) هەر دیمۆسێك دەبوو سەرکردەیەك (Demarch دیمارك) و خەزنەدارێك هەڵبژێرن ، هەروەها سی دادوەریش کە لە گیروگرفتە سووکەڵەکاندا بڕیاریان دەدا. هەروەها هەر دیمۆسێکیش پەرستگا و خوداوەندی پارێزەر یاخود پاڵەوانێکیان هەبوون کە پێشبینەکان هەڵیاندەبژاردن. دەسەلاتی بالاش لە دیمۆسدا لە چنگ کۆمەڵەی دیمۆسەکان دابوو. ئەوەش وەك مۆرگان، بەراستی، سەرنجی دایێ بابەتی پێشینەی کۆمۆنە شارەوانییە ئەمەریکاییەکانە (114) کە ئۆتۆنۆم بوون. ئەو یەکەیەی (یونیتەی) کە دەوڵەتی مۆدێرن بە بەوپەڕی پێشکەوتنەوە پێی گەیشت، لە هەمان خاڵەوەش، دەوڵەتی بەرپابووی ئەسینی ، دەستی پێ کرد.

هەر (10) یونیت یاخود دیمۆسس یەك هۆزیان پێك دەهێنا، بەلام ئەم هۆزە بە پێچەوانەی خزمەهۆزەکانی پێشان، ئێستا پێی دەگوترێ هەرێمە هۆز. ئەم هۆزە نەك هەر یەکگرتوویەکی ڕامیاری (پۆلەتیکی) پێك دەهێنا کە بەخۆی فەرمانڕەوایەتی خۆی دەکرد بەڵکو هەروەها یەکگرتوویەکی سوپایش بوو، هەر ئەویش، (فیلارك hylargue)(29پ) واتە سەرەك هۆزی هەڵدەبژارد، هەروەها سەرۆکی سوارەکان، هەروەها (taxiargue تاکسییارك) وسەرۆکی پیادەکان و(ستراتیژی Stratege) جگە لەهەڵبژاردنی ئەوانە، بە سەرۆکی هەموو هێزە چەکدارە سەرباز کراوەکانی نێو قەڵمڕەوی هۆزدا بوو. سەرباری ئەوەش پێنج کەشتی جەنگ بەسەرۆك وهەموو تاقمەکانییەوە ئامادە دەکران، هەروەها یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەلاتیکی دەدرایێ، بۆ ئەوەی پارێزگارێی لێبکات وبەناوی ئەوەوە ناو دەنرا. لەکۆتاییدا پەنجا ئەندامی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی ئەسینادا نوێنەرایەتی بکات.

بەلام چڵە پۆپەی ئەم رێکخراوە بریتی بوو لە دەوڵەتی ئەسینی کە ئەنجومەنێك بەڕێوەی دەبرد لە پێنج سەد نوێنەر پێك هاتبوون ونوێنەرایەتی هەر دەهۆزەکەیان دەکرد، هەروەها کۆبوونەوەی میللی. سەبارەت بەوەی کە دوا بالاترین پەناگە بوو، بۆ هەموو هاولاتێیکی ئەسینی مافی ئەوەی هەبوو ئامادەی بێت ودەنگی تێدا بدات. لەتەك ئەوەشدا ئارخونتەکان (Archonten) و فەرمانبەرەکانی دیکە، لقە جۆربەجۆرەکانی دیکەو دادگایان بەرێوە دەبرد. لە ئەسینادا دەسەلاتی بالای ڕاپەڕاندن، سەرکردەی نەبوو.

لەگەڵ ئەم دامەزراوە نوێیەی فەرمانڕەوایەتی هەروەها لەگەڵ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە مافی خۆ پاراستنیان هەبوو، چ لە ئاوارە بێگانەکان یاخود لەو کۆیلانەی کە ئازاد کرابوون. هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لەسەر خزمەخوێنی لە بەرێوەبردنی کاروبارە گشتییەکاندا دامەزرابوون وەلانران ودابەزینە ئاستی کۆمەڵە تایبەتی و برایەتییە ئاینییەکان. دەسەلاتی مۆرالی(ئەخلاقی) و بیروبۆچوونە بۆ ماوەییەکان وشێوازی بیر کردنەوەی سەردەمە دێرینەکانی خێڵایەتی بۆ ماوەییێکی دوورو درێژ لەداب ونەریتەکاندا مانەوە، ئەم نەریتانەش پلە بە پلە مۆرکی خۆیان لەدەست دەدا، ئەمەش لە دواترین دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕەنگی دایەوە.

وەك بینیمان، یەكێك لە شەقڵە ناوەڕۆكییەكانی دەوڵەت بریتییە لە دەسەڵاتێكی گشتی دوور لە كۆی گەل، لەو سەردەمەشدا ئەسینا تەنها سوپای میللی وزێباڵی هەبوو كە ڕاستەوخۆ گەل پێشكەشی دەكرد، جا سوپا و زێباڵ پێكرا لە دوژمنانی دەرەوەی وڵات دەیپاراستن و زۆریان لە كۆیلەكان دەكرد كە ملكەچ بن، ئەو كۆیلانەی ئەوسا بە ئاشكرا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیان پێك دەهێنا. لەسەرەتادا بەرامبەر بە هاوڵاتیان ئەم دەسەڵاتە گشتییە لەشێوەی پۆلیس هاتە گۆڕێ، پۆلیسیش لەگەڵ دەوڵەتدا هاوتەمەن بوون، بۆیە فەرەنسییە سادەكانی سەدەی هەژدەیەم باس لە نەتەوە شارستانییەكان ناكەن بەڵكو باس لە نەتەوە پۆلیسییەكان دەكەن (nations policées). بەم جۆرە ئەسینییەكان لەهەمان كاتدا لەگەڵ دەوڵەتەكەیاندا پۆلیسیان دامەزراند، چەتەوڵێكی(ژەندرمە) ڕاستەقینەیان دامەزراند لە تیرهاوێژ و پیادە وسوارەكاندا پێك دەهاتن، –(لاندیاگر landjager) وەك لە خواروری ئەڵمانیا وسویسرا ناویان لێنابوون. ئەم ژەندرمانە لە **كۆیلەكان** پێك دەهاتن. ئەسینیە ئازادەكان بەسووكی دەیانڕوانییە پیشەی پۆلیسەوە، بەئەندازەیەكی وەها كە خۆ بەگرتن دانی بەدەست ئەو كۆیلە چەكدارەوە لەلا باشتر بوو لەوەی كە بەخۆی بەم كارە نەنگە هەڵبسێ، ئائەمەبوو بیروڕای كۆنی خێڵایەتی. دەوڵەت بەبێ پۆلیس هەڵی نەدەكرد بەڵام هێشتا كاڵ ونەگەییو بوو ودەسەڵاتێكی مانەوەی ئەوتۆیی لەدەستدا نەبوو، پیشەیەك، كە ئەندامە كۆنەكانی ئەو هۆزانە بە سووكی سەیریان دەكرد، بتوانێ ڕێزێكی لەلایان بۆ پەیدا بكات.

خێرایی گەشە كردنی سامان و بازرگانی و پیشەسازی ئەوەمان نیشان دەدەن كە دەوڵەت چەند لەوەدا سەركەوتوو بووە كە شەقڵە سەرەكییەكانی لەگەڵ دۆخی نوێی كۆمەڵایەتی ئەسینییەكاندا گونجاوە. چونكە بەیەكدا هەڵپڕژانی چینەكان كە دامەزراوە كۆمەڵایەتی وڕامیارییەكان لەسەری دامەزرابوون تاكو ئێستاش بەیەكداهەڵپڕژانی ئەرستوكراتییەكان وخەڵكە سادەكە نەبوو، بەڵكو لەنێوان كۆیلەكان وئازادەكان بوو، لەنێوان پەناهەندە و هاوڵاتییەكاندا بوو كە خاوەن مافی تەواوی خۆیان بوون. لەهەرەتی گەشە كردنی ئەسینادا ژمارەی سەرپاكی هاوڵاتییە ئازادەكان بە ژن ومناڵەوە خۆی لە 90000 كەس دەدا، بەڵام ژمارەی كۆیلەكان بە نێرو وبەمێ دەگەیشتنە 365000 كەس، ژمارەی ئاوارە بێگانەكان لەگەڵ كۆیلە ئازادكراوەكاندا دەگەیشتنە 450000 كەس. بەم شێوەیە بەرامبەر هەر هاوڵاتییێكی ڕەسییدە لە پیاوەكان لانی كەم 18 كۆیلە وپتر لە دوو پەناهەندە هەبوون. هۆی ژمارە زۆری ئەم كویلانەش ئەوە بوو كە زۆربەیان پێكرا لە مانیفاكتۆرەكاندا، لە كارگە گەورەكاندا، لە ژێر چاوەدێریدا كاریان دەكرد. بەڵام پەرەسەندنی بازرگانی وپیشەسازی، بوو بە هۆی كەڵەكە بوونی سەروەت وسامان لە چەند دەستێكی كەمدا، هەروەها بوو بەهۆی كەم دەرامەتی ڕەشە خەڵكە ئازادەكان كە تەنها دوو ڕێگایان لە بەردەم دابوو: یان ئەوەتا دەبوو ململانێی كاری كۆیلەكانیان كردبا ودەستیان بەسەر پیشەكانی ئەواندا گرتبا، كە ئەمەش بەسووك ونەنگ دادەنرا، جگە لەوەی كە نووقڵانەی سەرنەگرتنی بۆ لێدەدرا، یان ئەوەتا دەبوو بەهەژاری شوكور بوونایە. لەو هەل ومەرجەشدا بەهۆی باروزرەفەوە ملیان بەدووەم ڕێگاوە نا. جا لەبەر ئەوەی ئەمانە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیان پێك دەهێنا بۆیە ئەمە بوو بەهۆی لەناو چوونی سەرپاكی دەوڵەتی ئەسینیش. دیموكراسییەت ئەو هۆیە نەبوو كە دەوڵەتی ئەسینای پێ تێكچوو، وەكو خاوەن قوتابخانە ئەوروپییەكان بڵاوی دەكەنەوە، ئەوانەی كە تەشی لەبەر میرو پادشاكان دەڕێسن، بەڵكو كۆیلایەتی بوو كە كاری خەڵی ئازادی هێنایە سەر ساچی سووك وچرووكی.

درووستبوونی دەوڵەت لەلای ئەسینییەكان، بابەتێكی هەرگیز نموونەیی دەگمەنە بۆ دروستبوونی دەوڵەت بەگشتی، چونكە لەلایەكەوە بە پاكیی، بەبێ دەست تێوەردان و زۆركاریی، چ لە دەرەوە وچ لەناوخۆ، ڕێگای دروست بوونی خۆی گرتە بەر – دەستدرێژی كردنەكەكەی (بیسیستراتس) بۆ كورت ماوەیەك، هیچ

شوێنەوارێکی جیٚنەهێشت(115)–، لەلایەکی دیکەوە چونکە ئەوەی باسی لێوە دەکەین شێوەیەکی یەکجار پێشکەوتووە لە شێوەکانی دەوڵەت، کە کۆماری دیموکراسییە، کە ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگای خێڵایەتییەوە سەرهەڵدەدا، چونکە ئێمە لە وورد و درشتی بەرپا بوونی ئەم دەوڵەتە ئاگادارین.

6

# خێڵ و دەوڵەت لە ڕۆمادا

لە داستانی دامەزرانی ڕۆمادا دەردەکەوێ کە یەکەمین نیشتەمەن لەلایەن ژمارە خێڵێکی لاتینییەوە دروست کراوە ( بەپێی داستانەکە سەد خێڵن ) ئەم هۆزانەش لە هۆزێکدا یەکانگیر بوونە، پاش ئەوە بە ماوەیێکی کورت هۆزی ( سابیلییە ) یەیان چۆتە پالْ کە ئەمیش وەك داستانەکە دەبێژێ لەسەد خێڵ پێك هاتبوو پاشان هۆزی سیٚهەمیان چۆتە پاڵەوە کە لەچەند ماکێکی دۆناو دۆن پێك هاتبوو ئەمیش بە قسەی داستانەکە لەسەد خێڵ پێکهاتبوو. سەرپاکی چیرۆکەکە لە یەکەمین تێڕوانینەوە وا دەردەخا کە خێڵی لیٚ بترازیٚ هیچ شتێك بە شێوەیەکی سروشتی نەگووراوە وهەندیٚ جار خێڵ تەنها لقێك بووە لە خێڵێکی بنەڕەتی وسەرەتاییدا کە لە نیشتمانە کۆنەکەیدا ماوەو گوزەرانی تێدا کردووە. هۆزەکان شەقڵی پێکهاتە دروست کراوەکانیان پێوەیە بەڵام ئەم پێك هاتنە لەچەند توخمێکی لەیەکتر نزیك وبەپێی بابەتی هۆزەکانی پێشوو، پێکەوە نراون، کە بە شێوەیەکی سروشتی فراژی بوون، نەك بەپێی بابەتی ئەو هۆزەی کە بۆ دروست کردنی پێکەوەی ناون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دوور نییە کە کاکڵەی هەرسیٚ هۆزەکە هۆزێکی کۆنساڵ وڕاستەقینە نەبیٚ، چونکە ئەڵقەی نێوانیان، واتە فراتری، لە دە خێڵ پێك هاتبوو وپێی دەگوترا (Curia کوریا)، کەواتە سی کوریا هەبوون.

بەگشتی ددان بەوەدا نراوە کە خێڵی ڕۆمانی هەمان شێوەی دامەزراوی خێڵی گریکی گرتبووە خۆیەوە. جا لە کاتێکدا ئەکەر خێڵی گریکی شێوەی پێشکەوتووی ئەو خانە کۆمەڵایەتییە بێت کە شێوە سەرەتاییەکەی لەکن هیندە سوور پێستە ئەمەریکییەکاندا هەیە، ئەوەش بەبیٚ کەموزۆر بەتەواوی بەسەر خێڵی ڕۆمانیشدا دەگونجیٚ، کەواتە لێرەدا دەتوانین کەمتر بە تان وپۆیدا بڕۆین.

خێڵی ڕۆمانی، لانی کەم لە کۆنترین سەردەمی بوونی شاردا سیمای ئەم پێکهاتنانە خوارەوە دەنوێنیٚ:

1. مافی بەمیراتگیری نێو ئەندامەکانی خێڵ، هەموو سامانەکەش لە نێو خێڵەکەدا دەمایەوە. جا چونکە باوکسالاریی باڵی بەسەر هەردوو خێڵی ڕۆمانی وگریکیدا کێشابوو، لەبەر ئەوە تۆرمەی توخمی ژنان لەو میراتە بە دوور بوون. بەپێی یاساکانی سەر هەر دوازدە بۆردەکە (Board)(116) ئەمەش کۆنترین پاشماوەی نووسراوە کە ئێمە لەبارەی مافی ڕۆمانییەوە بیزانین، وەچەکان لەڕیزی پێشەوەی میراتگرەکان بوون سەبارەت بەوەی کە میراتگری ڕاستەوخۆن، جا ئەگەر مردووەکە وەچەی لەپاش بەجیٚ نەمابا ئەمجا (agnats ئەگناتەکان) (واتە خزمەکانی بەپێی هێڵی رەگەزی **پیاوان**) میراتگربوون، ئەگەر ئەمانەش نەبوونایە ئەمجا ئەندامانی خێڵەکە میراتەکەیان دەگرتەوە. جا لەهەموو بارێکدا ماڵوموڵکی مردوو هەر لەنێو خێڵەکەدا دەمایەوە. لێرەدا ئێمە بە چاکی ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن پلە بەپلە ڕێرەوی یاسایی تازە کە بەهۆی گەشە کردنی سەروەتوسامان و تاکە ژنومێردایەتییەوە پەیدا بوون وتەشەنەیان کردۆتە نێو داب ونەریتی خێڵەوە: مافی یەکسانی هەموو ئەندامانی خێڵ لەمیراتگرتندا، لە بنەڕەتدا هەر لە زووەوە، وەکو لەوە پێش ئاماژەی بۆ کرا، لە پێشدا هەر بۆ

(ئەگناتەکان) بووە، دواجاریش بەپێی هێڵی رەگەزی پیاوان، بەر کوڕەکان ونەوەکانیشیان، کەوتووە. بەڵام لە دوازدە بۆردەکەدا ئەمە بە زنجیرەیەکی بەرەواژ باس کراوە.

2. هاوبەشی لەزەوییەکەدا بەمەبەستی گۆڕستان. کاتێ کە خێڵی کلۆدیۆسی ئەریستوکرات لە شاری ریگیڵەوە بۆ رۆما باریان کرد، پارچە زەوییەکیان دانێ لەگەڵ جێگایێکی هاوبەش بۆ گۆڕ کردنی مردووەکانیان. تەنانەت لە سەردەمی ئۆگسیۆسیشدا، کەللە سەری (ڤار) (117) یان بۆ رۆما هێنا کە لە دارستانەکانی توتوبۆرگدا کوژرا و لە گۆڕستانی خێڵەکەدا ناشتیان(tumulus gentilitius)(30پa)، ئەمەش هیمایە بۆ ئەوەی کە خێڵەکەی ( guintilia . گوینتیلیا ) هێشتا گۆرستانێکی تایبەتییان هەیە.

3. ئاهەنگی ئایینی هاوبەش. ئەم ئاهەنگانەش(Sacra gentilitia) (30پb) یان پێ دەڵێن، ناسراون.

4. ئەرکی نەخواستنی ژن لە نێو خێڵەکەدا، وا پێ دەچێ کە ئەمە هەرگیز ڕۆژێك نەبۆەتە یاساییێکی نووسراوە بەڵام وەکو نەریتێك هەر ماوەتەوە. وێڕای زۆری ناوی ئەو ژن ومێردە رۆمانییانەی کە پێمان گەیشتوون بەڵام هیچ حاڵەتێکیان تێدا بەدی ناکرێ کە ژنە ومێردە ناوی یەك خێڵیان هەڵگرتبێ. پاشانیش مافی میراتگری ئەم بنەمایە جەخت دەکاتەوە. چونکە کاتێ کە بەشوو دەدران هەموو مافێکی میراتگیری لەدەست دەدا کە لە خزمانی رچەی بابەوە بۆی دەمانەوە وە ولە خێڵەکەی خۆی دەردەچوو ونە ئەو نە منالەکانیشی بۆیان نەبوو میراتی بابی یاخود مامەکانی بگرنەوە ئەگەر نا ئەوە خێڵەکەی ماڵە باوانی بەشی ئەم کچەیان لە میراتەکە لەدەست دەچوو، ئەمەش هیچ مانایەك نابەخشێ تەنها مەگەر وەها دابنێین کە ژنان دەبوایە مێرد بە ئەندامێکی دەرەوەی خێڵەکەی خۆیان بکەن.

5. خێڵ لە زەوییێکدا هاوبەشبوون. لەسەردەمە سەرەتاییەکاندا لەو کاتەوەی کە هۆزەکان دەستیان بە دابەش کردنی زەوی کرد ئەمە بەردەوام هەر هەبوو. جا لە نێو هۆزە لاتینییەکاندا دەبینین کە زەوی بەشێکی هی هۆزە وبەشێکی هی خێڵە وبەشەکەی دیکەی سەر بە ئابوری ماڵانە کە هەرگیز لەو کاتەدا بریتی نەبوون لە چەند خێزانێکی یەکلانە. یەکەمین دابەشکردنی زەوی لە نێوان تاکوتەرای خەڵکیدا خراوەتە پاڵ رۆمۆلۆس کە نزیکەی هیکتارێکی، کە دەکا دوو(یوگێرا jugea)، بە هەر یەکێك داوە. بەڵام تەنانەت پاش ئەمیش زەوییێکی زۆر لەدەست خێڵەکاندا بەدی دەکەین جگە لە زەوییەکانی دەوڵەت کە تێکڕای مێژووی ناوخۆی کۆمارەکەی لە دەوردا دەخولێتەوە.

6. ئەرکی یارمەتی وداکۆکی کردن، مێژووی نووسراو لە شکستی ئەم نەریتە زیاتر چی ترمان بۆ دەرناخا، چونکە دەوڵەتی رۆمانی یەك بینە وەکو هێزێکی باڵادەست هاتە ئاراوە، بەجۆرێك کە مافی پارێزگاری کردنی خەڵکی وەئەستۆخرا. کاتێ کە ئەبیوس کلودیس دەستگیرکرا، هەموو ئەندامانی خێڵەکەی جل وبەرگی تازێمانەیان پۆشی، تەنانەت دوژمنەکانیشی(118). هەروەها لە سەروبەندەنی شەڕی دووەمی پونیکیدا(119) هەموو خێڵەکان، لەپای تۆڵە سەندنەوەی ئەندامە دیلەکانیاندا یەکیان گرت، بەڵام (سینییەکان) (ئەنجومەنی ردێن سپییەکان) بەری ئەوەیان **لیگرتن** کە بەو کارە هەڵسن .

7. مافی ئەوەیان هەبوو کە ناوی خێڵەکە لە خۆ بنێن. ئەم مافەش تاکو سەردەمی ئیمبراتۆرییەت مایەوە، رێگاش لە بەردەم کۆیلە ئازادەکراوەکان ئاوەڵا کرا بۆ ئەوەی ناوی پێشووی گەورەکانیان هەڵگرن بەڵام بەبێ ئەوەی مافی ئەندامەتی ئەو خێڵەیان بدرێتێ .

8. مافی بێگانە وەرگرتن لە نێو خێڵەکەدا، ئەمەش بەوە دەکرا، (مانەندی هیندە سوور پێستەکان)، کە یەکێك لە خێزانەکان ئەو بێگانەیەیان بگرتبایە خۆوە، لەپاش ئەمە لەنێو خێڵەکەدا وەردەگیرا.

9. هیچ قسەو باسێك لە مافی هەڵبژاردن و وەلاوەنانی سەرکردەکان نەکراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە یەکەمین قۆناغی مێژووی رۆمادا هەموو فرمانەکان تەنانەت فرمانی (شا) ش، یا بە هەلبژاردن یا بە دامەزراندن پڕ دەکرایەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی پێشبینەکانی (کوریا)ش لەلایەن (کوریا)وە هەڵدەبژێردران، بۆیە دەتوانین هەمان شێوە لە بارەی سەرۆك (principes) خێڵەکانەوە دابنیێن تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنیان وەکو بنەمایێك لەنێو هەمان خێزان لە خێڵەکەدا خۆی سەپاندبێت.

ئەمانە بوون کاروباری خێڵی رۆمانی، تەنها گوێزانەوەی بێ کەموکوڕیی بۆ باوکسالاریی لێ بترازێ، بەتەواوەتی وێك دەچن لەگەڵ ئەرك و مافەکانی خێڵی ئیروکواییدا ئا ئەلێرەشدا (ئیروکوا بە ڕوونی دەردەکەوێ)(120).

تەنها نموونەیێك باس دەکەین بۆ ئەوەی دەری بخەین چ بشێوێنییەك هەیە لە مەسەلەی دامەزراوی خێڵایەتی رۆمانی ئێستاشی لەگەڵ دابێ تەنانەت لە نێو ناودارترین مێژوو نووسماندا. لە کتێبەکەی مومزندا کە لە بارەی، ناوە رۆمانییە ڕاگەێندراوەکانی رۆژگاری کۆماری ولە سەردەمی ئۆگستۆسدا، دەدوێ (لێکۆڵینەوە لە مێژووی رۆما)، بەرلین، 1864 ، بەرگی یەکەم (121)، دەڵێ:

﴿وێڕای هەموو ئەندامە نێرینەکانی خێڵ، لەوانەش کە خێڵ گرتوونیە خۆیەوە وپەناهەندەکانیش، تەنها کۆیلەکانیان لێ بترازێ، ناوی خێڵەکە بە ژنانیشەوە دەنرا...خێڵ الێرەدا مومزن بە وشەی "gens جنس" وەریدەگێڕێ) بریتییە لە ... کۆمەڵەیەك کە لەسەر بناغەی سەرچاوەیەکی هاوبەش -ڕاستەقینەبێ یا شیمانە- یاخود تەنانەت پێوەی لکێنرابێت، هەڵدەتۆقێ، بەشداریکردنیان لە ئاهەنگ وگۆڕستاندا، پێکەوەیان دەبەستێتەوە، کۆمەڵەیێك کە دەبێت ودەشێ خودی هەموو ئەندامە ئازادەکانیان بچنە پاڵ، کەواتە ژنانیشیان لەگەڵدا بێ. بەڵام ئەوەی کە کارەکە ئاڵۆزدەکا، بریتییە لە دەست نیشان کردنی ناوی ئەو هۆزانەی کە، ژن دەهێنن. ئەم ئاڵۆزییەش گومانی تێدا نییە کە لە ئارادا نەدەبوو ئەگەر ژنان تەنها لە نێو خێڵەکانی خۆیاندا مێردیان کردبا، هەروەها، ئاشکرایە کە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، گرفتێکی گەورەبوو بۆ ژنان لە دەرەوەی خێڵەکانیاندا شوویان کردبا وەك لەوەی لە نێویدا بیانکردبا، چونکە مافی شووکردن لە دەرەوەی خێڵدا gentis enuptio تاکو سەدەی شازدەهەمیش هێشتا هەر وەکو ودمێکی کەسێتی بەپاداشت دەبەخشرا ـ بەڵام لەسەردەمە کۆنەکاندا کاتێ کە ژن لەدەرەوەی هۆزەکە دەهێنرا دەبوایە ژنان بگوێزرێنەوە بۆ هۆزی مێردەکانیان. گومان لەوەشدا نییە کە ژنان بە پێوەدانێکی، دێرینی ئاینی، ژنومێردایەتی بەتەواوەتی ئاوێتەی یاساو ئاینی مێردەکەی دەبوو ولە کۆمەڵەکەی پێشووی خۆی دەردەچوو. کێ هەیە نەزانێ کە ئافرەتی بەشوو بەرامبەر بە ئەندامانی خێڵەکەی هەموو مافێکی میرات گیریی لەدەست نەدابوو و بەرامبەر بەوەش ئاوێتەی پەیوەندییەك دەبوو تێدا مافی هاوبەشیی لە میراتگرتندا دەست دەکەوت کە مێردەکەی ومناڵەکانی وبەگشتی هەموو ئەندامانی خێڵەکەی دەگرتەوە؟ جا ئەگەر مێردەکەی کە دیگرتە خۆیەوە ودەیهێنایە نێو خێزانەکەی، چۆن لە خێڵی مێردەکەی بێگانە دەبێت؟﴾(ل8-ل11)

بەم پێیە مومزن دەڵێ ئەو ئافرەتە رۆمانییانەی کە سەر بە خێڵێکن لە سەرەتادا لە نێو خێڵەکانی خۆیاندا نەبێ، نەدەبوو شوویکەن، هەروەها خێڵە رۆمانییەکان لەوانە بوون کە لە دەرەوە ژنیان دەهێنا نەك لە ناوەوە. ئەم بۆچوونە کە بەتەواوەتی نەسازە لەگەڵ هەموو زانیارییێکمان لە بارەی میللەتانی دیکەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەگەر بە تەواوەتی نەبێ، تەنها بەندە بە یەك پەریگرافێکەوە کە لەکن تیتس لیڤیوسدا هەیە و چەندین بێنەوبەردە و پیلەکەی ووروژاند ﴿کتێبی 39، بەشی 19 (122)﴾، تییێدا دەڵێ ئەنجومەنی ردێن سپییەکان لە ساڵی 568 ی دامەزراندنی رۆمادا واتە لە ساڵی 186( پ.ز) بڕیاری دا:

‹‹Uti Feceniae Hispalae dotia‹ deminutio‹ gentis enuptio‹ tutoris optio item esset quasi ei vir testamento dedisset‹ utique ei ingenuo nubere liceret ‹ neu quid ei qui eam duxisset‹ ob id fraudi ignominiaeve esset ‹‹

**ڤیسینیا هیسپالا مافی ئەوەی هەیە هەڵس وکەوت بە موڵك وماڵەکەی بکات ولێشی خەرج بکات ولە دەرەوەی خێڵەکەیدا شوو بکات و هەروەها کەسێکی بۆ هەڵبژێریٚ بۆی هەڵسورێنیٚ، هەر وەك ئەوەی کە مێردەکەی (کە مردووە) ئەم مافەی پیٚ بەخشیی بیٚ هەروەها ڕێگای ئەوەی پیٚ بدریٚ مێرد بە هاوڵاتیەکی ئازاد بکات بەبیٚ ئەوەی ئەو مێردە بەوە تاوانبار بکریٚ کە کارێکی نەنگی کردووە وکاڵفامە).**

**کەواتە هیچ دوو دڵییەك لەوەدا نەماوە کە لێرەدا ماف بە ڤیسینیای بێوەژن دەدەن لە دەرەوەی خێڵەکەی‌دا مێرد بکات. گومان لەوەشدا نییە لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە مێرد مافی ئەوەی هەبوو پاش مردنی خۆی بەڕاسپاردن مافی مێرد کردن لە دەرەوەی ئەو خێڵە بە ژنەکەی ببەخشیٚ. بەڵام لەدەرەوەی کام خێڵ ؟**

**وەك مومزن بۆی دەچیٚ دەبوایە ژنان لە نێو خێڵەکانیاندا شوو بکەن، کەواتە دەبوایە لە پاش شووکردنیش هەر لەنێو ئەو خێڵەدا مابانەوە. بەڵام سەلماندی، کە قسەیێکی وەها لەبارەی لە ناوخۆ شووکردندا، یەکەم، پێویستی بە بەڵگە هەیە کە ئایا ڕاستە یان نەء، دووەم، ئەگەر ژنان لەنێو خێڵەکانی خۆیاندا شوو بکەن دەبوایە پیاوانیش هەر ئاوا ژن بهێنن، ئەگینا ژنان چنگ نەدەکەوتن، جا ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ کە مێرد مافێك بە ژنەکەی دەسپێریٚ کە لەدەستی خۆی‌دا نییە وناشتوانیٚ لە بەرژەوەندی خۆێدا کەڵکی لیٚ وەربگریٚ، ئەمەش لە ڕووی یاساوە مەحاڵە. مومزنیش بەخۆی هەست بەمە دەکا، هەر بۆیە ئەم گریمانە دەهێنێتەوە:**

**﴿بۆ ئەوەی لە دەرەوەی خێڵەکەدا پەیوەندی ژنومێردایەتی بە شێوەیەکی یاسایی پێکبێت، بێگومان دەبوایە نەك هەر ڕەزامەندی خاوەن دەسەڵات وەربگیریٚ بەڵکو هەروەها ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی خێڵەکەش﴾ (لاپەرە10، تێبینییەکە).**

**یەکەم، ئەم گریمانەیە زۆر بوێرە، دووەم نەسازە لەگەڵ ئەو دەقە ئاشکرایەی کە لە پەرگرافەکەی پێشوودا باسکراوە، چونکە ئەنجومەنی ردێن سپییەکان لەبری مێرد ئەو مافە بە ژنان دەبەخشن، کە بەڕاشکاوی نە کەمترە ونە زیاترە لەوەندەی کە مێردەکەی بۆی دەکریٚ، بەڵام ئەو بەخشندەیەش مافێکی ڕەهایە وهیچ کۆت ومەرجێك بەری لیٚ ناگریٚ. بەم پێیە ئەگەر ئەم مافە کاری پێکرا ئەوە مێردە تازەکەش هیچ زیانێکی پیٚ ناگات، بەڵکو ئەنجومەنی ردێن سپێیەکان داوا لە کونسوڵ وپریتۆرەکانی ئێستا و ئایندە دەکەن کە چاویان لە ژنەکە بیٚ نەك تووشی زەرەرو زیانێك بێت. بەم شێوەیە گریمانەکەی موزمن هەرگیز نابەجیٚیە.**

**یاخود با بڵێن ئافرەتەکە مێردی بە پیاوێك کرد کە سەر بە خێڵێکی دیکە بیٚ بەڵام ژنەکەش هەر لە خێڵەکەی خۆیدا مایەوە. لەم کاتەدا بەپێی ئەو دەقەی کە لەوەپێش باسکراوە، مێردەکە مافی ئەوەی هەبوو ڕێگا بە ژنەکەی بدا لە دەرەوەی خێڵەکەیدا شوو بکات، ئەمەش ئەوە دەگەێنیٚ کە پیاوەکە مافی ئەوەی هەبوو هەڵسوکەوت بەکاروباری خێڵێك بکات کە هەرگیز پەیوەندیەکی لەگەڵدا نییە، ئەمەش بڕوێش کردنە و شایستەی ئەوە نییە زیاتری بەتاندا بڕوێن.**

**کەواتە تەنها ئەوە دەمێنیٚ کە وەها دابنییێن ژنەکە بۆ یەکەمین جار مێردی بە پیاوێکی سەر بەخێڵێکی دیکە کرد وبەهۆی ئەم شووکردنەش یەکسەر چووە نێو خێڵی مێردەکەیەوە، وەك مومزنیش لەم حاڵەتانەدا ئەوە دەسەلمێنیٚ. جا لێرەدا هەموو ئەو پەیوەندییە بەرابەریانە دەردەکەون. چونکە ئەو ژنەی کە بەهۆی شووکردنەوە لە خێڵە کۆنەکەدا دابڕا ولە خێڵێکی دیکەدا وەرگیرا ئەویش هی مێردەکەیێەتی ئا ئەلێرەدا بارو دۆخێکی بەتەواوەتی جیاواز داگیر دەکا، چونکە دەبێتە ئەندامێکی ڕاستەقینە لەو خێڵەدا، بەڵام خزمە خوێنی نییە،**

سیمای وەرگرتنی لەم خێڵەدا، خێڵی مێردەکەی کە بە شووکردن چووەتە نێوی، پێشەکی هەموو بەربەستێکی لەبەردەمدا ڕادەماڵی، بۆ ئەوەی هەر لە نێوی‌دا شوو بکاتەوە. وێڕای ئەوەش ئەو ژنە لە پەیوەندییەکانی ئەو خێڵەدا جێگای دەبێتەوە کە مافە گشتییەکانی میراتگریشی هەیە، بۆیە کاتێ کە مێردەکەی دەمرێ هەموو میراتەکەی بۆ بەجێ دەهێڵێ، واتە دەبێتە میراتگری یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێڵە، جا لەو بنەمایە ئاسایی تر هەیە، لە پێناو هێشتنەوەی ئەو موڵکە لەناو خێڵەکەی خۆیدا، کە وەها لەژنەکە بکات مێرد بەئەندامێکی خێڵی مێردی یەکەمی بکات، نەك بە پیاوێك لە خێڵێکی دیکەدا ؟ بەڵام ئەگەر کارێکی لە ئاسابەدەر لە گۆڕێ دابێ ئەوە دەبێت کام کەسێك بێ لە مێردی یەکەمی بەولاوە کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وئەم مافە بە ژنەکە بسپێرێ وبتوانێ سامانەکەی بە ڕاسپاردن بۆ بەجێ بهێڵێ ؟ جا کاتێ مێردەکەی بەشێك لەم موڵکوماڵەی بە ڕاسپاردە بۆ بەجێ دەهێڵێ لەهەمان کاتیشدا ڕێگای پێ دەدا ئەم بەشە میراتە بۆ خێڵێکی غەوارە بەڕێگای یا لە ئەنجامی شووکردنی ژنەکە بگوێزێتەوە، چونکە کابرا هێشتا هەر خاوەن ماڵەکەیە، کەواتە ئەم لە ڕاستیدا، تەنها ئەمدەست وئەودەست بە موڵکی خۆیەوە دەکا. بەڵام لە بارەی خودی ژنەکە و پەیوەندی بە خێڵی مێردەکەیەوە، ئەو مێردەی کە بەویست وئارەزووی خۆی هێناوییەتیە نێو خێڵەکەوە. جا لەپای ئەمەش زۆر ئاساییە ئەم پیاوە تەنها کەسێ بێ بتوانێ مافی چوونە دەرەوەی لەو خێڵەدا بە ڕێگای دووبارە مێردکردنەوەی ژنەکەی بە ژنەکە ببەخشێ، بە کورتی، ئەم کێشەیە زۆر سادەو ئاسایی دێتە بەرچاو ئەگەر ئەو بیرو بۆچوونە نامۆیە وەلاوە بنێین کە دەڵێ خێڵەکان، لە بنەڕەتدا لە دەرەوە ژنیان دەهێنا.

بۆچوونێکی دیکە ماوە کە دوا بۆچوونە و لایەنگرێکی زۆری لەپاڵ دایە، ئەویش بەو پەرگرافەی تیتس لیڤیوسەوە ئاوێزانە کە تەنها ئەمەی خوارەوەی مەبەستە:

(( کارەکەرە ئازادکراوەکان (Libertae) بەبێ ئەوەی ڕێگایان پێ بدرێ بۆیان نییە (e gente enubere) لە دەرەوەی خێڵەکانیاندا مێرد بکەن، یاخود هەرچ کارێکی وەها بکەن کە (Capitis deminutio minima) (31پ) لە دوو توێدا بێ وببێتە هۆی دەرچوونی Liberta لە کۆمەڵەی خێڵەکەدا )) ( لانگە (سەردەمە دێرینەکانی ڕۆمانی)، برلین، 1856، بەرگی یەکەم ، ل 195 لە بارەی پەریگرافەکەی تیتس لیڤیوس کە لەمەوبەر باسمان کرد هووشکە (123) بە بەڵگە دەهێنێتەوە) .

ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەوە ئەم پەریگرافە هەرگیز لەبارەی بارو دۆخی ژنە ڕۆمانییە ئازادەکانەوە شتێك ناسەلمێنێ، کەواتە هەمیشە قسە لە ئەرکی شووکردنی ئەم ژنانە لە ناوەوەی خێڵەکەدا، ناکرێ.

دەستەواژەی enuptio gentis تەنها لەم پەریگرافەدا هاتووە، لەوە بەولاوە لەسەرپاکی ئەدەبی ڕۆمانی‌دا دەرناکەوێ، هەروەها وشەی enubere واتە لە دەرەوە ژن ومێردایەتی کردن، تەنها سێ جار ناوی دێ، لە لای (لیڤیوس)یش ناوی هاتووە بەڵام نەك لەبارەی خێڵەوە. سەرهەڵدانی ئەو بۆشە خەیاڵەی کە دەڵێ ئافرەتە ڕۆمانییەکان دەبوایە هەر لەنێو خێڵەکەدا مێرد بکەن تەنیا قەرزداری ئەم پەرگرافەیە لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە ڕەخنە هەرگیز خۆی ناگرێ، جا یان ئەوەتا ئەم پەریگرافە بەندە بەو کۆت وزنجیرانەی کە بەسەر بێوەژنەکاندا سەپێندرابوون لەم حاڵەتەشدا هیچ شتێك دەرهەق بە ژنە ئازادەکان ingenuae ناسەلمێنێ، یاخود ئازادەکانیش دەگرێتەوە لەم حاڵەتەشدا ئەوە دەسەلمێنێ کە بەگشتی ژنان لە دەرەوەی خێڵەکانیان شوویان دەکرد بەڵام بەهۆی ئەم شووکردنەوە دەچوونە نێو خێڵی مێردەکانیانەوە، کەواتە ئەمەش بەڵگەیەکە دژی مومزن وتای مۆرگانە.

سێ سەد ساڵ پاش دامەزراندنی ڕۆما، پەیوەندییەکانی خێڵایەتی هێشتا بەڕادەیێك بەهێز بوون کە یەکێك لە خێڵە چاکەکان، ئەویش ڤایبۆسە، بەرەزامەندی ئەنجومەنی ردێن سپییەکان توانی بەهێزی تایبەتی

خۆیەوە هێرش بەرێتە سەر شاری (فییە)ی دراوسێی. هەروەها دەڵێن کە 306 کەس لە ڤابیۆس لەم هێرشەدا بەشدار بوون ولە بۆسەیەکدا هەموویان تیا چوون تەنها کوڕێکی بچووکیان لێ مایەوە ئەویش درێژەی بە ژیانی خێڵەکەدا.

وەك لە پێشدا گوتمان دە خێڵ فراترییێکیان پێك دەهێنا، لێرەدا بە فراترییان دەگوت (کوریا)، دەسەڵاتی گشتی زۆر گرینگتری لە هی گریکەکان لە دەست دابوو. هەر کوریا–یکیش بیرو ڕاو بۆچوونی ئایینی سەربەخۆ وپێشبینی خۆیان هەبوون. ئەم پێشبینانەش بەگشتی دەزگای پێشبینەکانی ڕۆمانییان پێك دەهێنا. هەر دە کوریا هۆزێکیان پێك دەهێنا، هۆزیش مانەندی هۆزە لاتینیەکانی دیکە، لەسەرەتادا سەرکردەیەکی هەڵبژاردەی هەبوو ئەویش هەر خۆی سوپا سالار و پێشبینی باڵا بوو. ئەو سێ هۆزەش بە تێکڕایی، گەلی ڕۆمانییان پێك دەهێنا Populus Romanus.

کەواتە هیچ کەسێك لە ڕیزی گەلی ڕۆمانی نەدەبوو ئەگەر لە خێڵێکدا ئەندام نەبوایە، هەر لەو ڕێگایەشەوە لە کوریا ولە هۆزدا ئەندام بوو. دامەزراوە سەرەتاییەکانی فەرمانڕەوایەتی لەکن ئەم گەلەدا بەم جۆرەی خوارەوە بوو: کاروباری گشتی، لەلایەن سیناتەکان–ەو (Senat) (ئەنجومەنی ردێن سپییەکان) بەڕێوە دەچوو، ئەنجومەنی ردێن سپییکان، وەك نیبۆر بۆ یەکەمین جار بەڕاستی، سەرنجی دایێ، لە ردێن سپییەکانی 300 خێڵ پێکدەهات(124) تەنها لەبەر ئەم هۆیەش، سەبارەت بەوەی ردێن سپی خێڵەکانیانن، بابەیان patres ، پێ دەگوتن، کۆی ئەمانەش پێی دەگوترا سینات (ئەنجومەنی پیرەکان، لە–Senex––ەوە هاتووە، واتە پیر). هەلبژاردنی ردێن سپییەکانیش، هەمیشە، لە هەمان خێزان، بوو بە نەریتێك وپەیڕەو دەکرا، ئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی یەکەمین ئەریستوکراتێتی خێڵەگەری. ئەم خێزانانەش خۆیان بە پاتریز ناونابوو، (واتە خێزانە خانەدانەکان) ئەمانەش سەرئەنجام مافی ئەوەیان بەخۆیان دابوو بچنە ڕیزی ئەنجومەنی ڕدێن سپییان وهەموو پلەوپایە گشتییەکانی تر. ئەو ڕاستییەی کە دەڵێ، گەل، لەگەڵ ڕۆژگاردا ملی بەم ماف بەخۆدانەی ئەو خێزانانە داوە، لەو داستانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەڵێ رومولۆس ئەو مافەی بەڕدێن سپی و دوای ئەوانیش بە پاتریزەکان بەخشیوە. ئەنجومەنی ردێن سپییەکان مانەندی (bulê)ی ئەسینی، دوابڕیاریان، لەسەر زۆربەی کێشەوبێشەکان، لە دەست دابوو هەروەها مافی لێکۆڵینەوەیان لە کێشە گرینگەکان پێش ئەوانی دیکە، بەتایبەتی یاسا تازەکان، هەبووە. ئەم یاسایانەش کۆمیتەی میللی دوا بڕیاری لەسەر دەدان کە پێیان دەگوتن Comitia Curiata (کۆمیتەی کورییەکان). گەل پێکەوە، بەپێی کوریی گرمۆڵە دەبوون، لەهەر کۆڕێکیشدا، لانی زۆر، بەپێی خێڵ، لەدوا بڕیارەکانیشدا هەر سی کورییەکان یەك دەنگیان هەبوو. کۆمیتەی کورییەکان یاساکانی دەچەسپاند و ڕەتی دەکردنەوە وخاوەن باڵاترین پلەو پایەکانیان بە هەلبژاردن دادەمەزراندن لەوانەش ﴿(rex ڕێکس) بەناوە پادشا﴾، هەروەها جاڕی شەڕ دەدرا، (بەڵام ئەنجومەنی ڕدێن سپییەکان قەواڵەی ئاشتیان دەبەست) هەروەها وەکو دەزگایەکی باڵای دادگایی دوا بڕیاری یەکالاکەرەوەی لەدەست دابوو، کاتێ کە کێشەکە پەیوەندی بە سزای کوشتنی هاوڵاتیەکی ڕۆمانیدا هەبوو. سەرئەنجام شانبەشانی ئەنجومەنی ردێن سپی وکۆمیتەی میللی، ڕێکس rex هاتە ئاراوە، کە بەتەواوەتی پێکدەچن لەگەڵ basileus باسیلیوسی گریکی، بەڵام هەرگیز وەکو پاشایەکی ڕەها نەبووە، وەك مومزن(125) دایڕشتبوو(32پ). ڕێکس (Rex) سوپاسالار وپێشبینی باڵا بوو، هەروها سەرۆکایەتی هەندێك دادگایی دەگرد. بەڵام کاروباری سیڤیلی و ژیان و ئازادی و موڵکوماڵی هاوڵاتییان، هەرگیز لە دەسەڵاتی ئەودا نەبوو، تەنها مەگەر لە ئاکامی ئەو دەسەڵاتە دسپلینەی کە لەچنگ سوپاسالار دابوو یاخود لە ئاکامی ڕاپەڕاندنی فەرمایشتەکاندا، سەبارەت بەوەی کە سەرۆك دادگایە، پلەوپایەی (ریکس) بە میرات نەدەگیرایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە. لەسەرەتادا بە زۆری لەسەر داوای ڕێکسی

پێشوو له لایەن کۆمیتەی کورییەکانەوه هەڵدەبژێردرا وپاشان بە ئاهەنگ گێڕان لە دووەم کۆبوونەوەی کورییەکاندا لەسەر ئەو فرمانە دایان دەمزراند، بۆشی هەبوو وەلای بنێن بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەو چارەنووسە بوو کە تریکوینوسی لە خۆبایی بوو پێی گەیشت.

ڕۆمانییەکان لە سەردەمی ئەوانەی کە پێیان دەگوتن (پادشاکان)، مانەندی گریکەکانی سەردەمی پاڵەوانێتی، کە لەسەر زەمینەی، خێڵ و فراتری هۆز بنیات نرابوون و لێیانەوه دیموکراسییەتێکی سوپایی سەری هەڵدا. ئەگەرچی کورییەکان بەڕادەیەکی کەم بە داتاشین پێکهێنرابوون بەڵام بەپێی بابەتی راستەقینە و سروشتی ئەو کۆمەڵگایە ڕێکخرابوون کە لێیەوە سەری هەڵدا بوو وهێشتا لە هەموو لایەکەوە دەورەی دابوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئەریستوکراتییە باتریسییەکان، کە بە خۆڕسك پەرەیان ئەستاندبوو وئەوسا زەمینەیەکی بتەویان لەژێر پێدا بوو، جگە لەوەی کە ڕێکسەکان لە تەلاشی ئەوەدا بوون دەسەڵاتیان فراوانتر بێت، بەڵام هەموو ئەمانە سیمای بنەڕەتی سەرەتایی ئەودامەزراوە ناگۆڕن، ئێمەش ئەوەمان مەبەستە.
لەم سەروبەندەنەشدا، دانیشتوانی شاری ڕۆما و ناوچە ڕۆمانییەکان کە بەهۆی داگیرکردنەوه بەر فراوانتر دەبوون و بەڕادەیەکی کەم بەهۆی هاتنی ئاوارەکان و بەڕادەیەکی دیکەش بەهۆی دانیشتوانی ناوچە بەر ئاوەڵاکان کە بە زۆری لاتینەکان بوون و ژمارەیان ڕوو لە زیاد بوو. ئەم هەموو هاوڵاتییە نوێیانە (ئێمە لێرەدا باس لە مەسەلەی clients دەخەینە لاوە)(33پ) لە دەرەوەی خێڵەکان وکورییەکان وهۆزە کۆنەکاندا بوون، لەبەر ئەمەش لە خودی(populus romanus گەلی ڕۆمانی)دا دابڕابوون. ئەمانە کەسانێکی ئازاد بوون و بەمەبەستی خاوەندارییەتی بۆیان هەبوو زەوییان هەبێت ودەبوایە باج بدەن وخزمەتی سەربازی بکەن، بەڵام بۆیان نەبوو هیچ فرمانێك بگرنەوه وبۆشیان نەبوو لە کۆبوونەوەی کورییەکاندا بەشداری بکەن و لەو زەوییانەی کە دەوڵەت داگیری دەکردن بەشیان هەبێت. ئەمانە چینی (plebs پلێبس) واتە (ڕەشۆك)یان پێك دەهێنا کە لە هەموو مافە سیاسییەکاندا بێ بەش بوون. جا بەهۆی ژمارەی هەردەم ڕوو لە زۆر بوونیان و مەشق کردنی سەربازی وچەکدارییان، بوونە هێزێکی ترسناك لە ڕووی (populus گەل)ە کۆنەکەدا و ڕووبەڕووی هەموو گەشەکردنێکی گەل، بۆوە، کە لەڕووی دەرەوەوە داخرابوو. سەرباری ئەوانەش زەوییەکان تا ڕادەیەك بە یەکسانی لەنێوان گەل و ڕەشۆك-دا دابەش دەکران، بەڵام سامانی بازرگانی وپیشەسازی کە هێشتا بە چاکی پەرەی نەسەندبوو، زیاتر، لە چنگی ڕەشۆکەکاندا بوو.

بەهۆی چڕیئەو تاریکییەی کە مێژووی ئەفسانەیی سەرەتایی ڕۆمای حەشارداوه. هەوڵ وتەقەلای زانایانی دواکەوتووی یاسا، کە نووسراوەکانیان چاوگی ئێمە پێك دەهێنن ئەم تاریکییەی چڕتر کرد، تەقەلایان بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو بە ڕێبازێکی پراگماتی، جگە لەو باس وخواسانەی کە بەهەمان شێوە پێشکەشیان کرد. مەحاڵە بتوانین بە وردی شتێك لە بارەی کات و ڕەوت و بارودۆخی بەرپابوونی ئەو شۆرشە بڵێین کە دووایی، بە دامەزراوە کۆنەکانی خێڵ، هێنا. بەڵام دەتوانین جەختی ئەوە بکەین کە بەهۆی شەڕی نێوان ( plebs ڕەشۆك ) و ( populus گەل ) دا بەرپا بووه.

بەپێی پەیڕەوی نوێی بەرێوەبردن کە بۆ ڕێکس سرڤیوس تولیوس، گێڕدراوەتەوه، وبە بابەتی گریکی هەڵپەسێرراوە بەتایبەتی بە سۆلۆنەوه، کۆمەڵەیەکی میللی نوێ دامەزرێنرا کە گەل و ڕەشۆکەکان بەبێ هیچ جیاوازیێك بەشدارییان لەدانان و لابردنی ئەندامەکانیدا دەکرد، بەپێی ڕاپەڕاندنی ئەرکە سەربازییەکان. هەموو ئەو پیاوانەی کە دەبوایە خزمەتی سەربازی بکەن بەسەر شەش چیندا بەپێی موڵکەکانیان دابەشکرابوون. ڕادەی نزمی موڵکدارییەتی لە هەر پێنج چینی یەکەمدا : 100000 ئاس بوو بۆ چینی یەکەم، 75000 ئاس بۆ دووەمین، 50000 ئاس بۆ سێهەمین، 25000 ئاس بۆ چوارەمین، 11000 ئاس بۆ پێنجەمین، بەپێی (دوورو

دی لامال Dureau de la Malle)، بەڕێزەوە نزیکەی 140000، 10500، 7000، 3600، 1570 مارك دەبن(126). بەڵام چینی شەشەم واتە برۆلیتاریا، لەو کەسانە پێك دەهاتن کە خاوەن موڵکێکی کەم بوون ولە خزمەتی سەربازی وباج لییان خۆش ببوون. لە کۆمەڵە میللیی‌یە تازەکاندا، واتە سنتورییەکان Centuries ( Comitia centuriata )، هاولاَتییەکان بە شێوازێکی سەربازی ڕیزدەکران، تیب، تیب، ئەگەر بلویَ بڵێن، سنتوری سنتوری هەر سنتورێك لە 100 کەس پێك دەهات، ئەوەشمان لەبیر نەچیَ کە هەر سنتورێك یەك دەنگی هەبوو. جا بە مەبەستی خۆنواندن، چینی یەکەم 80 سنتوری ڕیز دەکرد و دووەم 22، سێهەم 20، چوارەم 22، پێنجەم 30، وشەشەم تەنها یەك سنتوری ڕیز دەکرد. وێڕای ئەوەش سوارەکان لەنێو دەوڵەمەندترین هاولاَتیاندا دەکران بە سەرباز و18 سنتوریان پێك دەهێنا. کەواتە بە تێکڕایی 193 سنتوری هەبوون وبۆ وەدەست هێنانی زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکان دەبوایە 97 دەنگ بەدەست بیَ. هەموو سوارەکان لەگەڵ چینی یەکەمیندا 98 دەنگیان پێك دەهێنا واتە زۆربەی دەنگەکان ئەگەر کۆك بوونایە، لەم حاڵەتەشدا بەتەواوەتی چاو لە ڕاوێژ کردنی ئەوانی دیکە دەپۆشرا و دوابڕیار بەبیَ ئەوان وەردەگیرا.

هەموو ئەو مافە سیاسییانەی کە لە چنگ کۆمەڵە کورییەکان بوون، ئێستا گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵەی سنتورییە نوێیەکان (تەنها چەند مافێکی ناسەرەکی نەبیَ)، کەواتە کورییەکان وئەو هۆزانەی پێکیان دەینان، وەکو چۆن لە ئەسینادا رووی‌دا، بەرەو دوواوە چوون و بۆ ڕیزی چەند کۆمەڵێکی ئایینی وتایبەتی دابەزین وبۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەم نزمییە مانەوە، دوا جار پاش کورتماوەیەك هەموو کۆمەڵە کۆرییەکان بۆ هەمیشە چاویان لێکنا. لەپێناو وەلانانی هەرسیَ هۆزە کۆنەکان، چوار هەرێمە هۆزیان دەوڵەتدا دامەزراند، هەر یەکەیان لە گەرەکێکی سەربەخۆی شاردا نیشتەجیَ ببوون وچەند مافێکی سیاسیان دەقەبەرکرا.

بەم شێوەیە لە رۆماشدا، تەنانەت پێش لەناوچوونی ئەوەی پێیان دەگوت پادشایەتی، هەموو دامەزراوە کۆمەلاَیەتییە کۆنەکان کە لەسەر پەیوەندیی کەسێتی خزمەخوێن بنچی داکوتابوو، تێك شکێندران و لەبری ئەوە ناوچەگەریی و جیاوازی سەروەتوسامان دروستکرا و دامەزراوی ڕاستەقینەی دەوڵەت جێگای گرتەوە. ئا ئەلێرەدا دەسەلاَتی گشتی کەوتە دەستی ئەو هاولاَتیانەی کە دەبوایە خزمەتی سەربازی بەجیَ بگەێنن، ئەو هێزو دەسەلاَتەش نەك هەر دژ بە کۆیلەکان بەکاردەهات، بەڵکو هەروەها دژ بەو کەسانەی کە پرۆلیتارییان پیَ دەگوتن، ئەوانەی کە لە خزمەتی سەربازی دوور خرابوونەوەو لە چەك بیَ بەش کرابوون.

لە سنووری ئەم دامەزراوە نوێیەدا، تەنها پاش دەرکردنی ڕێکس ترکوینۆسی ملهوڕ، کە دەسەلاَتێکی شاهانەی ڕاستەقینەی هەبوو، هەروەها، پاش ئەوەی دوو سوپاسالار (دوو کونسوڵ Konsul) خرانە جێگای (ڕێکس rex) کە هەمان دەسەلاَتیان لەدەست دابوو (مانەندی ئەوانی کن ئیروکوا) بەلاَم پێشکەوتووتربوون. لە کەوشەنی ئەم دامەزراوەدا مێژووی سەرپاکی کۆماری رۆمانی بەڕێوەچوو: ناکۆکییەکانی نێوان ڕەشۆك وخەڵکە تایبەتییەکە لە پێناو داگیر کردنی فرمانە گشتییەکاندا ولە پێناو بەکار هێنانی زەوییەکانی دەوڵەتدا، ئەریستوکراتییە باترییسییەکان بۆ یەکجاری لەنێو چینە تازەکاندا تیاچوون وتوانەوە، ئەو چینەی کە لە گەورە پیاوانی خاوەن زەوی ودارا پێك هاتبوون، ئەوانەی کە پلەبەپلە زەوی وزاری هەموو جوتیارانیان هەڵلووشی، کە بەهۆی سەربازییەوە نابوودکران، هەروەها ئەوانەی بە هۆی کۆیلەکانەوە ئەو زەوییە پان وبەرینانەیان دەکێڵاَ کە هەر بەو شێوەیە چنگیان دەکەوت، ئیتالیا-یان لە دانیشتوان بەتاڵکرد، بەمەش نەك هەر ڕێگایان لەبەر دەم ئیمبراتۆرییەت بەڵکو لەبەر دەم ئەوانەی پاش خۆشیان، کە ئەڵمانیە بەربەرە کان بوون خۆش کرد.

7

# خێڵ لەلای کەلت و ئەڵمانەکان-دا

کەوشەنی ئەم تۆژینەوەیە ڕێگای ئەوەمان لێدەگرێ بە درێژایی لە دەزگاکانی خێڵایەتی بکۆڵینەوە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بە ڕوونییەکی جیا جیا، لەکن گەلە دڕندە و بەربەرەکاندا هەر لە ئارادایە، یاخود لە شوێنەواری ئەم دەزگایانە لە مێژووی گەلە شارستانەکانی ئاسیای کۆندا. جا ئەمەیان و ئەوەشیان لە هەموو جێگایەکدا هەن. چەند نموونەیەك: پێش دۆزینەوەی ناوئاخنی خێڵ، ماکلینان پتر لە هەموو کەسێکی دیکە ڕەنجی فەرهادی‌دا بۆ تێکشێواندنی واتای ئەم وشەیە. ماکلینان بوونی لەئارادا سەلماند و بەگشتی بەڕاست ودروستی باسی لێوە کرد، وەك لەلای کالمیك وشەرکس وسامۆییدان (34پ) هەروەها لەکن سێ گەلی هیندی‌دا: ڤارلی وماگار ومانیبۆری(127). لەم دووایییەشدا کوڤالیڤسکی لەلای بشاف وخەفسور وسفان وهۆزە قەفقاسییەکان(128) دۆزییەوە و باسی لێوە کردووە. جا لێرەدا چەند کورتە سەرنجێکمان بەسە لە بارەی بوونی خێڵ لەکن کەلت وئەڵمانەکاندا.

کۆنترین یاساکانی کەڵتی(35پ) کە پێمان گەیشتوون ڕادەگەیێنن کە خێڵ لەوپەڕی هێزوگوڕیدا بووە، لە ئێرلەندەدا تاکو ئەمرۆش خێڵ لە دەروونی میللەتدا هەر زیندووە، لانی کەم بە شێوەییێکی غەریزی، پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بەوپەڕی داپڵۆسینەوە سەرکوتیان کرد، هەروەها لە ئوسکۆتلەندەدا، لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا هێشتا لە تافی گەشە کردندا بوو، لێرەشدا تەنها بە چەکی ئینگلیزی ویاساو دادگاکانیان لەناو چوو.

یاسای وڵاتانی وێلزی کۆن، کە چەندین سەدە لە پێش داگیر کردنی ئینگلیزی‌دا(129) نووسراونەوە دواییینەکەیان سەدەی یازدەهەمە، گەواهی ئەوە دەدەن کە چەندەها گوند بە هاوبەشی زەوییان دەکێڵا، هەروەها وەکو شوێنەوارێکی نا ئاسایی نەریتێك کە لە پێشدا باو بووە، هەر خێزانێك پێنج بەرە جووتی هەبوو بۆ خۆی دەیکێڵا، بەشان ئەوەشدا، پارچە زەویەك هەبوو کە بە هاوبەشی دەیانکێڵا وداهاتەکەی بەش دەکرا. گومان لەوەدا نییە ئەم کۆمۆنە دێهاتییانە بریتی بوون لە چەند خێڵێك یاخود چەند بەشە خێڵێك، ئەمەش ئەو وێکچوونەی نێوان ئێرلەندە وئوسکۆتلەندە دەیسەلمێنێ، تەنانەت ئەگەر لێکۆڵینەوەیێکی تازەی یاساکانی وێلزیش جەختی ئەوە نەکەن، کە ئێستا ماوەی، سەلماندنی ڕاستەوخۆی ڕاستی وناراستی ئەوگوتەیەم، بەدەستەوە نییە، ﴿دەسکەنەکانم دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1869 (130)﴾، بەڵام سەرچاوەکانی وێلز، ئەوانی ئێرلەندەشی لەپاڵ دابێ، ڕاستەوخۆ ئەوە دەسەلمێنن کە تاکە ژنومێردایەتی پاش سەدەی یازدەهەمیش لەکن گەلتەکاندا جێگای جووتە ژنومێردایەتی نەگرتۆتەوە، لە وڵاتانی وێلزدا گرێی ژنومێردایەتی هەر لە سەر داوای لایەنێکی ئەو پەیوەندییە هەڵنەدەوەشایەوە، تەنها پاش تێپەربوونی حەوت ساڵ بەسەریدا. کاتێ کە سێ شەوی دەما بۆ بەسەر چوونی ئەو حەوت ساڵە، ژنومێرد بۆیان هەبوو لێك دابڕێن، لەو کاتەشدا ماڵ بەش دەکرا: ژنە دابەشی دەکرد، مێردەش بەشی خۆی هەڵدەبژارد. ڕایەخ وکەرەستەکانی نێوماڵ بە پێی پێڕەوێکی ئاشکرا ودیاریکراوی، یەکجار سەیروسەمەر دابەش دەکران. جا ئەگەر مێردەکە داوای جیابوونەوەی کردبا، ئەوە دەبوو مارەیی وهەندی شتی دیکەی بۆ ژنەکە بگەڕاندایەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە بوایە، ئەوا بەشێکی کەمی پێ دەبڕا. مێرد دوو منالّی بەر دەکەوت و ژنەکەش یەکێك، ئەویش ناوەنجییەکەیان بوو. ئەگەر ژنەکە پاش تەڵاق دان دووبارە مێردی کردبا ومێردی پێشینەی سەر لەنوێ بیویستبایەوە، دەبوو بە گەڵی کەوێتەوە (هەڵی بگرێ)، تەنانەت ئەگەر **یەك پێی** لەسەر جێ‌وبالینگانی مێردە تازەکەی بایە. ئەگەر ژنەکەو پیاوەکە حەوت ساڵیان

پێکرا بەسەر بردبا، تەنانەت ئەگەر قەواڵەی ژن ومێردایەتیشیان بە پێی یاساو نەریت لە نێواندا نەبوایە، ئەوا هەر دەبوونە ژن ومێرد. پەردەی کچێنی بە ووردی پارێزگاری لێ نەدەکرا و داوایەکی زۆر مەبەستدار نەبوو. لەم بووارەشدا رێڕەوێکی یەکجار تێکەڵوپێکەڵ پەیڕەو دەکرا کە هەرگیز لەگەڵ ڕەوشتی بورژوازیدا ناگونجێ. ئەگەر ژنەکە ناپاکی لەگەڵ مێردەکەی کردبا ئەوە مافی ئەوەی هەبوو دەستی لێ بوەشێنێ ودارکاری بکات (ئەمەش یەکێکە لەو سێ حاڵەتەی کە مێرد مافی دارکاریکردنی ژنەکەی هەبوو بەبێ ئەوەی سزای لەسەر بدرێ)، بەڵام، پاش ئەم دارکاریکردنە، پیاو بۆی نەبوو هیچ داواییەکی دیکە بخوازێ، چوونکە ,, بەرامبەر بە تاوانێك، دەبوایە یا تۆڵە وەربگیرێ یان لێی ببووردرێ، بەڵام هەردووك لەیەك کاتدا نە دوبوو''(131).

ئەو هۆیانەی کە مافی ئەوەیان بە ژنەکە دەبەخشی داوای تەڵاق بکات بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی بسووتێ، زۆر هەمەلایەن بوون: بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش ئەوەی بەس بوو کە بۆنی هەناسەی مێردەکەی ناخۆش بوایە. ئەو بڕەی کە دەدرا بە سەرگەورەی هۆز، یا بە پادشا لەبری مافی یەکەمین شەو(12پ) ( gohr merch، لە سەدە ناوەنجییەکاندا پێی دەگوترا marcheta، بە فەرەنسی marquette )، رۆڵێکی مەزنی لە کۆمەڵە یاساکاندا گێڕا. ژنان مافی ئەوەیان هەبوو لە کۆمەڵە میللی– یەکاندا دەنگ بدەن. سەربار، ئێمە دەلێن هەمان هەڵسوکەوت لە ئێرلەندەدا هەن، لەوێدا ژنومێردایەتی کورت–ماوەش کارێکی بەتەواوی ئاسایی بوو، لەتەلاقدانیشدا سوودێکی زۆریان بۆ ژنەکە دەستەبەر دەکرد کە زۆر بە ووردی دیاری کرابوو، تەنانەت لە بری خزمەتەکانی نێو ماڵیش تۆڵەیان دەدایێ، پیاوی ئیرلەندی بەشان ژنەکانی دیکەیدا (ژنێکی سەرەکی) هەبوو، کاتێ کە میرات بەش دەکرا هیچ جیاوازییێك لە نێوان منداڵی ڕەوا وهی ناڕەوای باوکە مردووەکە لە گۆڕێدا نەبوو. بەم شێوەیە خۆمان لە بەردەم وێنەیەکی جووتە ژنومێردایەتیدا دەبینین کە لە بەرامبەریدا شێوە باوەکەی ژنومێردایەتی لە ئەمەریکای باکووریدا زۆر توند وتیژ دەوەستێ، بەڵام لەسەدەی یازدەهەمدا ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە لەلای میللەتێکدا کە لە رۆژگاری قەیسەردا هێشتا کاری بەگەلە ژنومێردایەتی دەکرد.

خێڵی ئێرلەندی {(Sept سەپت)ی پێ دەگوترا، هۆزیش پێی دەگوترا (clainne کلان)} نەك هەر کتێبە کۆنەکانی یاسا جەختی دەکاو قسەی لێوە دەکەن بەڵکو پیاوانی یاسای ئینگلیزی سەدەی حەفدەیەم کە بۆ ئیرلەندە نێردران لەبۆ گۆڕینی زەوی وزاری (کلانەکان)، بۆموڵکی شای ئینگلترا، قسەو باسی لێدەکەن وجەختی دەکەنەوە، تەنانەت لەو کاتەشدا زەوی وزار موڵکێکی گشتی هۆز (کلان) یا خێڵ بوو ئەگەر سەرکردەکانیان دەستیان بەسەردا نەگرتبا. کاتێ کە ئەندامێکی خێڵ دەمرد، واتە ماڵێك کوێر دەبۆوە سەرگەورەکە، (کە پیاوانی یاسای ئینگلیز پێیان دەگوت Caput cognationis) سەرلەنوێ هەموو زەوییەکەی بەسەر ماڵەکانی دیکەدا دەبەشاندەوە. ئەم دابەش کردنەش، لانی زۆر، بە شێوەیێکی گشتی بەپێی ئەو بنەمایانە دەکران کە لە ئەڵمانیادا پەیڕەو دەکران. ئێستاش لێرەولەوێ –پێش چل یا پەنجا ساڵ ژمارەلان زۆر بوو– لە گوندەکاندا کێڵگەی ئەوتۆ هەن کە سەر بە سیستمی بەناو ( Rundale رۆندال)ن. ئەو زەوییانەی کە لە پێشدا هی تێکڕای خێڵەکە بوون وپاشان داگیرکەرانی ئینگلیز دەستیان بەسەردا گرت، لەلایەن جوتیارەکانیان بەکرێ دەگیران و هەر یەکەشیان کرێی زەوییەکەی خۆی دەدا، بەڵام هەموو کێڵگەو لەوەڕگەکانیان کۆ دەکردنەوە وبەپێی شوێن وجۆری خاکەکە بۆ چەند (کەرتێك) یا (Gewann جەوان)ێك (36پ)، وەك لە کەنار روباری موزییل پێی دەڵێن، جیایان دەکردنەوە. هەر یەکەشیان بەشێکی لە هەر (کەرتێك) دەدرێتێ. زۆنگاو ولەوەڕگەکانیان بە هاوبەشی بەکار دەهێنا. پێش نزیکەی پەنجا ساڵ ناوبەناو سەر لەنوێ زەوییەکان دابەش دەکرانەوە، زۆربەی کاتیش ساڵی جارێك دەکرا. نەخشەی گوندە (رۆنداڵی Rundale) ییەکان بە تەواوەتی وێك دەچێ لەگەڵ نەخشەی هەر کۆمۆنەیەکی لادێی ئەڵمانیدا (Gehoferschaft) لە ناوچەی موزیل ولە ناوچەی هۆخڤالد. تاکو ئێستاش خێڵ

هەر لە (فاکشنز factions)(37پ) دا دەژین. جوتیارە ئێرلەندییەکان زۆر جار بەسەر چەند حیزبێکدا دابەش دەبن هەر یەکەشیان بە شەقڵێکی سەربەخۆ خۆی جیا دەکاتەوە کە بە ڕواڵەت زۆر ناچیزە و پروپووچ دێنە بەرچاو، ئەم شەقڵانەش هەرگیز بە نامۆیی بۆ ئینگلیزەکان دەردەکەون، بە ئاوایێک بە خەیاڵدا دەچن کە ئەم حیزبانە لە مگێڕی شەڕو بەیەکداهەڵپڕژان لە ڕۆژانی چەژنەکان بەولاوە هیچ ئاواتێکی دیکە نەخوازن. بەڵام ئەمانە بووژاندنەوەیێکی دروستکراوی خێڵە لەناو چووەکانە و لەبری ئەوانەی دەکرێن، کە پاش لەناوچوونیان وەك گەواهێکی ڕەسەنە بۆ جوست وچالاکی غەریزەی بۆماوەیی خێڵەگەری. جگە لەوەی کە ئەندامانی خێڵەکە لە هەندێك جێگادا هێشتا لە زەوییە کۆنەکانیاندا پێکڕا گوزەرانیان دەکرد، لە ساڵانی سییەکاندا، بۆ نموونە، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی خاوەن–شکۆ موناگهان ناوی تەنها چوار خێزانیان هەڵگرتبوو، ئەمەش هیمایە بۆ ئەوەی کە ئەمانە لەچوار خێڵ یا کلان کەوتوونەوە.(38پ)

لە سکۆتلەندەدا لەناو چوونی ڕژێمی خێڵایەتی هاوکاتە لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی 1745 دا (133). ئەوەی ماوە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە بزانیین چ ئەڵقەییێك لەم دامەزراوە، (کلان)ی سکۆتلەندی دەنوێنێ، گومان لەوەدا نییە کە ئەڵقەییێکە لە ئەڵقەکانی ئەم دامەزراوە. لە گێڕانەوەکانی ڤاڵتر سکۆتدا لەنێو چیاکانی سکۆتلەندەدا ئەم ( کلانە ) بە زیندویی بەچاو دەبینین. ئەم کلانە، وەك مۆرگان دەڵێ:

(( بابەتێکی یەکجار چاکی خێڵە، لە ڕووی ڕێکخستن ولە ناخی دایە، هەروەها نموونەیێکی سەر سوڕهێنەرە لەسەر دەسەلاتی شێوازی ژیانی خێڵەگەری بەسەر ئەندامانی خێڵدا...لە بەیەکدا هەڵپژانیان ولە تۆڵەسەندنەوە و لەدابەشکردنی زەوییەکانیان بەپێی کلانەکان، لە هاوبەشی بەکار هێنانی زەوییەکان ، لەئەمەکداری ئەندامانی کلانەکە بۆ سەرکردە و بەرامبەر بەیەکدیش، لە هەموو ئەمانەدا لەهەر جێگاییێکدا سیمای نەگۆڕی کۆمەڵگای خێڵایەتی بەدی دەکەین ... ڕەچەڵەك بەپێی باوکسالاریی ڕەچاو دەکرا، بەم پێیە وەچەی پیاوەکان هەر لەنێو کلانەکەدا دەمانەوە، بەڵام وەچەی ژنەکان دەچوونەوە کلانی باوانیان ))(134).

ئایا لە سکۆلەندەدا، پێشتر دایکسالاری زاڵ بووە، ئەوا ئەوە دیسەلمێنێ کە لە شاخێزانی (پیکتێن Pikten)دا بە بۆچوونی (بێدا Beda) میرات بە پێی هیڵی وەچەی ژنان ڕەچاو دەکرا (135). بەڵکو پاشماوەیێکی خێزانی پۆنالوانی لەشێوەی مافی سوورانە تاکو سەدەکانی ناوەڕاست هەر مایەوە، لەلای ویلزنشینەکان وسکۆتلەندییەکان کە سەرۆك کلان یاخود پادشا سەبارەت بەوەی کە دوا نوێنەری پێشووی مێردە هاوبەشەکانیئەو ژنەیە، بۆی هەبوو ئەم مافە دەرهەق بە بووکە بەکار بهێنێ ئەگەر لەبری ئەوە سوورانەی وەرنەگرتبا.

* * *

گومان لەوەدا نییە کە ئەڵمانەکان پێش کۆچ وڕەوی میللەتان لە چەند خێڵێکدا ڕێکخرابوون. جا وەك پێدەچێ پێش زایین بەچەند سەدەیێك هێشتا ئەو ناوچانەیان داگیر نەکردبوو کە کەوتۆتە نێوان زیێ دۆناو و ڕاین وڤایشزل ودەریاکانی باکووردا. لەو کاتەشدا کۆچکردنی (سمبەرCimbers)ەکان و (تۆیتۆنەکان Teutons) هێشتا لە گرمەی دابوو، (سویڤەکان Sueves) یش تەنها لە سەردەمی قەیسەردا نیشتەجێ بوون. لەبارەی ئەمانەوە قەیسەر بەئاشکرا دەڵێ بەپێی خێڵو رەگ ورەچەڵەك کە بە خزمایەتی پەیوەستبوون نیشتەجێ ببوون ( gentibus cognationibusque )(136). وشەی gentibus بەزاری ڕۆمانییێك لە gens Julia (39پ) دا مانایەکی ووردوو پیلەکە هەڵنەگری هەیە. ئەم گوتەیەش بەسەر هەموو ئەڵمانەکاندا دەگونجێ. بەڵکو، بەزۆری، ئەڵمانەکان خێڵ بەخێڵ لە هەرێمە ڕۆمانییە داگیرکراوەکان نیشتەجێ ببوون. مافی گەلی ئەڵمانی، جەختی ئەوە دەکا کە ئەو خەڵکە لە زەوییە داگیرکراوەکانی خوارووی زێی دۆناو،

دان، خێڵ بەخێڵ (genealogiae) نیشتەجێ بوو بوون (137). وشەی genealogiae لێرەدا بەهەمان واتا بەکار دێ کە لەوەدوا لە کۆمۆنەی مارك-دا یاخود لە کۆمۆنە لادێیەکاندا بەکار هێنرا. لەم دواییانەدا کوڤالیڤسکی بیرۆکەیەکی پێشکەش کرد کە دەڵی ئەم genealogiae بریتی بوو لە چەند کۆمۆنەیەکی گەورەی ماڵیی و زەوییان لە نێو دابەشکرابوو وپاشان لێیەوە کۆمۆنەی لادێی نەشونمای کردو پەرەی ئەستاند (138). لەم حاڵەتەدا دەتوانین هەمان شت لەبارەی ( fara فارا )وە بڵێین، ئەم دەستەواژەیە لەکن بۆرگوندەکان ولانگۆباردەکاندا -واتە لای یەکێك لە گەلە هۆزەکییە گۆتییەکان و لەلای هێرمینۆنەکانی ئەڵمانیای سەروو-بەئەندازەیەك، ئەگەر بەتەواوەتی نەبێ، هەمان مانای وشەی genealogia لە کتێبی مافی ئەڵمانیدا بەدەستەوە دەدات. ئەمەش پێویستی بە تۆژینەوە ولێکۆڵینەوەیەکی فرەتر هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەم (فارا)یە لە ڕاستیدا خێڵ دەنوێنێ یاخود کۆمۆنەیەکی ماڵییە.

شوێنەوارە زمانەوانییەکان بە چاکی یارمەتیمان نادەن بۆ ئەوەی قامك لەسەر ئەوە دابنێن کە ئەگەر ئەڵمانەکان ناوێکی هاوبەشیان لە خێڵ نابێ وئایا دەبێت ئەو وشەیە چیبێ. لە ڕووی زانستی داتاشینەوە وشەی ( genos جینوس )ی گریکی و وشەی ( gens جنس )ی لاتینی بەرامبەر بە وشەی ( kuni کونی )ی گۆتیی‌یە، وشەی ( Künne کوننە )ی ئەڵمانیی سەروو وناوەند، ئەمانە بەهەمان واتا بەکار دەهێندرێن. ئەوەی کە ئاماژە بۆ سەردەمی دایکسالاری دەکا ئەوەیە کە ئەو وشەیەی واتای ژن دەگەێنێ لەهەمان ڕەگەوە لق دەهاوێ: بەگریکی gyne ، بە سلاڤی Zena ، بە قوتی qvino ، بە ئیسکەندەناڤی کۆن kona و kuna لەلای بۆرگوندەکان ولانگۆباردەکاندا، وەك لە سەرەوە گوتمان، دەبینین، وشەی fara کە گریم لە ڕەگی گریمانەی ( fisan ) ەوە دایدەتاشێ، واتە گووران یا هەڵهێنجان. منیش وام حەز کرد کە لە سەرچاوەیەکی ڕوونترەوە دەست پێ بکەم، ئەویش ( faran )ە، واتە، بە سواری ڕۆیشتن، گەڕان، گەڕانەوە، ئەم دەستەواژەیە هیمایە بۆ کۆمەڵە کۆچکەرێك کە بەشێوەیەکی ئاسایی، تەنها لەخزم پێك هاتبن. ئەم دەستەواژەیە،پلە بە پلە، لە ماوەی چەندین سەدە، لەکاتی کۆچ کردندا، یەکەم بۆ ڕۆژهەلات، پاشان بۆ ڕۆژئاوا، کۆمەڵەی خێڵایەتی دەگەیاند. پاشان وشەی (sibja)ی گۆتی و( sib ) ئەنگلۆساکسۆنی، وئەڵمانی کۆنی سەرەوە sippa،Sippe ، sippia ، لەزمانی ئەسکەندەناڤی کۆندا کۆی وشەکە Sifyar ، بەدی دەکەین، بەواتای خزمەکان بەکاردێت، تاکی ئەو وشەیە کە (سیف sif)ە وەکو ناوێك بۆ یەکێك لە خوداوەندەکان بەکار دێت. لە دواییدا، لە (گۆرانی هیلدیبراند)دا (139) وشەیەکی دیکە دەدۆزینەوە، ئەویش بەوردی لەو بەشەدا کە تێدا هیلدیبراند لە هادووبراند دەپرسێ :

eddo huêlîhhes ( لەنێو پیاوانی ئەم گەلەدا کامیان باوکتن ... یاخود تۆ سەر بە چ خێڵێکی )؟ ( *cnuoles* du sîs

جا ئەگەر بەگشتی وشەیەکی هاوبەشی ئەڵمانی هەبێت، بۆ دەستنیشان کردنی خێڵ، ئەوە لە گۆ کردنی وشەی (Kuni) گۆتییەوە هاتووە، بەڵگەش لەسەر ڕاستی ئەم قسەیە تەنها لەوەدا نییە کە ئەم دەستەواژانە لەزمانە جۆربەجۆرەکاندا، لێکدەچن، بەڵکو هەروەها لەوەش دایە کە وشەی (König،Kuning پادشا)، لێیەوە داتاشراوە و لەبنجدا واتای ڕدێن سپی خێڵ یا هۆز دەگەێنێ. بەڵام وشەی( Sibja خزم ) لەوە دەچێ کە نابێ ڕەچاو بکرێ چونکە لانی کەم، Sifjar ، بەزمانی ئەسکەندەناڤی کۆن واتای خزمە خوێنەکان ناگەێنێ، بەڵکو لەتەك ئەوانیش ئەو خزمانەی کە بەژن وژنخوازی دەبنێ واتە لانە کەمی ئەندامانی **دوو خێڵ** دەگرێتەوە، لەپای ئەمەش خودی وشەی Sif نابێ ببێتە ئاماژەێك بۆ دیاری کردنی خێڵ.

هەر وەك لەكن مەكسيكييەكان وگريكەكان ولەلای ئەڵمانەكاندا ڕێكخستنی ڕیزی شەڕكەرەكان لە تيپی سوارەكان ولە پۆلی پيادەكاندا بە پێودانگی كۆمەڵە خێڵەكان ڕیزدەكران. جا كاتیَ كە تاقيتس دەڵیَ : بەپێی خێزانەكان وبەپێی كۆمەڵە خزمەكان ڕیز بن ( 140 )، ئەوە ئەم دەستەواژە نائاشكرايە لەوەدا ڕوون دەبێتەوە كە لە كاتی خۆیدا لە ڕۆما خێڵ وەكو یونیتێك كە شایستەی ژیان بیَ دەمێك ساڵ بوو لە ناو چوو بوو.

پەرگرافێك لەكن تاقتيس هەيە بايەخێكی يەكالاكەرەوە دەگێڕیَ، ئەوەيە كە دەڵیَ خاڵ كوڕی خوشكی وەك كوڕی خۆی دادەنیَ بەڵكو هەندێكيان وای بۆ دەچن كە بەندیواری خوێن لە نێوان خاڵ وخوارزادا زۆر لەهی نێوان باوك وكوڕدا پيرۆزتر و بتەوترە، بەم جۆرە، كاتیَ كە كەسێكيان بە بارمتە دەويست وەهايان دادەنا كە خوارزا زامنێكی چاكترە لە كوڕی ئەو كابرايەی كە دەيانويست بەم كارەوەی ببەستنەوە. لێرەدا پاشماوەيێكی زيندووی خێڵ بەدی دەكەين كە لە سايەی مافی دايكسالاریدا بوون، واتە خێڵی سەرەتاييی، ئەمە جگە لەوەی كە خێڵێكە و شەقڵێكی تايبەتی پێك دەهێنیَ و ئەڵمانەكان خۆيانی پیَ هەڵاوێرن(40پ). جا كاتیَ كە ئەندامێكی ئەم (خێڵە) كوڕەكەی خۆی بە بەرچاوی خەڵكی كرد بەزامنی بەڵێنێك كە دابووی وئەگەر كوڕەكە بوو بە قوربانی نەهێنانەدی ئەم بەڵێنە، لەوەدا تەنها باوك بەرپرسيارە. بەڵام ئەگەر قوربانييەكە خوارزای كابرا بوايە، ئەوە سەرپێچی كردن بوو لە پيرۆزترين مافەكانی خێڵ. چونكە نزيكترين كەس بۆ ئەو كوڕە زياتر لەهەموو كەسێك دەبێت پارێزگاری لیَ بكات وبەرپرسيارە بەرامبەر بە مردنی، ئەم كەسە نزيكەشيان يا ئەوەتا نەدەبوو بيكا بە بارمتە يا ئەگەر كرديشی دەبوايە بەڵێنەكەی بەجیَ بهێنیَ. تەنانەت ئەگەر لەلای ئەڵمانەكاندا بەسەر هيچ شوێنەوارێكی ديكەی دامەزراوەكانی خێڵدا نەكەوتين، ئەوە تەنها ئەو بڕگەيەی سەرەوە بەش دەكا.

بەڵگەيەكی يەكالاوەتر هەيە، چوونكە بۆ ماوەی نزيكەی 800 ساڵ درەنگتر دەگەڕێتەوە، ئەويش بريتيە لە بڕگەيەك لە گۆرانیيەكی سكەندەناڤی كۆن (Völuspâ)(142) لەبارەی ئەنگۆرەی خوداوەند و ڕۆچوونی گێتیيە، لەم (سيمای خانمی پێشبين)ەدا هەروەك ئێستا (بانگ وبووگە) (143) پاشان سەلماندیان، چەند توخمێكی كرستی (مەسيحی) تێدا چرژاوە. باس لە سەردەمی كارەساتی گەورە دەكا كاتیَ كە بەدڕەوشتی و گەندەڵی هەمووان دەگرێتەوە:

| | |
|---|---|
| Broedhr munu berjask | ok at bönum verdask |
| munu systrungar | sifium spilla |

(( برا دەبن بە دوژمنی يەكتر ويەكدی دەكوژن ، **پوورزا** بەنديواری خزمايەتی تێك دەشكێنن ))

Systrunger لێرەدا مەبەست لە كوڕی خوشكی دايكە، شاعير پێی وايە كە ئەم پورزايانە، تاوانێكی لە برا كوژی يەكجار گەورەتر دەكەن، ئەگەر نكووڵی لە خزمە خوێنەكانيان، بكەن. جا پیَ داگرتن لەسەر گەورەيی ئەم تاوانە، كە لە وشەی Systrunger، ڕەنگ دەداتەوە، پەنجە لەسەر خزمايەتی بەرێگای دايكەوە دادەنیَ. ئەگەر لەبری ئەم وشەيە دەستەواژەی Syskina-börn، ئامۆزا يا ميمكزا بەكار هاتبا، ياخود دەستەواژەی Syskina-Synir، واتە كوڕی براكان وهی خوشكەكان. ئەوا ئەوسا دێڕی دووەم نەك بۆ جەخت كردنی يەكەمين دەهات بەڵكو بۆ سووككردنەوەی. بەم پێيەش، تەنانەت لە ڕۆژگاری ڤيكينگدا، كاتیَ كە(Völuspâ) پەيدابوون، لە ئەسكەندەناڤيادا هێشتا قسە لە دايكسالاری هەر دەكرا.

لە ڕووێكی ديكەوە، لەكن ئەڵمانەكاندا، ئەوانەی كە تاقيتس چاكتری دەناسين، دايكسالاری لەبەردەم باوكسالاريدا پاشەكشەی كردبوو، منداڵ ميراتی بابيان دەگرتەوە، كاتیَ كە منداڵيش نەبوايە ئەو ميراتە دەچووە كن براو مام وخاڵەكان. بەشداری كردنی خاڵ لەو ميراتەدا بەندبوو بە ڕاگير كردنی ئەو نەريتەی كە ئێستا باسمان لێوە كرد ، هەروەها ئەوەش دەسەلمێنیَ كە تا چ ئەندازەيێك مافی باوكسالاريی لەلای ئەڵمانەكان تازە

بووه. شوێنەوارەکانی مافی دایکسالاری بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ هەر بەو شێوەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مانەوە. وا پێدەچێ کە لەو رۆژگارەدا بایەخێکی ئەوتۆ بە مافی باوکسالاری نەدرابێ بەتایبەتی لەکن مسکێنەکاندا. لەپای ئەمەش کاتێ کە گەورە (فیودالێك) دەرەبەگێك داوای لە شارێك دەکرد جوتیارە هەڵاتووەکەی بۆ بگەڕێننەوە، وەك بۆ نموونە لە ئاوگسبۆرگ و بازل و کەیزەرلاوترن وەها بوو، ئەوە دەبوو شەش خزمی هەرە نزیکی جووتیارە تاوانکراوەکە کە هەموویان بەرێگای دایکەوە خزمی بوون سوێندیان بۆ جەخت کردنی مسکێنایەتی جووتیارەکە بخواردایا. (ماورێر ,, سیستمی شار ,, بەرگی یەکەم، لاپەڕە (381) ( 144 ).

شوێنەوارێکی دیکەی دایکسالاریی ماوە کە هەر ئێستا لەناوچووە، ئەویش ئەو ڕێز گرتنەیە کە ئەڵمانەکان بۆ ئافرەتانی دەنوێنن، ئەوەی کە ڕۆمانییەکان هیچیان لێنەدەزانی. کچانی خێزانە خانەدانە ئەڵمانییەکان بۆ قەواڵە بەستن بە چاکترین بارمتە دادەنران. هیچ شتێك لە بیری ئەوەی کە لە شەڕدا ژنەکانیان یا کچەکانیان بەدیل بگیرێ وکۆیلە بکرێ، ترسناکتر نەبوو بۆیان وزیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە ئازایەتی نەدەبزواندن، ئەوان لەژناندا شتێکی پیرۆزو پێشبینیان بەدی دەکردو گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی بوون تەنانەت لە گرینگترین کێشەکانیشدا: بۆ نموونە، فیلیدا، کە ژنێکی پێشبین(قەشە) بوو لە هۆزی بروکتری کە دەکەوێتە کەناری زێی لیب، داینەمۆیەکی دەروونی بوو بۆ تێکڕای ڕاپەڕینەکەی باتافییەکان کە زیفیلیس بەڕابەری کردنی ئەڵمانەکان و بەلچیکییەکان توانی لە سەرپاکی وڵاتی گال-دا دەسەڵاتی رۆمانی بهەژێنێ(145). وا پێدەچێ کە دەسەڵاتی ژنان لە ماڵدا ڕۆڵێکە پیلەکەی لەسەر ناکرێ. تاقیتیس دەڵێ، ئیش وکاری نێو ماڵ لە ئەستۆی ژنان و بەساڵاچوو یا منداڵەکان دایە، بەڵام مێرد دەچووە ڕاو یا دەیخواردەوە، یا تەوەزەلی دەکرد. بەڵام پێمان ناڵێ کێ کێڵگەی دەکێڵا، لەبەر ئەوەی بە ڕاشکاوی جاڕی ئەوە دەدا کە کۆیلەکان تەنها باج وخەراجیان دەدا وهیچ کارێکی بێگارییان نەدەکرد، کەواتە هەر دەبوایە زۆربەی پیاوە ڕەسییدەکان بە لانی کەمی ئەو کارانە هەڵبسن، کە زەوی کێڵان گەرەکی بوون.

وەك لە پێشدا گوتمان، شێوەی ژنومێردایەتی بریتی بوو لە جووتە ژنومێردایەتیێك کە پلەپلە لە تاکە ژنومێردایەتی نزیك دەبۆوە. بەڵام ئەوەش هێشتا تاکە ژنومێردایەتییێکی پەتی نەبوو چونکە ڕێگا بە فرە ژنیی پیاوە ماقوڵان دەدرا. بەگشتی زۆر بەتوندیی جەخت وداوا لەسەر پەردەی کچێنی هەبوو (بە پێچەوانەی ئەوەی کە لەنێو کەلتەکاندا باو بوو)، تاقیتیس زۆر بەجۆش وخرۆشیێکی تایبەتییەوە باس لە بەهێزی وسوفتوسۆڵی ڕایەڵی ژنومێردایەتی لەلای ئەڵمانەکاندا دەکا. هەروەها هیچ هۆیەکی جگە لە داوێن پیسی ژن بەولاوە بۆ تەڵاق دان باس نەکردووە. بەڵام کەلەبەرێکی زۆر لە گێڕانەوەکانی هەن، چونکە دەیەوێ بە ئاوێنەی پیاوچاکی و بێگەردیی رۆمانییە گەندەڵ بووەکانمان نیشانی بدات. لێرەدا ئەوەی گومان هەڵنەگرە، ئەگەرچی ئەڵمانەکان لەجەنگلستانەکانیاندا سوارچاکی بێ هاوتای کاری چاکە بوون، بەڵام بە ئاستەم تێکەڵ بوونیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەسیان بوو بۆ ئەوەی بۆ ئاستی ئەوروپییە ناوەنجییەکانی دیکە ڕووەو خراپی گلۆرببنەوە، لە ژینگەی جیهانی رۆمانیدا دوا شوێنەواری ڕەوشت چاکی، زۆر بەلەزتر، لەزمانی ئەڵمانی لەناو چوو. تەنها غریگۆریۆس تووری، بخوێنیەوە بەسە. بێگومان لەو لێرەوارە چڕوپڕەی وڵاتی ئەڵمانیادا ئەو کەرستە کەشخانەی دامرکاندنی ئارەزووی خۆشی بەو پاڵاوتییە لە ئارادا نەبوون وەك لە ڕۆمادا زاڵ بوون، لەم بووارەشدا ئەڵمانەکان لە سەرووی جیهانی رۆمانییەوەن، تەنانەت ئەگەر پاکی وبێگەردی جەستەشیان نەخەینە پاڵ کە رۆژێك لە رۆژان لە نێو هیچ گەلێکی دیکەدا لە ئارادا نەبوو.

لە دامەزراوی خێڵایەتیدا ئەرکی بە میرات بۆ مانەوەی پەیوەندی دۆستایەتی و دوژمنایەتی باوك وخزم وخوێش سەری هەڵدا. هەروەها ( Wergeld ڤێرگێلد ) کە بریتییە لە چەردەیەك لەبری تۆڵە سەندنەوەی کوشتن

وبریندار بوون دەدرا، بە میرات دەگیرا. ئەم ڤێرگێلدە کە نەوەی رابردوو بە دامەزراوێکی ڕووتی ئەڵمانیان دادەنا، ئێستا سەلمێندرا کە لەلای سەدەها میللەتدا هەیە. ئەمەش شێوەییکی گشتییە بۆ ئاسانکردنەوەی تۆڵە سەندن کە لە دامەزراوی خێڵایەتییەوە پەیدا بووە. هەروەکو میواندۆستی کە لەلای هیندە سوور پێستەکان بەدی دەکەین. ئەو باسەی کە تاقیتیس لەبارەی نەریتی میوانداریێتی ئەڵمانەکانەوە دەیکا(جێرمانیا، بەشی21)، تەنانەت لە خاڵە ووردەکانیشی‌دا لێکدەچن لەگەڵ باسەکەی مۆرگاندا کە لەبارەی مێوانداریێتی هیندە سوورپێستەکانەوەیە.

ئەو مشتومڕە گەرم وگوڕ و بێ کۆتاییە، لەبارەی ئەوەوە کە ئایا لە سەردەمی تاقیتیسدا ئەڵمانەکان کە هەر دەبوو کێڵگەکانیان دابەش بکەن یان نەء، هەروەها لە بارەی لێکدانەوەی ئەو بڕگانەی کە بەم کێشەیەوە پەیوەستن، ئەو مشتومڕە وەکو کڵاوی بابردووی لێ هات وچیتر قسە لەسەر کردن هەڵناگرێ پاش ئەوەی سەلمێندرا کە تێڕای میللەتان تا ئەندازەیەك لە کێڵانی زەویدا هەرەوەزبوون، لەپێشدا لەلایەن خێڵەوە و پاشان لەلایەن کۆمۆنە خێزانییەکانەوە کە لەکن سوییڤەکانیشدا Sueves هەبوون ( 146 )، وەك چۆن قەیسەر گوتی، هەروەها سەلمێندرا کە بەدوای ئەم وەزعەدا دابەش کردنی زەوی لە نێو خێزانی جۆربەجۆردا، دووبارە بەنۆرە بەشدەکرایەوە، پاش ئەوەی سەلماندیان کە ئەم بەنۆرە دابەشکردنی زەوییە تا رۆژانی ئێستەمان لە هەندێ جێگای ئەڵمانیادا هەر بەردەوامە. ئەگەرچی ماوەی ئەو 150 ساڵەی کە گێڕاوەکانی قەیسەر وگەواهەکانی تاقیتیس لێکجودا دەکاتەوە ئەڵمانەکان لە هاوبەشییێتی کێڵانی زەوی گوێزایانەوە بۆ، –لێرەدا قەیسەر زۆر بە روونی وەپاڵ سوییڤەکانەوەی دەنێ (چونکە دەڵێ لە کنیاندا هەرگیز کێڵگەی تایبەتی یا دابەش کراو لە ئارادا نییە)–، کێڵانی زەوی لەلایەن خێزانەکانەوە هەر یەکەیان بەتەنیا لەگەڵ دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی هەموو ساڵێك، جا ئەمە بەڕاستی پێشکەوتنێکی مەزنە. چونکە گوێزانەوە لە بەهاوبەشی کێڵانی زەوی بۆ خاوەنداریێتی تەواوی تایبەتی زەوی، لەم ماوە کورتەدا وبەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی، ئەوە بەڕاستی وبەکردەوە کێوی مەحاڵات بڕینە. بۆیە لە نووسینەکانی تاقیتیسدا ئەوە دەخوێنمەوە کە زۆر بە ڕوونی وبە کورتی دەیلێ : ئەوان هەموو ساڵێك کێڵگەکانیان دەگۆڕن (یاخود سەر لەنوێ دابەشیان دەکەنەوە)، جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر لەو زەوییە هاوبەشانە دەمێننەوە(147). ئەمەش قۆناغێکە لە کشتوکاڵ و سوود لە زەوی وەرگرتن کە کتومت دەگونجێ لەگەڵ دامەزراوی خێڵایەتی ئەڵمانەکان لەو سەردەمەدا.

ئەو بڕگەیەی پێشووم بەبێ هیچ دەستکارییێك وەك لە چاپەکانی پێشان دابوو هێشتەوە. چونکە لەم چەند ساڵەی دوایی پرسیارەکان بەشێوەیەکی تر خۆیان دەخستەڕوو، پاش ئەوەی کوڤالیڤسکی سەلماندنی(41پ) کە کۆمۆنەی پاتریارکی ماڵەوە زۆر بە بڵاوی پەرەی ئەستاندبوو ئەگەر لە هەموو جێگایێکدا نەبوو‌بێ، سەبارەت بەوەی کە پلەیەکی ناوەنجییە لە نێو خێزانی کۆمۆنیستیدا، کە لەسەر مافی دایکایەتی دامەزراوەو لە نێو خێزانی یەکلانەی هاوچەرخ، لێرەدا مەبەست لەوەدا نەماوە بزانین کە خاوەندارییەتی زەویی هاوبەشە یا تایبەتە، وەك لە وتووێژەکەی نێوان مورێر وڤایتس–دا هاتووە، بەڵکو مەبەست لە ناسینی **شێوەی** ئەو خاوەنداریێتیە هاوبەشەیە.جا

هەرگیز گومان لە راستی ئەوەدا نییە کە لەکن سوییڤەکانی رۆژگاری قەیسەردا، نەك هەر خاوەنداریێتی هاوبەشی زەوی، بەتەنیا، بەڵکو لەتەك ئەمیشدا کێڵانی زەوییەکان بە ڕەنجی بازووی هاوبەشی و بە هەرەوەزی لە گۆڕێ‌دا بووە. ئێستاش دەلوێ بە دوورو درێژی وتوو وێژە لەسەر ئەوە بکرێ کە ئایا ئەم یونیتە ئابوریە بریتی‌یە لە خێڵ یا لە کۆمۆنەی ماڵان یا کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستییان لە نێوان دایەو پەیوەندی خزمایەتی کۆیان دەکاتەوە، یاخود بزانین ئەگەر ئەم سێ کۆمەڵەیە هەر سێکێان بە پێوەدانگی باری زەوییەکە لە ئارادابن ؟ لەڕاستی‌دا

کوڤالیڤسکی جەختی ئەوە دەکا کە ئەو بارودۆخانەی تاقیتس باسیان لێوە دەکات بوونی کۆمۆنەی مارك یا کۆمۆنەیەکی دێهاتی ناسەپێنیٚ، بەڵکو کۆمۆنەیەکی ماڵیی دەسەپێنیٚ. تەنها لەم کۆمۆنە ماڵییانەدا پاش ماوەێکی دوورودرێژ کۆمۆنە دێهاتییەکان لە ئەنجامی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان، سەری هەڵداو پەرەی سەند.

بەپێی ئەم بۆچوونە، نیشتەمەنی ئەڵمانەکان لەو زەوییانەی کە لە سەردەمی رۆما داگیریان کردبوو و ئەو زەوییانەی کە پاشان لە رۆمانییەکانیان سەند، لە دێهات پێك نەهاتبوون، بەڵکو لە چەندین کۆمۆنی فراوانی ماڵان پێکدەهات، کە چەند نەوەێکی گرتبووە خۆیەوە و بەپێی ژمارەی ئەندامەکانی پارچە زەویەکی بۆ کێڵان دەگرتە دەست، لەگەڵ دراوسیٚکانیدا، زەوییە بۆرەوبەیارەکانی دەوروبەری وەکو هاوبەشە مارکێك بەکار دەهێنا. کەواتە دەبێت لە کلاورۆژنەی کشتوکاڵەوە لەو بڕگەیە بڕوانین کە تێیدا تاقیتس دەڵیٚ زەوییە کێڵدراوەکانیان دەگۆڕن: چونکە هەموو ساڵێك کۆمۆنە پارچە زەوییێکی دیکەی دەکێڵا وئەوی پاری بە بەیاری بەجیٚ دەهێڵا بۆئەوەی بەپێزتربێت. جا بەهۆی کەمی چڕی دانیشتوان، زەوییە بەیارەکان بە ئەندازەیێك زۆر بوون هیچ بووارێکی بۆ ناکۆکی نەدەهێشتەوە لە بارەی خاوەندارێتی زەوی. پاش چەند سەدەێك، کاتیٚ کە ژمارەی ئەندامی کۆمۆنەماڵییەکان بە ئەندازەیەك زیادی کرد کە ئابوری هاوبەش لەسایەی هەلومەرجی بەرهەمهێناندا بوو بە کێوی مەحالات، تەنها پاش ئەمە، ئەم کۆمۆنانە هەڵوەشانەوە. ئەو مێرگ و کێڵگانەی کە تا ئەو کاتە موڵکێکی هاوبەشبوون، بەپێی هەلومەرجی ئابوریی تاکە ماڵ کە ئەوسا لە دروست بوون دابوو، دابەش کران، سەرەتا بۆ ماوەێکی کورت، پاشان بۆ هەمیشە، بەڵام لێڕەوار و لەوەڕگە وئاو وەکو موڵکێکی هاوبەش هەر مانەوە.

لەبارەی روسیاوە وەك پێدەچیٚ کە مێژوو بەڵگەێکی تەواوی لەسەر ڕەوتی ئەم پەرەسەندنە پێشکەش کردبیٚ. بەڵام لەبارەی ئەڵمانیاوە، لەپلەی دووەمدا وڵاتە ئەڵمانییەکانی دیکە، ئەوا ناتوانین نکووڵی لەوە بکەین کە ئەم بۆچوونە لە زۆر لایەنەوە ڕوونکردنەوەیەکی چاکتری دۆکیومێنت وچاوگەکان بەدەستەوە دەدات و گرفتەکان زۆر ساناتر لەو بیرو بۆچوونە باوانەی تا ئێستا هەن، باشار دەکا، بەوەی کە بوونی کۆمۆنە ماڵییەکان بۆ سەردەمی تاقتیس دەگێڕنەوە. بۆ نموونە دۆکیومێنتە کۆنەکان، لە Codex Laureshamensis (148)، بەگشتی لە دەراوی کۆمۆنە ماڵییەکانەوە زۆر چاکتر ڕوون دەکرێنەوە وەك لە (کۆمۆنە دێهاتییەکانی مارك). بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیەش گرفتی نویٚ دێنێتە پێشەوە وچەند مەسەلەیەك دەوروژێنیٚ کە هێشتا پێویستییان بە چارەسەرکردنە. لێرەدا تەنها تۆژینەوە ولێکۆڵینەوەی نوییٚ چارەسەری لە دەستدایە. بەڵام من ناتوانم نکووڵی لە بوونی کۆمۆنە ماڵییەکان، وەکو قۆناغێکی ناوەنجی، بکەم، کە لە ئەڵمانیا و ئەسکەندەناڤیا و ئینگلتەرا، لانی زۆر هەبووە.

ئەڵمانەکان کە لە سەردەمی قەیسەردا، تازە بە نیوەچڵی لە نیشتەمەنی هەمیشەییدا نیشتەجیٚ ببوون یاخود هێشتا بەدوایدا عەوداڵ بوون، لەسەردەمی تاقیتیسدا سەدەیەکی تەواویان لە ژیانی نیشتەجێی بەسەر بردبوو، هەربۆیە پێشکەوتنێکی گومان هەڵنەگر لە هێنانە بەرهەمی هۆیەکانی ژیانیان بە ئەنجام هێنا. خانووەکانیان لە کۆتەرەدار دروست کرابوون، پۆشاکی سەرەتاییان لەبەردەکرد کە لەجل وبەرگی خەڵکی جەنگلستانەکان دەچوو، واتە کۆڵەوانەیێکی ئەستووری خوری چن وچەرمی کێویی بوون، بەڵام ئافرەت وپایەدارەکان، ژێر کراسی کەتانچنیان لەبەر دەکرد، خۆراکیشیان لە شیرو گۆشت ومیوەی کێویی وئاردی شۆفان پێك دەهات(149)، هەروەك پلینۆس دەخاتە سەری ودەڵیٚ (تاکو ئێستاش، ئەم ئاردە یەکێکە لە خواردنە میللییەکانی کەلتی لە ئێرلەندە و سکۆتلەندەدا). سامانیان لەمەڕو ماڵات پێك دیٚ، ئەم مەڕو ماڵاتەش جۆرە

خراپەکەیەتی، گاو گۆتالی لەڕو لاوازیان هەن وبیٚ شاخن، هیٚسترەکانیان کوڵن وبەکەڵکی تەڕاتیٚن نایەن، پارەشیان بە زۆری رۆمانی بوون وزۆر کەم ودەگمەن کاریان پیٚ دەکرا. هەروەها زیٚرنگریی و زیوسازییان نەدەکرد وبایەخیٚکی ئەوتۆیان لەلایان نەبوو، ئاسنیش زۆر دەگمەن بوو، لەوە دەچیٚ تارادەیەك هەمووی لەدەرەوە هیٚنرابن، بەلانی کەمی لەکن ئەو هۆزانەی کە لە کەناری زێی ڕاین ودۆناودا گیرسابوونەوە. لەکن خۆیان دەریان نەدەهیٚنان. نووسینی (ڕوونیی Runenschrift) (کە لە پیتی گریکیی یاخود لاتینی وەرگیرابوون) بەنهیٚنی نەبوایە نەدەزانرا، تەنها بە مەبەستی تەلەسم بازی ئایینی بەکار دەهیٚنرا. نەریتی قوربانیدان بە مرۆڤ هیٚشتا هەر باو بوو. بەکورتی : خۆمان لە ڕووی میللەتیٚکدا دەبینین کە هەر ئیٚستا لە قۆناغی بەربەرایەتی ناوەنجییەوە بۆ قۆناغە بالاٚکەی پەرەی گرتووە. بەئاسانی هیٚنانی بەرهەمە پیشەسازییەکانی رۆمانی ببووە لەمپەریٚك لە ریٚگای سەربەخۆ پەرەسەندنی میتالٚ سازی وچنین لەگەلٚ ئەو هۆزانەی کە ڕاستەوخۆ لەسەر سنووری رۆمانییەکاندانیشتەجیٚ ببوون، ئەم هاوردنی بەرهەمی پیشەسازییە، لە باکووری رۆژهەلاٚتی کەناری دەریای بەڵتیق–دا، وەها هەڵتۆقی وبنجی داکوتا کە بیٚنەو بەرەی تیٚدا نەبیٚ. ئەو پارچە چەکانەی کە لە زەلکاوەکانی شلیزڤیك–دا لەگەلٚ پارەی میتالی رۆمانیدا دۆزرانەوە کە هی دوا دواییەکانی سەدەی دووەم بوون، بریتی بوون لە شمشیٚریٚکی ئاسنینی دریٚژ وزریٚیەك وکلاٚویٚکی زیوین، هتد...، هەروەها ئەو میتالٚ سازییە ئەڵمانییانەی کە بەهۆی کۆچکردنی میللەتانەوە بلاٚو بوونەوە، نموونەیەکی بەتەواو تایبەتیمان بۆ ئاشکرا دەکا کە بە پیٚوەند بە ئاستیٚکی بالاٚی پەرەسەندن خۆی هەلاٚویٚریٚ، تەنانەت ئەگەر لەگەلٚ بابەتە رۆمانییەکانیش بەراوردی بکەین کە لیٚیەوە وەرگیراوە. کۆچ کردن بۆ ئیمپراتۆرییەتی هاوچەرخی رۆمانی لە هەموو جیٚگاییٚکدا ئینگلتەرای لیٚ بترازیٚ دوا سنووری بۆ ئەم بەرهەمهیٚنانە ناوخۆییە کیٚشا. بۆ نموونە ئەو گەردانە برونزییانە نیشانمان دەدەن کە بە چ ئەندازەیەکی ریٚکوپیٚك ئەم بەرهەم سەری هەڵدا وپەرەی ئەستاند. لەوانەیە ئەو گەردانانەی، کە لە بورگوندییا و رۆمانیا ولە کەناری دەریای ئازوفدا دۆزرانەوە، بەرهەمی هەمان کارگە بن کە لیٚیەوە گەردانە ئینگلیزی وسویٚدییەکان هاتنە بەرهەم، گومانیشی تیٚدا نییە کە سەرچاوەکەی ئەڵمانییە.

بەهەمان شیٚوەش دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی لەگەلٚ قۆناغی بالاٚی بەربەریزمدا ریٚکن، وەك تاقیتیس دەلی، بەگشتی، ئەنجومەنی ردیٚن سپییەکان ( principes ) هەبوون ولە بچووکترین کیٚشەدا قسەیان دەکرد و کیٚشە گەورەکانیان گەلاٚلە دەکرد بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی گەل قسەی تیٚدا بکات. کۆبوونەوەی میللی لە قۆناغی نزمی بەربەریزمدا، لانی کەم لەو شویٚنەی کە ئیٚمە لە بارەیەوە دەزانین، واتە لەکن ئەمەریکییەکاندا، تەنها لە پیٚناو خیٚڵدا لە ئارادا بوو نەك لە پیٚناو هۆز ویەککگرتووی هۆزەکاندا. ردیٚن سپییەکانیش ( principes ) هیٚشتا وەك لەلای ئیروکوادا زۆر لەگەلٚ سوپاسالارەکاندا ( duces ) جیاواز بوون. ردیٚن سپییەکان بەهۆی ئەو دیارییانەی بۆ ریٚزلیٚنان دەیان درایێ، کە بریتی بوون لە مەڕو مالاٚت و دانەویٚڵە وشتی دیکە، گوزەرانیان دەکرد. هەمووان، وەك لە ئەمریکاشدا، لەهەمان خیٚزان هەڵیان دەبژاردن، گویٚزانەوە بۆ باوکسالاری، وەك لە گریك ورۆمادا، ریٚگا خۆش دەکرد لەبەردەم گۆڕینی پلەبەپلەی بنەماکانی هەڵبژاردن، و هیٚنانەکایەوەی ماف میراتگیری، واتە ریٚگا لەبەردەم سەرهەڵدانی خیٚزانیٚکی ئەریستوکراتی لەهەر خیٚڵیکدا خۆش دەکا. ئەم ئەریستوکراتییە کۆنەی کە پیٚی دەگوترا ئەریستوکراتیی هۆزەکی زۆربەی هەرە زۆریان لە سەروبەندەنی کۆچ وڕەوی میللەتاندا یاخود پاش ئەوە بە ماوەییٚکی کورت لەگریٚژنە چوون. سەرلەشکرەکان بەبیٚ ڕەچاو کردنی ڕەگوڕیشەو وبنەچەکانیان، بەڵکو تەنها بەپیٚی لیٚهاتووەیی هەڵیان دەبژاردن. دەسەلاٚتیٚکی گەورەیان لەچنگدا نەبوو وبەڕابەرایەتی ولیٚوەشاوەیی خۆیان کاریان دەکردە سەر خەڵکی. تاقیتیس زۆر بە ڕوونی دەسەلاٚتی

دیسپلینستی پەتی لەنێو سوپادا، وەپاڵ پێشبینەکاندا دەدا. دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەست کۆمەڵەی گەل-دا چەقی بەستبوو. پادشا یا سەرەك هۆز سەرۆکایەتی کۆمەڵەی دەکرد، گەل بڕیاری دەدا: ئەگەر بڕیارەکەیان بەدڵ نەبوایە، مرەمڕیان دەکرد، ئەگەر بەدڵیان بوایە هورایان دەکێشا و زرنگوهۆڕیان لە چەکەکانیان دەهێنا. کەواتە کۆمیتە یا کۆمەڵەی گەل ڕۆڵی دادگاییشی دەگێڕا، هەموو سکاڵاییێکیان دەخرایە بەردەست و ئەوانیش بڕیاران لەسەر دەدا، سزای مردنیش هەر لەکن ئەوان دەدرا، سزای کوشتن جێبەجێ نەدەکرا تەنها لە تاوانەکانی ترسنۆکی وناپاکیکردن لەگەڵ گەلدا و لە کارە نەنگ ونا سروشتییەکاندا نەبێ. جا لە نێو خێڵو لقەکانیاندا، دادگا فەرمانی لە هەموو کێشەو بێشەکاندا بە هاوبەشی وبە سەرۆکایەتی ردێن سپییەکان دەدا هەر وەك هەموو دادگاییێکی سەرەتاییی ئەڵمانیدا، ردێن سپی تەنها چاوەدێری ڕەوتی دادوەرییەکە وپرسیارەکانی دەکرد. لەکن ئەڵمانەکاندا هەمیشە و لە هەموو جێگاییێکدا سەرپاکی کۆمەڵەکە دوا بڕیاریان دەردەهێنا.

هەر لەسەردەمی قەیسەرەوە، یەکگرتووی هۆزەکان دروست بوون، هەندێکیان پادشایان هەبوون. هەر وەك چۆن لەلای گریکەکان و ڕۆمانییەکان ئەوسا سەرلەشکری باڵا چاوی لە دەسەڵاتێکی سەرکوت گەری بڕیبوو، جاری واش هەبوو بە دەستی دەهێنا. ئەم خوێن ڕێژە سەرکەوتووانە فەرمان ڕەوای ڕەها نەبوون، بەڵام دەستیان بەتێکشکاندنی کۆت وبەندی دامەزراوی خێڵایەتی کرد. کاتێ کە قەیرە کۆیلەکان بەگشتی لەپلەو پایەییێکی سووکوچرووکدا بوون چونکە سەر بە هیچ خێڵێك نەبوون، بۆیە دەست و پێوەندە تازەکانی پادشاکان لە ژینگەی قەیرە کۆیلەکانەوە دەگەیشتنە پلەو پایە باڵاکان و دەوڵەمەند دەبوون. هەمان شت بەسەر ئەو سوپاسالارانەدا هات کە بوونە پادشای وڵاتەیلێکی گەورەو فراوان پاش ئەوەی دەست بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا گیرا. لەلای فەرەنسییەکان، کۆیلە و دەست وپێوەندی پادشا ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا، یەکەم لە دەستەو دایەرەی پادشا، پاشان لە دەوڵەتدا، بەشێکی زۆری ئەریستۆکراتی نوێ هەر لەوانەوە پەیدا بوو.

دامەزراوێك بەشداری لە بەرپا بوونی دەسەڵاتی پادشایەتی کرد بریتی بوو لە (پەل)ی خۆ بەخت کردووەکان (Gefolgschaften). لەمەوپێش لەکن هیندە سوورپێستەکاندا بینیمان چۆن لە پەراوێزی سیستمی خێڵایەتییەوە خەڵکێکی تایبەتی بۆ هەڵگرتنی ئۆباڵی خۆ تێ فرێدانە نێو گێژاوی شەڕو لێپرسیاری سەریان هەڵدا. ئەم خەڵکە تایبەتییانە لەکن ئەڵمانەکاندا بوون بە کۆمەڵەی هەمیشەیی. ئەو سوپاسالارەی ناوێکی پەیدا دەکرد، تیپە لاوێکی دڵسۆزی خۆی لە خۆی کۆدەکردەوە کە بەدوای دەستکەوتەکانی شەڕدا عەودال دەبوون وئەویش دڵسۆز دەبوو بۆ ئەوان وبەخێوی دەکردن وپاداشتی دەدانێ وبەپێی پلەو پایە ڕێکی دەخستن. ئەوانیش وەکو تیپێکی ئێشکچی وهێزێکی هەمیشە تەیار بۆ جەنگ لە شەڕە بچووکەکاندا خزمەتیان دەکرد ولەشەڕە گەورەکاندا وەکو دەستە ئەفسەرێك هەمیشە ئامادە بوون. هەر چۆنێك بێ دەبوایە ئەم تیپانە بێ هێز بن، هەر چەندیش بەکردەوە پاشان بێ هێز دەرکەوتن، وەك بۆ نموونە لەکن ئۆدۆفاکار لە ئیتاڵیادا، ئەوە ئاوەلەمەی نسکۆهێنانی ئازادی میللی کۆنی لە دووتۆ دابوو، جا خودی ئەم ڕۆڵەش بوو کە لەکات ولە پاش کۆچی میللەتان وەئەستۆی گرتبوو. لەبەر ئەوەی یەکەم ڕێگای لەبەردەم سەرهەڵدانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا خۆش کرد، دووەم، وەك تاقیتس ئاماژەی بۆ کرد، چونکە نەدەلوا وەکو یەکگرتوویەك بمێنێ، تەنها لە بارو دۆخێکدا نەبێ کە ئەویش هەمیشە شەڕوشۆڕو جەردەیی تێدا بکرێ و ڕاووڕووتکردن ئامانج بێت. جا کاتێ کە سەرپەل بێئیش بوایە، ئەوا لەگەڵ پیاوەکانیدا تێکەڵ بە شەڕی میللەتانی دیکە دەبوون کە لەوانە بوو دەستکەوتێك وەچنگ بهێنن. پاشان ئەو هێزە داکۆکیکارە ئەڵمانییانە کە ژمارەییێکی زۆریان لە ژێر ئاڵای ڕۆمانیدا تەنانەت دژ بە خودی ئەڵمانەکانیش دەجەنگان، زۆر جار هەر لەم تیپانە پێك دەهاتن. ئالێرەدا یەکەمین نیشانەی ڕێکخراوی سەربازی بەکرێ گیراوی نەنگ وشەرمەزاری ئەڵمانان بەدی دەکەین. پاش دەست

گرتن بەسەر ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی‌دا، ئەم تیپە شاهانانە دروست کران. لەتەك ئەمانەشدا، نۆکەرو ئێشکگەرانی کۆشکی پادشا، بە کۆیلەو بە رۆمانییەکانەوە ئەمانەش بەشی دووهەمن لەبەشە سەرەکییەکانی ئەریستۆکراتییەتی ئایندەدا.

بەم جۆرە، بەگشتی ئەو هۆزە ئەڵمانییانەی کە لەناو چەند گەلێکی خاوەنی هەمان سیستمی بەڕێوەبردندا یەکیان گرتبوو کە لەکن گریکەکان لە سەردەمی پاڵەوانێتی پەرەی ئەستاندو لەکن رۆمانییەکان لە رۆژگاری ئەوانەی پێیان دەڵێن پادشاکان: کۆمیتەی میللی ، کۆمیتەی ردێن سپییەکانی خێڵ، ئەو سۆپاسالارەی کە بۆ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی پادشایەتی وەتەلاش کەوتووە. ئەمەش باڵاترین ڕێکخراوی بەڕێوەبردنە، کە بەگشتی لە سایەی رژێمی خێڵایەتی‌دا، بەرپابێت، ئەمەش چاکترین ڕێکخراوە لە قۆناغی باڵای بەربەریزمدا. هەر کە کۆمەڵگا ئەو کەوشەنەی بەزاند کە تیێدا ئەم سیستمەی بەڕێوەبردن مەبەستی دەگەیاند، تاوەکو سیستمی خێڵایەتی کۆتایی پیێ هات وهەرەسی هێنا ولە جێگای ئەودا دەوڵەت هاتە کایەوە .

8

# پێکهاتنی دەوڵەتی ئەڵمانی

ئەڵمانییەکان، بەقسەی تاقیتس، میللەتێك بوون ژمارەیان یەکجار زۆر بوو. قەیسەریش ژمارەیەکی دوور و نزیکی ئەم یا ئەو گەلە ئەڵمانییەمان دەداتە دەست، ژمارەی ئوزیپیتەرو وتەنکێرەرەکانی کەناری چەپی زێی ڕاین (180000) کەس بە ژن ومناڵەوە دیاری دەکا. بەم جۆرە هەر میللەتێك نزیکەی 100 هەزار کەس دەبن(43پ). واتە بۆ نموونە زۆرپتر لە ژمارەی سەرپاکی ئیروکوا لە هەرەتی گەشەکردنیاندا، کاتیێ کە بوونە جێگای مەترسی، هەموو وڵات هەر لە دەریا گەورەکانەوە تا دەگاتە ئۆهایۆو بوتوماك، وێڕای ئەوەی کە ژمارەیان خۆی لە 20 هەزار کەس نەدەدا. ئەگەر بمانەویێ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە پێمان گەیبون نەخشەیێك بۆ ناودارترین ئەو گەلانە بکێشین کە لە کەناری زێی ڕاین نیشتەجیێ بوونە، ئەوە هەر یەك لەم گەلانە بەتەنها نزیکە ڕووبەری ناوچەیەکی ڕووسی داگیر دەکا، واتە نزیکەی 10000 کیلومەتر چوار گۆشە یاخود 182 میلی چوارگۆشەی جوگرافی، بەڵام Germania Magna (44پ) کە سەر بە رۆمانییەکانە هەتا (ڤیستۆل)، یشی دەگرتەوە واتە 500000 کیلومەتر چوار گۆشە. جا ئەگەر ناوەندە ژمارەی هەر میللەتێك 100000 کەس بیێ، ئەوا دەبێت ژمارەی دانیشتوان لە Germania Maga بگاتە پێنج ملیۆن کەس ئەمەش ژمارەییەکی یەکجار گەورەیە بەپێی رۆژگاری ژیانی کۆمەڵە گەلێکی بەربەری، هەروەها ژمارەیەکی یەکجار کەمە بەپێی رۆژگاری ئەمڕۆ: 10 کەس لە هەر کیلومیترێکی چوار گۆشە، یاخود 550 کەس لە هەر میلێکی جوگرافی چوار گۆشەدا. بەڵام ئەم ژمارەیە زۆر لەوە دوورترە کە هەموو ئەڵمانەکانی ئەو قۆناغە بگرێتەوە. ئێمە دەزانین کە ئەو میللەتە ئەڵمانییانەی سەر بەکۆمەڵە هۆزە گۆتییەکان بوون واتە هۆزەکانی دۆناو، ئەمانە بەژمارە بەڕادەیەك زۆر بوون کە بلینۆس بە پێنجەم کۆمەڵەی بنەڕەتی هۆزە ئەڵمانییەکانی دادەنان (150). ئەم هۆزانە کە پێش زایین بە 180 ساڵ لە خزمەتی پرسیۆس، پادشای مقدونیادا، کاریان دەکرد، لە نێوان سەرەتای ساڵانی فەرمانڕەوایی ئۆگستۆسەوە تا دەورەبەری رۆژگاری ئەدریانۆپێل بڵاوببوونەوە. ئەگەر ژمارەی ئەمانەش بە ملیۆنێك کەس بخەملێنین، ئەوسا زۆری بۆ ئەوە دەچین کە ژمارەی ئەڵمانەکان لە سەرەتای مێژووی زایینیدا، بەلانی کەمی گەیشتبێتە شەش ملیۆن کەس.

پاش نیشتەجێ بوونی دانیشتوان لە جێرمەنستاندا، دەبوایە ژمارەی خەڵکەکە بە خێرایی زیادی بکردبایە. ئەو سەرکەوتنانەی کە لەوەپێش لە بواری پەرەسەندنی بەرهەمهێناندا باسمان کردن بەتەنها ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن. کە ئەو شوێنەوارانەی لە زەلکاوەکانی شلیسڤیگ دۆزرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سێهەم چونکە ئەو پارە رۆمانییانەی کە تییاندابوون هی ئەو سەردەمەن. بەو پێیە بەرهەم هێنانی کوتاڵ ومیتاڵ سازییەکان لەو سەردەمەدا لەکەنار دەریای بەڵتیق–دا پەرەگرتووبوون وبڵاوبووبوونەوە، هەروەها پەیوەندیەکی بازرگانی چالاك بە ئیمبراتۆرییەتی رۆمانییەوە گرێی دابوون، خەڵکە هەرە دارا و دەوڵەمەندەکەش لە دەست بڵاوییدا دەگوزەران. هەموو ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی چڕی دانیشتوان لەوێدا پتر بووبێ. لەم ماوەیەدا هێرشی گشتی لەشکری ئەڵمانی بە درێژایی هێڵی ڕاین وسنوورە پارێزراوەکانی رۆمانیا و دۆناودا دەست پێ دەکا، هەر لە دەریای باکوورەوە تا دەگاتە دەریای رەش، ئەمەش بەڵگەیێکی راستەوخۆیە لەسەر رۆژ لە رۆژ زیاتر گەشەکردنی دانیشتوان وهەروەها تەقەلاشیان بۆ فراوان کردنی موڵکەکانیان. ئەم ناکۆکییەش سێسەد ساڵی خایاند، لەم ماوەیەشدا بەشە بنەڕەتییەکەی گەلانی گۆتی (قوتییە ئەسکەندەناڤییەکان وبۆرگوندی لێ بترازێ) بەرەو باشووری رۆژهەڵات خزان و باڵی چەپی هێڵی هێرشە لاکێشەییەکەیان پێك هێنا، ئەڵمانەکانی سەروو (هرمینییەکان) کە رێگایێکیان بۆ خۆیان کردەوە تاکو دۆناوی سەرەوە و ناوەندی ئەو هێڵەیان پێك دەهێنا. باڵی چەپیش لە ئیسکیفییەکان پێك هاتبوو کە ناوی فەڕەنسایان لێ نابوون. ئەمانەش رێگایەکیان بەرەو ڕاین بۆ خۆیان کردەوە، بەڵام ئینگیفییەکان داگیر کردنی بەریتانیایان بەرکەوت. لەدوا دواییەکانی سەدەی پێنجەمدا، رێگا بەرەو ئیمبراتۆرییەتی بێ هێزو نابوود وبێ دەسەلات کراوی رۆمانی لەبەردەم داگیر کەرانی ئەڵمانیدا ئاوەلا بوو. لەباسەکانی پێشوودا لەبەردەم لەدایکبوونی قۆناغی ژیاریی گریکی و رۆمانی دێریندا هەڵوەستەیەکمان کرد. لێرەشدا لەتەك گۆڕەکەیدا دەوەستین. ڕەندەی دەسەلاتی جیهانی رۆمانی بە درێژایی چەندەها سەدە بەسەر هەموو ولاتانی بەراوی دەریای سپیناوەڕاستدا دەهات ودەچوو. لەبەر ئەوەی کە زمانی گریکی بەربەرەکانێی پێ نەکرا، هەموو زمانە نەتەوایەتییەکانی دیکەش ناچار بوون جێگا بۆ زمانێکی شێواوی لاتینی، چۆڵ بکەن هەموو جیاوازییە نەتەوایەتییەکان لەناو چوون ونەگالیۆن ئاسەواری ما نە ئیبیریۆن ولیگۆریۆن ونۆریکیون وتێکڕا بوون بە رۆمانی. لەهەموو جێگایێکدا بەرێوەبەرایەتی رۆمانی ومافی رۆمانێتی هەموو رێکخراوە کۆنەکانی خێڵایەتی تێك شکاند، واتە دوا ئاسەواری چالاکییەکانی ناوچەیی ونەتەوایەتی سەربەخۆ. وەنەبێ هاولاتییەتی تازەی رۆمانیش بەرامبەر بەمە شتێکی خستبێتە ڕوو. هیچ هەستێکی نەتەوایەتی دەرنەدەبڕی، بەڵکو زیاتر نانەتەوەیی دەردەبڕی. توخمەکانی دروستبوونی نەتەوەی تازە لەهەموو جێگایەکدا لە ئارادابوو. دایلێکتە لاتینییەکانی ناوچە جیاجیاکان پەیتا پەیتا لێك جیا دەبوونەوە، سنوورە سروشتییەکان کە لە پێشدا ئیتالیا وگالیا وئیسپانیا وئەفەریقیایان لێك دابڕیبوو هێشتا هەر خۆیان دەسەپاند. بەڵام هیچ هێزێك لە ئارادا نەبوو بتوانێ ئەم توخمانە لە چەند نەتەوەیەکی تازەدا یەکانگیر بکاتەوە، هەروەها لە هیچ شوێنێکدا ئاسەوارێك بۆ، ووزەیەکی بزوێنەر یا توانای پەرەسەندن یا هێزی بەرگری یا توانای داهێنان، نەبوو. ئەو هەموو خەڵکەش کە لە زەوییێکی پان وبەریندا نیشتەجێ ببوون لە دەوڵەتی رۆمانی بەولاوە بەهیچ شتێکی دیکە پەیوەست نەبوون، ئەم دەوڵەتەش لەگەڵ رۆژگاردا بۆیان بوو بە دوژمنی بابکوشتەو دڕترین چەوسێنەر. هەرێمەکان رۆمایان خاپوور کرد، رۆماش وەکو هەر شارێکی دیکە بوو بە شارێکی هەرێم ئاسا، جیاوازیەکی پەیدا کرد کەچی دەسەلاتی جارانی لەدەست داو وەکو مەڵبەندی ئیمبراتۆرییەتی جیهانی نەما، تەنانەت وەکو بارەگایێکی قەڕاڵ وبریکاری قەڕاڵەکانیش نەمایەوە، ئەمانەش لە قوستەنتینییە و تریر ومیلانۆدا دەژیان. دەوڵەتی رۆمانیش بوو بە ئامرازێکی گەورە وئاڵۆز کە بۆ هاڕینی داروودەستەکەی خۆی تەرخان کرابوو.

باج گرتن وبێگاری بۆ دەوڵەت وجۆرەها خەرج وباج وسەرانەی دیکە، خەڵکی ڕەشۆك جار لەجار زیاتر بەرەو توونی هەژاری وبەش مەینەتی برد. دزی وڕاووڕووتی فەرمان ڕەواکان و باجگرو سەربازەکان تاڕادەیەکی لە هەڵگرتن نەهاتوو، ئەم سیستمەی بەجۆشتر کرد. دەوڵەتی رۆمانی ودەسەڵاتە جیهانییەکەی بەم بارو دۆخە گەیشت: مافی بوونی خۆی لەسەر پارێزگاری کردنی رژێمی ناوەوە و لە دەرەوەش لە سەر خۆپاراستن لە بەربەرەکان، بنیات نابوو، ڕیکخستن لێرەدا لە هەموو ناڕێکیەك ناڕێکتربوو، لەکاتێکدا لافی ئەوەی لێ دەدا کە هاوڵاتیان لەچنگ بەربەرەکان دەپارێزێ، هاوڵاتییانیش چاویان بڕیبووە بەربەرەکانەوە بۆ ئەوەی بێن و لەمەینەتە ڕزگاریان بکەن. باروزروفی کۆمەڵاتیش کەم زەبوون نەبوو. چونکە هەر لە دوادوایی رۆژگاری کۆمارییەوە دەسەڵاتی رۆمانی، بەبێ بەزەیی وبەدڵ ڕەقی لەسەر هەرێمەکاندا بەرێوە دەچوو، ئیمبراتۆرییەتیش ئەم شێوە بەکار هێنانەی دەسەڵاتی، لەناو نەدا، جا بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستی بە ڕێکخستنی کرد. بەو ڕادەیەی کە ئەستێرەی ئیمبراتۆرییەت ئاوا دەبوو، بەو ئەندازەیەش باج وبەرتیل پتر دەبوو، چنگی فەرمانبەران لە دزی وفزی وڕووتاندنەوەی خەڵکی توندتر دەبوو. هیچ رۆژێك لە رۆژان بازرگانی وپیشەسازی کارو پیشەی رۆمانییەکان، داگیر کەرانی میللەتان، نەبوو. بەڵام گرەوی سوو خواردنیان لە هەموو ئەوانی پاش وپێش خۆیان بردبۆوە. ئەو بازرگانییەی کە هەبوو و ئەوەشی کە مایەوە هەموو لەناو چوون بەهۆی مفتە خۆری وچاو برسییەتی فەرمانبەرەکان، ئەو بازرگانییەش کەمایەوە لەبەشی رۆژهەڵاتدا، لەبەشی گریکی ئیمبراتۆریەتەکەدا بوو، ئەمەش ناکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەکەی ئێمە. هەژاری وبەش مەینەتی، خاپوور بوونی بازرگانی وپیشە وهونەرەکان، کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوان، وێرانی شارەکان، گەڕانەوەی کشتوکاڵی بۆ ئاستێکی خوارتر. ئەمانەن سەرئەنجامی دەسەڵاتدارێتی جیهانی رۆمانی. وەرزێری کە گرنگترین لقێکی بەرهەم هێنان بوو لە سەرپاکی جیهانی دێریندا، ئێستا سەر لەنوێ وپتر لە هەر کاتێکی رابردوو ئەو رۆڵە دەگێرێ. لە ئیتالیا، ئەو زەوییە موڵك کراوە پان وبەرینانە (Latifundia لاتیفوندیا)، پاش ڕووخانی کۆمار، بەڕادەیێك بوو کە نزیکی هەموو زەوییەکانی دەگرتەوە، بە دوو ڕێگاش کەڵکیان لێ وەردەگیرا یان بەشێوەی لەوەڕگە، کە لە جیاتی خەڵك، مەڕو گاومانگای تێدەکرا چوونکە خزمەتکردنیان ژمارە کۆیلەیەکی کەمی دەویست، یاخود ئەو زەوییانە بە شێوەی (ڤیللا Villas) بەکار دەهێنران کە کۆمەڵە کۆیلەیێك بەفراوانی بێستانەکە کارییان تێدا دەکرد، ئەوەشیان بۆ بەدی هێنانی پێداویستییەکانی خاوەنە دەست بڵاوەکەی، یاخود بۆ فرۆشتن لە بازاڕی شارەکاندا. لەوەڕگە بەرفراوانەکانیان وەکو خۆیان هێشتنەوە، بەڵکو هەروەها ڕووبەرەکانیشیان زیاتر کران. ڤیللاکان وبێستانەکانیان هەرەسیان هێنا لەگەڵ نابوودی خاوەنەکانیان وێرانی شارەکاندا. بەروبوومی زەوییە موڵك کراوەکان (لاتیفوندییەکان) کە بەکاری کۆیلەکانەوە بەند بوون، داهاتێکی وەهایان نەبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا تەنها شێوەی کاری بەرفرەوانی وەرزێری بوو کە بلوێ بکرێ. وەبەرهێنانە چووکەکان سەر لەنوێ بوونەوە تەنها شێوەیەی وەرزێری کە داهاتێك بەدەستەوە بدا. ڤیللاکان یەك لە دوای یەك بەسەر پارچەی بچووکدا دابەش دەکران، هەر پارچەییێکیش بە چەردەییێك پارە دەدرانە وەرزێرەکان، لەلای ئەوانیش بەمیرات ئەم دەست وئەو دەستی دەکرد، یاخود بە بەشەکاری دەدران بە (پارتییار partiarii)(45پ)، ئەمانەش زیاتر وەکو بەرێوەبەرێك بوون نەك کرێچی، بەرامبەر بەم کارەشیان شەش یەکی، جاری واش هەبوو نۆ یەکی، داهاتی ساڵانەیان دەدرایێ. بەڵام زۆربەی کات ئەو پارچە زەوییە بچووکانە دەدران بە کرێچییەکی هەمیشەیی (Colonus) وهەموو ساڵێك چەردەییێکی دیاری کراویان لە بری کرێیەکە دەدا، ئەمانەش بەو زەوییانەوە بەندبوون وهەر لەگەڵ زەوییەکەشدا دەفرۆشران، لە راستیدا ئەم هەمیشە کرێچییانە کۆیلە نەبوون، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئازاد نەبوون، مافی ئەوەشیان نەبوو بە ژنومێردایەتی تێکەڵ بە ئازادەکان بن، ژن

ومێردایەتیشیان لەنێو یەکتردا ڕەوا نەبوو، بەڵکو تەنها بە جووتە بەیەکەوە ژیانێك بوو(Contuberniun)، هەر وەکو ژنومێردایەتی کۆیلەکان. ئەمانە پێشەنگی پەیدا بوونی مسکێنەکانی سەدە ناوەنجییەکان بوون.

ڕۆژگاری کۆنی کۆیلەتی بەسەر چوو. نە لە کشتوکاڵی گەورەو نە لە مانیفاکتۆرە شارییەکاندا، کاری کۆیلە، داهاتێکی پڕاوپڕی بۆ ڕەنجدانەکەی نەدەدا، بازاری بەرهەمەکانیشیان نەمان. وردە کشتوکاڵ وپیشە بچووکەکان کە بەرهەمهێنەرە گەورەکان لەسەردەمی گەشە کردنی ئیمبراتۆرییەتدا، بۆ ئاستیان دابەزین نەیان دەتوانی ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەکان بخەنە کار. لە کۆمەڵگاشدا هیچ جێگایەك بۆ کاری کۆیلە نەمایەوە تەنها بۆ ئەوانە نەبێ کە لە ماڵاندا کاریان دەکرد وبۆ ئەوانەش کە ژیانی پڕ لە دەستبلاوی دەوڵەمەندەکانیان دەستەبەر دەکرد. بەڵام کۆیلەتی لە گیانەڵا بوونیشیدا هێشتا دەیتوانی پاڵپشتی ئەو بیرو بۆچوونە بکات کە دەڵێ هەموو کارێکی بەرهەمهێنەر پیشەی کۆیلەکانە ولە ڕۆمانە ئازادەکان ناوەشێتەوە، –جا هەموو هاوڵاتییان ئازاد بوون–، سەر ئەنجام لە لایێکەوە ژمارەی کۆیلە ئازاد کراوەکان زیاتر بوون، ئەوانەی لە پێویست زیاد بوون وببوون بەسەربار، لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەی کرێچییە بەساڵدا چووەکان ( Colonus ) وئازادە خاکەسارەکان《ئەوانەی کە وێك دەچن لەگەڵ ( poor whites، سپییە پێستە دەست تەنگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ) کە لە پێشدا مسکێنی تێدا باو بوو》 پتر بوون. ئایینی دیانەکان هەرگیز بەر پرسیار نییە لە لەناو چوونی پلەبەپلەی کۆیلەتی کۆن. بەڵکو شان بەشانی کۆیلەتی لە ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانیدا بەدرێژایی چەند سەدەیەك دەژیا و ڕۆژێك لە ڕۆژان پەلپی لە بازرگانی کردن بە مسکێنەکان نەگرت کە دیانەکان دەیان کرد: هەروەها لە باکوور ئەڵمانەکان وخەڵکی بوندقیەش لەسەر دەریای ناوەڕاستدا. پاشانیش هیچ بیانوویەکی لە بازرگانی کردن بە قوولە ڕەش پێستەکان نەگرت(46پ) کۆیلەتی داهاتی نەما، پاشان لەناو چوو. بەڵام کۆیلەتی لە ڕێگای لەناوچوونیدا لەپاش خۆی لە شێوەی بێز هاتنەوەی ئازادەکان لە هەڵستان بەکاری بەرهەم هێنەردا تیری ژهراوی خۆی بەجێ هێشت. ئەمەش گرفتێکی بێ لێ دەرچوون بوو کە جیهانی ڕۆمانی تێی کەوت: مانەوەی کۆیلەتی لەڕووی ئابورییەوە بوو بە محالات، کار کردنی ئازادەکانیش لە ڕووی ڕەوشتەوە نەنگی بوو. جا ئەوەی یەکەم وەکو شێوەیەکی بنەڕەتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی خۆی نەگرت، ئەوەی دووەمیش نەیدەتوانی ببێتێ. دەرچوون لەم گرفتە بە شۆرشێکی ڕەگ وریشەیی نەبوایە، لەتوانادا نەبوو.

باروزروف لە هەرێمەکاندا چاکتر نەبوو. زانیارییەکی فرەمان لە بارەی گالیاوە بە دەستەوەیە. لەوێدا شان بەشانی کرێچییە هەمیشەییەکان، وردە جوتیاری ئازاد هێشتا هەر لە گۆڕێ بوون. ئەم جوتیارانەش بەمەبەستی خۆپاراستن لەچەوسانەوەی فەرمانبەرەکان ودادوەر و سوو خۆرەکان، زۆر جار پەنایان وەبەر سایەو پارێزگاری کەسێکی بەهێز دەبرد. جوتیار بە تاکوتەرا ئەمەیان نەدەکرد بەڵکو تەواوی کۆمۆنەیەك بەم کارە هەڵدەستان، بەئەندازەیەك کە قەیرالەکان لە سەدەی چوارەمدا پتر لە جارێك بڕیاری قۆرخ کردنی ئەوەیان دەدا. جا ئایا ئەوانەی بە شوێن پارێزگاری‌دا عەودالٚ بوون چ کۆمەکێکیان بۆ دەکردن؟ پارێزگار مەرجێکی بەسەردا دەسەپاندن بریتی بوو لەوەی کە ئەوانە دەست بەرداری مافەکانی خاوەندارێتی زەوییەکانیان بن، بەرامبەر بەوەی کە بە درێژایی تەمەنیان زەوییەکە بەکار بهێنن. ئەم فێڵ وتەڵەکەیەش کلیسەی پیرۆز دۆزیبوۆوەی ولە ماوەی سەدەکانی نۆو دەدا بەهێزو توانای تەواوەوە کاری پێدەکرد ئەمە بۆ ئەوەی شانشینی خوداوەند بەتایبەتی موڵکەکانی لەسەر زەوی‌دا بەرفراواتربن. ڕاستە سلڤیان، قەشەی مرسیلیا، ئەوساکە، نزیکەی ساڵی 475، بەم ڕاووڕووتە دەیبلاچاندو گرمەی دەهات و باسی لە چەوسانەوەی فەرمانبەرە گەورەکانی ڕۆمانی و گەورە موڵکدارەکانی زەوی دەکرد گوایە زەوەڕی لە خەڵکی بڕیوە بە ئەندازەیەك کە زۆربەی (ڕۆمانییەکان) بۆ ئەو شوێنانە هەڵدەهاتن کە بەربەرەکان داگیریان کردبوون، ئەو هاوڵاتییە ڕۆمانییانەی کە لەوێدان، ترسی

هیچیان لێ نەنیشتووە ئەوە نەبێ کە سەرلەنوێ بکەونەوە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمانی(152). باوکەکان کە لە بەهۆی هەژارییەوە کوڕەکانیان وەك کۆیلەیەك دەفرۆشت ئەوا ئەو یاسایە ئاماژەی بۆ دەکا کە دژ بەم کارە دەرهات.

وەکو پاداشتێك بۆ ئازاد کردنی ڕۆمانییەکان لەچنگ دەوڵەتەکەیاندا، بەربەرە ئەڵمانەکان دوو لە سێی تێکڕای زەوییەکانیان لەدەست ڕۆمانییەکان دەرهێنا ولە نێو خۆیاندا دابەشیان کردن. دابەش کردنەکەش بە پێودانگی دامەزراوی خێڵایەتی کران. لەبەر ئەوەی بەربەرەکان ژمارەیان کەم بوو، بۆیە زەوی‌وزارێکی زۆرو زەوەند بەبێ دابەش کردن مایەوە، یان وەکو موڵکێکی سەرپاکی گەل یا وەکو هی هۆز و خێڵە جۆربەجۆرەکان. لەنێو هەر خێڵیکیشدا، زەوییە کێڵدراوەکان ومێرگەکان بەسەر چەند بەشێکی یەکسان وبە ناو راکێشان بەسەر ئەوانەدا دابەش دەکران، ئێمە نازانین ئەگەر بەنۆرە دووبارە دابەش دەکرانەوە یان نا، بەهەر حاڵ، پاش ماوەیێکی کورت پرۆسەی بەخول دابەشکردنەوەی زەوییەکان لە هەرێمە ڕۆمانییەکاندا ڕاوەستاو پارچە جۆربەجۆرەکان بوونە موڵکی تایبەتی ئەگەر بشێ دەستی لێ بەر بدرێ، allod . لێرەواڕ ولەوەڕەگەکان، بۆ هەمووان، بەبێ دابەش کردن مانەوە. ئەم بەکار هێنانە وهەروەها شێوازی کێڵانی زەوییە بەشکراوەکان بە گوێرەی نەریتە کۆنەکە و بەپێی بڕیاری گشتی کۆمۆنەکە ڕێکخراو ببوون. بەو ئەندازەیەی کە مانەوەی خێڵەکە لە گوندەکەیدا درێژەی دەکێشاو وبەوەندەی کە تێکەڵاویی ئەڵمانەکان ورۆمانییەکان پلە بە پلە پتر دەبوو، بەو ئەندازەیەش سیمای خزمایەتی پەیوەندییەکانی خەڵکی بەرامبەر بە سیمای هەرێمایەتی پاشەکشەی دەکرد. خێڵیش لە کۆمۆنەی مارك–دا توایەوە کە زۆر جاریش شوێنەواری پەیدا بوونی پەیوەندییەکانی خزمایەتی لە نێو ئەندامانی کۆمۆنەکە دیاردەکەوتن. بە جۆرێکی نادییار دامەزراوەکانی خێڵایەتی گۆڕان بە دامەزراوی هەرێمایەتی، ئەمەش لانی کەم لەو ولاتانە ڕوویدا کە تیایاندا کۆمۆنەی مارك بەردەوامی کێشا. لە باکووری فەڕەنسا، ئینگلتەرە، ئەڵمانیا و ئەسکەندەناڤیا. بەمەش توانی خۆی بۆ دەوڵەت بگونجێنێ . بەڵام وێڕای ئەوەش مۆرکە دیموکراسییەکەی لەدەست نادا کە بەشێوەیێکی سروشتی دروست بوو وتێکڕای دامەزراوەکانی خێڵایەتی جیادەکاتەوە، تەنانەت لە سەردەمە تازەکانیشدا چەند توخمێکی زیندووی ئەم دامەزراوە هەر مایەوە تەنانەت لەو شێوە توانەوەیدا کە پاشان بەسەریاندا سەپاند، لەپای ئەمەش وەکو چەکێك بە دەستی چەوساوەکاندا هەر مایەوە.

ئەگەر بەندیواری خوێن لە خێڵدا پاش ماوەیەکی کورت پلەو پایەی خۆی لە دەستدا، ئەوە لەبەر ئەوەبوو کە دەزگاکانیشی بەهۆی شەڕو داگیر کردن چ لە هۆزەکاندا، یا لەنێو سەرپاکی گەلدا هەرسیان هێنا وشیتەڵ بوونەوە. ئێمەش ئەوە دەزانین کە دەسەڵاتدارێتی بەسەر ژێردەستەکاندا ناتەبایە لەگەڵ سیستمی خێڵایەتیدا. ئەمەش لێرەدا بەزۆری بەر چاومان دەکەوێ. گەلە ئەڵمانییەکان کە لە هەرێمە ڕۆمانییەکاندا دەسەڵاتیان لەچنگ دابوو، دەبوایە بەڕێوەبەریی ئەم زەوییانە ڕێك بخا کە داگیری کردبوو. بەڵام دەشیا نە جەماوەرە ڕۆمانییەکان لە کۆمەڵە خێڵەگەرییەکاندا وەربگرێ ونەدەشبوو بەهۆی ئەم کۆمەڵانەوە بەسەریاندا زاڵ بن. جا لە سەرووی هەموو دەزگاکانی بەرێوەبردنی ناوخۆدا، کە لە سەرەتادا زۆربەیان مانەوە، دەبوایە شتێك لەبری دەوڵەتی ڕۆمانی دابنێ، جا ئەم بریکارەش دەبوایە هەر دەوڵەتێکی دیکە بوایە. لەپای ئەمەش دەبوایە دەزگاکانی ڕژێمی خێڵایەتی ببنە دەزگایەکی دەوڵەتی، ئەوەش دەبوایە زۆر بە لەز ولەژێر فشاری بارووزروفدا بکرێ. جا سوپاسالار یەکەمین نوێنەری ڕاستەوخۆی گەلی داگیرکەر بوو. هەروەها پاراستن ناوچە داگیرکراوەکە لە مەترسی دەرەوە و ناوخۆ خوازیاری بەهێز کردنی دەسەڵاتەکەی بوو. بەم شێوەیە کاتی ئەوە هات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سوپاسالار بە دەسەڵاتێکی پادشایەتی بگۆردرێ، ئەم گۆڕانکارییەش هاتە دی.

با فەڕەنسا وەربگرین. لێرەدا بریتیی بوون لەو گەلە براوەکانی سالیر، نەك هەر دەستیان بەتەواوەتی بەسەر زەوییە بەر فراوانەکانی دەوڵەتی ڕۆمانیدا گرت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان خستە سەر هەموو ئەو زەوییە بەرفراوانانەی کە لە دابەش کردندا نەخرابوونە پاڵ موڵکی کۆمۆنە گەورە و بچووکەکانی (گاو Gau) وکۆمۆنە مارك–ەکان، بەتایبەتی هەموو لێرەوارە گەورەکان. یەکەم هەنگاو لێرەدا، ئەوەی کە لە ڕووتە سوپاسالارێکەوە بوو بە، پادشایەکی ڕاستەقینە، کرا بە پادشای فەڕەنسا، بریتی بوو لە گۆڕینی موڵکەکانی گەل بۆ موڵکی پادشا، ئەو موڵکانەی لە گەل دزی و وەکو خەڵاتێك بەخشینی بە داروودەستەکەی خۆی. ئەو داروودەستەیەش کە لە سەرەتادا لە سەربازو وسەرکردە سوپاییەکانی دیکە کە لارەملی بوون، پاش ماوەیەکی کورت بە ڕۆمانییەکانەوە، ژمارەیان زیادی، واتە بە گالییەکانەوە (ئەوانەی کە ببوون بە ڕۆمانی))، ئەمانەش زۆر بە خێرایی بوونە پێویستییێك بۆی، بەهۆی توانای نووسین وڕۆشنبیرییان وشارەزایی زمانی ڕۆمانی وزمانە ئەدەبییە لاتینییەکان هەروەها بەهۆی ئاشنا بوونیان بەیاسای ناوخۆیی، ژمارەیان بە هاتنە پاڵی کۆیلەکان ومسکێنەکان وکۆیلە ئازادکراوەکانەوە کە دەستەی کارەکەرانی کۆشکی ئیمپراتۆرییان پێك دەهێنا ئەوانەی کە لە نێویاندا دۆستەکانی خۆی لێ هەڵدەبژاردن. هەموو ئەمانەش سەرو پارچە زەوییەکیان وەرگرت، پاشانیش وەکو پادشتێك بە شێوەی (بینیفیس beneficin)(47پ) لە پێشدا بۆ چاندنی دواتر وای لێهات کە بەدرێژایی ژیانی پادشا هەر هی ئەوان بوو(153). بەم شێوەیە بەردی بناغەی بابەتێکی ئوروستۆکراتی نوێی لەسەر شانی گەل داندرا.

سەرباری ئەوەش ، فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت، لەپای بەرفراوانی دەوڵەتەوە، نەدەلوا بەهۆی شێوازەکانی سیستمی خێڵایەتی بەڕێوە بچێت. کۆمیتەی ردێن سپییەکان وێڕای ئەوەی دەمێك نەبوو نەمابوو، بۆی نەدەکرا کۆ بێتەوە، هەر بە پەلەش لە بری ئەو دەستەوپێوەندەی نزیکی پادشا وەخۆ کەوتن. هەروەها وەکو داپۆشینێکی ڕواڵەتی دیاردەکان، کۆمەڵەی دێرینی گەل هەر مایەوە، بەڵام ئەمەش جار لەجار زیاتر دەگۆڕایە کۆمەڵەیەکی سەربازی کە ملکەچی پادشاو ئوروستوکرات بوون کە بە تازەیی هەڵتۆقی بوو. بەڵام جوتیارە ئازادەکان کە زەوییان هەبوو زۆربەی میللەتی فەرەنسایان پێك دەهێنا، ئەوە جەنگی هەمیشەیی، بەشەڕی ناوخۆ وشەڕی داگیرکردنەوە، بەتایبەتی ئەوانی دوایی کە لە سەردەمی شرلماندا کران، زەوەڕی لێ بڕین وماڵی وێران کردن، هەروەك لەوەپێش لە دوا دواییەکانی سەردەمی کۆماری‌دا چۆن بەڵایەکی بەسەر جوتیارە ڕۆمانییەکاندا هێنا. ئەم جوتیارە ئازادانە لە پێشدا سەرپاکی سوپایان پێکدەهێنا، و پاش داگیرکردنی فەرەنسا بوونە ناوکی بنچینەیی ولە سەروبەندەنی سەدەی نۆیەمدا وەها نابوود بوون کە لەنێو پێنج جووتیاردا تەنها یەکێك ئەگەر لە توانای‌دا هەبایە بەشداری لە شەڕەکاندا بکات. هەروەها لەبری ئەو هێزانەی کە جوتیارە ئازادەکان پێکیان دەهێنا وڕاستەوخۆ پاشا بانگی دەکردن، سوپایەك لەو کەسانە پێك هێنرا کە دەبوایە بە خورتی خزمەتی سەربازی بکەن ئەو کەسانەش لەو ئوروستوکراتییانە پێك هاتبوون کە بەنوێیی سەریان هەڵدابوو، ئەو جوتیارە مسکێنانەشی بەخۆوە دەگرتن کە باب وباپیرانیان لە پادشا بەولاوە سەرگەورەیەکی تریان نەدەناسی، ئەوانەی کە لە پێشدا پادشاشی لەگەڵدا بێ منەتیان بەهیچ گەورەیەکی دیکە نەبوو. پاشان شەڕەکانی ناوخۆ ولاوازی دەسەڵاتی پادشایەتی ودەست درێژی پایەدارەکان. سەرباری کۆنتەکان Gaugrafen (154) ئەوانەی کە شارلمان دایمەزراندن و وەتەلاشی ئەوە کەوتبوون کە پلەو پایەکانیان بکەن بە میراتگریی، لە دواییدا هێرشی نۆرماندییەکان، هەموو ئەمانە ماڵوێرانی جوتیارە فەڕەنسییەکانی سەردەمی میراتگری شارلمانی کۆتاکرد. پاش بەسەر چونی پەنجا ساڵ بەسەر مردنی شارلمان، ئیمبراتۆرییەتی فەڕەنسەکان بەپێی هیچ توانستێکی بەرگری

لەخۆکردن کەوتبووە ژێر پێ لەقەی نۆرمەندییەکانەوە، هەروەك چۆن پێش ئەوە بەچوار سەدە ئیمبراتۆرییەتی رۆمانییەکان لە ژێر پێی فەرەنسەکان دابوو.

نەك تەنها بەهۆی دەستەوەستانیان بەرامبەر بە دوژمنانی دەرەوە، بەڵکو لەتەك ئەوەشدا بەهۆی رێکخستنی ناوخۆی کۆمەڵایەتی، ڕاستر وایە بڵێین بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن. جوتیارە ئازادەکانی فەڕەنسا بەدەردی باو باپیرانیان چوون، کە کریٚچییە لە مێژینە رۆمانییەکان تووشی ببوون. جا بەهۆی ئەم وێرانکارییەی کە شەڕو ڕاووڕووت بەسەری‌دا هێنابوون، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر ئەو مەزنانەی تازە پەیدابوون، واتە کلیسە، چونکە دەسەڵاتی پادشایەتی هێندە لاواز بوو بە ئەندازەیەك کە نەیدەتوانی بیانپارێزێ. بەڵام ناچار بوون بە نرخێکی زۆرگران ئەو پارێزگارییە بکڕن. چونکە دەبوایە، مانەندی جوتیارە گالییەکان، کە زەوییەکانیان بەوانە دەدان کە دەیانپاراستن، ئەوانیش، بەمەرجی هەمەجۆر و گۆڕاو بەقازانج دەیاندانەوە، ئەویش بەرامبەر بە کاری خزمەتگوزاری و اج وکرێی هەمیشەیی. بەڵام هەر کە ئەوان بەم کلکایەتییە ملیاندا، وردە وردە ئازادی کەسایەتی خۆشیان لە دەست دەدا. لەپاش چەند نەوەیەك ، زۆربەی هەرە زۆریان دەبوونە مسکێن. بەڵام بە چ خێراییەك توێژی جوتیارە ئازادەکان لەناو چوون، ئەوە ئەو ئەژمارانە دەریدەخا کە ئیرمینۆس، لەبارەی موڵکەکانی کلیسەی سانت–جێرمێن–دێس–پرێس نووسیویەتی، کە ئەوسا دەکەوتنە تەنیشت پاریسەوە وئێستا ها لەنێو خودی پاریسدایە(155). موڵکە بەرفراوانەکان کە لە دەوروبەری کلێساکەدا بڵاوببوونەوە، ئەوسا لە سەردەمی کارلسی مەزندا 2788 خانەوادە، تەنها لەو فەرەنسیانەی کە ناوی ئەڵمانیان هەڵگرتبوو. لە نێو ئەمانەشدا 2080 کۆلۆنی و 35 لیت(48پ) و220 کۆیلەو تەنها 8 هاوڵاتی ئازاد هەبوون؟ ئەو نەریتەی کەوا لە پارێزگار دەکا فشاری پێ ئاراستەی جوتیارەکە بکات بۆ ئەوەی دەست بەرداری زەوییەکەی بێت، پاشان ئەو زەوییە بەو جوتیارە نادرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەدرێژایی تەمەنی ئیشی لەسەر بکات، ئەم نەریتەی کە سلڤیان جاڕی ئەوەی بۆدا کە (خوا بەهەق نەناسییە)، ئێستا ئەو کلیسانە لەهەموو جێگایەکدا جوتیاری پێ دەچەوسێننەوە. کاری بێگاریش کە جارلەجار زیاتر دەبێتە دیاردەیەکی باو وئاسایی، بابەتە پێشینەکەی چ لە angaries (ئەنگارییەکان)ی رۆمانی‌دا واتە ئەو کارە زۆرە ملێیانەی کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا دەکران (156)، چ لەو خەرج و باجانەی کە بەسەر ئەندامانی کۆمۆنە–مارکە ئەڵمانییەکان بۆ بینا کردنی پردوو رێگاوبان و بەمەبەستی دیکەی ئامانجە گشتییەکان دەسەپێندران. بەم شێوەیە پاش چوارسەد ساڵ سەرپاکی دانیشتوان وەك ئەوەی بە تەواوەتی بگەڕێنەوە بۆ ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستیان پێکرد

بەڵام ئەمە تەنها دوو شتی دەسەلماند: یەکەم ، جیاوازی کۆمەڵایەتی ودابەش بوونی خاوەندارێتی لە ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی لە قۆناغی داهێزراندا، بەتەواوەتی هاوتا بوون لەگەڵ ئاستی بەرهەم هێناندا کە کشتوکاڵ وپیشەسازی ئەوسا پێی گەیشتبوون، کەواتە هەردەبوایە ڕوویدات. دووەم، ئەم ئاستەی کە بەرهەمهێنان پێی گەیشتبوو، بە شێوەیەکی کرۆکی لە دوو تۆی ئەو چوار سەد ساڵەی داهاتوودا نەهەڵکشا و نەداکشا، کەواتە لەژێر هەمان هەلومەرجی پێداویستی و هەمان دابەشکردنی خاوەندارێتی، و هەمان دابەشبوونی چینایەتی، هەر مایەوە. لەماوەی سەدەکانی دوایی دەسەڵاتی ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی‌دا، شار دەسەڵاتی کۆنی خۆی بەسەر زەوییدا لەدەستدا، لەماوەی سەدەکانی سەرەتای دەسەڵاتی ئەڵمانیشدا نەیتوانی بەدەستی بهێنێتەوە. ئەمەش پلەیەکی نزم لە پەرەسەندن دەسەپێنێ چ لە بواری کشتوکاڵ یاخود لە پیشەسازی‌دا. ئەم بارو دۆخەش بە پێویست دەبێتە هۆی پەیدا بوونی گەورە موڵکدارانی زەویی و ژێردەستی‌یی چووکە جوتیار. ئەستەمە بتوانرێ ئابورییەکانی لاتیفوندی رۆمانی کە لە سەر کاری کۆیلەکان

دامەزرابوو بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا بسەپێندرێ، ئەمە لەلاییێکەوە، لەلاییێکی ترەوە ئابوری مەزنی نویێ کە لە سەر کاری بێگاری دامەزرابوو. ئەمەش ئەو تاقیکردنەوە مەزنانە نیشانی دەدەن کە کارلسی مەزن بەکۆشکە ئیمبراتۆرییە بەناوبانگەکانی، کردنی، ئەو تاقیکردنەوانەی کە وەختە بڵێم بەبێ ئەوەی هیچ جیٚدەستێك جیٚبهێڵن لەناو چوون. ئەم تاقیکرنەوانەش تەنها کڵیسەکان بەردەوامیان پێدا، تەنها لە کلیسەکانیش بەریان گرت. کلیسەکان دەزگاگەلێی ناسازی کۆمەڵایەتی بوون کە لەسەر ڕەبەنی و گۆشەگیری دامەزرابوون و بۆیان هەبوو ئەنجامی لەئاسابەدەر بەدەستەوە بدەن، بەڵام هەر لەبەر ئەو هۆیەش دەبوو لە ئاسابەدەر مابایەوە.

وێڕای ئەوەش ، لەماوەی چوار سەد ساڵەدا هەنگاوێکی مەزن ڕووەو پێشەوە نرا. ئەگەر چی لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا، هەر ئەو چینە بنەرەتییانە بەدی دەکەین کە لە سەرەتاکەیدا لەئارادابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەی کە ئەم چینانەیان پێك دەهێنا گۆڕانیان بەسەرهات. کۆیلەتییە کۆنەکە نەما، هەروەها ئەوئازادانەی کە تووشی ماڵوێرانی وهەژاری بوون، ئەوانەی کە کارکردنیان بە سووکایەتی دەزانی، بەوەی کە تەنیا ئەرکی کۆیلەکانە، لەناوچوون. جوتیاری فەرەنسی ئازاد لە نێوان بنیاتنەری ڕۆمانی ومسکێنی تازەدا قوت بۆوە (یادداشتە نەزۆکەکان وخەباتی پووچەڵ)ی جیهانی داتەپیوی ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانی، بۆ هەتا هەتایە بەسەر چوون. چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەدەی نۆیەمدا لەکەش وهەوای گەندەڵ بوونی ژیارییك، کە لە لەناوچوون دابێ سەریان هەڵنەدا، بەڵکو لە نێو ژانی لەدایك بوونی ژیارییێکی تازەدا دروستبوون. نەوە تازەکان، بە گەورە پیاوان وخزمەتکارەوە نەوەیەکی پیاوانە بوون، بە پێوانە لەگەڵ پێشینە ڕۆمانییەکان. ئەو پەیوەندییەی نێوان گەورە خاوەن زەوییەکان کە هێزو توانایەکیان هەبوو لەگەڵ جوتیارە بن دەستەکانیان، لە گۆشە نیگای ڕۆمانییەکاندا شێوەیەك بوو پەردەی لەسەر لەناو چوونێکی بێ دەرەتانی جیهانی دێرین لادەبرد، ئێستاش بۆ نەوەی تازە خاڵی دەست پێکردنی پەرەسەندنێکی نوێیە. وێڕای ئەوەش، هەر چەندە ئەم چوار سەد ساڵە پەرگ ونەزۆك بن، ئەوە یەك بەر ئەنجامی مەزنیان لێ بەجێ ما: ئەویش نەتەوە هاوچەرخەکانە کە دروست بوون و پێکهاتنێکی نوێی بەشی ئەوروپای ڕۆژئاوایی مرۆڤایەتین لەپێناو مێژووی ئایندەدا. جا بە کردەوەش ئەڵمانەکان سەر لەنوی ئەوروپایان بووژاندەوە، لەپای ئەمەش خاپوور کردنی دەوڵەتان کە لە قۆناغی ئەڵمانیدا ڕوویدا وەکو ئەنجامگیرێکی کۆیلایەتی نۆرمەندییەکان وموسڵمانەکان نەبوو بەڵکو بە هۆی بەردەوامی پەرەسەندنی بەخششەکان beneficiun وپەیوەندییەکانی پاراستن (کۆمێندەیشن Kommendation)(157) بوو بەرەو دەرەبەگایەتی و بەهۆی فرە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، بەئەندازەیەك کە بەبێ هیچ زیانێك توانی خۆی لەبەر ئەو هەموو زیانە بگرێ کە پاش دوو سەد ساڵ جەنگی خاچدارەکان پێی گەیاندن.

کەواتە دەبێت ئەو شێوازە تەلیسماوییە چ بێ کە ئەڵمانەکان گوڕی ژیانێکی تازەیان پێ لەگیانی ئەوروپا کردبێ کە لە دانە چۆقەی ئاوزینگدان دابووە ؟ ئایا ئەوە هێزێکی سەیر وبەکار بوو ڕەگورەگەمای ئەڵمانی پێ فرچك درابوو، وەك مێژوو نووسە شۆفینییەکانمان بۆی دەچن ؟ هەرگیز نەء. ئەڵمانییەکان، بەتایبەتی ئەوسا، لقە ئارییێکی یەکجار بەهرەدار بوون ولە هەڕەتی توانا و چوست وچالاکییەکەیاندا بوون. بەڵام ئەوەی تەمەنی لاوی ئەورەپای بووژاندەوە ودمە نەتەواوەتییە تایبەتییەکانیان نەبوو، بەڵکو تەنها بەربەرییەت ودامەزراوە خێڵایەتییەکەیان بوو.

لێهاتوویی وبوێری کەسایەتی و ئازادیخوازییان و غەریزە دیموکراسییەکەیان پاڵی پێوە دەنان کە لەهەموو کاروبارە گشتیەکاندا بڕواننە خودی کاروبارە تایبەتییەکانیانەوە. بەکورتی، هەموو ئەو ڕەوشتانەی کە ڕۆمانییەکان لەدەستیاندا، ئەوانەی کە تەنها ڕێگا بوون بۆ بەرپابوونی چەند دەوڵەتێکی تازە لە قوڕولیتەی

جیهانی ڕۆمانیدا وهۆکارێك بوون بۆ فراژی بوونی نەتەوە تازەکان. هەموو ئەمانە دەبێت چ بن لە سیمای جیاکاری ئەو مرۆڤە زیاتر کە بە قۆناغی بالآی بەربەریزم ڕا گەیشتبوون، دەبێت چ بن لە دەسکەنەی دامەزراوە خێڵایەتییەکە زیاتر؟

ئەگەر ئەڵمانەکان شێوە کۆنەکەی تاکە ژنومێردایەتییان گۆڕی ودەسەڵاتی پیاوانیان لە نێو خێزاندا کەم کردەوە و پایەیێکی بالآتریان بەژنان بەخشی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان جیهانی کلاسیکی ئاشنای نەببوو، دەبێت چ شتێك ئەو توانایەی پێ بەخشین ئەگەر بەربەرییەت ونەریتە خێڵایەتییەکانیان و شوێنەواری سەردەمی مافی دایکسالاریی نەبێ کە ئەوسا هێشتا گیانی لەبەردا مابوو؟

جا ئەگەر توانیان، لانی کەم لە سێ کرینگترین وڵاتدا، واتە لە ئەڵمانیا و باکووریفەڕەنسا و ئینگلترادا، چمکێك لە ڕژێمی راستەقینەی خێڵایەتی بە شێوەی کۆمۆنەی–مارك دەرباز بکەن و ڕایگوێزنەوە بۆ دەوڵەتی فیئودالی (دەرەبەگایەتی)، بەمەش پاڵپشتێکیان دەبەخشی بە چینە ستەم دیدەکە، کە چینی جوتیارانە، تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجی مسکێنایەتی سەدە ناوەنجییەکاندا، بەدەنگەوەهاتن و گیانی بەرگریکردن، کە هەرگیز نە بۆ کۆیلە کۆنەکان ونە بۆ پرۆلیتاریا هاوچەرخەکان، ڕەخسابوو،– باشە بۆ ئەمە قەرزاری کێن، ئەگەر بەربەریزم نەبێ و پێبەپێی شێوازی خێڵایەتی کە تەنها لەبەربەریزمدا هەیە ؟

لە دواییدا، ئەگەر ئەوان توانیان پەرە بە شێوەیەکی نەرم ونیانتری ژێردەستی بدەن، کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا کاریان پێدەکرد، شێوەیەك کە ڕۆژ لە روژێ زیاتر کۆیلەداریی لە ئیمبراتۆرییەتی رۆمانیش بگرێتەوە ، شێوەیەك وەك فۆرییە بۆ یەکەمین جار ئەنگوستی بۆ ڕاکێشا(158)، ڕێبازێك بۆ ستەم دیدەکان ئامادە دەکا بۆ ئەوەی **وەکو چینێك** پلە بەپلە پێی ئازادبن :.

(Fournit aux cultivateurs des moyens d’ affranchissement *collectif et progressif* )

شێوەیێك لەپای ئەوەوە دێتە کایەوە زۆر لەو کۆیلەتییە بالآترە کە تێدا کەسێك بە تاقی تەنیاو یەکسەر بەبێ ئەوەی بە قۆناغێکی گواستنەوەدا بڕوا ئازاد دەبێت (جیهانی کۆن بەهۆی شۆرشێکی سەرکەوتووانەوە ئاشنای لەناو بردنی کۆیلایەتی نەبووە)، –بەڵام مسکێنەکانی سەدە ناوەنجییەکان بە کردەوە پلە بەپلە وەکو چینێك ئازادی خۆیان وەچنگ هێنا–، کەواتە ئێمە سوپاسی کێی بکەین بۆ ئەمە، ئەگەر بەربەریستەکان نەبن، کە بەهۆیانەوە ژێردەستەکانیان نەگەیاندە ڕێکی کۆیلایەتییەکی تەواو، نە بۆ شێوە کۆنەکەی کاری کۆیلەتی و نەبۆ کۆیلایەتی ماڵە ڕۆژ هەلآتییەکان ؟

ئەوەی کە ئەڵمانەکان جیهانی ڕۆمانییان پێ ئاخنی کە بەرخوورد و چاك بێ بۆ ژیان بریتی بوو لە بەروبوومی بەربەرییەت. جا بە کردەوەش تەنها بەربەرەکان توانییان تەمەنی لاوێتی جیهانێکی کەنەفت کە ئەستێرەی شارستانییەتی لێ ئاوا ببوو ببوژێننەوە، هەروەها قۆناغی بالآی بەربەریزم کە ئەڵمانەکان ڕووەو ئەو گۆڕان وپەرەیان ئەستاند وپێش کۆچی میللەتان پێیڕا گەیشتبوون، تەنها شێوە بوو کە پڕ بە پێستی ئەم پەرەسەندنە بێ، لەمەشدا هەموو شتەکان ڕوون دەبنەوە.

# 9

## بەربەریزم وژیاریی

لەسێ نموونەی گەورەدا تەماڵمان بۆ شیتەڵ بوونەوەی سیستمی خێڵایەتی لەلای گریکەکان ورۆمانییەکان وئەڵمانەکاندا هەڵگرت،. لە کۆتایێدا، لەو باروزرووفە ئابورییە گشتییانە بکۆڵینەوە کە لە قۆناغی باڵای بەربەریزمدا هەرەسی بە ئۆرگانەکانی خێڵ هێنا ولە سەروبەندی سەرهەڵدانی ژیاریدا بەتەواوی لەناوچووبوو. لێرەدا کتێبەکەی مارکس ( کاپیتاڵ) هەر وەکو کتێبەکەی مۆرگان پێویستە.

بەوەندەی کە سەرچاوەکانمان رێگا دەدەن، دەتوانین بڵێین خێڵ کە لەپلەی ناوەنجی دڕندایەتیدا فراژی بوو و بەردەوام لەپلەی باڵاشدا پەرەی دەسەند، لەپلەی نزمی بەربەریزمدا لە هەرەتی خۆیدابوو. ئێمەش لەم پلەیەی پەرەسەندنەوە دەست پێ دەکەین .

لێرەشدا، کە دەبێت هیندە سوورپێستە ئەمەریکییەکان نموونەمان بن، دەبینین کە دامەزراوەکانی خێڵ بەتەواوەتی پەرەی گرتووە. هۆز بەگشتی بەسەر چەند خێڵێکدا دابەش ببوون، بەزۆری بەسەر دوو خێڵدا. هەموو ئەم خێڵە سەرەتاییانە لەلای خۆیانەوە، بەسەر چەند دوێتە (کچ) خێڵێکدا دابەش دەبوون، بە ئەندازەیەی زیادەبوونی ژمارەی دانیشتوان، دایکە خێڵەکانیش بۆ ئەوان دەبوونە فراتری. خودی هۆزەکەش دابەش دەبوو بەسەر چەند هۆزێکدا، لەو خیلانەشدا زۆربەی‌کات خێڵە کۆنەکان بەدی دەکرێن. یەکگرتنێك سەرئەنجام ئەو هۆزانەی دەگرتەخۆی، یا هەندێك جار ئەو هۆزانەی دەگرتەوە کە بە خوێن خزم بوون. ئەم ڕێکخستنە سادەیە بەتەواوی بارتەقای ئەو بارو زروفە کۆمەلایەتییەیە کە لێیەوە هەڵقولاوە. ئەم پێکهاتەیە پابەندی ئەو باروزروفەیە و بەشێوەیەکی سروشتی پێکهاتووە و لە توانای‌دایە هەموو ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکات کە لەنێو کۆمەڵگای‌یەکی بەم شێوەیە ئۆرگانیزەکراو، سەرهەڵدەدەن. بەڵام ناکۆکییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان، ئەوە جەنگ باشاری دەکردن. بۆی هەبوو جەنگ بە لەناو بردنی هۆزەکە کۆتایی بێ، بەڵام لەهیچ کاتێکدا بە کۆیلە کردنی کۆتایی نەدەهات. مەزنایەتی سیستمی خێڵایەتی وسنوور بەندێتی لە هەمان کاتدا لەوەدا بوو، کە تێیدا هیچ جێگایەك بۆ دەسەلاتدارێتی وکۆیلایەتی نەبوو. لەنێو خودی دامەزراوی خێڵایەتی‌دا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ماف وئەرکەکاندا. هیندییەکی سوور پێست هەرگیز لە کێشەی ئەوەدا نەبوو کە بەشداری کردنی لەکارو بارە گشتییەکاندا، یا تۆڵە سەندنەوە یا قوربانیدان، مافە یا ئەرکی سەرشانێتی، تەنانەت بە گەوجیی دادەنا ئەگەر بە گوزاریش بیری لەم مەسەلەیە کردبایەوە، وەکو ئەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە کە خواردن ونوستن و ڕاووشکار ماف بن یا ئەرك. هەروەها نەدەلوا هۆز یا خێڵ بەسەر چەند چینێکدا دابەشبن، ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبا کە لەبناغە ئابورییەکەی ئەم دامەزراوە بکۆڵینەوە.

ژمارەی دانیشتوان یەکجار کەم بوو، لە نیشتەمەنی هۆزەکەدا ڕادەیان چڕتر دەبۆوە. لە دەوروبەری ئەم جێگایەشدا پشتێنە زەوییەکی پان وبەرین درێژ دەبۆوە، یەکەم بۆ ڕاووشکار، دووەم پشتێنە زەوییەکی بێ لایەن کە سنوورێکیان لە دارستان پێك دەهێنا وهۆزەکەی لە ئەوانی دیکە جیا دەکردەوە. دابەش کردنی کار بەشێوەیکی سروشتی و پەتی خۆرسك بوو. تەنها لە نێو نێرومێ–دا لەئارادا بوو. پیاوان دەجەنگین ودەچوونە ڕاوی بەڕ و ڕاوەماسی، و کەرەستە خاوەکانی خۆراکیان بەدەستدەهێنا، بۆ ئەم مەبەستەش ئامرازە پێداویستییەکانیان بۆ دروست دەکردن. ژنان لەماڵەوە دەکاران و خۆراك و پۆشاکیان ڕەنێو دەهێنا، چێشتیان لێ

دەنا و چنین و دروومانیشیان دەکرد. پیاوان وژنانیش سەرگەورەی مەیانی خۆیان بوون، پیاو لە دارستان وژنیش لە ماڵەوە. هەریەکەشیان خاوەند ئەو ئامرازانە بوو کە دروستیان دەکردن وبەکاریان دەهێنان: پیاو خاوەن چەك وپێداویستەکانی ڕاووشکاری و ڕاوەماسی بوو، ژنیش خاوەن کەرەستەکانی نێو ماڵ بوو. ئابوری ماڵان لەسەر بنەمایەکی کۆمۆنیستی، چەند خێزانێك بەرێوەیان دەبرد زۆر جاری وەهاش هەبوو لەلایەن ژمارە خێزانێکی یەکجار زۆر، بەرێوە دەچوو(49پ). ئەوانەشی کە بەهاوبەشی بەرهەم دەهات و بەهاوبەشی بەکار دەهات، ئەوە هاوبەش و هی هەمووان بوو: خانوو، بێستان، بەلەم. ئا ئەلێرەدا، تەنها لێرەشدا هێشتا (خاوەن بەرهەمی کاری خودی خۆ) لە گۆڕیٚ دایە، کە یاساناس وئابوری ناسەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، دایانڕشتووە، ئەمەش دوا درۆی یاسایی پووچەڵە کە خاوەنداریٚتیسەرمایەداری هاوچەرخ هێشتا خۆی پێوە هەڵپەساردووە.

بەڵام مرۆڤ لەهەموو جێگایەکدا لەلای ئەم پلەیەدا گیرناخۆن. لەئاسیادا ئاژەڵی وەهایان دۆزیەوە کە ماڵیی دەبن و دەکریٚ بەخێو بکرێن. مێیەی گاکێوی دەبوایە ڕاوبکرێن، بەڵام ماڵییەکانیان هەریەکەی ساڵی گۆلکێکی دەهێنا، جگە لەوەی کە شیریشی دەبەخشی. هەندێك لەو هۆزانەی کە پێش کەوتووتربوون، –ئارییەکان وسامییەکان، لەوانەیە، تۆرانیرەکانیش–، لە پێشدا ماڵی کردنی مەڕو ماڵات وپاشانیش بەخێو کردنیان و پەروەردەکردنیان کردبێتە لقێکی سەرەکی چالاکییەکانیان. هۆزە شوانکارەکان لە هۆزە بەربەرییەکانی دیکە دابڕان. ئەوەش **یەکەمین دابەشبوونی گەورەی کاری کۆمەڵایەتییە**. هۆزە شوانکارەکان نەك لە هۆزەکانی دیکەی بەربەر بەرهەمیان زیاتر بوو، بەڵکو بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیانیشیان جیاواز بوو. شیر و ماست و گۆشتیان بەزۆری هەبوو، چەرم و موو و کوتالیشیان زۆر بوو کە لەگەڵ زیاد بوونی کەرەستە خاوەکاندا بەرهەمهێنانیان زیاتر دەبوو. بەم شێوەیە گۆڕینەوەی شتومەك بۆ یەکەمین جار لووا. لە قۆناغەکانی پێشاندا گۆڕینەوەی شتوومەك بەرێککەوت نەبیٚ ڕووی نەدەدا. کارامەیی لە دروست کردنی چەك وئامرازەکاندا بۆیان هەبوو بۆ ماوەیەك ببنە هۆی دابەش بوونی کار. بۆ نموونە لە زۆر جێگادا شوێنەواری چەسپاوی کارگەی بچکۆڵە دۆزرانەوە، هیچ گومانێك هەڵناگرن کە تێیاندا ئامرازە بەردینەکانی چاخی بەردینی دوایی تێدا دروست کراون. ئەو پیشەگەرییانەی کە تێیاندا پەرەیان بە لێزانی خۆیان دەدا، لانی زۆر، لەسەر حیساب ولە بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵەکە ئیشیان کردووە، هەر وەك چۆن ئێستاش پیشە گەرییە هەمیشەییەکانی کۆمۆنە خێڵەگەرییەکان لە هیندستان وەها دەکەن. لەم قۆناغەی پەرەسەندندا، شتوومەك بەیەکدی گۆڕینەوە تەنها لە نێو خودی هۆزەکەدا ڕووی دەدا، جگە لەوەی کە لێرەشدا وەکو دیاردەیەکی نا ئاسایی مایەوە. بەڵام ئێستاش پاش لێکدابڕان و جیابوونەوەی هۆزە شوانکارەکان، بە پێچەوانەوە، دەبینین کە هەموو مەرج و بارودۆخەکە بۆ ئەوە لەبارن کە لە نێو ئەندامانی هۆزە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕینەوەی شتوومەك بکریٚ، ئەمە بۆ ئەوەی وەکو دامەزراوێکی هەمیشەیی بچەسپیٚ وگەشە بکات. لەپێشدا ئاڵوگۆڕ لە نێوان هۆزێك وهۆزێکی دیکەدا بە رێگای ردێن سپییەکانیانەوە دەکرا. بەڵام کاتیٚ کە جەڵەب بوونە موڵکی کەسێتی، شێوەی ئاڵوگۆڕ کردن تادەهات لە نێو کەسەکاندا، زاڵ دەبوو، تاکو لە دواییدا بووە تەنها شێوەی شتوومەك گۆڕینەوە. مەڕو ماڵات تاکە کاڵا بوو کە هۆزە شوانکارەکان لەگەڵ هاوسیٚکانیاندا دەیانگۆڕینەوە و بوو بەکاڵایەك بۆ نرخاندنی هەموو کاڵاکانی دیکەو لە هەموو جێگایەکدا بەدڵفرەوانی بەرامبەر بە کاڵاکانی دیکە وەردەگیرا، بەکورتی مەڕوماڵات جێگای پارەی گرتەوە و لەم قۆناغەدا رۆڵی دراوی دەگێڕا. ئەمەش پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییەی پەیدا بوونی کاڵایەکی تایبەتی بوو لە شێوەی پارەدا کە هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی شتوومەك گۆڕینەوەدا، وەکو پێویستییەکی یەکجار گەورە هاتە کایەوە.

زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە، دانیشتوانی ئاسیا لە قۆناغی نزمی بەربەریزمدا ئاشنای بێستانەوانی نەبوون، بەڵام لە قۆناغی ناوەنجی‌دا، نەك پاش ئەم قۆناغە، وەرزێری بەشێوەیەکی سەرەتایی، لەلایاندا سەری هەڵدا. بەهۆی کەشوهەوا لە پێدەشتەکانی تۆرانیرەکاندا، بەبیّ دابین کردنی ئالیك بۆ زستانی تووش و دووروودرێژ، ڕێگا بە ژیانی شوانکارەیی نادات، هەر لەپای ئەمەش بایەخدان بە لەوەڕ و تۆو وەشاندن کاری پێویست بوون وهەر دەبوو ئەنجام بەدرێن. هەمان قسەش لەمەڕ ئەو پێدەشتانەوە دەگوتریّ کە کەوتوونەتە باکووری دەریای ڕەشەوە، کە دانەوێڵە بۆ مەڕو ماڵات هاتەبەرهەم و پاش ماوەیەکی کورت بوو بە خۆراکی خودی مرۆڤ. زەوییە کێڵراوەکان وەکو موڵکێکی هۆز مانەوە، لەسەرەتا درانە خێڵ بۆ ئەوەی ڕەنێویان بهێنن، پاش ئەوە، خێڵ هەر بەخۆی دایانی بە کۆمۆنە ماڵیيەکان، لە دواییی‌دا درانە کەسەکان. جا ئەم کەسانەش لەوانە بوو هەندێك مافی دەست بەسەردا گرتنیان لە چنگ دا بووبیّ بەڵام ئەوەی هەڵنەبواردووە.

لەنێو دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغە لە بواری چالاکییە پیشەسازییەکاندا، تەنها دووانیان بایەخێکی یەکجار گرینگیان هەیە ئەوەش ئەمانەن، یەکەم، ئامرازی چنین، دووەم، داڕشتنی کانزاو میتاڵسازی، مس و تەنەکەو برونزی داڕێژراو گرنگترین میتاڵ بوون، زیو ئامرازی بەکەڵك و چەکی کاریگەری بەدەستەوەدا، بەڵام نەیدەتوانی جێگای ئامراز بەردینەکان بگرێتەوە، لەئاسن زیاتر هیچ توخمێك نەیدەتوانی بەم کارە هەڵبسیّ، جا لەڕاستی‌دا هێشتا نەیان دەزانی چۆنی دەربهێنن. هەورەها دەستیان بە بەکار هێنانی زێڕو زیو کرد بۆ جوانی وڕازاندنەوە، چونکە وەك پێدەچیّ، نرخێکی چاکتریان لەمس وبرونز پەیدا کردبیّ.

گەشە کردنی بەرهەمهێنان لە هەموو لقەکاندا – پەروەردە کردنی مەڕو ماڵات، کشتوکاڵ، پیشەماڵییەکان– توانایەکی بەهێزی بەکاری مرۆڤ بەخشی بۆ بەرهەمهێنانی چەردەیەکی زیاتر لەوەندەی کە بۆ بەردەوامی ژیانی پێویست بوون. لەهەمان کاتیشدا ڕادەی ئەو کارەی کە رۆژانە دەبوایە ئەندامانی خێڵ یا کۆمۆنەماڵییەکان یا خێزانی یەکلانە بیکەن زیادی کرد. پێویستی بەکارهێنانی هێزی تازە سەری هەڵدا. شەڕ ئەم هێزەی دەستەبەر کرد: دیلەکانی شەڕیان کرد بە کۆیلە. یەکەمین دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەکردنی خۆیدا، بەروبوومی کاری زیاتر کرد، واتە سەروەتوسامان، لەتەك ئەوەشدا پەرەی بە بووارەکانی بەرهمهێناندا، بەپێی تێکڕای هەلومەرجە مێژووەکان، کۆیلەتی وەکو پێویست بەدوای خۆیدا هێنا. لە یەکەمین دابەشبوونی کۆمەڵایەتی گەورەی کارەوە، یەکەمێن دابەشبوونی گۆمەڵگا بەسەر دووچینداا سەری هەڵدا : گەورەپیاوان وکۆیلەکان، چەوسێنەرو چەوساوەکان.

چۆن و چ کاتیّ جەڵەب لە موڵکی هۆز یا خێڵەوە بوو بە موڵکی سەرەك خێزانەکان ؟ لەوبارەیەوە ئێستاشی لەگەڵدا بیّ ئێمە هیچ شتێك نازانین. بەڵام ئەم گوێزانەوەیە لە بنەڕەتدا هەر دەبێت لەم قۆناغەدا ڕووی دابیّ. خاوەندارێتی جەڵەب و سەروەتە نوێیەکان شۆڕشێکیان لە خێزاندا بەرپا کرد. پەیدا کردنی هۆیەکانی بژێوی هەمیشە پیشەی پیاوبووە، هەر ئەویش شێوازە پێویستەکانی بۆ ئەم مەبەستەی دروست دەکرد وهەرخۆشی خاوەندی بوو. جەڵەبیش لە شێوازە نوێیەکانی وەگیر هێنانی هۆیەکانی بژێوی بوو. هەر دەبوایە پیاوان ماڵی–یان بکەن وپاشان چاوەدێری وپەروەردەیان بکەن. بەهۆی ئەمەشەوە مەڕو ماڵات هی ئەو بوون، هەروەها ئەو کاڵا و کۆیلانەی کە بەو سەرە مەڕانە دەیگۆڕینەوە هی ئەو بوون. هەروەها ئەو بەرهەمە زیادیانەی کە لە پەروەردە کردنی ماڵات پەیدا دەبوون هی پیاو بوون. ژنیش لە کەڵك وەرگرتن لەم زێدە بەرهەمە بەشدار دەبوو، بەڵام هیچ بەشێکی لە خاوەندارێتیدا نەبوو. (دڕندە)ی جەنگاوەر و ڕاوکەر بەوە ڕازی بوو کە لەماڵەوەدا، پاش ژنەکەی لەپلەی دووەمدا بێت ; بەڵام شوانکارەی (ناسك) بە پشت ئەستووری سامانەکەی، خۆی لە پلەی یەکەم دانا و ژنەکەی پاڵنایە پلەی دووەمەوە. ژنیش بۆی نەبوو بێزار بیّ وسکاڵا بکات، چونکە دابەش بوونی

کار له نێو خێزاندا،  بەشکردنی ماڵی، له نێوان پیاو وژندا، له ئەستۆ گرت، ئەم دابەشکردنەش هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئێستا هەموو ئەو پەیوەندیانەی بەرەواژ کردەوە، ئەوەش بە بڕوبیانووی ئەوەی کە، دابەش کردنی کار لە دەرەوەی خێزاندا بە جۆرێکی تر گۆڕاوە. هەمان ئەو هۆیەی کە کاتی خۆی وای لە ژنەکە کرد دەسەڵاتی خۆی لە ماڵەوەدا دەستەبەر بکات : واتە تەنها بەکارەکانی نێو ماڵەوە ببەسترێتەوە، هەر ئەم هۆیەش دەسەڵاتی پیاو لە ماڵەوە دەستەبەر دەکا: کاری ژنان له نێو ماڵدا بایەخێکی نەما بە پێوانەی کاری بەرهەم هێنەری پیاو، کاری پیاوان هەموو شتێك بوو بەڵام کاری ژنان تەنها پاشکۆیەکی پووچەڵەن. ئا ئەلێرەدا دەردەکەوێ کە ئازادی ژنان ویەکسانی مافەکانی لەگەڵ پیاواندا، کارێکی مەحاڵە، چ ئێستا وچ لەدوا رۆژدا، تاکو ژنان لەکاری بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی‌دا دوورخرابنەوە وبەکاری تایبەتی نێو ماڵ جلەوکێش کرابن. ئازاد بوونی ژنان تەنها لەکاتێکدا دێتە بەر، کە بتوانێ لە بووارێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان ولەبەرهەمهێناندا بەشدار بێت وتاکو ئەو کاتەی کە کاری نێو ماڵ ماوەییێکی کەم لە کاتەکەی داگیر بکات. ئەوەش تەنها بەهۆی میتالۆژییای هاوچەرخ و پیشەسازی گەورەوە دەشێ کە نەك هەر تەنها بە فراوانی ڕێگا بۆ کاری ئافرەت دەکاتەوە بەڵکو بە ئاشکرا پێویستی پێ هەیە و جار لە جار زیاتر تەلاشی ئەوەدەدا کە وەها لەکاری تایبەتی نێو ماڵ بکات ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا.

هەر کە دەسەڵاتی راستەقینەی پیاو لەماڵدا بتەو بوو، دوا لەمپەر لەبەردەم دەسەڵاتە ڕەهاکەی نسکۆی هێنا. نسکۆ هێنانی مافی دایکسالاری، خستنە گەڕی مافی باوکسالاری و گوێزانەوەی پلە بەپلە لە جووتە ژنومێردایەتییەوە بۆ تاکە ژنومێردایەتی، ئەم دەسەڵاتە ڕەهایەی پیاوی بتەوتر کرد وجاویدانیی پێ بەخشی. بەڵام ئەمە لەهەمان کاتیشدا بوو بە هۆی دروست بوونی کەلێنێك لە دامەزراوی کۆنی خێڵایەتیدا وخێزانی تاکە کەسی وەکو هێزێك هەڕەشەی لێ دەکردو بەرەو ڕووی قوت بۆوە.

هەنگاوی داهاتوو بەرەو قۆناغی باڵای بەربەریزمان دەبا، بەرەو قۆناغێك کە تیێدا سەرپاکی گەلە شارستێنەکان لە سەردەمی پاڵەوانێتی‌دا دەژیان، سەردەمی شمشێری ئاسنین وتەوری ئاسنین. ئاسن، کە دەستی بەخزمەت کردنی مرۆڤ کرد، گرنگترینی هەموو چەشنە کەرەستە خاوەکان بوو و ڕۆڵێکی شۆرشگێری لە مێژوودا گێڕاو دوا چەشنیشیان بوو، تاکو پەیدا بوونی پەتاتە. ئاسن ڕێگای خۆش کرد لەبەردەم کێڵانی کێڵگەیەکی پان وبەریندا وهەروەها یارمەتی هەڵکەندنی پانتایەکی چاکی دارستانەکانی‌دا بۆ کێڵانی زەوییەکەی هەروەها ئامرازەلێکی لەمست پیشەگەر نا کە ڕەقتر وتیژ تربن بەڕادەیەك نەبەردو نە هیچ میتالێکی ئەو سەردەمە ئەو بەرگری کردنەیان هەبوو. جا ئەمانە هەموو، لەپڕێك نەبوون بە کوڕێك، چونکە زۆر جاری وا هەبوو ئەو ئاسنەی دەدۆزرایەوە هێشتا لە برونز نەرمتر بوو، هەر لە بەر ئەوەش چەکە بەردینەکان بەکاوەخۆ لەناوچوون، نەك هەر لە گۆرانییەکەی (هێلدیبراند)دا بەڵکو لە شەڕی (هاستینگ)شدا، ساڵی 1066 تەوری بەردین بەکارهاتووە. بەبێ پاشگەزی پێشکەوتن زۆر بە خێرایی، بە دابڕانێکی کەم هەمیشە بەردەوام بوو. شار، کە بە دیوار و قوللە و ڕوانگەی بەردین تەنرابوو، خانووی بەردین و لە خشت دروستکراوی تێدابوو، بنکەی هۆز یا یەکگرتووی هۆزەکانی تێدابوو، ئەوەش پێشکەوتنێکی مەزن بوو لە هوونەری بیناسازی‌دا، لە هەمان کاتیشدا بەڵگەیە لەسەر مەترسییەکی ڕوو لە زیاد و پێویستییەکی زۆرە بۆ خۆپاراستن. سەروەتوسامان ڕوویان لە زیادبووندابوو بەڵام تەنها بۆ تاکە کەسانێك. چنین و ئاسنسازی و پیشەکانی تر بەرەبەرە لە یەکتر جیادەبوونەوە، بەرهەمهێنانیش رۆژ لە ڕۆژێ زیاتر هەمەجۆرو چاکتر دەبوو. وێڕای دانەوێڵە و پاقلەمەنی و میوە، کشتوکاڵ ئێستا ڕۆنی ڕووەك و مەی بەرهەم دەهێنرێ پاش ئەوەی خەڵکی فێری دروستکردنی بوون. ئەم چالاکییە جۆربەجۆرانە نەدەلوا تەنها کەسێك پێی هەڵبسێ، سەرئەنجام **دووەمین دابەشکردنی گەورەی**

**كار** ڕوویدا: پیشەگەر لە وەرزێر دابڕا. گەشەسەندنی بێ بڕانەوەی بەرهەمهێنان ولەتەکی‌دا بەرهەمهێنانی کار بەهای هێزی کاری مرۆڤی بەرز کردەوە، سا ئەگەر کۆیلایەتی لە قۆناغەکەی پێشوودا بە نوێی سەری هەڵدا بوو وسیمایەکی ڕووکەشی هەڵگرتبوو، ئێستا بوو بە بەشێکی پێکهێنەری ناوەڕۆکی لە دامەزراوی کۆمەڵایەتی‌دا. کۆیلەش وەکو یاریدەدەرێك نەمایەوە، بەڵکو بە دەیەها دەیانبردنە کارکردن لە کێڵگەو کار کۆگاکاندا. شانبەشانی دابەش بوونی بەرهەمهێنان بەسەر دوو لقی سەرەکی‌دا، کە وەرزێری وپیشەگەرییە، بەرهەمهێنان ڕاستەوخۆ لە پێناو بەیەکدی گۆڕینەوەدا دەردەکەوێ واتە بەرهەمهێنانی کاڵایی، لەتەك ئەوەشدا بازرگانی سەرهەڵدەدا، نەك لە نێو هۆز وسنووری هۆزدا بەڵکو لەگەڵ ئەو ولاتانەشدا کە دەکەونە ئەودیوی دەریاکانەوە بەلام هەموو ئەمانە هێشتا هەر سەرەتایین. میتالە بە نرخەکانیش دەبوونە کالای باو و بەربلاوتر دەبوون واتە دەبوونە دراو، بەلام هێشتا ئەم دراوانەیان لێ نەدەدا، بەڵکو تەنها بەپێی کێشو بارستاییەکەی شتوومەکیان پێ دەگۆڕییەوە.

شان بەشانی جیاوازییەکانی نێوان ئازاد وکۆیلەکان، جیاوازی لە نێوان داراو نەداریشدا دەردەکەوێ، چونکە دابەش بوونی نوێی کار دابەش بوونێکی نوێی کۆمەڵگای، بەسەر چیندا، بەدوادا دێت. جیاوازییەکانی خاوەندارێتی لە نێوان سەرەك خێزانە جۆر بە جۆرەکانی کۆمۆنەمالییە کۆنەکان لەهەر جێگایەکدا هەبن لە گرێژنەیان دەردێنێ. لەگەڵ لەناوچوونی ئەم کۆمۆنانە هاوبەشێتی کێلانی زەوی بەهەموو شێوازەکانیانەوە لەناو دەچن. ئەو زەوییانەی کە بۆ وەرزێری دەشێن یەکەم جار بۆ ماوەیێکی کورت دەدرێنە خێزانی یەکلانە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن، پاشان بۆ هەمیشە دەیاندرێتێ. گوێزانەوەی ئەم زەوییانە بۆ خاوەندارییەکی تەواو و تایبەتی پلەبەپلە لە ئان وساتێکدا لەگەڵ گوێزانەوە لە جووتە ژنومێردایەتییەوە بۆ تاکە ژنومێردایەتی‌دا دێتە دی. خێزانی یەکلانەش دەبێتە یەکەی ئابوری لە کۆمەڵگادا.

زیاد بوونی چڕی دانیشتوان یەکانگیرییەکی پتر دەسەپێنێ چ لەناوخۆو چ لە ڕووی جیهانی دەرەوەدا. لە هەموو جێگایێکیشدا یەکگرتنی ئەو هۆزانەی کە بەخزمایەتی پەیوەستن دەبێتە کارێکی یەکجار پێویست، ئاوێتە بوونیان لەیەکدیدا و ئاوێتە بوونی ناوچەی هۆزەکان لە زەویەکی هاوبەشدا زۆر بە خێرایی دەبێتە پێویستی بۆ سەرپاکی گەل. سەرلەشکری گەلیش (basileus، rex،thiudans باسیلیوس، ڕێکس، تیودانس) دەبێتە فەرمانبەرێکی پێویست وهەمیشەیی. کومیتەی گەلیش کە تاکو ئێستا نەبوو پەیدا دەبێت. سوپاسالار، کومیتە، کومیتەی میللی، ئەمانەن دەستەکانی کۆمەڵگای خێڵایەتی کە پەرەیان سەندو بوونە دوو فرمانی ڕێکخراوی هەمیشەیی لە ژیانی گەلدا. سەروەتوسامانی دەروداوسێکان چاو برسێتی وچڵێسی دەورووژێنن لەلای ئەو گەلانەی کە پێدەچێ سەروەت وسامان وەگیر هێنان یەکێك بێ لەهەر گرنگترین ئامانجەکانی ژیانیاندا. ئا ئەوانە بەربەرن : ڕاو وڕووتیان لەلای ئاسانترو تەنانەت بەشەرفترە لەکاری بەرهەمێنەر. جەنگیش کە لە پێشدا خۆیان لەقەرەی نەدەدا تەنها مەگەر بۆ تۆڵە سەندنەوە لەدەست درێژی کردن یاخود بۆ فراوان کردنی پانتایی ئەو زەوییانەی کە بەشی نەدەکرد، ئێستا تەنها لە پێناو دزی وڕاو و ڕووتکردن دەجەنگن وبووەتە پیشەیەکی هەمیشەیی. ئەو شوورە ترسناکانەی کە لە دەوری شارە پارێزراوە تازەکاندان بە خۆڕایی هەڵنەچنراون، لەسەنگەرەکانی‌دا گۆڕی سیستمی خێڵایەتی دەمی بەش کردۆتەوە، قوللەکانیشی بەرەو ژیاری درێژ بوونەتەوە. هەمان شتیش لە نێو کۆمەڵگادا ڕوودەدا. شەڕی ڕاووڕووت دەسەلاتی سوپاسالاری بالاو دەسەلاتی ئەوانی بن دەست بەهێزتر دەکا. هەلبژاردنی پێشینەکانیان بەزەبری نەریت لەهەمان خێزاندا، نەختە نەختە، بەتایبەتی لەپاش جێگیر بوونی مافی باوکسالاری، دەبێتە دەسەلاتێکی بۆماوەیی و لەسەرەتادا چاوەڕوانی دەبن، پاشان داوای دەکەن، لەدواییدا داگیری دەکەن، بەردی بناغەی دەسەلاتی خاوەندارێتی بۆماوەیی و بناغە

ئوروستوكراتییە بۆ ماوەییەكان دادەنرێن. بەم شێوەیە دەستەكانی دامەزراوی خێڵایەتی پلەبەپلە رەگوڕیشەیان لەنێو گەلدا، لەخێڵدا، لەفراتریدا، لە هۆزدا، هەڵدەكێشرێن وسەرپاكی دامەزراوی خێڵایەتی بۆ دژەكەی دەگۆڕێ: لە رێكخستنی هۆزەكانەوە بۆ بە ئازادی بەرێوەبردنی كاروباریان دەگۆڕێتە ڕێكخراوێك بۆ دزی وچەوسانەوەی دەر و دراوسێ، بەپێی ئەوەش دەستەی رێكخراوەكانیان لە ئامرازێكەوە كە لە ویست وئیرادەی گەلەوە هەڵقولاون دەبنە چەند دەستەیەكی سەربەخۆ بۆ كۆنترۆڵ وسەركوتی، كە دژ بە خودی گەلەكەی ئاراستە كراو بێ. بەلآم رۆژێك لە رۆژان ئەمە ڕووی نەدەدا ئەگەر چاوبڕینە سەر سەروەت وسامان، ئەندامانی خێڵی بۆ دەوڵەمەند و هەژار لێك جیا نەكردبایەوە، ئەگەر (جیاوازی موڵك لە نێو خێڵەكەدا یەكانگیری بەرژەوەندییەكانی نێو ئەندامانی خێڵی، نەكردبایە بە دوژمنایەتی)(ماركس)(160)، ئەگەر تەشەنە كردنی كۆیلایەتی ئەوەی لە دوودا نەبوایە كە وەها لەكار كردن، بۆ وەگیر هێنانی هۆیەكانی ژیان، نەكردبایە كە تەنها لە كۆیلە بوەشێتەوەو بۆ خەڵكی تر، لە دزی وراڕووت، نەنگ تر بێ.

* * *

لێرەدا گەیشتینە شیپانەی قۆناغی ژیاریی. ئەمەش بە هەنگاوێكی نوێی ڕووەو پێشەوە لەدابەشبوونی كاردا ئاوەلآ دەبێت. لە نزمترین پلەیدا، خەڵكی تەنها بۆ هێنانەدی ڕاستەوخۆی پێداویستی تایبەتی خودی خۆیان بەرهەمیان دەهێنا. پرۆسەكانی گۆڕینەوە زۆر دەگمەن بوون، تەنها ئەو بەرهەمە زێدانەی دەگرتەوە كە بە رێكەوت زیاد دەبوون. لەقۆناغی ناوەنجی بەربەریزمدا دەبینین كە مەڕو مالآت لەلای گەلە شوانكارەكاندا، لای ئەو كەسانەی كە ڕایان دەگرت، ڕانەكە بەهۆی زاوزێ هەمیشە لەزیادبوون دابوو، بە چەشنێك كە لە پێویستیی تایبەتی زیاد دەبوو. لەهەمان كاتیشدا، دەبینین كە دابەشبوونی كار لەنێوان گەلە شوانكارەكاندا لەگەڵ هۆزە دواكەوتووەكاندا ئەوانەی كە مەڕومالآتیان نەبوو، بوو بەهۆی درووستبوونی دوو قۆناغی جیاواز لەبەرهەمهێناندا، كە شان بەشانی یەكترن، ئەمەش زەمینەیەكی لەبار و هەلومەرجێكی ڕەخساوی هێنایەكایەوە بۆ ئالوگۆڕكردن بەشێوەیەكی ڕێكوپێك. لە قۆناغی بالآی بەربەریزمدا دابەشبوونێكی نوێی كار لە نێوان وەرزێری وپیشەگەریدا دروست بوو واتە بەرهەمهێنانی بەشێكی هەمیشە زیاد لە بەرهەمی كارەكە بەمەبەستی ئالوگۆڕكردنێكی راستەوخۆ، كەواتە ئالوگۆڕ كردن لەنێوان بەرهەمهێنەرە جۆراو جۆرەكاندا بۆ كۆمەڵگا دەبێتە یەكێك لەپێداویستیییەكانی ژیان. قۆناغی ژیاریی، هەڵدەسێ بە سەقامگیر كردن و بەجۆشكردنی هەموو شێوە لەمێژینەكانی دابەشكردنی كار، هەروەها رێگا لەڕووی ساودانی دژایەتی نێوان شارو دێدا خۆش دەكا ( دەبێت ئەوەش بزانین كە بۆی هەیە لە ڕووی ئابورییەوە شار بەسەر لادێدا زاڵ بێ، وەك لە سەردەمە كۆنەكاندا وەها بوو، یاخود لادێ بەسەر شاردا زاڵ بێ، وەك لە سەدە ناوەنجییەكاندا وەها بوو )، ژیاریی، جۆری سیهەمی دابەش كردنی كاری هێنایەكایەوە، كە تەنها مۆركی خۆی پێوەیە وبایەخێكی یەكالآ كەرەوەی هەیە : چینێك كە لەبەرهەم هێناندا بەشداری ناكا، بەڵكو تەنها بەرهەمەكان ئالوگۆڕ پێدەكا، –ئەوەش چینی **بازرگانانە** . تا ئێستا، هەموو ئەو هۆیانەی كە لەسەرهەڵدانی چینەكاندا ڕۆڵیان دەگێڕا، هەمیشە بە بەرهەمهێنانەوە گرێ درابوون، ئەو كەسانەش كە لە بەرهەمهێناندا بەشدار دەبوون جاری واهەبوو وەكو سەركارێكی دەستڕو دەردەكەوت یا خود لە سنوورێكی پان وبەریندا بەرهەمی دەهێنا یاخو لە سنوورێكی بەرتەسكدا. لێرەدا بۆ یەكەمین جار چینێك پەیدا دەبێت كە بەهیچ شێوەیەك بەشداری لە بەرهەم هێناندا ناكا بەلآم جڵەوی بەرێوەبردنی بەرهەمهێنانی بەتەواوەتی لەدەست دایە ولە ڕووی ئابورییەوە ملی بەهەموو بەرهەم هێنەرەكان داوە ودەبێتە پردێكی پێویست لەنێوان دوو بەرهەمهێنەر و هەردووكیش بەیەكەوە دەچەوسێنێتەوە. بەبڕو

بیانووی دوورخستنەوەی بەرهەمهێنەرەکان لە زەحمەت وتەنگ و چەڵەمە و مەترسیی ئالۆویرکردن و بە بیانووی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەبەربلاوی وگەیاندنی بەدوورترین بازارەکان، بەمەش دەبنە چینێك کە گوایا لەهەموو چینەکانی دیکە بۆ گەل پێویستترن. چینێکی موشەخۆر دروست دەبێت، چینێك لەتەمەڵ وتەوەزەلی ڕاستەقینە کە سەرتۆیژی بەرهەمهێنانی میللی وبیانی پێکرا، وەکو پاداشتێك بۆ ئەو خزمەتانەی دەیانکا، کە لە ڕاستیدا زۆر پڕو پووچن، دەماشێتەوە، زۆر بە خێراییش سامانێکی یەکجار زۆرو زەوەند پێکەوە دەنێ، جگە لەو دەسەڵاتەی کە بەهۆیەوە پەیدای دەکا، لەپای ئەمەشەوە لە چاخی ژیارییدا پلەو پایەیێکی پڕ ڕێزو بەرز داگیر دەکا کە بەردەوام مەزنتر دەبێت و جارلەجاریێ زیاتر مل بە بەرهەمهێنان دەدا، تاکو لە دوا قۆناغدا بەرهەمێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست دەکا، مەبەستمان لە قەیرانە خول بە خولەکانی بازرگانییە.

چینە بازرگانەکان کە لەم پلەیەی پەرەسەندندا، کە ئێمە باسی لێوەدەکەین، گەشەدەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە بارەی ئەو شتە گەورانەی کە لە دوا رۆژدا چاوەڕوانیان دەکا، بزانن، بەڵام ئەو خۆی هەر دروست دەکا ودەبێتە پێویستییەك، جا ئەمەش بەسە. لەگەڵ خۆیدا **پارەی ئاسنین** دەهێنێتە کایەوە، پارە لێدراو ، لەگەڵ پارەی ئاسندا شێوازێکی نوێی کۆنترۆڵی نابەرهەمهێنەرەکان بەسەر بەرهەمهێنەرەکان وبەرهەمەکانیاندا سەرهەڵدەدا. کالای هەموو کالاکان دۆزرایەوە، ئەو کالایەی کە بە پەنهانی هەموو کالاکانی دیکەی شاردەبۆوە، ئەو تەڵەسمەی کە بەپێی ئارەزوو دەیتوانی ببێتە هەموو شتێك کەحەزو ئارەزوویبچێتیێ. ئەوەش کە لە دەستیدا بوایە، بەسەر جیهانی بەرهەمهێناندا زاڵ دەبوو. کێ لەهەموو کەس زیاتری هەبوو؟ بازرگان. کە پارە پەرستی لەمستیدا دڵنیابوو. ئەوەی لە ئەستۆدا بوو کە خەڵکی تێبگەن کە دەبێت هەموو کالاکان و هەموو بەرهەمهێنەرەکان بە ئاشکرا و لەناو خۆڵدا بەچۆك دابێن و کوڕنووش بۆ پارە بەرن. ئەوەشی بە پراکتیك سەلماند کە هەموو شێوەکانی دیکەی سامان تەنها سووکە نساریکن لە بەردەم ئەم شێوەیە، لە بەرجەستە کردنی ساماندا. دەسەڵاتداریێتی پارە رۆژێك لە رۆژان بۆ دووەمین جار بەم بێ بەزەیی وتوندو تۆڵییە سەرەتاییە دەرنەکەوتەوە کە لە سەردەمی لاوێتیدا پێی دەرکەوت. پاش کڕینی کالاکان بە پارە، پارە بە قەرزدان هاتەکایەوە ولەتەکیدا ڕێژەی سەدی قازانج وسووخۆری دەرکەوتن. لەیاساکانی سەردەمە ئایندەکاندا هیچ یاسایێك قەرزداری تووڕ نەدایە بەر خاك وپای خاوەن قەرزی سووخۆر وەك ئەو بێبەزەیی ودڵرەقانەی کە لە یاساکانی ئەسیناو رۆمانی کۆندا هەبوون، جا لەراستیدا ، ئەم یاسایە بە شێوەیەکی خۆڕسك وخۆ بەخۆ لە ئەسیناو لە رۆمادا، تەنها وەکو دابونەریتێك و بە زەبری پێداویستی ئابوری سەری هەڵدا.

شان بەشانی سامانی کالاو کۆیلە ولەتەك سامانی داراییدا، سامانی زەویوزاریش پەیدا بوو. مافی خەڵکی لە موڵکداریێتی ئەو پارچە زەوییانەی کە لە سەرەتا خێڵو هۆز بۆی تەرخان کردبوون ئێستا بە ڕادەیەك بنجی داکووتا کە ئەم پارچە زەوییانە وەکو موڵکێك بەمیرات بەدەستیانەوەیە. لەم دوادواییانەدا هەموو هێزو گوڕییان خستە کارەوە بۆ ئەوەی ئەو پارچە زەوییانە لەو مافانە ڕووت بکەنەوە کە کۆمۆنەی خێڵایەتی بەسەریاندا هەیبوو وببوە کۆسپ ولە بەردەمیاندا قوت ببۆوە. لەگەڵ ئەوەی کە لەم کۆسپ وتەگەرانە دەرباز بوون، کەچی بە خێرایی لە خاوەنداریێتی تازەی ئەو زەوییانەش دەست بەردار بوون. خاوەندارییەتی تەواو وئازادی زەوی تەنها لەوەدا نییە کە بەبێ کۆسپ وتەگەرە بەخاوەن بکرێ ، بەڵکو لەوەش دایە کە بتوانری دەستی لێ بەر بدرێ. کاتێ زەوی موڵکی خێڵ بوو ئەمە نەدەلوا. کاتێ کە خاوەنی تازەی زەوییەکە بۆ هەمیشە کۆسپ وتەگەرەکانی خاوەندارییەتی بالای خێڵو هۆزی لەبنەوە دەرهێنا، ئەوا ئەو کاتە ئەو بەندیوارانەشی بڕییەوە کە بە توندوتۆڵی بەزەوییەکەوەی گرێ دابوو. ئایا بۆ ئەو، ئەوە چی دەگەیاند، ئەوەی دەگەیاند کە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەندارییەتی تایبەتی زەوی، پارە دێتە گۆڕێ. چونکە لە ئێستا بەوەلاوە، بۆی هەبوو زەوی وزار ببێتە کالایەك

وبفرۆشرێ و بارمتە بکرێ. هەر کە خاوەندارییەتی زەوی پەیدا بوو بارمتەی زەویش داهێندرا (بڕواننە ئەسینا). هەر وەك چۆن پەیدا بوونی هیتیرزم وسۆزانی جێ پێی تاکە ژنومێردایەتی هەڵدەگرن، هەر بەو شێوەیەش بارمتە کردنی زەویش لە ئێستا بەدواوە بەبەردەوامی دەکەوێتە دووی خاوەندارییەتی زەویدا. جا خاوەندارێتی تەواو و ئازادی زەویتان دەویست، کە بتوانن بیفرۆشنەوە، کەواتە بۆ خۆتانی بەرن، ئەوەتانێ لەبەر دەمتاندایە وبۆ ئێوەیە: George Dandin !،tu I' as voulu (50پ)

بەم شێوەیە، لەگەڵ فراوان بوونی بازرگانیدا، لەگەڵ پەیدا بوونی پارە وسووخۆریدا و لەگەڵ خاوەندارێتی زەویی و بارمتەی زەویدا، سامان زۆر بە خێرایی لەچنگ چینێکی کەمدا گیریخواردو چەقی بەست، هەر وەك چۆن لەهەمان کاتیشدا بڕی هەژاران و ژمارەی کەمدەرامەتەکان زۆر زێتر بوو. ئوروستۆکراتییەتی دەوڵەمەندی نوێ، هەر لەسەرەتاوە، کاتێ کە لەگەڵ سەرگەورەی خێلەکان ناتەبابوو، بۆ هەتا هەتا نایە لاوە ( لەئەسینا و رۆما ولەلای ئەڵمانەکان ). شان بەشانی ئەم دابەشکردنەی ئازادەکان، بەپێی سامانەکانیان، بەسەر چەند چینێکدا ، ژمارەی کۆیلەکان یەکجار زیادی کرد(51پ) بەتایبەتی لە گریکدا، چونکە بێگاری بەردی بناغەی ڕاگرتنی سەرپاکی سەرخانی کۆمەڵگا بوو.

با بزانین لە ڕەچە رێی ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەدا بەسەرهاتی دامەزراوەکانی خێڵ چ بوو. دامەزراوەکانی خێڵایەتی دەستەوەستان بوون بەرامبەر ئەو توخمە نوێیانەی کە، بەبێ بەشداری کردنی ئەو، نەشونمایان کردوو پەرەیان ئەستاند. یەکە مەرجی لە ئارادا بوونی ئەو بریتی بوو لەوەی کە ئەندامانی یەك خێڵێك یا تەنانەت هۆزێك پێکەوە لە زەوییەکدا گوزەران بکەن و تەنها ئەوانیش تێیدا نیشتەجێ بن. ئەم بارو دۆخەش دەمێك ساڵە لەناو چووە. چونکە لە هەموو جێگایێکدا خێڵەکان وهۆزەکان تێکەڵ بوون: لەهەموو شوێنێکدا کۆیلەو پەناهەندە و بێگانەکان پێکڕا لە نێو ئازادەکان دەگوزەران. سەقامگیری نیشتەجێ بوون، کە تەنها لە دوادواییەکانی قۆناغی ناوەنجی بەربەریزمدا هاتەدی، زۆر جار کەوشەن شکێن دەکرا بەهۆی ئەو گۆڕانانەی کە بەهۆی چالاکی بازرگانی وسیمای کارکردن و گواستنەوەی خاوەندارێتی زەوییەکان بەسەر دانیشتوان و جێگای نیشتەجێ بووندا دەهاتن. ئەندامانی خێڵ چیتر لە توانایاندا نەما کە تەنیا بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی کاروبارە هاوبەشەکانی خێڵ کۆببنەوە، تەنها مەگەر بۆ چەند کاروبارێکی گەن و پڕوپووچ، وەکو نەریتە ئایینییەکان، کە بە شێوەیەکی هاوبەش هەرچۆنێك رێك کەوتبا بەرێوەیان دەبرد. شان بەشانی پێداویستییەکان و بەرژەوەندییەکان کە دەبوایە یەکە ئابوورییەکان دەستەبەریان بکەن وخۆیان بۆ ئەو مەبەستەش سازدابوو، لە هەلومەرجی بەرهەمهێناندا و لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتن، وەرچەرخان بوو بەهۆی سەرهەڵدانی پێداویستی و بەرژەوەندییەکی نوێی، کە نەك هەر تەنها بۆ دامەزراوە کۆنەکانی خێڵ نامۆو نەناس بوون بەڵکو لە هەموو لایەنەکاندا دژایەتیشیان لەگەڵدا دەکرد. بەرژەوەندی کۆمەڵە پیشەگەرییەکان کە بە هۆی دابەشبوونی کار سەریان هەڵدا و پێویستییە تایبەتییەکانی شار کە ئاوەژووی ئەوانی لادێن، خوازیاری دامەزرانی دەزگای نوێ بوون، بەڵام هەر یەك لەم کۆمەڵانە لە ئەندامانی هەمەجۆری خێڵو فراتری وهۆز پێکهاتبوون، تەنانەت بێگانەشیان لەگەڵدا بوون. لەپای ئەمەشدا دەبوایە ئەم دەزگایانە لە دەرەوەی رێکخستنی خێڵەکاندا، شان بەشانی خێڵەکان ولە دژ ی ئەواندا دروست بن. لەهەر یونتێکی خێڵەگەریدا، ئەم بەگژ یەکداچوونەی بەرژەەندییەکان لەلای خۆیەوە زەق دەبۆوە تا دەگەیشتە لووتکەی تووندوتیژی چونکە دەبوایە دەوڵەمەند و هەژار، قەرزدار وخاوەن قەرز، لەهەمان خێڵو هەمان هۆزدا یەکدیگرین. سەرباری ئەوانەش جەماوەری خەڵکە تازەکان، ئەوانی کە لە یەکە خێڵگەرییەکاندا بێگانە بوون، ئەم جەماوەرەش وەکو چۆن کە لە رۆمادا بوو، بۆیان هەبوو ببنە هێزێك لەوڵاتدا، جگە لەوەی کە ژمارەیان یەگجار

زۆر بوو، بەئەندازەیەك كە نەیان دەتوانی نەختە نەختە ئاوێتەی ئەو خێڵو هۆزانە بن كە لەسەر خزمە خوێنیّ دروست ببوون. لە ڕووی ئەم جەماوەرەدا یەكە خێڵایەتییەكان وەكو دەزگایەكی كلۆمدراو و خاوەن ودمی تایبەتی پێوەدرابوون. دیموكراسییەتی خۆرسك وسەرەتایی، بوو بە ئورۆستۆكراتییەكی ئێسك گران. – لە كۆتاییدا : سیستمی خێڵایەتی لە كۆمەڵگایەكدا سەری هەڵدا بوو كە ئاشنای هیچ دژایەتییەكی ناوخۆ نەبوو و تەنها بۆ ئەم كۆمەڵگایە خۆی گونجاندبوو. هیچ كەرەسەیەكی سەركوتگەری جگە لە ڕای گشتی بە دەستەوە نەبوو. بەڵام لێرەدا، كۆمەڵگاییێك سەری هەڵدا كە بە زەبری بارو دۆخە ئابورییەكەی، دەبوایە بەسەر ئازاد و كۆیلەدا هەروەها بەسەر چەوسێنەری دەوڵەمەند و چەوساوەی هەژاردا دابەش بیّ–، كۆمەڵگایەك نەیدەتوانی سەر لەنوییّ ئەم ناكۆكییانە كوك بكاتەوە، نەك هەر ئەوەندەش بەڵكو دەبوایە بەرە بەرە بیئاڵۆسكێنیّ. ئەم كۆمەڵگایەش لە گرمەی ململانیەكی ئاشكرای بیّ پسانەوەی نێوان ئەم چینانە نەبوایە، نەدەژیا، یان دەبوو بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزی سێهەم كە لە ڕوواڵەتدا لە سەرووی چینە بەگژ یەكداچووەكاندایە و زۆران–ە ئاشكراكانیان سەركوت دەكاو ورێگا بە زۆرانبازی چینایەتی لانی زۆر لە بواری ئابوری‌دا دەدا، ئەویش بە شێوەیەك كە شێوەی یاسایی پێی دەڵێن. دامەزراوە خێڵایەتییەكان رۆژگاری خۆیان بەسەر برد، دابەش بوونی كار وئەنجامەكەی كە دابەشبوونی كۆمەڵگایە بەسەر چینەكاندا تێك وپێكی شكاند و**دەوڵەت** جێگای گرتەوە.

* * *

لەوەپێش بەدرێژایی، ئەو سیّ شێوەیەمان خوێند كە تییاندا دەوڵەت لە سەر دراوپەردووی دامەزراوی خێڵایەتی‌دا سەرهەڵدەدا. ئەسینا شێوە كلاسیكییە بیّ گەردەكەیەتی : لێرەدا دەوڵەت ڕاستەوخۆ وبە زۆری لە نێو دژایەتییە چینایەتییە پەرگرتووەكادا، لەناخی خودی كۆمەڵگای خێڵایەتیدا سەر دەردێنیّ. لە رۆمادا كۆمەڵگای خێڵایەتی دگۆڕێتە ئورستۆكراتیەكی داخراو كە توێژێكی ژمارە زۆری (plebs) رەشۆك لە دەرەوەی كۆمەڵگادا، لیّ كۆبۆتەوە، لە هەموو مافێك بیّ بەشن وئەركێكی زۆریشیان بەسەرشانەوەیە، سەركەوتنی چینی رەشۆك، دامەزراوی كۆنی خێڵایەتی لەناو دەبا و لەسەر داروپەردووەكەیدا دەوڵەت پێكدەهێنیّ كە زۆر بە خیرایی ئورستوكراتییەتی خێڵەگەری و چینی رەشۆك پێكڕا تێدا دەتوێتەوە. لە كۆتایدا لەلای ئەڵمانەكاندا كە بەسەر ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی‌دا زاڵ بوون، دەوڵەت وەكو ئەنجامێكی ڕاستەوخۆی داگیركردنی زەوی وزاری غەیرە سەرهەڵدەدا، سیستمی خێڵایەتی هیچ شێوازێكی بەدەستەوە نییە كۆنترۆڵی پیّ بكات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم داگیر كردنە، نە بە هیچ خەباتێكی ڕاستەقینە دژ بە نیشتەجیّ كۆنەكانەوە گریّ دراوە، و نە بە دابەشكردنێكی باڵای كاریشەوە بەندە، لەبەر ئاستی پەرەسەندنی ئابوری لەلای گەلە سەركەوتووكە و لەلای ژێر كەتووەكەدا هەر یەكن، لەبەر ئەوەش بناغەی ئابوری كۆمەڵگا هەر وەكو خۆی دەمێنیّ، ئەوە ئەو سیستمە خێڵایەتییە كۆنە، بەدەسكاری تێداكردن و ناوچەگەری لە دامەزراوی مارك–دا دەتوانیّ بمێنیّ وچەندەها سەدە هەر بەردەوام بێت، تەنانەت بۆ ماوەییێكیش بە شێوەیەكی كزو لاوازتر، لەخێڵە خانەدانەكان و خێزانە باتریسییە–كانی ئایندە، یا تەنانەت لە خێڵە وەرزێرەكاندا، وەك بۆ نموونە لە (دیتمارشن )دا(52پ

بەم شێوەیە، دەوڵەت، هەرگیز، هێزێك نییە كە لە دەرەوەی كۆمەڵگادا بەسەری‌دا بسەپیّ. هەروەها دەوڵەت (بەرجەستەی بیری رەوشتگەری) نییە، ( وێنەو بەرجەستەی مێشكیش) نییە وەك هیگل دەڵیّ (162). دەوڵەت بەرهەمی كۆمەڵگایە لە پلەیەكی دیاری كراوی پەرەسەندنی‌دا، دەوڵەت پەردە لادانە لەسەر واقیعی ئەوەی كە ئەم كۆمەڵگایە كەوتۆتە گێژەنی ناكۆكیەكەوە لەگەڵ خودی خۆیدا وناتوانی چارەسەری بكات، لەسەر واقیعی ئەوەی كە ئەم كۆمەڵگایە دابەش بووە بەسەر چەندەها دژایەتی تێك ئاڵۆسكاو و توانای ئەوەی نییە

لێیان دەرباز بێ. جا بۆ ئەوەی ئەم لێکدژانە، واتە ئەم چینانەی کە خاوەن بەرژەوەندی ئابوری لێکدژن، لە خەباتێکی لەبن نەهاتوودا، یەکدی و کۆمەڵگا هەڵ نەلوشن، ئەوا دەبێت هێزێك بێتەکایەوە لە ڕوواڵەتدا لە سەرووی کۆمەڵگادا دەوەستێ، هێزێك کە ئەو بەیەکدادانە سووکتر دەکاو دەیخاتە چوارچێوەی (ئۆرگنیزەکردنەوە Ordnung). ئەم هێزە کە هەر لە کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە سەرووتر دادەنێ و جارلەجار زیاتر لێی دادەبڕێ، بریتییە لە دەوڵەت.

لە براووردکرنی لەگەڵ ئۆرگانە کۆنەکانی خێڵایەتیدا، دەوڵەت بەمانەی خوارەوە خۆی جیا دەکاتەوە، یەکەم، دەوڵەت **بە پێودانگی ناوچە** هاوڵاتییەکانی دابەش دەکا. یەکە کۆنەکانی خێڵایەتی، کە بەهۆی خزمە خوێنییەوە سەریان هەڵداو بەردەوام بوون، وەك لە پێشدا بینیمان، چیدی نەدەلوان، چونکە بەپلەی یەکەم مەرجی لەئارادا بوونی، کە بریتییە لە گرێدانی ئەندامانی خێڵ بە پارچە زەوییەکی دیاری کراوەوە دەمێك ساڵە لە ئارادا نەماوە. زەوییەکە مایەوە، بەڵام خەڵکەکە دەجووڵان. دابەش کردنی زەویش لەسەر بنچینەی هەرێمایەتی، بوو بە خاڵی دەستپێکردن، ڕێگای بە هاوڵاتیاندا بۆ ئەوەی کار بە مافەکانیان وئەرکە گشتییەکانیان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە بەبێ لەبەر چاوگرتنی خێڵ و هۆزەکانیان نیشتەجێ دەبوون. ڕێکخستنی هاوڵاتییان بە پێی جێگای نیشتەجێ بوونیان لەهەموو وڵاتاندا کاری پێدەکرێ. لەبەر ئەوە بە لای ئێمەوە زۆر ئاساییە. کەچی بینیمان چ خەباتێك توندو درێژخایانی ویست پێش ئەوەی بتوانرێ لە ئەسیناو لە ڕۆمادا جێگای ئۆرگانە خێڵایەتییەکان بگرێتەوە .

دووەمین سیمای جیاکاری بریتییە لە دامەزراندنی **دەسەڵاتی گشتی** کەچیتر ڕاستەوخۆ نەدەگونجا لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە خۆبەخۆ خۆیان لە هێزێکی چەکداردا ڕێکخستبوو. ئەم دەسەڵاتە جیاکارە گشتیەش پێویستە چونکە ڕێکخراوێکی چەکداری سەربەخۆی دانیشتوان لەوەتەی کە کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا دابەش بووە کارێکی مەحاڵە. کۆیلەکان بەشێکیان لە دانیشتوان پێك دەهێنا. بەرامبەر بە 365000 کۆیلە، هاوڵاتیانی ئەسینا کە 90000 کەس بوون هەر دەبوایە چینێکی بە ودم بن. سوپای میللی لە دیموکراسییەتی ئەسینادا دەسەڵاتێکی ئوروستوکراتی گشتییان دژ بە کۆیلەکان پێك دەهێنا وئیشی ئەوە بوو کە ملکەچی ولارەملییان دەستەبەر بکات. بەڵام وەکو لەمەو بەر بینیمان وگوتمان دەبوایە، بۆ دەستەبەر کردنی ملکەچی و ژێر دەستی هاوڵاتییان ژاندارم–یش هەبن. ئەم دەسەڵاتە گشتییەش لە هەموو دەوڵەتێکدا هەیە، تەنها لە چەکدار پێك نایێ، بەڵکو تەواوکەریشیان هەیە، وەکو بەندیخانە وجۆرەها دامەزراوی سەرکوتکەری کە لە پێشدا کۆمەڵگای خێڵایەتی پێیان ئاشنا نەبوو. ئەم دەسەڵاتە گشتییەش بۆی هەیە زۆر پروپووچ بێ وبەرچاو نەبێ، لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا دژایەتییە چینایەتییەکان هێشتا پەرەیان نەسەندبێ، هەروەها لە ناوچە دووردەستەکانیشدا، وەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە لێرەو لەوێ بەدییان دەکەین. بەوەندەی کە ناکۆکییە چینایەتییەکان لە نێو دەوڵەتدا بەجۆشتر دەبن، وبەوەندەی کە دەوڵەت بەرفرەوانترو ژمارەی دانیشتوانی پتر دەبێت، بەو ئەندازەیەش دەسەڵاتی گشتی بەهێز تر دەبێت. لانی کەم بڕوانە ئەوروپای ئێستا کاتێ کە خەباتی چینایەتی وپێشبڕکێ لەسەر داگیر کردن چۆن دەسەڵاتی گشتی بەئەندازەیەك بەرز کردۆتەوە کە هەڕەشەی هەڵ لوشینی تێکڕای کۆمەڵگا دەکا وخودی دەوڵەتیشی دەگەڵ دابێ.

بۆ یاریدەدانی ئەم دەسەڵاتە گشتییە، دەبێت هاوڵاتییانیش بەشداری بکەن، واتە دەبێت **باج** بسێندرێ. کۆمەڵگای خێڵایەتی بەهیچ شێوەیەك ئاشنای باج نەبوو. بەڵام ئێمە ئێستا زۆر بە چاکی ئاشنای بووین. جا بەهۆی پەرە ئەستاندنی شارستانێتی، باجیش بەش ناکا، دەوڵەت قەواڵە بە قەرز و بۆ دوارۆژ دەبەستێ، واتە **قەرزەکانی دەوڵەت**. لەم بوارەشدا پیرە ئەوروپا زۆری پێیە.

فەرمانبەرەکان، کە خاوەن دەسەڵاتی گشتین و مافی باج ئەستاندنیان لەدەست دایە، سەبارەت بەوەی کە لە دەزگاکانی کۆمەڵەن، دەکەونە **سەرووی** کۆمەڵگاوە. ئەو ڕێزەی کە بەئازادی وسەربەخۆیی لە دەزگاکانی کۆمەڵگای خێڵایەتی دەگیرا، خۆ ئەگەر بشتوانن پەیدای بکەن، تاسەیان پێ ناشکێ. ئەمان کە دەسەڵاتێکیان لەدەست دایە بەرە بەرە لە کۆمەڵگادا نامۆ دەبێت، دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن کە چەند یاسایەکی نا ئاسایی لەبۆ خۆیان داڕێژن کە بە هۆیەوە پلەو پایەیەکی تایبەتی پیرۆزو دوور لەدستدرێژی پەیدا بکەن. چەپەڵ ترین پۆلیسی دەوڵەتی شارستانی (دەسەڵات)ێکی ئەوتۆی هەیە کە لە سەرووی دەسەڵاتی تێکڕای دەزگاکانی کۆمەڵگای خێڵایەتی دایە. کەچی بەهێزترین پادشاو گەورەترین پیاوی دەوڵەت، یا سەرکردەیەکی سەربازی چاخی ژیاریی، بۆی هەیە ئێرەیی بە سادەترین ڕدێن سپی خێڵێك بەرێ، بۆ ئەو ڕێزە ڕاستەقینەیەی کە بەبێ گۆپاڵ لێی دەگیرێ. ردێن سپی خێڵ دڵی کۆمەڵگایە بەڵام ئەوانی دیکە ناچارن بکەونە تەلاشی ئەوەی کە شتێك لە دەرەوەی کۆمەڵگا و لە سەرووی ئەوەوە بنوێنن.

لەبەر ئەوەی دەوڵەت لە پێداویستی بۆ جەڵەوکێش کردنی دژایەتی نێوان چینەکاندا سەری هەڵدا ولەبەر ئەوەی لەهەمان کاتیشدا لەنێو ئەم بەیەکدا هەڵپژانەی چینەکانیش سەری هەڵدا، کەواتە وەکو بنەمایەکی گشتی دەبێت دەوڵەت هی ئەو چینە بێ کە ڕووی ئابورییەوە بەهێزو زاڵە ئەو چینەی کە بەهۆی دەوڵەتەوە لە ڕووی ڕامیاریشەوە دەبێتە چینی دەسەڵاتدار. بەم شێوەیە بۆ سەرکوت کردن وچەوساندنەوەی چینە ژێردەستەکە دەبێت چەند شێوازێکی نوێی بەدەست بهێنێ. دەوڵەتی پێشان، لە **پێش هەموو شتێکدا** دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان بوو، بۆ سەرکوت کردنی کۆیلەکان، هەر وەکو دەوڵەتی فیئودالی کە تێدا ئۆرگانی سەرگەورەکان بۆ سەرکوت کردنی جوتیاری بن دەست و مسکێنەکان بوو، بەهەمان شێوە دەوڵەتی نمایندەی هاوچەرخ ئامرازێکە بۆ وەبەرهێنانی کاری کرێ گرتە لەلایەن سەرمایەوە، وێرای ئەوەش وەکو بارودۆخێکی لە ئاسا بەدەر، قۆناغی ئەوتۆ هەیە کە تێدا چینە خەباتکارەکان دەگەنە پلەیەك لە هاوسەنگی هێزەکاندا کە لە گەڵیدا بۆ ماوەیەکی دیاری کراودا دەوڵەت جۆرە سەربەخۆییەك، لە نێوان هەردوو چینەکەدا، ڕوواڵەتێکی ناوبژی کەر وەردەگرێ. فەرمان ڕەوایی ڕەهای پادشایەتی لە دوو سەدەی حەڤدەیەم وهەژدەیەم دا وەها بوو کە بەردەوامی بە هاوسەنگی خەباتی نێوان خانەدانەکان وبۆرژواکان دەدا، بۆناپارتیزم لە ئیمبراتۆرییەتی یەکەمدا، بەتایبەتی لە ئیمبراتۆرییەتی دووەم لە فەرنسادا وەها بوو کاتێ کە پرۆلیتاریای دژ بە بۆرژوازییەت و بۆرژوازییەتیش دژ بە برۆلیتاریا هان دەدا. تازەترین دەستکەوت لەم بوارەدا کە لە گەڵیدا کاربەدەست وبندەست وەکو یەك سەیر دەردەکەون، بریتییە لە ئیمبراتۆرییەتی نوێی ئەڵمانی نەتەوەکانی بسمارك: لێرەدا سەرمایەداران وکرێکاران لەڕووی یەکتردا بە هاوسەنگی دەمێننەوە، هەمووشیان بەهەمان شێوە دووچاری فێڵ و تەڵەکە بازی دەبن لە بەرژەوەندی یونیکەرە (دەرەبەگ) بروسییەکاندا.

سەرباری ئەوەش هەموو ئەو مافانەی کە بە هاوڵاتییانی وڵاتە ناودارەکانی مێژوو دەدرێن بە پێی موڵکەکانیان دایاندرێتێ، ئەمەش بە ئاشکرایی بۆمان دەردەخا کە دەوڵەت ڕێکخراوێکی چینە موڵکدارەکانە بۆ ئەوەی خۆیان لە چینە نەدارەکە پێ بپارێزن. ئا ئەمە بوو باری ئەسینا ورۆما، لەوکاتەدا کە دانیشتوان بە پێوەدانگی موڵکەکانیان بەسەر چەند گروپێکدا دابەش کرابوون. بەهەمان شێوە باری دەوڵەتە فیئودالەکان لەسەدە ناوەنجییەکاندا کاتێ کە دەسەڵاتی سیاسی بە پێوەری خاوەنداریێتی زەوی دەپێورا ودەدرا. هەروەها ئەمەش خۆی لەو پلەو پایانەدا دەردەخست کە لە دەوڵەتە نمایندە تازەکاندا بەهەڵبژاردن پڕدەکرێنەوە. بەڵام ئەم ددان پێدانانە ڕامیارییە، بە جیاوازییەکانی خاوەنداریێتی هەرگیز لە ناوەرۆکەوە نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە. بریتییە لە شەقڵی پلەی نزمی پەرەسەندنی دەوڵەت. شێوەی باڵای دەوڵەت، کە کۆماری دیموکراسییە، لەم

هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی ئێستامان دا جار لەجار زیاتر دەبێتە پێداویستی‌یەکی حەتمی، ئەمەش شێوە دەوڵەتێکە کە بلوێ تەنیا لە سایەی ئەمدا نەبێ ناکرێ خەباتی یەکالاکەرەوەی نێوان پرۆلیتاریا وبۆرژوازییەت تا کۆتایی بەرێوە بچێ، – ئەم کۆمارە دیموکراسییە بەرەسمی هیچ جیاوازییەك لە رووی سەروەتوسامانەوە ناناسێ. لەم دەوڵەتەشدا سەروەت بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ کار بە دەسەڵاتی خۆی دەکا، بەڵام بە جۆرێکی دەستەبەر کراو: لەلایەکەوە بە رێگای بەرتیل خۆر کردنێکی ڕاستەوخۆی فەرمانبەرەکان (ئەمەریکاش نموونەیەکی کلاسیکی ئەم بوارەیە)، لەلایەکی دیکەشەوە بەرێگای پەیمان بەستن لە نێوان حکوومەت وبۆرسەدا ( البورصة ) کە بە ئاسانی دەبەسترا بەوەندەی کە قەرزەکانی دەوڵەت زیادی دەکرد و بەوەندەی کە کۆمپانییە بەشبەشەکان نەك هەر دەست بەسەر شێوازەکانی گواستنەوەدا دەگرن، بەڵکو دەست بەسەر خودی بەرهەم هێنانیشدا دەگرن وخودی بۆرسەش دەکاتە مەڵبەندێك بۆ خۆی. جگە لە ئەمەریکا، کۆماری فەرەنساش نموونەیەکی رۆشنە لە سەر ئەوە، بەڵکو سویسرای ڕەوشت چاکیش بایی خۆی لەم بوارەدا بەشدار بوو. بەڵام کە کۆماری دیموکراسی هەرگیز پێویست نییە بۆ ئەم یەکێتییە برایانەیەی نێوان حکوومەت وبۆرسەدا، ئەوە جگە لە ئینگلترا، ئیمبراتۆرییەتی نوێی ئەڵمانیش دەیسەلمێنێ چونکە ناتوانین بڵێین بسمارك وبلیخرودر کامیان مافی هەلبژاردنی گشتی بەسەر ئەوی تر خستەوە. لە کۆتاییدا، چینی موڵکدار بە رێگای مافی هەڵبژاردنی گشتەیەوە ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ دەکا. تاکو چینی چەوساوە، – کە ئەلێرەدا پرۆلیتاریایە–، پێنەگا بۆ ئەوەی خۆی، خۆی رزگار بکات، ئەوا بەشی زۆری دان بەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەی سەرکاردا، دەنێن، تاکە رێکخستنێك کە بتوانێ لە ئارادا بێ ولە ڕووی سیاسیشەوە دەبێتە کلکی چینی سەرمایەداران و باڵی چەپی توندڕەوی بۆ پێك دەهێنێ. بەڵام بەو ڕادەیەی کە لە پێناو خۆبەخۆ رزگار کردن پێ دەگا، هەڵدەستێ خۆی لە پارتێکی تایبەت بەخۆی، ڕێك دەخا ونوێنەرانی خودی‌خۆی هەڵدەبژێرێ، نەك نوێنەرانی سەرمایەداران. مافی هەڵبژاردنی گشتی بەڵگەی پێگەیشتنی چینی کرێکارە. بەڵام لە دەوڵەتی حاڵی‌حازردا هەرگیز نە دەتوانێ ونەدەشبێ لەوە زیاتر بێ. بەڵام ئەمە بەسە. جا کاتێ کە گەرماپێوەری مافی هەڵبژاردنی گشتی پلەی کوڵان لەلای کرێکارەکان نیشان دەدا، ئەوە ئەوسا، ئەوانیش، وەکو سەرمایەدارەکان، دەزانن چۆن هەڵس وکەوت دەکەن.

کەواتە دەوڵەت هەر لە ئەزەلەوە نەبووە. کۆمەڵگای وەها هەبوون کە هیچ پێویستییەکیان بە دەوڵەت نەبوو و هیچ بیروڕایەکیان نە لەبارەی دەوڵەت و نەلەبارەی دەسەڵاتەکەیەوە هەبوو. لە پلەیەکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئابوری‌دا، پێویستی بەوە کرد کە کۆمەڵگا بەسەر چیندا دابەش بێت، بەحوکمی ئەم دابەشبوونەش دەوڵەت بوو بە پێداویستی. ئێمە ئێستا بە خێرایی هەنگاو بەرەو ئەو قۆناغەی پەرەسەندنی بەرهەمهێنان دەنێین کە تێیدا نەك هەر پێویست بە بوونی ئەم چینانە ناکات بەڵکو چینەکان دەبنە کۆسپێکی ڕاستەوخۆ لەبەردەم بەرهەمهێناندا. جا پێویستی لەناوچوونیان لە ناویان دەبا وەکو ئەو پێویستییەی کە بۆ بوونیان هاوردنییە کایەوە. لەگەڵ لەناو چوونی چینەکانیشدا وەکو پێویستییەك دەبێت دەوڵەتیش لەناو بچێ: کۆمەڵگا، کە سیستمێکی نوێی بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی یەکگرتنێکی ئازادو یەکسانییەکی تەواوی بەرهەمهێنەرەکان، بەرپادەکا، ماکینەی دەوڵەت بە تێکڕایی ڕەوانەی ئەو شوێنە دەکا کە دەبێت ئەو کاتە هەر لەوێ بێ : – مۆزەخانەی شتوومەکە ئاساییەکان، لەتەنیشت تەشی سەرەتایی وتەوری برونزسازی‌دا ، دایدەنێ –

*  *  *

کەواتە ، وەك لە پێشدا باسمان کرد، ژیاریی ئەو پلەیە یە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگادا کە تێیدا دابەش کردنی کار و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان کەسەکاندا، کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها بەرهەمهێنانی کالایی کە ئەم دوو دیاردەیە پێکڕا دەبەستێتەوە، دەگەنە ترۆپکی گەشەکردنیان. ئەم سێ هۆکارەش دەبنە هۆی وەرچەرخانێکی تەواو لە نێو سەرپاکی کۆمەڵگای پێشوودا.

لە تێکڕای پلەکلنی پەرەسەندنی پێشووی کۆمەڵگادا، بەرهەمهێنان، لە کرۆکدا، بە کۆمەڵ بوو، بەکاربردنیش بریتی بوو لە دابەش کردنێکی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکان لە نێو خودی کۆمەڵە کۆمۆنیزمەکاندا کە قەوارەی جۆراوجۆریان هەبوو. ئەم بەکۆمەڵ بەرهەمهێنانەش لە تەسکترین چوارچێوە دابوو، بەڵام دەسەڵاتی بەرهەمهێنەرەکانی بەسەرەوەبوو، بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئاکامی بەرهەمەکانیان. دەیانزانی بەرهەمەکانیان چی بەسەر دێ : خۆیان بەکاریان دەبردن، لەدەستشیان دەرنەدەهات; کە ئەمە بناغەی ڕەوتی بەرهەمهێنان بێ، ئەوا ناتوانێ لە چاوەدێری بەرهەمهێنەرەکان دەربچێ، بۆی نییە هێزێکی تەلەسماوی بگوورێنێ، کە بۆ ئەوان نامۆ بێ وەك هەردەم لە چاخی ژیارییدا ڕوو دەدا.

بەڵام دابەشکردنی کار بە کاوەخۆ تەشەنە دەکاتە نێو ئەم پرۆسەیەی بەرهەمهێنانە و بەکۆمەڵ بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی دەتەقێنێتەوە. خاوەندارێتی کەسەکانیش دەکاتە بنەمایەکی باو، سەرەنجام لە نێو کەسەکاندا ئاڵووگۆڕپێکردن دەهێنێتە کایەوە; – لە سەرەوە لە جۆنێتی ئەو کردارەمان کۆڵییەوە–. پلە بەپلە بەرهەمهێنانی کاڵایی دەبێتە شێوەیەکی باو.

لە سایەی بەرهەمهێنانی کاڵایی، واتە بەرهەمهێنان لە پێناو ئاڵووگۆڕپێکردن، نەك لەپێناو بەکاربردنی تایبەتی وەك لە پێشدا وەها بوو، بەرهەمەکان بە پێویست ئەم دەست وئەو دەست دەکەن. لەکاتی ئاڵۆگۆڕکردندا، بەرهەمهێنەر لەبەرهەمەکەی دادەبڕێ و نازانێ چی لێ بەسەردێ. هەر کە پارە پەیدا دەبێت ودەبێتە هۆی نرخاندن لە نێوان بەرهەمهێنەرەکاندا، هەر کە بازرگان لەگەڵ سەرهەڵدانی پارەدا سەهەڵدەدا، چۆنییەتی ئاڵوگۆڕکردن ئاڵۆزوبلۆزتر دەبێت و دوا ئاکامی بەرهەمەکانیش زیاتر تەماوی دەبن. بازرگان زۆرن، هیچیان نازانێ ئەوی دی چ دەکا. لە ئێستا بەلاوە کالاکان دەگوێزرێنەوە نەك لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی دیکە، بەڵکو لە بازاڕێکەوە بۆ یەکێکی تر. بەرهەمهێنەرەکان دەسەڵاتیان بەسەر هەرچی بەرهەمهێنانی بارو دۆخی خودی ژیانیان لەدەستدا، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نەکەوتە دەست بازرگانەکانەوە. بەرهەمەکان وبەرهەمهێنان ملیان بۆ دەستەڵاتی ڕێکەوت کەچ دەکەن.

ڕێکەوتیش لەوە زیاتر نییە کە یەکێك بێ لە دوو پۆل ( pole ). هەر یەکەیان بە ئەوی دیکە دەڵێ پێویستی. لە سروشتیشدا، وا دەردەکەوێ کە ڕێکەوت زاڵ بووبێ. دەمێکە ئەوەمان سەلماندووە کە لەهەر بووارێکدا پێویستییەکی لەناوەوە و یاسایەکیش هەیە لە بۆ خۆیان لە چوار چێوەی ئەم ڕێکەوتەدا ڕێگا بۆ خۆیان دەکەنەوە. جا ئەوەی کە بەسەر سروشتدا دەگونجێ، بەهەمان شێوە، لەبارەی کۆمەڵگاوەش دەگونجێ. بەو ئەندازەیەی کە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، یا چەند ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، لەسنووری چاودێری خەڵکی هوشیارو دەستەڵاتیاندا دەردەچێ بەو ئەندازەیەی کە ئەم چالاکییە دەکەوێتە چوار چێوەی ڕێکەوتێکی پەتیەوە، بەو ئەندازەیە یاسا ناوخۆییەکانی کە پێوەی لکاون لەچوارچێوەی ئەم ڕێکەوتەدا بە حوکمی پێوستییەکی سروشتییەوە ڕێگا بۆ خۆیان دەکەنەوە. ئەم جۆرە یاسایانە کۆنترۆل دەکەنە سەر ڕێکەوتەکانی کالا بەرهەمهێنان وکالا گۆڕینەوەشدا : ئەم  یاسایانەش لەبەرەوڕووی کەسی بەرهەمهێنەری تاك و ئەوکەسەی کە لە ئاڵوگۆڕکردنەکەدا بەشدارە لەسەرەتادا وەکو هێزێکی نامۆ و نەناسراو ڕاست دەبنەوە و هێشتا پێویتییان بە تاووتۆکردن و ناسینی سروشتیان، هەیە. ئەم یاسا ئابوریيانەی بەرهەمهێنانی کالایی لە هەموو پلەکانی

پەرەسەندن وگەشەکردنی ئەم شێوە بەرهەمهێنانەدا دەگۆڕێ، بەڵام بە تێکڕایی قۆناغی ژیاریی لەژێر کۆنترۆڵیدا بەرێوە دەچێ. لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا بەرهەم بەسەر بەرهەمهێنەردا زاڵە، لە رۆژانی ئێمەشدا، سەرپاکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی نەك هەر بەپێی پلانێکی بە هاوبەشی کێشراو جڵەوکێش دەکرێ، بەڵکو بەهۆی چەند کوێرەیاسایەك کە وەکو هێزێکی بەر بەرەڵلا، لە دوا قۆناغدا، خۆی دەسەپێنێ، ئەویش لە گێژەڵووکەی تەنگوچەڵەمە ئابورییەکاندا.

وەك بینیمان هێزی کاری مرۆڤ لە پلەیەکی گەشەکردنی تا ڕادەیەك زووی سەردەمی بەرهەمهێناندا دەتوانێ زێدە بەرهەمێك بە دەستەوە بدات کە بە ئاشکرا لە سەرووی پێداویستی بژێوی بەرهەمهێنەرەکەدا بێ، ئەم پلەیەی پەرەسەندن لە بناغەدا هەمان ئەو پلەیەیە کە تێدا دابەش کردنی کارو ئاڵووگۆڕپێکردنی شتوومەك لە نێو خەلکدا دەردەکەوێ. دۆزینەوەی ئەو ڕاستییە مەزنە زۆری نەویست کە دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ کرا بە کۆیلە، بۆی هەیە ببێ بە کالا و هێزەکەی ئەم دەست وئەو دەستی پێ بکرێ و لەکەڵك بکەوێ. هەر کە مرۆڤ دەستیان ئاڵووگۆڕپێکردن کرد، خۆشیان بوون بە کالای ئەم ئاڵووگۆڕپێکردنە. گەر خۆشیان بێ یا ترشیان بێ، ئەکتیڤ بوو بە پاسیڤ.

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆیلایەتیدا کە لە چاخی ژیاریدا گەیشتە چڵەپۆپەی پەرەسەندنی، یەکەمین گەورەترین دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینی چەوساوە وچینی چەوسێنەر ڕوویدا. ئەم دابەش بوونە بە درێژایی تێکڕای قۆناغی ژیارییدا بەردەوام بوو. کۆیلەتی یەکەم شێوەی چەوساندنەوەیە، ئەو شێوەیەی کە بەجیهانی کۆنەوە لکاوە، مسکێنیش لەسەدە ناوەنجییەکاندا بەدوای ئەوەدا هات، کاری کرێ گرتەش لە رۆژگارە هاوچەخەکاندا، ئەمانەن هەرسێ شێوە گەورەکانی کۆیلایەتی کە هەرسێ چاخە گەورەکان جیا دەکەنەوە، لەسەرەتادا کۆیلایەتیەکی ئاشکرا، لەم دواییەشدا، کۆیلایەتیەکی شاردراوە، هەمیشە هاوەڵی قۆناغی ژیارین.

پلەی بەرهەمهێنانی کالا کە ژیاریی لەوێوە دەست پێ دەکا لە ڕووی ئابورییەوە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی : یەکەم– پارەی ئاسنین، لەتەکیدا سەرمایەی بە دراو وسوودی سەدیی و ریبا. دووەم – بازرگانەکان وەکو چینێکی نێوان بەرهەمهێنەرەکان. سێهەم – خاوەنداریێتی تایبەتی زەوی وبارمتەی زەوی. چوارەم – کاری کۆیلەکان سەبارەت بەوەی کە شێوەیەکی زاڵە لە نێو شێوەکانی بەرهەم هێناندا. شێوەی تازەی خێزان کە شایستەی ژیارییە و لەتەکیدا دەسەڵاتی خۆی بۆ هەمیشە جەخت دەکاتەوە بریتییە لە تاکە ژنومێردایەتی و دەسەڵاتداریێتی پیاو بەسەر ژندا، خێزانی یەکلانەش وەکو یەکەیەکی ئابوری لە کۆمەڵگادا. هێزی پاراستنی شیرازەکان لە کۆمەڵگای ژیارییدا بریتییە لە دەوڵەت کە لەهەموو قۆناغە بابەتییەکاندا بە تەنها دەوڵەتی چینە زاڵەکەیە و لەهەموو بارو دۆخەکانیشدا، لەناوەرۆکدا، وەکو ئامێرێك دەمینێتەوە بۆ سەرکوت کردنی چینە چەوساوەکە، واتە چینە ستەمدیدەکە. سیماکانی دیکەی ژیاریی ئەمانەن : لەلاییێکەوە، توندو تیژکردنی دژایەتی نێوان شارولادێ، سەبارەت بەوەی کە بناغەی هەموو دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتی کارە; لەلایێکی دیکەوە، هێنانە گۆڕێی ڕاسپاردە کە بەهۆیەوە خاوەن موڵك تەنانەت پاش مردنیشی دەتوانێ ئەم دەس وئەو دەست بە موڵکەکانی بکات. ئەم دامەزراوە کە ناسازە لەگەڵ سیستمی کۆنی خێڵایەتیدا، لە ئەسینا لەپێش هاتنی سۆلۆن دا نەناسرابوو. بەڵام لە رۆمادا لە قۆناغێکی زووتردا کاری پێدەکرا، ئێمە زۆر بە ووردی نازانین چ کاتێکە(53پ). لەلای ئەڵمانەکانیشدا پێشبینەکان کاریان پێ دەکرد بۆ ئەوەی ئەڵمانی پیاوچاك بتوانێ بێ کۆسپماڵەکەی بە راسپاردە بدا بە کلیسە.

ژیاریی کە لەسەر ئەم کۆڵەکەو ئەستووندانەدا وەستاوە توانی چەند شتێك جێبەجێ بکات کە کۆمەڵگای خێڵایەتی بەتەواوی بەرامبەر بەدی هێنانیان دەستەوەستان بوو. بەڵام ئەمەی بە وروژاندنی سووك

وچروکترین غەریزەی مرۆڤ وئارەزووی پڕوپووچیان جێبەجێ کردو لەسەر زەرەروزیانی هەموو توانستەکانی دیکەیان گەشەی پێدان. چاوچنۆکیەکی سووکوچرووك لە یەکەمین رۆژەوە تاکو ئێستا هێزی بزوێنەری ژیارییە، سەروەت وسامان، هەروەها، سەروەت وسامان، هەمیشە سەروەت وسامان، نەك سەروەت وسامانی کۆمەڵگا، بەڵکو سامانی ئەو تاکە کەسە چرووکە، تاکە ئامانجی یەکالآکەرەوەیەتی، جا ئەگەر زانست جارلەجار زیاتر لە ناخی ئەم کۆمەڵگایەدا پەرەی ئەستاندووە وئەگەر ئەو قۆناغانە چەند بارە بوونەوە کە تییاندا هونەر بە چڵە پۆپەی گەشە کردندا گەیشتووە ئەوە لەبەر تەنها هۆیکە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر زانست وهونەر نەبوونایە مەحاڵ بوو هەموو بەدی هێنراوەکانی ئەم رۆژگارەمان لە بواری کەڵەکە بوونی ساماندا مەحاڵ بوو.

چەوساندنەوەی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە بناغەوهیمی ژیاریی پێك دەهێنێ، لەبەر ئەوە تێکڕای پەرەسەندنەکەی لەناسازیەکی هەمیشەییدا دەڕەوتێ. هەموو هەنگاوێکی بەرەو پێش لەمەیانی بەرهەم هێناندا لەهەمان کاتدا لەمەڕ بارودۆخی چینی چەوساوەوە هەنگاوێکی بەرەو دواوەیە، واتە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەوە. ئەوەی بۆ هەندێك سوودمەند بێ واپێویست دەکا کە زیانی هەندەکەی تری تێدایە و هەموو رزگار بوونێکی چینێك واتای چەوسانەوەیەکی نوێی چینێکی دیکەی تێدایە. ئاشکراترین نموونە لەسەر ئەمە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەیە کە ئێستا هەموو کەسێك دەزانێ ئاکامی بەچی دەگا. جا ئەگەر لەلای بەربەرییەکاندا ئەستەم بوو بتوانن ئەرك وماف لێك جیا بکەنەوە، وەك لە پێشدا دیتمان، ئەوە ژیاریی بە ڕوونی، تەنانەت بۆ تەواو گەمژەیەکیش، جیاوازی و ناسازی نێوان مافەکان وئەرکەکان دەردەخا، ئەوەش بەوەی کە بەڕادەیەك هەموو مافێکی بە چینێك بەخشیوە وهەموو ئەرکەکانیشی وەئەستۆی چینەکەی دیکە داداوە

بەڵام نابێ وەهابێ. چ شتێك لەچاکەی چینە زاڵەکە دابێ، دەبێت لەبۆ سەرپاکی کۆمەڵگاکەش کە چینە زاڵەکە ئاوێنە و نموونەیەتی چاك وبەکەڵك بێ. لەبەر ئەم هۆیەش بەوەندەی کە ژیاریی بۆ پێشەوە دەچێ، بەوەندەش ناچارە بە تارای خۆشەویستی ئەو دیاردە خراپانە داپۆشێ کە بە ناچاری دروستیان دەکا، یان دەبێت بە بۆیە بیانپۆشێ یاخود دەبێت بە چاو قایمی حاشایان لێبکات، –بەکورتی، درۆ ومەرایییەکی گشتی وەها بەکار بخا کە هیچ شێوەیەکی کۆمەڵگا دێرینەکان، تەنانەت هەردوو یەکەمین قۆناغی ژیارییش بە خۆیانەوە نەدیبێ، ئەو درۆ و مەراییەی لە دواییدا لەو قسەیەدا بگاتە لووتکە، کە دەڵێ چینی چەوسێنەر بۆ بەرژەوەندی چینە چەوساوەکە نەبێ نایچەوسێنێتەوە; جا ئەگەر ئەم چینەی دوایی بەمە نەزانێ و یاخی ببێ ئەوە بێ ئەمەکییە بەرامبەر بە گەورەترین چاکەو بەرامبەر ئەوانەش کە چاکەیان بۆی بووە، واتە بەرامبەر ئەوانەی کە چەوساندویانەتەوە (54پ)

## لە کۆتاییدا ئێوەو ڕای مۆرگان لەبارەی قۆناغی ژیارییدا:

( هەر لە سەرهەڵدانی ژیارییەوە، سەروەت وسامان بە قەبەیی گەشەیان دەکرد، شێوەکانیشی جۆربەجۆر بوون لە بووارێکی بەر فراوانیشدا بەکاریان دەهێنان، بەڕێوە بردنیشیان لە بەرژەوەندی موڵکدارەکاندا بوو و لەپلەیەکی هێند لیهاتووانە بوو، کە ئەم سامانە **بوو بە هێزێکی دەروەست نەهاتوو**، بەرەو ڕووی گەل. **مێشکی مرۆڤ چاش ودوودڵ دەمێنێ بەرامبەر بە دەستکردی خودی خۆی**. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژگارێك دادێ کە تێیدا مێشکی مرۆڤ هێزو گوڕێکی دێتە بەر کە بتوانێ بەسەر سامانەکەدا زاڵ بێ وبڕیار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەت دەدا لەمەڕ ئەو خاوەنداریێتییەی کە پارێزگاری لێ دەکا و ئەرکەکانی خاوەن موڵکەکان سنوور کێش دەکا. گومانیش لەوەدا نییە کە بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تاکە کەسەوەن، هەروەها دەبێت پەیوەندییەکی دادپەروەرانە و ڕێکوپێك لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبێت . تەنها وەتەلاش کەوتن بەدوای سەروەت وساماندا دوا ئامانجی مرۆڤایەتی نییە ئەگەر پێشکەوتن وەکو یاسایەکی دوا رۆژ بمێنێ وەك لە ڕابردووشدا وەها بوو. ئەو رۆژگارەی کە لە بەرەبەیانی

**ژیارییەوە بەسەرچووە بەشێکی یەکجار کەمە، لەو رۆژگارەی کە مرۆڤایەتی بەسەری برد و بەشێکی یەکجار بچووکیشە لەو رۆژگارەی کە تێیدا دەژی. لەناوچوونی کۆمەڵگا لە بەردەممماندا دەوەستێ و گەف دەکا سەبارەت بەوەی کە کۆتاییی هێنەری قۆناغێکی مێژووییە کە سەروەت وسامان تاکە دوا ئامانجێتی چونکە ئەم قۆناغە توخمەکانی لەناو بردنی خودی خۆی تێدایە. دیموکراسییەت لە بەرێوەبردندا، برایەتی لە کۆمەڵگادا و یەکسانی لەمافەکاندا، ئامۆژی گشتی، هەموو ئەمانە قۆناغی بالأی داهاتوو لە کۆمەڵگادا پیرۆز دەکەن، ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەزموون ومێشك وزانست بەردەوام بۆی لە تەلاش دان. دەبێتە مایەی ژیاندنەوەـ بەلأم بە شێوەیێکی بالأترـ بۆ ئازادی ویەکسانی برایەتی کە لە خێڵە کۆنەکاندا هەبوو )**

﴿ **مۆرگان (کۆمەڵگای دێرین) لاپەڕە** 552 ﴾ (164).

( **لەدوادواییەکانی ئازار و**26 **ی ئایار ( مایو )** 1884 **نووسرا** )
( **لە کتێبێکدا بەسەر بە خۆیی لە زوریخ ساڵی** 1884 **دەرهات** )

**بە پێی دەقی چاپی چوارەمی ئەڵمانی ساڵی** 1891 **هاتەبەرهەم**

ئیمزا: فردریك ئەنجلس

# پەراوێزەکان (

1. لێرەدا مەبەست لە ﴿ کورتەی کتێبی لویس ه.مۆرگان (کۆمەڵگای دێرین) کە کارلس مارکس دایناوە .

2. مەبەست لە کتێبی 1873، Frieeman .A.E "politic comparative" london فریمان . ﴿ سیاسەتی بەراوردکاری، لە لەندن، 1873)

3. E .B . Tylor " Researches into the Early History of Manking and Development of Civilisation " . London، 1865 ( تایلور . (تۆژینەوەکان لە مێژووی سەرەتایی مرۆڤایەتی) (لەندەن ، 41865)

4.( باخۆفن، مافی دایك. تۆژینەوە لە فەرمان ڕەوایەتی ئافرەتان لە سەر بناغەی سروشتی ئایینی ودادوەری. j. j Bachhofen . "Das Mutterrecht . Eine untersuchnung über die Gynaikokratie der alten welt nach ihrer religiösen und rechtlichen Natur ." Stuttgart، 1861 . شتوتگارت ، 1861) .

5. J. F. Mac –Lennan."Studies in Ancient History Comprising a Reprint of" Primitive Marriay . An Inguiry into the origin of the Form of Capture in Marriage Ceremonies" . London and Neu- York 1886، 125 – 124. P .(ماك –ليينان – ' لێکۆڵینەوە لە جیهانی دێرین (دووبارە جاپ کردنەوەی) ژن و مێردایەتی سەرەتایی تۆژینەوە لە بنەجەی نەریتی فڕاندن لە ئاهەنگەکانی ژنهێناندا دەکرێتەوە . لە لەندەن و نیویۆرك ، 1886، ل ل 124–125 ).

6. Vol. I.II . " R.G . Latham " Descriptive Ethnology، London، 1859 .
( لیتام ' ئەتنۆلۆژیای وەسف کردن ' بەرگی یەکەم و دووەم . لەندەن ، 1859 ) .

7. L.H. Morgan. (League of the Ho-de-no-Sau- nee or Iroquois Rochester-1851. (مۆرگان (کۆمەڵەی هوو–دی–نو–سو–نی یاخود ئیروکوا ) رۆشستر1851.

8. J. Lubbock. (The Origin of Civilisation and the Primitive Condition of Mantal and Social Condition of Savages) Londen. 1870 (لیبوك .(بنەچەی ژیاریی و دۆخی سەرەتایی مرۆڤ . بارودۆخی بیروڕاو کۆمەڵایەتی دڕندەکان ).لە لەندەن ، 1870 ).

9. L . H . Morgan . systems of Consanuinity and Affinity of the Human Family . Washington، 1871
. (ل . ه . مۆرگان سیستمەکانی خزمایەتی و تێکەڵ و بوون لە خێزانی مرۆڤایەتیدا. واشنتن ، 1871 ).

10 . A . Giraud – Tolon . Les Origines de famille . Geneve، Paris، 12874 . J . Lubbock . The origin of Civilisation and the Primitive condition of Man . Mental and Social Condition of Savages . Fowth Ed . Lo[1]ndon، 1882 . جیرۆ – تولون. (بنەچەی خێزان(. ژنێف و پاریس. 1884. لیبوك .بنەچەی ژیاریی و دۆخی مرۆڤی سەرەتایی. بیروڕاو کۆمەڵی دڕندەکان. چاپی چوارەم . لەندەن ، 1882 ) .

11 . L.H. Morgan . Ancifnt Society، or Researches in the Lines of human Progres s from Savagery through Barbarism to Civilisation . London، 1887 . ( ڵ . ه . مۆرگان، کۆمەڵگای دێرین یاخود تۆژینەوە لە هێڵەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە دڕندایەتێیەوە بۆ بەربەرییەت تاکو ژیاریی ). لەندەن ، (1877 ).ل 11 .

12 . L.H. Morgan . Ancient Society . London، 1877 ، 19 . P .ل. ه. مۆرگان، کۆمەڵگای دێرین، لەندەن، 1877،ل 40 .

13. بویبلو، ناوی کۆمەڵە هۆزێکی هیندە سوورپێستەکانی ئەمەریکای باکوورییە ، لە زەوی‌و زارەکانی مەکسیکی تازەدا دەژیان (ئێستا لە ناوەچەی باشووری ڕۆژئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دان هەروها لە

ناوچەی باکووری مەکسیکیش دان) یەکێتی مێژوو وژیاری پێکەوەی گرێ دەدان . ئەم ناوەش لە وشەی (Pueblo )ی ئیسپانی داتاشراوە، واتای (گەل، نەتەوە، کۆمۆنە)دەگەیێنێ، داگیرکەرە ئیسپانییەکان ئەم ناوەیان لێ نان، چونکە لەنیشتەمەنی تایبەتیدا دەژیان کەبریتی بوون لە چەند ماڵێك – کۆشکی کۆمۆنە ئامێزی گەورە بەرزی 5 تا 6 قات بەرز بوون و خەڵکێکی زۆریان تێدا دەحەوانەوە ژمارەیان دەگەیشتە هەزار کەس، هەروها ئەم ناوە لە نیشتەمەنی ئەم خییڵانەش نرا .

14 . لێرەدا ئەنجلس مەبەستی لە کتێبی گایوس یولیوس قەیسەرە (یادداشتەکان لەمەر جەنگی گال) ەوە. هەروها کتێبی کورنیلیوس تاقییتس (ئەڵمانیا).

15 . بۆ ئامەدەکردنی چاپی یەکەمینی کتێبەکەی ، ئەنجلس سوودی لەم دوو کتێبەی ماك – لینان وەرگرتوە :
“ Primitive Marriage .An Inguiry into the Origin of the Form of capture in Marriage Ceremonies “ Edinburgh ، 1865 ، “ Studies in Ancient History Comprising a Reprint of “ Prrimitive Marriage . An Inguiry into the Origin of the Form of capture in Marriage ceremonies “ London . 1876.

پاشان لە ئامادەکردنی چاپی چوارەمی کتێبەکەی (ساڵی 1891) ئەنجلس چاپە نوێیەکەی کتێبەکەی ماك – لینانی، لە بەرچاو گرت، کە لەلەندەن و نیویۆرك ساڵی 1886 دەرچووە.

16 . L.H. Morgan . “ Ancient Society “London ،1877 ،P. 435 – 436 (ل.هـ. مۆرگان، کۆمەڵگای دێرین، لەندەن، 1877، ل ل 435–436 )

17 . کارل مارکس، (کورتەی کتێبەکەی لویس هـ.مۆرگان کۆمەڵگای دێرین).

18 . لێرەدا مەبەست لەکتێبی – J.J. Bachofen.” Mutterrecht . Eine untersuchung über die Gynaikokratie der alten welt nacht ihrer religiösen und rechtlichen Natur “ . Stuttgart ،1861.

(باهۆخن، مافی دایك، تۆژینەوە لەفەرمانڕەوایەتی ئافرەتان لەجیهانی دێریندا لەسەر بناغەی سروشتی ئایینی و دادوەری، شتوتگارت، 1861 ).

19- ch. Letourneau . “ Levolutiondu mariage et de la famille “ Paris 1888 (شی–لیتورنو)پەرەسەندنی ژن ومێردایەتی و خێزان پاریس ، 1888).

20. E. Westermarck . The History of Human Marriage London and Newyork ، . 1891 (فسترمارك) مێژووی ژن ومێردایەتی مرۆڤ ، لەندەن و نیویۆرك ، 1891 ).

21 . ئەم ڕایەی سۆسۆر لم کتێبەدا هاتووە : A . Giraud –Teulon . “ Les origines du mariage et de ia famille “ Geneve ، Paris ، 1884 ، . P . xv (جیرۆ . تولون) بنچەی ژن ومێردایەتی و خێزان. ژنێڤ و پاریس.

22. Paris “ ch . Letourneau . “ Levolution du mariag et de la famille ، .p.41. 1888 (ش. لیتورنو) پەرەسەندنی ژن ومێردایەتی و خێزان، پاریس 1888.

23. paris . “ Des societes animales “ . A.Espinas ،1877

(ا. ئایزبیناس، لە نێو کۆمەڵگای گیانداران، پاریس، 1877). ئەنجلس بە پاڵپشتی (ل 518) ی کتێبەکەی جیرو–تولون و ئایزبیناسی کردووە بەگەواە. (بڕوانن تێبتنی ژمارە20) کە وەکو پاشکۆیێك لە پەرەگرافێکی ئەم تۆژینەوەیەدا هاتووە.

24. New- York ،H.H. Bancroft “ The native Races of the pacific states of north America “ vol .I.- v ، . 1875 ( هـ.هـ. بانکرۆفت) ﴿رەگەما بناغەییەکان لە کەناری ئۆقیانووسی پاسفیك لە باکووری وڵاتە یەکگرتووەکان﴾دا، بەرگەکانی 5 . 1 . نیویۆرك، 1875.

25. E. Westermarck . " The History of Human Marriage " London and NewYork ، 1891 ، P. 70-71
. (فسترمارك) مێژووی ژنومێردایەتی مرۆڤ ﴿لەندەن ونیویۆرك، 1891،ل ل 70 ـ 71 ).

26. ئەم نامەیەی (ماركس)مان پێ نەگەیشتوە. ئەنجلس لە نامەیەكیدا كە بۆ كاوتسكی ناردووە ئاماژەی بۆ كردووە، لەبەرواری 11 نیسان 1884.

27. لێرەدا مەبەست لەدەقی چوارینە ئوپێرالییەكەیە، ﴿ئەڵقەی نیبیلونگ﴾ كە مۆسیقاژەن ڤاگنز بەپاڵپشتی داستانی ئەسكەندەنافی (ئەیدا) و داستانی ئەڵمانی (گۆرانی نیبیلونگ )، بە خۆی نووسیونی . بڕوانن، R. Wagner " Der Ring des Nibelungen، erster Tag ( ر. ڤاگنر) ئەڵقەی نیبیلونگ، ڕۆژی یەكەم، dieWalküre، zweiter Aufzug (ڤالكیریا، بەشی دووەم)، گۆرانی نیبیلونگ مەزنترین شۆنەواری داستانی پاڵەوانێتی میللی ئەڵمانییە، كە لەسەر بناغەی داستان و چیرۆكە كۆنەكانی ئەڵمانیای كۆنی قۆناغی كۆچ و ڕەوی مەزنی گەلان، دامەزراوە . (لە سەدەی سێهەم تاكو سەدەی پێنجەم). ئەم داستانە شیعرە لەسەر شێوەكەی ساڵی 1200 پێمان گەییوە.

28. (ئەیدا) كۆمەڵێكە لەچیرۆك و گۆرانی پاڵەوانێتی و میتۆلۆژییەی گەلە ئەسكەندەنافییەكان. وەكو شوێنەوارێكی سەدەی سێزدەیەم كەلە ساڵی 1643 دا قەشەی ئایسلەندی سفینون (ئەیدای مەزن) دۆزییەوە، مایەوە، هەروەها وەكو تۆژینەوەیێك لە شیعرەكانی (سكالد)دا مایەوە كە لە سەدەی سێزدەیەمدا شاعیرو مێژوو نووس سنوری ستورلوسون (ئەیدای بچووك) دینا. گۆرانییەكانی (ئەیدا) ئاوێنەی بارودۆخی كۆمەڵگای ئەسكەندەنافی یە لە قۆناغی گەندەڵ بوونی سیستمی خێڵایەتی و كۆچ و ڕەوی گەلاندا. هەروەها كە سانێك و بابەتی ئەو تۆی لە دوو تۆدایە كە لە جوانكارییەكانی كۆنەكانی میللەتی ئەڵمانین. (ئۆگیسدریكا) یەكێكە لە گۆرانییەكانی (ئەیدای مەزن)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەقانەی كە زۆر لە مێژە نووسراونەتەوە. لێرەدا ئەنجلس چەند پارچەیەك لە كۆپلەكانی (32–36)ی ئەم گۆرانییە دەهێنێتەوە.

29. ئاس و ڤان، دوو كۆمەڵەن خوداوەندەكان كە لە میۆلۆژیای ئەسكەندەنافیدا هەن (ساگائینگلینگ) ساگای یەكەم (چیرۆك وداستان)، لەكتێبێكدا كە لە بارەی پادشا نەرویژییەكان دایە (لەسەردەمە كۆنەكانەوە تادەگاتە سەدەی دوازدەهەم) لەدانانی شاعیرو مێژوو نووسی ئایسلەندی (سنوری ستورلون)ە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا (HeimsKringla)(ئەڵقەی زەمینی) بابەتێكە لە ناوەندی یەكەم لەسەدەی سێزدەهەمدا لە سەر بناغەی هەواڵە مێژوویێكان لە مەڕ پادشا نەرویژییەكان و ساگا خێڵەگەرییە ئایسلەندی و نەرویژییەكان دایە. لێرەدا ئەنجلس برگەیەك لەبەشی چوارەمی ئەم ساگایە دەهێنێتەوە.

30. L.H. Morgan " Ancient Society " London ، 1877 ، P. 425. (ل.هـ. مۆرگان)، كۆمەڵگای دێرین، لەندەن ، 1877 ، ل425 ).

31. J.J. Bachofen . " Das Mutterrecht " Stuttgart . 1861 ، s. xxIII، 385 ، (باخوڤن، مافی دایك، شتوتگارت، 1861، ل23، ل385

32. كارل ماركس، كورتەی كتێبی لویس هـ . مۆرگان، (كۆمەڵگای دێرین) .

33. یولیوس قەیسەر، یادداشتەكان لەمەر جەنگی گال–ەوە كتێبی پێنجەم، بەشەكانی 14–45 .

34. " The peopte of India " Edited by J.F. Watson and J.W. Kaye Vol I-vI London . 1868-1872 گەلی هیندستان بڵاوكراوەكانی ج. ف. وتسۆن و ج. د. كای. بەرگەكانی 1 ـ 6. لەندن، 1868 ـ 1872، لێرەدا ئەنجلس برگەیێك لەبەرگی دووەمی ئەم چاپە دەهێنێتەوە.

35. لێرەدا مەبەست لەچینەکان یاخود لقەکانی ژن ومێردایەتییە، ئەمانەش بریتین لە چەند کۆمەڵەیێکی تایبەتی کە زۆربەی هۆزە ئوستراليیەکان بەسەریاندا دابەش دەبوون. پیاوانی هەر کۆمەڵەیێك دەبووایە تەنها ژنانی کۆمەڵەیێکی دیکەی دیاری کراو بهێنن. لەهەرهۆزێکدا ژمارەی کۆمەڵەکان خۆیان لە 4 تا 8 دەدا .

36. L.H. Morgan " systems of consanguinity and Affinity of the Human Family " Washington، 1871.
(ل.هـ. مۆرگان) سیستمەکانی خزمایەتی و تێکەڵاوبوون لە خێزانی مرۆڤایەتی‌دا واشنتن ، 1871.

37. ئەنجامی تۆژینەوەکانی ڤایسۆن لەگەڵ هاویتدا لەم کتێبەدا هاتووە
L.Fison and A.W. Howitt . " Kanilaroi and kurnai " Melbourne Sydney، Adelaide and Brisbane ، 1880 (ل. ڤایسۆندا. و. هاویت کامیلاروی و کورنای. ملبورن و سیدنی وادیلایید و بریسبان،1880)

38. L.H. Morgan . " Ancient Society " . London، 1877 . p . 459 (ل.هـ. مۆرگان، کۆمەڵگای دێرین، لەندن، 1877، ل459 ).

39. ئەنجلس نامەکەی (رایت)ی کردووە بەگەواهـ بەپێی ئەوبڕگەیەی کە لە کتێبەکەی مۆرگاندا باس کراوە (بڕوانن ل.هـ. مۆرگان Ancient society " . London ، 1877 ، p . 455 ، کۆمەڵگای دێرین، لەندەن، 1877 ، ل455) دەقی تەواوی ئەم نامەیە (بەرواری ڕاستەکەی 19 ئایار 1874، نەك 1873 وەك فۆرگان گوتویێتی) لە گۆڤاری " American Anthropologist " ، New Series ، Menasha ، Wisconsin ، u.s.a. ، 1933 ، NI ، P. 138-140هاتووە (ئەنترۆپۆلۆژی ئەمەریکی. زنجیرە تازەکان. میناشا و سکونسن. ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، 1933 ، ژمارەی یەکەم ، ل ل138–140 ).

40. H.H. Bancroft ." The Natuie Races of The pacific states of North Amarica ". Vol . I، NewYork ، 1875 ،. p. 352-353
(بانکروفت، «ڕەگە بنەڕەتییەکان لە شارەکانی باکووری ئەمەریکای کەناری باسفیك». بەرگی یەکەم، نیویۆرك، 1875 . ل ل 352–353).

41. ساتورنالەکان، جەژنی سالآنەن لە ڕۆمای کۆندا لە بۆ خوداوەند ساتورن (کاروان کوژە) لەکاتی گەڕانەوەی زستانەی ڕۆژدا بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کارە کشتوکاڵییەکان. لەم جەژنەدا، داوەت ونەریتی ئەوتۆی بەرەڵلآی جەماوەری دەگێڕدرا، کۆیلەش بەشداری لەم ساتورنالانە دەکردو ڕێگایان دەدانێ پێکەوە لەگەڵ ئازادەکاندا دانیشن. لە رۆژانی ساتورنالەکاندا پەیوەندییەکانی جوتبوونی پیاوان و ژنان بەربەرەڵلآ دەبوون. وشەی (ساتورنالەکان) مانای داوەتی بەرەڵلآیی و مەستی و بەزمی بێ شەرمانە و ناڕەوا دەگەیێنێ، ل107 .

42 . لێرەدا مەبەست لەو کتێبەیە کە ئاگاسیس لەگەڵ ژنەی‌کەیدا نووسیویانەتەوە . professor and Mrs. Louis Agassis. " A Journey in Brazil " . Boston and NewYork، 1886 . ( پرۆفیسۆرو خاتوو ئاگسیس، «گەشتێك بە بەرازیل»دا. بۆستن ونیویۆرك، 1886 ). چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لەساڵی 1868 هاتە بەرهەم .

43. لێرەدا مەبەست لە (بڕیاری گوادالوب)ە کە لە 21 ی نیسانی 1486 دا دەرچووە واتە بڕیاری ناوبژی کردن کە پادشای ئیسپانی فردیناندی کاسۆلیکی پێنجەم لەژێر فشاری ڕاپەرینی جوتیارەکانی فتالوینا دای . لەم بۆنەیەدا پادشا وەکو ناوبژی کەرێك لە نێوان جویتارە ڕاپەڕیوەکان و نێوان دەرەبەگان دا، دەرکەوت. لەم بڕیارەدا ژمارەیەك لەو بڕیارانە سڕدرانەوە کە دژ بە بەرژەوەندی جوتیارەکان بوون، لەوانە مافی سورانە، جا بەرامبەر بەوە دەبوایە جوتیارەکان باج بدەن، ل111 .

44. S.Sugenheim.“Geschichte der Aufhebung der Leibeigenschafft und Hörigkeit in Europa bis um die Mitte des neunzehnten Jahrhunderts “ St. Petersburg، 1861 .(س.زوگنهایم) «مێژووی نەهێشتنی مافی مسکێنایەتی»، سانت پترسبۆرگ،1861 ).

45. کارل مارکس. کورتەی کتێبی لویس هـ. مۆرگان «کۆمەڵگای دێرین».

46. کارل مارکس. ( کورتەی کتێبی لویس هـ . مۆرگان «کۆمەڵگای دێرین».

47. M.Kovalevsky .“ Tableau des origines et de Ievolution de la famille et dde propriete “ . stockholm، 1890 .

(م.کۆڤالیڤسکی) ڕوونکردنەوەیەك لەمەر بناغەو پەرەسەندنی خێزان و خاوەندارییەتی. ستوکهوڵم، 1890 ).

48. L.H.Morgan . “ Ancient society “ . London، 1877 ، 465-466 . p ( ل.هـ.مۆرگان «کۆمەڵگای دێرین». لەندەن، 1877، ل ل465–466.

49. L.H.Morgan” Ancient society “ London، 1877 ، . p . 470

(ل.هـ.مۆرگان «کۆمەڵگای دێرین». لەندەن، 1877 ، ل470 ).

50 . کارل مارکس، کورتەی کتێبی لویس هـ . مۆرگان کۆمەڵگای دێرین.

51. لێرەدا مەبەست لە تۆژینەوەکەی (کوڤالیڤسکی) یە مافی سەرەتایی. چاپی یەکەم. خێڵ. مۆسکۆ، 1866. لەتۆژینەوەکەدا نووسینەوەکانی ئۆرشانسکی لە ساڵی 1875 هەروەها ویفیمکو لە ساڵی 1878 دا کردووە بە گەواه ، کە لە بارەی کۆمۆنەی خانەوادەکین لە روسیادا.

52. ناوی «ڕاستییەکەی» یاروسلاف بە بەشی یەکەمی شێوازی یەکەمی کۆنی «ڕاستی ڕوسییە»، گوتراوە واتە بەو کۆمەڵە یاسای روسیای کۆن، کەلەسەدەکانی یازدەو دوازدە لەسەر بناغەی داب ونەریتی ئەو ڕژگارە کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو رۆژگارە بوون.

53. یاساکانی دالماتی، کۆمەڵە یاساییێکی بەکاربوون لە بولیتا «بەشێکە لەدالهیتیا» لە سەدەی پازدەیەمەوە تاکو سەدەی حەڤدەیەم، هەروەها بە «سیستمی بولیتا»ش ناسراوە.

54. A. Heusler . “ Institutionen des Deutscher privatrechts “ . B II .Leibzig، 1886 ، . S . 271

(هوسلەر: «بنەما ریشەییەکانی مافی تایبەتی ئەڵمانی»بەرگی دووەم. لایبزیگ، 1861.

55. نیشانەکەی نیارخ کە لێرەدا ناوبراوە لە دانراوەکەی سترابۆنی (جوگرافی)دا دەیدۆزنەوە، کتێبی پازدەیەم، بەشی یەکەم.

56. Calpullis (کالپولیس)، چەند تێرەیێکی خانەوادەگی هیندە سوورپێستەکانن لە مەکسیك دا لە قۆناغی داگیرکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن ئیسپانییەکانەوە . تێکڕای ئەندامانی هەر تیرەیێکی خانەوادەگی (Capulli) (کالبولی) یەك بنەچەی هاوبەشیان هەبوو زەوییێکی هاوبەشیشیان هەبوو کە نەدەبوو بفرۆشرێ یاخود لە نێوان میراتگرەکاندا بفرۆشرێ . ئەلونسوسوریتا لە کتێبەکەی دا :

Espagne . Rapport sur les differentes dasses de chets de la Nouvelle، sur les lois، les moeurs des habitants، sur les impots)، dablis avantet depuis laconguete، etc. etc . باسی لە Capullis (کالپولیس) کردووە. (ڕاپۆرتێك لەبارەی سەرکردە جۆربە جۆرەکانی ئیسپانیای نوێ و لەبارەی یاساو ڕەوشتی خەڵکەکەو باج گرتن دا پێش داگیرکردن و پاش ئەوەش ، هتد .. هتد .. ) کە بۆ یەکەمین جار لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە :.

“Voyages، relatims et momoires originaux pour servir a – histoire de la decouverte de ‘ Amerigue، m publies pour la premiere fois en francais، par H . Ternaux – Compans “ . Vol . II، Paris، 1840، PP . 50-64 .

( گەشت، راپۆت و یادداشت لەبارەی مێژووی دۆزینەوەی ئەمەریکا، بۆ یەکەمین جار ترنو–کومبات بە زمانی فەرەنسی بڵاوی کردەوە، بەرگی 11 . پاریس، 1840 ، ل ل50–64 ).

57. لێرەدا مەبەست لە وتارەکەی کونوف "Die altperuanischen Dorf – und Markgenossenschaften" (کۆمۆنە لادییی و مارك و تێروانییە کۆنەکان) کە لە گۆڤاری Ausland لە 20 و 27 ی تشرینییەکەم و 3 تشرینیدووەم 1890. "Das Ausland"(داس ئاوسلاند :ولاتەبێگانەکان) گۆڤارێکی ئەڵمانییە لەبارەی جوگرافیا و زانستی سروشتدا. هەر لە ساڵی 1828 تاکو ساڵی 1893 دەرچوو. لەسەرەتای 1873 دا لە شتوتگارت دا دەرچوو.

58 . لێرەدا مەبەست لە مادەی (230)ی یاسای مەدەنییە کە لە ساڵی (1804)دا لە سەردەمی ناپلیۆن دا دەرچووە.

59. کارل مارکس. کورتەی کتێبی لویس هـ. مۆرگان (کۆمەڵگای دێرین).

60. هومیروس : (ئودێسە) . سروودی یەکەم.

61. ئەسخیلۆس، (ئورست، ئاگامەمنون.

62. بلوتارك. (ئەسبەرتییەکان). بەشی پێنجەم. هەروەها بڕوانن :

" Griechische Alterthümer " . G.F. Schoemann ، Bd . I ، Berlin ، 1855 ، . S . 268 (گ. ف.شومان. ﴿سەردەمەدێرینەکانی یونانی﴾. بەرگی یەکەم، برلین، 1855 ، ل268 ).

63. ئەسبەرتییکان، ئەو هاولاتییانەن کە لە ئەسبرتەی کۆندا خاوەن مافی تەواوی خۆیان بوون. هیلوت، دانیشتوانی ئەسبەرتەی کۆنن کە لە هیچ مافێککێیان نەبوو و بەزەوییەکانەوە بەسترابوون و دەبووایە باج و خەراج بدەن بەخاوەن زەوییەکان کە ئەسبەرتی بوون. وەزعی هیلوت هیچ جیاوازێکی لەگەڵ وەزعی کوێلەکان دا نەبوو.

64 . ئەرستۆڤانس. (ئافرەتان لە جەژنی فسموفوریا).

65. هیرودوتس، (مێژوو)، کتێبی هەشتەم، بەشی 105. هەروەها بڕوانن: W. Wachsmuth ، " Hellenische Alterthumskunde aus dem Gesichtspunkte des staates "، Th . II ، Halle ، 1830 ، . S . 77

(و.فاکسموت ﴿لێکۆڵینەوە لە سیستمە رامیارییەکانی سەردەمە هێللنییە دێرینەکان﴾ بەشی دووەم، لقی دووەم، هالە، 180، ل77).

66. یوریبیدس. (ئوریست).

67. ئەنجلس بیرۆکەیێك لە کتێبەکەی مارکس و ئەنجلس (ئایدیولۆژییای ئەڵمانی) دەهێنێتەوە.

68 . London . " Anciert Society". L.H. Morgan ، 1877 ، P . 504

(ل.هـ. مۆرگان ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾. لەندەن، 1877، ل504).

69. هییرودول Hierodule، لە یۆنانی کۆن و ئەوانی ژێر قەڵەمڕەویان، بەکۆیلەو کە نیزەکەکان دەڵێن کە لە پەیکەرەکان دان. لە زۆر جێگادا، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئاسیای بچووك و لە کۆرنسیا، ئافرەتە هییرودولەکان لە پەیکەرەکاندا خەریکی جننە بازی بوون

70. تاقیتس. (ئەڵمانیا)، بەشی 18و19.

71 . ئەمیان مرسیلان: (مێژوو لە 31 کتێبدا)، ﴿کتێبی سی و یەك، ، بەشی نۆیەم، بروکوبیوس لە قەیسەرێوە﴾، جەنگ لەدژی گۆتییەکاندا، کتێبی دووەم، بەشی چواردەیەم، کتێبی شەشەم لە مێژووی جەنگەکانی یوستینیانوس دژی فارس وفندال و گۆتییەکان.

72. لێرەدا مەبەست لەشیعری تروبادورە (گۆیندە گەڕۆکەکان) لە فەرەنسای باشووری دا لە دوادواییەکانی سەدەی یازدەیەم تاکو دوا دوایی سەدەی سێزدەیەم ).

73. لێرەدا ئەنجلس بڕگەیێکی لە دانراوەکەی شارل فۆریەی گۆریوە :

P . ، 1841 ، Paris ، t . Tv ، Oeuvers completes ،“ Theorie de I’unite universelle “. vol . III . 2-me ed . 120 . (شارل فوریە، ﴿بیردۆزەی یەکێتی گێتی﴾، بەرگی سێهەم . چاپی دووەم ، سەرجەمی دانراوەکان، بەرگی چوارەم، پاریس ، 1841 ، ل 120). چاپی یەکەمی ئەم دانراوە لەژێر ناوی ”Traite de I’association : domestigue – agricole”، T. I-II ، Paris ، London 1882 دەرچوو﴿تۆژینەوە لە هاوپەیوەندی کشتوکاڵی ماڵەوە﴾ بەرگی یەکەم و دووەم، پاریس، 1822).

74. دڤنیس وکلویا . پاڵەوانی ڕۆمانێکی یونانیین لە سەدەکانی دووەم و سێیەم. هیچ زانیارێك لەبارەی دانەری ڕۆمانەکە (لونگ) نەماوە.

75. (گۆرانی نیبیلونگ) . گۆرانی یەکەم.

77. H.S. Maine . “Ancient law : ist connection with the Early History of Society، and its Relation to Modern I deas

(هینری سامنر مین، ﴿یاسای دێرین﴾و پەیوەندییەکەی لەگەڵ مێژووی زووی کۆمەڵگاو لەگەڵ چەمکە یاساگەرییە هاوچەرخەکان، چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی 1861 لە لەندەن دەرچوو.

78. کارل مارکس و فریدریك ئەنجلس. ﴿مانیفێستی کۆمۆنیست﴾ بەشی یەکەم.

79. L.H. Morgan .”Ancient Society “. London، 1874 .، P.491-492 (ل.هـ. مۆرگان، ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾، لەندەن، 1877، ل ل 491–492).

80 . بڕوانن تێبینی ژمارە 36.

81 . ئەنجلس ئەم گەواهەی لە کتێبی (کورتەی کتێبی لویس هـ . مۆرگان: ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾ کە کارلس مارکس دیناوە).

82 . لێرەدا مەبەست لە دەست بەسەرداگرتنی مەکسیکە لەلایەن داگیرکەرە ئیسپانییەکانەوە لە ساڵانی 1519–1521.

83 . L.H.Morgan .”Ancient Society” . London، 1877 .، P . 115

(ل.هـ.مۆرگان ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾ لەندەن، 1877، ل115) .

84 . لێرەدا و لەئێستا بە پاشەوە ، ئەنجلس مەبەستی لە کتێبەکەی تاقیتسە: ﴿ئەڵمانیا﴾.

85 . مەکسیکییە تازەکان . بگەڕێنەوە بۆ ژمارە 13.

86 . لێرەدا مەبەست لە دانانەکانی گیورگ لودڤیك موریرە : “Einleitung zur Geschichte der Mark - ، Hof - Dorf – und stadt verfassung und der öffentlichen Gewalt “ . München ، 1854 . (پێشەکی مێژووی سیستمی مارك و خێزان وگوند و شارو دەسەلاتی گشتی . میونیخ ، 1854 ) “Geschichte der Markenverfassung in Deutschland “ . Erlangen، 1856 . مێژووی سیستمی مارك لە ئەڵمانیا. ئەرلانگن ، 1856 ) ، Geschichte der Foronhöfe، der Bauernhöfe und der Hofverfassung in Deutschland “ . B.d.T.Tv، Erlangen ، 1862-1863 . (مێژووی ڕۆڵی سەرگەورەکان و ڕۆڵی جوتیارەکان و سیستمی خێزان لە ئەڵمانیا ﴿ بەرگی 1–4 . ئەرلانگن 1862–1863﴾ “Geschichte der Dorfverfassung in Deutschland “ . Bd . 1- II، Erlangen ، . 1865-1866 (مێژووی سیستمی لادێ لە ئەڵمانیا). بەرگی یەکەم و

**دووەم.رئەرلانگن**، (1865–1866). " Geschichte der Städteverfassung in Deutschland" ، Iv – I .. Bd
. 1871– 1869 Erlangen (**مێژووی سیستمی شار لە ئەڵمانیا) بەرگی** 1–4 ، **ئەرلانگن**، 1869–1871).

87 . **﴿نەتەوەی بێ لایەن﴾، ئەمە بوو ناوی پەیمانی سەربازی نێوان هەندێك لە هۆزەکانی هیندە سوورپێستەکان کە پەیوەندی خزمایەتییان لەگەڵ هۆزەکانی ئیروکوادا هەبوو، لە کەناری باکووری دەریاچەی ییری دا دەژیان. داگیرکەرە فەرەنسییەکان ئەم ناوەیان بەم پەیمانەوە نابوو چونکە لە هەموو شەڕەکانی نێوان هۆزەکانی ئیروکواو هۆزەکانی هورون دا بێ لایەن بوون.**

88 . **لێرەدا مەبەست لە خەباتی رزگاری خوازی نەتەوەیی یە کە زولوو نوبییەکان دژ بە داگیرکەرە بەریتانییەکان دەیانکرد:**

**لە کانوونی دووەمی** 1879 **دا بەریتانییەکان هێرشیان کردە سەر هۆزەکانی زولو، بەڵام زولو بەسەرۆکایەتی کتشفایو، بەدرێژایی ساڵێك لە خەباتێکی نەبەرد دا بوون، بەڵام تەنها پاش کۆمەڵە شەڕێك ئەمجا بەریتانییەکان، بەهۆی زاڵ بوونیان لەڕووی چەکەوە، توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بەڵام نەیانتوانی بۆ هەمیشە زولو بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان تەنها پاش ساڵی** (1887) **نەبێ ئەوەش بەهۆی ئەو شەڕو ئاژاوەیەی کە لەنێوان هۆزەکانی زولو نایانەوە و چەند ساڵێك بەردەوام بوو. لە ساڵی** 1881 **دا شۆرشی رزگاری خوازی نەتەوەیی گڕی گرت، نوبییەکان و عەرەبەکان و نەتەوە خوازەکانی دیکە لە سوودان بەسەرۆکایەتی (محمد احمد بن عبدالله المهدی) بەشدارییان تێدا کرد، جا کاتێ کە نزیکەی هەموو زەوییەکانی سوودانیان لەژێر دەست بەریتانییەکان دەرهێنا لە** (1883–1884) **دا سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێنا. هەر لە کاتی شۆرشەکەشدا دەوڵەتێکی (مەهدەوی) مەرکەزی دروست کرا. تەنها لەپاش ساڵی** 1899 **دا هێزە داگیرکەرە بەریتانییەکان، بەهۆی بێ هێزی و لاوازی ناوخۆی ئەم دەوڵەتەوە و بەهۆی شەڕو ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێوان هۆزەکاندا و بەهۆی زاڵ بونیان لەڕووی چەکەوە، توانیان دەست بەسەر سوودان دا بگرن.**

G. Grote . " Ahistory of Greece ." vol . 1-x11 . 89

(**جورج کروت: ﴿مێژووی یونان﴾. بەرگەکانی** 1–12). **چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە لەندەن لە ساڵی** 1846–1856 **دەرچووە، ئەو بڕگەیەی کە لێرەدا هاتووە لە هەردوو لاپەڕەکانی** (54–55)**ی بەرگی سێیەمن کە لە ساڵی** 1869 **دا لە لەندەن دەرچووە).**

90 . **لێرەدا مەبەست لە وتارەکەی (دیموسڤینس)ە لە دادگای دژ بە ئوبولید. جا لەم وتارەدا ئەنگوست بۆ ئەو نەریتە کۆنە کێشاوە کە دەڵێ تەنها دەبێت ئەندامانی ئەو خێڵە لە گۆرستانی خێڵەکەدا بنێژرێن .**

91 . **کارل مارکس . (کورتەی کتێبی ل.م. مۆرگان) کۆمەڵگای دێرین.**

92 . **ئەو بڕگەیەی کە لێرەدا ئەنجلس ئاماژەی بۆ کردووە هی فەیلەسوفی کۆنی یونانی دیکیارخە هێشتا پێمان نەگەیشتووە و لە کتێبەکەی فاکسمۆت دا هاتووە:** "Hellenische Allerhumskunde aus dem Geschichtspunkte des staates " Th . I ، Abth . I ، Halle ، 1826 ., S . 812 (**لێکۆڵینەوە لە سیستمە رامیارییەکانی سەردەمە هێللینیە دێرینەکان)، بەشی یەکەم لقی یەکەم . هالە**، 1826**. ل**312).

W.A. Becker . "charikles . Bilder altgriechischer sitte . zur genauern kenntniss des griechischen . 93 privatlebens ". Th . II ، Leibzig ، 1840 . S . 447. **﴿(ولهلم ئەدولف بیکەر): خاریکل چەند تابلۆیێك لەمەڕ ڕەوشتە دێرینەکانی یونانی، لەپێناو پەیداکردنی شارەزاییێکی زیاتر لەمەر ژیانی تایبەتی یونانییەکان﴾ بەشی دووەم، لایبزگ**، 1840 **ل**447).

94 . **کارل مارکس: (کورتەی کتێبی لویس . ه . مۆرگان) ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾.**

95 . G. Grote ." A History of Greece ". A New . Ed . ، vol . III ، London 1869 . ، P . 60 ﴾ **جورج گروت: (مێژووی یونان). چاپێکی نوێ . بەرگی سێیەم . لەندەن، 1869،ل66).**

96 **. کارل مارکس: (کورتەی کتێبی لویس . هـ . مۆرگان) ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾.**

97 . G. Grote ،"A History of Greece ". A New . Ed . ، vol . III ، London 1869 ، P . 60 ﴾ **جورج گروت: (مێژووی یونان). چاپێکی نوێ . بەرگی سێیەم . لەندەن، 1869،ل60). مارکس لەکتێبەکەیدا (کورتەی کتێبی لویس . هـ . مۆرگان) (کۆمەڵگای دێرین) گەواهەکانی (لەگەڵ تێبینییەکانی نێوان دوو کەوانەکاندا) نووسیوەتەوە.**

98 **. کارل مارکس: (کورتەی کتێبی لویس . هـ . مۆرگان) ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾.**

99 . G."A History of Greece ". A New Ed . ، vol . III ، London 1869 ، P . 58-59 ﴿**جۆرج کروت. (مێژووی یونان). چاپێکی نوێ. بەرگی سێیەم ، لەندەن ، 1869 . ل ل58– 59 ).**

100 **. هومیروس: (ئەلیادە) ، سروودی دووەم.**

101 **. لێرەدا مەبەست لە کتێبی** Fustel de Coulanges ."La cite artigue " . Liver III ،" chgo I ﴾ **فوستیل دی کولانج: (کۆمۆنەی شارستانێتی کۆن)، کتێبی سێیەم، بەشی یەکەم. چاپی یەکەمی ئەم کتێبەم لە پاریس و ستراسبورگ ساڵی 1864 دەرچوو).**

102 **. دیونیسیۆسی هالیکارناسی: (مێژووی کۆنی رۆما). کتێبی دووەم . بەشی دوازدەیەم.**

103 **. ئەسخیلۆس. (حەوت دژی سیبە).**

104 . G.F. Schoemann ."Griechische Alterthümer ". Bd . I ، Berlin ، 1855 .، S . 27 ﴿ **گ. ف. شومان: (سەردەمە کۆنەکانی یونان) . بەرگی یەکەم ، بەرلین ، 1855، ل27).**

105 **. لێرەدا مەبەست لە کتێبی** W.E. Gladstone. "Juventus Mandi The Gods and Mer of the Heroic Age "، 11 . ( **و. ی. گلادستون) لاوانی خوداوەند و خەڵکی لە چاخی پاڵەوانێتیدا، بەشی یازدەهەم، چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە لەندەن ساڵی.**

106 **. کارل مارکس. (کورتەی کتێبی لویس هـ. مۆرگان)، (کۆمەڵگای دێرین) بڕگەی ناوبراو لەم کتێبەدا هاتووە:** L.H. Morgan "Ancient Socity"London ،248. P . 1877 ( **ل.هـ. مۆرگان، ﴿کۆمەڵگای دێرین﴾ لەندەن، ل248).**

107 **. هومیرۆس. (ئەلیادە)، سروودی دووەم.**

108 **. کارل مارکس. (کورتەی کتێبی لویس هـ. مۆرگان) (کۆمەڵگای دێرین).**

109 **. توفیدیس. (مێژووی جەنگی بیلوبونیز). کتێبی یەکەم، بەشی سێزدەیەم.**

110 **. ئەرستۆ. (رامیاری) . کتێبی سێیەم ، بەشی دەیەم.**

111**. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە مافی کارکردن لە فرمانە مەدەنییەکاندا بدرێ بە چینی چوارەم لە هاوڵاتیانی ئەسینا. ﴿ئەلفیت﴾ (ئەمانە هاوڵاتی ئازادن بەڵام دەست تەنگ و نەدارن)، ئەم کارەش هەندێك لە سەرچاوەکان دەیدەنە پاڵ ئەریستدس. (سەدەی پێنجەم پ . ز).**

112 **. لێرەدا مەبەست لە** metegues **(میتیك یاخود پەناهەندەن)ە واتە ئەو غەوارانەی کە هەمیشە لە ئەلاتیك دا دەژیان، ئەمانە خەڵکێکی ئازاد بوون، بەڵام مافی هاوڵاتییە ئەسینییەکانیان نەبوو (ئیش کردن لە فرمانە گشتییەکاندا، بەشداری کردن لە کۆمیتەی میللی، خاوەندارێتی خانوو زەوی و زارو ئیدی ، هتد ...) میتیکەکان بەشێوەیەکی سەرەکی خەریکی بازرگانی و پیشەگەری بوون، دەبوایە باجێکی تایبەتی بدەن،**

**هەروەها دەبوایە لەڕیزی هاوڵاتییە خاوەن مافە تەواوەکان دا (پارێزەر)یان هەبن، جا بەهۆی ئەمانەوە بۆیان هەبوو سوود لەدەستەکانی فەرمان ڕەوا وەربگرن.**

113 **. لەسالانی** 510–507 **پ.ز، کلیسڤن، نوێنەری خێڵی کمیوپید، سەرۆکایەتی خەباتی دیموس (گەل) ی ئەسینای کرد، دژ بەدەسەڵاتی ئەریستوکراتییە خێڵەگەرییە کۆنەکان، سەرئەنجام ، ئەم ئەم دەسەڵاتە سەرنەگریٚ کرا و چەند کارێکی ریفۆرمیتی بەمەبەستی لەناوبردنی شوێنەوارەکانی سیستمی خێڵایەتی کرا.**

114 **.** L.H. Morgan . "Anciert Socaty " . London 1877، P . 271

( **لویس هنری مۆرگان: (کۆمەڵگای دێرین)، لەندەن،** 1877**، ل**271).

115 **. لە ساڵی** 560 **پ . ز، بیسیستراتس، نوێنەری خێڵی ئەریستوکراتی نابوو کراو، دەستی بەسەردەسەڵاتی ئەسینا دا گرت و رژێمێکی تاك ڕەوی بەرپا کرد. ڕژێمێکی دیکتاتوری . ئەم ڕژێمە لەگەڵ چەند پچڕاندنێکدا (چونکە بیسیستراتس دووجای لە ئەسینا رەتێندراو دووبارە گەڕایەوە) تاکو مردنی بیسیستراتس لە ساڵی** 527 **پ. ز دا بەردەوام بوو ، پاش ئەوەش تاکو ساڵی** 510 **پ. ز، بەردەوام بوو، کاتیٚ کە هیبیاسی کوڕی رەتێندرا و پاش ماوەیێکی کورت دەسەڵاتێکی دیموکراسی خاوەن کۆیلەکان بەسەرۆکایەتی کلیسڤین دەست بەکاربوو. چالاکییەکانی بیسیستراتس کە پارێزگاری لە خاوەن زەوییە بچووك و ناوەنجییەکان دەکرد دژ بە ئەریستوکراتی خێڵەگەری، هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی لەپێکهاتنی رامیاری دەوڵەتی ئەسینی بەرپا نەکرد.**

116**. هەر دوازدە یاساکانی بۆردەکە . کۆنترین شوێنەواری یاسای رۆمانییە. لە ناوەندەکانی سەدەی پازدەیەمی پێش زایین دا وەکو بەرخوردی خەباتی نێوان رەشۆك و تایبەتەکاندا، داندراو جێگای مافی داب و نەریتی گرتەوە کە لەوەپێش لە رۆمادا بەکار بوو. ئەم یاسایانە رەنگدانەوەی پەرەسەندنەکانی جیاوازی چینایەتی بوون لەسەر بناغەی مولکدارییەتی لە کۆمەڵگای رومانیدا، هەروەها پەرەسەندنەکانی سیستمی مسکێنایەتی و فراژی بوونی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان (دەوڵەتی مسکێنەکان). ئەم یاسایانە لەسەر دوازدە بۆرد نووسرانەوە.**

117 **. لێرەدا مەبەست لەو شەڕەی نێوان هۆزە ئەڵمانییەکان و هێزی داگیرکەرە رۆمانییەکانە بەسەرۆکایەتی ڤار کە لە لێرەواری توتوبورگ (ساڵی** 9 **زاینی ) داگیرسا. ئەم شەڕە بە بەزینی رۆمانییەکان و کوشتنی سەر لەشکرەکەیان کۆتایی هات.**

118 **. ئیبوس کلودیوس لەساڵی (**451 **وساڵی** 450 **پ . ز) دا لەلیژنەی (دە) کەسەکەدا (ددیسمفیرین) هەڵبژێردرا. ئەم لیژنەیە دانانی ئەو یاسایانەی وەئەستۆخرا بوو کە بەیاساکانی دوازدە بۆردەکە ناسرابوو. کاتیٚ کە ئەم لیژنەیە بەکارەکەی هەڵدەستا دەسەڵاتێکی تەواوی لە چنگ دابوو، جا کە ئەو ماوەیەی بۆیان دیاری کرابوو بەسەر چوو. ئەبیوس کلودیوس لەگەل دیمفیرینەکانی دیکەدا کەوتنە تەلاشی ئەوەی کە بەخورتی درێژە بەدەسەڵاتی لیژنەکە، تا کۆتایی ساڵی** 449 **، بدەن. بەڵام دیکتاتۆرییەت و تیرۆرستی دیمفیرینەکان، بەتایبەتی ئەبیوس کلودیوس، بلیبس (رەشۆك) یان ناچار کرد کە دەست بەڕاپەڕینیٚ بکەن تاکو رووخاندنی دیمفیرینەکان . ئیبوس کلۆدیوس زندانی کراو پاش ماوەیێکی کورت مرد.**

119 **. شەری بونییکی دووەم (**218 **.** 201 **پ . ز) یەکێکە لەو شەڕانەی کە لە نێوان دوو دەوڵەتی گەورەی خاوەن کوێلە لەسەردەمە کۆنەکان دا کە (روما و قرتاجا)ن لەپێناو فراوان کردنی قەڵەمڕەویان لەبەشی ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاست و لەپێناو فراوانتر کردنی زەوی زار و خلونداریٚتی کۆیلە . ئەم شەڕە بە بەزینی قرتاجا کۆتایی هات.**

120 . لێرەدا سەر لە نوێ ئەنجلس تێبینییەکەی مارکس لەمەر خێڵی یونانی دەهێنێتەوە (بروانن تێبینی ژمارە 91 ).

121 . Th. Mommsen.”Römische Forschung “. 2 Aufi . ، Bd . I ، Berlin1 864، (مومزن .ت) (لێکۆڵینەوەکانی رۆما). چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، بەرلین ، 1864).

122 . تیتس لیڤیوس: (مێژووی روما لەدامەزراندنی شارەوە).

123 . لانگە لەکتێبەکەی دا : ”Romische Alterthümer“. Bd . I . Berlin ، 1856.S.195 ( سەردەمە کۆنەکانی رۆمانی، بەرلین، 1856. ل195) ئەم تۆژینەوەیەی ف.ا. هوشکەی کردوە بەگەواهی. “De Privilegiis Feceniae (Liv “ Hispalae Senatusconsulto Concessis ، (19 ، Gottingae ، 1822 (فیلیب ئەدوارد هوشکە) لەمەر بڕیارێکی کۆمیتەی ردێن سپی یەکان کە بریتی یە لە بەخشینی ودمی تایبەتی بە ڤیتسینیا هیبالا ((کتێبی سی و نۆیەمین ، بەشی نۆزدەیەم))، گوتنگن، 1822).

124 . B.G Niebuhr . “ Romische Geschichte “ . Th . I – II (برتولد گیورگ نیبور) ﴿مێژووی روما﴾، بەشەکانی یەك و دوو و سێ، ئەنجلس بڕگەیەکی لە بەشی یەکەم دەهێنێتەوە کە چاپی یەکەمی لە ساڵی 1811 دا لە بەرلین دەرهات.

125 . Th . Mommsen . “ Romische Geschichte “ . Bd . I ، Buch I Kap . 6 (ت.مومزن) ﴿مێژووی رۆما﴾، بەرگی یەکەم، کتێبی یەکەم، بەشی شەشەم، چاپی یەکەم بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە لایبزیگ ساڵی 1854.

126 . Dureau de la Malle . “ Economie politigue des Romains “ . T.I-II paris ، 1840 . (دورو دی لامان): ئابوری رامیاری لەکن رۆمانەکان دا، بەرگی یەکەم و دووەم. پاریس، 1840، لێرەدا مەبەست لەو خشتە بەراوردکارییانەیە کە لە کۆتایی بەرگی یەکەم دایە لەبارەی پێوانە کۆن و تازەکاندا، هەروەها لەبارەی یونیتی دراوەکانەوەش.

127 . J.F. Mac- Lennan . “ Primitive Marriage “ . Edlinburgh ، 1865 . ( ماك . لینان: ژنومێردایەتی سەرەتایی، ئەدنبۆرگ، 1865).

128 . M. Kovaleusky. “ Tableau des orgines et de levolution de la famille et de la propriete “ . stokholm ، 1890 . (روونکردنەوە لەمەڕ بنەچەو پەرەسەندنی خێزان وموڵکدارێتی، ستوکهولم، 1890).

129 . ئینگلیزەکان لە ساڵی 1283 دا بەتەواوی دەستیان بەسەر ویلز دا گرت. بەڵام پاش ئەوە ویلز ئۆتۆنۆمییەکەی خۆی هەر پاراست. لە ناوەندی سەدەی شازدەیەمدا بەتەواوەتی کەوتە ژێر رکێفی بەریتانیاوە.

130. لە 1869–1870، ئەنجلس دەستی بەنووسینەوەی تۆژینەوەیێکی مەزن کرد لەمەڕ مێژووی ئەرلەندەوە بەڵام بە ئەنجامی نەگەیاند. سەبارەت بە مێژووی کەلت ئەنجلس لە یاسا کۆنەکانی ویلزیشی کۆڵییەوە.

131 . ئەنجلس ئەم کتێبەشی کردووە بە گەواه : ”Ancient laws and Institutes of wales “ vol . I . 1841 ، p . 93 . (یاسا و دامەزراوە کۆنەکانی ویلز . بەرگی یەکەم، ساڵی 1841، ل 93).

132. لە ئەیلول 1891 دا ئەنجلس گەشتێکی بە ئۆسکتلەندا و ئەرلەندەدا کرد.

133 . لە ساڵانی (1745 و 1746)دا، کلانەکان (خێڵەکان)ی چیانیشنەکان لە ئۆسکوتلەندەدا، ڕاپەڕینێکیان دژ بە خراپکاری و زەوت کردنی زەوی کە لە بەرژەوەندی ئەریستوکراتی و بۆرژوایی ئەنگلو . ئوسکۆتلەندی دابوو، کرد. ئەم چیانیشینانە لە پێناو هێشتنەوەی سیستمی کۆنی خێڵایەتی دەجەنگان بەڵام هەندێك لە خانەدانە چیاییەکانی ئوسکوتلەندی کە مانەوەی سیستمی کلانی دەرەبەگایەتی بە تریرکی لە بەرژەوەندییان دابوو

بێزاری و ڕق کینەی چیاییەکانیان قۆزتەوەو جاڕی ئەوەیان دا کە ئامانجی ئەم ڕاپەڕینە گەڕانەوەی تیرەی ستیوارتە بۆ سەرتەخت تاراجی ئینگلیزی . لە پێشدا لەشکری ڕاپەڕیوەکان سەرکەوتنی کورت ماوەیان بەدەست هێنا ، بەڵام سەر ئەنجام نوجیان خوارد . پاش سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکە ، سیستمی خێڵایەتی لە چیاکانی ئوسکوتلەندە لەناودراو دوا ئاسەواری خاوەنداریێتی خێڵایەتی بۆ زەوی بەبەردا درا . زۆر بەپەلەو بەتوندی پرۆسەی ڕەتاندنیجوتیارە ئوسکوتلەندییەکان لەسەر زەوییەکانیان دەستی پێ کرد ، دادگا خێڵەگەرییەکان هەڵوەشێندران و هەندێك لە نەریتە خێڵەگەرییەکانیش قەدەغە کران.

134 . Beda venerabilis “Historia eclesiastica gentis Angiorum “ .135 p . 357-358 ،– L.H. Morgan. “ Ancient Society “. 1877

(بێدا کە بە بالبار ناسراوە. (مێژووی ئینگلیزەکان)، کتێبی یەکەم. بەشی یەکەم.

136 . یولیوس قەیسەر، (یادداشتەکان لەمەڕ جەنگی گال)ەوە. کتێبی شەشەم . بەشی بیست و دووەمین.

137 . (مافی ئەڵمانی)، کۆمەڵە یاساییێکی داب و نەریتە کە لە کن هاوپەیمانە ئەڵمانەکانە (alamans) واتە هۆزەکی ئەڵمانی کە لە سەدەی پێنجەمەوە لەسەر زەوی و زارەکانی ئەلزاس و سویسرای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیای ئێستا. ئەم کۆمەڵە یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ دواییەکانی سەدەی شەشەم و سەرەتایی سەدەی حەوتەم تاکو هەشتەم. لێرەدا ئەنجلس ئاماژەی بۆ یاسای 81 (84) ی (مافی ئەڵمانی) کردووە.

138. لێرەدا مەبەست لە دانراوەکەی کوڤالیڤسکی یە: ﴿مافی سەرەتایی خێڵ﴾. چاپی یەکەم، مۆسکۆ، 1866 هەروەها دانراوی ل307 . “ Tableeau des origines et de I’euolution de la famille et de la propriete “ Stockholm، 1890.

139. (سروودی هێڵدیبراند)، چامەییێکی پاڵەوانێتییە، شوێنەوارێکی داستانە شیعری کۆنی ئەڵمانییە لەسەدەی هەشتەمەوە چەند بڕگەییێکی ماوەتەوە.

140 . تاقیتس. (ئەڵمانیا). بەشی حەوتەم.

141. (دیودوروس)ی سیقلی: (کتێب خانە مێژووییەکە). کتێبی چوارەم . بەشی سی و چوارەمین ل ل 43 . 44.

142. (Volusp) واتە (خەونی پێشبینی). یەکێکە لە سروودەکانی ﴿ئەیدای مەزن﴾، (بڕوانن سەرنجی ژمارە 28).

143. لێرەدا مەبەست لەم دوو دانراوەیە :. (ك.ك. A.ch. Bang .”völuspa og de sibyllinsk orakler “. 1879) بانگ)خەونی پێشبینی و پێشبینی کردنی فاڵچییەکان، 1879 ، S. Bugge.”studien over de nordiske Gude og Heltesagns oprindelse.” Kristiania – ، . 1881 – 1889 (س. بوگە: ﴿چەند کورتەییێك لە بارەی بنەچەی ساگا ئەسکەندەناڤییەکان لەمەڕ خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە﴾، (کریستیانیا، 1881- 1889).

144. G.L. Maurer.”Geschichte der Städteverfassung in Deutschland .” Bd. I 1869. Erlangen،

145. ڕاپەڕینی هۆزە ئەڵمانی و گالییەکان بەسەرۆکایەتی زیفیلیس دژ بە دەسەڵاتی ڕۆمانییەکان بەهۆی زیاد بوونی باج و خەراج و سەرباز کردنی خەڵکە کە و نەگریسی فەرمانبەر ڕۆمانییەکان لە 69-70 (یاخود وەك سەرچاوەکانی دیکە دەبێژن لە 69-71). ڕاپەڕینەکە بەشێکی زۆری لە وڵاتی گال و ناوچە ئەڵمانییەکان کە لە ژێرکۆنترۆڵی ڕۆما بوون گرتەوە و هەڕەشەی لە دەسەڵاتی ڕۆما کرد. پاش ئەو سەرکەوتنانەی لە سەرەتادا بەدەستیان هێنا، ڕاپەڕیوەکان چەند جارێك نوچیان خوارد و ناچار بوون پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ڕۆمادا ببەستن.

146 . یولیوس قەیسەر: (یادداشتەکان جەنگی گال) ەوە. کتێبی چوارەم ، بەشی یەکەم.

147 . تاقیتس: (ئەڵمانیا). بەشی بیست و شەشەمین.

148 . "Codex Laureshamensis" (پۆشی‌یەکانی لورش)، کۆمەڵە نوسراوێك بە ودمەکانی دێری لورش و بروانامەی بەراتەکانی ئەم دێرە. ئەم دێرە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم دا لە دەوڵەتی فەرەنسیەکان دامەزرا، لە شاری ورمس نزیك بوو و بریتی بوو لە مالیکییەتێکی گەورەی دەرەبەگایەتی لە ئەڵمانیای باشوری ڕۆژ ئاوادا. ئەم کۆمەلە نوسراو و شتانە لەسەدەی دوازدەیەمدا کۆکرانەوە و لەسەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی خاوەندارییەتی زەوی‌یە لە سەدەکانی هەشت و نۆدا.

149. بلینۆس: (مێژووی سروشتی لە 37 کتێبدا) . کتێبی هەژدەیەم، بەشی حەڤدەیەم.

150 . بلینۆس: (مێژووی سروشتی لە 37 کتێبدا) . کتێبی چوارەم، بەشی چواردەیەم.

151 . لیوتبراند لە (کریمونا)وە (شوکرانە و سزادان) . کتێبی شەشەم.

152 . سلڤیان لە مرسیلیاوە." De gubernation dei" (لە فەرمانڕەوایەتی خوداوەندەوە)، کتێبی پێنجەم، بەشی هەشتەم).

153 . Benefice (بەلاتینی beneficium واتە: کارێکی چاکە، بەخشش، بەرات، پیاوەتی))، جۆرێکە لە بەخشینی زەوی کە زۆر بەفراوانی لە دەوڵەتی فەرەنگ دا لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەم دا بڵاو ببووە. ئەو زەوییەی کە بەشێوەی بەخشش دەدرا بە یەکێکی دیکە، لەگەڵ جوتیارە مسکێنەکاندا کە لە سەری کاریان دەکرد دەگوێزرانەوە بۆ ئەو کەسەی کە زەوییەکەی پێ دەبەخشرا (beneficiaire) بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانی دا سوودی لێ وەربگرێ ، بەمەرجی ئەوەی کە چەند خزمەتێکی دیاری کراو بکات کە زۆربەی کات خزمەتی سەبازی بوو. کاتێ کە خاوەنە سەرەکییەکە یاخود ئەوەی کە زەوییەکەی پێ دەبەخشرا دەمرد ، یان کەم تەرخەم بایە ئەوسادەبوایە بەخششەکە بگێڕدرابایەوە بۆ خاوەنەکەی یا بۆ میراتگرەکەی، جا بۆ ئەوەی دووبارە تێ هەڵبچنەوە دەبوایە سەرجەمی پرۆسەی بەخششەکە دووبارە بکرێتەوە. بەخششەکان تەنها لەلایەن خاوەن دەسەڵاتی پادشایەتییەوە دابەش نەدەکران بەڵکو هەروەها لەلایەن کلیسە و گەورە پیاوانی خاوەن دەسەڵاتیش دەکران. سستەمی بەخشش دەستێکی باڵای لەپێکهێنانی چینی دەرەبەگەکاندا هەبوو بەتایبەتی چینی خانەدانەکان، هەروەها دەستی لە گۆڕانی جەماوەری جوتێرەکان بەرەو مسکێنی دا هەبوو هەروەها لە پەرە ئەستاندنی پەیوەندییەکانی وابەستەیی دەرەبەگایەتی و ڕیزکردنی پلەوپایەکانی دەرەبەگایەتی دا . ئەم بەخششانە benefices پاشان بوون بەمیراتگیرییێکی فیئوداڵی. ئەنجلس لە کتێبەکەی دا (سەردەمی فەرەنسا) پەردەی لە سەر ڕۆڵی سیستمی بەخشش لە مێژووی دروستبوونی دەرەبەگایەتی‌دا هەڵماڵی.

154. کۆنتەکانی دەزگاکان (Gaugraten)، لە فەرەنگستاندا فەرمانبەری پادشایەتین کە لە سەرووی دەزگاکاندا یاخود کۆنتەکاندا دامەزرابوون ، ئەمانە دەسەڵاتی دادگاییان لە چنگ دابوو و باجیان وەردەگرت و هێزە چەکدارەکانیان بەڕێوە دەبردو لە کاتی شەڕدا سەرکردایەتییان دەکردن. بەرامبەر بەم خزمەتانەیان یەك لەسەر سێ‌ی داهاتی پادشایەتی ئەم دەزگایەیان وەردەگرت و بەزەوی و زار خەڵات دەکران. ئەم کۆنتانە پاش ئەوە پلە بە پلە لە فەرمانبەرەوە کە پادشا بەخۆی دایدەمەزراندن، بوون بە دەرەبەگی گەورەی دەسەڵاتدار کە دەسەڵاتی رەهایان لەچنگ دابوو، بەتایبەتی لە ساڵی 877، واتە پاش ئەوەی فرمانی کۆنت بەڕەسمی بە میرات دەگیرایەوە.

155 . لێرەدا مەبەست (بولیبتیك) ە (باسی زەوی و زارو دانیشتوان و داهات) دێری سانت ئەڵمان دی بری، کە بەناوی، بولیبتیك سەرۆك دێری ئەرمینوك، ناسراوە. ئەنجلس ئەوەی کە لە بولیبتیك وەری گرتووە لە کتێبی :

P. Roth.”Geschichte des Beneficialwesens von den ältesten Zeiten bis ins zehnte Jahrhundert “ . Erlangen S. 370 1850. ، (ب. روت: مێژووی سیستمی بەخشش لە سەردەمە کۆنەکانەوە تاکو سەدەی دەیەم) ئەرلەنگن ، 1850 ، ل 338.

156. ئەنگاری angarie ، بریتی یە لەو باجانەی کە لە ئیمبراتۆرییەتی رۆمانیدا بەسەردانیشتوان دا سەپێندرابوو، ئەم باجانە سیماییێکی بەرفراوانتریان بەخۆوە گرت و بوون بە بارێکی گران لە سەر ئەستۆی دانیشتوان دا .

157. ئۆدە (العهده Commende) ( لەلاتینی یەوە Commende وە، ئۆدەی دادا ، وە ئەستۆی دادا) ، یەکێکە لە شێوەکانی (لە ئەوروپادا لە سەرەتای سەدەی هەشتەم و نۆیەمدا بە زۆری بڵاوبۆوە) چوونی جووتێرەکان بۆ ژێر (پارێزگاری) (ئۆدەی) دەرەبەگەکان، یاخود چوونی دەرەبەگە بچووکەکان بۆ ژێر (پارێزگاری) یا (ئۆدەی)ی دەرەبەگە گەورەکان، بەچەند مەرجێکی دیاری کراو (بۆ نموونە بەجێ گەیاندنی خزمەتی سەربازی و خزمەتی دیکە کە لە بەرژەوەندی (پارێزەرەکە) دایە ....) ئەم کارە دەبووە هۆی لەناوبردنی ئازادی کەسێتی جوتێر و دەرەبەگە بچووکەکان و نابوود کردنیان .

158. B. me ed . ، ch . fourie .” Theorie des guatre mouvementes et des destinces generales “ ، Oeuvres ، t . I ، paris ، 1846 ، p . 220 ،(شارل فورییە: (بییردۆزەی چوار بزوتنەوەکەو چارەنوسە گشتی یەکان). چاپی سێیەم سەرجەمی دانراوەکان. بەرگی یەکەم، پاریس، 1846، ل 220). چاپی یەکەمی ئەم دانراوە لەژێر ناوی گێلەپیاوێك لە شاری لیون ساڵی 1808.

159. (سروودی هێڵدیبراند) بڕوانن سەرنجی ژمارە 139 ل309 لە ساڵی 1066 دا لە (هاستینگس)دا هێزەکانی گلیوم دۆقی نورمەندیا کە ئینگلترایان داگیر کردبوو، لەگەڵ هێزەکانی ئەنگلو-ساکسونیدا بەشەڕهاتن. لەم شەڕەدا هێزەکانی ئەنگلو-ساکسۆنی نسکۆی هێناو پادشاکەیان لە شەڕەکە دا کوژرا، گلیوم لەژێر ناوی گلیومی یەکەم بوو بە شای ئینگلترا.

160. کارل مارکس: (کورتەی کتێبی لویس ه . مۆرگان) (کۆمەڵگای دێرین).

161. دیتمارشن، ناوچەییێکە لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێستای شلیزڤیگ-هۆلشتاین. پاشان ساکسۆنەکان تێدا نیشتەجێ بوون، لە سەدەی هەشتەمدا شارلمانی مەزن دەستی بەسەردا گرت، دوایی بوو بە موڵکی دەرەبەگەکان. لە ناوەندی سەدەی دوازدەیەمدا دانیشتوانی دیتمارشن کە زۆربەیان جوتیاری ئازاد بوون پلە بە پلە سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێنا، پاشان بەکردەوە وەدییان هێنا، لە سەدەی سێزدەوە تاکو ناوەندی سەدەی شازدە سەرکەوتووانە بەرهەڵستی یان لەو هەوڵ و تەقەلایانە دەکرد کە پادشاکانی دانیمارك و دۆقەکانی گولشتین پتر لە جارێ تەلاشی ئەوەیان دەدا کە ئەم ناوچەیە بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. پەرە ئەستاندنی کۆمەڵایەتی لە دیتمارشن دا یەکجار بە چاکی دەرەوتا: لەدەوروبەری سەدەی سێزدەیەمدا چینی خانەوادەکان بە کردەوە لەناو چوون، لەسەردەمی قۆناغی سەربەخۆی دا، دیتمارشن بریتی بوون لە خێڵە جووتیارییە کۆنەکان. تاکو سەدەی چواردەیەمیش دەسەڵاتی باڵا لە دیتمارشن دا لە چنگ هەموو خاوەن زەوییە ئازادەکان دا بوو، پاشان ئەم دەسەڵاتە گوێزرایەوە بۆ سێ دەستەی هەڵبژاردە. لە ساڵی 1559 دا هێزەکانی پادشای دانیمارکی فریدریکی دووەم و دۆق گولشتینیین یوهان و دۆق ئەدۆلف بەرگری دانیشتوانی دیتمارشنیان تێك شکاند و براوەکان ناوچەکەیان بەسەرخۆیان دا دابەش کرد. بەڵام سیستمی کۆمۆنەکان تۆتۆنۆمی تاکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم هەربەردەوام بوو.

162 . " S257 . 360 G.W.F. Hegel." Grundlinier der philosophie des Rechts (**هیگل: ﴿بناغەکانی فەلسەفەی ماف﴾. پەریگرافی** 257 **و** 360. **چاپی یەکەم لەم کتێبەدا لە ساڵی** (1821) **دا لە بەرلین هاتەبەر.**

163 . F. Lassalle . " Das system der erworbenen Rechte ." Th . II . "Daswesen des Römischen und Germanischen Erbrechts in historisch philosophischer Entwickelung " (**فردینان لاسال: ﴿سیستمی مافە بۆماوەییەکان﴾، بەشی دووەم، پێکهاتی مافی میراتگییری رۆمانی و ئەڵمانی لە پەرەئەستاندنی مێژووی فەلسەفیدا، چاپی یەکەم لەم کتێبە دا لە ساڵی** (1861) **دا لە لایبزێگ هاتە بەرهەم.**

164. **برگەی ناوبراو، مارکس بەشێکی لە کتێبەکەی (کورتەی کتێبی لویس هـ . مۆرگان:( کۆمەڵگای دێرین) هێناوەتەوە.**

# پەراوێزی وەرگێڕانی کوردی

0پ: (1) اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة/.ترجمة:الياس شاهين/ نشر: دارالتقدم/موسكو

(2) اصل الاسرة والملكيةالخاصة والدولة /.ترجمة:اديب يوسف/ نشر: دارالفارابي/دمشق

(3)

(DER URSPRUNG DER FAMILIE, DES PRIVATEIGENTUMS UND DES STAATS ), IM ANSCHLUSS AN LEWIS H. MORGANS FORSCHUMGEN, (FRIEDRICH ENGELS), DIETZ VERLAG BERLIN 1977

1پ:

(Ancient Society, or Researches in the Lines of Human Progress from Savagery, through Barbarism to Civilization ). By Lewis H. Morgan. London, Macmillan and Co.,1877.

(کۆمەڵگای‌دێرین، یاخود تۆژینەوە لەهێڵەکانی‌پەرەسەندنی‌مرۆڤ لەدڕندایەتیەوە بۆ بەربەریزم تاکو ژیاریی). نوسینی‌لویس هـ.مۆرگان. لەندەن، ماکمیلان و کۆمپانییەکانی، ساڵی 1877). ئەم کتێبە لەئەمەریکاچاپکراوە و ئەستەمە لە لەندن چنگ بکەوێ. چەند ساڵێکە مۆرگان کۆچی دوایی کردووە.

2پ: بەرابەر بەوشەی (العشیرە)ی عەرەبی، بەئەڵمانی (Die Gens)، من بە کوردی وشەی (خێڵ)م بەکارهێناوە، بەرابەر بەوشەی (القبیلە) کە بەئەڵمانی(Der Stamm)ە وشەی (هۆز)م بەکارهێناوە. شایانی گوتنە کە هۆز لە چەند خێڵێك پێکدێت. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم دوو وشەیە لە نووسینی کوردیدا (ئەوەندی کە من بەرچاوەم کەوتبێ) تا ئەو رۆژەی کتێبەکەم چاپ کرد بەبێ جیاوازی بەکاردێن، تەنانەت لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکانیشدا بۆ نموونە بەرامبەر بە وشەی القبیلە (هۆز یا خێڵ) نووسراوە. مامۆستا خالید دلێر پاش ئەوەی کە پێکەوە (1989) سەردانی هەندێك زمانەوان و نوسەری تایبەتمەندی بواری مێژوو و فەرهەنگ و ..هتد-مان کرد کە هیچ بڕیارێکیان پێ نەدرا، پێی وابوو کە هۆز لە خێڵ بچووکترە و چاك وایە بەرامبەر بە وشەی العشیرە بەکاری بهێنم و بەڵگەی ئەوە بوو کە کاتی خۆی لە پیرەژنێکیان پرسیوە چەند شوی کردوە ئەویش لە وەڵامدا گوتویەتی (نۆ لەم هۆزی، نۆ لەو هۆزی، نۆش لە هۆزی برایمە قۆزی)، جگە لە بۆچونەکەی مامۆستا خالید، لە کوردەواریدا دەستەواژەی (هۆزلەبەرێ) واتە لە هێڵی ژنەوە هەیەو لە زۆر ناوچەدا بە مەبەستێکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، پێم وایە ئەو بەڵگانە کە زیاتر بە ناوچەیەکەوە بەستراون، بنەبڕکەر نین و بەس نین بۆ ئەوەی خۆمانی پێ هەڵپەسێرین، بۆ چەسپاندنی ئەو دوو زاراوەیە من پەنام بردە بەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی ناوچەکاندا، وشەی خێڵ، بازەنە خێزانێکی بچوك بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ نموونە خێڵی فلان یا فیسار. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەڵگەدار لەم دوو وشە گرینگە بکرێ. (وەرگێڕی کوردی)

3پ. لەزمانی کوردیدا (میمك) و (پوور) و (پلك) بەگوێرەی ناوچە بەبێ جیاوازی بەکاردێ تەنانەت برازا یاخود خوارزای ژن هەردوولا بەبێ جیاوازی پێی دەڵێن (میمی) یاخود (پووری) بەڵام لە زمانی عەرەبیدا برازا بە خوشکی‌باوك دەڵێن (عمە) و خوارزاش پێی دەڵێ (خالە)جالێرەدا بۆ ئەوەی مەسەلەکان تێکەڵ بەیەکدی نەبن من بەرامبەر بەوشەی (عمە)ی عەرەبی وشەی (میمك) بەکار دەهێنم وبەرامبەر بە (خالە) وشەی (پووری ) بەکار دەهێنم.. ( وەرگێڕی کوردی )

4پ. کاتیّ کە باخۆفن ئەم دۆخە سەرەتاییەی بە ( هیتیرزم ) ناونا، سەلماندی کە لە دۆزینەوەکەی خۆیدا، یاخود ڕاستتر وایە بڵێین، ئەوەی کە خۆی هەڵی هێناوە، زۆر کەم تێگەیشتووە چونکە کاتیّ کە گریکەکان ئەم دەستەواژەیەیان هەڵێنجا، مەبەستیان لە پەیوەندی پیاوانی ڕەبەن و ئەوانەی کە ژنێکیان هەیە لەگەڵ ئەوژنانەی کە بەهەمان شێوە هێشتا مێردیان نەکردووە، ئەم دەستەواژەیە هەمیشە باس لە شێوە ژن ومێردایەتیەك دەکا کە لە دەرەوەیدا ئەوپەیوەندییانە هەبێت وهەربەلانی کەم دەبێت جننەبازی لەدووتوّدا بێت جگە لەوەش ئەم دەستەواژەیە بەهیچ مانایەکی تربەکار نەهاتووە، من ومۆرگانیش هەر بەو مانایە بەکاری دەهێنین، دۆزینەوە هەرە گرینگەکانی باخۆفن بەڕادەیەکی لە باوەڕنەهاتوو ئاوێتەی بیروڕای سۆفیانە بووە چونکە بە بۆچوونی ئەو، پەیوەندی نێوان ژن وپیاو بە درێژاییی مێژوو لە بیروبۆچوونی ئایینی مرۆڤی سەردەمە جۆر بەجۆرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە نەك بە هۆی خودی باروززووفی ڕاستەقینەی ژیانی خەڵکیەوە.

( ئەنگڵس )

5پ. ( مەحرەم ) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مارەییان لە یەکتر نەییێ وجوتبوونیان نەشێ. جا مەحرەم شکاندن واتە جووتبونی ئەو کەسانەی کە مارەییان لە یەکدی نەییی.

(وەرگێڕی کوردی )

6پ. مارکس لە نامەیێکی دا کە لە بەهاری 1882 دا (26) نووسیبوی بیروڕای خۆی بە دەستەواژە زۆر توندتیژ دەربڕیوە بەرامبەر بە نووسراوەکەی نیبیلۆنگ (Nibelung) کە هی ڤاگنەرە و تێیدا بە تەواوەتی ئەو سەردەمە دەشێوێنیّ ودەپرسیّ :

(کەسێك بیستویتی برا ئامبازی خوشکەکەی بێت هەر وەکو چۆن لە ژنەکەی دەکا (27) ؟ لەڕووبەڕوو بوونەوەیدا لەگەڵ ئەم (خوداوەندە ئازەزووپەرستە) ڤاگنەرستیانە کە دڵدارییەکانیان بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بەهەندیّ مەحرەم شکێنیّ بەچێژتر دەکەن، مارکس کە دەڵیّ : ( لە سەردەمی سەرەتاییدا خوشك ژنی براکەی بوو، **ئەمەش بەتەواوی ڕەوشتێکی باو بوو**)

(تێبینیەکەی ئەنجلس بۆ چاپی چوارەم 1884). یەکێك لەهاوڕێی و گیرۆدە فەرەنسییەکانی ڤاگنەر، ئەم تێبینیەی مارکسی بەدڵ نییە وئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئێمە لە "ئایدای دێرین"دا کە ڤاگنەر پشتی پیّ دەبەستیّ ئەوە بەدی دەکەین کە (لوکی) لە (ئوگیسدریکا) دا گلەییی لە (فریا) دەکا کە گوایە : (بەبەرچاوی خوداوەندەکانەوە ئامبازی براکەی بووە). وەکو ئەوەی بیەویّ پێمان بڵیّ کە لەو سەردەمەدا ژنومێردایەتی برا و خوشك کارێکی نابەجیّ بووە. بەلاّم (ئوگیسدریکا) ڕەنگ دانەوەی سەردەمێکە کە تێدا باوەڕ بە ئەفسانە دێرینەکان بەتەواوەتی نووچی دابوو ، ئەویش بە تەواوی لەسەر ڕێبازی لووقیانوس گەپ بەخوداوەند دەکا. ئەگەر لێرەدا لوکی جیّ پێی میفستوو هەڵدەگریّ وئەو گلەییە لە فریا دەکا، ئەوسا ئەمە بەڵگەیێك لە دژی ڤاگنەر پێك دەهێنیّ. جگە لەوەی پاش چەند دێرێك لوکی بە لینوردر دەڵیّ (ئەتۆ ئەم کوڕەت لە خوشکەکەت خستۆتەوە) ( Vidh systur thinni gaztu slikan mog)(28) جا لە ڕاستیدا نیوردر لە (ئاس)ەکان (Ase) نییە بەڵکو (ڤان)ە (Vane) ولە (ئونگلینگا ساگا)دا (Ynglinga Saga) دەڵیّ کە ژن ومێردایەتی براو خوشك لە وڵاتی ڤاندا (Vanland)دا کارێکی ئاساییە، بەلاّم لە کن ئاسەکان (Ase)(29) بەپێچەوانەوەیە . ئەمە ئەوە دەگەیێنیّ کە خوداوەندە ڤانەکان لە مێژترن لە ئاسەکان. بەهەر حاڵ، نیوردر بەتەبایی لەنێو ئاسەکاندا دەژیا. لەبەر ئەوە

(ئوگیسدریکا) دەیسەلمێنیّ کە ژن ومێردایەتی خوشك وبرا، هەر بەلانی کەم لەنێو خوداوەندەکاندا لە سەردەمی سەر هەڵدانی ئەفسانە نەرویجییەکاندا، هێشتا هیچ کەس لێی نەدەبێزرا ونەفرەتی لیّ نەدەکرد. جا ئەگەر مەبەست پاکانە کردن بیّ بۆ ڤاگنەر، ئەوا چاکتر وایە پەنا بەرینە بەر (گۆتە)(Goethe) نەك بەر (ئەیدا) (Edda)، چونکە گۆتە لە هۆنراوەکەیدا کە لەبارەی خوداوەندو سەماکەرە هیندییەکەوەیە (Bajadere) تووشی هەڵەیێکی مانەند دەبێت لە بارەی پەیوەندی ئاینی خۆبەدەستەوەدانی ئافرەت لە پەرەستگاکاندا و بەراوردکردن و نزیککردنەوەی بە شێوازی ئێستای لەش فرۆشیدا) ئەنگڵس (بۆ چاپی چوارەم 1891 زیادی کردووە)

7پ بۆ لەمەولا (دایك برا) بۆ ئەوانە بەکار دەهێنین کە تەنها دایکیان یەکەو بابیان جودایە، هەروەها (باوك برا) بۆ ئەوانەیە کە بابیان یەکەو دایکیان جودایە ، هەمان شت لە بارەی ( دایك خوشك ) و( باوك خوشك) ەوە

وەرگێڕی کوردی

8پ: بۆ روونتر بوونی مەبەستە زانستییەکە، وشەناوی (پوورزاو و ئامۆزا) ئامۆزا ، ... هتد) بەکار نەهات .

وەرگێڕی کوردی

9پ: شوێنەواری پەیوەندییە بەربەرەڵاکانی جووتبوون کە پێی دەڵێن ﴿(گەندە ئاوسبوونی) بەعەرەبی (الحمل الاتیم) بە ئەڵمانی (Sumpfzeugung)﴾، ئەوەی کە باخۆڤن پێی وابوو بەخۆی دۆزیوێتەوە، بەبیّ هیچ گومانێك بەرەو بە کۆمەڵ ژن ومێردایەتیمان دەبا. ﴿ئەگەر باخۆڤن ئەم ژن ومێردایەتیە (پونالوانی)یە بە (لە ڕیگا لادان) بزانیّ، ئەوە مرۆڤێکی ئەو چاخە زۆربەی پەیوەندییەکانی ئێستای ژن ومێردایەتی کە لە نێوان ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزاو میمك زای، دوورو نزیکدا ڕوودەدەن، بە زینا ومەحرەم شکێنی دەزانن هەروەکو ئەوەی نێوان خوشك برادا. ﴿(مارکس) (بروانە ئەرشیفی مارکس وئەنگڵس)، چاپی ڕووسی، بەرگی9، لاپەڕە 187)﴾

10پ: زاراوەی ئێکسۆگام (Exogame) بۆ ئەوانە بەکاردێت کە لە دەرەوەی هۆز و گروپەکانی خۆیاندا ژن دەهێنن یا شوو دەکەن، پێچەوانەکەشی (Indogame) یە. وەرگێڕی کوردی

11پ: دەستەواژەی (خێڵ لەبەریّ) کە لەکوردەواری زۆر بەکاردیّ بەرامبەر بە (العشیرە الامیە) بەکارم هێناوە

وەرگێڕی کوردی

12پ: ئەم مافی یەکەمین شەوە لە زمانی کوردیدا ( سوورانەی ) پیّ دەڵێن، پاش ئەوەی بوو بە نەختینە

وەرگێڕی کوردی

13پ: لە پەراوێزی چاپە ئەڵمانییەکەدا (1884)، ئەنگڵس نووسیوێتی خاوەندارێتی کەسێتی.

وەرگێڕی کوردی

14پ: واتە (باوك زاڵی) یا (باوکسالاری)

وەرگێڕی کوردی

15پ: ئەم وشەیە بە ئەڵمانیش Herem حەریمی پێدەڵێن، پێم وایە مەبەست لە خوێن گر و خوێن ئەستێنە، چونکە عەرەب زیاتر بەکاری دەهێنن و بویٚ هەیە هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتبیٚ، بڕوانە (قاموس المحیط) لاپەڕە 164، هەر بۆیە منیش وەکو خۆی هێشتوومە. وەرگێڕی کوردی

16پ: ڕەگەزی بیٚ لایەن واتە نەنێرو نەمیٚ یاخود (نێرەمووك) یا (پەرگ)

وەرگێڕی کوردی

17پ: ئەم ڕستەیەی دوایی, ئەنجلس خستییە سەرچاپی 1891 دا.

(دار التقدم)

18پ: لەم باریەوە ئاینی ئیسلامیش تەنها جەختی دایکایەتی دەکات و لە باوکی منداڵ دڵنیا نیە و دوو دڵە، چونکە کاتیٚ کە یەکێك دەمریٚ، مەلاکە دەبێت بە ناوی دایکی مردووەکەوە تەلقینی بکات و نا باوکی نابات ، وا پێدەچیٚ کە لەو بیٚ باوەڕییەوە سەرچاوەی گرتبیٚ، چونکە باوکی ڕاستەقینە منالٚ، بۆی هەیە گوومانی لێبکریٚ.

وەرگێڕی کوردی

19پ: (شاخی دەیووسی، واتە بەئاگاداری پیاوەوە ژنەکەی دەستی لەگەڵ پیاوان تێکەڵ دەکا)

وەرگێڕی کوردی

20پ: لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە گەنجەکان زیاتر لەگەڵ ئەو ژنانە دەس تێکەڵ دەکەن کە لەگەڵ مێردەکانیاندا داوێن پیسن.

وەرگێڕی کوردی

21پ: لەدەقە بنەڕەتییەکەدا بەفەڕەنسی واهاتووە. لێرەدا بۆ پێکەنین وایگوتووە چونکە droit de I (homme) بە دوو مانا بەکاردێت: (مافی مرۆڤ) وهەروەها (مافی پیاوان).

دار التقدم

22پ: مافی ژنان دار التقدم

23پ: ئەم وشەیە (کۆنفیدراسیۆن confédération) تەنها لە چاپەی (دارالتقدم)دا هەیە، نەلە چاپە سوورییەکە و نە لە ئەڵمانییەکدا نەنووسراوە، بۆیە من زۆر کەم بەکارم هێناوە، لەوانەیە ئەنگڵس نەیویستبیٚ بۆ ئەم قۆناغە بەکاری بهێنیٚ و ئەو تەنها وشەی (Bund) بەکاردەهێنیٚ، منیش لەبەرابەریدا وشەی (یەکگرتن)م لەبری (فیدراسیۆن fédération) بەکارهێناوە چونکە دقاودەقی ماناکەی دەبەخشیٚ، بڕوانە DUDEN Rechtschreibung BAND 1/ISBN 3-411-04010-6 ، بۆ وشەی Bund، هەروەها، قاموسی جوتس شراجلە.

وەرگێڕی کوردی

24پ: له چاپەکەی ساڵی 1884 دەستەواژەی (خێزانی پۆنالوانی) لەبری دەستەواژەی (بەکۆمەڵ ژن ومێردایەتی) بەکار هێنراوە.

دار التقدم . مۆسکو

24پ: ئەم تێبینیەی نێو کەوانەکە لە چاپە ئەڵمانییەکەدا نییە

وەرگێڕی کوردی

25پ: مەبەست لە نۆبەرایەتی ئەوەیە کە پادشا لە پاش مردنیدا نۆبەرەکەی (یەکەم منداڵ) بەمیرات جێگاکەی دەگرێتەوە

وەرگێڕی کوردی

26پ: لەدەست نووسەکەی مارکسدا پاش ئەمە ئەوڕستەیەی خوارەوە دێ کە ئەنجلس نەینوسیوە : وشەی (کویرانوس) کە ئۆدێس بۆ ئاگامەمنوون بەشان وشەی (باسیلیوس) basileus بەکاری دەهێنێ لە (فەرمان ڕەوایەتی سوپاکان لە جەنگدا) بەولاوە هیچ شتێکی دی ناگەێنێ

دار التقدم . مۆسکۆ

27پ: هەروەها بەچاو میرێکی هاوچەرخ لە باسیلیۆسیان دەڕووانی، بەهەمان شێوەش سوپاسالاری (ئەزتیکی). بۆ یەکەمین جار لە دەراوی مێژوووە مۆرگان رەخنە لە چیرۆکە ئەسپانییەکان دەگرێ کە لە پێشدا پڕ بوون لەزێدە رۆیی و لرف لێدان، پاشانیش بوون بە درۆ ودەلەسەیەکی بێ پەردە، مۆرگان دەیسەلمێنێ کە مەکسیکییەکان بەپلەی ناوەنجی بەربەریزمدا گەیشتبوون، بەلاَم لەپەرەسەندنیاندا شتێك بە پێش هیندە سوور پێستە بویبلۆکانی مەکسیکی تازە کەوتبوون، سیستمەکەشیان بەوەندەی کە لەو زانیارییە شێواوانەوە پێی دەگەین بەم سیمایانەی خوارەوە خۆی جویێ دەکاتەوە:-

فیدراسیۆنێك کە لە سێ هۆز پێك دەهات وفشاریان بۆ چەند هۆزێکە دیکە دەبرد بۆ بۆ ئەوەی باجیان لێ بستێنن، ئەم فیدراسیۆنەش لەلایەن ئەنجومەنێکی فیدراڵی وسوپاسالارێکە فیدرالییەوە بەڕێوە دەچوو، ئەسپاینیەکانیش ئەم سوپاسالارەیان بە شێوەی ( قەڕاڵ) ناو دەبرد

( ف. ئەنجلس )

28پ: لە سەرچاوە عەرببیەکەی (دار التقدم . موسکو)، لەبری دەریاوان وشەی (نوتیە)ی بەکار هێناوە، (نوتی)یش وشەیێکی گریکیـیە بە عەرەب کراوە، تەنها بۆ ئەو چەکدارانە بەکار دەهێنرێ کە لە دەریادا ئیش دەکەن. (بڕوانە: ل922 قاموس محیط المحیط، دانانی: بطرس البستانی)

وەرگێڕی کوردی

29پ: لە وشەی یۆنانی کۆن وەرگیراوە ( Phyla ) واتە خێڵ

دار التقدم

30پ: a: واتە ( گۆڕستانی خێڵ )

b: واتە ( ئاهەنگی ئایینی هاوبەش )

دار التقدم مۆسکو

31پ: واتە مافەکانی خانەوادەگی لە دەست بدا

( ف. ئەنجلس )

32پ: وشەی (Rex)ی لاتینی هاوتای وشەی کەلتی . ئێرلەندی (rigt) ە واتە ( سەرەك هۆز ) هەروەها وشەی (riks) ی قوتی ، ئەم وشەیەش وەك لە بنەڕەتدا وشەی (Furst) ی ئەڵمانی ( ئەمەش هەمان واتای وشەی (First) ی ئینگلیزی و وشەی (Forste) ی دانیمارکی بەدەستەوە دەدا واتە (یەکەمین) ، هەروەها واتای ردێن سپی (سەرۆك ، سەرکردە) ی خێڵ یا هۆزیش دەگەیێنێ " بەڵکەش لە سەر ئەمە ئەوەیە کە لە سەدەی چوارەمەوە قوتییەکان وشەیێکی تایبەتییان بەو کەسەوە دەنا کە لەوە پاش پیێان دەگوت شاه، واتە سوپا سالاری سەرپاکی میللەت: thiudans (تیودانس، لە پەرچڤەی ئولڤیلا بۆ تەورات هەرگیز وشەی reiks بە ئەرتەحششتا وهیرودوس تاگوتری بەڵکوthiudinassus ی پێ دەگوترێ هەروەها دەوڵەتی قەراڵ تیباریۆسی (reiki) پێ ناگوترێ بەڵکو thiudinassus ی پێ دەگویرێ ، ئەم دوو ناوەش لە تیودانسی قوتیدا یاخود ( ئەگەر بە درشتی وەری بگێڕین ) لە لەناوی پادشا Thiudareiks (تیودریکس) ، یەکدی گر بوون (theodorich تیودوریخ)، واتە Dietrich ( دیترخ ).

( ف. ئەنجلس )

33پ: Clients بە ئەڵمانی: Klienten بۆ تاك Klient بە عەرەبی: رعایا، موکل المحامی. لە ڕاستیدا من وشەیەکی گونجاوم بۆ ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا، نەدۆزێوە، هەر بۆیە عەرەبییەکەم هێشتەوە.

وەرگێڕی کوردی

34پ: لە پێشدا ناوی نەنتسی بووە

دار التقدم

35پ: ئەم وشەیە لە سەرچاوە ئەڵمانییەکەدا بە (Kelt) ناوبراوە بەڵام لە عەرەبییەکەدا بە (سەلت) ناوبراوە، من هەمیشە سەرچاوە ئەڵمانییەکەم کردووە بە سەنگی مەحەك.

وەرگێڕی کوردی

36پ: زۆرم پێ سەیرە کە لە دەشتی هەولێر وشەی جەوان، کتومت، بە هەمان مانا بەکاردێت، بڕوا ناکەم کەس هەبێت لە قەشقە و خوڕخوڕ و سێکانیان و دەوروبەری نەزانێ ئەم وشەیە (جەوان) مانای چییە، پێم وایە ئەمە بابەتێکی چاك بێت بۆ لێکۆڵینەوە.

وەرگێڕی کوردی

37پ: حیزبەکان ( ف. ئەنجلس )

38پ: لەو چەند رۆژەی کە لە ئێرلەندە بووم(132)، سەر لەنوێ زۆر بە زەقی وبەچاکی زانیم تا چ رادەیێك لادێ نشینەکانی ئێرە هێشتا بەبیرو بۆچوونی خێڵایەتی دەژین. ئەو خاوەن زەوییەی کە جووتیار زەویی لێ بەکرێ دەگرێ، بەنیگای جوتیارەکە هێشتا هەر سەرەك هۆزە ودەبێت لەبەرژەوەندی گشت خەڵکدا هەڵسوکەوت بەو زەوییە بکات، هەروەها جوتیار وەهای بۆ دەچێ کە باجێك لەبری کرێ بەخاوەن زەوی دەدا، بەرامبەر بەوەش لەکاتی پێویستدا دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرێ. هەروەها وا دادەنێن کە هەموو مرۆڤێکی دەوڵەمەند دەبێت لە کاتی پێویستیدا باربووی هاوسێ نەدارەکەی بکات. ئەم باروبووە،بەخێر ناشێ، بەڵکو چ بەماف چ بەیاسا بریتییە لەو یارمەتییەی کە ئەندامێکی نەداری هۆزەکە لە یەکێکی دارا یا لەسەرەك هۆزەکە وەری دەگرێ.

کەواتە ئاشکرایە کە بۆچی ئابوری ناسەکان ویاساناسەکان سکالاَ لەوە دەکەن کە مەحاڵە، وا لە جوتیاری ئێرلەندی بکری هەست بە چمکی خاوەنداریێتی ئێستای بۆرژوازی بکات. چونکە خاوەنداریێتی‌یەك کە تەنها مافی لەدەست دابیٚ و هیچ ئەرکێکی بەسەرەوە نەبیٚ، بەمێشکی ئێرلەندی‌دا ناچیٚ. بەلاَم ئەوەشمان لیٚ ڕوونە کە چۆن ئەو ئێرلەندییانەی لەناکاو بەبیرو بۆچوونە سادەکانیانەوە پابەندی سیستمی خێلاَیەتین و دەچنە شارە گەورەکانی ئینگلیزو ئەمەریکا، خۆیان لە ژینگەێکدا دەبیننەوە کە بیروڕا و بۆچوونی بەتەواوی جیاوازی ڕەوشتگەریی و یاسایی تێدا باوە. ئێرلەندییان بەتەواوەتی لە کێشەو بێشەکانی ڕەوشت و یاسادا سەنگە لا دەبن و زۆر جارا بەکۆمەلٚ بەرەو تیوونی گەندەڵبوون گلۆر دەبنەوە.

تێبینی ئینگلس بۆ چاپی 1891)

39پ: خێڵی یۆلیۆس (دار التقدم)

40پ: گریکەکان تەنها لە دەراوی میتۆلۆژیای سەردەمی پاڵەوانبازییەوە نەبیٚ، لەبارەی سروشتی پەیوەندی بتەوی نێوان خالٚ وخوارزادا ئاگادار نین، ئەم پەیوەندییەش لەبنج وبناواندا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دایکسالاری ولەکن زۆربەی میللەتاندا هەیە. دیودوروس لە(بەشی 4، پەریگرافی32 ) دا دەلٚیٚ میلیاگر منالٚی تیتیۆس دەکوژیٚ کە برازای (ئەلتێە Althee )ی دایکین، ئەلتێش ئەم کارە بە تاوانێك دەزانیٚ کە لێبوردنی تێدا نەبیٚ و نەفرەت لە تاوانبار دەکا، کە کوری خۆیەتی ومردنی دەخوازیٚ، (خوداوەندیش ئەم ئاواتەی بۆ بەدی دەهێنیٚ، وەك دەگێڕنەوە ، کۆتاییان بە ژیانی میلیاگر هێنا). هەروەها دیودوروس هەر بەخۆی لە ( بەشی4، پەریگرافی 44،45 ) دا دەلٚیٚ کە ئەرگونتەکانی بەسەرۆکایەتی هێرقل لە تراقیا دادەبەزن و بۆیان دەردەکەویٚ کە لەوێدا ڤینێە لەسەر داخوازی ژنە تازەکەی زۆر بە رەقی وبە توندی لەگەلٚ دوو کوڕەکەیدا کە لە ژنە تەلاَق دراوەکەین، بوریادا کلیوپاترا، هەلٚسوکەوت دەکا. بەلاَم وەك دەردەکەوت کە لەنێو ئەرگونتەکاندا کەسانێك هەن کە سەر بە بوریادان وبرای کلیوپاتران واتە خاڵەی دوو کوڕە بەش مەینەتەکەن، جا ئەمانە کت وپڕ فریای خوارزاکانیان دەکەون وئازادیان دەکەن و ئێشکچییەکانیان دەکوژن(141). ( ف. ئەنجلس )

41پ: ئەم تێبینییە ئاماژەی بۆ لاپەڕەیەکی تر کردووە لەهەمان کتێب

42پ: واتە کورد گووتەنی (جاشایەتی)

43پ: پەریگرافێی دیودوروس لەبارەی گەلتەکانی ولاَتانی ( گال ) هوە جەختی ڕاستی ئەو ژمارە وەرگیراوەی ئێرە دەکا: (لەولاَتی گالدا نەتەوەیێکی زۆر و ژمارەی دۆناودۆن دەژین. لەلای گەورەترینیان، ژمارەی خۆی لە نزیکەی 200000 کەس دەدا، لەکن بچووکترینیان 50000 کەسە، (Diodorus Siculus , v , 25 . دیودوروسی سیزولۆس، گەشتی5، لاپەڕە 25) بەناوەندە ژمارەی 125000 کەس. گومانی تێدا نییە کە بەهۆی پلەی بالاَی پەرەسەندنیانەوە دەبێت هەندیٚ میللەتی گالی کەمێك لە ئەلٚمانییەکان ژمارەیان پتر بیٚ

( ف. ئەنجلس )

44پ: جێرمەنستانی مەزن ( ف. ئەنجلس )

45پ: بەرامبەر ئەم وشەیە من وشەی جەوان بەکار دەهێنم.

وەرگێڕی کوردی

46پ: قەشە لیوتبراند کیمۆنی دەڵێ: خەساندنی نێرینە لەسەدەی دەیەمدا لە فردۆندا، واتە لە ئیمبراتۆرییەتە ئەڵمانییە پیرۆزەکەدا پیشەی سەرەکی بوو. خەسێندراوەکانیان بە قازانجێکی زۆر ڕەوانەی ئیسپانیا دەکرد، بۆ ئەوەی لە کۆشکی مەغریبییەکان لە بەشی ئافرەتاندا ئیش بکەن. (151)

( ف. ئەنجلس )

47پ: ئەو زەوییانەی کە پادشاکانی فەرەنسەدا دەیاندان بە داروەدەستەکانیان.

(دار الفارابی)

48پ: لیت Lites لەکن فەرەنسییەکاندا، چینێکن کەوتوونە نێوان چینی مسکێنەکان وچینی ئازادەکانەوە.

(دار التقدم، موسکو)

49پ: بەتایبەتی لەسەر کەناری رۆژئاوای ئەمێرکایی (بڕوانە بانکرۆفت). هەروەها لەلای هۆزی هایدا لە دوورگەکانی خاتوو شا سرلوت–دا، ئابوری ماڵی ئەوتۆ هەن کە لەژێر بانێك–دا تاکو 700 کەسی گرتۆتە خۆیەوە. لەلای نووتکادا چەند هۆزێکی تەواو هەبوون لە ژێر یەك باندا دەژیان.

ف. ئەنگڵس

50پ: (ئەی جۆرج داندین)...لەوە باشتر خوازیاری هیچی تر نەبووی !! « مۆلییر. (جۆرج داندن)، بەشی یەکەم ، بینراوی نۆیەم )

ف. ئەنگڵس

51پ: ژمارەی کۆیلەکان لە شاری کورنیسییە لە هەڕەتی گەشەکردنیدا گەیشتە (460000) کەس ولە شاری ئایین دا گەیشتنە (470000) کەس، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دە چەندانەی ژمارەی هاوڵاتییە ئازادەکان بوون.

ف. ئەنگڵس

52پ: نیبۆر یەکەم مێژوونووسەکە گەوهەری خێڵایەتی کەم تا زۆر لە بیری دابوو. بەو زانیارییەشی قەرزارە بە خێڵەکانی دیتمارشن(161)، هەروەها بەو هەڵانەش کە تییان کەوتووە قەرزاری ئەوانەیەکە ڕاستەوخۆ لیێ وەرگرتوون

ف. ئەنگڵس

53پ: ( سیستمی مافی بەهرەگیرەکان ) کە لە دانراوەکانی لاسالە (163) بەشەکەی دووەمی بە شێوەیەکی سەرەکی لەبارەی ئەو بابەتەوەیە کە دەڵێ راسپاردەی رۆمانی ئەوەندەی رۆما کۆنە و لەمێژووی رۆمادا (رۆژگارێك بەبێ نەبوونی راسپاردە) بەدی ناکرێ، راسپاردەش لە مردوو پەرستنەوە هاتە گۆڕێ، تەنانەت پێش پەیدا بوونی رۆما. لاسال سەبارەت بەوەی کە هیگلیەکی بەهێزی کۆن ئامێزە، فەرمانە یاساییە رۆمانییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە رۆمانییەکانەوە هەڵ ناهێنجێ، بەڵکو لە (چەمکی تێ رامانەوە) لەبارەی ویستەگیەوەی هەڵینجاوە، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێ کە ئەو قسەیەی سەرەوە بکات کە بەتەواوی ناسازە لەگەڵ مێژوودا. جا ئەمە جێی سەر سوڕمان نییە کە لە کتێبەکەیدا، بەپاڵ پشتی خودی چەمکی تێرامانەوە، دەگاتە ئەوەی کە گوێرانەوەی موڵکوماڵ لە کاتی میراتگرتندا لەلای رۆمانییەکان مەسەلەیەکی تەواو لاوەکی بوو. لاسال تەنها بەوە ناوەستێ کە بە ئەندێشەی یاساناسە رۆمانییەکان بڕوا بکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی رۆمادا پەیدا بوون، بەڵکو زێدەڕۆییش لەم ئەندێشانەدا دەکا.

ف. ئەنگڵس

54پ: سەرەتا نیازم وابوو ئەو رەخنە بریسکەداری شارل فورییە لەمەڕ ژیاریی کە لە شوێنی جیا جیا لە نووسینەکەیدان بێنمەوە لەگەڵ رەخنەکەی مۆرگان وئەوەی خۆمدا بیانووسمەوە. بەڵام، بەداخەوە، ماوەم بە دەستەوە نییە. تەنانەت بەوەندە واز دەهێنم کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە تاکە ژنومێردایەتی وخاوەندارێتی زەوی لە دیدەگای فۆرییەوە دوو شەقڵی جیاکەرەوەی ژیارین، فۆرییە ژیاریی بەشەڕی دەوڵەمەندەکان دژ بە هەژار ناو دەبا. هەروەها تێگەیشتنێکی قووڵی لەلا بەدی دەکەین بەوەی کە کەلتە خێزانەکان Les familles incohèrentes (ئەو خێزانانەی کە بەیەکترەوە نەبەستراون) لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کەم کوڕیان تێدایە ، ئەو یەکە ئابورییانەن کە ناکۆکی تێکیان دەشکێنێ.

ف. ئەنگڵس

54پ: من پەراوێزی وەرگێڕانە عەرەبییەکم (چاپەکەی دار التقدم)مم وەکو خۆی هێشتەو، لەبەر ئەوەی کە جگە لە پەراوێزە ئەڵمانییەکەی ئەنجلس، ئەوان سەربار، لەزۆر جێگادا ڕوونکردنەوەی زیاتریان بۆ شتی تریش داوە، چاپە سورییەکەی (دار الفارابی) بەبێ پەراوێزە

وەرگێری کوردی

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| ئاوا | شێوە ، بەم ئاوایە : بەم شێوەیە |
| ئاوەلەمە | بەرامبەر بە (جنین)ی عەرەبییە |
| ئاگەلە | دابڕاو ، ون بوون ، (تائە) . |
| ئەنگۆرە | ئەوکاتەی پاش ڕۆژئاوا بوون . |
| ئامۆز | ڕێنمایی |
| بنێس | لاواز و بێ هێز |
| بهاروژرێن | بوروژرێن . |
| بۆژۆ | هیچی لە پاش بەجێ نەماوە |
| بەژ | پێدەشت |
| بارمتە | رەهن |
| پالأوتنی سروشتی | (الاصگفاو الگبیعی) |
| پیلەکە | (مناقشە) |
| پەرەگرتوو | پەرەسەندوو |
| پەژمردە | ڕەنگ پەڕیوو زەردهەڵگەڕاو |
| پیتۆڵ | شارەزا ، خەبیر |
| تۆرەمە | توخم |
| تۆکمە | توندوتۆڵ |
| تەکووز | ڕێك و پێك |
| تەلاش | هەوڵ و تەقەلا |
| جاندارم | پۆلیس |
| چەردە | (مقدار) |
| خزمە خوێن | (قربى ، اقرباعبالدم ) |
| خانەوادە | خێزان |
| خاوەندارییەتی | موڵکدارییەتی (الملکیە) |
| دیمانە | شێوە |
| دەستەواژە | (تعبیر) |
| دەستاوێژ | (وسیلە) |
| دەرگیست | دەزگیران |

| | |
|---|---|
| دۆناودۆن | جۆربەجۆر .(مختلف) |
| دێر | کلێسە |
| ڕاسپاردە | (وصیە) |
| ڕەسییدە | بالق بوو ، کچ یا کوڕیی پیَ گە یشتووە |
| ڕەشۆك | (عامە الناس) ئەوانەی کە زۆربەی خەڵك پێك دەهێنیَ |
| ڕەها | (مطلق) |
| ڕێژەو | پتر لە قەوارەی پێوست |
| زێباڵ | کۆکەشتی ، (اسطول) |
| سازمان | (تنظیم) |
| ساودان | تیژکردن |
| سۆنگە | هۆ |
| سەرومڕ | (بەردەوام) (باستمرار) |
| سەقامگییر | چەسپاو(ثابت) |
| شیپانە | (عتبە) |
| شلویَ | لێڵ |
| فرمان | وظیفة حکومیة |
| فەراهەم | دەستەبەرکردن |
| فەرەنگ | فەرنسا |
| فیدراسیون | یەکێتی |
| قامك | پەنجە |
| قۆپەن | (مایبرزمن الشئ) |
| قەرەواش | ئەو ئافرەتانەن کە لە خزمەت ژنە ئاغاو گەورە پیاوان دان |
| قەرزی بەبڕوا | (قروض اعتمادیة) |
| قەرزی بەدراو | (قروض نقدیة) |
| کردوکێل | کشتوکال |
| کرۆك | (جوهر) |
| کەوشەن | سنور ، قەڵەمڕەو |
| کەڵەوەکێشی | کەللەڕەقی |
| گراو | (عشیق) |
| گووران | دروستبوون، خولقان |
| گۆرین | ناوبراو |
| گەردانە | ملوانکەی زێرینی پلپلەدار |
| گەف | هەڕەشە |

| | |
|---|---|
| لارەمل | ملکەچ |
| لەباتی | لەبری |
| لەز | پەلە ، بەلەز ، بەپەلە ، بەخێرایی |
| لوزەو | هەڵرژان بە هۆی زۆری |
| مانەند | وەکو (شبیە) |
| مێگز | ئارەزووی بەتین |
| هەراو | فراوان ، پان و بەرین |
| هەڵبواردن | بواردن و پەڕانی شتێك، (استثناء) |
| هەلاویشتن | لێ دەرهێنان ، هەڵبواردن |
| ودم | (اجازە)، امتیاز |
| ویستەگی | (الارادە) |
| یاساوڵ | چەتەوڵ |
| یونیت | یەکە ـ (وحدە) |

**<u>تێبینی</u>**:

**بۆ وەلامی پرسیار و وەرگرتنی پێشنیازەکانتان، بەم ئیمایلە هەمیشە بە سوپاسەوە لە خزمەتان دام**


**(karim@germiani.com)**

### ﴿سوپاس و پێزانین﴾ (چاپی کوردی)


1. هاوسەری خۆشەویستم کە هەموو کتێبەکەی بە کۆمپیوتەر بۆ نووسیمەوە و زۆر شەونخوونی لەگەڵمدا کرد.
2. هاوڕێی زۆر خۆشەویست و بە ئەمەك خەبات عەبدوڵا کە بە کێشانی نەخشەی بەرگی کتێبەکە و هەڵبژاردنی ئەو تابلۆیەی بەرگی کتێبەکەم ماندوو بوو و هەروەها بەکتێبەکەشدا چۆوە.
3. هاوڕێی زۆر خۆشەویست و بە ئەمەك مامۆستا وەهاب کە پەراوێزی سەرچاوەکانی بە کۆمپیوتەر بۆ نووسیمەوە و بەکتێبەکەشدا چۆوە.
4. هاوڕێی زۆر خۆشەویست و دێرینم بەڕێز کاك سالار ڕەشید کە کاتی خۆی (1993–1994) لەکەرکوك بەوەرگێڕانەکەدا چۆوە و تەنها ئەمساڵ یەکترمان دۆزییەوە.
5. وەزارەتی رۆشنبیری، لە سولێمانی بەتایبەتی برای بەرێزم کاك فەتاح زاخۆیی کە بە ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبە ماندوو بوون.

**تابلۆی بەرگ : هونەرمەند سامان ڕەش**


**بەرگ: خەبات عەبدوڵا**



# DER URSPRUNG DER FAMILIE, DES PRIVATEIGENTUMS UND DES STAATS

## IM ANSCHLUSS
## AN LEWIS H.MORGANS FORSCHUNGEN

***FRIEDRICH ENGELS***



Der Ursprung

der

Familie, des Privateigenthu

und

des Staats.

Im Anschluß an Lewis H. Morgan's Forschungen

von

Friedrich Engels.

Vierte Auflage.